# گووتاری شـەوڕۆ

(١٢) لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی

(٣) بانێژەباس

## فازیل شـەوڕۆ

ناوی کتێب:    گوتاری شەوڕۆ

نووسەر:        فازیل شەوڕۆ

بابەت:          (١٢)لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و (٣) بانێژەباس

نووسینی بەرگ:  نەوزاد محەمەد

نەخشەساز:   توانا ئەحمەد

چاپخانە:      چوارچرا - سلێمانی

ساڵ:           ٢٠٢١

تیراژ:          ٥٠٠  دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر، ژمارەی سپاردنی (٣٠٦٨) ی لە (٢٠٢١ ) پێدراوە.

(١٢) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

- دەروونشیکاریی نامۆیی و خەون لە دەق (گوتم بە بەختی خەواڵوو) ی (حاجی قادری کۆیی) دا.
- ئیرۆتیک، زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا لە شیعرێکی (قوبادی جەلیزادە) دا.
- هونەری بونیاتگەریی گەڕانەوە و زایاندنی شیعریی، لە دوو دەق (کەریم دەشتی) دا.
- ڕەخنەشیکارییەکی هاوچەرخانەی ئەزموونی شیعریی (نەزەند بەگیخانی)، سەرباس: کۆڕانی دایك.
- (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)، بیرەوەرییەکی جیاوازی (کەریم کاکە).
- تەلیسمەکانی (مەزاری مامزان)ی (نەوزاد ڕەفعەت).
- (حەفت ترینگە)ی (ڕەهبەری سەید برایمی) گەیشتە دوبلن.
- (عەبدوڵلای حەسەنزادە): قەڵەمێك بەقەد قەندیل باڵا و شکۆدار، چی لێ فێر بووم؟
- شێوازگۆڕیی لە سایەی ئەزموونداە، (د. هاوژین سڵیوە).
- ئەزموونی کەسی لە پڕۆسەی داهێنانی شیعریدا، دەقەشیعرێکی (قوبادی جەلیزادە) بەنموونە.
- ڕەخنەسازیی لە بەراوردکاریی شیعردا. چەند تێکستە شیعرێکی (ڕێباز مەحموود) بەنموونە.
- ناونیشان وەك ناونیشان، (چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم)، (قوبادی جەلیزادە) بەنموونە.
- ئەفسانە لە دەقی شیعری گەردوونیدا، (سیزیف)ی (کەریم دەشتی) و (سیزیف)ی (فێیی جۆرج) بەنموونە.

(٣) بانێژەباس:

- پەروەردەی پێشەنگ، ئایندەی پێشەنگ.
- "ئەزموون" وەك ئەزموون و وانە.
- دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت)سازی و (زانست)سازیدا لە کوردستان.

پێشکێشە بە:

دایکم.

گووتاری شـەوڕۆ

(١٢) لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی

(٣) بانێژەباس

## پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ئەم قەڵەم و دەفتەرە | ١٤ |
| بابەتی (١) دەروونشیکاریی نامۆیی و خەون لە دەقی (گوتم بە بەختی خەواڵوو) ی (حاجی قادری کۆیی) دا | ١٧ |
| نۆستالیژیای ئەدەبی | ٢٤ |
| چوارەم: زمانی شیعریی | ٢٥ |
| ڕۆڵی نامۆیی و خەون لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا | ٢٥ |
| یەك: ڕۆڵی نامۆیی | ٢٦ |
| دوو: ڕۆڵی خەون | ٢٧ |
| شیتەڵکاریی ئەدەبیی قەسیدەکە | ٢٨ |
| سەرگۆزشتەی دەقەکە | ٢٨ |
| لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاریی هاوچەرخ بۆ دەقەکە | ٣٠ |
| تەوەرەی یەکەم: هەوڵوەشاندنەوەی دەقەکە | ٣٠ |
| تەوەرەی دووەم: شەپۆلەکانی نامۆیی لە چامەکەدا | ٣١ |
| تەوەرەی سێیەم: ڕەهەندەکانی خەون لە چامەکەدا | ٣٥ |
| تەوەرەی چوارەم: زمانی شیعریی چامەکە | ٣٧ |
| ئاکام | ٣٩ |
| سەرچاوەکان | ٤٠ |
| بابەتی (٢)ئیرۆتیک زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا لە شیعرێکی قوبادی جەلیزادە دا | ٤٢ |
| دەروازەیەکی تیۆری . ڕوخسار | ٤٣ |
| زمانی ئیرۆتیکا | ٤٩ |

زمانی ئیرۆتیکا لەم دەقە شیعرەدا.............................................................. ٥٤
چونیەتی تەوزیفکردنی زمانی ئیرۆتیکا لە دەقەکەدا.............................................. ٥٧
شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا لە دەقەکەدا.......................................................... ٦١
دەروونشیکاریی دەقەکە...................................................................................... ٦٧
لەودیوی ئەفسانەوە............................................................................................. ٧٦
قوبادی جەلیزادە لەنێوان چوون و نەچووندا......................................................... ٧٧
ئاکام.................................................................................................................. ٨٠
پەراوێزەکان........................................................................................................ ٨١
سەرچاوەکان...................................................................................................... ٨٤
بابەتی (٣)هونەری  بونیاتگەریی گەڕانەوە و زایاندنی شیعریی،
لە دوو دەق (کەریم دەشتی) دا................................................................................ ٨٧
هونەری گەڕانەوە لە ناونیشانی دەقەکاندا............................................................. ٩٢
(هونەری زایاندن) چییە؟..................................................................................... ٩٥
ئەم زایاند گەڕاییە چۆن پەڕییە ناوی ئەدەب؟.......................................................... ٩٧
. ئەرێ! ئەو (پەیاتریس)ە کێیە؟............................................................................ ٩٨
هونەریی  بونیاتگەریی زایاندن وگەڕانەوەی  شیعری لە دوو دەقەکەدا..................... ١٠٢
یەك: هونەریی  بونیاتگەریی زایاندن لە دوو دەقەکەدا........................................... ١٠٢
دەقنووس چۆن هەنگاوەکانی، لەم دەقەدا، هەڵگرتووە؟.......................................... ١٠٢
ئەدی تەکنیکی دەقنووس لە هونەری زایاندنی دەق ( ئەفیونی من) چییە؟ ............... ١٠٤
یاریکردن بە وشە، لە پرۆسەی زایاندنی هونەریی دوو دەقەکەدا ............................ ١٠٩
دوو: هونەریی  بونیاتگەریی  گەڕانەوەی  شیعری لە دوو دەقەکەدا........................ ١١٢
ڕووە ناشیرینەکانی هونەری گەڕانەوە.................................................................. ١١٥
بونیاتی موسیقای دوو دەقەکە............................................................................. ١١٦

ئاکام........................................................................ ١١٩

سەرچاوە و پەراوێزەکان.......................................................... ١٢٠

کەی ئەگەی پەیاتریس؟............................................................ ١٢٢

ئەفیونی من.................................................................... ١٢٦

بابەتی (٤) ڕەخنەشیکارییەکی هاوچەرخانەی ئەزموونی شیعریی
نەزەند بەگیخانی ١٣٠

سەرباس: کۆژانی دایك.......................................................... ١٣٠

بۆ دایك، کراوەتە سەرباسی لێکۆڵینەوەکە؟.......................................... ١٣٢

ڕەخەشیکارییەکی هاوچەرخانەی ئەزموونی شیعری...................................... ١٣٨

نەزەند بەگیخانی، سەرباس: کۆژانی دایك............................................ ١٣٨

دەنگدانەوەی کۆژانی دایکەکان لە ژانەشیعری دەقنووسدا................................ ١٣٩

خۆشەویستیی دایك و دایکی خۆشەویست............................................... ١٥٠

ڕەنگدانەوی سەردەمی منداڵی لەسەردەمی دایکایەتیدا................................... ١٥٢

شمشێری ژەهراوی زوڵمی پیاو وگەردنی ناسکی ژن....................................... ١٥٧

دایك: خزمەتکارە جەرگسۆزەکەی خەون و مەرامەکانی پیاو................................ ١٦١

(ژن . دایك) و من و تۆ......................................................... ١٦٤

ئـاکـام........................................................................ ١٧٠

پەراوێز و سەرچاوەکان.......................................................... ١٧٣

بابەتی (٥) (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕگوڕ)، بیرەوەرییەکی جیاواز...................... ١٧٦

(یاداشت و بیرەوەری)........................................................... ١٧٦

شێوازەکانی یاداشت نووسین...................................................... ١٨٠

توخمەکانی یاداشت.............................................................. ١٨٥

(لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕگوڕ)، بیرەوەرییەکی جیاواز.................................. ١٨٦

بۆچی ئەو بیرەوەرییە، لە دیدی من، جیاوازە؟........................................ ١٨٨

ناونیشانەکان........................................................................ ١٨٩
کرۆکی بیرەوەرییەکە.................................................................. ١٩٠
جیهانبینیی واقیعی نووسەر.......................................................... ١٩٦
مەودای باراسایکۆلۆژیایی نووسەر ................................................... ١٩٧
ڕەنگە تێکەڵەکان...................................................................... ٢٠٨
کتێبێکی هاسان و قورس............................................................. ٢١٠
بۆ چاپی دووەم......................................................................... ٢١١
سەرچاوەکان:......................................................................... ٢١٢
بابەتی (٦) تەلیسمەکانی (مەزاری مامزان)ی نەوزاد ڕەفعەت...................... ٢١٤
یەکەم: ناونیشانی قەسیدەکە.......................................................... ٢١٦
شیتەڵکاریی دەقەکە.................................................................. ٢٢٠
کردنەوەی تەلیسمی ئەفسانەکانی ( مەزاری مامزان)................................. ٢٢٤
دوو: ئەفسانەی دارەبزمارە............................................................ ٢٢١
تەلیسمی خۆشئاوازی دەقەکە......................................................... ٢٣٥
بونیانی زمانی دەقەکە................................................................. ٢٣٧
سەرچاوەکان.......................................................................... ٢٤٧
بابەتی (٧) (حەفت ترینگە ) گەیشتە دوبلن.......................................... ٢٥٠
یەک: ڕشتەی کتێبەکە ................................................................ ٢٥٢
دوو: بەرگی کتێبەکە.................................................................. ٢٥٥
سێ: سەروارد و ترنجاندن............................................................ ٢٥٦
چوار: دارشتنی مەتنی وشەدانەکە.................................................... ٢٥٧
تێبینییەک............................................................................. ٢٥٣

پێنج: بایەخی ئەم کتێبە.................................................259
بۆ چاپی دووەم..........................................................262

بابەتی (٨) عەبدوڵلای حەسەنزادە، قەڵەمێك بەقەد قەندیل باڵا و شکۆدار، چی لێ فێر بووم؟ ٢٦٤

بابەتی (٩) شێوازگۆڕی لە سایەی ئەزموونی بەرهەمەکانی (د. هاوژین سڵیوە)...........٢٧٢
ناوەڕۆکی مەتنی کتێبەکان................................................٢٧٤
هاوسەنگی بەش و تەوەرەی کتێبەکان لە پۆلینکردند..............................٢٧٥
خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی نووسەر لە هەریەك لەم دوو کتێبەدا...........................٢٧٧
ئاکام.....................................................................٢٨٩
سەرچاوە و پەراوێزەکان......................................................٢٩١

بابەتی (٩) ئەزموونی کەسی لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا دەقەشیعرێکی (قوبادی جەلیزادە) بەنموونە..........٢٩٣
پێناسە و چەمکی ئەزموون.....................................................٢٩٣
جۆرەکانی ئەزموون..........................................................٢٩٩
بەرەو ئەزموونایەتی لە شیعرەکانی ( قوبادی جەلیزادە) دا........................٣٠٢
خوێندنەوەیەك بۆ دەقی " ژنێك لە خەستەخانەی هیوا"..........................٣٠٦
تەوەرەی یەکەم: دەقەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ...............................٣٠٧
تەوەرەی دووەم: شیتەڵکاری هاوچەرخانەی کۆپلەکانی دەقەشیعرەکە.............٣٠٩
وەستاکاری لە تەکنیکی بونیاتی دەقەشیعرەکەدا...............................٣٢٧
ئاکام.....................................................................٣٢٩
پەراوێز و سەرچاوەکان......................................................٣٢٩

بابەتی (١٠) ڕەخنەسازی لە بەراوردکاری شیعردا. چەند تێکستە شیعرێکی ڕێباز مەحموود بە نموونە............٣٣٢
یەک: تەوەرەی سەدەمی منداڵی................................................٣٣٥

دوو: تەوەرەی ستەمی ڕۆژگار ........................................................................ ٣٤١

سێ: تەوەرەی جەنگ.................................................................................. ٣٥٠

چوار: تەوەرەی سووتان لە پێناو دایکدا........................................................... ٣٦٢

ناکاتە چۆلەکەیەک گۆرانێ بچڕێ؟.................................................................... 370

پێنێج: تەوەرەی تێڕامانی شیعریی .................................................................. ٣٧٣

ئاکام................................................................................................... ٣٧٩

سەرچاوەکان........................................................................................ ٣٨٠

بابەتی (١١) ناونیشان وەك ناونیشان (چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم)............................ ٣٨٨

(چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم) وەك ناونیشان:....................................................... ٣٩٣

یەکەم: ڕەهەندی زمانەوانی ناونیشانی ( چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم).......................... ٣٩٣

دووەم: ڕەهەندی دەق ناونیشانی (چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم)................................... ٣٩٦

سێیەم: ڕەهەندی پەیامی ناونیشانی ( چاکەتێك لە کۆنە دەکرِم)............................. ٤٠٤

سەرچاوەکان........................................................................................ ٤٠٨

بابەتی (١٢) ئەفسانە لە دەقی شیعری گەردوونیدا (سیزیف)ی
کەریم دەشتی و (سیزیف)ی فێیی جۆرِج بە نموونە........................................... ٤١٠

پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوە بخوێنەوە.................................................................. ٤١٤

ئەفسانەی (سیزیف) چییە؟ یام (سیزیف) کێیە؟.................................................. ٤١٤

شیتەڵکاریی دوو دەقەشیعرەکە لەڕۆشنایی ئەفسانەکە و شیعری گەردوونیدا................ ٤١٦

ناونیشانی دەقەکان.................................................................................. ٤١٦

پاشکۆ.................................................................................................. ٤٢٦

(سیزیف)............................................................................................... ٤٢٩

(فێیی جۆرج)......................................................................................... ٤٢٩

سەرچاوەکان.......................................................................................... ٤٣٣

(٣) بانێژەباس................................................................٤٣٥
بابەتی (١) (پەروەردەی پێشەنگ، ئایندەی پێشەنگ)..........................٤٣٦
دوو قسە بۆ پەرەوەردە........................................................٤٣٧
واقیعێکی پەروەردەیی نەگۆڕ لە عیراق و کوردستاندا...........................٤٣٨
میکانزمی داینەمۆی پەروەردەو فێرکردن........................................٤٤٠
هەنگاوێک بەرەو مامۆستایەتی.................................................٤٤٣
(٣) گرفتە دژوارەکەی پرۆسەی پەروەردە لە عیراق و کوردستاندا................٤٤٨
ئاکام.........................................................................٤٥٤
سەرچاوەکان.................................................................٤٥٤
بابەتی (٢) "ئەزموون" وەك ئەزموون و وانە....................................٤٥٦
ئەزموون چییە؟..............................................................٤٥٦
بنەماکانی ئەزموون...........................................................٤٦٠
جۆرەکانی ئەزموون...........................................................٤٦١
چۆن فێرە ئەزموون دەبین؟...................................................٤٦٤
کامە ئەزموون مەزن و کاریگەرە؟.............................................٤٦٧
سەرچاوەکان.................................................................٤٦٨
بابەتی (٣) دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت) سازی و (زانست) سازیدا
لە کوردستان..................................................................٤٧٠
مەبەست لە (دەرسی خسوسی- یان وانەی تایبەتی) چییە؟......................٤٧٢
ڕووە باشەکانی دەرسی خسوسی..............................................٤٧٣
ڕووە خراپەکانی دەرسی خسوسی.............................................٤٧٤
کاریگەری دەرسی خسوسی بەسەر خوێندنگە و خوێندکارانی پۆل...............٤٧٥
کاریگەری لەسەر خودی مامۆستای دەرسی خسوسی............................٤٧٦

دەرسی خسوسی لە کوردستانی خۆماندا................................................................ ٤٨٢
کێ بەرپرسە و چارە چییە؟............................................................................ ٤٨٧
چارمان چییە؟............................................................................................ ٤٨٧

## ئەم قەڵەم و دەفتەرە...

ئەم کتێبەم بەرهەمی ئەزموونی تەمەنە. کە لە ساڵی (١٩٧٠) چوومە زانکۆ، گەرچی نمرەی یەکەمییەکەم لە پۆلی (١٢) ی وێژەیی، لە خر کۆلێژە ئەدەبییەکان وەردەگیرا، من بەشی زمانی کوردیم لە کۆلێژی ئادابی بەغدا هەڵبژارد و لەوێ وەرگیرام، بەڵام دوای (٣٥) ڕۆژ خوێندن لەوێ، دکتۆر مارف خەزنەدار، ڕۆحی شاد، پێگوتم:"فازیل، من وای بە باش دەزانم، کە بەشەکە بگوێزیتەوە بۆ بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، تۆ شارەزاییت لە زمان و ئەدەبی کوردی هەیە، جا لەوێ دەتوانیت هەم لەڕشتەیەکی باش و زمانێکی زیندوو سوود وەرگریت و هەم بەردەوامیش بیت لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی." منیش، ئامۆژگارییەکەم بە سوپاسەوە پەسندکرد و یەکسەر چوومە بەشی زمانی ئینگلیزی. گەرچی ماوەیەکیش بوو خوێندن دەستی پێکردبوو.

تەمەنی هەرزەیی خۆم، لەگەڵ کتێب بردەسەر، بۆیە نە هیچ تەرزە وەرزشێک دەزانم و نە مەیلی هیچ جۆرە یاری و گەمە و قومارێکم هەیە، بە بیریشم نایەت پێنج جار چووبمە چایخانە و گازینۆیان. کە چوومە زانکۆ، دەتوانم بڵێم زۆربەی کتێبە ئەدەبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مێژوویيەکانی کتێبخانەی حاجی قادری کۆییم، بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خوێندبۆوە. ئەم کتێبخانەیە، یەکێک بوو لە کتێبخانە دەوڵەمەندکانی کوردستان.

بۆ من زانکۆ و بەغدا، دوو دەروازەی پڕشەگداریی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوون. لە بەشی زمانی ئینگلیزیش مامۆستای وەکو (دکتۆر عبد الواحد لؤلؤة) دەرسیان پیدەگوتین، کە بەرهەمەکانی لە زانکۆیەکانی جیهاندا دەخوێندرێن، لە دەرەوەی زانکۆش لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ئامادە دەبووم، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە بارەگای یەکێتیی نووسەران کورد دەبەستران و لەگەڵ دەستەی شاعیر و نووسەرانی ئەوکات لە بەغدا، تێکەڵی و دانیشتنمان دەبوو،زوو زووش لە گازینۆی بەرلەمان، لە شەقام ڕەشید دادەنیشتن، ئەمەش وایکرد، پتر تێکەڵ ببم و قەڵەمبەدەستەکان بناسم .

لە ساڵێ (١٩٧٢) یەکەمین دەقەشیعرم بە ناوی (زامەکانم) لە هەفتەنامەی (هاوکاری) بڵاوکردەوە. هەرچەندە شیعرم دەنووسی، بەڵام بابەتی وەرگێڕان و نووسینی دیکەشم بڵاودەکردەوە. یەکەمین نووسینم لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، بابەتێک بوو دەربارەی (دەقە شیعرە نەتەوەییەکانی حاجی قادری کۆیی)، مامۆستا مەحموود زامدار، ڕۆحی شاد، بە چوار ئەلقە ئەم بابەتەی لە گۆشەیەکی ئەدبیدا لە ئیستگەی ڕادیۆی بەغدا خوێندەوە، ئەمەش هەر لەو ساڵەدا بوو.

دوای پتر لە چڵ ساڵ، یەکەمین لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی خۆم، بڵاوکردەوە، کە دەربارەی کۆمەڵە شیعرێکی هاوچەرخی کوردی بوو. لەو ساوە دەستم کرد بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەو تەرزە بابەتە. ئەوجا کەش و هەوای کوردستانی باشووریش، دوای ڕاپەڕین، لەباربوو بۆ کۆڕبەستن و سیمینارگێڕان، ئەمەش وای کرد پتر چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆم بگەیێنێمە هەوادار و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردستان. ئەوا جگە لە هەماهەنگیم لەگەڵ میدیای بینراو و بیستراو.

لە ساڵی (٢٠١١) ەوە دەستم کردووە بە چاپکردنی بەرهەمە ئەدبی و فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکانم و لەگەڵ د. هاژین سلێوە و د. هێمن شەمسیش، بەیەکەوە، چەند بەرهەمێکی ئەدەبی و یاددشتیمان چاپکردووە.

لەساڵی (٢٠١٥)، لە (٤) گۆڤاری کوردی دەمنووسی و کارم دەکرد: لە گۆڤاری (کەکۆن)، بەڕێوەبەری نووسینی بووم، لە گۆڤاری (کەلتووری کورد)، کە خانەی کەلەپووری لەپزێڕێن دەری دەکرد، سەرنووسەر بووم، لە گۆڤاری (شارەڤانی) کە سەرۆکایەتیی شارەوانی کۆیە دەریدەکرد، سەرنووسەر بووم و لە گۆڤاری (ژیار)ی پەروەردەیی ئەندامی دەستەی نووسەران بووم.

(گووتاری شەوڕۆ)م کردووەتە ناونیشانی ئەم بەرهەمەم، چونکە لە دیدی خۆمەوە، هەروەها لە دیدی چەندان ئەدب و ڕەخنەکارانیشەوە، توانیوومە لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ئەدەبییەکانمدا، ڕێباز و دید و شێوازێکی تایبەت بەخۆم هەبێ.

دەتوانم بڵێم تاوەکوو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕەخنەی کوردی . بە تایبەتی ڕەخنەی شیعر، وەک زۆرانبازی بوو لە نێوان ڕەخنەکار و شاعیردا، یەکەمیان هەموو هەوڵ و ڕەنجی بۆ ئەوە کەموکوڕی و هەڵە و لایەنە لاواز و کرچ وکاڵەکانی دەقە شیعرێک بدۆزێتەوە، دووەمیشیان هەوڵدەدا بەرپێچی بداتەوە و بەرگری لە خۆی بکات، جار بووە، هانایان بۆ کەسی سێیەمیش دەبرد یان بە ناوی خوازەراوە وەڵامیان دەدانەوە. بەگشتی ئەدیب و شاعیرانی کورد، بە ڕەخنەگرتن قەڵس دەبن و بە هەندی وەرناگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوەندەی ڕەخنەکاریی کورد بە دوای عەیب و عاری دەقەکاندا دەگەڕێ و خۆی ماندوو دەکات، نیو هێندە بەدوای لایەنە هونەریی و زمانەوانی و جوانییەکانی دەقەکەدا ناگەڕێ. کاری ڕەخنەی ئەدەبی پتر سەنگەر لێک گرتن بوو.

لە دیدی من، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کارێکە بەبێ مەعریفە و ڕۆشنبیری و سەلیقە و پشوودرێژیی مەیسەرنابێ. ئەم کارە زۆر لە کنە و پشکنینی شوێنەوارناسەکان دەچێ، کە بە کوولەچەقۆ و دەرزی و فڵچە، بە هێمنی و پشوودرێژی، بەدوای پاشماوە کۆن و دێرینەکاندا دەگەڕێن و کاریان تێدا دەکەن. ڕەخنەی ئەدەبیش هەم چێژە و هەم داهێنان، ئەویش بەبێ پاشخانێکی دەوڵەمەند، لە ئەدەبی نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی مەحاڵە بتوانیرێت بگەیێنرێتە پۆپە. ڕەخنەکاری شارەزا و خاوەن گەنجینە، دەتوانی بە

هاسانی بیرۆکە و داهێنان و وەرگێراوەکان بۆ خاوەنەکانی بگەڕێنەوە، واتا وەک بەردی مەحەک وایە، دەتوانی ئاڵتوونی ساغ و ئاڵتوونی ساختە لێک جیابکاتەوە. لێرەدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکانم، پەلیان بۆ بواری ڕەخنە و ڕەخنەکاریی ئەدەبیش هاویشتووە.

ڕەخنەکاری، بەرهەمی ئەزموونەوە، بۆ خاوەن بەرهەم و دەقیش دەبێتە بەردەباز و دەستگر و ڕابەر، بۆ گەڕان بەدوای نهێنییەکانی جوانی و گەیشتن بە قۆناغی داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی. ئەرکە پیرۆزەکەی ڕەخنە: جوانترکردنی جوانییەکان و ناشیرنترکردنی ناشیرینەکانە، تا چێژی هونەر و داهێنان و ئەدەب لە بن زمانی خوێنەر و پەیامگر خۆشتر و شیرینتر بکات!

خۆشبەختانە، ئیمڕۆ، خاوەن گەنجینەیەکی باشن لە شیعری جوانی هاوچەرخ، ئەوەی کە زۆر لەو شاکارەکانی ئێمەی شاردووەتەوە، ئەوەیە ئەو بەرهەمە جوانانە وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان و ڕەخنەکاریی داهێنەریشمان کەمن، کە بتوانن مەزنایەتی و شاکاریی ئەو دەقە ئەدەبییانە هەڵسەنگێنن و بە خوێندرانی بناسێنن.

هەمیشە گوتومە، ئەرکی ڕەخنەکار، پتر بە دوای شتە جوان و مەزن و پیرۆزەکانی دەقدا بگەڕێ. ئەمە وادەکات دەقنووس بە خۆیدابچێتەوە و باشتر سەنگی حەقیقی خۆی بزانێ، ئەمەیش دەبێتە هاندەر بۆ پتر خۆ ماندووکردن و کۆشش کردنی دەقنووس. لێرەدا ئەمن قسەم لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانەیە کە دەچنە نێو بازنەی (ئەدەبی مەزن و جوان)، نەک ئەدەبی بازاڕیی و جەلەبێ، کە ئیمڕۆ زۆرن.

هەموو لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکارییەکانی ئێرە دەربارەی شیعری کوردییە، تەنها دوو بابەتیان نەبێ، یەکیان دەربارەی ڕشتەی بیرەوەرییە و ئەوی دیکەشیان لەسەر کتێبێکە، دەچێتە خانەی فەرهەنگنووسین. (٣) بانێژەباسەکەش، تایبەتن بە پەروەردە و ڕوشنبیریی گشتیی.

هیودارم، ئم بەرهەمە خزمەتێک بە ئەدیب و شاعیر و خوێنەرانی کورد بگەیێنێت.

٢٠٢١/٤/٢٣ دوبلن

## بابەتی (١)

## دەروونشیكاریی نامۆیی و خـەون

## لە دەقی (گوتـم بـە بـەختـی خـەواڵوو) ی

## (حاجی قادری كۆیی) دا

كەخۆتی تێنەگەیێی، لە نیكتەكانی نەگەی

دەڵێی هەمـوو هـەزەیانە، خودا بـەڵای لێ دا

"حاجی قادری كۆیی"

**ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە (The Title of the Study):**

"دەروونشیكاریی نامۆیی و خـەون لـە دەقی (گوتـم بـە بـەختـی خـەواڵوو) ی(حاجی قادری كۆیی) دا". بابەتێكی ڕەخنەی ئەدەبییە لە ڕوانگەی تێڕوانینی سەردەمییانە بۆ دەقەكە و شتیەڵكاریی باری دەروونی شاعیر.

**مەغزای لێكۆڵینەوەكە (The Objective of the study):**

- شیكردنەوەی پڕۆسەی داڕشتنی قەسیدەكە بە خوێندنەوەی باری دەروونیی شاعیر لە نێو بەیتەكاندا.
- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی نامۆیی لەسەر كەسێتیی شاعیر و داهێنانی شیعریی ئەو.
- شیعرییەتی زمانی نامۆیی و زمانی خەونی حاجی قادری كۆیی لە دەقەكەدا.
- بەیانكردنی ئەو خەسڵەتانەی، نازناوی "شاكار"، پیرۆزی ئەم قەسیدەیە دەكەن.
- نرخاندنی ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ لە كەشفكردنی و دۆزینەوەی بەها ئەدەبییەكانی شیعری كلاسیك و نوێی كوردیدا.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە (The Method of the Study):**

لێكدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە چوار كوچكەیە:(زمانی شیعرییەتی حاجی قادری كۆیی/ نامۆیی/ خەون/ پراكتیزەكردنی

دەقەکە بە تێۆریی ڕەخنەی ئەدەبیی سەردەم) لە یەك ئان و ساتدا عەوجە بە یارمەتی چەند ڕێبازێکن، بۆیە ئاساییە سێبەری ئەم ڕێبازانە لەم بابەتەدا ببێنرێن:

- ڕێبازی شیکاریی شێوازی (Stylistic Analysis Method).
- ڕێبازی ڕەخنەی مۆدێرن (Modern Critical Method).
- ڕێبازی ڕەخنەی دەروونشیکاری (Method Criticism Psychological).
- ڕێبازی ڕەخنەی ڕۆشنبیری (Cultural Criticism Method).

کۆسپ و گرفتی بەردەم لێکۆڵینەوەکە (**Obstacles The Study**):

ئەو سەرچاوانەی پێوەندن بە لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی زۆربەیان لە دەوری دوو تەوەرە دەخولێنەوە: ژیان و ڕۆحی نەتەوایەتی لە شیعرەکانی ئەودا. لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی و سەردەمییانە بۆ دیوە شاراوەکانی کەسێتیی شیعرەکانی ئەو یان ئەوەتا نووسەران نەیانتوانیوە قەرەی لێ بدەن یان هۆش و زەینیان بۆ نەچووە، بۆیە لێکۆڵینەوەکە لەم جۆرە سەرچاوەدا، دەتوانین بڵێین هەتیوە، بەڵام خۆشبەختانەی لە ئەدەبی بیگانە سەرچاوەکان بەردەستن و دەتوانرێت کەلێنەکە پڕ بکەنەوە.

بونیاتی لێکۆڵینەوەکە (**The Study Structure**):

لێکۆڵینەوەکە جگە لە ناساندن و پێشەکی، لە (٢) بەش و ئاکام و پەراوێز و سەرچاوە پێکهاتووە. لە پێشەکییەکەدا ئایتمە ئەکادیمییەکانی نووسینی لێکۆڵینەوە، خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم (٢) باس لەخۆ دەگرێ. باسی یەکەم تەرخان کراوە بۆ (٤) بڕگە: (نامۆیی / خەون / نۆستالۆژیای ئەدەبی / زمانی شیعریی). باسی دووەمیش پەیوەستە بە ڕۆڵی نامۆیی و خەون لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا.

بەشی دووەم، تایبەتە بە شیتەڵکاریی ئەدەبیی چامەکە، ئەویش هەر(٢) باسە. یەکەمیان دەربارەی سەرگوزشتەی دەقەکەیە، دووەمیشیان (٤) بڕگە ڕاڤەدەکات:(هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە / شەپۆڵەکانی نامۆیی لە چامەکەدا / ڕەهەندەکانی خەون لە

چامەکەدا / زمانی شیعریی چامەکە). لە کۆتایدا، ئاکامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێك چڕکراوەتەوە و پەراوێز و سەرچاوەکانیش تۆمار کراون.

**لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە (From a Small Window):**

حاجی قادری کۆیی، لە نێو جەماوەری ڕەش و ڕووت و کوردپەروەر و چینی ڕۆشنبیریی وڵاتەکەی خۆی کەسێکی ناسراو و خۆشەویست و خاوەن پێگە و مەقامێکی یەکجار بەرز و باڵایە. پێش ئەوەی شیعرەکانی چاپبکرێن، چونکە شیعرەکانی ئاوێنەی ڕۆحی نەتەوەکەی بوون، لە ڕێی سوختە و شاگرد و هەوادارەکانی خۆی، چ کە لە کوردستان بوو، چ کە لە ئەستەنبوڵ بوو،، خێرا و زوو بڵاودەبۆوەنەوە، جا کاتێکیش شیعرەکانی لە دیوانێك، بە ناوی خۆی چاپکرا، دەرگای نووسین و لێکۆڵینەوەیان بۆ خرایە سەرپشت و زۆر لە قەڵەمە بە پێز و شارەزایەکانی دنیای ئەدەب و شیعر قۆڵی خۆیان لێهەڵماڵی و هیچ تەفسیریان نەکرد لە بە ئەرشیفکردنی زۆر لایەنی شاراوەی ئەم شاعیرە خامە جوان و بەهرەدارە، بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمەکانیان. ئەوەی کە جێی سەرنجە، لەبەر هەر هۆیەك بێ، نووسەرانی کورد، ئەگەرچی لە زووەوە شیعری حاجی قادری کۆییان وەك بابەتی لێکۆڵینەوە، لە کوردستان و لە دەرەوەشدا، فەرامۆش نەکرد بەڵام، بەداخەوە، تا ئەم ساتەش نەتوانراوە، ئەم شاعیرە بە جیهانی بکرێت و لە تەنیشت شاعیرە ناودارەکانی نەتەوەکانی دراوسێ کورسیی خۆی بۆ دابنرێت و بناسرێت، ئەمەیش گللەییە لە خۆمانی قەڵەم بەدەست. دەبێ بوێرانەش بڵێین، کە توێژینە و و لێکۆڵینەوەکان لەسەر شیعرەکانی ئەو، تا ئێستا تینوویەتی خوێنەری ڕۆشنبیریی کورد ناشکێنن و هەست دەکرێت کە کاتی ئەوە هاتووە بناو بەناو دەریایی شیعرەکانی لێبدرێت و هەر لە کەنار و تەنکاویدا کات بەسەر نەبەین، چونکە لە دیدی بەندەدا، چەندە شیعرەکانی ئەو سادە وساکار دێنە بەر دڵ، دوو هێندەش بە ناخی قولایی دەریای ئەدەبدا چوونەتەوە خوارەوە و دوو هێندەش بەرەو تۆقەڵەی ئاسمانی شیعر هەڵفریوون!

# بەشی یەکەم

## ناساندنی تەورەکانی لێکۆڵینەوەکە

## (Introducing the Axes of the Study)

### باسی یەکەم

**پێناسـەکان (The Definitions)**

**یەکەم: نـامـۆیی (Alienation):**

بازاڕی (وشەناسی Lexicology) و (زاراوەناسی Terminology) قەت وەك نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو گەرم و گوڕی بە خۆیەوە نەبینیوە، نەك هەر زاراوەسازیی بوو بە زانستێکی سەربەخۆی زمانەوانی، بەڵکو زاراوە هەیە، لە یەك کاتدا، ڕەگ و ڕیشەی بۆ دە دوانزدە زانستی سەر بەخۆ دادەکوتێ، هەر بۆ نموونە زاراوەی (دەنگ sound) ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، هەرلە زانستی فیزیك و پزیشکییەوە بگرە تا گەردووونناسی و زانستی سەربازی. جا " زاراوەی (نامۆیی)یش لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و پەروەردە و فکر و فەلسەفە و ئاییندا لە بەرگی (نامۆیی و نامۆبوون) دا خۆی نمایش دەکات."(شەوڕۆ: ٢٠١٣:١٣) هۆکارەکەشی گۆڕانکارییە مەزنەکانی ئەم سەردەمەن لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و مەعریفەدا، بە شێوەیەك کە ژیان هێندە ئاڵۆز و قورس و دژووار، لە هەڵسو کەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات، کە وامان لێهاتووە لە بوون و ژیاندا هەست بە نامۆیی بکەین.

نامۆیی دیاردەیەکی کۆنی - نوێی دەروونیی مرۆڤە و هەمیشە گەردوونییەوە تا یەك تاکە مرۆڤـ لە سەر ئەم زەمینە هەناسە بدا، ئەو بوونی هەیە. بۆیە لە نێو پەڕە زەردە شڕودڕەکانی کتێبەکانی زانا و دانا بلیمەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بە زەقی دێتە بەرچاو و هەردەم جێگەی باس وخواس و توێژینەوە بووە. جا تا قوتابخانە فکری و فەلسەفییەکان پتر گەشەیان ساندووە و پانتایی مەعریفی فراوانتر بووە، ئەو بازنەی نامۆیش لە گەڵیاندا فراوانتر و ئاڵۆزتر بوو، زۆر زوو (ئەفلاتوون) هەستی بەمە کردووە و بۆیە ئەو، چارەسەر

بۆ " ڕزگار بوون لە نامۆیی، لە بیرکاری و مەعریفە و ئەزموونگەڕایی دادەبینێتەوە." (htpp://www.ahewar.org/dbat/show.art?aid=255626)

کاتێکیش شارستانیەتی بوو بە واقیعحاڵ، هێندەی دێ، مرۆڤی لە سروشتە جوان و پاك و خاوێنەکەی دابڕی و ڕۆحی خێرخۆازیی و سرۆشتدۆستی تێدا دامرکاندەوە و بەرەو خۆپەرستی و خۆویستی برد و ئەمەیش نامۆییەکەی خەستتر و لێڵترکرد. بۆیە (سارتەر Jean Paul Sartre ١٩٠٥ -١٩٨٠) دەڵێ:" سەربەستی جەوهەری بوونە، لەگەڵ داگیرکردنی بووندا، مرۆڤ لە ناوەڕۆکی خۆی نامۆ دەبێ و ناتوانیت، وەك داهێنەر ڕۆڵی ـ ناوەندیی خۆی ـ ببینی." (Sartre: 1996:20)جا کاتێ ئایینەکانیش بوون بە ڕابەری مرۆڤایەتی، نامۆیی وەك پێویست، لە ناخی مرۆڤدا هەر جێی پێ لەق نەبوو، چونکە هەمیشە شتێك (یان چەند شتێك) لەم گەردوونە هەیە ئێمە ئاقڵمان پێ ناشکێت لە " (تەلمود) ی جولەکەکاندا، خودا سەرچاوەی پاداشت و سزایە، هەر خۆشی سەرپەرشتیاری هەموو یاساکان و سروشتە. لە لای مەسیحییەکان، خودا ئەڤینداره و گەردن ئازادکەری گوناحبارانە، لە کن موسڵمانانیش ئەقڵ ئازادە و ئیرادە سەربەخۆیە." (شەوڕۆ: ٢٠١٣ :٢٠) دوکەڵ بێ ئاگر نابێ، ڕەوشی نامۆیش ئەو کاتە سەرهەڵدەدا کە شتێ هەبێ مرۆڤ پێی نامۆبێت، دەبێ ئەو شتەش هەڵگری ئەو هۆکار و بنەما و ڕەگەزانە بێت کە یارمەتیدەری دروست بوونی نامۆییەکەیە. زانستی دەروونشیکاری سەردەم، پەنجە بۆ ئەم حاڵەتانە درێژدەکات(شەوڕۆ: ٢٠١٣ :٢١):

یەك: نامۆ بوون لە خوددا: ڕەنگ بێ ئەم جۆرە نامۆییە، لە هەموویان گاریگەرتر و قورستر بێت و بنج و بنەوانێ هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ جینات و ژینگە و کەلتوور و ئایین و پەروەردە و کۆمەڵگا و باری گوزەرانی و ڕۆشنبیری .... تاد. تەنانەت حاڵەتیش هەیە کە زانستیش تا ئێستا ناتوانی هۆکاری پەیدا بوونی دەستنیشان بکات.

دوو: نامۆبوون لە گەردووندا: بە هەر هەموو پێکهاتەکەیەوە، کاتێ مرۆڤـ ، بە ئەقڵە سنووردارەکەی خۆی بەبەراورد، بەرانبەر دیاردە سەرسورهێنەرەکان، وەك منداڵێك تەماشای ئاسمان و دەورووبەری

خۆی دەکات و  چاوبەش، ڕاڤە و تەفسیری  ئەقڵانی متمانە پێدەری ئەوانی بۆ ناکرێ. ئەمە تەنانەت هۆ سەرهەڵدانی زۆر لە فەلسەفەکانیش بوون، هەر بۆ نموونە فەلسەفەی (ژینگەگەڕایی Environmentalism**)**.

سێ: نامۆبوون لە خودا:  کاتێ بووت و سەنەمە دەستکردەکانی سەر زەوی نەیانتوانی نامۆیی مرۆڤ بڕەوێننەوە، ئەوان ڕوویان لە ئاسمان کرد، بەمەش هەر هەموو یەقینەکانی بۆ نەبوو بە بەیەقینی بێگەرد، بۆیە دەبینن زۆر  هەوڵ و کۆششی ئەزمونگەرایی هاتە ئاراوە بۆ دەرباز بوون لەم نامۆییە، خۆ سۆفیگەرییەکەی لای خۆمان، یەکێکە لەو هەوڵانە**!**

چوار: نامۆبوون لە کۆمەڵدا:  یان لەگەڵ یەکتری، ئەمەیش هەر لە نێو دەرگای بەهەشت، لە نێوان (ئادەم و حەوا) سەری هەڵدا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆژ بە ڕۆژ، ئەم نامۆییە، تۆختر و لێڵتر و ئاڵۆزتر دەبێ.

(لە شیتەڵکاری دەقە شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی،  ئەم خاڵانە وردتر و چڕتر دەخەینە بەرچاو.)

**دووەم: خەون** (**The Dream**):

ئیمڕۆ (خەونناسی) یان (زانستی خەون) کە لە زانکۆ ناودارەکاندا دەخوێندرێت،  پێی دەگوترێت (Oneirology). پرۆفیسۆری دەروونناس (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦ - ١٩٣٩Sigmund Freud) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات :**"**خەون دیاردە و پرۆسەیەکی فیزیۆلۆژی و سایکۆلۆژییە، پەیوەستە بە ئەزموونی واقیعی مرۆڤەکان لەژیانی ڕۆژانەیاندا، ناوەڕۆکی خەونەکان  ناوەڕۆکی ئەزموونی ژیان و زهن و هزر و کاردانەوەی ئەوانە بەرانبەر شتەکانی دەورووبەر.**"** ( en. wikipedia / Sigmund - Freud**)**. کەواتە خەون وەك ئەم زانایە ئاماژەی پێداوە:**"** بیرکردنەوە و درێژەپێدانی ڕووداوەکانی ژیانە بەشێوەیەك لەشێوەکان.**"** **(**Interpretation of Dream- S. Freud**)**. لەلایەکی تریشەوە چونکە مرۆڤ بۆخۆی لە واقیعی ژیان و بوون، زۆر حاڵی نابێ،

هەمیشە خەونی کردووەتە ئامرازێك بۆ کردنەوەی ڕازی ئەو نهێنییانە. ئەمەیش لەبەر دوو هۆ:

ا) بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی خۆی، بەوەدەست هێنانی هێندێ زانیاری بەئومێدی ڕاڤەکردنی دیاردەکانی دەوروبەری خۆی لەڕێگای خەونەوە.

ب) وەك وەسیلەیەك بۆ هەڵاتن لە واقیعە وشك وبرینگ و ئاڵۆز و پاڵۆزەکەی ژیان، ئەمەش لەڕێگای هەوڵدان بۆ بێئاگایی کردنی خۆی، هەر وەك کەسە ئاڵوودەکانی دەرمان و مەی و بادە. لێرەش جۆرە تێکهەڵکێشانێك لە نێوان خەون و ئەفسانەدا بەدی دەکرێ، چونکە ئەفسانەش لە ڕێگای خەونەوە هاتووەتە کایەوە. ئاوێتەبوونی ئەدەب و خەون لەگەڵ یەکتریدا مێژووەکەیان زۆر کۆنە، چونکە " هەمیشە خەون بەستراوەتەوە بەجیهانی بێئاگایی (Unconscious) جا گرینك نییە ناوەڕۆکی بابەتە ئەدەبییەکە یا هونەریەکە، چ سروشتێکی هەیە لە ترس و هەڵچوون و خەمباری و سیحر و سەرکەوتن و نسکۆ و سێکسبازیی و ... هتد، لەهەموو حاڵەتەکاندا ڕووداوەکانی خەون بەدەر لەدەسەڵاتی خەونبینە."(en.Wikipedia .org /wiki / Dream) زاراوەکانی زانستی خەون زۆرن، ئەوانەی کە کراونەتە کەرەستەی لەم لێکۆڵینەوە، ئەمانەن (شەوڕۆ: ٢٠١٤ :٢٢):

١) دیدەنە خەون (**Dream Vision**):

خەون لە هەموو ژانرەکانی ئەدەب و هونەردا بەدرێژاییی مێژوو حزوری هەبووە، بەڵام زاراوەی (دیدەنە خەون) راستەوخۆ بەندە بە دارشتنەوە و هەڵبەستن و چنینەوەی شیعر، لە کۆنەوە گێرانەوەی ئەزموونە خەون لە شیعردا کە پێی دەگوترێت گێرانەوەی مەجازی (Allegory) بە شێواز و زمانی جیا جیا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

٢) زیندە خەون (**Daydream**):

لەچرکە ساتی زیندە خەوندا، خەوبین وا هەستدەکا کە ڕوودا و شتەکان بەراستی نەك بەخەیاڵ، بە بەرچاویدا گوزەردەکەن . (WWW.Wikipidia.daydream) دوو لەخەسڵەتە تایبەتمەندەکانی، زیندە خەون ئەمانەن:

( ا): لەهەواری زیندەخەوندا، خەوبین هەمیشە مەیلی گۆشەگیری و تەنیای و دوورەپەرێزی هەیە و لەژاوەژاو و ئاپورەی خەڵك دوور دەكەوێتەوە، ئەو جۆرە ژینگە هێمن و كپ و خامۆشە، كەش و هەوای بەردەوام بوونی خەوبینینەكەی گونجاو و درێژخایەن دەكات.

(ب): لەم دیاردەیەدا، پرۆسەی خەوتن و خەوبینینی ڕاستەقینە بەمانا زانستییەكەی قۆناغ بەقۆناغ ڕوونادات. كەواتە گۆڕانكارییە سایكۆلۆژیی و میتۆلۆژییەكانی پرۆسەی خەوبینین لە دڵ و دەروون و جەستەدا ڕوونادات.

**٣) خەونە فلاشباك (Flashback Dream):**

لێرەدا ئەم زاراوەیە تەعبیر لەو خەونانە دەكات كە قۆناغەكانی ڕابردوو، زیندوو دەكەنەوە، بەتایبەتی ڕووداو و یادەكانی سەردەمی منداڵی كە بەردەوام لە ئەقڵی بێئاگایدا خۆیان شاردووەتەوە.

جیاوازی لەنێوان زیندەخەون و خەونەفلاشباك ئەوەیە، زیندەخەون پشت بە ئەندێشە و خەیاڵ و سروشەوە دەبەستێتەوە، لەكاتێكدا خەونە فلاشباك دووبارە لێدانەوەی فلیمی كۆنی ناو مێشك و هزرە.

**سێیەم: نۆستالیژیای ئەدەبی (Literary Nostalgia):**

نۆستالیژیا ــ كە لە بنچینەدا، لە زمانی یۆنانیدا، ئاماژەیە بۆ ئەو حاڵەتە دەروونییە دێت كاتێك كەسێك هەست بە ئازار و نارحەتی دەكات بۆ گەڕانەوەی بۆ ژینگە و ڕابردووی ژیانی خۆی ــ لە چەمكە ئەدەبییەكەیدا، ئاماژەیە بۆ تەوزیفكردنی كەرەستە ئەدەبییەكان، بە پێی ڕشتەكانیان لە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆ... تاد، بۆ وەسفكردن و دەربڕینی ئەو تاسە و حەز و مرادەی كە مرۆڤ هەیەتی بۆ گەڕانەوەی بۆ شوین و زەمەنێكی ڕابردووی خۆی و ترسان لەوەی هەتا هەتایە، جارێكی دیكە ئەو حەز و خواستەی نەیەتەدی. سەرەتا لە ئەدەبدا، لە داستانی (ئۆدیسیا Odyssey) سەری هەڵدا، كاتێ (ئۆدیسوس Odysseus) ی جەنگاوەر لە بەرەكانی شەڕدا تووشی ئەم بارە دەروونییە دەبێت، دواتر زاراوەكە پەڕییە ناو ڕشتەكانی تری ئەدەبی و لە گەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبی رۆمانسیش لە دەوروبەری

سەدەی حەڤدەم  و هەژدەمدا، پتر پەرەی سەندوو بوو بە بابەتی قسە و باسی زۆر.

**چوارەم: زمانی شیعریی (Poetic Language):**

پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح لە بارەی زمانی شیعرییەوە دەڵێ:" بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەمان و زمانی چیرۆك  و زمانی زانستەکان، ئەوا زمانی شیعر دیاردەیەکی  تەواو ئاڵۆزە، چونکە نەکات (مێژوو)، نە شوێن(جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازیی، نە ڕێنووس سنووری بۆ ناکێشێت و لە دەسەڵاتی کەم ناکاتەوە. نەك هەر ئەمە بەڵکو شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤییەکان بەسەرچاوەی خۆی دادەنێ و فەرهەنگی ئەو، هەموو فەرهەنگەکانی جیهانە، جا بە هەر زمانێك بێ و لەهەر سەردەمێکدا کۆکرابنەوە. ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، نووسەرەکان مەگەر هەر خەونی پێوە ببینن. شێوازێك ئەم هەموو توانایەیی لەبەردەستدا بێ، سەیر نییە ببێتە لوتکەی شێوازەکان لە بەهێزی و ئاڵۆزیدا. زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە." (فەتاح:٤٠١:٢٠١٠) . جا بۆ وەدەست هێنانی زمانی شیعریی ئەوا دەبێ بەلانی کەمەوە:

(ا) شاعیر، بووبێتە خاوەن زمانی خۆی. کە ئەمەیش بەردێکی سەنگینە لە بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی شیعریی سەربەخۆ ـ هەر نەبێ لەڕووی باڵادەستی لە زماندا.

(ب) توانستی شاعیر لە بواری داهێناندا: ئەمەیش بە کارکردنی بلیمەتانە، لە تەوزیفکردنی فەرهەنگ و گەنجینە زمانییەوانییەکەی خۆیدا.

### باسی دووەم

**ڕۆڵی نامۆیی و خەون لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا:**

**(The Role of Alienation and Dreams in the Literary CreationProcess)**

شیکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیی کارێکی هێندە ئاڵۆز و لێڵ و تەمومژاوییە، کە عەیامێکی زۆر زانایانی تووشی سەرئێشە و

شەونخونی و تێڕامانی قوول کردوو، ئەوتا زانای دەروونناسی جیهانی (فرۆید) دەڵێ:" ئەسەڵەن نازانین چۆن بەهرەی داهێنەرانە لە دایك دەبێ" وشاگردەکەشی (کارڵ یۆنگ١٨٧٥ - ١٩٦١ Carl Jung) دەڵێ:" کردنەوەی شفرە و ڕەمزەکانی کاری داهێنان، خۆی لە خۆید لوغزێکی نەکراوەیە."(شەوڕۆ: ٢٠١٥: ٩٤) جا تا خاتوو (ئەلیس فلاهێرتی Alice Flaherty)، لە ساڵی (٢٠٠٥) ڕاپۆرتە زانستییەکەی خۆی بە ناوی (تازەکردنەوەی داهێنەرانە Creative Innovation) بڵاونەکردەوە، میکانیزمی پرۆسەی داهێنان، لە ناو مێشکدا نەزانرابوو. (شەوڕۆ: ٢٠١٣: ٢٢) ئەوە جگە لە هۆکاریی کۆمەڵایەتی، بە درێژی باسی هۆکاری زاتیش دەکات کە قامتێك توخم دەگرێتەوە وەك: (زیرەکی/ مەعریفە / حەز و هەوەس / هاندان / سرووش). ئەوەی کە پێوەندە بە بابەتەکەی ئێمەوە، ئەم دوو (بنەما) یە بایەخدارەی خوارەوەن ـ کە زۆر بە بە کورتی قسەیان لەسەر دەکەین و نابێ خوێنەری زهنیشی بۆ ئەوە بچێ کە ئێمە ئەو دوو خاڵە بە داینەمۆی هێنانەکایەی داهێنان دەزانین، نا، ئەو دوو بنەمایە، لە بنچینەدا (هاندەر Motive) ی تەقینەوەی بەهرەی داهێنەرانەنە و کاریگەریی و بوونیان لە دەقە ئەدەبییەکاندا بە ئاسانی دەناسرێنەوە و دەکرێنە کەرەستەی لێکۆڵینە و توێژینەوەی دەقەکان:

**یەك: ڕۆڵی نامۆیی: (The Role of Alienation)**:

زانای پسپۆڕ (ڤاندێرڤێنت Vander vent)، دەڵێ:" پرۆسەی داهێنان، لە ئاکامی ڕوودانی کارێکی گاریگەر بەسەر داهێنەر، دەتەقێتەوە، جا ئەو کارە، ڕووداوە یان وێنە و دیمەن، یان هەڵویست و کێشەیە." جا ئەو خاڵەی لێرەدا گرنگە بۆ بابەتی (نامۆیی و داهێنان) ئەوەیە کە:" تا دیمەنەکە، هەڵوێستەکە، ڕووداوەکە، ئاڵۆزتر و قورستر و ناخۆشتر (یان خۆشتر) بێت پلە و ئاستی داهێنانەکە بەرزتر و باڵاتر دەبێ. ئەو کارە داهێنەرانەی تاقیکردنەوەکانیان لەسەر ئەنجامدراوە، بریتی بوون لە بواری هونەر و سپۆرت و مۆزیك و دیزاین و بیرکاریی و بیرکردنەوە." (شەوڕۆ: ٢٠١٣: ٣٧ - ٣٩) بڕوانە، (ڕیبو) ش هەمان ڕای هەیە و دەڵێ:" هەموو داهێنانێك لە ڕەحمی هەڵچووندا لە دایك دەبێ." هەروەها"قوتدانی هەست و ویستێکی

ڕەسەن، مانای لە ناوچوونی بیرۆکەکە نییە، هۆکار هەیە لە پشت ئەو شاردنەوە، دەرفەتی بۆ بڕەخسێت وەکو کانیاو دەتەقێتەوە. (نقشبندي: ٢٠٠٤: ٦٤) کەواتە ناموبی یەکێکە لە مۆتیڤەکان و لە گەڵ کۆی ئەوانی تر کاری خۆی دەکات.

دوو: ڕۆڵی خەون:(The Role of Dreaming):

"لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسان و ڕشتەی بابەتی خەون، دوای توێژینەوە و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و هونەرمەند و زاناکان ـ تەنانەت هەڵگرانی خەلاتی نۆبڵیش ـ دەریان خستووە کە زیندەخەون، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی داهێنان و بەرهەمهێنانی کارە شاکارەکان. ئەوان وای بۆدەچن کە زۆربەی کارە ئەدەبییەکان بەرهەمی ساتەوەختی بێئاگاین. کە لە فەرهەنگی ئەدەبیاتدا پێی دەگوترێت (سروش) کە هەڵقوڵاویی بەشە شاراوەکەی دەروونە و بە خەفەکراوی و کپکراوی ماوتەوە."( Wikipedia. / Deidre – Barrett). میکانیزمی ئەم پڕۆسەیەش بەم شێوەیە: ئەوکاتەی تەوژم و شەپۆلی حەز و ڕەغبەتەکانی مرۆڤ هێندە بەهێز و بەگوڕتین و کاریگەر دەبن کە خەوبین بەرگەی ئەوە ناگرێ چاوەڕوانی پڕۆسەی خەوتن بکات، بەبێ ئاگای خۆی، تەسلیمی زیندەخەون دەبێ، جا لەم ڕێگایەوە، کەسی خەوبین، حەز و ڕەغبەتەکانی خۆی بەتاڵدەکاتەوە و زۆر جار لە شێوەی کاری ئەدبیدا خۆیان دەنوێنن. جا " گرینگ نییە کە خەون بە چییەوە دەبینی، گرینگ ئەوەیە چۆن ئەم خەونە لە بوارەکانی ژیاندا لە ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کەلتور و فەلسەفەدا ... تەوزیف دەکەین." (فەتاح: ٢٠١٠: ٤٠١) خۆ ئەگەر چاوێك بە ژیاننامەی داهێنەرە مەزنەکانی مێژوو دابگریت، دروستی ئەم دوو تیۆرییە (ڕۆڵی نامۆیی و خەون)ت بە باشی بۆ ساغ دەبێتەوە.

## بەشی دووەم

## شیتەڵکاریی ئەدەبیی قەسیدەکە

## (Literary Analysis of the Poem)

### باسی یەکەم

### سەرگۆزشتەی دەقەکە (The Story of the Poem)

بایەخی ئەم سەرگوزشتە لێرەدا چییە؟ دەگوترێت:" ئەرکی ڕەخنە، دیاریکردنی ئەدەبیەتی دەقە، ئەمەیش بەلێك هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و سەرنجدان و بەدواداچوونی ئەوەی کە لەکاتی کارلێکردن و لێکدابڕینی ئەم ڕەگەزانە ڕوودەدات، ئەمەیش لەرێگەی دابڕین و پێکەوە گرێدانەوەیان، تا بەشێوەیەکی ئەزموونکاری، خاڵە جیاکار و لە یەك نزیکەکانی دەربکەوێت و ئاشکرابێت."(ڕەشید: ٢٠٠٧: ٤٤) هەرچەندە، لە ڕەخنەی هاوچەرخدا، دەق جەوهەری کارەکەیە، بەڵام چونکە بابەتەکەی ئێمە لاتایەکی دەقەکەیە و لاتایەکەی دیکەی شیتەڵکاریی دەروونی شاعیرە، لەسەرەوەختی لەدایك بوونی دەقەکەدا، واباشتر خوێنەر بە جوگرافیا و مێژووی دەقەکە ئاشناتر بکەین، تا خۆشتر چێژی لێ وەرگرێ، چونکە" دەگوترێت، شاعیر کوڕی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیەتی، بۆیە خوێندنەوەی دەق (Text) بەبێ چاوخشاندن بە کەش و هەواو ساتە وەختی خوڵقاندنی هەموو پەیامی قەسیدەکە بەدەستەوە نادات. جۆر و ئاستی مەعریفی و فیکری و زمانەوانی و کەلتوور و فەلسەفە و ئایین و مێژووی سەردەمەکە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆیان لە دەق و خولقانی دەقدا هەیە."(Harvard. edul / catalog . hup) (Php? isbn = 97 80 67 40 68 155

شاعیرانی کلاسیکی کورد، تۆمارکردنی تاریخی و جێگەی لە دایك بوونی دەقی شیعرەکانیان بەهەند نەزانیوە و بەدەگمن پەیڕەویان کردووە، ناچار، ڕەخنەگر و لێکۆڵەر دەبێ پشت بە ناوەرۆکی دەق و ڕووداوەکانی سەردەمەکە ببەستێت. مەسعود محەمەد دەڵێ:" نازانین حاجی (بەهارییەکەی) لە چ تەمەنێکدا هۆنیوەتەوە، هەرچەندە مەعلومە لە ئەستەمبۆلەوە کردوویەتی بە دیارییێکی نەمری سۆز و

گڕی نیشتمانپەروەری." (محەمەد: ١٩٧٢: ٣٢) حاجی شەش حەوت ساڵێك خەریکی خوێندن مەلایەتی دەبێ لە باڵەکایەتی و سەردەشت و سابلاغ و شنۆ، لە ساڵی (١٨٦٢) ئیجازەی دوانزدە عیلمی وەرگرتووە و بە ڕێگەی دەشتی لاجان بۆ باڵەکایەتی گەڕاوەتەوە و دواتر هاتۆتەوە کۆیە.(خەزنەدار: ٢٠٠٤: ١٢) لە کۆیەش لەبەر فشار و هەڕەشەوگوڕەشەی زۆر لە سۆفی و شێخەکان، بە تایبەتی ( شێخ نبی ماوەیلی) سەر هەڵدەگرێت و ڕوو لە هەندەران دەکات.* دەبێ ئەوەش بزانین کە " ئەو هۆیانەی وایان کرد حاجی ئاوەرە بێ گەلێك قوڵتر و پانترە و بنجیتر و مێژوویتر و کاریگەرترن لەوەی تاکە هۆی ستەمی شێخی ماوەیلی بەبەر خۆیەوە بگرێ (مەسعوود محەمەد: ١٩٧٦: ١٨٥). کێشە و ناخۆشییەکانی حاجی هەر ئەوەندە نەبوو" لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا کۆیە و دەوروبەری مەیدانی جەنگ بووە لە نێوان میرنشینە کوردییەکانی ئەردەلان و بابان و سۆران، لە ساڵی(١٨٤٣)دا کۆیە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە داگیرکرا.(خەزنەدار: ٢٠٠٤: ٢٧) لە ساڵی (١٨٤٧) پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەم لە لایەن ئێران و دەوڵەتی عوسمانی، بۆ لەناو بردنی میرنشینی بابان، مۆرکرا. (ڕەفعەت/ گەلاوێژ: ٢٠١١: ٨٥) کەواتە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە حاجی بۆ کەیف و سەفاهەت و ڕابواردن نە چووەتە ئەستنبۆل و لەوێشدا لە کۆشکی شاهانە و قەسرو قسوردا لە باوەشی گەرمی هاوسەر و نێو ماڵ و منداڵی خۆی نەژیاوە. کەواتە حاجی لە باوەشی نیشتمان و لە دووری ئەو باوەشەش، هەر غەریب و سەرگەردان بووە، وەك مەسعوود محەمەد گوتەنی:" تەنگاوتاوبوونی حاجیی بە دەست هەژاریی و نەدارییەوە لە جێگەیێگی وەکو کۆیێ کەوا چ عوزری غەریبی و ئاوارەیی نابێتە دڵ دانەوە و خۆ پەڕاندنەوە لە عاست قسە و توانجی ناحەزانی یەکێك بیەوێ هەژاری بەعەیب بگرێ."(محەمەد:١٩٧٦: ٦٦). لە ئەستەمبۆلیش دا "حاجی بەم جۆرە لە وڵاتێکی بێگانەدا پێ ئەنێتە مەیدانی نیشتمان پەروەرییەوە و بە فیکرێکی ورد، دەردە دڵی هەژاریی و پەرێشانی کوردان هەڵئەڕێژێ و ... بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە خۆشی لە دوورەوە تەماشایان دەکات."(سجادی: ١٩٥٢:

(٣٢٦) ئێستا ئەم کورتە گوزارشتە دەرگای لێکۆڵینەوەکەمان واڵا دەکات و خوێندنەوەیەکی زۆر خەست و خۆڵ و چڕ و پڕی بۆ دەکەین.

## باسی دووەم

### لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاریی هاوچەرخ بۆ دەقەکە

### (A Psychoanalysis Study of the Text)

" تەواو کردنی باسی حاجی قادر هەر بە گێڕانەوەی سەر گوزشتە و ڕوون کردنەوەی گۆشە تاریکەکانی ژیانی نابێ، بە دوای ئەو ئەرکەدا، ئەرکی شەرح دانی دیوانەکەی دێ کە کاکڵی فەلسەفە و بیر و باوەڕی لەوێدایە(مەسعوود محەمەد: ١٩٧٢: ٤٠٨)." بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە بۆ چەند تەوەرەیەك دابەش دەکەین:

**تەوەرەی یەکەم: هەوڵوەشاندنەوەی دەقەکە (Decomposing of the Text):**

چامە بەهارییەکەی حاجی قادری کۆیی، (٥٧) دێڕە شیعرە کە نزیکەی(٨٠٠) وشەیەك لە خۆ دەگرێ. لەسەر کێشی عروزی داڕشتراوە و بەحرەکەی (موجتەس)ە(گەردی:١٣٨٣: ٢٠٣)*[١] . و سەروایەکەی پیتی (ئەلف)ە، کە لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی وهارمۆونی ئاواز و مۆسیقادا، لە سەروا قورس و زەحمەتەکانی شیعری درێژی کلاسیکی کوردییە. نووسەر و ئەدیبانی کورد، بە ناونیشانی (قەسیدە بەهارییەکە) ی حاجی قادری کۆیی ئاماژەی پێدەکەن، بەڵام لە دیوانەکەی دا، بە دەستووری شیعری کلاسیك، پاژێکی نیوە دێڕی یەکەمی، کە (٥) وشەیە کراوەتە ناونیشان: (گوتم بە بەختی خەواڵوو)(میران، شارەزا:١٩٨٦) دەکرێ ناوەڕکی قەسیدەکە بەم شێوەیە پۆلین بکرێت:

یەك: وەسفی بەهار و سروشتی کوردستان، کە (٣٠) دێڕی یەکەمە و بەم دێڕە کۆتایی دێت:

**صەبا دەزانی ژیانم لە دووری یان مەرگە**

**دەسا وەرە بە کزەی خۆت خجل بکە عیسا**

دوو: تەواوکەر و سەرباری قەسیدەکە: کە (٢٧) دێڕە، ئەوانیش ئەم بابەتانە لە خۆدەگرن:

- (١٠) دێڕەکەی دواتر  گوتنەوە و گێڕانەوەی موناجتی نەفس و فەلسەفەی بوون و مردن و  نامۆیی  خودە، بەم دێڕە کۆتای دێ:

**کــە یێ و بچیــەوە  ئێســتا (کــانــە)  دیســان**

**سەفەر دەکەی لەوەتەن دەچیە شاری جابولقا**

- کۆتا (١٦) دێڕەکەی دیکە،  وەسیەتنامە  شاعیرە دەربارەی شیعرەکانی خۆی ستایشکردنیان. بەمە کۆتایی پێ دێنێ:

**ئومێدی وایە نەصیبی کەریمەکی وابێ**

**بەخێری دایکی یو بابی لەڕێی خودا بیبا**

- کۆتا دێر: ئەم بەیتەیە کە قەسیدەکەی پێ قوفڵ دەدا:

**گەلێ قسەم لە دڵا بوو، حیکایـەتم  مابـوو**

**کەچی لەبەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا.**

**تەوەرەی دووەم: شەپۆلەکانی نامۆیی لە چامەکەدا**

**:(Alienation Waves in The Text)**

لێرەدا تێکسمڕان و تێکگیرانێکی زۆر ئاڵۆز و پاڵۆز لە نێوان (من و خۆم و موفتەن و گەردوون و جیهانی شیعر) ی حاجی قادر، لە یەك ئان و ساتا حزووریان هەیە، کە دەرهاویشتەی  باروودۆخەکانی نامۆبوونی ئەوە لە هەموو ڕوویێکەوە، چونکە ئەو" لەناو ئاگری بێ دەرفەتی دوو هێزی موتەناقیزي(وڵات خۆشویستن و تێدانەحەوانەوە)" (محەمەد: ١٩٧٦: ١٧٨) دەسووتا و دەتلایەوە. ـ لەبەر کەم دەرفەتی ناچارین بەم سەرە قەڵەمانە ئاماژە بە نامۆیییەکانی بکەین:

(١) نامۆیی کوردستانی بوونی: کوردستان بوو بە نیشتمان و ناسنامەی ئەو زاتە، بەڵام بە زۆر مافی ئەوەی لێسەندراوە هەم لەوێدا دەنگی هەبێ(وەك شاعیر) هەم لەوێدا ڕەنگی هەبێ(وەك ڕابەر). هیچ فەرقی نەبوو لەگەڵ دوو شاعیرە ناودارەکەی عەرەب(محەمەد مەهدی جەواهێری(١٨٩٩ - ١٩٩٧) و عەبدول وەهاب بەیاتی(١٩٢٦ - ١٩٩٩) کە ڕژێمی بەعس ناسنامەی عیراقی بوونیانی لێسەندنەوە. مەسعوود محەمد دەڵێ:"نەك هەر ئەو بێشکەی لێ بەوەلەد بوو  و تێدا گەورە بوو لێ حەرام بوو، بەڵکو هەموو کوردستان

بۆی بوو بە ئەرزی حەرام." (محەمەد: ١٩٧٦: ١٨١) هێماکانی ئەم نامۆییە لەچامەکەدا: ((لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا / صەبا دەزانی ژیانم لە دووری یان مەرگە / ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ )).

(٢) نامۆیی ئاوارەیی: ڕەنگبێ داغی ئەمەیان لە هەموویان ناخۆشتر و بە ئازارتر بێت. ئەو بۆ یەك سەعات نەبوو بە ئەستەنبۆڵی و ڕێی بەخۆی نەدا ناسنامەی (ئاوارەیی ڕۆحی) بە خۆی بدات. چونکە ئەو:" ئەو ئاوارە بوو، کە قەدەر پێی نەدەکرا لە ئاوارە بوونی بوەستێنێت و بە خاکی مەفتەنەکەیەوە ببەستێتەوە." (محەمەد: ١٩٧٦: ١٨٨) هێماکانی ئەم نامۆییە لەچامەکەدا: ((گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە، ئەتوو بی خودا، / لە پاش ئەم هەموو داستانە بەختی خواب ئالوود ـ میثالي ئەژدەری نوستوو بە ڕق لەخەو هەڵسا.))

(٣) نامۆبوون لە خود دا: هەرچەندە ئەم دیاردەیەکی سرشتییە لە هەموو مرۆڤێك، بە ڕەنگ و ڕوخساری جیا جیا بوونی هەیە، بەڵام بۆ کەسێك کە (شاعیر) و (ئاوارە) و (بێکەس) و (هەژار) و (مەزلوم) بێ، سەختتر و بەسفتۆسۆترە. هێماکانی ئەم نامۆییە لەچامەکەدا: ((ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا / نەما مەجالی مەقال و موباحەثە لەم لا / گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو)).

(٤) نامۆبوونی گەردوونی: حاجی قادری کۆیی وەك مەلایەکی ئەقڵ منەوەر، خاوەن دید و بۆچوونی فەلسەفی خۆی بووە و لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا قەرەی خۆی لە قەرەی ئەفلاتون و ئەرستو داوە. بەڵام ئەویش وەك هەر هەموو زانا و دانایێکی (زیندوو و مردوو) هەست بە نامۆیی خۆی دەکات لەم گەردوونەدا. هێماکانی ئەم نامۆییە لەچامەکەدا: ((مەداری عەیشی مەوالیدی عالەمی غەبرا / ئەوانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا / یەکێکی نایەتەوە چوونیان هەر ئەو چوونە )).

(٥) نامۆبوون لە کۆمەڵدا: ئەمە دوو جۆری هەیە: نامۆبوون لە نێو دوست و هاوڕێ و دەوروبەر، بەوەی جیهانی شاعیر غەیری جیهانی

ئەوانە، بۆ نموونە، وەك ئەو نامۆیییەی شاعیری هاوچەرخ (لەتیف هەڵمەت) هەستی پێدەکا ودەیچێژێت. جۆرەکەی تر، شاعیر، نامۆیە چونکە لەوان دوورکەوتۆتە و لێیان دابڕاوە و لەگەڵیاندا ناژی. هێماکانی ئەم نامۆییییە لەچامەکەدا: (( ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ / ڕەفیقی کۆنە نەماوەن / کە بێی و بچیەوە ئێستا کانە دیسان ــ سەفەر دەکەی لەوەتەن دەچیە شاری جابولقا / ئەمان! کوڕانی ڕەفیق و برادەرانی وڵات)).

(٦) نامۆیی ترسان لە ئایندە: ئەمەشیان بۆ حاجی یەکجار جێگەی تاسە و پەرۆشیی بووە، ئاخر ئەو بێ ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامان بوو، میراتە گەورەکەی هەر شیعرەکانی بوو کە زۆر ترساوە بە دەردی شیعرەکانی(نالی) و (کوردی) بچن و ون بن. ئەوا جگە لە ترسی نەبوونی کەسی خەمخۆر و جەرگسۆز بۆ قەدرگرتن و قەدرزانی بەرهەمەکانی. هێماکانی ئەم نامۆییییە لەچامەکەدا: ((بە یادی من لەبەر کەن / ونی مەکەن / ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن / ئیلاهی نەیخەیتە بەر چەنگی مەندبووری لەئیم ــ نقوودی حاجی کە نەیدیوە خسرەو و دارا/ ئومیدی وایە نەصیبی کەریمێکی وا بێ ــ بەخێری دایکی و بابی لە ڕێی خودا بیبا.))

(٧) نامۆیی لە هزر و هۆشیاری کوردایەتیدا: د. مارف خەزنەدار لەبارە ئەم جۆرە نامۆییە دەنوسێ:" ئەو هەموو ڕەشبینییەی حاجی بەرانبەر مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد، لێی بووە بە گرێ کوێرەی سایکۆلۆجی، هەرچەند کۆڵینەداوە." (خەزنەدار: ٢٠٠٤: ١٧٨) چونکە حاجی، کوردەکان بە خەمسار دادەنێ لە خەباتکردنیان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان و بونیاتنانی دەوڵەتی کوردیی خاوەن ئاڵا و زمان و دەستوور. هێماکانی ئەم نامۆییییە لەچامەکەدا:(( مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا / لە بێ تەعەصوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها )).

پێش قوفڵدانی ئەم بڕگەیە، خوێنەر بەم دوو ئاکامە ئاشنا دەکەین:

یەك: تێکڕای ئەم هەموو نامۆییییە سیخناخانەی بە ژان و حەسرەت و تلانەوە و خۆخواردنەوەی ئاوارەیی، بوون بە چەخماخەی بروسکەی

له دایك بوونی ئه‌م چامه مه‌زن و نازداره پڕ داهێنانه، واتا به‌بێ ئه‌وان، زایاندنی ده‌قێكی ئاوا گرانبه‌ها، كارێكی ئاسان و مه‌یسه‌ر نه‌ده‌بوو. بۆچی؟ چونكه:" كاتێ هه‌موو توخم و تیرێژ و بنه‌ماكانی داهێنان له مێشك و هزر و دڵ و ده‌روونی شاعیر یان ئه‌دیب كۆده‌بنه‌وه و نامۆیش ده‌بێته مامانیان و داینگه‌ی ئه‌و هزر و بیره، ئه‌وا شاكاری زیندوو ڕۆحی دێته به‌ر و بۆ هه‌میشه چێژی جوانی و هونه‌ر و مه‌عریفه‌ت به مرۆڤ ده‌به‌خشێت." (صڵیوه: ٢٠٠٩: ٤٤)

دوو: هه‌ستكردنی حاجی قادر به غوربه‌ت و تاسه بۆ زێد و وڵاته‌كه‌ی له‌م قه‌سیده‌یه‌دا، له زانستی (نۆستالیژیا Nostalgia)دا، له چه‌ند ڕه‌هه‌ندێكی قوول و فراواندا لێكدانه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێ، ئه‌مه‌ش به‌م شێوه‌یه:

(أ) حاجی ئه‌م چامه‌یه‌ی له ته‌مه‌نی پیریدا نوسیووه، ئه‌و ده‌ڵێ:((ڕه‌فیقی كۆنه نه‌ماون، جوانه‌كان پیرن/ له دوو صه‌دی یه‌كێكی زه‌حمه‌ته بناسییه‌وه / ده‌چیه شاری جابولقا))، ئه‌گه‌ر نووسینه‌كه‌ی دوو سێ ساڵ دوای چوونی بۆ ئه‌سته‌مبوڵ بووایا، ئه‌وا دۆست و براده‌ره‌كانی ده‌ناسییه‌وه و وه‌ك پیریی كۆپاڵ به ده‌ست و شه‌ققه له بن باڵ باسی نه‌ده‌كردن. گرنگیی ئه‌م خاڵه چییه؟ سروشتی مرۆڤ وایه كه له زێد و وڵاتی خۆی دوور ده‌كه‌وێته‌وه، یان كه ئازیزێكی لێ ده‌مرێ، به‌ره به‌ره له غوربه‌ت و خه‌مه‌كانی كاڵ ده‌بن و له‌گه‌ڵ كه‌ش و هه‌وای بارودۆخه تازه‌كه‌دا ده‌گونجێ، بۆیه گوتراوه :" له‌بیر چوونه‌وه، نه‌عمه‌تی خوداییه." به‌ڵام جۆش و خرۆشی غوربه‌ت و تاسه‌ی نێو ئه‌م شیعره هێنده گه‌رم و گوڕن، هه‌ر ده‌ڵێ حاجی پاش مانگێك له به‌جێهێشتنی كوردستان نووسیوویه‌تی، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه بۆ وته‌كه‌ی مه‌سعوود محه‌مه‌د كه ده‌ڵێ:" كۆتایی عه‌زابی حاجی، به ئاواره بوون، نایه‌ت....." (محه‌مه‌د: ١٩٧٦: ١٨١)

(ب) له‌م چامه‌یه به یه‌ك حه‌رف حاجی قادر بووغز و ڕق و كینه و هێرشی بۆ سه‌ر شێخ و سوفییه‌كانی كه ئه‌ویان له كۆیه ده‌رپه‌ڕاند، تێدا نییه. بۆچی؟ به‌گوێره‌ی لێكدانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵناسیی، له حاڵه‌تی(نۆستالیژیا Nostalgia)دا، كه‌سه‌كه ته‌نها شته جوان و دڵگیر و خۆشه‌كانی دێنێته به‌رچاو، وه‌ك بڵێیت چاوپۆشییه‌ك یان جۆره

لێخۆشبوونێك دەرحەق بەو كەسانەت نیشاندەدا كە ڕۆژێ لە ڕۆژان نیگەرانیان كردووە و دڵیان ڕەنجاندووە.

(ج) چامەكە ئاوێنەیەكی بێگەردی ناخی شاعیرە، لە دوور و نزیك، حاجی هیچ ئاماژەیەك بۆ كۆنە یار و دڵدار و دولبەری خۆی ناكات، چونكە ئەو عاشق نەبووە، دڵدار و خۆشەویستیشی نەبووە. لەم بارەیەوە مەسعوود محەمەد دەڵێ:"حاجی دوچاری دڵدارێكی ئەوتۆ نەبووە جنجرۆك گیركا لە پەردەی دڵی." (محەمەد: ١٩٧٤: ٢٨٨)

**تەوەرەی سێیەم: ڕەهەندەكانی خەون لە چامەكەدا**

**:(Dream Dimensions in the Text)**

وەك چۆن یەكەم توخمی بونیاتنەری جەستە، تاكە (خانە) یەكی بایۆلۆژییە، ئەوا یەكەم توخمی بونیاتنەری دەقە شیعریش، تاكە (وشە)یەكە كە دەبێتە چەخماخەی داگیرساندنی چراوگی هزر و هۆش و ئەندیشە و خەون و دیدگای شاعیر. ئەم (كلیلە شیعرە) زۆربەی جاران لە (نەست)ەوە سەرچاوەدەگرێ، واتا پەنا بۆ جیهانی (بێئاگایی) دەبات. لە (جیهانی بێئاگا)یشدا، قەت هیچ شتێ بە قەد (خەون) و (خەیاڵ) لەم بوارەدا چالاك و جست و كارانین. بۆچی وچۆن؟ " وا پێدەچێ ئەقڵی بەئاگاو هۆشیار پتر هەر توانای (گەڕان و لێكۆڵینەوە توێژینەوەی) هەبێ و كەمتر دەستەڵاتی بەسەر هەرێمی داهێناندا هەبێ، واتا ئەقڵی بەئاگا لەبازنەیەكی سنووردار و بچووكراو دەخولێتەوە، لەكاتێكدا ئەقڵی بێئاگا لە هەموو (دەرگاو پەنجەرەكان دەدا )."(وردی: ٢٠١٢: ٢٤١) بۆیە خەون و خەیاڵ وەك دوو توخمی بنەڕەتی بەنیاتی دەقی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێ. لەڕاستیدا لە نێوان ئەم دوو توخمەدا پەردەیێكی هێندە تەنك، وەك باڵی میش، بوونی هەیە،كە هێندێ جار لێك جیاكردنەوەیان، ئاسان نییە. بە واتایەكی تر، دەكرێ (خەیاڵ) بەو سروشە دابنێین كە (زیندەخەون) بە شاعیر دەبەخشێ. جا، جار هەیە لەنێو ئەم زیندەخەوشدا، خەونەفلاشباك و دیدەنە خەون دروست دەبن.

بە كوردی و كرمانجی، حاجی قادری كۆیی لە حاڵەتی (زیندەخەون) دا ئەم قەسیدەیەی داڕشتووە و (كلیلی دەقەكەش) وشەی (بەختی

خەوالوو)ە. ئەو هەر دەبێ جیهانێکی ئاوا بۆخۆی بخولقێنی، تا جووت باڵی بۆ ساز بکات و لە چاو تترووکاندنێکا بیباتەوە کوردستانی دوورەکەی خۆی. "باری ئەقڵی شاراوە لە دنیای بێئاگایی دا بووەتە پەناگەی ئارەزووەکپکراو سەرکوتکراوەکانی ناخی مرۆڤە کە بواری و هەڵی تێرکردنیان بۆ نەڕەخساوە، جا کە ئەقڵی هەستیار و بەئاگا، بێهۆش و – سەرخۆش دەکرێت – ئارەزووە پەنگخواردووەکان کون و کەلێنی خۆیان دەدۆزنەوە بۆ دزەکردن و سەردەرهێنان لە نێو قەفەزی قوفڵدراوی دەروندا، تا لەم چرکە ساتەدا خەوبینە وەك کانیاوی بەهار ئەتەقێتەوەو دەکەوێتە هەڵقوڵین." (وردی / و. عەلی:٢٠٠٠: ٢١٩)

هەموو زیندە خەوێك بە (٣) قوناغدا تێدەپەڕێ:




قۆناغەکانی زیندەخەونی چامەکە

خوێنەری بەسەلیقە، هەموو جێ پەنجەکانی (زیندەخەون)ی ئاوێتە بوو بە تەنکە خەیاڵ، لە ناوەرۆکی چامەکەدا بە چاوی خۆی دەبینی. حاجی لە بەشی یەکەمی چامەکەدا (٢٩) وێنەی هونەریی شیعری هەمە ڕەنگ دەکێشێ، هەر یەك لەم وێنە هونەریانە، کەرەستە و جوانکاریی ئەدەبی و ڕەوانبێژی زۆر ئاست بەرزیان تێدایە، فەزایەك دەنەخشێنن سنوور و مەوداکەی نێوان زەویی و ئاسمانە، لەوی کە ئێمە بە هەر (٥) هەستەوەرەکانمان هەست بە بوونیان دەکەین. سەرەتای زیندە خەونەکە مونەلوژێکی ڕۆحییە، لە نیوان (من و خۆم و بەختی خەواڵوی) شاعیر. دەستەواژەی(بەسە، ئەتووبی خودا) لە زهنی پەیامگردا، دیمەنێکی حاجی قادر نمایش دەکەت، کە زۆر

پەرێشان و بێچارە و نیگەران و حەیرانە و لە ناخی دڵ و ڕۆحەوە بەو موناجاتە کاریگەرە ڕوو لە (بەختی خەوالوو) دەکات و دەڵێ:

**گوتم بە بەختی خەوالوو، بەسە ئەتوو بۆ خودا**

**لــە خــەو هــەڵستە زەمــانێ بچینەوە ئــەو لا**

ئەمە، یەکسەر ڕوخساری حەزرەتی (نالی) مان دێنێتەوە بەرچاو، کە لە شام، خۆی دەخیلی( بادی خۆش مروور) دەکات و دەڵێ:(نالي: ١٩٧٦: ١٧٤)

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور**

بڕوانن، شاعیر لە دێڕی(٣١) دا، بەخەبەر دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە نێو جیهانە حەقیقییەکەی خۆی دوور لە خەون و خەیاڵ، بۆیە دیسان هەست بە ژان و ئازارەکانی دەکاتەوە و داخی دڵی خۆیمان بۆ هەڵدەڕێژێ و لە کوردستان دەگەڕێتەوە نیو ژوورە تەنگ و شێدارەکەی کووچەکانی شاری ئەستەمبۆڵ. ئەو دەڵێ:

**لە پاشی ئەم هەموو داستانە بەختی خواب ئالوود**

**مــیثالي ئەژدەری نوســتوو بە ڕق لەخەو هەڵسا**

**تەوەرەی چــوارەم: زمانی شیعریی چامەکە**

**:( The Poetic Language of the Poem)**

پ. ی. د. هیمداد حوسێن دەڵێ: "زمان ڕۆحی ئەدەبە، دەقی جوان هەمیشە بە زمانەوە جوانە، لە داستانی گلگامێشەوە بگرە تا دەقە کراوەکانی ئەمڕۆ، هەرچەند ڕۆژگار دەڕوا، بە هەموو پێوەرێکی ڕێبازە ڕەخنەگرییەکانەوە، هەرگیز نەیانتوانیووە نکۆڵی لە ڕۆڵی زمان لە هاوکێشەی داهێناندا بکەن." (حوسێن/ ڕامان ١٣١: ٢٠٠٨: ١٦٠) کۆڵەگەیەکی سەرەکی کەسێتیی شاعیر لە بەهرە و وەستاکاری لە بەکارهێنانی زمانی دایە، پاڵپشتەی ئەمەش، گەنجینە و فەرهەنگی دەوڵەمەندی زمانەوانیی ئەو کەسەیە. ئەو کاتەیش بەهرەی داهێنان لەم کەسەدا بوونی دەبێ، ئەوا خولقاندی کاری شاکارانە ئاسانتر دەبێ. دکتۆر مارف خەزنەدار لە بارەی زمانی حاجی قادرەوە دەڵێ:" ڕینیسانسی شیعری کوردی لە نیوەی یەکەمی

سەدەی نۆزدەم لە سلێمانی لەسەر دەستی نالی لە دایك بوو، لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا لە ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بڵاوبۆوە و، لێرەدا بەڕاستی دەتوانرێ شاری کۆیە بکرێ بە نوێنەری ئەم بزووتنەوە لە ناوچەی سۆران...... حاجی قادری کۆیی یەکەمین شاعیری کلاسیکی کوردە شۆڕشێکی لە شیعری عرووزی ئیسلامی نایەوە، نزیکەی سێیەکی دیوانەی شیعری ئەو بریتییە لە جووت قافیە (مەسنەوی) ... حاجی قادری کۆیی بە گەورەترین شاعری قوتابخانەی کوردستانی باشوور دەژمێردرێت لە سەر دەمی خۆی." (خەزنەدار: ٢٠٠٤: ٢٨ وە ١٤٩)

زمانی شیعری حاجی قادر لەم چامەیەدا، ڕوخساری دوو شێوازی پێوە دیارە:

یەك: شێوازی زمانی شیعری کلاسیکی ڕەسەن: کە لە یەکەم دێڕەوە تا (٣٧) مین دێرش دەگرێتەوە زمانێکی ڕەسەن وپتە و قووڵی پڕاوپڕ لە هونەری شیعری و ڕەوانبێژی بەرز و باڵا. دەوڵەمەند بە هەیبەری (بابەت و دۆزی) سیسیۆلۆژی، دەروونناسی، ئەنتۆلۆژی، ئەنتۆگرافی، ئەدەبی، مێژووی، لاهوتی، فەلسەفی، ژینگەیی، گەردوونی... تاد. ئەم شێوازە لێرەدا بەم دێڕە کۆتایی دێ:

**مەکانە: شەوق بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار**

**حەیاتە: زەوق بە ئەحبـابە، بایە ئـاب و هەوا**

دوو: شێوازی بونیاتی شیعرە نەتەوایەتییەکانی: ئەمەیش (٢٧) دێڕەکەی دیکە دەگرێتەوە، ئەم شێوازە زمانەوانییەی حاجی لە ئەستەنبوڵ تەقییەوە و لە هەموو شیعرە نەتەوایەتییەکانیدا بەرجەستەی کردوە. خەسڵەتەکانی ئەم زمانە: سادە و ساکاریی، ڕوون و شەفاف لە مانا، دوور لە هونەری ڕەوانبێژیی ئاڵۆز و قووڵ، ڕاستەوخۆ لە گەیاندنی پەیام، پۆشینی بەرگی ڕاپۆرتەهەواڵ.

**ناساندنی چامەکە بە (شاکار)یێکی بەرزی شیعری کورد لەبەر ئەم خاڵانەیە:**

- پێش حاجی قادری کۆیی هیچ شاعیرێکی کورد بەم شێوەیە وەسفی سروشتی نەکردووە. (دەکرێ چامە شامییەکەی <u>نالی</u> و پاییزەکەی

گۆران و بەهارەکەی هێمن موکریانی) لەگەڵ ئەم شاکارەدا لێکۆڵینەوە و بەراوردییان لەسەر ئەنجام بدرێ).

- چامەکە یەکجار دەوڵەمەندە لە ناوەڕوکدا لە هەموو ڕووێکەوە ــ لێرە دەرفەتی ناساندنیمان نییە ــ تەنها بۆ بەرچاوڕوونی ئێوە: شاعیر لەم چامەدا (١٣٥) جار ئاماژەی بە دیمەنی سروشت کردووە، ناوی (٤٩) گیانداری هێناوە کە (٨) یان ناوی باڵندەن، (١٦) دیاردەی فەلەکناسی تێدایە، (٤) ئاماژە بۆ خودا و (٤) ئاماژە بۆ فریشتە و (٦) ناوی کەلتووریی و کوردی و (١) ئاماژە بە ئەفسانە و (١٨) ئاماژە بە خودی خۆی و (١٧) دێڕ دەربارەی شیعرەکانی و ناوی (دەیان) شوێن و جێگەی لە سەر زەوی و ئاسمان تێدایە. چامەکە کەشکۆڵێکە لە کەلتووریی کوردەواری. ئەگەرچی سەروای(قافییەی) وشەی (چیا/ غەبرا/ خەتا) دوبارە بوونەتەوە بەڵام بە مانای جیاواز و مەبەستی دیاریکراو، چونکە لە شیعری کلاسیك ئەمە پەسند نییە، لێرەشدا حاجی وەستاکاریی خۆی نواندووە.

**ئاکام (Conclusion):**

(١) چامەکە لە هەوارگەی زیندەخەوی تێکەڵ بە ئەندیشەی شیعرییدا نووسراوە.

(٢) جێ پەنجەی نامۆیی، بە هەموو شێوەکانییەوە، لە ناوەرۆکی تەواوی چامەکە دیارە.

(٣) چامەکە هەموو خەسڵەتەکانی (شاکاریی)یان، لە زمان و داڕشتن و ناوەڕۆك و شیعرییەتدا تێدایە.

(٤) چامەکە دەوڵەمەند بە هەیبەری (بابەت و دۆزی) سیسیۆلۆژی، دەروونناسی، ئەنتۆلۆژی، ئەنتۆگرافی، ئەدەبی، مێژووی، لاهوتی، فەلسەفی، ژینگەیی، گەردوونی... تاد.

(٥) پێش حاجی قادری کۆیی، لە ئەدەبی کوردیدا، نموونەی ئەم چامەیە لە وەسفی سروشتدا نەنووسراوە.

---

## سەرچاوەکان:

### یەک: کتێب و گۆڤار:


١) (سەردار حەمید میران / کەریم شارەزا)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ١٩٨٦، چاپکراوەی ئەمینداریەتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر.

٢) عەزیز گەردی، ١٣٨٣، رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ١٣٨٣، بڵاوکراوەی سامرند پیرانشهر، پیرانشهر.

٣) عەلی وەردی(د.)، و. کەمال عەلی، هێزەکانی هەست یان نهێنییەکانی کەسی سەر کەوتوو، ٢٠٠٠، چاپخانەی گەنج، سلێماني.

٤) علاالدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٥٢، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٥) علی الوردی (د.)، الاحلام بين العلم والعقيده، ٢٠١٢، ط٢، دار الورق للنشر المحدوده.

٦) غياث الدين نقشبندی، نامۆیی، ٢٠٠٤، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی بەدرخان، هەولێر.

٧) فازیل شەورۆ، رەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨) فازیل شەورۆ، هونەری بونیادگەریی گەرانە و زایاندنی شیعری، ٢٠١٥، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦.

٩) فازیل شەورۆ، دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ٢٠١٣، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠) فۆئاد رەشید (د.)، دەق ئەدەبی، ئەدگار، چێژن بەها، ٢٠٠٧، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١١) مارف خەزنەدار،(د. )، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی . ٤، ٢٠٠٤، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی ئاراس، هەولێر.

١٢) مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ١٩٧٢، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

١٣) مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ١٩٧٤، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

١٤) مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی سێیەم، ١٩٧٦، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

١٥) محەمەد مەعروف فەتاح (پ. د.)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ٢٠١٠، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٦) نەوزاد، رەفعەت،، چامە شامییەکەی نالی، ٢٠١١ گۆڤاری ساڵنامەی گەلاوێژ، ژمارە .٢.

١٧) هاوژین صلّیوە،، بونیاتی وینەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، ٢٠٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٨) هیمداد حوسێن (پ. ی. د.)، سووکە لەنگەر، ٢٠٠٨، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٣١.


### دوو: ماڵپەڕ و ئینتەرنێت:


en . Wikipedia .org /wiki / Dream

en . Wikipedia / Sigmund - Freud

/http://literarydevices.net/nostalgia

hup . Harvard . edul / catalog . php ? isbn = 97 80 67 40 68 155

Jean – Paul Sartre, Being and Nothingness, Translated by Hazel Barnes London:Blackwell.1996

Interpretation of Dream- S. Freud .

Wikipedia. / Deidre – Barreet

dreamWWW.Wikipidia.day

htpp://www.ahewar.org/dbat/show.art?aid=255626 جیهاد محەمەد کەریم

١.* مەسعوود محەمەد، لە بەرگی دووەمی، حاجی قادری کۆیی، لە لاپەڕە (٣٣١ ـ ٣٣٢) بەدرێژی باسی پلاندانان بۆ کوشتنی حاجی و هەڕەشەکان دەکات و دواتر حاجی بریار دەدات کۆیە بەجێ بهێڵێت.

٢ * عەزیز گەردی، ١٣٨٣، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، بڵاوکراوەی سامرند پیرانشهر، پیرانشهر، ل. ٢٠٣. ( مفاعلن فعلانن مفاعلن فع لن 2 X (قالبی (موجتەسی هەشتی مەخنوونی ئەسلەن)

(ئەم لێکۆڵینەوە، لە کۆنفرانسی دووسەد ساڵەی حاجی قادری کۆیی لە زانکۆی کۆیە لە (٢٢ – ٢٠١٦/٥/٢٣) پێشکێش کرا.)

## بابەتی (٢)

## ئیرۆتیک

## زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا

## لە شیعرێکی قوبادی جەلیزادە دا

"زمان دایکی بیر و هزرە، نەك کچەتیم، لە وشەدا شتی

ئەوتۆ دادەهێنێت، نەگوتراو، نەبیستراو، نەبینراو."(١)

W. H. Auden

ئەم بابەتە پوختەی تێڕامانێکی ڕەخنەگرانەیە لە دەقە شیعرێکی قوبادی جەلیزادە، کە لە ژێر ناونیشانی (نایەم بۆ ژوورەکەت)، لە(page) ی فێیسبووکی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە.* وا وردەکاریی ڕەخنەکارییەکەتان دەخەمە بەر چاو، بە ئومێدی خۆشترکردنی چێژی خوێندنەوەتان بۆ دەقەکە و دەستگرتنی بەندەش بۆ ڕێکخستنەوە و تەواوکردنی کەڵەکەبەردی قەلآچنکراوی بابەتەکەم، گەر خوارو خێچی و ناتەواوییەکتان تێدا بینی.

شاعیری ناسراو( تی. ئێس. ئێلیوت T. S. Eliot) دەڵێت:" شیعری ڕەسەن لە یەکەم خوێندنەوەیدا دڵت دەسمێ، پێش ئەوەی تێیبگەیت."(٢) جا ئەگەر یەکەم خوێندنەوە، لەگەڵ دڵ سمینەکەدا، تام و چێژێکی خۆشت پێبدا، ئەوا شوڕبوونەوە بۆ ناخی پڕ لە ڕاز و نهێنیی وشەکان و وێنە هونەرییەکان، بە نیازی تێگەیشتن و کردنەوەی شفرە و هێما شاراوە و ئاڵۆزەکانی، چەند بار تام و چێژیی خوێندنەوەکە خۆشتر و بە لەزەتتردەکات. بۆ گەیشتن بەم مرازە، دەبێ دەروێشانە، یەك یەك لەم دەرگایانە بدەم و شتێکیان بۆ بابەتەکەم لێبخوازمەوە:

یەك: دەرگای زمان.

دوو: دەرگای ئیرۆوتێك.

سێ: دەرگای زمانی ئیرۆتیکا.

چوار: شیعرییەت.

پێنج: خەیاڵ.

شەش: شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا.

لەم گەڕان و سۆراغانەشدا، لێرە و لەوێ، هێندێ باسوخواس دێنە نێو بابەتەکەمانەوە.

**تەوەرەی یەکەم**

**دەروازەیەکی تیۆری ـ ڕوخسار:**

دەبێ دەستپێکم، زمان و زمانەوانی بێت، نەك لەبەر ئەوەی ئەم دەقە شیعرە زادەی زمانێکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودی زمان، بە درێژایی مێژوو، بە یەکێك لە مەزنترین و کاریگەرترین داهێنانی مێشکی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت و بە (دایکی داهێنانەکان) ناوزەند دەکرێت. تەنانەت لە هێندێك کەلتووردا، زمان لەبەر پیروزییدا، بە دیاریی خوداوەندی بۆ بەندەکانی خۆی دادەندرێت.(٣) جا زمانناسانی هاوچەرخ پێداگری دەکەن، کە لە نێو ئەو (٧٤٧٩ زمان و زارەی کە ئێمڕۆ لە جیهاندا بەکاردەهێنرێن، زمانێك نییە لە زمانێکی تر باشتر بێت، جوانتر بێت، ڕێکوپێکتر بێت، خۆش ئاوازتر بێت، یان کاریگەرتر بێت.(٤) بەڵام ئەو جوانییە و ڕێکوپێکییە و کاریگەرییەی کە لە زمانێکدا خۆی نمایشدەکات و وەك سەردەفتەرێك سەیردەکرێت، ئەوە هەوێن و سەرچاوەکەی بۆ زمانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، چونکە وەك شاعیری ئەنگلۆ ئایرشی(David Whyet) دەڵێ: "لە جیهانی سیحراوی شیعردا، سۆزدارییەکانی ناخ و دڵ پیرۆزن، خۆ ئەگەر ڕۆژێ ڕێکخراوێک داوای دڵ و هزری خەڵکی بکات، ئەوا وەک ئەوە وایە داوای

پیرۆزیی و سۆزدارییه شاراوەکانیان بکات، لە یەک کاتدا."(٥) جا دەربڕی ئەو پیرۆزییەی دڵ و ناخە، هەر زمانە. ئەمە جگە لەوەی کە "زمان هەڵگری بیروباوەڕەکانی نەتەوەیە، شاعیریش لە ڕێگای زمانەوە، جوانییەکانی نەتەوە نمایشدەکاتەوە. نووسینیش بە زمانی نەتەوە، ڕاگەیاندنی ئینتمایی نووسەرە بۆ نەتەوەکەی."(٦) ڕەنگ بێ، شیعریش(بە فۆلکلۆر و میللی و تۆمارکراوییەوە) لە گەنجینەی ئەدەبدا، بە درێژایی مێژوو، لە دەوڵەمەندکردن و بایەخ پێدان و زیندوو ڕاگرتن و گۆڕانکارییەکانی زماندا، پشکی شێری بەرکەوتبێت. ئەمەیش هەم یەکڕێ بە سایەی قەڵەمی شاعیران و هەم بە هۆی سەروبەرکردنی بەرهەمەکانیان لەلایەن ڕەخنەگر و زمانەوان و نووسەرانەوە. هەموو قەڵەمەکانیش (لەم بوارەدا) لەسەر دوو تەوەرەی گرنگ کاریان کردووە:

یەك: زمانی شاعیر: شاعیریش تەنها ئەو کاتە ناسنامەی (شاعیری) پێدەبەخشدرێت کە بووبێتە خاوەن زمانی خۆی. کە ئەمەیش بەردێکی سەنگینە لە بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی شیعریی سەربەخۆ ــ هەر نەبێ لەڕووی باڵادەستی لە زماندا.

دوو: توانستی شاعیر لە بواری داهێناندا: ئەمەیش بە کارکردنی بلیمەتانە، لە تەوزیفکردنی فەرهەنگ و گەنجینە زمانییەوانییەکەی خۆیدا.

بە ڕوماڵکردنێکی سەرپێیی کۆبەرهەمەکانی قوبادی جەلیزادە، کە سەمەرەی ڕەنج و شەونخونی پتر لە (٤٠) ساڵی تەمەنیەتی، حەق بەخۆم دەدەم کە بڵێم: ئێمرۆ، ئەو خاوەن زمانی شیعریی تایبەت بەخۆیەتی و ئاساییە ناوی لێ بندرێت(زمانی شیعریی قوبادی جەلیزادە)، هەر بۆیەشە، ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ:" قوبادی جەلیزادە، ناوێك بۆ خۆی لە شیعر دەچێت و کۆڵەگەیەکی بار قورسیی شیعری نوێی کوردییە."(٧)

دەکرێت خەسڵەتەکانی زمانی شیعر ئەو لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە:

- سادەیی لاسانەکراوەیی.
- شەفاف و ڕوون و بێگەرد لە مانادا.
- قەدبڕ لە گەیاندنی پەیامدا.
- دەوڵەمەند لە فەرهەنگی زمانەوانی کوردیدا (لەزارە باوەکانەوە تا دەگاتە زاری گەڕەك و کۆلآنەکانی شاری کۆیە).
- سیخناخ بە هەیبەری (بابەت و دۆزی) سیسیۆلۆژی، دەروونناسی، ئەنتۆلۆژی، ئەنتۆگرافی، ئەدەبی، مێژووی، لاهوتی، فەلسەفی، ژینگەیی، هزری و سیاسی... تاد.

خەونی گەورەی ئەو، لە مامەڵەکردنی زیرەکانەی هونەری و ئەدەبی خۆی، بەو کەرەستە زماناوانییانەوە، لە ڕێی لادان و چەپاندن و تێکشکان و هەڵشێلانەوەیان، گەیاندنی پەیامی پیرۆزیی شیعری خۆیەتی کە بەشێکی زۆری تەرخانکردوە بۆ ژن و خاك و نەتەوە و مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

قسەکردن لەسەر زمانی شیعری قوبادی جەلیزادە، بەبێ شیکردنەوەی جیهانبینیی ئەو بۆ چەمکی ئیرۆتیك، غەدر و ناهەقییە بەرامبەر شاعیرییەتی ئەو، بۆیە ڕێبوار سیوەیلی وا تیشك دەخاتە سەر ئەم پنتە و دەڵێ:" قوباد پەیکەرسازی جەستەکە، کە دەبوو هەبێت و ژیان لەمانا ئیرۆتیکەکەیدا نوشی گیان بکات".(٨)

لەبەر هەستەوەری بابەتەکە، پێویستە ئەم چوار زاراوەی خوارەوە تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن و سنووری نێوانیان دیاری بکرێت:

یەك: زاراوەی ئیرۆتیك(Etotic) ، هەرچەندە ئەم زاراوەیە بە گوێرەی زەمان و مەکان، جیوە ئاسا، شێوازی خۆی دەگۆڕێت، بەلآم دەکرێ لەم دوو پێناسەیەدا بیناسینەوە:" ئیرۆتیك شێوازێکە لە ئەڤینی ڕۆمانسیی یان سۆزدار یان وروژێنەری

هەوەسی سێکسبازی (Libido) .(٩) دەشگوترێت:" ئیرۆتیکیش هەر دیوێکی تری پۆڕنۆگرافیی سادەیە، کە  پلەیەك بالاترە، بەوەی جوانتر دارێژراوە، باشتر بەرهەمهێنراوە، پوختتر پێچراوەتەوە، لە دیزاینێکی دەمامکداریشدا بۆ چینێکی یان توێژێکی بالا نمایش دەکرێت".(١٠)

دوو: زاراوەی ئیرۆتیکا (Erotica)، کە پەیوەستە بە ئەدەب و هونەر. هەر کارێکی ئەدەبیی یان هونەریی، سیما و توخمی وروژاندی ئیرۆتیکی تێدا بێ یان ببێتە مایەی  خولقاندنی ئەو حەز و هەوەسە، پێی دەگوترێت (بەرهەمی ئیرۆتیکا)، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: هونەری شێوەکاری، پەیکەرسازی، فۆتۆگرافی، فیلمسازی، مۆزیك، شانۆ و دراما، ئەدەب بە هەموو ڕشتەکانییەوە.(١١)

سێ: ڕووتەمەنی هەوەسبازیی (Pornography)، کە بریتییە لە فۆتۆ و وێنەی هەوەسبازی بە مەبەستی وروژاندنی سێکسی، بێ دەمامك و ڕووپۆش نمایش دەکرێت. ئەمەیش بە شێوەی وێنە و پۆستکارت و پەیکەر و گرتەی فۆتۆگرافی و فلیمسازیی و ڤیدیۆیی.(١٢) ئەم شتە لە هێندێ لە کەلتوورەکاندا وەك بەرهەمێکی سووك و چرووك سەیر دەکرێت.

چوار: شیعری داشۆرین (Satire) ، کە خەوش و عەیب و عاری ئەو کەسە بەدەردەخا و نیشاندەدا، کە دەکەوێتە بەر گورزی داشۆرینەکە. بەم شێوەیە  شاعیر ڕقی خۆی بەسەردا دادەبارێنێ.(١٣) زۆر جار جوێن و قسەی ناشیرین و تەشهیری دەپەڕیتێ. لە ئەدەبی کوردیدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە سەرقافڵەی شیعری داشۆرین دادەندرێت و" شیعری پۆڕنۆگرافی بەو پەڕی زەقییەوە لە شێخ ڕەزاوە دەست پێدەکات".(١٤)

هەردوو حاڵەتەکە: (ئیرۆتیك و ئیرۆتیکا)، خزمایەتییەکی بەهێزیان لە گەڵ ڕومانسییەتدا هەیە، چونکە "بایەخدانی نووسەری ڕۆمانسی بە دەروون، لە ئاکامی ڕۆچوونەوەی هونەرمەندی ڕۆمانسی بە ناو ناخ و کانگەی تاکە کەسدا،

دەبینین، هونەر لە ڕۆحی دەروناسیدا، دەوڵەمەندتر دەبێت و ئەدەبەکە قولاییەکی سایکۆلۆژی بە بڕشت پەیدا دەکات. هونەرمەندی ڕۆمانتیك خۆزی و پێداویستییە ڕۆحییەکانی خۆی زۆر بەلاوە گرینگە و دەڵێت ئیلهام بەخشی هونەرمەند و ڕێی ژیان :خۆشەویستیی و پەیوەندییە".(١٥)

بەچاوخشاندن بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوریدا، تێدەگەین کە کەم نەتەوە هەیە وا بە خەست و خۆڵی و بێ شەرم و شکۆ و بەم جۆش وخرۆشەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیرۆتیکدا کردبێت و لە ئەدەبی ئیرۆتیکادا خاوەن گەنجینەیەکی ئەوها دەوڵەمەند بێ. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی واقیعی کەلتووری و باری کۆمەلایەتی و دەروونی و ژینگەیی کۆمەڵگای کوردەواری جاران نیشاندەدات. جا ئەو وێنە ئیرۆتیکایانەی لە دەقە فۆلکلوری و مللییەکانی کوردیدا، کە لە وشەکاندا هەست پێدەکرین، ئەوا بەڕۆژی ڕووناك و لەبەر چاوی ئاپورەی خەڵکدا، لە ڕەشبەڵەك و شایی و هەڵپەرکێدا، لاوی کورد و کچی شۆخوشەنگ نەك هەر دەیبینن، بەڵکو بە هەستەوەرەکانیان چێژیشی لێوەردەگرن. دەست و پەنجەی نەرم و نیانی کوڕان و کیژان، وەکو شوولی قەفەر تێك دەپەڕن، شان شان هەڵدەتەکێنێ و شلکەی ڕانان وەبەر یەك دەکەون و لە درزی سوخمەی کراوە، مەمکی خڕو سپی لە ناوئارەقەدا مەلەدەکەن و بۆنیان دێ، ئەوا جگە لە چرپە و هەناسە و دەنگی شایەر و دەهۆڵ و زوڕنا. دەفەرموو گوێ بۆ ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییەی دەشتی هەولێر ڕادێرن:

**گوتم بێنە ماچت کەم، لۆم هات بە خانوومانی**

**باسکی ڕاستم لەملی کرد، گەردنی لۆمن هانی**

**دەوم لۆ ڕوومەتی برد، هەریداوە بسکانی**

**سنجاقم دادەترازاند، دەهات بۆنی مەمکانی**

**خزمینە چیم لێدەکەن، ئەی برادەری گیانی**

**دوو پیارەی گوڵ سوورم دێ، لە قەیسەری و دوکانی**

**شەو لەگەری نووستم، هەتا نوێژی بەیانی**

دەیگوت هەستە کورە برۆ، باکەس سوڕمان نەزانی(١٦)

پێشرەوی سەید برایمی لە کتێبی (ڕووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا) دەڵێ:" گەر سەرنج بدەین ئیرۆتیکی (گریك)ی زۆر لە (ڕووت)ی کوردی نزیکە، لەوەش زیاتر، لە هێندێ ناوچەی بناری قەندیلدا، کە دەڵێن: (غەزال ئیڕووتە!) ئەوا مەبەستیان ئەوەیە: کە غەزال ڕووتە".(١٧)

دەکرێ بڵێین، ئیرۆتیکای قوبادی جەلیزادە لەم کارێزە فۆلکلۆرەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام بە زمان و فۆڕم و ناوەڕۆکێکی زۆر تایبەتمەند، کە شەقڵی هونەریی و داهێنەرانەی خۆی پێوەیە. کە تاڕادەیەکی زۆر هەڵگری ئەو خەسڵەتانەیە کە (چلۆ تیۆرلۆChloe Thurlow) ، باسی دەکات و دەڵێ:" کە لە گەرمەی هەستێکی ئیرۆتیکیدا، خۆت ڕادەستی ئارەزوو دەکەیت و ملکەچی دەبیت، ئەوا تۆ بەشێك لە خودی خۆت دانارنی و دانامالێنی، بەڵکو بەدوای دۆزینەوەی بەشێکی تردا وێڵ دەبیت، وەك بوونی کەسێکی تر لەناخی تۆدا."(١٨) جا ئەو (کەسە) لە دەقە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا (بوونی مرۆڤێکی ترە). مرۆڤێکی حەقخوراوی دەمکوتکراوی ئیرادە زەفتکراو، مرۆڤێك بە دەسەڵاتی نێرسالاری جەڵەوکراوە و بە یاساکانی دابونەریتی کەلتوور و کۆمەڵایەتی مەحکوم کراوە بە کۆیلییەتی. نازناوی (حورمە و زەعیفەی) وەك خەڵات پێبەخشراوە و زۆربەشیان ئەو نازناوەیان پێ قبوڵە.

" جیاوازیی شیعر قوبادی جەلیزادە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەدەبیات و فۆلکلۆردا لەوەدایە کە لەو نەرێتە و زۆرینەی فۆڕمەکانیدا، (تەماشا) زاڵە بەسەر(بینین) دا. تەماشا، میکانیزمێکی جەستەیە، بۆ وێناکردن و بە بابەتکردنی جەستە وەك شتێکی ماددی، کە لە ئەنجامی ئەمەوە، نیگای بینەر دەچێتە سەر بەشە ورووژێنەرەکانی لەش، نەك ناوەوەی و جەستە، وەك بەشێك لە ئیدراك و بەرجەستەکردنی بوونی مرۆیی".(١٩)

**زمانی ئیرۆتیکا:**

ئیمڕۆ، لەسایەیی پێشکەوتنی داهێنەرانەی زانست و تەکنەلۆژیا و کایە مەعریفییەکان، خودی زانستی زمان (زمانەوانی Linguistics)، هێندە گەشەی سەندووە، کە بە دەیان لق وپۆیی تازەی لێ بووەتەوە، هەر لقێکیشیان خاوەن خاسڵەت و بنەما و توخمی تایبەتن، وەکو زمانی ئاخاوتن، زمانی نەتەوەیی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر، زمانی فەرهەنگ، زمانی زانستی، زمانی چیرۆك و شانۆ و ڕۆمان...تاد. لقێکی گەورە و بەهێزی زمانیش، زمانی شیعرە. پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح لەم بارەیەوە دەڵێ:" بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەمان و زمانی چیرۆك و زمانی زانستەکان، ئەوا زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە نەکات (مێژوو)، نە شوێن(جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازیی، نە ڕێنووس سنووری بۆ ناکێشێت و لە دەسەڵاتی کەم ناکاتەوە. نەك هەر ئەمە بەڵکو شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤییەکان بەسەرچاوەی خۆی دادەنێ و فەرهەنگی ئەو، هەموو فەرهەنگەکانی جیهانە، جا بە هەر زمانێك بێ و لەهەر سەردەمێکدا کۆکرابنەوە. ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، نووسەرەکان مەگەر هەر خەونی پێوە ببینن. شێوازێك ئەم هەموو توانایەیی لەبەر دەستدا بێ، سەیر نییە ببێتە لوتکەی شێوازەکان لە بەهێزی و ئاڵۆزیدا. زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە'. (٢٠)

جا هەر لەژێر چەتری زمانی شیعردا، چەندین شێوازی زمانی ئەدەبیی، بە گوێرەی (مێژوو و جوگرافیا) بوونی هەیە، لە شیعری کوردیشدا، پێکهاتە و قەلب و قالبی ئەو شێوازانە دیاری کراون، وەکو زمانی شیعری کلاسیکی کوردی و زمانی شیعری ڕۆمانسیی و زمانی شیعری نۆی و دواتریش زمانی شیعری هاوچەرخی کوردی. تەنانەت لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیشدا، چەندین ناسنامەی زمانەوانیی سەربەخۆ ئاماژەیان بۆ کراوە، وەکو

زمانی شیعریی ڕەمز و جەفەنگ، زمانی شیعریی سوریالی، زمانی شیعریی پۆستمۆدێرن... تاد. لەڕاستیدا "بەسترانەوەی دەقی ئەدەبی بە پێکهاتە زمانییەکان دوو ڕووی هەیە: هەم سوود لە زمانی سرووشتی وەردەگرن و هەم بەیارمەتی ئەو زمانە سروشتییەوە، زمانێکی نویێ دەخولقێنن".(٢١)

لەڕۆشنایی ئەم گوتارەی سەرەوە، دەچینە نێو بابەتی زمانی ئیرۆتیکا لە شیعردا. کە بەوە دەناسرێتەوە، شاعیر هەموو کەرەستە و پێکهاتە شیعرییەکانی خۆی لە قالبی جیهانبینیی ئیرۆتیکانەوە، دادەڕێژێتەوە و بەرهەمێکی تازە خولقاومان پێشکەش دەکات، کە توخم و سیماکانی لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە:

یەك: فەرهەنگی هەوەسبازی: هەموو ئەو وشەو دەستەواژانە دەگرێتەوە کە لەڕێی هەستەوەرەکان هەستیان پێدەکەین، وەکو: مەمك، گۆی مەمك، سمت و ڕان، کەمەر و خوار کەمەر، بنباڵ، سینگ و مەمك، ڕووتی، ماچکردن و ڕاموسان، هانکەهانك و مرچەمرچ، تیاترۆ و قەحپە و سۆزانی... تاد.

دوو: فەرهەنگی سێبەری هەوەسبازی: ئەمانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان خزمایەتییان لەگەڵ کار و ئەندامەکانی سێکسی هەیە، وەکو: مەمکبەند، دەرپێ، ئاوەڵکراس، حەمام، لیفکە، دۆشەگ، شەراب، رەقس و سەما، ئاوێنە و کەرەستەی میکیاج، زێڕ و زیوو و خشڵ و ئێکسیسوار... تاد.

سێ: فەرهەنگی خوازە: ئەمەیش دوو سەرەیە، لەلایەك لەڕێی ڕەوانبێژی و هونەریی وێناکردن نیشانەکانی دەپێکرێ و لەلایەکی تر بەپشت بەستن بەو کەلتوورەی کە لەناو خەڵك دا بۆخۆیان دایانهێناوە و جار هەیە لە قسە و جنێو و شۆخییەکانیاندا ئامارژەی پێ دەدەن. بیسەری ئەم وشانە ناراستەوخۆ زیهنییان بۆ لای دیمەنە سێکسییەکان دەروات، تا ئێستاش هێندێك لە پیرێژن و پیرەمێرد و پیاوانی ئایینی، پێش ئەوەی ئامارژە بەم وشانە بکەن دەڵێن:(عەیب نەبی، بیلامەعنا،

دوور لە ڕووەتان، قسەکەم بە پەرژین بێ... تاد). بۆ نموونە: هەسپ، ماین، مریشك و کەڵەشێر، نێرە کەر و ماکەر، تەخت و جیخ، قوفڵ و کلیل، ئاگر و ئاگردان، تەڕ و چەور، شەو و شەوەزەنگ، دووگیان و مەگیرانی، ژووان و جێژووان، مەیگێڕ و خواردنەوە، ڕەنگی سوور و ڕەش، سێو و هەنار و هەرمێ و خۆخ... تاد .

چوار: فەرهەنگی بونیاتی شیعریی: کە بە ئەنقەست بۆ پێکانی بیرۆکەیەك، بە پشت بەستن بە بونیاتی دارشتنی دەقەکە، ئەو کەرەستانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، لە قالبی شیعریدا دادەڕێژرێن. وەك: نەرمایی سینگ، پاککردنەوەی بنباڵ، لەسەردەم پاڵکەوتن، ماچێکی پشتی دەست، بەسەر گوپکی مەمکانەوە، گێڵگەی پیاوێك، سانتی سوور... تاد.

پێنج: دەنگ و ڕەنگەکان: هەر دەنگ و هەر ڕەنگێك لەم سروشتەدا بوونی هەبێ، شاعیر و نووسەرانی ئیرۆتیکا، دەتوانن پۆشاکی ئیرۆتیکی بەباڵادا بپۆشن، جا لە گرمەی هەورەوە بگرە تا ترپە و جکە جکی دڵۆپە ئاوێك.

لە شیعری ئیرۆتیکا، هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدا، تێکەڵ دەکرێن و هەڵ دەشێلدرێنەوە لە گەڵ کەرەستەکانی دیکەی شیعر وەك: سروش، خەیاڵ، وێنەی هونەری، ڕەوانبێژی، گەمەی زمانەوانی، مۆزیك و هونەریی جوانکاری، ئەوا جگە لە ئەزموون و دەستڕەنگینی شاعیر لە سنعەتی شیعرسازیدا. گەڕانیش بە دوای دۆزینەوەی کیشوەرە نەدۆزراوەکانی جوانیی، ئەرکێکی قورسی شاعیرە، چونکە" جوانی هونەر و سروشت، بنچینەی هەموو زانستەکانە، تەنانەت زانستی بیرکاریش".(٢٢)

وابەباش دەزانم، دەقە شیعرەکەی قوبادی جەلیزادە، بۆ خوێنەران، لێرەدا تۆمار بکەم، تا خۆشتر چێژ لە لێکۆڵینەوەکە وەرگرن:

**(نایەم بۆ ژوورەکەت)**

**لەگەڵتا نایەم بۆ ئاسمان...**

**تۆ،**

**لەسەر کۆشی مانگ دادەنیشی.**

**قژی ئەستێرە پرچ دەکەی.**

**بە پارچەیەك تریفەوە، دەچیتە لای خەیاتەکان و**

**من لە بیر دەکەی.**

**لەکەڵتا نایەم بۆ دەریا...**

**تۆ،**

**بەسواری سوورە ماسییەك**

**بەدوای ڕەوەرزە مەرجانا، وێڵ دەبیت**

**ماڵت دەبەیتە گەرەکی شەپۆلەکان و**

**من لە بیر دەکەی.**

**لەکەڵتا نایەم بۆ ناو باغ...**

**تۆ،**

**وەك ژنێکی سوحاق،**

**دەست لە مەمکی گوڵەکان دەدەی**

**لەسەر ڕانی دڵۆپێك شەونم دەخەویت و**

**من لەبیر دەکەی.**

**لەکەڵتا نایەم بۆ بەهەشت...**

**تۆ،**

**بە ڕووبارەکانی شەراب و بە میوە غەریبەکانەوە گیردەخۆی.**

**مەست دەبیت لە تەك فریشتەکانا.**

**لەگەڵ غیلمانە مێبازەکاندا، جووت دەبیت و**

من لەبیر دەکەی.

نایەم بۆ ژوورەکەت...
تۆ،
لەبەر ئاوێنەدا، سەرسامی مەمکە خڕەکانی خۆت دەبیت.
سەد جار دەرپێ و مەمکبەند و ئاوەڵکراسەکانت،
تاقیدەکەیتەوە.
سەد جار قژت دەبەستیت و پەرێشانی دەکەی.
بن باڵت بە موعەتەر دەرشێنیت.
نینۆك ڕەنگ دەکەیت.
خاڵە ڕەشەکانی سەرشان و پشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر،
ئەژماردەکەیت.
بە مووەکانی چەناگەت دڵتەنگ دەبیت.
بیر لە جوانکاریی لوتت دەکەیتەوە و
من لەبیر دەکەی.

لەگەڵتا دێم بۆ شەوەزەنگ...
تۆ،
لە ترسا
باوەش بە ڕووناکی مندا دەکەیت.
دەپاڕێیتەوە جێت نەهێڵم
تەنیا بۆنی من،
تەنیا چپەی من دەبیستی
دەست دەخەیتە کەمەری من.
کەروێشکەکانی سینگت بەڕەڵا دەکەی
تەنیا سەرگەرمی،
ئەژماردنی ماچەکانمان دەبیت و ئاسمان و دەریا و

باغ و

بەهەشت و

ژوورەکەت،

لەبیر دەکەی.(٢٣)

**زمانی ئیرۆتیکا لەم دەقە شیعرەدا:**

تا وردتر لایەنە تیۆرییەکەی ئەم بابەتە تەرجەمە بکەین و باشتر تێیبگەین، وا بەم شێوەیە، بڕگەکان، لەم دەقە شیعرییەدا پراکتیزە دەکەین.

دەقی(نایەم بۆ ژوورەکەت)، شیعرێکی ئازادیی (٥٥) دێڕییە، کورترینیان (١) وشە و درێژترینیان (٧) وشەیە. بەسەر (٦) کۆپلەدا دابەش بوون. کۆپلەی (١ ــ ٤)، کە هەریەکەی ( ٦ یان ٧) دێڕە، بە دەستەواژەی( لەگەڵتا نایەم بۆ...) دەست پێدەکات و بە ڕستەی (من لەبیر دەکەی.) کۆتایی دێت. کۆپلەی (٥)، کە (١٣) دێڕە، بە ڕستەی (نایەم بۆ ژوورەکەت.) دەست پێدەکات وئەویش بە ڕەستەی (من لەبیر دەکەی.) کۆتایی دێت. هەرچی کۆپلەی(٦)ە، کە دەقەکە قوفڵدەدات، (١٧) دێرە، دەست پێکی(

لەگەڵتا دێم بۆ شەوەزەنگ)ە و کۆتاکەشی دەستەواژەی (لەبیردەکەی)یە. بونیاتی کێشی دەقەکە، هەرچەندە نەغمەی کێشی (٣) بڕگەیی بەسەریدا زاڵە، وابەستەی کێشی تێکشکاوە. ئیستاتیکای دەنگی دەقەکە، وەك زۆربەی دەقەکانی قوبادی جەلیزادە، لە دەنگدانەوە و زرینگانەوی مۆزیکی دەرەوە و ناوەوە سەروا و ریتم و ئاوازە و هێز و هارمۆنی دەنگە کورت و نزمەکانی فۆنیم و مۆرفیم و حەڕف و بڕگەکاندا دەبیسترین و هەستیان پێدەکرێت. (شارەزایی خوێنەر لە هونەری خوێندنەوەی شیعر دەستگرە بۆ وەرگرتنی چێژی خۆشتر)، چونکە دەقنووس هونەری (بازان بە سەر دێڕەکان Run – online) ی زۆر بەکار دەهێنێ. ئەم هونەرە کتومت وەك پەڕینەوەی کەسێکە لەسەر بەردەبازەکانی تەنکە ڕووبارێك، کە وریایی و جوست و چالاکییەکی دەوێ.

زمانی دەقەکە (زمانی ئیرۆتیکا)یە، بە ئیمتیاز. حەمە سەعید حەسەن دەڵێ:"شیعری قوبادی جەلیزادە، نموونەی بڵندی ئەدەبی ئیرۆتیکایە و ئەو لە بواری نووسینی ئەو جۆرە ئەدەبەدا، دەستپێشخەرییەکی هێندە بوێرانەی کردووە، بەهەق پێش زەمان و کۆمەڵی خۆی کەوتووە ." (٢٤)

هەموو دەقەکە (١٨٠) وشەیە، کە دەکرێ بەم شێوەیە بەسەر فەرهەنگەکانی ئیرۆتیکای دا دابەشی بکەین:

یەك: وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیك: ژمارەکەیان (٣٤) وشە و دەستەواژەیە، لە (١) تا (٤) وشەییان تێدایە: کە ئەمانەن:(لەسەر کۆشی، قژی، پرچ دەکەی، بەسواری سوورە ماسییەك، ژن، سوحاقی، دەست لە مەمکی، تیاترۆ، دەڕەقسێی، لەسەر ڕانی، مەست دەبیت، لەگەڵ فریشتنەکان، لەگەڵ غیلمانەکان، مێبازەکان، جووت دەبی، لەبەر ئاوێنە، مەمکە خڕەکان، دەرپێ، مەمکبەند، ئاوەڵکراسەکان، قژبەستن، بن باڵ، نینۆك، خاڵە ڕەشەکان، سەرشان، پشت بەرزاییەکان، خوار کەمەر، موو، باوەشت، بۆنی من، چپە، دەستت دەخەیتە کەمەر، کەروێشکەکانی سەر سینگت، ماچەکانمان).

دوو: وشە سێبەرەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیك: ژماترەکەیان(٤١) وشە و دەستەواژەیە، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەستەوەرەکانمان بۆ لای دیمەنی ئیرۆتیکی دەبەن، وەك:(ژوورەکەت ـ ٣ جار، لەگەڵتا ـ ٥ جار، من ـ ٨ جار، تۆ ـ ٦ جار، مەرجان، گوڵەکان، دەخەویت، کچ، بەهەشت، شەراب، گیردەخۆی، سەرسام دەبی، تاقی دەکەیتەوە، پەرێشانی دەکەی، دەڕشێنیت، ڕەنگی دەکەی، دڵتەنگ دەبی، لەترسا، ڕووناکی، دەپاڕیتەوە، دەبیستیت، بەڕەلای دەکەیت، سەرگەرمی).

سێ: وشەکانی ئەودیوی ئیرۆتیك: ژمارەیان (٢٥) وشەیە، ئەوان ئامادەکار و تەدارەکگێری کەش و هەوا و ژینگەی ژووانە ئیرۆتیکەکانن، وەك: (ئاسمان ـ ٢ جار، مانگ، ئەستێرە، تریفە، خەیات، دەریا ـ ٢ جار، ڕەوەز، ماڵ، شەپۆل، باغ ـ ٢ جار،

پەپوولە، دڵۆپێك، شەونم، میوە، ڕووبارەکانی، چەناگە، لوت، شەوەزەنگ، تەنیا ـ ٣ جار، کەروێشکەکانی، سینگ).

چوار: جێناوەکان: کە پەیوەستن بە (ژن)، یان (دەقنووس)، یان هەردووکیان و بۆنوبەرامەیەك بە دەستەواژە و ڕستە ئیرۆتیکییەکان دەدەن. ژمارەیان (١٤) جێناوە، وەك:

--- ەکەت: ژوورەکەت.

--- ەی : من لە بیر دەکەی، دەست لە مەمکی گوڵەکان دەدەی،

--- ت : جووت دەبیت، دەخەویت.

--- ی : تەنیا چپەی من دەبیستی.

پێنج: وشەی هاوبەشی ئیرۆتیکی: (١) وشەیە کە تێیدا هەردووکیان بەشداران، ئەویش وشەی ( ماچەکانمان)ە.

کەواتە ڕێژەی وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتك، بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکاتە (٦٣.٨%)، واتا نزیکەی دوو لەسەر سێی کۆی وشەکان. بەدەگمەن لە دەقە شیعری کوردیدا ئەم ڕێژەیە تۆمار کراوە.

فەرموون، ئەمە خشتەی پۆلینکردنی وشەکانی دەقەکەیە:

| بابەت | | تێکرا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| زمانی ئیرۆتیکا | ژمارە | 115 | ٪63.8 |
| وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیك | 34 | | |
| وشە سێبەرەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیك | 41 | | |
| وشەکانی ئەودیوی ئیرۆتیك | 25 | | |
| جێناوەکان | 14 | | |
| وشەی هاوبەشی ئیرۆتیکی | 1 | | |
| وشەکانی ماوەتەوە | | 65 | ٪36.2 |
| کۆی گشتی وشەکان | | 180 | ٪100 |

**چونیەتی تەوزیفکردنی زمانی ئیرۆتیکا لە دەقەکەدا:**


دەقەکە، بە هەموو توخمەکانی دڕاماوە، لە قالبێکی شانوگەریدا داڕشتراوە، کە یەکەکانی بریتین لە:

- کارەکتەر: ٢ کەس، ئاخێوەر (شاعیر) و گوێگر(ژنەکە).
- شوێن: ئاسمان، دەریا، باغ، بەهەشت، ژووری ژنەکە، ناو شەوەزەنگ.
- زەمەن: هەمیشە، شەو.
- گرێچنە:(Plot) نەخشەیەك، تا لەبیرم نەکەی.

گفتوگۆکان لە شێوەی گەیاندنی پەیامێك بە شێوازی مۆنۆلۆژ (Monologue)، لە لایەن دەقنووسەوە پێشکەش دەکرێت. هەرچەندە دەقەکە ئیرۆتیکا ئامێزە بەڵام لێوان لێویشە لە ڕۆمانسییەت، ئەوەتا (سانەوبەرخانSanober Khan) دەڵێ:" سەوداسەریی و گیرۆدەبوون بە هزر و هۆشی کەسێك، باڵاترین و پڕ عیشقترین ڕۆمانسییەتە."(٢٥)

ئەگەر (٦) کۆپلەکەی دەقەکە، بەسەر دوو تای تەرازووی بونیاتی دەقەکەدا دابەش بکەین، دەبینین پێنج کۆپلەکەی یەکەم، کەبە (دەروازە) دادەندرێن، هاوسەنگ دەبێ لەگەڵ تاقە کۆپلەکەی شەشەم، کە( قۆفڵە). شێوازی بونیاتی (٥) کۆپلەکەی یەکەم، لەسەر بنەمای (کەڵەکەبوونی وێنەی تاك) هەڵچنراوەن. واتا " وێنەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند وێنەیەکی تاك لەپاڵیەکدا، بە شێوەیەك ڕستەکان ڕیتم و مۆسیقا بەیەك دەدەن و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن. کەڵەکە بوونی وێنەیی لە ڕەخنەی نوێدا پێی دەگوترێت هێشوە وێنە."(٢٦)

دەتوانین هێڵکاریی دەقەکە (کەڵکەبوونی وێنەی تاك و هێشوە وێنە)کان، بەم شێوەیە بخەینەڕوو:




کۆپلەی (1)

( فڕین بۆ ئاوئاسمان)




وەستاکارییەکەی دەقنووس لە تەوزیفکردنی زمانی ئیرۆتیکا لە نێو وێنە هونەرییەکانی کوپلەی(١) دا، بریتین لە: دانیشتن لەسەر کۆشی مانگ و بڕینی پرچی ئەستێرە و چوونە لای خەیاتەکان بە پارچە تریفەیەکەوە.

کۆپلەی (2)


( گەشتی دەریا )




بەڵام لە کۆپلەی(٢) دا، وێنە هونەرییەکان وابەستەی جیهانی دەریان و هونەرییانە بۆن و بەرامەی زمانی ئیرۆتیکایان پێداکراوە، وەك: سوواربوونی سوورە ماسی و وێڵ بوون بەدوای مەرجان و هەڵبەزین و دابەزین لەگەڵ شەپۆڵەکاندا ـ خوێنەری ئازیز، دەکرێ چەند چرکریەك چاوەکانت داخەیت و ئەو ژنە بێنیتە بەرچاو، کە وەك نەورەس و مراوی کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی شەپۆڵەکانی دەریا و گەمەیی پێدەکات.

کۆپلەی (3)

( چوونە ناو باغ)




دەبینین، لە کۆپلەی(٣) دا، دەقنووس وێنە هونەرییەکانی ئیرۆتیکای دەقەکە تۆختر دەکات، ژنەکە وا دەستی خستۆتە نێو مەمکی گوڵەکان، لەگەڵ پەپولەی تیاترۆدا سەما دەکات و لەسەر رانی رووتوقووتی دڵوپە شەونم دەخەوێ.

ئێوە سەرنجتان داوە، وردە وردە دەقنووس، پتر نەوت بە ئاگری زمانی ئیرۆتیکای دەقەکەدا دەکات. تا لە کۆپلەی چوارەم و پێنجەمدا، دەگاتە رادەی جووتبوون و دەستبردن بۆ دەرپێ و مەمەکبەند و بنباڵ و... تاد. بەراستی وێنەکان تا بڵێیت ورووژێنەرن، نامەوێ پتر لەسەرە ئەم برگەیە بنووسم، تەنها دەچینە بەر ئاوێنەکە و دەبینین ژنە سەرسام بووە. ئاخر ئێستا ئەو دوو جووت مەمکی خرپڕ دەبینێ، ئەو جووتەی لە ناو ئاوێنەکەدا دەدرەوشێنەوە، شکڵ و شێوە و رەنگێکیان هەیە، جیاوازە لە گەڵ جووتە مەمکە حەقیقییەکانی خۆی، چونکە کە ئەو چاوی دادەگرێتە خوارەوە، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئەوان دەبینی، کە رەنگ بێ وەك ئەوەکانی نێو ئاوێنەکە شکڵی گۆپکە و خەرمانەی دەوری گۆ و بن مەمکەکان نەبێنێ! تەنانەت بە گوێرەی گۆشەی دانیشتن و راوەستان و رووناکی ژوورەکە، رەنگ بێ مەمکی راستەی بە شێوەیەك خۆی نیشان بدا جیاواز بێ لەگەڵ خۆشکەکەی دەستە چەپی! خۆ بەبێ ئاوێنەکەش، ئەژماردنی خاڵە رەشەکانی سەر پشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر رایی نابێ، وانییە؟

بەم شێوەیە دەقنووس لە کۆپلەی شەشەمدا، نەخشەکەی جێبەجێدەکات وبە (٨) وێنەی هونەری ئیرۆتیکایی یەکجار سەرنجڕاکێشەر دەقەکە قوفڵ دەدات.

گرنگە، ئاماژە بەوە بکەین کە دەقنووس، مامەڵەی زێڕەنگەری لەگەڵ وشەدا کردووە، نە مسقاڵێك زیاد و نە مسقاڵێك کەمی لە تاسە زێڕی سەر سەری دەقەکەیدا بە فیڕۆنەداوە، ڕەنگبێ زیاد کردنی چەند وشە و ڕستەیەکی دیکە، یان قرتاندنیان، دەقەکەمان لێ بشێوێنێت!

ئێستا پرسیارێك یاخەمان دەگرێ: پێگەی ئەم دەقە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا لەکوێیە؟ حەمە سەعید حەسەن دەربارەبی زمان ئەم شاعیرە دەڵێ:" شیعری قوبادی جەلیزادە، لەیەکەم بینیندا لە تەنك دەچێت، بەڵام کە وردتر سەرنج دەدەین، لەو دیو ئەو تەنکاییەوە، قووڵایەك خۆی حەشارداوە."(٢٧)

وەڵامەکە دوو ڕاڤە هەڵدەگرێ: یەکیان ئەوەیە، کە جیهانی ژن زۆر لەوە شاراوەتر و ئاڵۆزترە، دەقنووس بتوانێ پەیی بەهەموو نهێنی و ڕاز و جەفەنگەکانی ببات، بەڵام باش تێدەگەین، کە لەم دەقەدا تاقە وشەیەکی تێدا نییە کە لە جیهانبینیی(ژن) دا غەریب و غەوارە بێت و نامۆ بێتە بەر گوێ. دووەمیانیش ئەوەیە کە دەقنووس مەبەستییەتی پەیامێك، بە زمانێك بگەێنێت، کە تایبەت بەخۆی بێت، جا دەربارەی زمانەکە و پەیامەکە ــ لە بڕگەکانی دادێ وردتر باسیان لێوە دەکەین. بەڵام نابێ ئەوەش بشارینەوە، کە خەفەکردنی(حەز و ئارەزووەکان) جۆرە خۆکوشتنێکە. بۆیە(ئەلیسن بێچتێڵ Alison Bechte) دەڵێ:" خەفەکردنی بوونی ئیرۆتیك وەك شتێکی حەقیقی لە خۆماندا، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، ئاکام و کاریگەرییەکی قەڵاچنکراوی نەخوازراوەی لێدەکەوێتەوە، چونکە شەرم و شاردنەوەی هەست و ئارەزووەکان جۆرە مردنێکن."(٢٨)

ڕەخنەگر، تەواو هەست دەکات کە شاعیر لێرەدا، حیکایەتخوانەوە و بەس. سەروبەری شیعرەکە مولك وماڵی ژنەکەیە، با لە جانتای دەقنووسیش دابێ!

پێش داخستنی ئەم بڕگەیە، وا ڕیزبەندی سەرگوڵی دەستەواژە ئیرۆتیکەکانتان بۆ دەستنیشان دەکەم بە گوێرەی هێز و گەریگەریان لەسەر هەستەوەرەکانی مرۆڤدا:

- **لەگەڵ غیلمانە مێبازەکاندا، جووت دەبی.**
- **خاڵە ڕەشەکانی سەرشان وپشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر، ئەژمار دەکەیت.**
- **لەبەر ئاوێنەدا، سەرسامی مەمکە خڕەکانی خۆت دەبیت.**
- **کەروێشکەکانی سینگت بەڕەلا دەکەی.**
- **لەگەڵ پەپوولەیەکی تیاترۆدا دەرەقسێی.**
- **دەست لە مەمکی گوڵەکان دەدەی**

لە دیدی منەوە، ئەو پەڵپانەی دەقنووس هێناویەتییەوە، کە ڕەنگیبێ وابکات ژنە، ئەو لەبیربکات، زۆر جوان هەڵبژاردراون، وەك: ماڵگواستنەوە بۆ گەڕەکی شەپۆڵەکان/ خەوتن لەسەر ڕانی شەونم/ جووت بوون لە گەڵ غلیمانەکان/ بیر کردنەوە و لە جوانکاری لووت. بەڵام چوونە لای خەیاتەکان حوجەیەکی بەهێز نییە، هەر دەبێ چەند دەقیقەیەك لەوێ بمێنێتەوە و دوای بگەڕێتەوە لای شاعیر، وەك خەوتن و جووت بوونەکە نییە، بۆیە وەك پەڵەیەکی (ناجوان) دێتە بەرچاو.

**تەوەرەی دووەم**

**شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا لە دەقەکەدا:**

با پێش ئەوەی چەمکی خەیاڵی ئیرۆتیکا شەنوکەو بکەین، سەرپێیانە سەرێك بە هەواری زاراوەی (شیعرییەت) داگرین. دەزانین کە بەرهەمی ئەدەبی دەرهاویشتەی پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و چڕوپڕ و قووڵ و پڕ کون و کەلەبەرەی شاراوەیە، چەند ڕشتەی ئەدەبی هەیە، هێندەش شێواز و قالبی زمان هەیە. کە هەر زۆربەیان لەسەر داڕشتن و لێکبەستن و بونیاتنانی ـ هێندێ جاریش لەسەر هەڵوەشانەوە و لەبەریەك دەرهێنانی ـ

پێکهاتەکانی زمان کاردەکەن. لە نێویشیاندا، شیعر وەك داهێنانێکی باڵای هزر و بیر و خەیاڵی مرۆڤ لە نێو ئەم کوورە پڕ سکڵ و پشکۆیە، گڕو بڵێسەی دیاری خۆی هەیە. "پڕۆسەکە ئەفراندنی زمانێکی ترە لەناوخودی زمانە سەرەکییەکەدا، ئەو زمانەی بووەتە دەربڕی شیعرەکە، قامتێك کەرەستە و بنەما و ئامرازی تایبەت بەخۆی هەیە، کە توخمی دەقەکە لە ڕشتە ئەدەبییەکانی تر جیادەکاتەوە، کەواتە زمانی شیعر جۆرە سیمایەکی تایبەتی ئەداتە دەق و شیعرییەت پێك دێنێت." (٢٩) لێرەدا پێویستە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ بابەتی (ژن) دا گرێ بدەینەوە. چونکە "جوانی نووریکە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت و لە دەرەوەی جەستەدا شەوق و شەبەق دەداتەوە"(٣٠) کەواتە شیعرییەتی خەیاڵی قوبادی جەلیزادە دوو سەرچاوەی (خەیاڵ)ی: هەیە ئەوەی خۆی و ئەوەی ناخی ژنەکە.

هەرچەندە چەمکی شیعرییەت تەنیا پەیوەست نییە بە شیعر، بەڵکو" لەهەر پێکهاتەیەکی زمانیدا، کە ئەرکی ئیستێتیکایی تێدا وەگەڕخرابێ، بوونی هەیە ".(٣١)

کەواتە، هەر شاعیر، کار لەسەر شیعرییەتی دەقدا دەکات و سەرکەوتن و هەڵخایسکانی لەم کارەدا، بەندە بە توانستی فەرهەنگی و مەعریفی و فراوانی خەیاڵ و خەوبینین و ئەزموونی باش لە سنعاتکاریی شیعردا. ئەمەیش لە پێناو داهێنانی دەقێکی نەگوتراو و نەبینراو لە ڕێی تێکشکاندن و لادان و چەپاندن و گەمە هونەرییەکانی جیهانی ماقووڵ و جیهانی ناماقووڵ و زۆر شتی تر کە ڕەنگ بێ ئێستا دانەهاتبێت.

کۆڵەگەێکی بارقورسی پێکهاتەی شیعر، خەیاڵە، کە وەك ئاو و نان بۆ مرۆڤ پێویستە. (احلام مستغانم)ی دەڵێت:" کەس لەو مرۆڤە هەژارتر نییە، کە لە خەیاڵدا هەژارە بێ."(٣٢)، کوردیش دەڵێ:" فەقیر بە خەیاڵات دەوڵەمەند دەبێ". لە نێوان عەقڵ و خەیاڵیشدا، بە گوتەی (جبرا خلیل جبرا)، مەودایەك هەیە کە تەنیا هەست و سۆز و حەنین پەی پێدەبات.(٣٣) بەڵام بۆ شیعر،

هەم خەیاڵ و هەم سروش لەگەڵ کەرەستە ماددی و مەعنەوییەکانی تر پێویستن. جا " لە دیدی هێندێك خەیاڵناس و دەروناسانیشدا، قەت هیچ شتێک بە قەد (ژن) سەرچاوەی خەیاڵ نییە."(٣٤)

لە خووردکردنەوەی یەکەکانی شیعری قوباد لەم دەقەدا و لە زۆرینەی شیعرەکانی دیکەیدا، تێدەگەین کە(ژن) سەرچاوەیەکی بە خوڕ و بە تەوژمی ڕووباری خەیاڵ و سروشی ئەوە. ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر، ئەو، (ژن)ی کردۆتە ماددەی شیعر و پەیامی شیعریی خۆی. ئەمەیش بە تێکەڵکردنی شیعرییەتی خەیاڵ بە زمانی ئیرۆتیکا. بۆیە هەرگیز هەست ناکەی کە قوباد بە هەمان زمانی گۆران، دڵدار، عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت... تاد، بنووسی. چۆن؟

قوبادی جەلیزادە، جەستەی ژنی کردووەتە (دەقێکی ئەدەبیی کراوە). مەخلوقێك لێوانلێو لە خەیاڵ و واقیع. دەربڕینی ئەم خەیاڵ و واقیعە، پێویستی بە زمانێکە، ئەو زمانی جەستە و ناخی ژنی هەڵبژاردوە، کە ئاڵۆزترین و زەحمەتترین شێوەی زمانی مرۆڤە. زمانێك لە یەك ساتدا، بە دوو زمان دێتە گۆ: زمانی ناوەوە و زمانی دەرەوە. جا هەر دوو زمانەکەش بۆ ئێمەمانانی پیاو (تەمومژاوی و لێڵە). بۆچی؟ چونکە زمانی ژن چەند باری زمانی پیاو (ئیمائات و ئیحای) تێدایە، کە پتر کار دەکەنە سەر ئەقڵی بێ ئاگایی مرۆڤـ. ئەمە پاڵنەرێکی بەهێزە، کەوا لەشاعیر دەکات، لە پێناو کردنەوەی شفرەی زمانی ژن، زۆرتر هانا بۆ خەیاڵ بەرێت. جا چونکە شاعیر بۆخۆی پتر خوولیای جیهانی ئیرۆتیکایە (نەك ئیرۆتیك) ئەوا، شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا، بەسەر زمانە سەرەکییەکەیدا زاڵ بووە. بۆیە خوێنەرەی بە سەلیقە هەست دەکات کە ئەوەند ئەم دەقنووسە سروش بەخشە، هێندە سروش وەرگرنییە.

شیکردنەوەم بۆ ئەم ئەفراندنە، لەم بۆچووندا چڕدەکەمەوە: ئەو وەك ڕۆشنبیرێکی بە ئاگا و چاوکراوە، تێدەگات، کە گۆڕینی

داب و نەریتی نابەجێی کەلتووری کوردەواری و تێڕامانی ئاغایانەی نێرینەی ئێرە بۆ ژن، لە دەسەڵاتی ئەو دانییە، جا ژیرانە، لە ڕێی تەوزیفکردنی ئەقڵ، بەوەگەڕ خستنی خەیاڵ بۆ دواندنی ئەقڵ و هزری پیاوسالاریی ئەم سەردەمە، بەشێوەیێك کە پێداچوونەوەیەکی بێئاگایانە بە خۆیان بکەن، ئەو ناپیرۆزکان پیرۆزدەکات ((ناپیرۆز لە جیهانبینیی کەلتووریدا)) و حەرامەکان حەلآڵ دەکات (( حەرام لە جیهانبینیی کەلتووریدا)) ـ تا ئەو ڕادەییەی شیعرە (ژنپەڕستەکانی) پتر لە شیعرە (ڕەخنەگرەکانی)، بوونەتە مایەی گەف و هەڕەشەکردن لەسەر گیانی خۆی و قەڵەمەکەی. لە جێی خۆیەتی، کە لێرەدا، پەردە لەسەر لایەنێکی شاراوەی شیعری قوبادی جەلیزادە لابدەم ـ ئەویش ئەوەیە: کە قوباد کار لەسەر جەستەی ژن ناکات، بۆ وروژاندنی سێکسی و هەوسبازی، بەڵکو، ئەو جەستەی ژنی کردووتە دەقێکی کراوە، جەستەیەك کە بە هەردوو دیوەکەیەوە (دەرەوە و ناوەوە) هەموو توخمەکانی گەردوون و بوونی لە نێوخۆیدا شاردووەتەوە. ئەوانەی ئاشنان بە شیعرەکانی شاعیری عەرەبی (نزار القبانی) تێدەگەن کە چۆن لە ڕێی ژنەوە نەك هەر خەڵکان، بەڵکو خۆشی هۆشیار و ڕۆشنبیر دەکاتەوە. ئەو بە ئاشکرا لە قەسیدەی (واقرا جسدك و اتثقف)(٣٥)، ددان بەم نهێنییەدا دەهێنێ.

لە پەیامی شیعری قوبادی جەلیزادەدا، لە ڕێی ئەم دەقەوە، بەندە، ئەم خالآنە دەخوێنێتەوە:

- یەکسان کردنی جەستەی ژن بە هەموو گەردوون و بوون (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە).
- گەڕاندنەوە و پێدانەوەی بەها جوانەکانی ژن بە خودی ژن وەك گیان و (کیان) نەك وەك گۆشت و بووکەڵەی سەر جێگا.
- هەوڵدان بۆ تەریقکردنەوەی پیاو لە تێڕامانە بەسووك زانیینەکانی بۆ ژن، دوور لە بریندارکردنی هەستی هیچ کام لە دوو ڕەگەزەکە.

- بەستنەوەی ڕۆمانسییەت و موعاناتی ژن بە ڕۆمانسییەت و موعاناتی کۆمەڵگا و نەتەوە.

ئێستاش، وەك ڕەخنەگرێکی خاکی، ڕێ بەخۆم دەدەم، بە شیکردنەوەی ئەم دەقە شیعرە، کە (دەقی جەستەی ژنە)، هێندێك لە تەلەسمەکانی زمان ژن لێکبدەمەوە، دڵنیام دەقنووسیش دەزانێ کە" سێبەری خوێنەر ـ ڕەخنەگر، ئامادەبوونی خۆی هەیە لە پڕۆسەی داهینانی شیعرییدا. بەو پێیەی بڕوابوونی داهێنەر بە سەرکەوتوویی بەرهەمەکەی، لە بڕوابوونی بە ڕازیکردنی خوێنەر و ڕەخنەگر ڕایەڵەکراوە".(٢٦)

یەکەم چەخماخەی هەر دەقێکی شیعری ڕەسەن، بەرکەوتەی وشەیەکە بە بەردە ئەستێ خەیاڵ، ئەم وشەیە پێی دەگوتریت(کلیلە وشە). (کلیلە وشە) ی ئەم دەقە ئەمەیە:( نایەم بۆ ژوورەکەت). ئەمە یەکسەر پەلی شاعیر دەگرێ بۆ فەزا فراوانەکەی دەرەوەی (ژوورەکەی ئەو). بەرەو ئاسمان دەفڕێ، بناو بۆ ژێر دەریا لێدەدا، کون وکەلێنی باغ دەپشکنێتەوە، سەر بە بەهەشت دادەگرێ، دواتریش خۆی پێناگیرێت و لە درزی دەرگاوە وێنای دیوی ناوەوەی (ژوورەکەی ئەو) دەکات. لەم گەڕان و سوڕانەدا، وەك هەوادارێکی مەزهەبی ئیرۆتیکا، دەقنووس هەرسێ توخمی (ئەقڵ و خەیاڵ و هۆش) دەخاتە گەڕ بۆ داڕشتنەوەی بەرچنەکانی. هەر بۆ نموونە، کە سەر هەڵدەبڕێت و سەیری ئاسمان دەکات، دەبینێ، ئەوێ زۆر قەڵەباڵغە: شەو، تارێکی، زریوەزریوی هەزاران ئەستێرە، مانگ، تریفە، خەرمانە، ئەستێرە کشان، هەور، تەم و دوکەڵ، کش و ماتی و بێ دەنگی، ترس و سامناکی، تەنیایی و گۆشەگیریی.. جا ئەو لەم هەسارە مەزنەدا، لەم شەوە، هەر سێ شت دەکاتە (هەڵدەبژاردەی) کۆپلەی یەکەم: (مانگ، ئەستێرە، تریفە). بەڵام چەندین هەزار ساڵە شاعیرەکان بەسەر ئەوانەدا هەڵدەڵێن... ئالێرەدا، زمانی ئیرۆتیکای قوبادی جەلیزادە دێتەگۆ، خەیاڵ

دەبیاتە جیهانی ژن و لە جیهانبینی ئەودا (ئایتمەکان Items) دەخوازێتەوە بە شێوەیەك، دەقنووس کەسێتی ژن تەقەمووس دەکات و دەنووسێ:

**لەگەڵتا نایەم بۆ ئاسمان**

**تۆ،**

**لەسەر کۆشی مانگ دادەنیشی.**

**قژی ئەستێرە پرچ دەکەی.**

**بە پارچەیەك تریفەوە، دەچیتە لای خەیاتەکان و**

**من لە بیر دەکەی .**(٣٧)

بەم شێوەیە، کۆپلە دوای کۆپلە دەقنووس، بیرۆکەکەی دەهۆنێتەوە. دەبینین لە کۆپلەکانی دواتر ناوی (جووت بوون و مەمك و مەمکبەند و دەرپێ و بەرزاییەکانی خوار کەمەر ...) دێنە ناو دەقەکەوە. گەر دەشپرسن، ئەدی ئەوە نییە، دەقنووس باسی جەستەی ژن دەکات، لەمە زیاتر چی؟ لە دیدی منەوە ئەوەندەی ئەم قەسیدەیە (هاواری) جەستەی ژنە، هێندە (ڕوخساری) هەوەسبازیی جەستەی تێدا نابینرێ، چونکە دەقنووس پەیامی(خۆشەویستییەکی کوشندەی) لەدەقەدا شاردۆتەوە. شەیکسپیریش دەڵێ:"دەگرێین، تا خەنجەری خەمەکانمان قوولتر بە ناخماندا نەچنە خوارەوە."(٣٨) (لە تەوەرەی چوارمەدا، ئەم وتەیە ڕاڤە دەکەین).

بەم شێوەیە سیحری جوانیی دەقەکە لە سیحری جوانیی دنیای ژندا خۆی دەدۆزێتەوە. ناوەرۆکی شیعر (بە جوانی و ناشیرینییەوە) لە وێنەی هونەریدا وەدەردەکەوێت، کە ئەویش لە سنعاتکاریی شیعرییدا لە گەڵ وشەو و وشەسازیدا بەرجەستە دەبێت. شاعیری مرۆڤدۆست وشە بۆ سووککردنی کەس بەکارناهێنێ، ئەوەتا(سلڤاتۆر کواسیمۆدۆ Salvatore Quasimodo)، دەڵێ "شاعیری ڕەسەن هەرگیز وشەکانی بۆ سزادان و ئەشکەنجەدانی کەسانی دیکە بەکارناهێنێ، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەو بۆ شتەکان، لە جیهانی داهێناندا دەخوازێتەوە،

بە جددیش کار دەکات خۆی لە نێو قالبی دەستنووسی پێغەمبەرانەدا، کۆت و بەند نەکات."(٣٩)

**تــەوەرەی سێیەم**

**دەروونـشیـکاریی دەقـەکە**

ئەفسووس! ئیشکردنی ڕەخنکارانە، لە دەروونشیکاریی ئەدەبیدا، لەلای ئێمە بابەتێکی پشتگوێخراو و بێ ئەهمییەتە، کتێبخانەی کوردی زۆر مەحروومە لە کتێبی ڕەخنەی شیکاریی دەروونی بابەتەکانی ئەدەبی، کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانمان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. بە پشت بەستن بە زانیاریی سەردەمایانەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زمانەوانیی ئەنترۆپۆلۆژی

(Psychology, Sociology& Anthropology Linguistics)

لە توێژینەوە و شیتەڵکاریی ئەم دەقەدا، ئەم (٦) هەیبەرەتان (بابەتەتان)(٤٠)* بۆ ڕاڤە دەکەین کە بەندن بە حاڵەتێکی تایبەت بە دەقنووس، یان ژنەکە، یان هەردووکیان بەیەکەوە:

**یەك: هەیبـەری غیرە(Jealousy):**

غیرەکردن هەستێکی خۆڕسکی سرووشتی مرۆڤە، لە دوای تەمەنی پێنج مانگییەوە لە منداڵدا بەدیار دەکەوێ، لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا ئاماژەی پێدراوە. دەروونناسان خەسڵەت و دیاردەی چەند جۆرێکیان دەستنیشان کردوە و کۆمەڵناسانیش ڕۆڵی کەلتوور و پەروەردە و ئایین لە گەشەکردنی (یان دامرکاندنەوەی) دا بێ بەری ناکەن.

ئەم جۆرە غیرەی کە لەم دەقەدا، خۆی شاردۆتەوە، پێی دەگوتریت (غیرەی ڕۆمانسییەت)، کە لە دیدی دەروونناسییەوە، هۆی ئاڵۆزکردنی دەروونی و تاساندنی خاوەنەکەیەتی کەوا دەکات هەستی (ڕیزبەخۆیSelf - esteem) لە دەست بدات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان (دوو هاوسەر، دووهاوڕێ،

دوو خۆشەویست) لەبارببات. ئەگەرچی کۆمەڵناسەکان بە هەڕەشە یەکی گەورەی سەر هزر و ڕەفتار و ئەخلاقی دادەنێن، تاقمێك لە دەروونناسان، بە پێچەوانەی گرۆپی یەکەم، بە هەستێکی پەسند و ئەرێنی دەزانن لە پتەوکردنی پێوەندییە خۆشەویستییەکان، لەو ڕوانگەیەوە کە سەرچاوەی غیرەی ڕۆمانسییەت خۆشەویستییە، ئەمەیش خۆرسکانە دروست دەبێ و ناچێتە خانەی دوژمنکارییەوە.(٤١)

هەستی غیرەکردن لە لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییدا، هەردوو کۆمەڵناس( گیۆڕیڕۆ و ئەندەرسن(Laura K. Guerrero & Peter A. Anderson) گەیشتونەتە ئەو ئاکامە، کە هەستی غیرەکردن لەلای ژن، ڕێژەکەی (شەش) هێندی غیرەی پیاوانە.

سەیرەکە لەم دەقەدا، ئەوەیە، هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە، ئەوا دەقنووسە(پیاو) کە غیرەی لە خۆشەویستەکەی (ژن) پەیدا کردووە. هەموو کۆبەرهەمە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادە لەسەرەدو بێژینگ بدەی، بە زەحمەت دوو دەق دەدۆزیتەوە کە (ئیحای ـ ئاماژەی) دوورکەوتنەوە و دەست لێك بەردانی (لەگەڵ ژن)دا تێدا بێ. ئەو لە سەر جێگاو و ناو جۆلانە و بەرپەنجەرە و سەر بالەکۆن و ژێر دەوار و ناو ئەشکەوت و ناو حەمام و بن چەتر و ژێر ستیان و ناو گەوەڕی توولەسەگاندا لەگەڵ ژندا دەبینرێت، ئەدی خێرە لەم دەقەشیعرەدا، (٥) جار هاوار دەکات :(لەگەڵتا نایەم بۆ...)؟ خۆ ئەو ژنە ناییات بۆ جەهەنەم، هەموو گەشتەکانی بۆ شوێنی خۆش خۆشی وەك ئاسمان و دەریا و باغ و بەهەشت و ژوورەکەیەتی!

وەڵامەکە، ئاشکرایە، دەقنووسی غیرە لەدڵ، هێندە ئەو ژنەی خۆشدەوێت کە حەز ناکات بۆ یەك دەقیقە لە بیر بکات و هۆش و هەستی خۆی بداتە کەسێکی، یان شتێکی دیکە، لە غیری خۆی (ئەو پیاوە) بەولاوە.

لە دەستپێکی دەقەکە، هەست دەکەین کە شاعیر، مانگ و ئەستێرە و تریفە و ماسی و مەرجان و شەپۆل و گوڵ وپەپوولە و شەونم و شەراب و فریشتە و غیلمان و ئاوێنە و ... تەنانەت مووەکانی چەناگەی ژنەکەش دەبوغزێنی. بەڵام بۆغزێك لێوان لێوە لە ئەڤینداری و ئەمەکداری، بۆیە (٥) جاران لەبەرە خۆی دەنووزێتەوەو دەڵێ:(من لە بیر دەکەی).(٤٢) *

لەجێیخۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەیەگ بە (هونەری گەڕاندنەوەی شیعریی) بکەین، کە "دیاردەیەکی شێوازگەرییە، لە ڕەوانبێژی و زمانناسی و ڕەخنەدا بە گشتی باس دەکرێت. گەڕانەوە بە فزە و وتایەکانییەوە، بریتییە لە دووبارە کردنەوە و ناوهێنانی وشە و دەستەواژەکان، لە شوێنێکی دیکەی جیا لە جێگەکەی کە لە بەرایەوە وتراون." (٤٣) لەم دەقەدا دوو جۆر گەڕاندنەوەی شیعریی دەبینین:

- گەڕانەوەی سەرەتا و کۆتا (Symploce Repetition): کە لە سەرەتای هەموو کۆپلەکاندا هاتووە (لەگەڵتا.....) لە کۆتاییەکانیشدا (.. لە بیر دەکەی)، کە (٥) جاران دووبارە بوونەتەوە.
- گەڕانەوەی پلەدار :(Progressive Repetition) کە دەستپێکی ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی نەفییە(لێرەدا) و ڕستەی تر لە فۆڕمی جیاوازدا، بەدوای خۆیدا دێنێ و هەرجارەی بیرۆکەیەکی تازە هەڵدەگرێت.(٤٤) بڕوانە ( لەگەڵتا ...) (٦) جار دووبارە بۆتەوە و هەرجارەی بیرۆکەیەکی تازەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

بەهای دووبارە بوونەوە (گەڕانەوە) لەم شیعرە کۆپلەیییەدا:

بنیاتی کۆپلەیی (Stanza Structur) یەکێکە لە پێکهاتەکانی وێنەی گشتی، شیعرەکە لەسەر بنەمای چەند کۆپلەیەك دروست دەبێت یەك یەکی تەواو دەکات "هەر یەك لەم کۆپلانەش بەجیا مانایەکی جوان دەدەن بەدەستەوە بە هەموو کۆپلەکانیش ڕەنگاوڕەنگی یەك بە وێنەی هەمەجۆر دەبەخشن وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن"(٤٥). بەم جۆرە بنیات دەنرێن لەسەر

"بەکارهێنانی کۆپلە کە یەکەی جۆراوجۆر پێکدێنن، کە کیانێکی سەربەخۆی هەیە بە شێوەیەك کە پەیوەست دەبن بە یەکتر. پەیوەستێکی توند لە یەکەیەکی تەواومەندی دەروونی یان لۆژیکی و ئۆرگانی"(٤٦) . ئەم شیعرە جۆرە دووبارە بوونەوەیەکی تێدایە، کە گوتەی (لەگەڵتا نایەم) لە هەموو سەرە کۆپلەکان پات دەبێتەوە، بەڵام هەرجارە بەدیدێکی جیاواز، لەکۆتایی کۆپلەکانیش گوتەی (من لەبیر دەکەی)پات بۆتەوە، خوێنەر چاوەڕێی ئەوە دەکا، کە گوتەی (من لەبیر دەکەی) تاکۆتایی بەردەوام بێ، لەسەرە کۆپلەی کۆتایی دەڵێ(لەگەڵتا دێم...) لەبنە کۆپلەی کۆتایدا ئاوێتەی جەستە و ڕۆحی شاعیر دەبێت، ئاسمان و دەریا و باغ و بەهەشت و ژوورەکەی لەبیردەکات. ئەرکی هەرموو سەرە کۆپلەکان کردنەوەی دەروازەیەکی نوێیە بۆ نووسین، بنەکۆپلەکانیش، کۆپلەکە قوفڵ دەدات و مانای خۆی دەداتبە دەستەوە.

بڕوانە ئەم هێڵکارییە:



**دوو: هەیبەری تۆڵە(Avenge) :**

دەروونناس و کۆمەڵناسەکان، یاسایی(کردار و پەرچەکردار) یان لە بابەتی فیزیك، گواستۆتەوە بۆ بوارەکانی خۆیان. پرۆفیسۆر(ئیانمکی Ian Mcke)، لە زانکۆی (Alelaide) لە ئوستورالیا، لە توێژینەوەیەکی زانستیدا لە ساڵی (٢٠٠٨)، گەیشتە ئەو ئەنجامە کە" تۆڵەسێن پتر ئەوکەسانەن کە خۆیان بە خاوەن هێز و دەسەڵات دەزانن و باری کەلتووریی و بەرەلایی بێ یاسایی هاندەری خولقاندنی دەرفەتی تۆڵەساندنەوەیە. تۆڵەسێن، لە تۆڵەنەکردنەوەیدا، خۆی بە چاو شۆڕ و چاوشکاو دەبینێ."(٤٧)

کۆپلەی (٦) لەم دەقەکەدا، بۆن وبەرامەی تۆڵەسەندنەوەی لێدێ، چونکە دەقنووس، وەك پیاو خۆی بەهێز و دەسەڵاتدار دەبینێ، لەسەرێکی دیکەشدا، لەبەرانبەر ئەو جرت و فرت و سەفەر و گەشتانەی(ژن)ەکەشدا خۆی بە دۆڕاو دێتەبەرچاو، (شیتاڵکارییەکەی پرۆفیسۆر ئیان مکیی). جا گەر هەموو کارێك پەرچەکرداری هەبێ، پەرچەکرداری دەقنووس، فورسەت وەرگرتنە لە شەوەزەنگەکە. هەرچەندە ئەو بەزۆر ژنەی پەلکێشی ئەو شوێنە نەکردووە، ئەو بۆخۆی بریاری داوە، چونکە دەڵێ:

**لەگەڵتا دێم بۆ شەوەزەنگ...**

**تۆ،**

**لە ترسا**

**باوەش بە ڕووناکی مندا دەکەیت**

**دەپاڕێتەوە جێت نەهێڵم**

**تەنیا بۆنی من**

**تەنیا چپەی من دەبیستی**

**دەست دەخەیتە کەمەری من**

**............**

...........

هەرچەندە خۆێنی تۆڵەسەندنەوەکە ماچ و مرچێکی زۆرە، بەڵام ئەشکەنجەی دەروونی تێدایە، چونکە ژنە زۆر دەترسێ، و ئەشکەنجەی جەستەیشی تێدایە، وەك هەست بە تەنیایی کردن و باوەشکردنێکی نابەدڵ و چاوەڕوان نەکراو.

بەڵام، ئەمە چۆن لە ڕەفتاری قوبادی جەلیزادە دەوەشێتەوە؟

لەم دەقەدا، دەقنووس عاشقێکی غیرە لە دڵە. لەژیانی ڕۆژانەماندا، لە ژینگە کوردەوارییەدا، کەسی غیرە لەدڵمان بینیووە، شووشەی ئۆتۆمبیلی (خۆشەویستەکەی) شکاندوە، کەلوپەلی نێو ماڵی وردوخاش کردووە، بە ڕۆژ و هەفتە قسەی لەگەڵ بڕیوەتەوە و ڕەنگبێ زیاتریش. کەواتە ماچەکانی تۆڵە، لێرەدا شتێکی ترسناك نیین بە بەراورد بە کەلتوورەکەمان. ڕەنگ بێ برینەکان سارێژکەنەوە و ئاوێکیش بە ئاگری غیرەکە دابکەن!

سێ: هەیبەری ترس لە تاریکیدا ((Nyctophobia):

پرۆفیسۆر (هێلمۆت یونگەر) لە کتێبی (دەروونناسیی ترس) دا، وا پێناسەی ترسی کردووە:" حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز و بەهێزە، بە هۆی ڕووداوێکی ترسناك لە ئێستادا (یان وەبیر هاتنەوەی سەردەمانێکی پێشتر و منداڵی)، بەسەر کەسەکاندا دادێت. نیشانەکانی لە کەسی ترساودا بەدیار دەکەون، وەك: دڵەڕاوکێی و زیاد لێدانی دڵ و پەشۆکاوی مێشك و هەناسەسواری و لەرزین و ئارەقەکردن و گرژبوونی دەمارو ماسوولکەکان و گێژبوون و ژانەسەر و سینگ ئێشە. چارەسەریشی لە ڕێی(دەروونشیکاریی و چارەسەری دەروونی و ڕەفتاریی و هیۆتیزم ــ واتا خەواندنی موگناتیسی ــ) دەکرێت.(٤٨) لە کۆپلەی شەشەمی دەقەکەدا، هێندێك لە نیشانەکانی ترس لە ژنە ترساوەکەی باوەشی قوبادی جەلیزادە دەبینین. دەقنووس دەزانێ، کە ئەو ژنە لە شەوەزەنگ دەترسێ، بۆیە دەڵێ (تۆ، لە

ترسا...). ماتبوون و پاڕانەوە و دەست گیرکردن لە کەمەری شاعیر، نیشانەی شلەژان و تێکچوونی باری دەروونی ژنەکەیە دەکرێ هۆکاری ترسانی ئەو لە شەوەزەنگ، ئەم لێکدانانەوەی بۆ بکرێت:

ئاساییە کە ژنەکە بۆخۆی ترسی لە تاریکی هەبێ، ڕاپۆرتێکی چارەسەری دەروونی لە ڕێی خەواندنی مۆگناتیسی، ئاشکرای کردووە، جگە لە منداڵ هەرزەکار، گەورەکانیش بە ڕێژەیەك، لە تاریکی دەترسن.(٤٩) ترسانی ژن لە تاریکی، بە مەرتەبەی شەشەم دێ دوای: ترس لە مشك ومار، ترس لە خشۆکەکان، ترس لە ئاسمان، ترس لە خەڵك، ترس لە بەرزایی.(٥٠)

- دوور نییە ترسەکە هی سەردەمی منداڵی بێت و بە شەوزەنگ قەڵس بێت و بترسێ.
- دەکرێ دەقنووس وەك میتافۆر بۆ شەوەزەنگی کەلتووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی... کۆمەڵگای کوردەواری بەکاری هێنابێ. تاکە ئارامگەکەش وەك(شێڵتەر Shelter)باوەشی ئەو پیاوە بێت.

**چوار: هەیبەری ئاوێنەهەوەسبازی(Katoptronophibia) :**(٥١)

چێژوەرگرتن لە جەستە، بەهەر شێوازێك بێ، لە ڕێی بەکارهێنانی ئاوێنەوە لە لایەن نێرینە یان مێینەوە، دەربڕی بارێکی دەروونی نائاساییە، پێی دەگوترێت (ئاوێنە هەوەسبازیی **(**Katoptronophilia**)**

لە کۆپلەی پێنجەمی دەقەکەدا، لەبەر ئاوێنەکەی ژوورەکەیدا، ژنەکە چەند شتێك ئەنجامدەدا، هەرچەند گەمەی ئیرۆتیکی نەکردووە، بەلام وێنەکان پەیامی وورووژێنەریان تێدایە، کە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر هەستی پەیامگر، تەنانەت ژنە بۆخۆی (سەرسام بووە)، کە ئەمەش دەرهاویشتەی وێنەکانی

مەمك و دەرپێ و مەمكبەند و ئاوەڵكراس و خاڵەكانی سەرشان و پشت و بەرزاییەكانی خۆر كەمەری ناو ئاوێنەكەن.

لە قەسرێكی مەلیك فاروق( ١٩٢٠ ـ ١٩٦٥)، كە مەلیكی میسر و سودان بوو، هەموو دیوار و بنمیچی ژووری نووستنی، ئاوێنەدار بوو. بۆ هەرلایەكت دەڕوانی خۆتت تێدا دەبینی، ئەمەیش نیشانەی بارێكی دەروونی ئەو مەلیكە نیشان دەدا.[٥٢]

**پێنج: هەیبەری سەرەتاتكێ (Voyeurism) :**

ئەو كەسەی بەدزییەوە، لە درزی دەرگا و پەنجەرە و كون و كولانكەوە بە قەستی چێژوەرگرتن تەماشای كەسانی ڕووت و نیوە ڕووت دەكات پێی دەگوترێت (سەرەتاتكێكەر Voyeur).[٥٣]

هەرچەندە، لە كۆپلەی پێنجەمدا، نازانین كە دەقنووس بە دزییەوە تەماشای ژنەی كردووە، یان لە ژوورەوە بە دیارییەوە دانیشتووە، بەڵام دڵنیاین، كە گوتارەكەی بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە لە زاری ئەوەوە دەیبیستین. بۆیە حوكمەكە بە هەڵپەساردراوی دەهێڵینەوە! [٥٤]

**شەش: هەیبەری ئاشقە ژێر پۆشاكی ژنان**

**:(Underwear Fetishism)**

ئەم خوولیابوونە، كە بارێكی دەروونی ناتەندروستە، پتر بەندە بە نێرینەوە، بەڵام ژنیش هەیە چێژ لە تەماشاكردنی جلی ژێرەوە وەردەگرێت. بەو كەسانە دەگوترێت (دەرپێ پەرست( Panty Fetish، بۆیە دز هەیە تەنیا هەر دەرپێی ژنان دەدزێ.[٥٥] لە كۆپلەی پێنجەمی دەقەكەدا هاتووە:

**سەد جار دەرپێ و مەمكبەند و ئاوەڵكراسەكانت**

**تاقی دەكەیتەوە**

ئەمە جگە لە نیشاندانی ڕاڕایی ژنەكە لە هەڵبژاردنی جلەكانی، جۆرە چێژوەرگرتنێك لە نێوان وشەكانی دێڕەكەدا دەبینریت، كە پەیوەستە بەو خاڵەی لەسەرەوە ئامازەمان پێدا، بەڵام خاڵێكی گەش نییە.

لێرەدا دەبێ بڵێین: خوێندنەوەی جیهانی ژن، بە چاوی پیاوانەوە، دەرهاویشتەی زۆر داپەروەرانە و زۆر ڕاستگۆیانەی نابێ، چونکە سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی بوارەکانی مەعریفە، ئێستا زۆر ڕاز و جەنگەڵی عاسێ لە جیهانی ژندا ماوە، ئێمەی پیاو بتوانین بیدۆزینەوە و کەشفی بکەین. تازە بە تازە دکتۆر(ئیزرێل ئەبرامۆڤـ( Israel Abramov، لە City University of New York)، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە چاوەکانی ژن بە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە چاوی پیاوان، ڕەنگەکان دەبینن، واتا ئەو ڕەنگە سەوزەی تۆی پیاو، دەیبینی لە هەمان پارچە قوماشدا شێوەیەکی تری هەیە لەبەر چاوی ژن، ئەوە جگە لەوەی ئەوان مەودای پێش خۆیان فراوانتر دەبینن لە هی پیاو، بۆیە ژن کەمتر ڕووداوی ئۆتۆمبیلی لە دەست ڕوودەدات.(٥٦)

هەر زانستییانە سەلمێندراوە کە سۆز و عەتفی ژن چەندبار لە هی پیاو زیاترە، هەر بۆیە زۆربەی ژینگەپارێز و گیاندار پەروەرەکان ژنن.(٥٧) پەیوەندی ئەم شتانە بە دەقنووسەوە لەوە دا چڕدەکەمەوە، کە ئەو زۆر هەوڵدەدات بە چاوی ژنەوە تەماشای دەوروبەر بکات، ئەمەیش بە سوود وەرگرتن لە شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکادا. وەك (ڤالآس ستیڤێنس) دەڵێ:"شیعر گۆشاری خەیاڵە، قورسایی واقیعمان لەسەر سووك دەکات".(٥٨)

نابێ گرنگیدانی دەقنووس، بە زمانی جەستە، لێرە، فەرامۆش بکریت، هەرچەند زمانی جەستەی ژن پڕە لە ئیمائات و ئاماژە، وەلێ قوبادی جەلیزادە، بوێرانە چۆتە ناو جیهانەکە و سەرکەوتووانەش هاتووەتەوە، ئەوتا لەم دەقە شیعریدا کە هەر (١٨٠) وشە(٣١) ئاماژەی زمانی جەستەی ژنی تێدایە، وەك:(دادەنیشی، قژ پرچ دەکەی، دەچیتە لای، من لەبیر دەکەی، بە سواری، وێڵ دەبیت، ماڵ دەبەیتە، دەست لە مەمك دەدەی، دەرەقسێی، جووت دەبی، سەرسام دەبی، تاقی دەکەیتەوە،

دەبەستیت، پەرێشانی دەکەی، دەرشێنیت، ڕەنگ دەکەی، ئەژمار دەکەی، دڵ تەنگ دەبی، بیر لە..دەکەیتەوە، باوەش دەکەیت، دەپاریتەوە، دەبیستین دەست دەخەیتە کەمەر، بەڕەلای دەکەی، سەرگەرم دەبیت، لە بیر دەکەی ـ ٦ جار.)

**لەودیوی ئەفسانەوە:**

ئەم بڕگەیە بەم خالآنە چڕدەکەمەوە:

- هەرچەندە هیچ کلیلە وشەیەك نادۆزمەوە، لە کۆپلەی یەکەمی دەقەکەدا، کە فڕینی ژنەکە بۆ ئاسمان، بە ئەفسانە ببەستێتەوە، بەڵام خودی کردارەکە ئەفسانە ئامێزە. ئەمەیش لە میتۆلۆژییای گریکیدا بوونی هەیە، کاتێك (Icarus) و باوکی ویستیان باڵ بۆخۆیان دروست بکەن و لە زینداندا هەڵفڕن و هەڵێن.(٥٩)
- دەربارەی بناولێدانی ژنەکەش نێو دەریادا لە کۆپلەی دووەمدا، ئەگەرچی پتر لە (٢٥) ئەفسانە، دەربارەی مرۆڤ و دەریا، لە میتۆلۆژیایی میللەتاندا هەیە، چونکە ژینگە و پێگەی کوردستان لە دەریا نزیك نییە، هێچ ئەفسانەیەکم لەم بارەیەوە نەدۆزییەوە، بۆیە دەقنووس زیرەکانەی بە خەیاڵی فراوانی ئەم کەشە ئەفسانییەی لەم کۆپلەدا ئەفراندوە.
- لە سەردانی ژنەکەش بۆ بەهەشت، لە کۆپلەی چوارەمدا، دەقنووس زۆر وردبین نەبووە، چونکە ئەو وەسفەی ئەو بۆ ئەو جێگەیە دەیکات، وەسفی بەهەشت نییە، بەڵکو وەسفی (جەنەتە)، چونکە لە زانستیی ئایینی ئیسلامدا، جیاوازی هەیە لە نێوان (جەنەت) و بەهەشت، تەنانەت لە لای هێندێ جوولەکان، خودی (قودس ـ ئۆرشەلیم) بە بەهەشت دادەنێن.(٦٠) بۆیە، شیاوتر بوو بڵێت:(لەگەڵتا نایەم بۆ جەنەت).

**قوبادی جەلیزادە لەنێـوان چـوون و نەچـووندا**

لـە خوێندنـەوی بـەندە بۆ ئـەم دەقە، وەك ڕەخنـەگرێك، گـەیشتمە ئـەو ئـەنجامە کە قوبادی جـەلیزادە، زۆر زیرەکانـەی هـەوڵیداوە خوێنـەرەکانـی چاو بـەست بکات، کە گۆیا، ئـەو ئامادە نییە لـەگـەڵ ئـەو ژنـەدا بچێتە ئاسمان و ناو دەریا و باغ و بەهـەشت و تـەنانـەت ژوورەکـەشی... کـەچی لـەڕاستیدا وانییە!"جۆرە ڕوونییەك بە شیعرەکانـی قوبادی جـەلیزادەوە دیارە، ڕوونییـەکـی فریودەرە بۆ ئـەو خوێنـەرانـەی تـەنها توانـای دیوی دەرەوەی ئـەو شیعرانـەیان هـەیە، وێنـە هـەرە ڕوونییـەکانیشی پێویستی بـەوە هـەیە، قووڵ لێیان ڕامێنین."(٦١)، چونکە:

یەك: وەك شاعیرێکی ژنـەپـەرست، دڵـی وەبـەر نادا، ئـەو ژنـە بـە تـەنیا بـەجێی بهێڵـێ.

دوو: ئـەو لـە هـەموو گـەشتـەکاندا لـەگـەڵ ئـەو ژنـەبووە، دەنا چووزانـی ئـەو دەچێ لـەسـەر کۆشی مانگ دادەنیشێت و سواری سوورە ماسی دەبێت و دەست لـە مـەمکی گوڵ دەکات و لـە گـەڵ فریشتـەکاندا مـەست دەبـێ و بن باڵـی خۆی موعـەتـەر دەکات.....؟ ئـەو لـەم دەقـەدا، ڕازێکی دڵـی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە زۆر نیگـەران و موزاحیمە لـەو سەفـەرانـەی ئـەو ژنـە بۆ ئـەو جیگایانـە، ئـەمـەش لـە سۆنگـەی پـەرۆشیی و غیرەکردنـەوە هاتوو. دەنا ئـەوەتا قوبادی جـەلیزادە لـە قـەسیدەی (ڕووباری ژەهر) کە (٦) کۆپلـەیـەوە لـە (٣٨) دێڕەدا. (٦) جار بـەڵێن دووپات دەکاتـەوە، کە لـە سـەختترین چرکـەساتی ژیاندا، ئامادە نییە، بۆ چاوتـرووکانێك، لێی دوورکـەوێتـەوە، ئـەو لـە کۆپلـەی دووەمدا دەڵـێ:

**گەر تۆ (دۆزەخ)یش بیت من دێم**

**تا لە ناو بڵێسە سوورەکانت**

**هەڵپروکێم**

**بەڵێنت پێ دەدەم**

**کە ئاورِ لە شەپۆلی دەریاکان**

**نەدەمەوە** (٦٢)

جا بە هەمان نەزم و نەغمە لە کۆپلەکانی تر بەڵێنەکە دوو بارە دەکاتەوە و لە کۆپلەی شەشەمیشدا دەڵێ:

**گەر تۆ،**

**ڕووباری ژەهریش بیت من دێم**

**تا مەلەی فەنا بوونت تیا بکەم**

**بەڵێنت پێدەدەم**

**گوێ لە فریاد و هاواری**

**بەردەکانی کەنار نەگرم .**(٦٣)

لەم چوون و نەچوونەدا، قوبادی جەلیزادە، تەنیا بە **(٥٣)** وشە، شانۆگەرییەکی تراجیدی ئەم وڵاتە نمایش دەکات، کە گەر بە دیقەت لە (دەقی کراوەی جەستەی ژن) لەم شیعرەدا، بدەیت، باشتر لە زمانی ئیرۆتیکای شاعیر تێدەگەیت و دەبینی چۆن ناپیرۆزەکان پیرۆز دەکات و هەمیشە سوپەر و قەلغانی ژنە. ئەو دەڵێ:

**(سوژن)**

**وەرە بەردەرگا....**

**منیش دیم**

**تۆ،**

**بە قژ ڕادەکێشنە ژوورەوە**

**من بە پەت.**

**وەرە ناو پەنجەرە...**

**منیش دێم**

**چاوی تۆ بە کوێری دەڕێژن**

**چاوی من بە سوژن.**

**وەرە سەربان**

**منیش دیم**

**تۆ،**

**بە پاڵ دەخەنەخوارەوە**

**من بە لەقە.**

**مەیە دەرەوە**

**منیش نایەم**

**لە ژوورەوە**

**شەوێك عەشق**

**تۆ**

**دەكوژێت**

**و**

**سپێدەیەك**

**من بە فیشەك.** (٦٤)

دەقنووس لە ژوورەوە بێت یان لە دەرەوە، هەرگیز تەنیا نییە، دەوری گیراوە، ئەو بە هێمن و ئارامی و بێدەنگی و بە نەرمونیانی پەیامەكانی خۆی دەگەیێنێت و ژنی هەر لە گەڵدایە... بەڵام دەبینین (لەتیف هەڵمەت)ی ماندوو و شەكەت و هەناسەسوار، تەواو پێچەوانەی قوبادی جەلیزادەیە، چەندین ژوور دەپشكنێتەوە و ئەو كەسە نادۆزوێتەوەوە، كە بە دەوایدا وێڵ و سەر گەردانە... بۆیە (لەتیف هەڵمەت) لە قەسیدەی (دەو) دا هاوار دەكات و دەڵێ:

**لە ناو ژوورەكەمدا**

**ژوورێكی دی هەیە**

**لە ژوورەكەی دیشدا**

**ژوورێکی دی هەیە**

**لەناو ئەو ژووریشدا**

**ژوورێکی دی**

**لەناو ئەو ژوورەی دیشدا**

**ژوورێکی دی....**

**ژوور**

**ژوورێکی دی**

**ژوور ژوور**

**ژوور**

**ژوورێکی دی و**

**ژوورێکی دی و**

**ژوورێکی دی و**

**ژوور**

**ژوور**

**ژوور**

**ئەم هەموو ژوورە دەکەمەوە**

**دایکم**

**لە هیچ ژوورێکدا نییە.** (٦٥)

**ئــاکـام:**

- دەقنووس خاوەن زمانی ئیرۆتیکا، تایبەت بە خۆیەتی و دوورەپەرێزە لە نمایش کردنیی دیمەنی ئیرۆتیك و پۆرنۆگرافی بە قەستیی هەوەسبازی.
- جەستەی ژن، لە دیدی ئەوەوە، دەقێکی کراوەی ئەدەبییە، لە رێی کولاندنەوەی زام و برینەکانی، ویژدانی نێرسالاری وەئاگادێنێتەوە.
- شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا لە لای ئەو، تێکەڵەیەکە لە دوو خەیاڵ: خەیاڵی خود و خەیاڵی ژن.

- دەقنووس شارەزایی باشی لە زمانی جەستەی ژندا هەیە، هەرچەندە ئەو زمانەی ژن ئالۆز و تەمومژاوییە.
- بەشێوەیەکی دیکە، شیعرەکانی تەرجەمەی گوتارەێکی(وڵت ویتمان)ە کە دەڵێ:" ئەی ژن شەرمی پێناوێ، تۆ دەروازەکانی جەستە و تۆ دەروازەکانی ڕۆحی ئێمەی." (٦٦)

-----------------------------------

**پەراوێزەکان:**


1)http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

دەقەکە لە مەتنی بابەتەکەدا نووسراوەتەوە* .

٢) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ٢٠١٥، ل. ١٠٠.

٣) نەریمان خۆشناو، د.، ئەرك و گریمانەکانی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٦، ٢٠٠٧، ل. ١٦

٤) گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٥، ٢٠١٦، ل، ١١٨.

5)https://davidwhyte.com/

٦) سەباح ڕەنجدەر، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١١، ل. ٢٤.

٧) قوبادی جەلیزادە،دیوانی چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥سلێمانی، ل. ٩.

٨) سەرچاوەی پێشوو. ل١٠.

9) http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

10) http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

١١) سەرچاوەی پێشوو.

١٢) دەریا جەمال ( د.) هاوژین صڵیوە( د.) ئیرۆتیك لە شیعری حەمەی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل. ١٠.

١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل .٢٢.

١٤) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥

١٥) سەرچاوەی پێشوو، ل.٢٨

١٦) حاجی سەعدوڵلا شێخانی، گۆرانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێرێ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٦٢.

١٧) ڕووتەمەنی لە ئەدەبی کوردیدا، پێشڕەوی سەید برایم. چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل. ٣٨.

18)http://www.goodreads.com/quotes/tag/eroticism

١٩) سسرچاوەی ژمارە ٧، ل. ١٤.

٢٠) پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٠ ل. ٤٠١.

٢١) د. عەلی تاهیر حسێن، ڕەخنەی بونیادی لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل. ١٢٤.

22) www.phklosophia natural principle mathematica.

23) Face book. Qubadi Jalyzada

٢٤) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥

25) http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

٢٦) د. هاوژین صلّیوە، بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا. چاپی پەخش و سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل. ١٠٠

٢٧) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥

28)http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

٢٩) گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٥، ٢٠١٦، ل. ٦٧

30)http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic(DavidJ. Duncam)

٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٦٧

32)http://xn--sgb8bg.net/%D8%AD%D9%83%D9%85-%D8%B9%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%8A%D8%A7%D9%84/

٣٣) سەرچاوەی پێشوو.

34)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17042.pdf

35)http://www.alriyadh.com/103503

٣٦) گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٧، ٢٠١٥، ل. ٢٧.

٣٧) وارای فێیسبووکی دەقنووس..

38)http://www.goodreads.com/quotes/tag/poets

39)http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

٤٠ *) هەیبەر: دۆز و مەبەستێکی شیاوی نووسین. هەژار. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، ل. ١٠١٢.

41)https://en.wikipedia.org/wiki/Jealousy

٤١ *) بڕوانە شاعیر جێناوی (من)ی لەسەرەتادا بەکار هێناوە و بۆ پێداگرتن لەوەی کە ترسی هەیە لەبیر بکرێت، بۆیە نەیگوتوە: ( لەبیرم دەکەی).

٤٢) د. ئازاد ئەحمەد مە حموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ١٦٧.

٤٣) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٦٩.

٤٤) سەرچاوەی ژمارە ٢٦، ، ل ١١٠

٤٥) د.صالح ابوصبع، الحركه الشعر في فلسطين المحتلة١٩٤٨-١٩٧٧،ط ١، مؤسسة العربية الدراسات والنشر، ١٩٧٩، ص ٨٦

45) http://www.apa.org/monitor/2009/06/revenge.aspx

٤٦) پ. هێلمۆت وینگەر. و. ناسر سەلاحی، دەروناسی ترس، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨، ل. ١٢.

47) https://en.wikipedia.org/wiki/Nyctophobia

48) http://www.livesciemce.com/13434 - phobias - fears -html

49)https://en.wikipedia.org/wiki/Katoptronophilia
50)http://www.farfesh.com/Display.asp?catID=142&mainCatID=139&sID=17 524

٥١) ئەم قەسرە ئێستا کراوەتە مۆزەخانە لە شاری قاهیرە.

52)https://www.quora.com/What-do-you-call-someone-who-enjoys-watching-

٥٣)Voyeurs لە نیوەی سەدەی یەکەمی ڕابردوو، لە شاری کۆیە، سەڵتێك کون لە دیواری ماڵەکەی کە بە تەك حەمامەوە بووە، دەکات و تەماشای ژنانی حەمامەکەی کردووە. ئاشەوانێکیش هەمان کاری کردووە بەڵام ئەو تەماشای دراوسێیەکەی خۆی کردووە، نەنکم گێڕایەوە لە گەڕەکی قەلاتیش لە شاری کۆیە پیرەمێردێك ئەمەی کردبوو و بەسەردا گیرا بوو.(چاوپێکەوتن، زبێدی حاجی عەبدوڵلای کەبابچی، ٨٦ساڵ، کۆیة، ٢٠١١)

54) https://en.wikipedia.org/wiki/Underwear_fetishism

55)http://www.livescience.com/22894-men-and-women-see-things-differently.html

56)http://www.faithandhealthconnection.org/the_connection/spirit-soul-and- body/

٥٧) گۆڤاری ڕامان، ژماره ٢٢٥، ٢٠١٦. ل. ٨٧.

58)https://en.wikipedia.org/wiki/Icarus

59)https://en.wikipedia.org/wiki/Paradise

٦٠) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥

٦١) سەرچاوەی ژمارە ٧، .ل. ١٠٥

٦٢) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٧

٦٣) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١١٧ ـ ١١٨.

٦٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت، غەزەلنووس، ٢٠١٥، ل. ١٣٧٠ . ١٣٧١

65)http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

## سەرچاوەکان:


١) ئازاد ئەحمەد مە حموود (د.)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٢) حاجی سەعدوڵلا شێخانی، گۆرانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێرێ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٣) دەریا جەمال حەوێزی (د.) و هاوژین صڵیوە (د.)، ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.

٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت، غەزەلنووس، ٢٠١٥.

٥) پێشڕەوی سەید برایم، ڕووتەمەنی لە ئەدەبی کوردیدا. چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧) سەچاوە ژمارە ٩، پێشەکی.

٦)سەباح ڕەنجدەر، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١١.

٨) عەلی تاهیر حسێن (د.)، ڕەخنەی بونیادی لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩) قوبادی جەلیزادە، چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

١٠) محەمەد مەعروف فەتاح (پ. د.)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر، ٢٠١٠.

١١) نەریمان خۆشناو (د.)، ئەرك و گریمانەکانی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٦، ٢٠٠٧.

١٢) هاوژین صڵیوە (د.)، بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا. چاپی پەخش و سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٣) هێلمۆت وینگەر (پ)، و. ناسر سەلاحی، دەروناسی ترس، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨.

**گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١٤) گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣١، ٢٠٠٨.

١٥)  گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٥، ٢٠١٦.

١٦) گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٧، ٢٠١٥.

١٧) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ٢٠١٥.

١٨) هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥.

**بە زمانی عەرەبی:**

١٩) صالح ابوصبع (د)، الحركة الشعر في فلسطين المحتلة١٩٤٨-١٩٧٧،ط١، مؤسسة العربية الدراسات والنشر، ١٩٧٩.

**ماڵپەڕ و ئینتەرنێت:**

20 Facebook. Qubadi Jalyzada

21 http://www.apa.org/monitor/2009/06/revenge.aspx

22 http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

23 http://www.farfesh.com/Display.asp?catID=142&mainCatID=139 &sID=17524

24 http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

25 http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

26 http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic(David J. Duncam)

27 http://www.goodreads.com/quotes/tag/eroticism

28 http://www.goodreads.com/quotes/tag/poets

29 http://www.livesciemce.com/13434 - phobias - fears -html

30 http://www.livescience.com/22894-men-and-women-see-things-differently.html

31 http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17042.pdf

32 https://en.wikipedia.org/wiki/Jealousy

33 https://en.wikipedia.org/wiki/Katoptronophilia

34 https://en.wikipedia.org/wiki/Nyctophobia

35 https://en.wikipedia.org/wiki/Underwear_fetishism

36 https://www.quora.com/What-do-you-call-someone-who-enjoys-watching- Voyeurs

37 www.phlosophia .

38 http://www.alriyadh.com/103503

39 https://en.wikipedia.org/wiki/Icarus

40 https://en.wikipedia.org/wiki/Paradise

41 http://xn--sgb8bg.net/%D8%AD%D9%83%D9%85-%D8%B9%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%8A%D8%A7%D9%84/

42 http://www.faithandhealthconnection.org/the_connection/spirit-soul-and- body/

43 https://davidwhyte.com/

## بابەتی (٣)

## هونەری بونیاتگەریی گەڕانەوە و زایاندنی شیعریی،

## لە دوو دەقی (کەریم دەشتی) دا

بە گوزەرکردن بەناو کوچە و کۆلآنی قۆناغ و کاروانسەرایەکانی شیعر، تێدەگەین کە لەوەتەی مرۆڤ خووی داوەتە شیعر و بە هزر و هۆش و ئەندیشەیەوە، خۆی پێوە سەرقاڵ کردوە، داهێنان ڕووبەرێکی هێندە فراوانی ئەم ڕشتە ئەدەبییەی داگیرکردوە، تا ئەو ئاستەی کە شیعری جوان بە داهێنانی جوانەوە پێناسە و وابەستەکراوە. جا خۆشییەکەی لەوەدایە، کە دەتەوێ لە داهێنان نزیك ببیتەوە و تەلەسمی نهێنییەکانی ئاشکرا بکەیت و تێیان بگەی، کتومت وەکو ماسیی وایەوە بە هاسانی بە دەستی بۆت ناگیری و هەر دەبێ لە دووریا تێی ڕابمێنیت. جا چونکە خودی زاراوەی داهێنان، (جیوە) سرووشتە، بە گوێرەی قالب و نەخشە و جێگە و پێگە جیاواز، شێوازی ڕوخساری خۆی دەگۆڕی، ئەوا شێوازی پێناسە و لەقالبدانی بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژووی هۆشیاریی و مەعریفیی مرۆڤەکان لە گۆڕانکاریدایە. بۆیە لەسەرەتای بوونەوە، مرۆڤ زۆری مەراق بووە بزانی سەرچاوەکەی لەکوێوە هەڵدەقوڵێت و هۆکارە خولقێنەرەکانی هونەریی داهێنان پشت بە چ بنەما و توخم و پێکهاتە و بنج و بنەمایەکی هزریی و دەروونیی و ڕۆحییەوە دەبەستنەوە. گریکە کۆنەکان لە مێژە گوتویانە:" داهێنان دەرهاویشتەی سروشی هێزێکی شاراوەیە کە لە سروشتەوە خۆڕسکانە خولقاوە.."٠(١) و پتر بە کاری شەیتان و جندوکە و لەمەجێتران داندراوە، ئەمە لە کەلتووری زۆربەی نەتەوەکاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگی داوەتەوە و وای کردوە شاعیر بە بوونەوەرێکی جیاواز لە مرۆڤە ئاساییەکان سەیر بکرێت. لە کەلتووری کۆنی عەرەبیدا، جگە لەوەی شاعیر، وەك ساحیر سەیرکراوە، هەر بە زاراوەکەی

قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێدەکری کە دەڵێ:" وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ. أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ. وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ."(٢) لە کەلتووری کوریدیشدا، بە وێل و وەلی و شێت و شەیدا و دێوانە، داندارەوە، ئەوەتا ناوی (وەلی دێوانە) یان بەسەر (وەلیدی کوێخا محەمەد ١٨٢٨ _ ١٨٨١) دا بڕیووەتەوە. لە سەردەمی ڕۆشنگەرایشدا، کە زاناکان هەوڵیاندا زانستییانە پەردە لەسەر لایەنە تەمومژاویەکانی داهێنان هەڵدەنەوە و ڕازەکانی ئاشکرا بکەن، دەبینین ئەوانیش باش سەری لێ دەرناکەن. ئەوەتا شازانای دەروونناس(١٩٣٩ - ١٨٥٦ Sigmund Freud) دەڵێ:"نازانین بەهرەی داهێنەرانە چۆن لەدایك دەبێت." و (١٨٧٥- ١٩٦١ Carl Jung - ) شاگردیشی دەڵێ:" کردنەوەی شفرە و ڕەمزەکانی کاری داهێنان، خۆی لەخۆیدا لوغزێکی نەکراوەیە." (٣)

ئەم بەرکوڵەم بۆ ئەوەیە: کەکاتێ بەندەیش لەم بابەتەدا، ڕاڤە و شیتەڵکاری بۆ (شیعر و داهێنان) دەکەم، دڵنیام کە ئەوەی لە دڵمەدایە، بۆم داناڕێژرێتە سەر کاغەز وەك دەمەوێ، چونکە خودی شیعریش بابەتێکی (جیوە سروشتە). بە قەد جیاوازی و زۆری چێژەکان، ڕاڤەکانیش جیاوازن و زۆرن!

با لەخۆمان بپرسین" شاعیر بۆ شیعر دەڵێ؟ " ئەگەر هەر بۆ دڵنەوایی و تەسکینی ڕۆح و دەروونی خۆیەتی، خۆشە، خوێنەریش ناڕاستەخۆیانە، ئەو دڵنەواییە و تەسکینە بگوێزێتەوە بۆ هەواری دڵ و دەروون و ڕۆحی خۆی، چونکە ئێمەی مرۆڤــ لە زۆر توخم و پێکهاتە ئۆرگانییەکان و ڕۆحییەکاندا هاوبەشین. خۆ ئەگەر وەك پرتەقاڵ چەند کوزێکیش بەسەر ئێمەدا دابەش بکات، ئەوا حەقی خۆمانە ئەو دار پرتەقاڵە و بەرهەمەکەی، وەك چێژمان لێ وەرگرتووە، بنرخێنین و بە ئەزموونی باغەوان و ڕەزەوانەکەی ئاشنا بین. ئەوەی دەستی گرتم ئەم دێڕانە ڕەشبکەمەوە دوو هاندەر بوون: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەگەر زمانی شیعری کوردی وەك زمانی نەتەوەکانی تر، لە پێشبڕکێی داهێنان و ئەفراندن و نوێکردنەوەی ئەدەبی

جیهانیدا بوونی هەبێت و ڕەنج و شەونخوونی بۆ بکێشرێت، ئەدی حەقوانییە، بێلایەنانە، بەری ئەو ڕەنج و شەونخوونییە هەڵسەنگێنین و سیما جوانەکانی ئارایشتتر بکەین و ڕووە تەڵخەکانیشی دەست نیشان بکەین؟ هاندەرەکەی دیکە، ئەوەیە، ئەگەر بەندە توانیبیەتی بە ناو ڕاز و توولە ڕێی عاسێی جەنگەڵی دەقە شیعرێك، شۆڕببمەوە و مشتێك عەقیقی جوانیی و دەفرێك هەنگوینی لەزەت لەگەڵ خۆمدا بێنمەوە، خۆش نییە، بەسەر شیعردۆست و زماناس و خوێنەرانی هاوزمانم دا بیان بەشمەوە! خۆ ئەگەر کاکی شاعیریش ساتمەیەکی شعریی یان زمانەوانی کردبێ، خێر نییە ـ گەر پێمانکرا ـ دەستی بگرین و نە نەهێڵین بکەوێ؟

کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەکەم، ئەم دوو دەقە شیعرەی شاعیری ناسراو کەریم دەشتی یە: (کەی ئەگەی پەیاتریس؟)، کە لە ژمارە (٤٧٢) هەفتەنامەی ڕەخنەی چاودێر لە ( ٧ / ٩ / ٢٠١٥) بڵاوکراوەتەوە وە دەقە شیعری ( ئەفیونی من) کە لە ژمارە (٢١٩١) ڕۆژنامەی هەولێر لە (١٠ / ٨ / ٢٠١٥) بڵاوکراوەتەوە. ئەستووندەکی هاوبەشی ئەم دوو دەقە، (٣) ڕایەڵەی خێوەتی ئەم لێکۆڵینەوەی پێوەبەستراوەتەوە.:

١. تەکنیکی بونیاتگەریی گەڕانەوە و زایاندن، فۆڕمی هەر دوو دەقەکەیان تەنیووە.

٢. شاعیر لەسەرەژانی بە ئەزموونکردنی قوناغێکی تازەی ئەزموونی شیعریەتی.

٣. لە هێڵە تەریب و یەکتربڕەکانی وێکچوون و کۆنتراستەکانی دوو دەقەکەدا، دەسەڵاتی هونەریی وئەدەبیی و مەعریفیی دەقنووس بە زەقی دەبریسکێنەوە.

بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر، لەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەکاریەدا، تیشکدەخەمە سەر ئەم (٣) ڕەهەند ـ کە لەدیدی منەوە ــ شایستەی ئەوەن خوێندنەوەیان بۆ بکریت:

- زایاندنی شیعری.
- گەڕانەوەی شیعری.
- دەسەڵاتی هونەریی و ئەدەبیی و مەعریفیی دەقنووس.

لەدەستپێکدا، با سەر پێیانە، بەهە ردوو دەقەکەتان ئاشنا بکەم:

دەقی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟)، (٧٩) دێڕە شیعری ئازادە، بە ژمارە بە سەر (١٤) کۆپلەدا، بەهەڕەمەکی، بەم شێوەیە دابەش کراون: (٧) کوپلەی شەش دێڕی، (٥) کۆپلەی پێنج دێڕی (١) کوپلەی حەوت دێڕی و (١) کوپلەی چوار دێڕی. هەرچی دەقی(ئەفیونی من)ە، (٧١) دێڕە شیعری ئازادە، ئەوانیش بە ژمارە و بە تێکەلآوی بەم شێوەیە بەسەر کۆپلەکاندا دابەش بوون: (٣) کوپلەی هەشت دێڕی، لەهەر (٤، ٥، ٦، ٧، ٩، ١٠) دێریش یەك کۆپلە. دێڕەکانی ئەم دەقە لەوی دیکە کورترن.

بۆ ئاسانکاری، لە تێکگەیشتنی دەقەکاندا، بە شیتەڵکاریی هونەری(گەڕانەوە) دەست پێدەکەم. د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، بەم شێوەیە پێناسەی (گەڕانەوە Repetition) دەکات:"دیاردەیەکە لە دیاردەکانی شێوازگەری، ڕەوانبێژی، زمانناس و ڕەخنەگران بە گشتی، باسیان کردووە. گەڕانەوە بە فزە و وتە و واتایەکانییەوە بریتییە لە دووبارەکردنەوە و ناوهێنانەوەی وشە و دەستەواژەکان، لە شوێنێکی دیکەی جیا لەو جێگەیەی کە لە بەرایەوە وتراون، یان تۆمارکراون لە هێندێ وێنەی شیعریدا."(٤) هەرچەندە گەڕانەوە لە شیعری فۆلکلۆری و شیعری کلاسیکیدا هەیە و بۆ کەشفکردنی هەستە شاراوەکانی شاعیر لە ڕێی خۆهەڵواسین بە ئیحای ناو دەقەکانەوە بەکارهاتووە و دواتر لە بەرگوێی پەیامگردا( خوێنەر و بیسەر)، لە جیهانە دڕامایەکەی دەقدا، بووەتە ئاوازێکی دەنگدەرەوە، (٥) ئەوا لە شیعری نوێی هاوچەرخدا، بۆتە دەربڕی دەلالەتێکی هونەری و دەروونی شاعیر، بۆ زەقکردنەوەی شتێك (چاك یان خراپ، جوان یان ناشیرین، خێر یان شەڕ)، ئەمەیش بە پشتبەستن بە هونەری

ڕەوانبێژی و جوانکاری و زمانەوانییەوە.(٦) دەلالەتە هونەرییەکە لە وەستاکاری شاعیردا خۆی دەبێنێتەوە، بەڵام دەلالەتە دەروونییەکە نیشاندانی ئەو مەراق و گرێیە دەروونییانەیە کە لە ناخی شاعیر داهەن، وەك ئەو دەرزییە ئێسکە ماسییەیە کە لە قورگی چەقیووە و هەوڵدەدات دەریهاوێژێتە دەرەوە، هەر گەڕانەوەیەك لە دەقدا، کۆخە و قوومە ئاوی ئەو گەرووەیە کە ئێسکەکەی تێچەقیووە.

گەڕانەوی شیعری(Poetic Repetition) لەسەر (٣) ئاست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

- ئاستی دەنگی.
- ئاستی بونیاتی .
- ئاستی دەلالەتی.

با لە ناونیشانی هە ردوو دەقەکەوە دەست پێبکەم: (کەی ئەگەی پەیاتریس؟) وە ( ئەفیونی من)، کە دەقنووس ئەوانی هەم کردووەتە قوفڵ و هەم کلیل. ئەوان قوفڵن، چونکە نە دەزانین پەیاتریس کەی دەگات و بۆ شاعیر چاوەچاویەتی بگات و (ئەوکەسە) کێیە؟ هەروەها نازانین دەقنووسێکی هۆشیار، بۆچی (کەسێك یان شتێك) دەکاتە ئەفیونی خۆی و خۆی پێ بێهۆش دەکات؟ بەڵام کە شوێن پێی سەرچاوەی ناونیشانی دەقی یەکەم هەڵدەگریت و (پەیاتریس) دەناسیتەوە یەکسەر کلیلە دەدۆزیتەوە، کاتێکیش چەند دێڕێکی دەقی دووەمیش دەخوێنیتەوە، لە نهێنیی کاریگەریی ئەو (ئەفیون)ە تێدەگەیت وکلیلەکەت دێتە ناو مست.، ئەو دەڵێ:

**چۆن درەوشانەوەی ڕژاوت کۆکەمەوە**

**کە تۆ هەمیشە پەیمانەم پڕ داگیرسان ئەکەیتەوە.** (٧)( ئەفیونی من ١)

**هونەری گەڕانەوە لە ناونیشانی دەقەکاندا:**

هیچ شاعیرێکی هاوچەرخی کورد. بەقەد کەریم دەشتی خوولیایی هونەری گەڕانەوە لە ناونیشاندا نییە. ئەوەتا لە قەسیدەی (باز) دا، (٢٨) جار (کۆتا گەڕانەوەی Anadiplosis Repetition بەکار هێناوە. (کۆتا گەڕانەوە) واتا وشەی دووبارە بۆوە لە کۆتای دەستەواژە یان ڕستەدا. ئەو، سێبەرە ناونیشانی زۆری نووسیوەتەوە، وەك (ڕەگەزی باز، سەحەرەکانی باز، فڕینەکانی باز، سەفەرەکانی باز، بەرزبوونەوەکانی باز، سەراوەکانی باز، بێچووەکانی باز، خەمەکانی باز، نهێنییەکانی باز، تەنهاییەکانی باز، گریانەکانی باز، مەعشوقەکانی باز، یاداشتەکانی باز، پاییزەکانی باز، ڕەنگەکانی باز، بارانەکانی باز، سووتانەکانی باز، ئێوارەکانی باز، تورەیەکانی باز، کەوتنەکانی باز، غەریبەکانی باز، باڵەکانی باز، ئەشقینی باز، خەڵوەتەکانی باز، گۆرانییەکانی باز، سەرابەکانی باز، زیندانەکانی باز، وەسیەتەکانی باز) (٨) لە قەسیدەی (کتێب)دا (٢٦) سێبەرە ناونیشانی گەڕاندنەوەی هەیە و لە قەسیدەی (پەرستگای سرووت) دا (٣٢) و لە قەسیدە ( شێوەن) یش (٢١) سێبەرە ناونیشانی داناوە.

**هونەری گەڕانەوە، لەم دوو ناونیشانە کامیانن؟**

مەرج نییە گەڕانەوە، هەر دووبارە بوونەوەی یەك وشە یان یەك دەستەواژە یان یەك ڕستە و دێڕ و کۆپلە بێت. (گەڕانەوەی فرە فۆڕم Tautology Repetition) بەو گەڕانەوە دەگوترێت کە لە قالبی وشەی جیاوازدا هەست بە بۆن و بەرامە و شکڵ و ڕوخساری دەکرێت و لە خودی وشەدا دووبارە نابێتەوە.(٩) جا ئەگەر کۆبەرهەمی دەقنووس وەربگرین، دەبینین هەردوو ناونیشانەکە (گەڕانەوی فرە فۆڕمی) یان تێدایە، هاوشانی(کەی ئەگەی پەیاتریس؟) زۆرن، وەك ناونیشانی (ئۆلیس، زۆربا، میدۆز، مارکۆپۆلۆ، ئورفیووس، فێرژیل لە تەمتومان)، ئەو لە دەقی(فێرژیل لە تەمتومان) ئاماژە بە زیندووی(پەیاتریس)

دەکات لە ناو ڕۆحی خۆیدا، کە ئەمەیش دووبارە بوونەوەیەکی دیکەیە لە قالبێکی تردا. ئەو دەڵێ:

**هەتا چاو هەتەرکا**

**پانتایی ترووسکەی زیوین بوو**

**پیاتریس دەهات**

**لەتارای قومێکا وەك مەستی**

**هە ستی داگرتم....** (١٠)

هەرچی ناونیشانی (ئەفیونی من)ە بە دوو شێوە گەڕانەوەکەی دەبینین کە دەچنە ژێر مانشێتی(گەڕانەوی فرە فۆڕمی)، یەکێکیان ئەوەیە کە دەقنووس دەقی (گەڕانەوەی تارژەن) هەیە و بە ناوی (ڤالیۆم) ئەم دەقەشی تۆماری کردوە و دەڵێ:

**ئەو هەوارە ڕەشەمەی چامەی درێژی ڤالیۆم بارە**

**ڕەشەمەی دڵی تەنەکە و عاتیفەی ناو**

**قووتی مزە.....** .(١١)

لێرەدا ( ڤالیۆم = ئەفیونی من)، شێوازی گەڕانەوەکەی دیکە لە ناو فۆڕمی ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانە دایە کە دەقەکەیان سیخناخ کردووە بە دووبارە بوونەتەوە لە شێوەی جیاوازدا- بە درێژی دێینەوە سەر ئەم خاڵە.

گوتەیەکی کچە شاعیر و نووسەری هیندی(Sanober Kha) هانم دەدات ئیزافەیەکی تریش بخەمە سەر ئەم بڕگەیە، چونکە ئەو دەڵێت:" ئەوەی بۆت وەگیری دەکەوی لە شیعردا، هەڵی هێنجە، هەڵی هێنجە، هەڵی هێنجە، هەستکردن بە وشەکان باشترە لە تێگەیشتنیان."(١٢) کەواتە بائەمەش لە ناونیشانەکان، هەڵێنجم:

(گەڕانەوەی جەفەنگی Symbolic Repetition) کە لە ژێر چوارشێوی وێنەی ڕەمزئامێز و جەفەنگ و هێمادا خۆی نیشان دەدات، لێرەدا حووزوریان هەیە. بە گوتەی (ئەدۆنیس): شیعری هاوچەرخ لێوانلێوە لە کۆنتراست، چونکە ئازار و ئەشکەنجەکانی شاعیر هێندە زۆرن، ناچار، هانا بۆ گەڕانەوەی

ڕەمزئامێز دەبەن، کە دەرهاویشتەی ئیحای خەیاڵی فراوانی خۆیانە. (١٣) لە هەردوو ناونیشانەکەدا، تارماییەکی گەڕانەوەی جەفەنگی، بوونی هەیە. بڕوانە، ناونیشانی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟) پرسیارێکی دوو مەبەستە، یەکێکیان: هاوارە بۆ فریادڕەسێك بە هانایەوە بێت. ئەوەکەی تریان، خۆ دڵدانەوە و چاوەڕوانییەکە بۆ کەسێ کە بەڕێ کەوتووە دەبێ بگاتەجێ. لە کەلتووری زۆر نەتەوە و ئاینزاکاندا ئەم (چاوەڕوانییە) نەك هەر ئومێدبەخشە بەڵکو ئیتقاد و باوەڕیشە. ئەوەتا کریستیانەکان چاوەڕوانی (هەڵسانەوەی مەسیح Resurrection) ن و ساڵانە چەژنەکەی بەرز ڕادەگرن.(١٤) شیعە ئاینزاکانیش لە چاوەروانی(مەهدی چاوەڕوانکراو ـ مهدی المنتظر) دان، ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەو دوانزدەمین پێشەوایەیان، کە لە دەرووبەری ساڵی (٨٧٤) ی زایندا، باوکی لە دەست ستەمکارانی سەردەمدا، هەوڵی شاردنەوەی دەدات، دواتر ون دەبێت و ئێستا سەرجەم شوێنکەوتوانی ئەو مەزهەبە چاوەڕیی دووبارە دەرکەوتنەوەی ئەون کە پێ و قدومی ئاشتی و خێر و خۆشی پێوەیە.(١٥) جا زۆر ئاسایە کە (مەسیح و مەهدییە چاوەڕوانکراوەکەی) دەقنووسیش (پەیاتریس) بێت! لە ناونیشانی (ئەفیونی من) یش، وێنە ڕەمزئامێزەکە، لە کردەی (ئاڵودەبوونی دەقنووس بە ئەفیون) خۆی دەنوێنێ، چونکە خوێنەکەی ئەو فێری (ئاڵودەی) ئەو مادده بووە، هەمیشە و بەردەوام تێری نەکات، شێتی دەکات، لێرەدا چوونەوە سەر ئەفیوەنەکە، یەکسانە بە گەڕانەوە ڕەمزییەکە.

ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد، دەچێتە ژێر سایەیی (ئاستی دەلالەتیی، لە گەڕانەوەدا). چونکە ئاماژەکان ئاستی دەنگی و ئاستی بونیاتی لە گەڕانەوە، ناگرنەوە. ئەگەر قسەیەکیش لە سەرئاستی دەنگی بکەین، دەبینین کە ناونیشانی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟) شیعری ترە لە (ئەفیونی من)، چونکە گەڕانەوەی مۆڕفیمی و بڕگەیی پتری تێدایە وەك (کە، ئە، گە، پە / کەی، گەی، پەی / یا، یس/ پەیا، تریس)، ئەمەیش مۆزیك و ئاوازێکی

خۆش بە پەیامگر دەبەخشێ. هەرچی ناونیشانی دووەمە هەر ئاوازی گەڕانەوەیی (فی، نی / ون، من)ی تێدایە. دەقنووس مەبەستیشی بووە (هێز Stress ) بخاتە سەر دەستەواژەکەن بە ئیزافەکردنی جێ ناوی (من)، بۆیە نەیگوتووە:(ئەفیونم یان ئەفیونەکەم) . ئەوە جگە لەوەی کە ناونیشانی (ئەفیونی من)، هاودەنگ و هاوڕەنگی، لە شیعری کوردیدا زۆرە، وەك: (ئەڤینی من، یاری من، دولبەری من، پاییزی من، دایکی من، نیشتمانی من... ).

ئەو خاڵەی کە بوونێکی شەفافی لە دوو ناونیشانەکەدا هەیە و کۆڵەگەیەکی سەرەکیی لێکۆلینەوەکەمانە و قسەو باس هەڵدەگرێ و دەقنووس زۆر خۆی پێوە هیلاك کردووە، (هونەری زایاندن)ە.

**(هونەری زایاندن) چییە؟**

لە فەرهەنگی هەنبانە بورینە دا هاتووە:" زاند: منال هێنان، زارۆ پەیابوون"(١٦) بەپشت بەست بە زاراوەسازییی، بەندە، زاراوەی (زایاندن) ی بۆ وشەی (تولید)ی عەرەبی و وشەی (generate)ی ئینگلیزی، داتاشیووە، کتومت وەك زاراوەی (شیاندن).

قۆناغی (زایاندگەرایی Generativism) لە ئەدەبدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ڕابردوو. لە ئاکامی ئەو کۆمەڵە تیۆرییە زمانەوانییانە هاتە کایەوە کە زمانناسی ئەمەریکای (Noam Chomsky١٩٢٨ - ) لە کوتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوی کردەوە و هێندەی پێ نەچوو پەل و پۆی بۆ بوارەکانی فەلسەفە و دەروونناسی هاویشت و بۆ بە کۆڵەگەیەکی قایمی بونیاتی زمانەوانیش. کە ئەو کتێبی(بونیاتی ڕستە ڕێژەیی Syntactic Structure) ی لە ساڵی (١٩٥٧) چاپکرد، سەروبەری تیۆرییە زمانەوانەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندە وە گۆڕی. ئەو پوختەی تیۆری زایاند لەوەدا کورت دەکاتەوە کە"زمان

داینەمۆێکی تایبەتمەندە، توانای زایاندنی ژمارەیەکی بێ سنوور لە وشە و دەستەواژە و ڕستەی نەبسترا و نەبینراوی هەیە کە پێشتر کەس پێیان ئاشنا نەبووە. زمان تەنیا ئەو قامتە وشە و ڕستانە نییە کە منداڵ لە باوانیەوە دەیبیستی و دوبارەی دەکاتەوە." (١٧)

دواتر، زایاند لە زمانەوانیدا، چەند بابەتێکی سەربەخۆی داهێنا کە شارەزای و پسپۆڕی لە کایەیەکی زمانەوانیدا وەرگرت، وەك:

١. (زایاندنی ڕێزمانی Generative Grammar): بۆ هەر جۆرە ڕستەیەك ڕێژەیەکی زمانەوانی (formula) داڕێژرا، کە دەکرێ بێسنوور ڕستەی تری پێ داڕێژین و وەك قالب بەکاری بێنین.

٢.(تیۆری بونیاتی قوول Deep Structure Theory): واتا لە لۆژیکی زمانەوانیدا، داهێنانی بونیاتی جیاواز، کارێکی شیاوە و شکاندنی پێوەرەکان هێندی جار، دەبنە مایەی زایاندنی وشە و ڕستەی نۆێ بەبێ ئەوەی زمانەکە بشێوێنێ.

٣.(جیاوازییەکانی نێوان بونیاتی قوول و بونیاتی ڕووکەش

: (Deep Structure & Surface Structure Differentiates)

دەکرێ لە بونیاتی ڕووکەشی سادەی زماندا، وێنەی نموونەیی داڕێژین کە سیمای بونیاتی قوولی تێدا بێت، چونکە زمان هاوکێشەیەکی هاوسەنگ و تەبایە، وەك دەریا شتە مردووەکان بە خۆ ناگرێ و فڕێیان دەداتە کەنارەوە. (١٨) ئەمەیش لەسەر ئەو بەراییەی کە هەموو زمانێك دەستورێکی سێ پایەی خۆی هەیە کە بریتییە لە - ئەمانە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمانن، دواتر فراوانتر شێیان دەکەینەوە:

- یەکەی ئاخاوتن و شێوازی بونیاتنانی.
- یەکەی فەرهەنگی.
- یەکەی دەنگی. (١٩)

کاتێ هەوادار و شوێنکەوتوانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە، کەوتنە ژێر کاریگەریی چەمگ و یاسا و دەستوورەکانی ئەم تیۆرییە، بە کردە، کەوتنە پراکتیزەکردنی بڕگەکانی و فێربوون کە چۆن وشەی تازە دابتاشن و ڕستەی نەبیستراو دابڕێژن ــ وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کە شەپۆڵی ئەم تیوریيە گەیشتە کەنارەکانی زانستی فەلسەفە و دەروناسیش ـ بە هەمان شێوە، شاعیر و ئەدیبەکان، کەوتنە کەڵکەڵەی ئەوەی کە ئەگەر شیاو بێت ڕستە بزێت و ڕستە بنێتەوە، بۆ کارێکی شیاو نییە، ئەگەر بیرۆکە بزێت و بیرۆکەی نوێ بنێتەوە. زۆر لە پێشتریش(١٨٧٩ - ١٩٥٥ Wallace Stevens) گوتوبووی:" شێوازگۆرکێ لە گۆڕینی مانای وشە دایە."(٢٠) ئەوەبوو کە کۆمەڵە شیعرێکی(١٦٢١ - ١٦٩٥ Henry Vaughan ) چاپکرایەوە و و ڕەخنەگری ناسراو (١٩٢٨ - Arno Esch١٩٥١) لە ساڵی (١٩٥٠)، هەڵسەنگاندنی بۆ کرد و بۆ یەکەمین جار زاراوەی ( زایاندنەوە Regeneration )ی بەکارهێنا و دوو ساڵ دواتر (Robert Durra) ی ڕەخنەگریش، هەڵسەنگاندنی وردتری بۆ دەق و لێکۆڵینەوەکە کرد.(٢١) بەم شێوەیە زاراوەیەکی ئەدەبی نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی کارێکی ئەدەبی کلاسیکی بەکارهاتوو بوو بە ڕێچکە شکێنی کەشفکردنی لایەنە شاراوەکانی هونەری زایاندن.

لەڕاستییدا، هونەری زایاندن لە ئەدەبدا بە هەردوو بەشەکەیەوە: ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراو، لە مێژە بوونی هەیە. چەندین نموونەی دەقی فۆلکلۆری و شیعری کلاسیکی و نوێی کوردیمان لەبەر دەستە، کە بەو پەڕی کارامایی و شارەزاییەوە هونەری زایاندیان تێدا بەر جەستە کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی عەفەوی و بێ نەخشە و پلان ئەنجام دراون. (٢٢) ئەفلاتون، زیرەکانە، دەرکی بە حاڵەتێکی شاراوەی شیعر کردووە کە دەڵێ:" شاعیر شتی هێندە مەزن و حەکیمانە دەبێژێت، کە خۆشی تێیان ناگات."(٢٣) جا کە ئێمە لە شاکارەکانی ئەحمەدی

خانی و بابەتاهیر و  نالی و مەحوی و گۆران و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و پەشێو و قوبادی جەلیزادە و...تاد، ناکۆڵینەوە وباش تێیان ناگەین، ئەوە خەتای شاعیرەکان نییە کە باشتر خۆیان پێ نەناساندووین، بەڵکو ئەوە خەتای ئێمەیە کە هەوڵی ناسینی ئەوانمان وەك پێویست نەداوە! دەنا کە بەندە تیشك دەخاتە سەر هونەری زایاندنی شیعری، لە دوو دەقی کەریم دەشتیدا، ئەوا مانای ئەوە نییە کە (ئەو)، داهێنەری ئەو هونەرەیە، داهێنانەکەی ئەو لە دوو خاڵ دا دەخەمە ڕوو ـ دواتر بە بەڵگە شیان دەکەمەوە:

- دەقنووس بە بەرنامەڕێژی و بە تێگەیشتن لە هونەری زایاندن، ئەزموونەکەی خۆی تۆمار کردووە .

- دەقنووس بەو کارەی، دەستپێشخەری دەکات، کە ئاستی شیعری کوردی بگەێنێتە ئاستی ئەدەبی جیهانی و دابڕانی تێنەکەوێ ـ هەر نەبێت لەم بوارەدا. ئەمەیش بە ئەزموونێکی کوردی.

با دوای ئەم ڕاڤە کردنە سەر پێییەی  هونەری زایاندن، بگەڕینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، وەك گوتم: ئەو خاڵەی کە بوونێکی شەفافی لە دوو ناونیشانەکەدا هەیە و کۆڵەگەیەکی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەمانە و قسەو باس هەڵدەگرێ و دەقنووس زۆر  خۆی پێوە هیلاك کردووە، (هونەری زایاندن)ە. با لە ناونیشانی (کەی ئەگەی پەیاتریس)ەوە دەست پێبکەین، بزانین چۆن لە هزر و هۆشی دەقنووسدا بیرۆکەیەك دروست دەبێت و دواتر بیرۆکەی تر دەزایێنێت. چەقی بیرۆکەی دەقەکە، (پەیاتریس)ە. کەواتە بۆ باشتر تێگەیشتن، با بپرسین:

**ـ ئەرێ! ئەو (پەیاتریس)ە کێیە؟**

پەیاتریس ناوی کارەکتەرێکی شاکارە مەزنەکەی (دانتی ١٢٦٥ ـ ١٣٢١Dante Alighieri ) یە کە بە (کۆمیدیایی خودایی La Divina Commedia) ناسراوە. (٢٤) دانتی لەم شاکارەیدا، کۆمەڵێك

ڕەخنە لە پیاوانی ئاینی دەگرێ. ئەم شاکارە ئەدەبیە مەزنە تا ئێستا کاریگەری لەسەر نووسەر و ڕوناکبیرانی جیهاندا هەیە، دانتی فیکری ئاینی ڕەتدەکاتە و فیکری نیشتمانی و پاراستنی کەلتوور بە باشتر دەزانێت. ئەو، وەك شاعیر، کاریگەری زۆری لەسەر دروستبوونی سەردەمی ڕێنیسانس هەبوو.

کچێك نانەوایەك بە ناوی(١٢٦٦ - ١٢٩٠ Beatrice Portico) کە دراوسێی دانتی دەبێ لە شاری فلۆرێنس، هەرچەندە تەمەنی هەر هەشت سالآن دەبێت، دڵ و گیانی دانتی لە ئاهەنگێکی (May Day) بۆ لای خۆی ڕادەکێشت و ئەو کوڕەلاوەکە هەر سالێك لەو گەورەتر دەبێ، بە یەکەمین بینینی. شێت و شەیدا دەکات. دوای نۆ سالآن، بۆ جاری دووەم، دانتی بۆ ماوەیەکی کورت ئەم کچۆڵەیە دەبینێتەوە و کۆنە برینی عیشقی سارێژنەکراوی دەکوڵنێتەوە. ئەم کچە شوو بە کۆڕە نانەوایەك دەکات و دوای سێ ساڵ، لە تەمەنی (٢٤) ساڵیدا جوانە مەرگ دەبێ و دانتیش کچێکی دیکە دەخوازێت و کۆزێك منداڵی لێ دەبێ.

دوو ڕووداوی سەرنج ڕاکێشەر، ژیانی دانتی دەگۆڕن: کە دانتی بۆ جاری دووەم لەسەرە کۆلآنێکدا، چاوی بە (Beatrice) دەکەوێت کە لەگەڵ دوو کچی تر دەبێت، شێت و شەیدا دەبێ، کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بەدەم بیرکردنەوە لەو کچە، دەخەوێ، ئەو کچە لە خەودا دەبینی و دەبێتە ئیلهامی نووسینی شاکارە مەزنەکەی ـ (کۆمیدیای خودایی) ـ جا بۆ بەرزراگرتنی خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو کچە، نازناوی (پەیاتریس Petrarch) لە جیاتی ناوی (Beatrice) دەداتە یەکێك لە کارەکتەرە مەزنەکانی. ڕووداوەکەی دیکە ئەوەیە، کە دانتی تا مردنی، دوای بینینەوەی ئەو کچە ـ ئەگەرچی ژنیش دێنێ ـ دەبێتە دێوانەیەکی خۆشەویستیی یەزدانیی پاك (و هەموو ژیانی خۆی، وەك سۆفییەك، بۆ ئەو کچۆڵە جوانەمەرگە لە عیشقێکی ئەبەدیدا دەسووتێنێ. (Courtly Love) و هەموو ژیانی خۆی، وەك سۆفییەك، بۆ ئەو کچۆڵە جوانە مەرگە لە عیشقێکی ئەبەدیدا دەسووتێنێ.

کەریم دەشتی، ناوی ئەو کچەی کردۆتە ژێلەمۆی گڕدانی ئەو خەرمانە شیعرەی خۆی و(پەیاتریس) ی لە دەقێکی جوان و زیندوودا، بە ئەدەبی کوردی ئاشنا کردووە. چۆن؟

دەقنووس دەستپێکی پرۆسەی هونەری زایاندنەکەی، لە ناونیشانەکەوە کەڵەکەچن کردووە، ئەو وەك شاعیرێکی خوێنەر و باخەبەر ـ سەفەری دەقەکەی لە سەدەی سێنزەدمینەوە دەست پێ کردووە تا ئەم چرکە ساتەیەش، بە نێو زەمەنی دەقە کراوەکەی دا، بەردەوامە و تا ئێستا (٥) قۆناغی تێپەڕاندوە و ئەگەری قۆناغی ئایندە و مەجهولیش زۆرە. با وردتر ئەلقە ئەلقەی ئەم زنجیرە قۆناغانە بکەینەوە:

قۆناغی یەکەم: جوانی(Beatrice)، ⟵ دانتی شاعیر شێت و شەیدا دەکات

قوناغی دووەم: (Petrarch) ی شاکاری(کۆمیدیایی خودایی)، تەقەموسی کەسێتی ⟵ (Beatrice) دەکات.

قۆناغی سێیەم: ڕۆحی(Beatrice) ی جوانەمەرگ، دانتی دەکاتە شاعیرێکی سۆفیی، غەرق بوو ⟵ لەعیشقی یەزدانی.

قۆناغی چوارەم:(Petrarch) ی شاکاری(کۆمیدیایی خودایی)، دەستی کەریم دەشتی دەگرێ بەرەو هەواری دەقێکی لە دایك نەبوو. ⟵

قۆناغی پێنجەم: لەم هەوارەدا، هونەرە شیعری زایاندن، دەقێکی (٧٩) دێڕی بە دەقنووس دەبەخشێت. ئەویش ڕۆحە سۆفییەکەی دانتی ⟵ تەقەمووس دەکاتەوە.

قۆناغی شەشەم: ئەگەری زایاندنی دەقی تر دەرگای والآیە، چونکە خودی دەقەکە، تا ئێستا، بازنەی کراوەیە. بەرەو (مەجهول) دەڕوات، دوور نییە شاعیری سێیەم (؟)، لەم سەرچاوەیە بخواتەوە و بەردەوامی بە پرۆسەی زایاندنی بیرۆکەکان بدات وبەرهەمێکی تر تۆمار بکات. ⟵

بەڵام، پرۆسەی هونەری زایاندن لە ناونیشانی (ئەفیونی من) دا، بە پێچەوانەی ناونیشانی یەکەم دەبینم، بەو واتایەی کە قۆناغەکان ئاوەژوو کراونەتەوە، ئەویش(٤) قۆناغی بینیوە، بەڵام پشتا و پشت دەستی پێکردووە. واتە ناونیشانی (ئەفیونی من) لە دەقەکەدا، دوابەرەیە نەك نۆبەرە. با ئەمەیشتان بۆ خووردکەمەوە ــ وەك من دەیبینم:

قۆناغی چوارەم: ئاڵودەببونی دەقنووس بە (سووتان) و زایاندنی دەستەواژەی (ئەفیونی من). ⟵

قوناغی سێیەم: بەردەوام بوونی سووتانی دەقنووس و خامۆش نەبوونەوەی گڕوبڵێسەی ئاگرەکە. ⟵

قوناغی دووەم: گڕگرتنی دەقنووسی سۆفیگەر، لە نێو ئاگرێکی بی ئاماندا. ⟵

قۆناغی یەکەم: چەکەرەکردنی عیشقێکی سۆفیگەرانە لە دڵ و ڕۆحی دەقنووسدا. ⟵

نامەوێ پتر سەری خوێنەر بەم دوو ناونیشانە بهێشێنم، بۆیە لێرە، بەتۆپزی نوقتە دادەنێم.

پێش ئەوەی دەست بە ڕەخنە شیتەڵکارییەکەم بکەم، بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر، لە ژێر کاریگەری گوتەیەکی شاعیری مەزن (T. S. Eliot ١٩٥٥ - ١٨٨٨) ئیزافەیەك دەکەم، کە دەڵێ:" شیعری ڕەسەن دڵت دەسمێ، پێش ئەوەی تۆ تێیبگەی."(٢٥) دەڵێم، بەبێ ئەوەی پێ بزانم، ئەم شیتەڵکارییە دەستم دەگرێ بەرەو دەروازەیەکی تری جیهانی ڕەخنە کە (ئەدەبی بەراوردکاریی خودییە)، کە ئەمیش لقێکی (ڕەخنەی بەراوردکاریی Comparative Criticism) یە. ئەم ڕشتەیە لە ئەدەب: گەشەیێکە، لە باڵاترین گەشەی کاری هەڵسەنگاندنی ئەدەبی،(٢٦)، کە لەجیاتی ئەوەی بەراوردکاری لە بوارێکی تایبەتدا، لە ئەدەب، لە نێوان بەرهەمی دوو نووسەر یان دوو نەتەوە یان دوو کەلتوور... ئەنجام بدات، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی لە نێوان دوو

بەرهەمی یەك نووسەر یان یەك نەتەوە یان یەك کەلتوور ... دەکات. کەواتە، ئەرکی بەندەشە، لە لێکۆڵینەوەی ئەم دوو دەقەی کەریم دەشتیدا، ئەم بوارەش ـ کەم تا زۆر ـ بەسەر بکەمەوە.

**هونەریی بونیاتگەری زایاندن وگەڕانەوەی شیعری لە دوو دەقەکەدا:**

**یەك: هونەریی بونیاتگەری زایاندن لە دوو دەقەکەدا:**

ئەگەرچی شێوازی بونیاتی دوو دەقەکە لە فۆرم و پێکهاتە و دەنگ و کێش و ئاستەکانی گەشەکردن زۆر جیاوازن، بەڵام لە هونەری زایاندندا، یەك کۆلکەی هاوبەشیان هەیە. دەقنووس پێش وەخت ئامادەکاری ئەو هونەرەی لە هزر و زەینی خۆیدا بەرجەستە کردوو. بێگومان، شیعرداڕشتن، بونیاتنانی (تاوەری خەلیفە) نییە، تا چەند هەزار نەخشەیەکی پێشوەختی بۆ ئامادە بکرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشیدا، بۆ شاعیری ڕەسەن، بەڕەلایی و گەمە و گاڵتەجاڕی نییە، ئەکید ئەو دەزانێ چی لە خەیاڵە و بەرەو کوێ دەفڕێ! ئەمەیش کارێکی هەروا ئاسان نییە چونکە، وەك شاعیری (Sanober Khan) دەڵێ:" تا بڵێیت ئەرکی شاعیران لەم هەسارەیەدا پڕ زەحمەتە، ئەوان بێ دەنگی دەکەنە ڕەوانبێژی."(٢٧) جا بە پشت بەستن بە هونەری زایاندن، لەم (بێ دەنگییە) لە دەقی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟)، دەقنووس، ملەوکانەیەکی (١١) دنکە مەرجانی دەهونێتەوە و هەر بیرۆکەیەك لە زاندانی بیرۆکەکەی پێش خۆی لە دایك دەبێت. بە هەمووشیان یەکەیەکی ئەدەبی لە شیعری هاوچەرخی کوردی دەخولقێنن.

**دەقنووس چۆن هەنگاوەکانی، لەم دەقەدا، هەڵگرتووە؟**

(Munia Khan١٩٨٢-) دەبێژێت:" تەنیا شاعیر دەتوانێ مێژوو (ڕابردوو) بگۆڕێت یان ڕابگرێت، کاتێك لە دەقێکدا دووبارەی دەکاتەوە:" (٢٨) ئەو مێژووەی کە دەقنووس، لێرەدا، دووبارەی کردۆتەوە و گۆڕیوویەتی بۆ بەرهەمێکی تری جیاواز لە شکڵ و

ناوەڕۆك و زمان و خەیاڵ و هزر، (عیشقە سۆفیگەییەكەی دانتی یە). كە بەم (١١) بیرۆكەیەدا بەرجەستەی كردووە:

١) تەمێك: كە خەیاڵی پەیاتریسە، لە گۆپلەی دووەمدا، بەر چاوی دەقنووس دەگرێ و دەبێتە سەرەتای زایاندن:

**"تەمێك دێت ڕستەی شیعرم لەتاوان زەرد ئەبێ و ناتوانێ چركەیەك ڕایبدا"**

٢) بێتۆییم: گەڕان بەدوای حەقیقەت و گومانەكانی دانتی دا:

**" لە پاوانی كەسكی ئەویندا بێتۆییم كردۆتە قەراری زمانم ئاو ئەدا"**

٣) تەنهایی: گەڕانەوە بۆ واقیع و خۆ بینین لە ئاوێنەی ڕاستیدا:

**"تەنهایی پەیمانە شەرابی سپێدەی شكاندووم، تریفەی شیعری لێ هەڵڕشتووم"**

٤) من لە تۆ تۆ لە من: دۆنان دۆن سەرهەڵدا، كە " پرۆسەی گواستنەوەی ڕۆحە لە جەستەوە بۆ ناو جەستەیەكی دیكە." (٢٩)

**"من لە تۆ تۆ لە من ئەوینی بەخشندە و نەمامی هەزاران نهێنی چاندووە"**

٥) نائومێدی: دوای درێژ بوونەوەی چاوەڕوانییەكەی هاتنی پەیاتریس:

**"شەوێكی درێژە سەرتاپای ڕێگەشم گیراوە تژی لە چۆڕاوگەی برینم"**

٦) مەحاڵ: ئێستا دەقنووس دێتە و هۆش و تێدەگا، گەیشتنەكەی ئەو مەحاڵە:

**"هاتووم و دەرگایێ نابینم كرانەوەی بە دوایێ ئەی مەحال"**

٧) چیی بكەم من: گەڕان بە دوای چارەسەر بۆ كردنەوەی گرێیەكان:

**"چی بكەم من تا شەوقی ئەو گرە ئازادیم بۆ بكا بە ڕەنگی تواوەی دوو باڵێ؟"**

٨) نەخشە و پلان: بۆ گەیشت بە مەحاڵ، كە ئێستا پەیاتریسە:

**" دوو باڵم لە باخی مەلستان هێنابوو تا پێم لە سارای خاك بێتەوە"**

٩) ترس: لە سەرنەگرتنی پلانەكەی و نەگەیشتن بە خودای عیشق"

**" ئەترسم بێمە ناو دڵتەوە بێ بە ئاو هەڵڕێژێ یەكجاری نەتبینم"**

١٠) عیشقی یەزدانی: ئەو قۆناغەی کە دەقنووس بە دوایدا وێڵە و خۆی دەخیلی پەیاتریس دەکاتەوە و دەیکاتە ئامراز:

**" نه شكا، توایەوە ئێستاکە ئاوازە**

**ئینجانەی دڵم بوو کەوتە بەر ڕووناکی تەبەشی پەیاتریس توایەوە**

**ئەوەتا بارانی توانەوەی دڵی من لافاوی خستە ناو ئۆقیانووس**

**ئەوینی جاوێدانی دڵی تواوەی من بۆ تۆیە پەلکی زەیتوونی دەم مەلان"**

١١) نەمری و خلود: کە دەقنووس و دانتی شەونخونیان بۆ کێشاوە.

**" ئەزانم ڕووناکیت ئەمکاتە ئاوی جاویدانی زێ بە زێ ئەڕژێمە چاوانەوە"**

ئەمەیە سەرەوە دوایین دێڕی دەقەکەیە.

**ئەدی تەکنیکی دەقنووس لە هونەری زایاندنی دەقی ( ئەفیونی من) چییە؟**

ئەم دەقەیان بازنەیەکی داخراوە، نە سەرەتای دیارە و نە کۆتایی، کە ئەمەیش هێمای نەمریی (خوداوەندییە)، تیرەی بازنەکە، تیرەی ژینگەی دەقنووسە، بە گوێرەی تڵیسانەوە و هەڵکورمان و وێڵ بوون و مەودای فڕینی باڵەکانی، وەك بازێکی پەت لەقاچی بەستراوە بە مێخ زنجێرێکی چەقاو، بچووك و گەورە دەبێتەوە. وەکو دەقەکەی دیکە، دەقنووس خۆی کووشتووە، هەر بۆ ئەوەی بگاتە (نەمری) لە ڕێگەی نووسینەوە، وەك (Sanober Khan) گوتەنی:"دەنووسم، چونکە هەر ئەوە شك دەبەم بە تۆم بگەیێنێت." (٣٠) جا لەبەر ئەوەی شیعر هۆنینەوە، وە (Katerina S. Klemer) دەڵێ: کارێکە لەسەروی سروشتەوە (Supernatural)، کە هەر دەبێ کارێکی وابێ، (٣١) (ئەوا دەقنووس ئەم (تۆ) یە، دەکاتە ئەو چەخماخەی خەرمانەکەی ڕۆحی پێ ئاگر دەدات و لە شانۆگەرییەکی (١٧) پەردەیدا، (١٧) جاران زایاندنی شیعری ئەنجام دەدات. ئەمەیش گرتەی پەردەکانە:

١) تۆ: ئەو دنکە شقارتەیەیە کە دەقەکەی پێ ئاگر دەدات و پرۆسەی (سووتان) ی پێ بەرجەستە دەکات:

**"من پێویستم بە تۆ هەیە تا داگیرسێم"**

٢) داگیرسان: سەرەتایەك بۆ ئاگر گرتن لە پێناو بەردەوام بوونی سووتانەکە:

**" تا داگیرسێم من پێویستم بە تۆ هەیە"**

٣) درەوشانەوە: هەموو سووتانەکە وەسیلەیەکە بۆ ڕاونانی تاریکی لە ڕێی درەوشانەوەدا:

**"پێویستی من بە تۆ تاریکی ناو درەوشانەوەیە "**

٤) کوژانەوە: کە جەستە سووتا، ماددە نەما، سووتان دادەمرکێتەوە، حەقیقەتێکی فیزیکییە:

**" بۆیە زوو زوو ئەکوژێمەوە"**

٥) خۆڵەمێش: تاکە پاشماوە فیزییکییەکەی ئاگرە، بەڵام بە زمانی شیعریی:

**" بەڵام هەمدیس لە خۆڵەمێشما ئەدرەوشێیتەوە"**

٦) درەوشانەوی ڕۆح: لەسەروی سروشتەوە، دەقنووس لە خۆڵەمێشدا درەوشانەوە دەدۆزێتەوە ـ لە برِگەیەکی تردا وردتر ئەم خاڵە شیدەکەمەوە ـ:

**"چۆن درەوشانەوەی ڕژاوت کۆکەمەوە"**

٧) ئەفیون: ئێستا دەقنووس ئاڵوودەبووە بەسووتان، ئەفیونەکەی (ئاگرە):

**"کە تۆ هەمیشە پەیمانەم پڕ داگیرسان ئەگەیتەوە"**

٨) چۆنیەتی داگیرسانەکە: لەسەرەتادا ئاڵووەبوونەکە خۆشیی بەخشە و بە چێژەن وەکو هەموو ماددەیەکی سڕکەر:

**"لە دیمەنێکدا تەوتەمی کە دروودت بۆ ئەنێرم**

**وەك پووشی زیو دائەگیرسێم"**

٩) سووتانی بێوچان: سووتان و کوژانەوە و توانەوە و داگیرسانەوە هەموویان یەکسانن بە یەك شت (بەرقەراری لە سووتاندا:

" تۆ وەك درەختێ ڕەشەبا لێی ئالآ بێ هەدادانت نییە

تا بۆ ساتێ بتوانم تەماشات بکەم و نەکوژێمەوە"

١٠) ئۆرگازمی سووتانەکە: گەیشتن بە خۆشترین و سەخترین پلەی بەرزەکەی سووتان ـ بڕوانە ئەمە لە ناوەڕاستی پڕۆسەکەدا ڕوودەدات، کە لێرە قۆناغی دەیەمە:

"من نوقمی ناو تاریکی و تارمایی ئەبم

دەرکەوتنت ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا دروست ئەکات"

١٢) موناجاتی بەهۆشخۆهاتنەوە: ئاڵوودە بوو هەمیشە مەست نییە، جار جارە دێتەوە نێودنیای یەقین:

" بانگت ئەکەم دەنگم وەك پووش ئاگر ئەگرێ

سەیرت ئەکەم نیگام وەك گەلآ ئەوەرێ

کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە سەرم پڕ لە وێنە ئەبێ

یەك یەك بۆ ئاسمان هەڵئەفڕن

کاتێکیش چاو ئەکەمەوە بوومەتە قەیرێ خۆڵەمیش

ڕژاومەتە سەر کاغەز و قەڵەم و کتێبەکانم"

١٣) ئیرەی بردن بە سووتان: دەڵێی (Criss Jami) بۆ خاتری دەقنووس گوتیەتی:" شاعیری ڕەسەن هێندە وەستایانە مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، خەڵکی حەسوودی بە ئازارەکانی دەبەن:"(٣٢)

" جەستەت کوانووی ڕووناکییە

ئەڵێی خۆری نیشتمانی منت

لەناو سینەی خۆتا بەند کردووە"

١٤) چارە: دەرباز بوون لە ئەفیونی (سووتان) بۆتە کارێکی مەحاڵ:

" بۆ ئەوەی نەسووتێم ئەچمەوە ناو ئاگر

بۆ ئەوەی نەخنکێم ئەچمەوە ناو دەریا

بۆ ئەوەش تەڕ نە بم ئەچمەوە ژێر باران

تا نەخشەی بێتۆیی تێبگەم

هەر ئەبێ شکستی ڕەنگەکان چابکەم"

١٥) لەت بوون لە نێوان بوون و (ئەو) دا: تەواو نوقم بوونی دەقنووس لە جیهانی بەئاگایی و بێئاگایی، کە ڕەوشێکی دەروونیی، ئاڵوودە بوونە:

"هەم ژیان بەرەو خۆی ڕامئەکێشێ

هەم تۆش بەرەو خۆت ڕامئەکێشی"

١٦) خۆکوشتن بە سووتان: دەقنووس تەسلمی قەدەر دەبێت و بەدمەستانە لە باوەشی (تۆ) یەکەدا دەخەوێ:

" من باڵەکانم بەرەو بەرزاییەکانی تۆ ئەکەمەوە

تۆ فڕینم قۆڵبەست ئەکەی

من لە نێو ئاگاهییەکاندا مەلە ئەکەم

تۆش هەمیشە مەستم ئەکەی"

١٧) خەونی نەمریی: دەقنووس دەیەوێ لە سووتاندا نەمریی خۆی بنووسێتەوە، وەك

( ١٩٢٤ – ٢٠١٤ Carolyn Kizer) گوتەنی:" شاعیران خوولیای مەرگ و دابڕانن:" (٣٣)کە ئەمەیش بێ هۆکار نییە"

" دوور و نزیکی دوو چەمکن

وەك دەرگای دوو دەری شەون

شەوان ئەبن بە مۆتکە

سپێدان ئەبن بە خەون"

ئەمەیش دواین دێری دەقەکەیە.

کە لێرەدا (سپێدان ئەبن بە خەون) دونیا نەمرەکەی شاعیرە کە چاوەڕوانی هاتنیەتی. بڕوانن چۆن کۆتای دەبێتەوە سەرەتاو

بازنەکە وەك خۆی دەمینێتەوە و پرۆسەی سووتانەکە دەست پێدەکاتەوە (ئەمجارەیان، لەڕێی پەیامگرەوە  کە دێتە نێو دەقەکە.)

دوای شیکردنەوەی میکانزمی  هونەری زایاندن  لە دوو دەقەکەدا، با بادەینەوە بۆ سەر ئەو کۆلکەهاوبەشەی نێوانیان، کەپێشتر ئاماژەمان پێدا بوو. شاعیر نە مامۆستایە و نە وتاربێژ، ئەو هەمیشە سەرقاڵی خۆ دەربڕینە لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی هەستەکانی خۆی نەك لە ڕێی کرووزانەوە تا پەیامگر هەستی بۆی ببزوێت و بۆی بتلێتەوە. کەرەستەی خاوی ئەو، بۆ ئەم هەست دەربڕینە، وشەیە. شانۆنووسی جیهانی( ١٩٠٦ - ١٩٨٩ Samuel Beckett) دەڵێ:" شاعیرەکان هەست و هۆش و فەیلەسوفەکان ژیریی مرۆڤایەتین:" (٣٤) ئەوان دەزانن کە خۆشەویستی فەنا ناکرێت، لەبیر خۆبردنەوەشی، هەر درۆیەکی گوریس کورتە، چونکە ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە (نەمریی) لە (خۆشەویستی) دایە. بڕوانن لە هەر دوو دەقەکەدا ئەوە (خۆشەویستیی و نەمرییە) کاریان لەسەر کراوە و ئەسڵەن ڕۆحی دوو دەقەکەن. لە هونەری زایاندنی شیعریدا، هەموو دەقێك دوو ڕووی هەیە: دەقی دیار و دەقی شاراوە (یان نادیار Visible and Invisible Texture) دەتوانین ئەو ڕووە شاراوەی دەق، لە بونیاتی قوولی هونەری زایاندندا بدۆزینەوە. (Deep Sturture) ئەمەش بەبێ شیکردنەوە تێگەیشتن لە ئاستی (دال و مەدلولی) دەقەکەدا ڕاڤەی کردنی ئاسان نییە. تا "روئیای شاعیر بە بەڵگەی بەرچاوی شیعریی(لە هونەرکاریەکانی شیعردا) دەستنیشان نەکرێت و ئەو ئیجا خەیاڵاویەی دەقەکەی تەقاندۆتەوە، نیشان نەکرێت، ئەوا ئاڵوگۆڕی نێوان ئەو دال و مەدلوولە وا ئاسان نییە:" (٣٥) لەم دوو دەقەدا، سێبەر و تارمایی (ناماقول و نایەقین و عەدەمگەرایی) بوونیان نییە . بۆ؟ چونکە لە حزووری خۆشەویستی و نەمریدا، ئەوان دەڕونەوە. ئەمەیش کارامایی دەقنووس نیشاندەدات لە خۆناسینی خۆی لە جیهانی شیعریی مەعریفەی یەقیندا(١٩١٣ - Lucien Goldman١٩٧٠)

دەڵێ:" هەر تێڕوانینێکی مرۆی لەدەرەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی مرۆڤ بێت، نازانستانەیە، چونکە هەموو ئەلقەکانی ڕۆشنبیری مرۆڤ بەیەکەوە گرێدراون." (٣٦) ئەمەیش لە هونەری زایاندنی شیعریی هاوسەنگی نێوان جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوە ڕادەگرێت، بۆیە هەر دەقێکی شیعری ڕەسەن دوو ڕووی هەیە: دەقی دیار و دەقی نادیار.

**یاریکردن بە وشە، لە پرۆسەی زایاندنی هونەریی دوو دەقەکەدا:**

وەك کچە شاعیری ئەمەریکی (Lucille Clifton٢٠١٠ – ١٩٣٦) دەبێژێ:"مرۆڤ لە پۆل و حوجرەدا فیری یەکەم شیعر نەبوو! کە ئەو لە ئەشکەوت و جەنگەڵەکاندا هاتەدەرێ و سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی وبە تێڕامانەوە هاواری کرد (بەهـ! بەهـ! ئەمە یەکەمین شیعرە!)"(٣٧) هەمیشە شاعیر موحتاجی (ئاسمانێکە) تا بیکاتە یەکەمین شیعری خۆی یان شیعرە نۆێیەکەی خۆی. دەبێ ئەو (ئاسمان)ەی دەقنووس لەم دوو دەقەدا چی بێ کە (١٥٠) دێرشە شیعری بەسەردا باراندووە؟

پێت سەیر نەبێ کە دەڵێم، وشەیەکی چوار پیتی دوو بڕگەییە: (ئاگر)، کە کورد (ئاور و ئاهر و ئایەر و ئاتەر وئێگر)یشی پێ دەڵێ. (٣٨) دەقنووس شارەزایانە کاری لەسەر (٤) ڕەهەندی ئەم وشەیە کردووە:

- ڕەهەندی فەرهەنگی: وەك پێناسەی سادەی وشەکان کە لە فەرهەنگدا هاتوون.
- ڕەهەندی بونیاتی: چۆنیەتی تەوزیفکردنیان بە پێی دەستووری زمانەوانی.
- ڕەهەندی دەنگی: قۆزینەوەی دەنگ و ئاواز و ریتم و کێش و ئاوازەی وشەکان لە پێناو خزمەت کردنی ئیقاعی دەقەکە.
- ڕەهەندی شیعریی: وێنا کردن و وێنەی هونەری، بە کارکردن لەسەر سیفەتە جیاوازەکانی (خێزانی ئاگر).

لەم دوو دەقەدا، (١٠٧) جار وشەی (ئاگر) و (سێبەرەکانی ئاگر) دووبارە بووینەوە . (٢٤) جار جارانیش( ئاڵوگۆڕیی بە وشەیەکی تروە پێکراوە، کە کۆی وشەکان دەکاتە ( ١٥٢) وشە. وشەکان بەسەر (٤) گۆمەڵەدا پۆلین دەکرێن:

١) ڕووناکەرەوەکان: کە ژمارەکەیان (٨٠) وشەیە، وەك: تیشك، بریقە، ڕووناکی، داگیرسان، سکڵ، خۆر، گڕ، سووتان، شەوق، چرا، تریفە، کوورە، ڕۆژهەلآت، مۆم، درەوشانەوە...تاد.

٢) تاریکایی: کە ژمارەیان(٢٧) وشەیە وەك: کوژانەوە، خۆڵەمێش، خۆربەند کردن، توانەوە، ڕۆژئاوا، شەو، تارمایی، شەوەزەنگ، شەوتوونەك... تاد.

٣) جێگۆڕکێ: گۆڕینەوەی (ئاگر) بە (شەراب)، ئەمەیش (٢٤) وشەیە،وەك، مەی، شووشە، مەست، خەست، لێوڕێژ، قوم قوم، قەیتانێك، مەینۆش، پێك....تاد.

٤) سێبەری ئاگر: ئەو وشانەی بۆن وبەڕامەی سیفەتێك یان سیفەتەکانی ئاگریان هەڵگرتووە، وەك: زیو، زێر، زەرد، چلوورە، سپی، ئەڵماس، کاغەز....تاد. ئەمانەیش (٢١) وشەیەك دەبن کە (ڕووناکی و تاریکایان تێدایە).

ڕێژەی وشە (ڕووناکەرەوەکان) نزیکەی سێ بە رانبەری وشەکانی (تاریکایی) ین، ئەمەیش گەشبینی دەقنووسمان نیشان ئەدات.

وشەی (پەیمانە) یش (٥) جاران لە دوو دەقەکەدا، دوبارە بۆتەوە وەك ئامرازی جەختکردنەوە یان کوردییانە بڵێین (وەک مەرجانە دروەشاوەکەی شەراب)

ئەمەیش خشتەی پۆلین کردنی وشەکانی ( ئاگر / شەراب) ە/ سیبەری ئاگر:

| خشتەی وشەکانی ( ئاگر / شەراب / سیپەری ئاگر) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەق | ڕووناکەرەوەکان | تاریکایی | جێگۆڕکێ | سێنەری ئاگر | کۆی وشەکان |
| کەی ئەگەی پەیاتریس؟ | ٥٧ | ١١ | ١٤ | ١٥ | ٩٧ |
| ئەفیونی من | ٢٣ | ١٦ | ١٠ | ٦ | ٥٥ |
| کۆ | ٨٠ | ٢٧ | ٢٤ | ٢١ | |
| کۆی گشتیی | | | | | ١٥٢ |

تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر، دوو وێنەی هونەری لەم دەقانە وەردەگرم، بۆ ڕەواندنەوەی گومان لە وەستاکاریی دەقنووس لە مامەڵەکردنیدا لە گەڵ (ئاگر) و (شەراب)ەکە. ئەو لە دەقی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟) کۆپلەی چوارەمدا دەڵێ:

**" تەنهاڕی پەیمانەی شەرابی سپێدەی شکاندووم، تریفەی شیعری لێ هەڵرشتووم ماندووم و هەمیشە ڕائەکەم تا بگەم بە زناری سپی کەمەر و ئاگرسا داگیرسێم"**

دەقنووس (٥) جاران وشەی (پەیمانەی) لە دوو دەقەکەدا بەکار هێناوە، لێرەشدا کراوەتە ئەستوندنکی(تەنهایی) و ئەو، هەموو ڕایەڵەی(شەراب و سپیدە و تریفە و هەڵڕژان و زناری سپی و ئاگر ئاسا و داگیرسانی) پێدا شۆڕکراوەتەوە و لە وردەکارییەکی پڕ ڕەوانبێژی، جێگۆڕکێ بە مەغزای واتاکان کراوە و هونەرمەندانە یاری بە (شەراب و سپیدە / تریفە و شیعر / ئاگر و داگیرسان)کردووە: سپێدە دەروازەی بەیانییە، بەیانییەکی خاڵی لە شووشە شەراب (چونکە شکاوە)، تریفە دەستەخوشکی شەوە، ئەوە شەوەی تاریکی شیعری خنکاوە(چونکە شەرابی سرووشیان لێ هەڵڕشتووە). زناری سپی، کینایەیە بۆ باوەشی یار، کە لەوێدا گڕی تێبەردەبێ و دادەگیرسێ (چونکە ناوك سەنتەری جەستەیە وخاڵی لێك گرێدانەکانە). بڕوانە ماهییەتی گەرمایی و شەوقی (شەراب)ەکە هیچی لە تین و بڵێسەی ئاگرەکە کەمتر نییە!

لە نموونەی دووەم دا، چۆنیەتی پرژانی ئاگری ئەوینەکەی دەقنووس نیگارکیش دەکەم، ئەو لە کۆپلەی هەشتەمی هەمان دەقدا دەڵێ:

**"چراکەت داگیرسان دڵی من بەو شەوقە گڕی گرت لە مێژە توایمەوە**

**شەوقێکە ئەوینت زەیتی ئاو دەماری خوێنیەتی ئەسپی دڵ تاو ئەدا**

**تا هە تاش ئە و دڵەم بەو گڕە بسووتێ هێشتاکە ناگاتە گەشی ڕووت**

**هەربۆیەش چی ڕستەی شیعرە وا لە زمانی بەرزیی مانادا دەئاڵێ**

**چی بکەم من تا شەوقی ئەو گڕە ئازادیم بۆ بکا بە ڕەنگی تواوەی دوو باڵێ؟"**

وشەکانی(ئاگر) لەم کۆپلەدا: (چراکەت، داگیرسان، بەو شەوقە، گڕی گرت، توایمەوە، شەوقێکە، بەو گڕە، بسووتێ، گەشی ڕووت)، (٥) وێنەی هونەرییان دروست کردووە، کە هێندێکیان شەمع و چراخانەکانی حوجرەکانی ناڵی و ساڵم و وەفایمان وەبیر دێننەوە: وێنەی داگیرسانی چرایەك، کە نازانرێ چرایە یان چاو، دڵێك دەسووتێنی و وەك شەم دەیتوێنێتەوە / شەوقێك دەبێتە خوێن، ئەسپی دڵ دەکاتە بروسکە/ پرشەنگی دڵێکی سووتاو، لە بەرانبەر شەوقی ڕوومەتێك دادەمرکێتەوە/ تێکئالآنی واتا ومانای دەقێك وەك دوو ماری ئاشقەوماشقە/ (جوانترین وێنەی کۆپلەکەش)، داهێنانی دوو باڵەکەیە کە لە ئازادییدا فەراهەند بکرین و لە شەوقی گڕێکی ئەبەدی ڕەنگی توواوەیان بۆ بگیرێتەوە تا ئە و دوو باڵەی پێ ئارایشت بکات.

**دوو: هونەریی بونیاتگەریی گەڕانەوەی شیعری لە دوو دەقەکەدا:**

لەم بڕگەیەد، خۆم بەدوور دەگرم لە کوتانەوەی ئاسنی ڕاڤەکردنی ئایتمەکان، خوێنەریش، پتر نرخاندنی هونەری گەڕانەوە و کارامەیی دەقنووسی لەم بوارەدا بەلاوە گرنگترە. چونکە"بونیاتی گەڕانەوە لە بونیات و زمانی شیعری هاوچەرخدا، سیستمێکی تایبەت بەڕێوەدەبات، خۆی لەناو کۆمەڵێك چەشن دەبینێتەوە، سەرچاوەی ئەم سیستمەش لە ناخ و قولآیی داهێنان و ئەزموونددا دەبینێت. ئەو توانستەی هەیە کە

ئەم دەرەتانە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی گەورەترین هەل بۆ گەڕانەوە بڕەخسێنێ و چڕترین کارگەریش ببەخشێت. ئەم پڕۆسەیە تخوبی دەسەڵاتەکانی دەرەتانی ڕستەسازی و وشەسازیی زمان و دەبەزێنێت، لە یەك کاتدا دەبێتە دەروازەی ئامرازی مۆسیقا و دەلالەت بەخشین."[٣٩] چونکە دەقنووس لە ڕێی هونەری گەڕانەوە، هەموو ئەو چەمکانەی سەرەوەی لەم دوو دەقەدا، تەوزیفکردووە، هەر چەند نموونەیەك دەخەینە بەردەست ـ قسەکردن لەسەر هەمووان ئاوێکی زۆر دەوێ ـ

• **(گەڕانەوەی هەڵگەڕاوە Antistasis Repetition)** ، کە ئەو واتایانە دەگرێتەوە دژبەیەکن و لەسەریەك ئاستدا هاوتەریب نابن، زۆر بە کارامەیی نمایشکراون، وەك:

**"ڕووناکی وەك با بە ئاڕستەی تۆ هەڵئەکات**

**من نوقمی ناو تاریکی و تارمایی ئەبم**

**دەرکەوتنت ڕۆژهەڵاّت و ڕۆژئاوا دروست دەکات"** ( ئەفیونی من ٥)

• **(گەڕانەوی بەسەریەك(Diacope Repetiti)** ، کە تێیدا وشەکان جێگۆڕکێ پێدەکرێت، سیمایێکی دیاری شیعری کەریم دەشتییە، وەك:

**"من لە تۆ تۆ لە من ئەوینی بەخشندە و نەمامی هەزاران نهێنی چاندووە."**( کەی ئەگەی پەیاتریس ٥)

• **(گەڕانەوەی دووسەرە Gradatio Repetition)** ، دوا وشە یان دەستەواژەی دێرەکە، لە سەرەتای دێڕی دواتر دووبارە دەبێتەوە، وەك:

**" پێویستی من بە تۆ تاریکی ناو درەوشانەوەیە**

**درەوشانەوی تۆ پەیمانەی من بە تاڵ ئەکات"** ( ئەفیونی من ١)

• **(گەڕانەوەی سەرەتایی Anaphora Repetition)** ، کە لەسەرتای دێرەکاندا بە دوای یەکتری دادین و ئاوازێك بە دەقەکە دەبەخشن وەك:

**"بۆ ئەوەی نەسوتێم ئەچمەوە ناو ئاگر**

**بۆ ئەوەی نەخنکێم ئەچمەوە ناو دەریا**

**بۆ ئەوەی تەڕ نەبم ئەچمەوە ژێر باران "(** ئەفیونی من ٨)

• **(گەڕانەوەی سەرەتا و کۆتا** Symploce Repetition) لە یەك دێرشدا دەبینرێت، وەك:

**"هەموو شتەکان نزیکن دووری تۆ نەبێ**

**هەموو شتەکان دوورن نزیکی تۆ نەبێ"(** ئەفیونی من ١١)

• **(فرەگەڕانەوە** Repetition Multiple) ، کە چەند چەشنە دووبارە بوونەوەیەك لە دەقێکدا دێتە بەرگوێ، وەك:

"تا ئێستاش دەنگەکان هەروا دێن دەنگی تۆن، لە تاوێر و تاشەکاندا ئەزرینگێنەوە

تا ئێستاش ڕەنگەکان هەروا دێن ڕەنگی تۆ لە گیادا ئەپژێ." ( کەی ئەگەی پەیاتریس ١١)

• **(کۆتا گەڕانەوەی** Anadiplosis Repetition) ، کە هەمیشە لە کۆتای دێرشدا دوبارە دەبێتەوە، وەك:

**"هەم ژیان بەرەو خۆی ڕامئەکێشێ**

**هەم تۆش بەرەو خۆت ڕامئەکیشی"(** ئەفیونی من ٩)

• **(گەڕانەوە پێداگریی** Epimone Repetition) ، دەقنووس جەخت لە دووبارە بوونەوی وشەیەك یان دەستەواژەیەك دەکات، بە مەبەستی زەقکردنەوەی خاڵێك. وەك:

**" من پێویستم بە تۆ هەیە تا داگیرسێم**

**تا داگیرسێم من پێویستم بە تۆ هەیە "** ( ئەفیونی من ١)

• **(گەڕانەوەی سەرچاوەیی** Polyptoton Repetition) ، ئەمەیش داڕشتنەوەی چەندین وشەیە لە چاوگی وشەکە، جا وشە نوێیەکان فەرهەنگی بن یان داتاشراو و سازکراو، وەك:

**" لە دیمەنێکدا تەوتەمی کە دروودت بۆ ئەنێرم**

**وەك پووشی زیو دائەگیرسم**

**لە دیمەنێکدا ئاوێکی سپی سپی**

**کە بۆ داگیرسانت دێم ئەکوژێتەوە"(** ئەفیونی من ٢)

• (گەڕانەوەی پلەدار Progressive Repetition) لەم گەڕانەوەیەدا دەستپێك ڕستەیەكی ڕاگەیاندنی خەبەرییە، ڕستەی تر، لە فۆڕمی جیاوازدا، بەدوای خویدا دێنێت و هەر جارەی بیرۆكەیەكی تازەی هەڵدەگرێت، وەك:

**"لە دیمەنێكدا تەوتەمی كە درووودت بۆ ئەنێرم**

**وەك پووشی زیو دائەگیرسم**

**لە دیمەنێكدا ئاوێكی سپی سپی**

**كە بۆ داگیرسانت دێم ئەكوژێتەوە"** ( ئەفیونی من ٢)

• ( گەڕانەوەی دەنگی Phonetic Repetition) ، ئەمەیش مورفیم، حەرف، دەنگ و بڕگە دەگرێتەوە. ئەم چەشنە گەڕانەوە ڕووبەرێكی فراوانی دوو دەقەكە ڕووپۆش دەكات، بۆیە هەر ئامازە بەیەك نموونە دەكەین:

**" بانگت ئەكەم دەنگم وەك پووش ئاگر ئەگرێ)"** (ئەفیونی من ٦)

ئەو ئاواز و دەنگانەی دووبارە دەنەوە بریتین لە:( بانگ، دەنگ/ ئەك، وەك / با، ئا / ئە، دە، ئە / ئاگر، ئەگر / نگ، نگ ).

پەیامگری بە سەلیقە، دەتوانێ نموونەی گەڕانەوی ڕەمزی، گەڕانەوی وێنەیی، گەڕانەوەی بەرایی(ڕتمی)... تاد، لەم دوو دەقەدا دەست نیشان بكات.

**ڕووە ناشیرینەكانی هونەری گەڕانەوە:**

مەرج نییە ئارایشتكردنی سیما و ڕوخساری دەقەشیعر بە هونەری گەڕانەوە، هەمیشە وێنەی جوانكاری و ڕەوانبێژی و داهێنانی ئەدەبی درەوشاوەی لێ بكەوەێتەوە، بەپێچەوانەوە، سیخناخكردنی دەقەشیعر بە جۆرەكانی گەڕانەوە جگە لە خنكانی دەق و ڕەواندنەوەی پەیامگر و نیشاندانی بێ دەسەڵاتی دەقنووس هیچ شتێكی تری لێناكەوێتەوە، ئەگەر دەقنووس خاوەن ئەزموون و ئەرشیڤێكی مەعریفی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی باش نەبێت، ئەوا قەڵەمەكەی دەكەوێتە ژێر تەپكەی (گەڕانەوە).(٤٠)

بۆچی؟ چەنکە بەکارهێنانی جۆرەکانی گەڕانەوە، بە شێوەیەکی نەشارەزایانە:

- پەیامگر بێزار دەکات و خۆڵ و خاشاکی (گەڕانەوەکان) ژینگەی چاو و گوێ و دەروون دەشێوێنن.
- بێ دەسەڵاتی زمانەوانیی دەقنووس، لە فەرهەنگ و بونیاتی زمانەوانی، نیشاندەدا.
- خودی دەقەکە، لە ڕوخسار و ناوەرۆك و دەنگ وشێوازدا، زامداردەکات و دەشێوێنێ.
- کەریم دەشتی، بلیمەتانە، ئەو خاڵانەی تێپەڕاندووە و ڕووە جوانەکانی هونەری گەڕانەوەی جوانتر کردووە، ئەمیش لە ڕێی:
- بەکارهێنانی زۆرترین موفرەدەی فەرهەنگی و زمانەوانی، وەك بینیمان تەنیا بۆ (خێزانی ئاگر)، پتر لە (١٥٢) ئایتمی بەکارهێناوە.
- نوێکردنەوەی وێنە هونەرییەکان و خۆ بەدوورگرتن لە کاوێژکردن و خۆجووینەوە و سمکۆڵکردن.
- بەستنەوەی پەیامگر بە ناوەڕۆکی دەق، بە شێوەیەك، وەك تەماشاچی شانۆ، تامەزرۆ بێت زوو لە پەردەێکەوە بچێتە پەردەێکی تر.
- کارکردن لە پێناو پێشکەشکردنی یان بەرجەستەکردنی ئەزموونێکی نوێی ئەدەبی لە داهێنانێکی نوێ دا (ئەوەندەی بۆی کرا بێت)

**بونیاتی موسیقای دوو دەقەکە:**

کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە نوقمی ئاواز و ڕیتم و کێش و مۆسیقای ناوە و دەرەوەی بڕگە و وشە و کوپلە و دەقە. (٤١) لێرە، هەر ئاماژە بە کێشی دەقەکان دەکەین، چونکە بابەتەکەمان سنووردارە. دەقی (ئەفیونی من) کێشەکەی چوار بڕگەیە و لێوانلێوە لە ئاواز و هارمۆنی:

**قامیشەڵلاّنێکی سەوزی  ٤ + ٤**

**دونیات پڕ لە نەی کردووە  ٤ + ٤**  ( ئەفیونی من ٧)

هەرچی دەقی (کەی ئەگەی پەیاتریس؟) ە، کێشەکەی سێ بڕکەیە، کە قورسترین کێشی شیعری کوردییە لە داڕشتندا، شاعیر بۆیە ئەم کێشەی هەڵبژاردوە، چونکە دەزانی ناوەرۆکی دەقەکەی درێژکەرەوەی ڕووداوێکی شاکارە مەزنەکەی (دانتی) یە و دەبێ ئاستەکەی باڵا بێت. ئەمە بەشێکە لە کۆپلەی (١):

**هێندێ جار شەوقی تۆ ئە بێتە شمشێرو بینایم لەجوانی لەت ئەکات**

٣+٣+٣+٣+٣+٣+٣

**بۆێکە لە باخچەی داگیریسان شیعرم لە تریفەی ناو گۆزەی شەو دەکا**

٣+٣+٣+٣+٣+٣+٣

بەداخەوە، لە چوار دێڕدا، لەنگی، لە کێشەکەدا هەیە، نازانم هەڵەی چاپە یان شاعیر بە ئەنقەست سنوورەکەی شکاندوە، کە پێموایە ئەو حەز لەو مۆسیقای ناهاڕمۆنی شیعری ناکات!

**تەلەسمی ئەفسانە لە دەقەکاندا:**

ناڕاستەوخۆیانە، سێبەری دوو ئەفسانە لە نێو دێرەکانی دەقەکاندا دەبینرین:

یەك: ئەفسانەی باڵندەی قەقنەس، کە لە میتۆلۆژیای زۆر نەتەوەدا هەیە، باڵندەیەکی خەیاڵییە، لە ناو خۆر هێلانە چێدەکات، هەموو جاری دوای ئەوەی دەبێ بە خۆڵەمیش، باڵ لێکدەداتەوە دەچێتەوە ناو هێلانەکەی. دەقنووس لە قەسیدەی (ئەفیونی من) دا دەڵێ:

**"بۆیە زوو زوو ئەکوژێمەوە**

**بەڵام هەمدیس لە خۆڵەمێشما ئەدرەوشێیتەوە**

**چۆن درەوشانەوەی ڕژاوت کۆکەمەوە**

**که تۆ هەمیشە پەیمانەم پڕ داگیرسان ئەکەیتەوە"** (کۆپلەی ١)

دوو: چیرۆکی لافاوی نوح: که له سەر تابلۆ خشته قوڕەکانی بابیلی به ناوی (تۆفان) تۆمارکراو ه که ـ له ساڵی (١٨٥٣) دا دۆزرایەوە ـ، له داستانی (گلگامێش)ی ئەکەدی ناوی هاتووه که ـ له ساڵی (١٨٧٢) دا دۆزرایەوە ـ ، له هێندێك داستانی یۆنانییەکانی دێرین باسکراوه و له هەر(سێ) کتێبه ئاسمانییەکاندا :(تەورات و ئینجیل و قورئان) به وردی ئاماژەی پێدراوه. (٤٢) له قورئانی پیرۆزدا، له سورەتی (هود: ٤٤) دا هاتووه:

"وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ." (٤٣)

دەقنووس له قەسیدەی (کەی ئەگەی پەیاتریس ؟) دا دەڵێ:

**"ئەوەتا بارانی تواوەی دڵی من لافاوی خستە ناو ئۆقیانووس**

**ئەوینی جاویدانی دڵی تواوەی من بۆتە پەلکی زەیتوونی دەم مەلان)"** (کۆپلەی ١٢)

خوێنەری بەڕێز، وێنه هونەرییەکانی ئەم دوو دەقە، لێکۆڵینەوەی سەر بەخۆ هەڵئەگرن. بۆیه لێرەدا چاویان لێدەپۆشم. تەنیا ئەوەنده دەڵێم، که له دیدی منەوە، هەشتەمین کۆپلەی دەقی (ئەفیوونی من) شا کۆپلەی هەر (٢٥) کوپلەکانه، که ئەڵێ:

**بۆ ئەوەی نەسووتێم ئەچمەوە ناو ئاگر**

**بۆ ئەوەی نەخنکێم ئەچمەوە ناو دەریا**

**بۆ ئەوەش تەڕ نەبم ئەچمەوە ژێر باران**

**تا نەخشەی بێتۆیی تێکبدەم**

**هەر ئەبێ شکستی ڕەنگەکان چابکەم**

**هەموو شتەکان له بنەوە بەرەو سەر ڕائەکەن**

**ماناش له قووڵایی و ناخدایه**

**هەر بۆیەش ناچارم تا هەتا**

**بۆ ناو قووڵاییەکان ڕابکەم**

چەند سەرنجێکی سەرپێی:

- لە دێڕی

"ئەوەتا بارانی تواوەی دڵی من لافاوی خستە ناو ئۆقیانووس"

دەستەواژەی (ڕژاندە) شیاوترە لە دەستەواژەی (خستە ناو).

- لە دێڕی:

"لە دیمەنێکدا ئاوێکی سپی سپی
کە بۆ داگیرسانت دێم ئەکوژێتەوە"

شیاوترە بڵێین: (ئاوێکی سپی سپیی) واتا: تۆ ئاوێکی سپی سپیت

- لە دێری:

"بەفرێکی ئەستوور و چەمێکی بەخووڕی و منیش ئەشقێکی گڕگرتوو"

کێشەکەی هاوسەنگترە بڵێین:

( بەفرێکی ئەستوور و چەمێکی بەخووڕی و منیش سۆی ئەشقێکی گڕگرتوو)

**ئـاکـام:**

- هەر دوو دەقە بەزمانێکی شیعری تۆکمە و ڕەوان و پاراوی پابەندی دەستووری زمانی کوردی داڕێژراون و مۆری (دەنگی) دەقنووسیان پێوە دیارە.
- هەردوو دەقەکە خاوەن بونیاتێکی قوولی پڕ هونەرەی شیعری و ڕەوانبێژی و زمانەوانین. (Deep Structure) لە ئاوێنەی هەردوو قەکەدا، دەقی دیار و دەقی شاراوە بوونیان هەیە.
- دوقنووس، وەستاکارییەکی ورد و شارەزایانەی لە هونەری زایاندنی شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە و ئەزموونێکی سەرکەتووانەی خستۆتە ئەرشیڤی شیعری کوردی.
- دەقنووس لە یاریکردن بە هونەری گەڕانەوەی شیعری، زۆر مەعلانە و هونەرزانیی زۆری تێدا کردووە.
- هەردوو دەقەکە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی و ئەدەبیی لە چەندین بواری شیعریدا هەڵدەگرن. شیعری هاوچەرخی کوردی

- هەم عەوجە بەم چەشنە دەقەیە و هەم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی قوول .

وەك( سەلمان ڕۆشدی ١٩٤٧ ـ ) گوتەنی:" کاری شاعیرە ناو لە بێ ناوەکان بنێت، پەنجە بخاتە سەر ڕووە ڕەش و تەڵخەکان، مشتومڕ بنێتەوە، دنیا لە قالب بداتەوە و نەهێڵێت بخەوێت." (٤٤) لەسەر توێژەر و لێکۆڵەریشە هەموو ئەو شتانە بدوزێتەوە و بنرخێنێ لە دەقەکانی ئەواند و پەیامگری بێ شادبکات.

تێبینی: تۆماری دوو دەقەکە لە دوا کۆتایی ئەم بابەتەیە.

٢٩ / ٩ / ٢٠١٥ کۆیە

---

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


1)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17694.pdf

٢) قورئانی پیرۆز، . سورەتی الشعراء (٢٢٤ . ٢٢٦).

3)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17694.pdf

٤) د. ئازاد ئەحمەد، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ١٦٧

٥) رجاء عيد، لغة الشعر، قراءة في الشعر العربي الحديث، منشأة المعارف، (دط)، الإسكندرية، مصر، ص ٦٠

٦ ) محمود سليمان ياقوت، علم الجمال اللغوي، ج١، دار المعرفة الجامعية، (دط)، ١٩٩٥، مصر، ص٤٩٩

٧ ) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢١٩١، ٢٠١٥/٨/١٠

٨ ) دیوانی کەریم دەشتی، ب ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ٢١٧

9) www/http://literarydevices.net/tautology

١٠) دیوانی کەریم دەشتی، ب٢، ل. ٥٩

١١ ) سەرچاوی پێشوو.

12)https://www.goodreads.com/author/quotes/8023620.Sanober_Khan

13)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17694.pdf

14)https://en.wikipedia.org/wiki/Jesus#Resurrection

15)https://ar.wikipedia.org/wiki/%
%D9%85%D9%87%D8%AF%D9%8A
D9%85%D8%AD%D9%85%D8%AF_%D8%A7%D9%84

١٦) هەژار، فەرهەمگی هەمبانە بۆرینە، تاران، سروش، ١٣٩١ف، ل. ٣٧٤

17)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL-3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=noam+chomsky

18)http://wordsdance.com/2013/07/50-powerful-quotes-about-poetry/

١٩) كوهن، جان النظرية الشعرية (البنية اللّغة الشعرية واللّغة العليا)، ترجمة، أحمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠، القاهرة، ص ٤٥٨، ٤٥٧

20)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=wallace+stevens

21)http://crossref-it.info/textguide/metaphysical-poets-selected poems/4/926

٢٢)* هونەری زایاندن و زایندگەرایی، لە ئەدەبی کوردیدا کاری لەسەرکراوە، کاتی ئەوە هاتووە پسپۆڕانی بواری ئەدەب توێژینەوەی ئەکادیمیانەی لەسەر بکەن،

23)http://wordsdance.com/2013/07/50-powerful-quotes-aboutpoetry/

٢٤) * عەزیز گەردی ئەم کارەی کردووەتە کوردی.

25)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=T.+S.+Eliot

26)http://www.torch.ox.ac.uk/comparativecriticism

27)http://wordsdance.com/2013/07/50-powerful-quotes-aboutpoetry/

28) http://www.goodreads.com/author/show/6552863.Munia_Khan

٢٩) د. هاوژین سڵیوە. وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل. ٢٩٨

30)http://wordsdance.com/2013/07/50-powerful-quotes-about-poetry/

31)http://www.katerinaklemer.com ./

32)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=(+Criss+Jami.

33)http://www.britannica.com/biography/Carolyn-Kizer.

34)http://www.goodreads.com/author/show/1433597.Samuel_Beckett

35)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17694.pdf

36)https://en.wikipedia.org/wiki/Lucien_Goldmann

37)https://en.wikipedia.org/wiki/Lucille_Clifton

٣٨) سەرچاوەی ژمارە ١٦، ل. ٩

٣٩) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل. ١٦٩

40)http://www.mohamedrabeea.com/books/book1_17694.pdf

٤١) *بڕوانە کتێبی (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتیدا)، فازیل شەورۆ، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

42)http://www.gilgamish.org/printarticle.php?id=24496

٤٣) قورئانی پیرۆز، . سورەتی هود (٢٢٤.٢٢٦).

44)https://en.wikipedia.org/wiki/Salman_Rushdie

**تۆماری دوو دەقەشیعرەکە:**

## کەی ئەگەی پەیاتریس؟

**١**

**شووشەیێ شەرابی شینی ڕووت، پەیمانەم لێوڕێژی ئەزەلی با ئەکات**
**تەوقی گەردنی من زیوینەو هەناسە ئەبەخشێ بە تیغی دوو دەمی نەمانم**
**هەندێجار شەوقی تۆ ئەبێتە شمشێرو بینابیم لە جوانی لەت ئەکات**
**بۆیێکە لە باخچەی داگیرسان شیعرم لە تریفەی ناوگۆزەی شەو ئەکا**
**مەینەتبارە ڕەژووی ئەو دڵەم لە کوورەی ئەوینت بۆتە ئەڵماسی شین**
**لە ساتێ مەست بووە کە شەراب لەمێژە لە پەیمانەی منا خەست بووە**

**٢**

سەمایێ کە لە ناو لەپی با هەڵئەکا، وەك ئەوەی کە دەریا لە باوەشتا بمرێ
وەستانی زەمەنە بەسەر شەختەی ساردی جودایی و نایەڵێ گریانم تەواو کەم
تەمێك دێت ڕستەی شیعرم لە تاوان زەرد ئەبێ و ناتوانێ چرکەیەك رایبدا
ئەوەستم وێنەی تۆ وەها دەورم ئەدا تەیمانی زمانم ئەڕووخێ
ئەیبینم نایبینم  تارمایی جارانی ئەپۆشێ و ئەکەومە ناو دڵی ورێنە
وەهمێکە ژیانم دائەگرێ و دەرگایێ لە سەرم نامینێ جارێ بکرێتەوە
٣
من سەمای شیعرم هەڵبەستووە لە تونێلی سەخت ڕەوەزی زیویندا
ئەبەدیم ڕاوکردوە بێ پەروا قەفەزم وەك کۆتێ لە ملی ئازادی دادڕی
لە پاوانی کەسکی ئەویندا بێتۆییم کردۆتە قەراری زمانم تاو ئەدا
چەند سەختە ئەوینت ببێتە تەوتەمی پەرستگای پڕ تیری نەمانم
ئەچمەوە ناو دێرو کوختەکانی ژیان هەتا دێم حەقیقەت ببەخشە بە باخی گومانم
٤
تەنهایی پەیمانەی شەرابی سپێدەی شکاندووم، تریفەی شیعری لێ هەڵڕشتووم
ماندووم و هەمیشە ڕائەکەم تا بگەم بە زناری سپی کەمەرو ئاگرسا داگیرسێم
داگیرسانێك لە دڵ بەربووە عەوداڵی تاریکیم نایگەمێ رووناکیم بداتێ
تیشکی تۆ چەند گەشە بینایی لێ سەندووم، ئێستا بێ بینایی رەوەزان تەی ئەکەم
مەودایەکم پێ ببەخشە بۆ ساتێ بتوانم چاوی خۆم بۆ وێنەت بکەمەوە
چڵە گیایێ لە چیمەنی ئەدگارت بۆ ماڵی بیابانیم ببەمەوەو تەنیاییم بکوژێ
٥
لە دڵی ئاگردا خۆڵەمێش دیارە و لە دڵی ئاویشدا وشکایی
لە شووشەی زەویدا قووڵایی لە پۆڵای دڵی تۆش شەرابی جودایی
لە مندا دڵۆپێ خۆڵەمێش رۆحی تۆی لە تەم گرواندووە
من لە تۆ تۆ لە من ئەوینی بەخشندەو نەمامی هەزاران نهێنی چاندووە
خاك لەتاو هاتنت شەڵاڵی مەستییە لە نێو تەمتوومانی زەمەندا دڵی تۆش
پەیمانە وردووخاش بوو لە ژێر تاسەی شەرابدا ئاوەها دڵی منیش
٦

تەونێکت لە زنجیر چنیوە بۆ رۆحم فڕینی شلکردووم بۆ مەرگ
تیغێکت لە ئەڵماس ساوداوە بۆ ملم کوشتنی ئاوداوە بۆ دڵم
شەوێکی درێژە سەرتاپای رێگەشم گیراوە تژی لە چۆڕاوگەی برینم
ئەی شیعر دەروازەی مەرجانی ناخی خۆت بۆ قەڵەم هەڵڕێژە
بتوانم سەفایێ دارێژم کەون پاك کاتەوە بۆبەر پێی بینینم

٧

ئەو خوێنەم پڕ بووە لە سکڵی جوانیت سووتانی خۆشکردووم
کانیلەی چاوەی پڕ دەریا کردووەو لافاوە بۆ ناو رێی خنکانم هەڵچووە
من ئێستا لە ژێر تیشکی زێرکفتی خۆرەتاو مەلێکم مەبەستە بەسەرما رابووری
نە قەڵەم لە دەستم گیر ئەبێ و نە دڵم لە ناو زێی ئەوینت پیر ئەبێ
دوا قەترەی تەنهاییم وەك ئاڵتوون ئەرژێتە سەر زەوی غەریبی
هاتووم و دەرگایێ نابینم کرانەوەی بە دوایێ ئەی مەحاڵ

٨

چراکەت داگیرسان دڵی من بەو شەوقە گڕی گرت لەمێژە توایمەوە
شەوقێکە ئەوینت زەیتی ناو دەماری خوێنییەتی ئەسپی دڵ تاو ئەدا
تا هەتاش ئەو دڵەم بەو گڕە بسووتێ هێشتاکە ناگاتە گەشی رووت
هەربۆیەش چی رستەی شیعرە وا لە زمانی بەرزیی مانادا دەئاڵێ
چی بکەم من تا شەوقی ئەو گڕە ئازادیم بۆ بکا بە رەنگی تواوەی دوو باڵێ ؟

٩

دوو باڵم لە باخی مەلستان بۆ مەستیم هێنابوو تا پێم لە سارای خاك بێتەوە
دوو دیدگام لە شووشەی دڵی ماسییەکاندا هێنابوو قووڵایی جوانیت پێ ببینم
دوو دەستم لە لۆکەی تەمتوومان هێنابوو بیکەمە سەرینی ئەبەدی گەردنی ئاوینت
دوو داوە تیشکم لە ناو ماڵی خۆرەتاو دزی بوو بیبەخشم بە شەوقی رووخسارت
دوا جاریش ئاوازی ئازادیم هێنا بوو بۆ قەفەس و داگیرسێم لە شەوقی دیدارت

١٠

ئاوێکی سامگرتووی منیش مەلەوانێکی ترسنۆك ئەمەوێ بگەمە لێوارت بۆ ساتێ
گڕێکی بێ ترس و تەنکی، منیش دوو شاباڵی تەنکتر ئەمەوێ بچمە ناو بڵێسەت

بەفرێکی ئەستوورو چەمێکی بە خووڕی و منیش ئەشقێکی گرگرتوو

ئەترسم بێمە ناو دڵتەوە بێ بە ئاو هەڵڕژێی یەکجاری نەتبینم

١١

تا ئێستاش دەنگەکان هەروا دێن دەنگی تۆن، لە تاوێرو تاشەکاندا ئەزرنگێنەوە

تا ئێستاش رەنگەکان هەروا دێن رەنگی تۆ لە گیادا ئەپژێ

ئەوە دەنگانە سەدای  جوانییەکانی کەونە لە شەبەنگی تۆدا خەست بوونەتەوە

رەنگەکان تیشکی هەموو دارستانەکانە  شەڵاڵ بە ئەدگاری تۆ بووینە

بۆیە من لە هەموو دەنگێکا ئەکەوم و لە هەموو رەنگێکا زیندوو ئەبمەوە

١٢

نە شکا توایەوە ئێستاکە ئاوازە

ئینجانەی دڵم بووکەوتە بەر رووناکی تەبەشی بەیاتریس توایەوە

ئەوەتا بارانی توانەوەی دڵی من لافاوی خستە ناو ئۆقیانووس

ئەوینی جاویدانی دڵی تواوەی من بۆتە پەلکی زەیتوونی دەم مەلان

هەر بۆیەش ئەو چریکەی ئەیبیستی چریکەی ئەوینە ئەخوێنێ

کەون پڕ ئاوازی تۆ بووە ئاوازێ تا هەتا لە گەرووی ئاشقان ئەمێنێ

١٣

درەنگە درەنگ سێ بەتڵی شەو راشکاوە، بەڵام تۆ هەر لە ناو چاوما ئەدرەوشێیتەوە

بە هەزاران هەزاران رەنگ دەورەدراوم، دڵم پڕ مەلی رەنگاڵە بووی سپێدانە

هەستم ئەکرد پەنجەکانم بوونەتە فرشە و چۆن ئەموەشاند دەفتەریان پڕ لە رەنگ ئەکرد

رەوە رەوە تاریکی شەو نووتەك و شەوەزەنگ لە ناو لەپی مندا ئەمرد

بەیان ئەنگووت بەڵام لەبەر تیشك و تاوی رووخساری تۆ هەستم بە زەمەن نەئەکرد

١٤

تۆ لە کوێی تەوتەمی سارای دوور

ئەی خوناو لەسەر پەلکی گیاو ئەی رستەی ئەبەدی ناو شیعرو تەمتوومان

ئەی شیرازەی هەبوون بەم هەموو جوانییەوە، چۆن وابکەم تۆ تیشکی خەونم بی

چۆن توانیت لەبەرگی گەڵای با بریقەی خوناو و تروسکەی شەونم بی

**لە کام ئاو کام دەریا وەستاوی، بوونم وا کەوتۆتە تۆفانی لەرزەوە**

**دڵمت وا داوەتە دەست تەرزە، تای ئەوینم نەبێ لەمێژە بوومەتە چلوورە**

**ئەزانم رووناکیت ئەمکاتە ئاوی جاویدانی زێ بە زێ ئەرژێمە چاوتەوە**

کۆتایی

## ئەفیونی من

**١**

**من پێویستم بە  تۆ هەیە تا داگیرسێم**

**تا داگیرسێم  من  پێویستم بە تۆهەیە**

**پێویستی من بە تۆ تاریکی ناو درەوشانەوەیە**

**درەوشانەوەی تۆ پەیمانەی من بە تاڵ ئەکات**

**بۆیە زوو زوو ئەکوژێمەوە**

**بەڵام هەمدیس لە خۆڵەمێشما ئەدرەوشێیتەوە**

**چۆن  درەوشانەوەی رژاوت کۆکەمەوە**

**کە تۆ هەمیشە پەیمانەم  پڕ داگیرسان ئەکەیتەوە**

**٢**

**لە دیمەنێکدا تەوتەمی کە درووت بۆ ئەنێرم**

**وەك پووشی زیو دائەگیرسێم**

**لە دیمەنێکدا ئاوێکی سپی سپی**

**کە بۆ داگیرسانت دێم ئەکوژێیتەوە**

**تۆ وەك درەختێ رەشەبا لێی ئاڵا بێ هەدادانت نییە**

**تا بۆ ساتێ بتوانم تەماشات بکەم و نەکوژێمەوە**

٣

لە مێزێکی ئەوبەرەوە دانیشتووی

وەك پێکێ شەراب هەڵمئەدەی

چەرەزی دڵم ئەشکێنی

قووم قووم سەرم ئەخۆیتەوە

ئێستا لە ناو پەیمانەتا قەیتانێکم

هاکا ئەویشت نا بە لێوتەوە

مێزەکەی من تاك و تەنیا

بێ مەینۆش ئەمێنتەوە

٤

بەسەر ئاوەکاندا ئەڕۆی

شوێنپێکانت بلێسە بۆ دوور ئەنێرن

لە تەمتوومان دائەگیرسێ

لە ناو چاوما ئەکوژێیتەوە

کاتێ تەوقەم لە گەڵ ئەکەی

وەك مۆم بە ناو پەنجەکانما ئەتوێیتەوە

٥

کە بە ڕێگاکاندا گوزەر ئەکەی

ڕووناکی وەك با بە ئاراستەی تۆ هەڵئەکات

من نوقمی ناو تاریکی و تارمایی ئەبم

دەرکەوتنت ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دروست ئەکات

٦

بانگت ئەکەم دەنگم وەك پووش ئاگر ئەگرێ

سەیرت ئەکەم نیگام وەك گەڵا ئەوەرێ

که بیر له تۆ ئەکەمەوە سەرم پڕ لە وێنە ئەبێ

یەك یەك بۆ ئاسمان هەڵئەفڕن

کاتێکیش چاو ئەکەمەوە بوومەتە قەیرێ خۆڵەمێش

ڕژاومەتە سەر کاغەزو قەڵەم و کتێبەکانم

٧

قامیشەڵانێکی سەوزی

دونیات پڕ لە نەی کردووە

جەستەت کوانووی ڕووناکییە

ئەڵێی خۆری نیشتیمانی منت

لە ناو سینەی خۆتا بەند کردووە

٨

بۆ ئەوەی نەسووتێم ئەچمەوە ناو ئاگر

بۆ ئەوەی نەخنکێم ئەچمەوە ناو دەریا

بۆ ئەوەش تەڕ نەبم ئەچمەوە ژێر باران

تا نەخشەی بێتۆیی تێکبدەم

هەر ئەبێ شکستی ڕەنگەکان چابکەم

هەموو شتەکان لە بنەوە بەرەو سەر ڕائەکەن

ماناش لە قووڵایی و ناخدایە

هەر بۆیەش ناچارم تا هەتا

بۆ ناو قووڵاییەکان ڕابکەم

٩

ژیان لە ئاسێترین ڕەوەز بانگم ئەکات

منیش لە بای ئەزەلی تۆدا مەست بوویمە

شەڵاڵم بە دەنگ و سەداوە

**هەم ژیان بەرەو خۆی رامئەکێشێ**

**هەم تۆش بەرەو خۆت رامئەکێشی**

**منیش تاقە دڵێکم**

**لە ناو لەپی پڕ میهری تۆ بەندکراوە**

**١٠**

**من باڵەکان بەرەو بەرزاییەکانی تۆ ئەکەمەوە**

**تۆ فڕینم قۆڵبەست ئەکەی**

**من لە نێو ئاگاهییەکاندا مەلە ئەکەم**

**تۆش هەمیشە مەستم ئەکەی**

**١١**

**هەموو شتەکان نزیکن دووریی تۆ نەبێ**

**هەموو شتەکان دوورن نزیکیی تۆ نەبێ**

**من بە نزیکی تۆ خنکاوم**

**بە دووریت لە شیعر و تەوقی گەردنم داگیرساوم**

**دووری و نزیکی دوو چەمکن**

**وەك دەرگای دوو دەری شەون**

**شەوان ئەبن بە مۆتەکە**

**سپێدان ئەبن بە خەون**

کۆتایی

## بابەتی (٤)

## ڕەخنەشیکارییەکی هاوچەرخانەی ئەزموونی شیعریی نەزەند بەگیخانی

## سەرباس: کۆژانی دایك

## Contemporary Critical Analysis of Nazand Bagexani's Poetic Experiences

## The Topic: the Mother's Sufferings

**پێشەکی(Preface) :**

بەمەبەستی کردنەوەی چەند گرێکوێرەیەکی دەروونی و ڕۆحیی ژنی کورد، کە دەمێکە لە سایەی بارودۆخی ناتەندروستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و ڕۆشنبیری و سیاسیی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، پێوەی گرفتار بووین و بەمەرامی شیکردنەوە و پەرەکردنی توخمە دیار وشاراوەکانی ئەزموونی شیعری هاوچەرخی ژنە شاعیرێکی کورد، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەینە دەروازەیەك بۆ قەڵەمە خەمخۆرە بوێرە کارامەکان، کە نەخشێنەری ڕێگای سەرفیرازین و سەرگەردانی داهێنان و ئەفراندنن لە پشکنینەوەی جیهانبینیی ژنانی شاعیری کورد و تامەزرۆی کەشفکردنی دەریای هزر و خەیاڵ و تێڕوانیینی ئەوانن دەربارەی بوون و ماهییەت و بەها و گاریگەریان لە سوڕانەوەی چەرخوفەلەکی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەکەمان، نوێترین بەرهەمی چاپکراوی خاتوو (نەزەند بەگیخانی) یە:(پیاسەیەك لەگەڵ جۆن دۆن)، کە کۆمەڵەشیعریکە لە دۆتوێی کتێبێکی (١٤٧) لاپەڕەیی (١٢سم بە ١٩ سم)ە و لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلآوکردنەوە لە تاران چاپکراوە.

کەواتە بونیاتی لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای (٣) ڕەهەندی سەرەکی هەڵدەچنرێ:

- ڕەهەندی شیعرییەت و ئەزموونی شیعریی.
- ڕەهەندی شتیەڵکاریی جیهانبینیی ژنە شاعیرێکی کورد.
- ڕەهەندی جیهانی دایك و دایکەیەتی (لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە تایبەتی و لە ڕۆژهەلآت بەگشتی).

دەشپرسن بۆ ئەم کۆمەڵەشیعرە دەکەن بە کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەکە؟ دەڵێین:

کورد دەڵێ: گۆم تا قوول بێت مەلەی خۆشترە، لەو سۆنگەیەوە هەڵبژاردنی جۆری بەرهەم و ئاستی دەقنووس، ئەوە دەخوازێ کە تابکرێت بژاردەکە نموونەیی بێت ـ هەرچەندە پێوەرەکانی نموونەیی جیووە خەسڵەتن و هەمیشە لەگۆڕاندان ـ ، ئەمەیش هەر بۆ ئەوەی پەیامگری کورد و غەیرە، گلەیی ئەوە نەکەن کە کالآ بەقەد بالآ نییە. نابێ ئەوەش والێکبدرێتەوە کە لە غەیرەی خاتوو نەزەند بەگیخانی، ژنە شاعیرانی کوردی دیکە شایستەی ئەو بژاردەیە نیین.

لەدیدی ئێمەدا، لەڕێی ئەو کۆمەڵە شیعرەی نەزەند بەگیخانییەوە، لێکۆڵینەوەکە خەستتر و قوولتر دەبێ و دەتوانین قورستر چەکۆشی ڕەخنەکاریمان داوەشێنین ـ (نالی) گوتەنی: "زەڕریەکیش حیسابە". بۆ؟

چونکە ئەمە حەوتەمین بەرهەمی چاپکراوی ژنە کوردیکە کە بەحوکمی ئەوەی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبی بەراورد لە زانکۆی (سوربۆن) (١٩٩٧). بۆخۆشی ـ دە ساڵە ـ لە زانکۆی بریستڵ کاردەکات و چەندان ساڵ لە ئەنیستیتۆی کوردیی پاریس بەرپرسی کاروباری کەلتووری بووە و سەنتەری کەلتوریی کوردی پڕۆژەی تەندروستیی کۆمەڵگە و ژنانی لە بەریتانا بەڕێوەبردووە. بەرهەمی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی چاپکردوە و چالاکەوانێکی دیارە لە بواری دۆخی ژن و

فیمینیستی و یەکسانیی جێندەری ...تاد. چەندان خەلآتیشی لە کوردستان و دەرەوە پێبخشراوە.

بۆئەوەی دەستکراوەبین و بتوانین ئازادانە سەر بەهەموو پەنجەرەیەکی ئەم بابەتە دابگرین، وای بەباش دەزانین کە پتر پشت بە میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاریی هاوچەرخ (Contemporary Psychoanalytic Criticism)(١)

و میتۆدی ڕەخنەی ڕۆشنبیری (Educational Criticism) (٢) ببەستین، ئەمەیش لەبەر دوو هۆ:

- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی ئەو مۆتیڤ و دەستگرانەی، دەقنووسیان بەرەو ئاقاری ئەو جۆرە گوزارشتکردنە و دەربڕینانە بردوو کە لە دەقەکانیدا دەخوێندرێنەوە، بەمەیش دەتوانین پەیامگر خەنیتر بکەین بەوەی کە شاعیر خاوەن پەیامە و لە نێو بازنەی بەتاڵی بێهودەیی و و وڕینەدا ناخولێتەوە.
- هەنگاوێك بێ، بەمەرامی تۆکمەکردن و نوێکردنە و دەمەزەرکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە بابەتی ئەکادیمیی سەردەمییانە و چاوساغانە پەیامگر بۆ جیهانە شاراوەکانی دەقی ئەدەب و هونەرەی ئەدەبی ببەین تا خۆشتر چێژیان لێوەرگرێت و دەقنووسیش هەست بکات کە هەوڵی جددی بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی لە ئارادایە.

**بۆ دایك، کراوەتە سەرباسی لێکۆڵینەوەکە؟**

(Why has the Mother been Chosen as the Topic Theme?)

ئەوە ڕەخنگرە کە لەبەر قامتێك هۆکاری زاتی و مەوزوعی خۆی سەرباسی لێکۆڵینەوەکەی هەڵدەبژێرێت، ڕەنگی بێ مەراقیشی بێ دەست بۆ توخم و ناوئاخن و بیرۆکەیەك بەرێ کە پێشتر کەمتر قەڵەمکارییان تێداکرابێ. دەرگاکانیش کراوەن بۆ ڕەخنەگرانی دیکە و ئازادن لە هەڵبژاردنی سەرباسەکانیاندا.

دایك و دایكایەتی و جیهانیبینیی دایك، فەزاو مەودایەكی یەكجار فراوان و مەزن و پیرۆزی لە مێژووی مرۆڤایەتی و لە بەردەوامبوونی ژیان دا گێڕاوە و بەردەوامیشە. تا پتر سەربە كتێب و سەرچاوەكان دابگریت، زۆرتر مەزنی و پایەداریی و بەهاداریی ئەو مەخلوقەت بێنەزیرەت بۆ دەردەكەوێ.

- دایك بۆنەوەرێكی گەردوونییە (Universal Creature بەو واتایەی كە مەخلوقێكە بەرهەمهێنەری هەموو بونەوەرەكانی سەر ئەم زەمینەیە و وابەستەی چەندان خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی، كە لە هیچ بونەوەرێكی دیكەدا (بەو ڕەنگ و ڕوخسارە) وجودیان نییە، وەك: سۆزداری، جەرگسۆزی، لەخۆبوردەیی، فیداكاری.
- تا ئێستا هیچ بوونەورێك نیتوانیوە ببێتە ڕكابەری دایك، لەو پانتایە فراون و قوول و بێسنوورەی كە ئەو داگیری كردووە لە ئەفسانە و ئایین و فەلسەفە و ئەدەب و كەلتوور و فۆلكلۆری هەموو نەتەوەكاندا.
- جگەلەوەی كە وەك بونەوەرێكی پیرۆز و موقەدس لە هەر سێ كتێبە ئاسمانییەكاندا مەقامی بەرز و باڵای پێبەخشراوە، خودی خۆی بۆ چەندا هەزار ساڵ، خوداوەندبووە، لە كتێبی(دایكی مەزن The Great Mother) (٣) ئاماژە بە پتر لە (١٠٠) دایكەخوداوەندكراوە و كە پەرستراون و زۆریش لە پیكەرەكانیان لە مۆزەخانە ناودارەكاندا پارێزراون.
- جگە لەوەی كە دایك بووەتە پاڵەوان و كارەكتەر و ئیلهامی سەدان شاكاری ئەدەبی و هونەری لە مێژوودا، بەدەگمەن ئەدیب و هونەرمەند هەیە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەوی لە بەرهەمەكانیدا تەوزیف نەكردبێ.
- دایك وەك مرۆڤ ئەو بۆنەوەرەیە كە زۆرترین كەسایەتی لە خویدا كۆكردووەتە، ئەمەیش زۆرترین كەسێتی پێبەخشیوە، وەك: دایك، هاوژین، ژن، بەخێوكەر، كاركەر، پەروەردەكار، سەرپەرشتكار، كەیبانو، خەسوو، مامان، ماڵبەڕێوەبەر... تاد.

- لە جیهانی گیاندار و ئاژەل و تەیروتوریشدا، دایك خاوەن کەسێتی خۆیەتی، کە لە زۆر کاری ئەدەبی و هونەری ڕەنگیداوەتەوە.

خوێنەری چاوتیژی کۆمەڵەشیعری (پیاسەیەك لەگەڵ جۆن دۆن)، زوو لە نێو دەقەکانیدا، هەست بە سەنگ و پێگە و مەقامی بەرزو بالآی (دایك) دەکات. کە حزوورێکی گەرموگوڕ و بەجوش و خرۆشی هەیە. دەکرێ (دایکەکان)ی ئەو کۆمەڵەشیعرە بەسەر (٤) هۆبەدا پۆلین بکرێن:

- دایکی گەردوونی (Universal Mother): هەموو دایکێك دەگرێتەوە بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و زمان و ڕەنگ و ڕوخسار لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێ.
- دایکی کوردیی (Kurdish Mother): کە بارودۆخی کۆمەلآیەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کەلتووری کوردەواری واکردە لە قاوغێکی تایبەتیدا کەسێتییەکی جیاوازی لێدەرچێ.
- دایکی نموونەیی (Typical Mother) : ئەو دایکە کە لەهەموو مێژوو و جیهاندا یەك (دانە)ی هەیە ئەویش دایکی تۆیە کە جێگرەوەی نییە، لێرەشدا ئاماژەکان بۆ دایکی دەقنووسن.
- دایکی زیندوو (Immortal Mother) : کە خودی دەقنووسە، لە ژێر سیبەری ئەو دایکەشدا (٣) دایکی دیکە دەبینرێن: ١) دەقنووس وەك دایك، ٢) دەقنووس وەك دایکی دەقەکان، ٣) دەقنووس وەك سەرچاوەی ئەو نووسیین و بیرو هزر و فەلسەفانەی لە دایکایەتی ئەوەوە هەڵێنجراون،( بۆ نموونە ئەم لێکۆڵینەوە).

تەنانەت، هەر لەسەرەتای کۆمەڵەشیعرەکەدا، لە ئەدرێسی (ئەو خۆشەویستانەی) کە کتێبەکەیان وەك دیاری پێشکێشکراوە، ئەو (٤) تەرزە دایکە دەبینرێن. لە لاپەڕە (٥) دا نووسراوە:

**دوو گەردی گەردوونێکی نیگەرانین ئێمە؟**

**دوو باڵی شکاوین**

**لە ئاسمانی با؟**

**یا زایەڵەی زریکەیەکین**

**لە قووڵاییەکانی شەودا دەزرنگێتەوە؟**

....

"پێشکەشە بە نەوزادی کوڕم، کە فێری کردم دایك بم و لە دایکایەتیشدا گەڕامەوە لای دایکم، سەرچاوەی ئیلهام و چاوگ. گەڕامەوە لای دایکەکان، پالەوانە نادیارەکانی مێژوومان".(٤)

- دایکی زیندوو: کە دەقنووسە. (٦) جار وەك (ناو و ڕاناو) ئاماژەی پێکراوە: (کوڕم، فێری کردم، دایك بم، گەڕامەوە، دایکم، گەڕامەوە.)
- دایکی نموونەیی: کە دایکی دەقنووسە. (٢) جار ئاماژەی پێکراوە، جارێکییان بە دیاریی: (دایکم)، جارێکیش بەنادیاری: (نەوزادی کوڕم). (نەوزاد) ێك کە کوڕی دایکی دەقنووسیشە. چونکە ئەم (نەوزاد) ەی لێرەدا ئاماژەی پێکراوە، ناوی یەکێك لە براکانی (نەزەند بەگیخانی) یە کە لە تافی لاویدا لە ساڵی (١٩٨٩) لە گرتوخانەکانی بەعس لەسەر کوردایەتی لە سێدارەدرا.
- دایکی گەردوونی: (٢) جار ئاماژەی پێکراوە: (دایکەکان) وە (پاڵەوانە نادیاریەکانی مێژوومان).
- دایکی کورد: لێرەدا بوونی هەیە، بە شاراوەیی، چونکە لە نێو (پاڵەوانە نادیاریەکانی مێژوومان) حزووریيان هەیە وەك بەشێکی چالاك لە دروستکردنی (مێژوومان)، مێژووی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی پێکەوە.

لەکۆپڵە شیعرەکەشدا(دوو گەردی گەردوونی) و (ئێمە)، خوێندنەوەی فرە ڕەهەند وەردەگرین: دەکرێ ئاماژە بن بۆ:

- دوو شاعیرەکە (دەقنووس و جۆن دۆن) کە پێکەوە پیاسە دەکەن.
- دەقنووس و نەوزادی کوڕی.

- دەقنووس و نەوزادی برای.
- دەقنووس و دایکی.
- دەقنووس و دایکەکان.
- دەقنووس و تۆی پەیامگر (وەك مرۆڤـ کە لە کۆژانەکاندا هاوبەشن).

گەر دیقەت لە کۆپیلە شیعرەکە بدەن، دەبینن (٣) پرسیاری کراوەی بێ وەڵامی وروژاندووە ـ کە لە بڕگەیەکی دیکەدا دێینەوە سەریان ـ تەنها ئەوەندە دەنووسین:

" شاعیری ئەمەریکی (١٨٠٣-١٨٨٢ Ralph Waldo Emerson) دەپرسێ: بۆ نابێ لە جیاتی بابەتە کۆن و بەسەرچووەکان، ئێمە شیعر و فەلسەفەی دیدگای ناخمان هەبێ؟ بۆ نابێ لە جیاتی مێژووی خەڵکانی دیکە، ئێمە ئایین و هزری نوێگەرایی و ئەفراندنمان هەبی؟ بەڵام ئێوە دەزانن وەدەست هێنانی ئەو شتە مەزن و پیرۆزانە پرسیاری مەزن و قورسی گەرەکە. ئێمە چین؟ بۆ لێرەین؟ مردن چییە؟ بۆشایی ئاسمان و هەسارەکان یانی چی؟. دوای عەدەم چی هەیە؟ بایەخی بەهار و زستان لە چیدایە؟....تاد"(٥) کەواتا ئاساییە، ڕەخنەگریش ئەو (٣) پرسیارەی دەقنووس بخاتە نێو ڕیزبەندە پرسیارەکانی (Emerson) ەوە.

ئەوەی کە نابێ لە خوێندنەوەی (ئەدرێسەکەی سەرەوە) فەرامۆشبکرێت، وەڵامی پرسیارێکە: بۆچی دەقنووس لەدەستپێکی چاپکراوەکەیدا (١٠) جار ـ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ـ ئاماژە بە زاراوەی (دایك) دەکات؟

زانستی دەروونشیکاریی هاوچەرخ بەم شێوەیە ئەم حاڵەتە ڕاڤەدەکات:

"یەکێتیی واقیعی(Unitary Reality) وەک زاراوەیەکی دەروونناسی، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەزموونی مرۆڤەوە. بەو واتایەی کە لە ئاکامی تاکە ڕووداوێکی تایبەتمەندی کەسییەوە، داڕووشانێکی

دەروونی یان گرێیەکی دەروونی لە ناخدا دروست دەبێ، کە بەدرێژایی ڕۆژگار لە جیهانی دەروون و ڕۆحیی ئەو کەسەدا چالاکانە دەمینێتە و بوونی هەیە، ئەمەیش زۆر جار دەبێتە هاندەرێکی داهێنەرانەی ناوەزە. کە دەستمان دەگرێ بەرەو ئەو خاڵەی لە ناو دەرووندا هەیە و سایکۆلۆژییانە ناویان لێناوە چاڵی یان کونی ڕەش (Black Hole) یان وەك هێندێك ناوی دەنێن (هیچە پیرۆزەکە Divine Void "(٦) ـ جا لە بڕگەکانی دادێ بە خەستی قسە لەسەر ئەو (داررووشانە دەروونییە، گرێ دەروونیانە) دەکەین.

پێش ئەوەی دەستکەین بە چەکوشکاریی ڕەخنەیی لە دەقەشیعرەکاندا، بە باشی دەزانین تا خۆشتر چێژ لە لێکۆڵینەوەکە وەرگرن، وەلآمی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەوە ئەو (جۆن دۆن) ە کێیە دەقنووس قۆڵی کردۆتە قۆڵی و پیاسەی لەگەڵ دەکا؟

" (جۆن دۆن ١٥٧٢ - ١٦٣١ John Donne) بەناوبانگترین شاعیری میتافیزیکی ئینگلیزە لە سەدەی حەڤدەمدا. گەنجینەیەکی ئەدەبی ئێکجار گرانبەهای بەمیرات بۆ بەجێهێشتووین کە بەردەوام تاکو ئێستاش سەرچاوە و گانگای لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانە. غەزەلەکان و دەقە حیکمەتئامێزەکانی وەك شاکاری جیهانی سەیردەکرێن، جگەلەوەی کە زمان و شێواز و بونیاتی شیعرەکانی وەك قوتابخانەیەکی ئەدەبی مامەڵەی لەگەڵدادەکرێ، یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی شیعری میتافیزیکی ئینگلیزیی.(٧) نەزەند بەگیخانی، ئەو شاعیرەی کردووەتە هاوڕێی ڕۆحی خۆی و ئولفەتی پێوەگرتووە و خۆشیدەوێ چونکە لە زۆر وێستگەکانی ژیانی ئەو شاعیرەدا خۆی دەبینێتەوە: هەردووکیان لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش و ڕەنجدەرن، هەردووکیان بە ئارەقەی نێوچەوان و شەونخونی خۆیان درێژەیان بە خوێندن داوە و سەرکەوتووانە گەیشتوونە مەقامی بەرز و باڵا، هەردووکیان لە کۆمەڵگایەکانیاندا بە

جەوری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتووری چەوسینراونەتەوە . هەردووکیان جەرگیان سووتاوە بە لەدەستدانی خوشك و برا ئازیزەکانیان لە زیندانەکاندا. هەردووکیشیان دژەباو ویاخی و سەرپێچیکەر بوون بەرانبەر نادادپەروری و زوڵم و چەوساندنەوە. لەهەمووشیان گرنگتر خەونەکانی ئەو دووشاعیرە خەونە مەزنەکانی مرۆڤن لە هەموو کات و هەموو شوێنێکدا. دیاریکردنی کاریگەریی (جۆن دۆن) وەك شاعیر و وەك ڕێبەرێکی کاریزما، لە سەر شیعرەکان و کەسێتیی نەزەند بەکیخانی لێکۆڵینەوەی تایبەتیی گەرەکە. لە چەندان دەقەشیعری ئەم کۆمەڵەشیعرەدا، هەست بە بۆنوبەرامەی کاریگەریی شیعرەکانی (جۆن دۆن) دەکرێت و جار هەیە تووانەوە ڕۆحییەکە هێندە کاریگەرە، بێئاگایانە، دەقنووس دەستی بۆ ناونیشان دەق و و سۆزداریی ئەو بردووە. (ببورن کە نامانەوێ لێرەدا باسیان بکەین و لە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان دوورکەوێنەوە کە کۆژانی دایکە).

**ڕەخنەشیکارییەکی هاوچەرخانەی ئەزموونی شیعریی**

**نەزەند بەگیخانی، سەرباس: کۆژانی دایك:**

**(Contemporary Critical Analysis of Nazand Bagexani's Poetic Experiences)**

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە، بۆ هاسانکاری و پێکانی ئامانجەکانی، دەخوازێ برگەکانی بەسەر ئەو تەوەرانەی خوارەوە دابەشبکرێن، بۆ خۆبەدوورگرتنیش لە درێژدادڕی و هەراسانکردنی پەیامگر، هەوڵدەین بۆ هەر تەوەرەیەك (چەند) دەقەشیعرێك، بە گوێرەی پێویست، وەك نموونە وەرگرین و ڕەخنەی ئەدەبی و دەروونشیکاریان بۆ ئەنجام بدرێ:

١) دەنگدانەوەی کۆژانی دایکەکان لە ژانەشیعری دەقنووسدا.

٢) خۆشەویستی دایك و دایکی خۆشەویست.

٣) ڕەنگدانەوی سەردەمی منداڵی لەسەردەمی دایکایەتیدا.

٤) شمشێری ژەهراوی زوڵمی پیاو و و گەردنی ناسکی ژن.

٥) دایك: خزمەتكارە جەرگسۆزەكەی خەون و مرامەكانی پیاو.

٦) (ژن - دایك) و من و تۆ.

٧) دایكە نەزەند.

**١) دەنگدانەوەی كۆژانی دایكەكان لە ژانەشیعری دەقنووسدا:**

**(The Echo of the Mother's Sufferings in the Poetess's Texts of Pains)**

فەیلەسوفی ئەلمانی (فریدریك نیتشە ١٨٤٤ - ١٩٠٠ Friedrich Nietzsche) دەڵێ:"تاكو ئێستاش، پیاو بەچاوێك سەیری ژن دەكات، كە باڵندەیەكە لە ئاسمانەوە ڕێی ون كردوەو هاتووە لەسەر شانی ئەو نیشتۆتەوە، باڵندەیەك شۆخوشەنگ، نیان و دڵناسك، شیریین و نازدار، نەختێ سەركێش، نەختێ نامۆ، نەختێ هەست بەرز، بەڵام ئەو باڵندەیە دەبێ لە قەفەز بكرێ نەكۆ هەڵفڕێ و لەدەستی دەرچێ."(٨) باڵپێچان و باڵكردن و قوفڵدانی دەرگای ئەو قەفەزە، جگە لە ئەسرین و نیگەرانی و ژان و زامی دەروونی و جەستەیی، هیچ شتێكی دیكەی بەو باڵندەیە نەبەخشووە. گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگا، بە درێژایی مێژوو، لە هێندێك وڵاتاندا، جۆرە ئازادییەكی بەو باڵندەیە بەخشیووە، بەڵام حەیف و مەخابن، لە هێندێك وڵاتی دیكەدا، وەك ڕۆژهەڵات و كۆمەڵی كوردەوارییی خۆمان، نەك پیاوان ئەو كۆتە و زنجیرانەیان شلنەكردۆتەوە، بەڵكو هەموو ئامراز و داهێنانە تازەكانی ئەم سەردەمەیان بۆ باشتر باڵشكاندن و سرڕكردن و دەستەمۆكردنی ئەو باڵندەیە بەكارهێناوە. حونەر و تەفەنوونی دەسەڵاتی نێرسالاری بۆ پتر مێكردنی مێیینەكان بۆتە فاقەیەكی جووت كەوانەیی بێ مەسیل: لەلایەك هەرچی دابونەریتە خراپەكانی سەردەمی جەهالەتی كۆن هەیە ـ وەك بە سەباكردن و ڕەجم كردن و لوت وگوێبرین...ئەنجامدەدرێن و

لەلایەکی دیکەش داهێنانە تازەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم و پێشکەوتنی زانستیی هاوچەرخ بۆ سووکایەتی پێکردن و شکاندنەوە و ڕسواکردنی ئەو باڵندەیە، وەك کەرەستەی خاوی ڕێکلامکردن و (پۆڕن) و ڕووتەمەنی و ئامرازی دامرکاندنەوەی شەهوەتی پیسی پیاو، بازرگانیان پێوەدەکرێ .

لەکێژەنی ئەو گەرداوە بەهێز و بێئامانەدا، کە پتر مێینەکانی خستۆتە بەر شەپۆلی خۆی، نەزەند بەگیخانی خۆی بە قەدی داری شیعر دەگرێتە و بە هێزی ماسولکەی قەڵەم و غیرەتی بەرخوردانیی و کۆششی ڕەنجدەرانە، خۆی دەگەێنێتە کەناری کیشوەری ئەدەب و لەوێڕا هاواری ئازادکردن و پاراستن و لاوانەوەی ئەو باڵندەیە ڕۆحسووکە، بە دەنگی شیعر، دەگەێنێتە هەرچوار ئیقلیمی دونیا. ئەو چاك دەزانێ کە " قەت هیچ خەمێك وەك ئەو خەمە کوشندە نییە، کە قسە ناکا."(٩) بۆیە قسەکانی ئەو زێتر لە دەلالەت و (کۆدێك) هەڵدەگرن: لەلایەك ئەو بۆخۆی قوربانی ڕاستەخۆی ئەو چەوساندنەو بووە ـ وەك تاك و خێزان و خێل و کۆمەڵگا ـ ، لەلایەکی دیکە ئەو لەزمانی ئەو ژان و خەمانە نەك هەر تێدەگا، بەڵکو دەشیزانی و دەتوانێ قسەی پێبکات و بی نووسێتەوە. توانستیی ئەو دەربڕین و گوزارشتەی دەقنووس لە (٣) کانیاو سەرچاوەی گرتووە:

- واقیعی سەخت و دژوواری پر لە نادادپەروەری و ستەم و زوڵم و هەژاریی ئەو ژینگەیەی لێ گەورەبووە(نیشتمانە بچووکەکە).
- قاڵبوونەو لە نێو زۆربەی فەلسەفە و تێڕوانیین و جیهانبینیی نوخبە زانا و داناکانی جیهانی - بەدرێژایی مێژوو. (نیشتمانی کتێب و کتێبخانە).
- خۆدۆزینەوە و خۆدروستکردنەوە خود، لەنێو ئەو هەموو گێژەن و گەرداوە گەردوونییەدا. (نیشتمانە بێسنوورەکەی خود).

کەواتە دەقنووس خاوەن زمانی دەربڕینی ژانی ژنە، ئەمەش بە مانای (زمانحاڵی ژانی ژن) نا، بەڵکو بە شارەزا لەو زمانەدا.

دەبینین ئەو ڕێ نادا بەوە، (ژانەکانی) بیخنکێنن، ئەو پتر لەهەوڵی خنکاندنی ژانەکانیەتی ـ کە کۆژانی هەموو (دایکانە)، هەردەڵێ لە هەوادارانی ئەو پەندە (چینی)یەیە کە دەڵێ:" تۆ ناتوانی ڕێ لە مەلی خەم بگریت بەسەر سەرتا تێنەپەڕی، بەڵام دەتوانی نەهێڵی هێلانە لەناو قژتا بکات."(١٠)

لەو کۆبەرهەمی (پیاسەیەك لەگەڵ جۆن دۆن) دا، پەیاگر هەستدەکات کە دەقنووس یەکجار تەئەسوفیەتی کە خۆی و خۆی بە تاقی تەنیا لە نێو گێژەنی ئەو گەرداوە مەلەباسکە دەکات و (نیوەکەی دیکە) تەنها تەماشاچییەکی بێباکی غرووری بێ مروەتە ـ لەکاتێکدا ئەسڵەن بەبێ بوون و ماهییەتی ئەو، (نیوەکەی دیکە) بەها و قیمەت و مەقامێکی باڵای لەسەر ئەم زەمینەدا نییە. دەقنووس و تابڵێی لە ئێمەی پیاو بە گلەیی و تووڕەیە، لێ کە دەستی چەپی لە کەمەری خوشکەکانی ئاڵاندوە، بەو ئومێدەی نەهێڵێت گەرداوەکە بیانبا، دەستی ڕاستی، بە خەندەیەکی بەزەییانەوە، بۆ پیاو درێژکردوە تا لەگەڵی ئاشت بێتەوە و لە ئامیزی گەرموگوڕی خۆی بگرێ. ئەوەی بەندە وەك ڕەخنەکارێك لێرەدا بەدی دەکەم: دەقنووس ئەوەندەی بەو ئاشتبوونەوەیە ڕەشبینییە ئەوەندە گەشبین نییە!

کاتێك کە حەزرەتی (نالی) دەڵێ:

**نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قواتییە　　　من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

**غەم دەڵێ: نالی کە غەم خواردیم نەکا　　　ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم** (١١)

هەریم عوسمان لە شیتەڵکاریی ئەم دەقەی نالی دەنووسی:"لای خەڵکی کە تەنیا خەمی ڕۆژانەیانە و مامەڵەی ئایدۆلۆژی و ڕۆژانەیی لەگەڵ خەمدا دەکەن تەنها لە چاوی خۆیانەوە سەیری خەم دەکەن. بەڵام لێرەدا لە چاوی خەمەوە سەیری خەم و مرۆڤ کراوە. واتە گەر فینۆمینۆلۆژیانە بڵێین جۆرە کەوانەکردنەوەیەکە بۆ ئەو بیرکردنەوە و وێنانەی بۆ خەم هەیە، لایاندەبات و بوار بۆ خەم دەکاتەوە خۆی دەربخات. خەم لێرەدا خۆی بەیاندەکات و دەڵێت منیش برسیم و پێویستم

بە کەسێکە خەم بخوات. واتە ئەو ڕوانینە ئایدۆلۆژیەی هەیە فەرامۆشکراوە کە تەنیا بە چاوی خۆمان خەم وێنا بکەین. ئەویتر لەبەرژەوەندی خۆمان بەکاربهێنن. نالی خەمی بیستووە، گوێی بۆ خەم گرتووە تا خۆی بەیانبکات نەك ئەوەی ئەو ڕوانینی خۆی بەسەر خەمدا بسەپێنێت. ئەم ڕوانینی پێشمەرج و ئایدۆلۆژیانە بۆ دنیا و شتەکان بووەتە هۆکاری دەرنەکەوتنی ڕووی ڕاستی دیاردەکان. چونکە کاتێك دیاردەکان بە تێگەیشتنی ئایدۆلۆژیا و پێشینە بارگاوی دەبن و بواری ئازادانەی خۆدەرخستیان لێدادەخرێت ئیدی ڕووی ڕاستی خۆیان دەرناخەن."(١٢)

نەزەند بەگیخانی، وەك شاعیرێکی باخەبەری جیهانی خەم لە ولآتی خەمستان، درکی بەوە کردووە کە خەمبارەکان پێویستییان بە کەسی جەرگسۆز هەیە خەمیان بخوات، خەمخواردنێك دەرگای سەرفیرازی و ئاسوودەیی بۆ خەمدارەکان بکاتەوە نەك جەرگی خەمخورەکەش بخوات.  دەقنووس لە خەمخواردنەکەیدا پەیڕەوی فەلسەفەی خەمخواردنی نالی دەکات: (من خەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم) . لەگەڵ جیاوازییەکی جەوهەری کە سەرچاوەی هەردوو خەمەکانی دەقنووس یەك کارێز و کانیاون.

ئێستا پێش ئەوەی  دەقە شیعرێکی دەقنووس لە چوارچێوەی ڕەخنەشیکاریی ئەزموونی  شیعری دەقنووس بخەینە سەر دەزگا لێکۆڵینەوەکە، دوو قسە لەسەر چەمکی ئەزموونی شیعر دەکەین.:

هەرچەندە شاعیری ئەمەریکی (کارڵ شاپیرۆ١٩١٣ - ٢٠٠٠ Karl Shapiro) بۆچوونێکی جیاوازی بۆ ئەزموونی شیعریی هەیە کە دەڵێ:"شیعر تایەنە (بێخەتایە) و ژیر نییە، لە ئەزموونەکان شت فێر نابێ، چونکە هەر ئەزموونێکی شیعریی  بۆخۆی کردەیەکی بێهاوتایە و نموونەی پێشینەیی نییە."(١٣)

تێگەیشتن لە ئەزموونی شیعریی، پەیوەستە بە خوێندنەوەی فەلسەفەی شیعر، وەك هەموو فەلسەفەكانی دیكەی جوانناسی و زمان و هزر و هونەر... ئەمەیش بە ئامانجی تێگەیشتن لە سرووشتی و زمان و پەیامی شیعر. شیعر هونەرێكی جیاوازە، هونەری بەرهەمهێنانی هونەری دیكەیە. بۆیە تێگەیشتن لە فەلسەفەی شیعر دەمانگەێنێتە قۆناغی تێگەیشتن لە هونەر. لە فەلسەفەی شیعری هاوچەرخدا، سنوورەكان كراوەن، شیتەڵكاریی ئەزموونی شیعری ئەو دەخوازی دەست بۆ زانستەكانی دیكەش ببەین، بۆ نموونە زانستی دەروونشیكاریی (Psychoanalysis) و زانستی دەمار (Neuroscience) دەبێ ئەوە لە پێش چاو بگرین كە دەقی شیعر پەنجەرەیەكە بۆ باشتر بینینی جیهان لە ڕێی درككردن بە ماناكانی كە بە زمانی میتافۆڕ داڕێژراون، واتا دەبێ لە ڕێی میتافۆرە و لە جیهان بگەین. شیعر لە دەرەوی ئێمە دا بوونی نییە، بەڵكو لە ناخماندا هەیە، چونكە ئۆرگانەكانی میتافۆر لە بوونی خۆماندا وجودیان هەیە، بەتایبەتی لە ئۆرگانی ئاخاوتن و دەربڕیندا. لێرەوە ئەزموونی شیعری پەل دەهاوێ بۆ بوارەكانی ئەزموونی مرۆڤەكان ـ كۆی مرۆڤەكان بە درێژایی مێژوو ـ ، هەر ئەوەش وایكردوە سیحری وشەی شیعر كار لە پەیامگرەكانیشی بكات، تەنانەت نووسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەرهاوێشتەی ئەو كاریگەرییەیە كە شیعر لە دەروونی ڕەخنەگردا خەلقی كردووە. دەگرێ پێناسەی ئەزموونی شیعریی لە ناو دووكەوانەدا چڕ بكەینەوە و بڵێین:" هونەری داهێنانە بە وشە بە لەبەر چاوگرتنی بەها مرۆییەكان بە مەبەستی داڕشتنەوەیەكی نوێ بۆ گوزارشتەكانی بوون و ژیان ئەمەیش لە ڕێی وەڵامدانەوەی پرسیارە ئەزەلییەكانی بوون و بەردەوامبوون و مەرگ. ئەزموونی سەركەوتوو ئەو ئەزموونەیە كە گەردوونییە و بۆ هەموو مرۆڤەكانە(Universal to All Humans) .

كەواتە ئەگەر ئەزموونی شیعری ئەزموونی گەردوونی مرۆڤ بێ، ئەوا ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی دەماریی فیزیۆلۆژی ئەواندا هەیە (Neuro Physiological Experience) .

ئێستا بۆ جوانتر شیکردنەوەی کرۆکی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، چەند دەقە شیعرێکی دەقنووس دەکەینە نموونەی (Sample) باسەکەمان. بەگیخانی دەڵێ:

**(ڕووتبوونەوە)**

**.........................**

**شمشێرێکی ئەفسووناوی تیژ**

**لە هەورەکانەوە داباری و**

**شەقی کرد سەرزەمینی ئێمە**

**ئەوەتا ئۆقیانووسێك لە خوێن لێکمان جیادەکاتەوە**

**بورکانی حەسرەت لەناخماند هەڵدەچێ**

**پارچە شاخێك لە زاگرۆسی مرۆییمان دەترازێ**

**ڕووت و قووت**

**بەئەندازەی مەسافەی زەمین و مەریخ لەیەك**

**دادەبڕێین و من و تۆ**

**ئینجا هومبابای ئەژدیها بێدار دەبێتەوە و**

**بە فوویەك لەگڕ**

**ڕووڕەشی دەکا شار و**

**درەخت و چیاکان**

**بوراق ڕەش دادەگەڕێ**

**دایکم سنگی دادەدڕێ**

**بەرباران دەکرێ کچەکەم**

**زیندەبەچاڵ خوشکەکەم**

**لەسەردەمەی تەمەوە دێین**

**لەناو هەناوی زەمینێکی تاریك**

**لەو دونیا**

**کەوڵی ڕەشی قەدەرتان دەخەمە سەرشانم و**

**ڕووت دەبمەوە**

**قرچەم دێ لەبەر تەم**

**وەك دێوانە دەگەڕێم**

**تا دەگەم بە ڕۆحی دایكم** (١٤)

لەم دەقەشیعرەی سەرەوە، تەنها بە دوو وشە ئاماژە بە دەسەڵاتی پیاو كراوە ـ دەسەڵاتێك كە هی شمشێر و هومبابای ئەژدیها بێدارە ـ لێ (١٧) ژانی دایكەكانی لە سینەی خۆیدا حەشارداوە. (٥) لەو ژانانە هی هەموو مێینەكانە (ئێمە/ لێكمان جیادەكاتەوە/ لەناخماندا/ مرۆییمان/ دادەبڕێین)، (٤) ژانی جەستە و ڕۆحی دەقنووسن (دایكم/ كچەكەم / خوشكەكەم / ڕۆحی دایكم) و دووانیان ئەوانەن كە خۆی دەیانبینێ (تۆ/ قەدەرتان)، باقی (٦) ژانەكانی دیكە، خودین (من/ سەرشانم / ڕووت دەبمەوە/ قرچەم/ دەگەڕێم/ دەگەم). لە كۆژانی ئەم دەقەدا، ژانێكی قورس و ڕەزاگران و بەئازار دیكە خۆی شاردۆتەوە، ئەویش ژانی كەلتووره خۆسەپێنەكەی كۆمەڵگای شاعیر و ڕۆژهەڵاتی ناوەندە، كە دەقنووس بەو پەڕی ڕق و تووڕەیی و هەڵچوونەوە، ناشیرینەكانی ناشیرینتر دەكات و بە هونەری زمانی شیعری خۆی كە دەڵێ (شمشێرێكی ئەفسووناوی تیژ / داباری / شەقی كرد سەرزەمینی/ ئۆقیانووسێك لە خوێن/ بوركانی حەسرەت/ پارچە شاخێك لە زاگرۆسی/ ڕووت و قووت/ ڕووڕەشی دەكا / ڕەش دادەگەڕێ/ سنگی دادەدڕێ/ بەرباران/ زیندەبەچاڵ/ لەسەردەمەی تەمەوە/ لەناو هەناوی زەمینێكی تاریك/ كەوڵی ڕەشی) با وادابنێین، ئەوەی تۆی پەیامگر دەیخوێنیتەوە، شیعر نییە، باش گوێ بۆ دەنگدانەوەی ئەو وشانە رابگرە، دڵنیام هەست بە جۆرە ترسێك و نیگەرانییەك دەكەیت، گەر نێرینەبی، ڕەنگ بێ تەریقیش ببیتەوە، كە دەبینی شاعیرێكی ژن وا دەتخوێنێتەوە! ئێستا هەستت كرد چۆن كۆژانی دایكەكان لە ژانەشیعری دەقنووسدا دەنگدەدەنەوە؟ وەك ڕەخنەكارێك، دەڵێم، دەقنووس، ژن نەبووایا، زەحمەت بوو بتوانێ، بەم جوانییە دڵ بریندارکەرە، وێنای ئەو كۆژانە بكێشێت.

بۆ شیتەڵکاریی دەقەکە، بەم چەشنە دەروونی دەقنووس دەخوێنینەوە:

ژنێك سوورکراوە بە ئاگری ژانێکی هەزار ساڵە، لە نێو تەندورێکی سەرداخراوی کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتە، خۆی لە ناو ئەو گڕ و بڵێسەیەدا ـ خۆکوژئاسا ـ دەتەقێنتەوە، بەو هیوایەی دەنگی تەقینەوەکەی دڵ و سینگ و دەروون و مێشکی بگاتە ویژدانی شمشێر بەدەستەکان و هەست بکەن (هومبابای ئەژدیها) چ غەدر و زوڵمێك لەو ژنە جوان و دڵساف و خوێنشیرینانە کردووە و دەکا!

تورەیی دەقنووس لە فورمی دەقەکە ڕەنگیداوەتەوە، دەقێکی کێشکراوەی سەروا شێواوی دێڕ کورت و درێژ بەسەر یەکتریدا کەوتوون، هەردەڵێ، شووشەی عەتری شکاو و گوڵاودانی وردوخاشکراو و دەسکە گوڵی سەر هەڵپاچراون. ئەوەی زۆر کاریگەرە، موسیقای حەرف و بڕکە و وشەکانە، بە هەر دوو شێوەی مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە، ئەمەش هاوار و زریکە و چریکەی دەنگە نووساوەکەی ئەو ژنە شاعیرە سووتاوەیە. گوێ بگرن لەم دەنگانە:

بورکانی حەسرەت لەناخماند هەڵدەچێ/ پارچە شاخێك لە زاگرۆسی مرۆییمان دەترازێ / بەرباران دەکرێ کچەکەم/ زیندەبەچاڵ خوشکەکەم / قرچەم دێ لەبەر تەم / وەك دێوانە دەگەڕێم / تا دەگەم بە ڕۆحی دایکم

***

"داهێنان، دەقئاوێزانی هەناسەدانە، نیوەی (وەرگرتنە) و نیوەکەی دیکەی (دانەوەیە)، بەو واتایەی کانیاوێك هەم ئاوی دەڕژێتە ناو هەم ئاویشی لەبەر دەڕوا، جا پەیامە پیرۆزەکان لەناخی تۆدا گوزەر دەکەن، کتومت شەبەنگی ڕۆحی تۆن، وەك پەلکەزێڕینەی بەرباران تیشکەکان بۆ دەرەوە دەشکێنێتەوە."(١٥)

که قسه دێتەسەر داهێنان، دەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی شیعریی بەگیخانی، مێروولە ئاسا کون و کەلێنەکانی ژیانی ئەو بپشکنینەوە، تا بگەیینە ئەو سڕڕەی کە ئەوەی گەیاندووەتە ئەم مەقام و پایە بەرزەی دونیای ئەدەب. بە واتایەکی دیکە، دەبێ لەی گوتەییەی (Doreen Virtue) ەوە بکۆڵینەوە کە دەڵێ: (داهێنان، کانیاوێکەك، هەم ئاوی دەڕژێتە ناو و هەم ئاویشی لەبەر دەڕوا). کچۆڵەیەك لەگەڵ مەلابانگدان، پێمەڕ دەخاتە سەر شانی و دوای ئاودێری شەتڵ و نەمامەکان، کتێبەکانی دەخاتە بن هەنگڵ و دوای نیو سەعات ڕێ دەگاتە مەکتەب، لەویشرا کە گەڕایەوە و هەر کە گەیشتەوە باغچەکەیان لە (شاخی مشکە)، دەمێك خەریکی هەنار ڕنین و دەمێك خەریکی چاککردنەوەی ئەو شەمولەیە دەبێ کە با بەریداوەتەوە، دواتریش دەبێ سوخمە فرمێسکاویەکە و کراسە ڕەشەکە و چارۆگە زوخاوییەکەی دایکی ـ دایکی سێ جار جەرگسووتاوی ـ بشوات. شەوانیش، لەبەر چرایەکی کز، دەبێ چاوێکی لەسەر کتێب و چاوێکی لە دایکە سەر بەهەشەکە بێ. دەبێ هەستێکی لای قەڵەمەکەی بێ و هەستێکی لای هەناسە و ناڵە و ئاخی باوکی بێ... سەرەڕای هەموو ئەوانە، دەبێ لە تاقیکردنەوەکانیشیدا بە یەکەم دەرچێ. ڕاستە کتێب بە زانیاری دەوڵەمەندت دەکەن، بەڵام ژانەکانت پێناناسێنن. خوێندەنەوە، چاوت دەکەنەوە، لێ بە سوی برینەکان ئاشنات ناکەن. کەس وەك سووتاو لە ئازاری سووتان تێناگا! کەواتە ئەو ژنەی ئیمڕۆ لە شەقامی(کۆماریی پاریس) پیاسە دەکات و کتێبەکانی (جون دۆن)ی لەدەستدایە، ئێستاش قاچێکی لە باغەکەی (شاخی مشکە) و چاوێکی لەسەر گڵکۆی دایکە هەمیشە کراس ڕەشەکەیەتی. پاشخانی (٢٥) ساڵ لە ژان و ئەسرین و قژڕنینە و چاوەڕوانی بەردەرگای زیندانەکان و وەرگرتنەوەی جەستەی سەردوبێژینگ کراو وپەت لەملی (٣) لە براکانی بە دەستی نامەردان... باشترین هەوێنی داهێنان و بەپیتترین پەینی بەرهەمی تژ لە شاکارییین. (هاوار، هاوار، هاوار...!) ئەم (٣)

هاواره، حەرف و وشە و دەنگ نین لەم دەقەشیعرەی خوارەوە هاوار دەکەن، ئەمانە دەنگدانەوەی (٣) دەیە لە هاواری ژنی کورد و ژنی گەرمیان و ژنی خەمخۆرە، لە جیهانێکدا کە (تێکەڵ بە بێباکیی سەردەم دەبێ)، سەردەمی جینۆسایدکردنی ژن و پیاوی نەتەوەیەکی خنکێنراو. ئەو شاعیرە ژنە هەستبریندارە، وا سەری لێشێواوە، خۆشی نازانێ لە (پاریس)ە یان (گەرمەسێر) یان (شاخی مشکە). ئەم کوپلەیە کە بەشێکە لە قەسیدەیەکی درێژ، بە تەواوی لە زریکەی ژن نقوم بووە: (دەنگی دڵی ژنانی گەرمیان، ژنانی ئەنفال/ دایکی جەرگسووتاو/ دەنگی دڵی ژنەکان/ ژنانی گەرمەسێر/ بێچوەژنەکانم/ ژنانی نیشتیمان). ئاساییە ئەمە ناو بنێین: دەنگدانەوەی مێژوویی کۆژانی دایکەکان لە ژانەشیعرێکدا. شیعرێك دەنگی یەك ژنە و هاواری هەزاران، بانگی یەك مرۆڤە و قیژەی هەزاران، زامی یەك دڵە و کولکی هەزاران دڵ.

لێتان ناشارینەوە، لە پەرەکردنی دەروونیی پەمۆیی ئەم دەقەشیعری، ئەوەندەی بۆ ژنە ئەنفالکراوەکان موتەئەسیرین، ئەوەنەدەش زگمان بە دەقنووس دەسووتێ، چونکە سووتان و هەڵقرچانی  جەستە و ڕۆحی ئەو، لە بۆنکروزی حەرف و وشەکاندا هەڵدەستێ. ڕتم و نەزم و تون ودەنگدانەوەی موزیکی دەقەکە، دەنگێگی گەردوونییە لە نێوان عارد و عاسمان دێتە گوێ، هەر بۆیە شاعیر زۆر لە خەمی داڕشتنی وینەی شیعری نەوازە نەبووە لێرەدا، هەرچەندە دەقەکە بە ئەفسانە و فۆلکلۆر و فەرهەنگی خۆماڵی  هەژار نییە: بەگیخانی دەڵێ:

**(دەنگی دڵی ژنانی گەرمیان)**

**من لێرەم**

**لەناخی بێدەنگیی گەرمیان**

**کە دەنگی شمشێری شەڕی براکان ڕایدەچڵەکێنێ**

**بیرەوەرییەکانی پاریس دەنێژم و**

**قاقای پێکەنین کپ دەکەم**

گوێ لە قوڵپی گریانی ژنانی ئەنفال دەگرم
کە لەناو گەرداوی ئەم خاکە سەردەکا و
وەك هێڵێکی باریك
بەرەو سەربان و گردەکان تەکان دەدا
با بێدەنگ بین
دەستت بخەرە سەر ناوچەوانم ئەی دایکی
جەرگسووتاو
با بۆنی مردووەکان بکەیتن
کاتێ چەکەکان ڕادەکشێن
لاشەی براکانمان هەڵمێکی سووریان لێ هەڵدەستێ
لە قووڵایی ڕۆحیاندا
تروسکاییەك هەڵدەچێ
وەك بوراق باڵ دەگرێ
بەرەو ناخی ئەستێرەکان
دەنگی دڵی ژنەکان دەبیستم
تێکەڵ بەدەنگی بانگدەری سپێدان دەبێ
شین و ڕۆڕۆبە تێکەلأ بە
حەی ئەڵلاَی دەروێشان دەبێ
هاوار، هاوار، هاوار
بێدادیی ژنانی گەرمەسێر
لەسەر ئەم خاکە سووتاوە
تێکەلأ بە بێباکیی سەردەم دەبێ

بۆنی خوێنی جەنگ دەکەم
لەناو دڵی شەو
ئاە و ئارەزووی کوژراوەکان
تەنیایی بێچوەژنەکانم

دەچنە ناو سی و دەمارەکانم
لە خانەکانی شیعرمدا دێنە دەنگ و
تۆماری دەکەن یادەوریی ئەم خاکە لەخاچدراوە
هەڵمی سووری ئاهی ژنانی نیشتیمان (١٦)

**٢) خۆشەویستیی دایك و دایکی خۆشەویست:**

**(The Mother’s love and the Beloved Mother)**

فەزای خۆشەیستیی دایك پانتاییەکی چوار ڕەهەندی هەیە:

- ڕەهەندی مێژوویی: زۆر پێش هاتنەخوارەوەی کتێبە ئاسمانییەکان و سەرهەڵدانی چاخی یەکتا پەرستی (خودا)، دایك پەرستیی لە زۆر کۆمەڵگاکاندا باو بووە، ئیمرۆ نزیکەی (١٠٠) لە پەیکەری دایکە ـ خوداکان، لە مۆزەخانەکانی جیهاندا نمایش کراون. جا تاکو ئێستا، تقووسی ئەو خۆشەویستییە بۆمەمانان ماوەتەوە، بە شێوەی ڕێزگرتن و خزمەتکردنی ئەو کائینە ڕۆحسووکەڵەیە. ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەدرێ درێژەپێدەریی ئەو خۆشەویستییە بەردەوام و نەپچڕاوەیە.
- ڕەهەندی جوگرافیایی: هەرچەندە ماڵ و گۆڕستان، وەك دوو مەنزڵی دایك، پێگەیەکی جوگراقیایی زۆر سنووردار و قەوارە بچووکیان هەیە، بەڵام مەودا ڕاستییەکەی بوون و ماهییەتی دایك، هەموو ئەو شوێنانەیە کە تو لەوێ مەوجوودی. ئەو خۆشەویستییەی ئێرە، لە دڵی بەگیخانیدا کوژانەوەی نییە لەسەر زەوی یان ئاسمان یان دەریا بێ. لەهەر شوێنێ ئەو لەوێ بێ دایکیشی لەوێیە.
- ڕەهەندی بایەلۆژیی: دوای ناوك بڕینی کۆرپەڵە، پەیوەندی بایەلۆژیی و جەستەیی لە (جیینات) و (کرۆموسۆمات) و پێکچوونەکانی شکڵ و شێوە و ڕوخسار و جوولە، لە نێوان دایك و منداڵەکەی دا هەر بەردەوامە و ڕەنگ بێ بپەڕنەوە بۆ

چەندان پشت لە نەوەکانیان. کەواتە ئاساییە لە ئاوێنەی چاوی بەگیخانیدا، خۆشەویستی دایك بە ڕەوانی بخوێنینەوە.

- ڕەهەندی ڕۆحی: ڕەنگ بێ ئەوەیان بۆ بەگیخانی، گۆشە هەرە چڕ و پڕ و خەست وخۆڵەکەی خۆشەویستیی دایك بێ. چۆن؟ ئەو کائینە ڕۆحسووکەی بە نازناوی (دایك) بانگی دەکەین، لە دید و ڕۆحی بەگیخانیدا، کائینێکی ئاسمانی، پەریزادەیی، موعەزەب، غەدرلێکراو، مەحرومکراو، گۆشەگیرکراو، سووتێنراو بە چزیی (٣) جەرگسووتان...تاد. کائینێکە تازە بەمەرگی خودی شاعیر، ناوی بزرنابێ، چونکە شیعرەکانی نەمرییان بەو بەخشیووە.

لە تێکستەشیعری (دیاری) دا، کە ناونیشانەکەشی کلیلی کردنەوەی قاسەی دەقەکەیە، شاعیر دەبێتە نیگارکێشێکی وشە ڕەنگاڵ، دەبێتە پێکاسۆی شیعر و جوانترین دەقی خۆشەویستیی دایکمان بۆ دەنووسێتەوە. دایکێك لەسەر زەوێ و لە ژێرزەمین هەر زیندوو. ئەو (تاوسە شینەی) ئەو خەیاڵی دەکات، سیریالیزمێکی واقیع بینانەیە، بۆ ئەو پەیامگرەی وێنەشیعرییەکە باش بخوێنێتەوە، دەبێ ئاوێنەبەندی ژیانی بەگیخانی بینی بێ. دوور لەو ئاوێنەیە دەقەشیعرەکە زۆر ڕەنگی کاڵ دەبێتەوە. ئەلقەی زنجیرەکانی وێنەکە (شاعیر و کۆرپە و دایکە) سێکۆشەیەکی سێ عەشقیی (کچ و منداڵ و دایکە)ە. بەگیخانی بۆخۆی شایەتی دەدا و دەڵێ: "مەرگی عەشقیش بە هەمان ئەندازە کوشندەیە. کاتێك لە ژیاندایین و جوانییەکیان لە ناوماندا دەکوژرێنن. ژیان دەبێتە بیابانێکی زەرد و مرۆڤەکانیش تەنها تەنێکن لەشەبەنگدا دەجوولێنەوە."٠(١٧)

کەواتا مانەوە و جوولانەوە و بەردەوامی ژیانی ئەم شاعیرە بەندە بە مانەوە و جولانەوە و بەردەوامی ژیانی (دایکە خۆشەویستەکەی) جا با لە ڕێی شیعرەکانیشیەوە بێ.

بڕوانە چۆن دەقنووس کاییەکانی بیرۆکەی ئەم وینە شیعرەی بەرجەستەکردووە:

ئەمەیش بەشێکە لە دەقەکە:

**(دوا دیاری)**

**....**

**خۆشەویستی دوای مەرگ**
**دەشێ لەشێوەی باڵندەیەکی ئەفسانەییدا بەرجەستە بێ**
**تاوسێکی شین**
**ڕەنگڕێژ بە هێڵی ئیلاهی**
**وەك ( فۆرمێکی کامل(**
**تۆ پەیکەرێکی برۆنزی لێ دەخولقێنی**
**دەیکەیتە یاری بۆکورپەکەت**
**وەك دیاری دەیخەیتە ناو تابووتیەکەوە و**
**پێی دەڵێی**
**ئەمە بۆ یاریکردن نییە**
**بەڵکو بۆ نەجاتبوونە**
**تۆ دوعا دەکەی**
**لەو دونیا**
**کۆرپەکەت بیکاتە بەخشیش**
**بۆ پاسەوانانی سەرسنوور**
**بە ئومێدی پەڕینەوەیەکی سەلامەت**
**بۆ دونیای ژێرزەمین.** (١٨)

**٣) ڕەنگدانەوی سەردەمی منداڵی لەسەردەمی دایکایەتیدا:**

**(The Reflection of the Childhood in the Motherhood)**

ئیمڕۆ ڕەفتەی کتێبخانەکان بە سەدان کتێب، بەو ناونیشانەی سەرەوە چەماونەتەوە. هەمووان، لە پەروەردەکار و دەروونناس و

پزیشك... تاد. قسه خۆیان لەمەڕ كاردانەوەی سەردەمی منداڵی كردووە، تا ئەو ڕادەییەی دەگوترێ، گەورەكان، منداڵی بە تەمەنن و ڕەفتار و كرداریان هەر ئەوانەی سەردەمی منداڵین.

دكتۆر (لۆرا ئارنیس فیورستێن Laura Arens Fuerstein) لە كتێبی (دایكیی من، ئاوێنەی من) دا دەونووسی:" لەو چركە ساتەی كە دێ دایكەوێنە لە زەینماندا چەكەرەبكات، خودوێنەش چەكەرەدەكات. ئەو دوو وێنەیە هێندە ئاوێتە و تێكەڵی یەكترین كە بە هیچ مەقەستێك لێك جودا ناكرێنەوە. تا وێنەكانی دایك زۆرتر و پانتایی جوگرافیاییان فراوانتر دەبێ، ئەوا تۆخیی و خەستیی و چڕیی و پڕیی وێنەكان لە هزر و زەینی منداڵەكەدا باشتر دەبریسكێنەوە. كاروان و ڕێڕەوی ئەو دوو وێنەیە (دایكەوێنە و خودوێنە) تادوای تەمەنی منداڵیش هەربەردەوام دەبن لە تۆماركردنی گرتەی نوێ و تازەدا. بەهەڵەداچوون ئەوانەی وا تێدەگەن، دوای تەمەنی منداڵی وێنەدایك لەبەر چاوان كاڵدەبێتەوە، نەخێر وانییە، چونكە تا درەنگانێكی تەمەنی هەرزەیی، وێنەی دایك بەبەردەوامی بەشدارە لە دروستكردن و داهێنانی وێنەی خود. بۆیە ئاساییە لە تەمەنی چل یا پەنجاساڵیتدا، لە وێنە و هەڵوەیست و ڕووداوی جیاجیای ژیانتدا، دەنگ و ڕەنگ و هاوار و پێكەنین و گریان و جوولە و بۆن و تامی دایكت لە مێشكتدا دووبارە ببنەوە."(١٩)

ئەو گوتەییەی دكتۆر (فیورستێن) ڕەنگدانەوەی خەستتری لە سەردەمی منداڵی نەزەند بەگیخانیدا هەیە، چونكە زانستییانە سەلمێندراوە، تا ڕووداوەكان ناخۆشتر و دژوارتر بن، پتر ناخ زامداردەكەن و زۆرتریش لە زەین و هزردا دەمێننەوە. بەڵام ئەو كچۆڵە چی هە بووە تا لە زەینی بمینێتەوە، جگە لە یادگارییە دوكەڵاوییەكان و بۆنكروزاوییەكانی كۆڵێتە تاریكەكەی باغی شاخی مشكە و خانووە داتەپیوەكەی گەڕەكی (قۆنگرێ) لە كۆیە. ئەو لە چوار پێنج ساڵیەوە باغچەوانی كردووە، هەر نەبێ دەسكە تەڕەتیزە و كەوەر و سڵقی بە پەنجە ناسكەكانی

بەستووە و بە دەنگە خۆش و باریکەکەشی چۆلەکە و تەیروتواری لە دانوولە و گوڵەبەڕۆژە و نانەهەنجیرە هەڵخراوەکان دەرکردووە. جوانترین بووکەڵەی ئەو لەو دوو داروچکە یە دروستکرابوون، کە وەك خاچی مەسیح، بە داوە خەیاتە لێکی دەبەستن و بە پوولەکە و مۆری دەموچاوی لە سەر شووشەی (پیبسی و کۆلا) بۆ دروستدەکردن. (حەمامۆکە) ی بەر هەیوانیش خۆشترین یاری و گەمەی ئەو بووە، کەمتریش کاتی دیلان و پەتپەتین و چاوشیلکانێی هەبووە. ئاخر ماڵە باغچەوانێك، هەر خەبەری لەسێدارەدان و هەر بەڕێکردنی جەنازەی ئازیزان، کەلاوەخانووی بەر شفرەی شۆڤلان، قەدەر و نسیبی بێ، دەبێ چ بیرەوەرییەکی تاڵی لە ناخی ئەو کچە چاند بێ! جگە لە نووزانەوەی دایك و قژڕنینە و ڕەشپۆشی و سەردانی گۆڕی ئازیزان!

دکتۆر(لۆرا ئارنیس فیورستێن Laura Arens Fuerstein) زۆر ئەکادیمییانە ڕۆڵی ئەو وێنە فانتازییانەی دایکمان بۆ ڕاڤەدەکات و دەڵێ: "لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا، ئەقڵی بێئاگا هۆشیارترە لە ئەقڵی بەئاگا. هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە دایك دەینوێنێ لە خەندە و پێکەنین و گەمەکردن و گفت ولوتف، پڕن لە وێنەی فانتازیی، تەنانەت توڕەیی و هاوارەکەی ئەو خاڵی نییە لەو تەرحە وێنەیە. جا زانستییانە سەلمێندراوە کە وێنەی فانتازیایی باشتر و خێراتر و زووتر و زۆرتر لە ئەقڵی بێئاگایدا دەمێننەوە، ئەوا کە منداڵەکە گەورە دەبێ و ئەقڵی بەئاگایی باشتر نشونما وگەشەدەکات، وێنەکان دووبارە و سەدبارە دەبنەوە لە هزر و هۆشی ئەودا. ئەمە هۆکارێکی بنەڕەتییە کە وێنەی دایك پتر لە وێنەباوك لە بونیاتی خودوێنەی منداڵ ڕۆڵی هەیە "(٢٠)

دەقی (تارایەکی ڕەش)، وەکو چەندان دەقەشیعری دیکەی بەگیخانی، لە خومخانەی سەردەمی منداڵی هەڵکێشراوە و بە

خۆرەتاوی پڕ حەسرەتی سەردەمی هەرزەکاری وشك کراوەتەوە و دواتر بەسەر سەری (بووکی باڵابەرزی) شیعری ئەو دادراوە.

وشە و و دەستەواژەکان، لێرەدا دەبێ شیتەڵکاریی دەروونییان بۆ بکرێ، چەند گوناحە ئەو شاعیرە ژنە کە لە نێو وشەی ڕەشهەڵگەڕاو و دەنگنووساو و ڕەنگپەڕیوەکانی سەردەمی منداڵی، ناخی خۆی شەرمنانە نەمایش دەکات. ئەو تەمەنای تەرزە بیرەوەرییەکی دیکەی دەکرد، بەڵام لە کوێ بێنێ، خۆ ڕابردوو ناگۆڕدرێت!

دەروونناس دەکرێ، وا وشە و بڕگەکان دەقەشیعری (تارایەکی ڕەش )شیتەڵکار بکات:

| نـــــەزەنـــــد | | دەروونـنـــــاس |
|---|---|---|
| (تارایەکی ڕەش ) | ← | (تارایەکی ئاڵاو واڵا ) |
| بگەڕێمەوە خاڵی سفر | ← | بگەمە پۆپەی سەرفێرازیی |
| بۆ سەرزەمینی منداڵی | ← | بۆ باوەشە خۆشەکەی سەردەمی منداڵی |
| بگەڕێمەوە شاخی مشکە | ← | بگەڕێمەوە شاخی مشکە |
| تارایەکی ڕەش بەسەر دەرگاکە دابندەم | ← | تارایەکی زەردو سوور بەسەر دەرگاکە دابندەم |
| باخچەکە بە جاڵجاڵۆکان دەسپێرم | ← | باخچەکە بە سێ براکەم دەسپێرم |
| پەنجەرەکان دا بخەم و | ← | پەنجەرەکان دەخەمە سەرپشت و |
| بەدیار باڵای دارتووە پیرەکانەوە | ← | بەدیار باڵای دارتووە نازدارەکانەوە |
| تەماشای لۆچی ڕێگاکان بکەم و | ← | تەماشای ڕووی گەشی ڕێگاکان بکەم و |
| گوێ لە خوڕەی ناوبارە بگرم. | ← | گوێ لە خوڕەی ناوبارە بگرم. |
| مشتێ خۆڵی زەمینی منداڵی | ← | مشتێ خۆڵی زێڕینی زەمینی منداڵی |
| دەخەمە باخەڵم | ← | دەخەمە باخەڵم |
| چاو لە بەردەکان دەتروکێنم | ← | چاو لە بەردەکان دادەگرم |
| دەستەکانیان دەگوشم | ← | دەستە موتەفەرکەکانیان دەگوشم |
| ماڵئاوا، ماڵئاوا | ← | خۆش هاتنەوە، بەخێر بێنەوە |
| تارایەکی ڕەش | ← | تارایەکی هەزار ڕەنگ |
| بەسەر دەرگاکەدا دادەم | ← | بەسەر دەرگاکەدا دادەم |
| وەك خۆر ئاوا دەبم | ← | وەك خۆر ئاوا دەبم |

لێرەدا (مشتەخۆڵێ شاخی مشکە) پیرۆزترین و خۆشەویسترین بە نرخترین شتە لە لایی بەگیخانی، ئەمەیش وەڵآمەکەی شاعیری مەزنی عیراقی (محەمەد مەهدی جەواهێری ١٨٩٩ ـ ١٩٩٧) مان وەبیر دێنێتەوە کە لێیان پرسی: جیهانت پشکنیەوە، کێندەرێ خۆشترین بوو؟ ئەوەیش دەڵێ: "زێدەکەم، نەجەف.".

دەقی (تارایەکی ڕەش)، شاکارێکە، دوو زەمەن و دوو فەزای دژبەیەکی لێك دوور (سەردەمی منداڵی و ئێستا/ شاخی مشکە و ئەوروپا) بەیەکەوە کۆدەکاتەوە ئاوێنەبەندێکی ساف و بیگەردی دەروونی کچە کوردێکی لێ دروست دەکات، شووشەکەی ناخە و جیووەکەی وشەیە و چوارچێوەکەی فۆڕم و هونەر و جوانکاریی و ڕەوانبێژیی شیعریی دەقەکەیە. دەقەکە شانۆ فۆڕمە:

زمانەکەی مۆنۆلۆژە، تاوێ شاعیر و تاوێ ناخ دەدوێ.

شوێن: شاخی مشکە و جیهانە.

کات: سەردەمی منداڵی و ئێستایە.

کارەکتەرەکان: شاعیر، دەرگا، جاڵجاڵۆکە،پەنجەرە، دارتووە، ڕێگا، ئاوبارە، مشتێ خۆڵ، بەرد.

گرێچن: با خۆر ئاسا، ئاوابم، بە باغەڵێك پڕ لە خۆڵی شاخە مشکە.

داڕشتنەکەی تۆکمە و چڕە، وشەکان سادەن، کێشەکە کراوەیە، سەرواش لە پاڵ مۆزیکی ناوەوە، زرینگانەوەی خۆش و بیستراوی هەیە.

ئەمەیش تەواوی دەقەکەیە:

**(تارایەکی ڕەش )**

**کاتی ئەوە هاتووە**

**بگەڕێمەوە خاڵی سفر**

**بۆ سەرزەمینی منداڵی**

**بگەڕێمەوە شاخی مشکە**

تارایەکی ڕەش بەسەر دەرگاکە دابدەم
باخچەکە بە جاڵجاڵۆکان دەسپێرم
پەنجەرەکان دابخەم و
بەدیار باڵای دارتووە پیرەکانەوە
تەماشای لۆچی ڕێگاکان
گوێ لە خوڕەی ئاوبارە بگرم.
مشتێ خۆڵی زەمینی منداڵی
دەخەمە باغەڵم
چاو لە بەردەکان دەتروکێنم
دەستەکانیان دەگوشم
ماڵئاوا، ماڵئاوا
تارایەکی ڕەش
بەسەر دەرگاکەدا دادەم
وەك خۆر ئاوا دەبم (٢١)

**٤) شمشێری ژەهراوی زوڵمی پیاو و گەردنی ناسکی ژن:**

**(The Poisonous Swords of the Man’s Tyranny and the Woman’ Fairness)**

هونەرمەندی ئینگلیزی (جۆی لینۆن- ١٩٤٠ John Lennon) جوانی گوتوە: "کاری من وەك هونەرمەند و شاعیر گوزارشت کردنە لەوەی کە دەیبینم و هەستی پێدەکەم، نەك وایان لێبکەم هەست بەو شتانە بکەن. من نە وتاربێژی کڵێساو نە سەرکردەم، من پارچە ئاوێنەیەکم ڕاستییەکانتان نیشاندەدەمەوە." بەگیخانیش، وەك ڕۆشنبیرێکی هۆشیار و بەئاگا، لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە شیعرەکانی نە فەتوان، ڕەفتاری خەڵك لە قالبدەن و نە مانفێستی شۆڕشن جەماور ڕاپەڕێنن. ئەو دەیەوەی هاوارەکەی بگەێنێتە پیاوانی کۆمەڵگا چەقبەستووەکانی کوردستان و ڕۆژهەلآتی ناوەند، کە دەسەڵاتی نێرسالارییان، زاڵمانە ئەوانیان بۆ بەرژەوەند و لەزەتی خۆیان کردووەتە کویلە

و دەیانچەوسێننەوە. هونەرکاریی ئەو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، جوان شێوازی دەقەکان و بوێری گوتەکان و پەلرکێشانی ئەوانە بۆ بازنەی دایەلۆگ و بەخۆداچوونەوە. بە سەرە سووژنی زمانی تەریقکردنە و پەلار و تەنز و شکاندنەوە، دەیان ورووژێنێ و ڕایان دەچڵەکێنێ.

بڕوانە چۆن لەم دەقەشیعرەی خوارەوەدا، باوەشێك کتێب دەخاتە بەردەمی پیاوان و پێیان دەڵێ بیانخوێننەوە شەرم لە پیاوەتی خۆتان بکەن، بە چاوی خۆتان ببینن چمان پێدەکەن. (قەرەوێڵەیەکی تەنیا/ لەناو قاوشی بۆنساردی سەدەی بیستویەك) هەموو ئەو جیهانە ڕازواوە و ئەو ژیانە پڕ خۆشییە و ئەو چارەنووسە گەشاوەیە، کە پیاوان بۆ مێینەکانی نیشتمانەی خۆیان کردۆتە میرات. (قەرەوێڵەیەکی تەنیا/ لە سەدەی بیستویەك)ئارەقەی شەرمەزاری بە نێوچەوانی هێزی نێرسالاریدا دەێنێتە خوارەوە. شاعیر، لێرەدا بە تاکە وشەیەکی نەشیاو، ئەوان تەریق ناکاتەوە، تەنها ڕیزبەندی چاکە و ژنایەتیی خۆیانی بۆ بەیان دەکات. زرینگانەوەی زاراوەی (قەدەر) لەم دەقەدا، وەك دەنگدانەوەی هاواری ئەو ژنەیە کە بە نووکی شمشێر سینەی بێگەردی کون کون دەکەن. ئەم وشەیە ئەزەلی و ئەبەدییەی نێو فەرهە نگی کەلتوورەکەمانە، چەندان سەدەیە ژنانی پێ شاباش دەکرێ. بۆیە ستایش نییە گەر بڵێین هەر وشە و دەستەواژەیەکی ئەم دەقە، پەیامێکی شاراوەی بۆ خوێنەری بە سەلیقە پێیە.

دەقنووس لە بەشێکی قەسیدەی (نمایشی ناخی من) دا دەڵێ:

**دێمەوە سەر گۆی ئەدەب**

**وەرزی کولتووەری ئەدەبی**

**ژنەکەی سەر منارەی شێرزاد حەسەن**

**هەلآڵەی عەتا نەهایی**

**دالیا سیراجەدینی بەختیار عەلی**

**دێنە زیارەتم و**

**هەریەکە شووشەیەك شروبی قوربانیبوون**

**لەناو زەرفی قەدەر**

**دەخەنە دامێنی قەرەوێڵەکەم**

**قەرەوێڵەیەکی تەنیا**

**لەناو قاوشی بۆنساردی سەدەی بیستویەك** (٢٢)

***

باوەڕناکەم قەڵەمی نێرینەکان، بتوانن وەك قەڵەمەکانی ژن، ڕاستگۆیانە و واقیع بینانە گوزارشت لە ناخ و بوون و هزر و دیدی ئەوان بکەن. بڕوانە چۆن سەرەڕای سووککردن و حەیابردنی (جەنگ)ەکان، ئەو ژان و موعانات و ئەشکەنجە دەروونیانە دەخاتە ڕوو کە تەنها و تەنها خۆیان، ژنان هەستی پێدەکەن. لەو کاتەی ئێمەی نێرینە شەهیدەکان دەژمێرین، ئەوان بە شەهید بوونی ئەوان خەونە سەوز و پەمەییەکانی خۆیان لە گۆڕ دەنێن. ڕاز و نهێنیی ئەو ڕستە و دەستەواژە شیعریانەی ئەم دەقەی خوارەو زۆر لەوە تاریکتر و سامناکترن کە لە خودی وشەکاندا هەسیتیان پێدەکرێ، ئەوە هەر ژنە کە لە مانای و وە قعی ئەو داڕشتنانە تێدەکات: (ئازادی دەکەینە ژنێکی سۆزانی و/ ڕسوای دەکەین/ ئێمە پۆلێ کچی هەرزەکار/ دۆڵی جەستەمان وشکهەڵاتوو/ دەمارەکانمان قرچەیان دێ / قەفەسی سینگمان پڕە لە ڕیشۆڵەی ئاخ و/ مێشکمان کاس بە باڵەفڕکێ / بە بێدەنگی لەبەر سێبەری براکانمان/ هەڵدەلەرزین/ چاوەڕوانی دەستێکی سپی دەکەین/ دێت و هەموومان کۆدەکاتەو / ئێمەش ئومێدەکانمانی پێوە هەڵدەواسین) . دەبێ چەندان ملیۆن ژن چاوەروانی قەڵەمە بوێرەکەی بەگیخانی بن بێت و (ئەو بێدەنگییەیان) بشکێنێ.

قەسیدەی (جەنگ) کە نزیکەی (٢٧٧) دێرەشیعرە، ئەوەندەی وێنەی ژنە چەوسێنراو وغەدرلێکراوەکانی تێدا وێنا کراوە، ئەوەندە ڕووە ڕەشەکەی (جەنگ)ی تێدا ڕسوا نەکراوە. ئەو قەسیدەیە تارایەك بۆ سەرسەری هەموو ئەو ژنانە دورواوە کە

وەك ئەوانەی خۆمان بە کۆیلەکراون، ئەوجا لە ئەفغانستان یان پیرۆ یان سۆماڵ ... تاد بن.

کە دەقە دەخوێنیتەوە، شاعیرت دێتەبەرچاو بە دەستێك کتێبەکەی گرتووە دەقەکەت بۆ دەخوێنێتەوە و بە دەستەکەی دیکەی دەسماڵێی پەمەیی گرتووە سێلآوی ئەو فرمێسکانەی پێدەسڕێتەوە کە بەسەر کوڵمە خەماوییەکەیدا دڵۆپ دڵۆی شەونم ئاسا دێنە خوارەوە.

من وەك پیاوێك شەرم لەخۆم دەکەم، کە بەم شێوەیەم بەگیخانی دەمبینێ و دڵنیاشم، ئەوە حەقیقەت دەڵێ.

قەسیدەکە شاکارێکی نەمرە، زمانێکی تۆکمە و خەیاڵێکی بێ سنوور و ڕەوانبێژیی وەستایانەوە و وێنە شیعری جوان جوان، پەیکەرێکی باڵابەرزی نەمر ڕوخسار.یان لێداتاشیووە.

لە بەشێکی قەسیدەی (جەنگ) دا ئەو دەبێژێ:

**ئازادی دەکەینە ژنێکی سۆزانی و**

**ڕسوای دەکەین**

**ئای**

**چ جەنگێکە ئەم جەنگە هاوڕێم**

**جەنگێ چەشنی هیچ جەنگێکی دیکە نییە**

**ئێمە پۆلێ کچی هەرزەکار**

**دۆڵی جەستەمان وشکهەڵاتوو**

**دەمارەکانمان قرچەیان دێ**

**قەفەسی سینگمان پڕە لە ڕیشۆڵەی ئاخ و**

**مێشکمان کاس بە باڵەفڕێ**

**بە بێدەنگی لەبەر سێبەری براکانمان**

**هەڵدەلەرزین**

**چاوەڕوانی دەستێکی سپی دەکەین**

**ئەمجارە بەناوی شارستانییەت**

دێت و هەموومان کۆدەکاتەو

ئێمەش ئومێدەکانمانی پێوە هەڵدەواسین.(٢٣)

هەرچەندە لەم تۆمارکراوەی سەرەوەدا وشەی (دایك) نابینین، لێ هەموو ژنەکان،هی دایکن و هەموو کچەکان، کچی دایکن و هەموو منداڵەکان، زمانحاڵی دایکیانن و خودی شاعیریش هەر دایکە.

**٥) دایك: خزمەتکارە جەرگسۆزەکەی خەون و مەرامەکانی پیاو:**

**(The Mother;the Faithful Maid for the Man's Dreams and Hopes)**

بەگیخانی شاعیر وا دەنووسێ: " تەنها بە شیعر دەتوانین گوزارشت لەم دۆخ و سات و ئازار و پەنهانی و جوانییانە بکەین، بۆیە هەمیشە دەفتەر و قەڵەمێکم لە ناو جانتا و لە تەنیشت جێگای نووستنەکەمە، هێندێ جار لە کاتی ماشین لێخوڕین لە کەنار جادە دەوەستم و دەست دەکەم بە نووسینی شیعرێك... ."(٢٤)

کەواتە هەر وشەیەك دەستخەتی ئەو ژنە بێ، دەبێ نرخ و پارسەنگی خۆی بۆ دابندرێت، چونکە ئەو بەیتبێژ و حیکایەتخوان نییە، بۆ کات بەسەر بردن و شۆخیی، ئەوان داڕێژێت و ڕەنجیان بۆ بکێشێ. ئێستا ساتەکانی ئەو، شیعرن و شیعرەکانی ئاوێنەی بێگەردی ناخێکی بێ میکیاژ و بێ ڕتووشن. ڕەخنەکار (حەمە سەعید حەسەن) بەم دێڕانە گوزارشت لەو تەرزە شیعرانە دەکات و دەڵێ:"ئەو شیعرەی هەڵقولآوی ناخە هەمیشە ژیانی لێ دەچۆڕت و لەسەر زاران و لەناو دلآنە، وەلێ ئەو شیعرەی گوێڕایەڵی دەسەلآتێکی دەرەوەی ناخی شاعیرە، مەگەر ئەنتیکخانە داڵدەی بدات."(٢٥)

یەکێك لەو لوغز و مەتەڵە ئاڵۆزانەی ئەو ژنەن شاعیرەی سەرگەردان و وێڵ کردووەن بۆ دەبێ پیاوانی سەدەی ڕۆشنبیریی و ئازادیی، لە ڕۆژهەلآتی ناوەندا، وا غەدارانە ڕەفتار لەگەڵ

ژنی ئێسکسووك و خزمەتکار و بەوەفا بکەن، لەکاتێکدا ئەوان بە هەموو شێوەیەك باوەشی ئەمەك وقەدرزانی بۆ پیاوەکان دەکەنەوە!

بڕوانە چۆن شاعیر، قسەی دەستەخوشکەکانی دەکات، کە ڕەنگ بێ ئەوان نە جورئەت و نە توانای گوزارشتیی ئەدەبی بالآیان هەبێ بۆ دەربڕینی خەمەکانیان، لە چەند کۆپلەیەکی دیکەی قەسیدەی (جەنگ)دا دەناڵێنی و دەڵێ:

**باکمان نییە کە دەبینە گۆرەویشۆر و دەرپێشۆر و**

**چێشلێنەر**

**کەزیی کلۆڵیی بێوەژنەکان دەهۆنینەوە**

**شانمان دەخەینە بن هەنگڵی باوك و دەیبەین بۆ**

**دەستشۆر**

**ناو گەڵیان دەشۆین و بەسەرماندا دەڕشێنەوە**

**کاتێ دەشکەون**

**دەیکەینە شێن و**

**وەیلان دەبین** (٢٦)

....

**ئینجا کە پیاوەکان دەگەنە بەرەکانی جەنگ**

**پەککەوتە و بریندار و منداڵەکان بە ئێمە دەسپێرن**

**ئێمەی جەستەی سڕ بوو**

**چاوگ پەنگخواردوو**

**شانمان دەخەینە بن هەنگڵی باوکی پەککەوتە و دەیبەین**

**بۆ دەستشۆر**

**برینی براکان تیمار دەکەین**

**جلی جەنگاوەرەکان دەدروین**

**منداڵەکانمان دەبەینە مەکتەب و دڵنیا نیین دەیانبینینەوە**

**دایکەکانمان لەبەر ئاگردانی شەرم چرووك دەبن**

**هەمووومان بە نەوالی شاریستانی**

**بە نەوالی شۆڕش و**

**نەوالی ئایەتولکورسی و**

بە نوالی ئازادی فریو دەخۆین (٢٧)

دیسان، شاعیر تەئەسووفی زۆری ئەوەیەتی کە دوایی تێپەڕاندنی چاخەکانی (کۆڵەواریی و کۆیلەیەتیی)، پیاوەکان چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و لیبراڵی و دیموکراسی و سۆشیالیستی و ... بۆ چەوساندنەوەی ژن وەگەڕدەخەن و شانازیشی پێوە دەکەن.(هەمووومان بە نەوالی شاریستانی/ بە نەوالی شۆڕش و / نەوالی ئایەتولکورسی و / بە نوالی ئازادی فریو دەخۆین) .

هەر لەم نموونەی سەرەوەدا، شاعیر نزیکەی (٢٠) لەو ئیش و کارانە دەخاتە ڕوو کە هەر بەوان دەکرێن و بە شانازییەوە بۆ ئێمەی نێرینە ئەنجامی دەدەن. وشەکان زمانی ژنن، ئێمە پیاو کەمتر پێیان ئاشناین، ئەمەش درووستی وتەکەی (حەمە سەعید حەسەن) پشتڕاست دەکاتەوە.

تو لە دەروونشیکاریی ئەم وشانە ورد بەوە، بزانە دایك چۆن دڵ و بیر و هۆشی هەموو دەم لە لای منداڵەکەیەتی و لە وڵاتی مین و بۆمبا و خەنجەر و شمشێر هەمیشە دڵی لەناو مستییەتی (منداڵەکانمان دەبەینە مەکتەب و دڵنیا نیین دەیانبینینەوە).

وێنە شیعرییەکان ناسك و سادەن بەڵام خەیاڵیان لێ دەچۆڕێتەوە و زوو خانەکانی مێشکمان جێناهێڵن. زمانی دەقەکە شیرینە، سیخناخە بە نۆتە و نەزمی گەرووی ژنانە، دەقەکە کێشەکەی والآی کراوەیە، بەڵام مۆزیکی وشە و بڕگەکان چریکە ئاسای بولبول چەهچەهەیان لە دووڕا دەبیسترێ: دە گوێ بۆ ئەم مۆسیقایە بە جۆشە شلکەن، بڕوانن بڕگە هارمونیا یەك ئاوازەکان چ ئاهەنگێك سازدەکەن: (بر، بر/ کان، کان / دە، دە، جە / ین، ین/ جل، جە/ وە، دە، رە، کە / ڕە، روو/ گا، کا/ ٥ ن):

داڕشتن و قالب و قەلبی دەقە شیعرەکە، شایەتی دەدەن، کە شاعیر لە سنعەتی شیعردا، وەستایەکی دەستڕەنگینە.

٦) (ژن - دایك) و من و تۆ:

**(The Woman – Mother and You and I)**

گەورە شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیزی شەیکسپیر، لە سونیتێکدا دەبێژی:" خەمی دڵت هەڵڕێژە، ئەو خەمەی قسەناکا، بەچرپەکانی جەرگت پارەپارە دەکا."(٢٨)

بەگیخانی دەمێکە، وەك ژن و شاعیرێکی باخەبەر، درکی بەو ڕاستییە کردووە، بۆیە لاسایی ئەو ئەدیبە مەزنە دەکاتەوەو سینەی پڕ حەسرەت و پەنگری خۆییمان بۆ دەکاتەوە. ئەو (خەمەکانی) سینەی ڕەگەزی خۆی لە چوار لاوە دەخوێنێتەوە:

- خەمی چەوساندنەوەی ژن وەك ژن: هەرچەندە هەوڵدەین خۆمان بە دواوەی گالیسکەی شارستانیەتدا هەڵواسین، تاکو ئێستا هەر کویلەی زۆر لە داب و نەریتە داڕزاوەکانی سەدەکانی ناوەندین. ڕۆژنییە گوێبیستی ئەو جۆرە دەستەواژانە نەبین، وەك: حەمەژنانی و، داوەشێیت دەڵێی ژنی.
- خەمی چەوساندنەوەی ژن وەك دایك: لەکاتێدا بوون بە دایك دەبوایا پێگە و مەقامێکی باڵاتر بۆ ژن زامن بکات، لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە پێچەوانەوە، دەیان (ژانی) نوێ و بەسفتوسۆتر دەخرێتە سەر قەلآچنی خەمەکانی ئەو کائینە ڕۆحسووکەڵەیە.
- خەمی چەوساندنەوەی ژن وەك مرۆڤ: ئەو مافانەی تاکی کورد لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ تاکو ئێستا لێی بێ بەشن، ڕاستەوخۆ بەسەر سەری ژنانی کوردا دادەکرین، لەو ڕوانگەیەوە کە

ئەوان پێش ژن بوونیان مرۆڤن. واتا چەوسادنەوەکەیان دوو هێندەیە.

- خەمی چەوساندنەوەی ژن وەك رۆشنبیر: تا پتر چاوت دەکریتەوە، وردتر و بە دیقەتتر کێشەکان دەبینی و بە سۆزتر پێیان دەتلێیتەوە. ئەمەش خەرمانە خەمێکی دیکە رووەدەکاتە سەر خەمە دێرینەکانی شاعیری هەست ناسك.

" سەلمێنراوە کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان خەم و جێندەر (رەگەز) هەیە، "خەم دوو جۆرە شێوازی هەیە: شێوازی ژیرانە (Intelligent Style)کە کەسی خەمبار ئەزموون و گوزارشتی خۆی لە رێی دارشتنی ستراتیژێکی گونجاودا بەرجەستەدەکان ـ وەك شاعیرەکان. هەرچی جۆری دووەمە، ئامرازانەیە( Conjunctive Style) کەسی خەمبار لە رێی کردەیەکی فیزیکی وەك گریان و فیغان و سەر لە هەشگرتن، پەژارەداگکرتن و نائارامی و نیگەرانیی خۆی دەنوێنی، ئەمەشیان لە ئەدەبدا رەنگدانەوەی هەیە."(٢٩)

با بە شیتەڵکاریی دەقەشیعرێك، بزانین چۆن، ئەم دەقنووسە شێوازی ژیرانەی لە دەربرینی خەمەکانیدا تەوزیفکردوە. لێرەدا دایکێك قسەدەکات کە خۆی بە دایکی هەموو کچانی کورد و هاوشێوەکانیان دادەنێ. لە ناونیشانی دەقەکەدا ئاماژە بە (لەیدی گرەی١٥٣٠ - Lady Grey١٥٥٤) کراوە، کە لە سەدەی شانزدەمدا بە بریارێکی پیاوانە بە پەردەپۆشیی برایە بەر (گیوتین) و سەری لە لەشی جوداکرایەوە. ناونیشانەکە(پەردەی سەر رووخساری لەیدی گرەی) یە. بروانە لە شێوازی قۆستنەوەی ئەم رووداوە، چۆن شاعیری خۆی دەخاتە بەر ئەو (گیوتین) ەو خۆی دەکاتە قوربانی هەموو ژنانی رەگەزی خۆی. سەرنجدەن (٥) جاران راناوی (من) دووپاتکراوەتەوە چەند جارێکیش وەك ئامرازی دیکە.(هەمان پەردەی سەر رووخساری منە/ پەردەی کجێنی منە / ئەوە هیی من، هیی فاتیمە، هیی عائیشە و هیی دوعاکان/ هەموو رۆژێ شتێك لە مندا دەکوژرێ/ هەموو رۆژێ

بەشێك لە من دەمرێ). بوێریی و جەسارەتێك لە نێو وشەکاندا خۆیان مەڵآسداوە، ترسی زۆران دەڕەوێنێتەوە و پشتگیریی بۆ گوتەکەی (Rebbe Kotzker ۱۷۸ – ۱۸۵۹) نیشاندەدا کە دەڵێ: " مردن دوژمن نییە، ترسانی بەردەوام لەو، دوژمنە." (۳۰)

ئامارەکانی کوشتنی ژنان لەسەر ئەوە تاوانەی شاعیر ئاماژەی پێداوە، ڕۆژ بە ڕۆژ (کێرڤەکەی) بەوەو هەڵکشانێکی ترسناکە، شێوازی کوشتنەکانیش دێ دڕەندانەتر ئەنجام بدرێن. (پەردەی کچێنی منە/ پەردەی شەرمە/ پەردەی حەیا/ هی نامنووسە). ئەمانە وشەی سادە و ساوێلکە نین، بەڵکو وشەی تۆقێنەر و مەرگ و کارەساتن. نابێ ئەمەش وا بخوێندرێتەوە شاعیری دەروازەی ئیباحییەت والآدەکات و هەموو نەریتەکان دەخاتە ژێر پێلآوی. چونکە زۆر لەو قوربانیانە بێ سووچ و قەباحەت پارەپارە دەکرین و فیسیۆلۆژی جەستەیان وا خەلقکراوە و (پەردەی کچێنیان بێ خەوشە).

دەقەشیعرەکە دەولەمەندە بە پاشخشنی متیۆلۆژیی و ئامێر و ئامرازەکانی کوشتنی گۆڕیوە و وێنەی هونەری زۆر جوانی تێدایە وەك:

**لەژێر ئەم پەردانەدا**

**هەموو ڕۆژێ شتێك لە مندا دەکوژرێ**

**هەموو ڕۆژێ بەشێك لە من دەمرێ**

لێرەدا، شاعیر هەرچەندە ڕووی قسەکانی لە (لێدی گرەی) یە بەڵام بۆ ژنانی ولآتەکەیەتی و پلار و توانجەکانیش ئاراستەی منی پیاو کراوە، چونکە من قاتیلە سەرەکییە ناسراوەکەی ئەو شانۆگەرییە تراژیدیایانەم.

بە کوردی و کرمانجی ژانی ژن وەك ژن و وەك دایك و وەك مرۆڤ و وەك ڕۆشنبیر، وەك مانگی چواردە لەم دەقەدا تریفەیان دێ. فەرموو ئەمە بەشێکی قەسیدەکەیە:

**ئەم پەردەیەی سەر ڕووخسارت، هۆ شاژنە لاوەکە**

**هەمان پەردەی سەر ڕووخساری منە**

**هی فاتیمە، هی عائیشە، هی دوعاکان**

**ژنانی ولاَتەکەم**

**پەردەی سەر ڕووخساری تۆ، هۆ شاژنە لاوەکە**

**پەردەی کچێنی منە**

**پەردەی شەرمە**

**پەردەی حەیا**

**هی نامنووسە**

**ئەگەر هی تۆ بۆ ژێر چوونە گیۆتینە**

**ئەوە هی من، هی فاتیمە، هی عائیشە و هی دوعاکان**

**چەشنی زیندانێکی گەڕۆك**

**ژیانمان گەمارۆ دەدا**

**ئەشکەنجەیەکی ڕۆژانە**

**مەرگێکی لەسەرخۆ**

**ئەگەر تۆ یەکسەر بمریت**

**لەژێر ئەم پەردانەدا**

**هەموو ڕۆژێ شتێك لە مندا دەکوژرێ**

**هەموو ڕۆژێ بەشێك لە من دەمرێ** (٣١)

**٧) دایکە نەزەند (Mother Nazand) :**

(ئەمەندا ڕایت Amanda Wright) لە کتێبی (دوور لە خۆشەویستیی دایك) دا دەنووسێ:"دایکم چاوەکانی داخست و ڕەنگی لە سپییەکی مرواری بووە سوورێکی ئەرخەوانی، قاوشی نەخۆشخانەکە لە بێدەنگیدا خنکا، تاکە دەنگ کە دەنگی دەدایەوە، نووزە و ناڵە ناڵی من بوو، کە تاکو ئێستا دوای (٤٠) ساڵ، هەر بەردەوامە."(٣٢)

هیچ کەسێك لەم هەسارەیەدا، ناتوانێ جێگەی دایك بگرێتەوە، لێ هێندێك نووزەی سەرەمەگی دایك، تا ئەبەدییەت نابڕێتەوە.

نووزەی نەزەند بەگیخانی وەك ئەوەی خاتوو (ئەمەندا ڕایت)، هەڵگریی سیفەتی ئەبەدییەتە، ئەمەیش لە دوو ڕەهەندەوە: لە لایەك نووزەی دایکە بۆ دایك، وادام دایك کائینێکی نەمرە دەنگدانەوەی ئەو نووزەیش بە نەمری دەمینێتەوە. لەلایەکی دیکە، شیعری ئەو دایکانە نەمرە، ئەمەیش نەمریی دووەم بە نووزەکان دەبەخشێ. خوێنەرێکی ساڵی (٣٠١٥) بە جوانی گوێبیستی نووزەی ئەم دوو ژنە ئەدیبە دەبن.

ڕەنگ بێ لە قۆناغێکی تەمەندا، حەز و خەونی کچ، ئەوەبێ ڕۆژێ بێ و ببێتە دایك، لێ بوون بەدایك بۆ ژنێکی وەك نەزەند تام و چێژ و بۆن و بەرامەیەکی جیاوازیان هەیە. ئەو کە سەیری ئەلقەی پەنجەی خۆی دەکات، پەنجە باریك و ڕەقەڵەکانی دایکی دێنەوە بەرچاو و دەپرسێ، بۆ ئەو ئەلقەیەکی مەعدەنیشی لە پەنجەکان خۆی نەبینی. ئەو کە کراسێکی بەگوڵ دەبینی دەڵێ بۆ هەر کراسی ڕەش باڵاپۆشی دایکم بوو، ئەو کە فرێك لە پیاڵە چایەك دەدا، کتڵییە ڕەشەکەی سەر سێکوچکە ئاسنەکەی باغچەی شاخی مشکەی وەبیر دێتەوە و هەزار و یەك خەیاڵ وەك پەلە هەور بەو ئاسمانەی وەردەکات... . ئەم ژنە شاعیرە فەرهەنگی خەمی دایکە. گەر دەشپرسن: خەم چییە؟ "خەم: وزەییەکی فیزییکییە سەرچاوەکەی سۆز و سۆزدارییە، لە ئاکامی خۆخواردنەوە و هەستکردن بە جۆرە پەشێوی و پەژارەییەکی دەروونییەوە کە مۆتیڤەکەی حەزێکی قوول سەرچاوە دەگرێ. خەمیش بۆ ئەم (٣) مەرامەیە: بەردەوام بوونی ژیان دوای لەدەستدانی و کۆستی ئازیزان. خۆ ئاشناکردن بە واقیعێکی نوێ لە ژیانی خەمخوردا. هەڵشێلانەوەی ئەو واقیعە تازەیە بە جیهانی خەیاڵاوی دەستگرە بۆ خۆگونجاندن و بەردەوام بوون لە ژیاندا."(٣٣)

"٥٠٪ ژن پتر لە پیاو خەم دەخوات." ،"دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە خەم بکەین: خەمی دەروونی (Psychological Grief) کە لە جەستە و دەروونی بە شێوەی پرسە و خەمگینی خۆی

بەرجەستەدەكات و خەمی كۆمكەڵگایی (Sociological Grief) كە لە زمان و ئاخاوتن و ڕەفتاری ڕۆژانە بەدی دەكرێت ـ وەك شێوازی سەرخۆشی لێ كردن.(٣٤)

لەم بەشەی دەقەشیعرێكدا شاعیر، چەند ڕەهەندێكی ئەم خەمە دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

**سەیری خۆت بكە ئەی خانمی خاترزان**

**تۆ سكپڕیت بە شیعر و**

**ڕۆحت تژیە لە خرۆشان**

**تۆ ژیانت هەڵگرتووە و**

**بەم زووانە فۆرمێك لە دایك دەبێ**

**فۆرمێكی سفت و ساف**

**فۆرمێكی كاملاً**

**شین پڕ لە هارمۆنی و هەیەجان** (٣٥)

بەڵام لە بەشێكی دیكەی قەسیدەی (بێگانە) بیرۆكەی ئەو (فۆرمە كامڵ) ە جوانتر ڕاڤەدەكات و بێ شەرمتر خۆی دەدەوێنێ وەك ژنێك كە دەبێتە دایك. بەڵام چ جۆرە دایكێك لە وڵاتێكی بێ دایكدا، ئەوەتا بە توڕەیی هاواردەكات:

**ئەوەتا لە سیمای ژنێكدا بەرجەستە بووم**

**جەستەیەكی سفت و سافم**

**بۆ ئامێزی فیرعەونەكان**

**بۆ فانتازیای ڕۆژهەڵاتناسان**

**بۆ مانەوەی كوڕەكانم من دەبمە شەهرەزاد**

**حیكایەتی میعراج بە یاد دەكەم**

**وەك میعراج** .(٣٦)

تۆڕەییەكە لە دەقی (نامەكانی سەردەمی تەم) دەگاتە ترۆپك و زۆر خراپ بەڕوومان‌دا دەتەقێتەوە، تەقینەوەیەك، كەسێتی و بەها و ڕەوشت و سیمای پیاوەتیمان دادەڕوشێنێ و یاخیبووانە دەبێژێ:

**(نامۆیوون)**

**......**

**لەناو تەمی سەردەم دەبمە مارێکی قۆچدار**

**هەمیشە بێگانە**

**من نامۆم بە کات**

**بەشەپۆلە قوڕاوییەکانی نێوانمان**

**نامۆم بە شوێن**

**بەکەندرِە بەردەلآنییەکانی کەنارمان**

**من نامۆم بە ئێوە**.(٣٧)

(مارێ قۆچدار و شەپۆلە قوڕاوییەکان و کەندرِە بەردەلآنییەکان) لە دەقەکەی سەرەوەدا، شوورە و قەلآیەك لە نێوان ئەو و ئێمەدا دروستدەکات، مەگەر هەر شوورە و قەلآکانی چیین شان لە شانی بدەن. هۆکارەکەشی، چەقبەسیتووی ئەقڵ پیاوی کوردی و ڕەگی قوولی زڕەداری کەلتووری بێبەر و دووبارە بوونەوەی وێنەکانمان لەسەر ڕووی ئاوێنەی تەڵخ و بەرغداری شارستانیەتنی هیچ بەبێ گۆڕانکاری. لەکاتێکدا ئەو شاعیرە دەخوازێ و تەمەنا دەکات: ئەقڵەکان کراوە و کەلتوورەکان وزەبەخش و شارستانییەکەمان خۆشی و خۆشگوزەرانی و پڕ لە خۆشەویستی بێ.

**ئـاکـام (Conclusion) :**

دەروونناسی ئەمەریکی خاتوو دکتۆر (دۆرین فرجیو Doreen Virtue) دەڵێ: "گەر دەتەوەێ داهێنانێك بخولقێنی ژیان بگۆڕیت و هونەر نەمر بکات، ئەوا دەبێ لە پێشدا داهێنانێك بخولقێنی ژیانی خۆت بگۆریت و خۆت بکاتە بوونەوەرێکی لەیاد نەکراو. هونەرمەندە شەوبۆیە شەرمنەکانی سەر دیواران، بە دەگمەن سەرنجڕادەکێشن و دەبنە مایەی یادگاریی."(٣٨)

شۆڕبوونەوە بە ناو ئەو دەقەشیعرانەی لە کۆمەڵەشیعری (پیاسەیەك لەگەڵ جۆن دۆن) تۆماترکراون، شیتەلکاریی

دەروونی بۆ قۆناغەکانی ئەزموونی شاعیر، ڕاستیی ئەو گوتەیەی خاتوو(دۆرین فرجیو) پشتڕاست دەکاتەوە.

ناونیشانی کتێبە و دەقەشیعرییەکانی، لێکوڵینەوەیەکی بەراوردکاریی لە نێوان شاعیریەتی نەزەند بەگیخانی و (دۆن جۆن) ی گەرەکە. لەم کتێبەدا (دۆن جۆن) تەنها ناونیشان نییە، ئەوانەی ئاشنان بە شیعری (دۆن جۆن) چەندان ویکچوون و دەقئاوێزانی لەنێوان ئەم دووانە دەدۆزێتەوە. هەر وەك ئاماژەیەکی سەر پێی، چەندان ناونیشانی دەقەشیعرەکان لێرەدا، کتومت لە کۆبەرهەمە شیعرییەکەی (دۆن جۆن) دا دەبینرێن. شاعیر هەست بە جۆرە نەشئەیەکی خۆشی دەکات لە ئامێزی شیعرەکانی ئەدا - خۆزیا ڕەخنکارێکی ئینگلیز زان ئەرکی ئەو بەراوردکارییەی دەگرتە ئەستۆ.

هەرچەندە (١٣٩) لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بە چەندان ناونیشان ڕازاوەتەوە، دەکرێ بڵێین: زمان و شێواز و جوانکاری و ڕەوانبێژ و هونەری شیعریی هەموو دەقەکان یەك ڕوخسار و نەغمە و دەنگدانەوەیان هەیە. وشەکان خسووسیەتی زمانی ئەو شاعیرە ژنە بەیاندەکاەن و بۆنوبەرامەی (بنزاری کۆیانی) لێ دەبیسترێ - بەڕەنگێکی کاڵ.

شیعرەکان دەوڵەمەندە بە ئەفسانە و میتۆڵۆژیا و فۆلکلۆر و کەلتوور و پاشخانی ئەدەبی جیهانی. ئەوەی کە نەختێ تەمومژی لە تێگەیشتن لە دەقەکان دروستکردووە، ئەوەیە ئەو ناوناونیشان و ئاماژانەی بۆ کەس و شوێن و ڕووداوەکانی دەرەوەی کوردستان کراون، هیچ پەراوێزیان بۆ نەکراوە، ئەمەیش دوو گرفت دروستدەکات، لەلایەك خوێنەری ئاسایی ناتوانێ بیرۆکە و وێنە هونەرییەکان هەرسکات، لە لایەکی دیکە لێکۆڵەر و ڕەخنکار زۆر ماندوو دەبێ تا دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوانە، بەتایبەتی کە ناوەکان بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرین. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە ئەم کۆمەڵە شیعرە، هی ژنە و هی

دایکە، بۆ ژن و بۆ دایك نووسراوە، بەڵام لە ژێر سێبەری هەر وشەیەکدا، چەند تیرێك ئاراستەی سینەی پیاو کراوە.

بوێریی لە ئاخاوتن بەزمانی ژن و جەسووری لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەقڵی پیاو، دوو خەسڵەتی بەرچاوی شیعرەکانن.

شاعیر زۆر  خۆی ماندوو کردووە، بۆ بەنەمرکردنی دایك و دووبارە بەنەمرکردنەوەی سێ برا شەهیدکراوەکانی (نیهاد و نەوزاد و قوباد) و لە هێچ  دەقێکدا شەهیدانی فەرامۆش نەکردووە.

دەکرێ شاعیر لە داهاتوودا، ئەم دەقەشیعرانە بکاتە سەرەتایەك بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی زمانێکی تایبەت بە خۆدی شاعیر. بێگومان، گەیشتن بە قۆناعی زمانی قوتابخانەی شیعری ڕەنج و داهێنان و ئەفراندنی زۆری دەوێ.

هەرچەندە شاعیر لە چەند دەقێکدا، هونەرەشیعرییەکەی کردۆتە قوربانی پەیام و بیرۆکەکانی، بەگشتی دەقەکان باڵابەرز و جوان و شیکن.

دوو دیاردە زۆر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت: شاعیر زۆر بە گلەییە لە پیاو و زۆر خەمیش لە ژنانی خوشکی خۆی دەخوات. بۆیە دەڵێ (من گۆڕستانم و پڕم لە مۆتکە و خێون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەجەنگم و دەبمە دەنگی ئەوانەی کە زمانیان بڕا و جەستەیان و کەللەی سەریان کوللەڕیژکرا).(٣٩)

لە چاپی دووەمی ئەو کۆمەڵە شیعرەدا، پێویستە هەڵەکانی ڕێنووس و چاپ پاکنووس بکرێنەوە.

وەك ڕەخنکارێك، وای بۆ دەچم، خوێندنەوی شیعرەکانی نەزەند بەگیخانی بەبێ ئاشنابوون بە ژیانی ئەو ژنە، زۆر ڕەنگ ڕوخساری دەقەکان کاڵ دەکاتەوە.

بەم دەقە شیعرەش بابەتەکەم قوفڵ دەدەم. شاعیر دەڵێ:

**من تەنێکم لەقوربانی**

**پێشتم پەڕ بە پەڕ هەڵدەدەنەوە**

**سەرم ئەنفال و**

**پشتم شەنگال و**

**دەستەکانم کۆبانێ و**

**ناوقەدم دەرسیم**

**سییەکانم پڕن لەگازی کیمیاوی**

**بە بێدەنگی جەستەم کەوڵ دەکەن**

**بەدەم سەربادانەوە مەلۆتکەی مەرگ لە ڕەحمم**

**دەژمێرن**

**لەم زەمەنی تەمە**

**کێ باوەڕ بەو هەموو جوانەمەرگییە دەکا؟!** (٤٠)

کۆتایی

-----------------------------------------

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١) ڕەخنەی دەروونشیکاریی هاوچەرخ (Contemporary Psychoanalytic Criticism) موشتومڕ لەسەر دەق ئەدەبی دەکات وەك ئەوەی ئەوان خەون بن، نهێنییەکانی جیهانی بێئاگایی نووسەر لە حەز و ویست و خەون ئاشکرادەکات. پێوایە کە بەرهەمی ئەدەبی مانیفێستی جۆرە شتێگیرییەکی نووسەرە. ڕەخنەکاری ئەم میتۆدە وامامەڵە لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەکەن کە دەرکەوتەوە زادەی دەروونی دەقنووسن. ڕووێکی دیاری ئەم میتۆدە کردنەوەی هێماو (کۆدەکانی) دەقە وەك: سۆزە شاراوەکان و تێکهەڵچوونە دەروونییەکان و خەتا و دووهەستیی (ambivalences) و دڵەخورپەکانی سەردەمی منداڵی و نێو خێزان و حەزلێکردنی بێسنووری منداڵانە کە لە کونوکەلێنی حەرف و وشە و برگەکانی دەقەکاندا خۆیانشاردۆتەوە . https://public.wsu.edu/~delahoyd/psycho.crit.html

٢) ڕەخنەی ڕۆشنبیری (Educational Criticism) هونەری کارکردنە لەسەر پرسی چۆنایەتی(Qualitative Inquiry)، واتا بنەماکانی لەسەر (٤) ڕەهەندەکەی ئەو ڕەخنەیە دامەزراوە: وەسفکردن، لێکدانەوە، پێوانەیی، ساغکردنەوەی ڕیشەی وتە (Thematic) ئەمانەش لە ڕێی دەستنیشانکردنی: دروستیی یەکبیروباوەڕیی(Consensual Validation)، پاڵپشتکەری بونیاتنەری(Structural Corroboration)، سەروبەری سەرچاوەدار (Referential Adequacy)ئەنجامدەدرێت https://eric.ed.gov/?id=EJ497396

3) Erich Newman، Translated by Ralph Manheim، the Great Mother, Princeton University Press, 2nd edition, 2015

٤) پیاسەیەك لەگەڵ جون دۆن، نەزەند بەگیخانی، ل. ٥

5)Mark Kurlansky، What? Published in Great Britain, Directions Publishing Corporation,2011 ،P 33

6)Kathryn Wood Madden، Dark Light of the Soul, Lindisfarne Book، 2008، P.2

7)John Carey, John Donne: The Major Works, Oxford University Press,2000

8)http://www.searchquotes.com/search/Women_Torture/7/#ixzz4uin7I6jv

9)Marilyn E. Gootmen، When a Friend Dies, Free Spirit Publishing، 2005،P 94.

١٠) سەرچاوەی پێشوو ل ١٥

١١) ديواني نالي، ل. ٢٩٨

12)http://dengekan.ca/archives/2904

13)http://www.lifesayingsquotes.com/quote/poetry-innocent-not-wise-learn-121/

١٤) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل. ١٢٤

15)The Courage To Be Creative, Doreen Virtue, Published by Hay House UK Ltd، London, 2016, P133. ٣

١٦) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل. ٢٤

17)http://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/060720

١٨) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل ٧٨

19)Laura Arens Fuerstein. PH، My Mother, My Mirror. New Harbinger Publicatio, Inc. Oaklanm, USA, 200, P 38

٢٠) س. پ. ل. ٣٧

٢١) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل ٧٤

٢٢) س. پ. ل. ٨٦

٢٣) س. پ. ل. ٣٠

24)http://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/0607 2017

٢٥) ) هەفتەنامەی باس. ژ. ١٧٤ لە ٢١/ ١ / ٢٠١٤ حەمە سەعید حەسەن

٢٦) ) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل. ٣٥

٢٧) س. پ. ل. ٣٢

28) Macbeth by William Shakespeare548, 869 ratings,average rating, 8,234 reviews

29)Terry L. Martin، Kenneth J. Doke، Men don’t cry, women do، P. 2

30)http://www.azquotes.com/author/54833Menachem_Mendel_of_ Kotzk

٣١) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل٦٠ (گیۆتین: مەقصەڵە)

32) Without a Mother’s Love, Amanda Wright, Published by John Blake Publishing,، London, 2016, P. 5

33)Terry L. Martin، Kenneth J. Doke, Men don’t cry, women do،, P.14

٣٤) س. پ . ل. ١١٤

٣٥) سەرچاوە ژمارە ٤، ل. ٨٢

٣٦) س. پ. ل. ١٠٨

٣٧) س. پ. ل. ٩٩

38)The Courage To Be Creative, Doreen Virtue, Published by Hay House UK Ltd، London, 2016, P. 124

39)http://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/0607 2017

٤٠) سەرچاوەی ژمارە ٤، ل. ١٠٠

## بابەتی (٥)

## (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)، بیرەوەرییەکی جیاواز

### بەشی یەکەم:

### (یاداشت و بیرەوەری)

پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا کە لە هێندێ ماڵە شێخ و مەلا، یان لە نێو تاقی ژووری ماڵی مامۆستایەك، (ئەمیر ئەرسەلآن و لەیلا و مەجنون و چل تووتی و میعراج نامە...)م دەبینی، شاگەشکە دەبووم و بەحەزرەتەوە دەمخوێندنەوە، جا چونکێ بە کێش و سەروا و ڕتم و ڕەزمەوە داڕشترابوون، پتر ناخیان

دەسمیم. ئەو کتێبانە لە "نێو زومرەی ڕۆشنبیرانی عەوامی ئەو کاتدا باوبوون، هەر یەکەیان بە جۆرێ باس دەکرێن: داستانی ڕۆستەم و زۆراب، بەسەرهاتی لەیلا و مەجنون، حیکایەتی چل تووتی، میعراج نامەی پیرۆز، ئەمانە هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەگەزی ئەفسانەیان تێدا بەدی دەکرێ."(١) ئێستا، کە کرۆکی و چوغزی ئەو کتێبانەم وەبیر دێتەوە، دەتوانم بڵێم، بەشێکی زۆریان دەچێنە خانەی نووسینەوەی یاداشتی ئەو کاراکتەرانەی بوون بە قارەمانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، بەڵام لە فۆڕمێکی دەمامکداردا.

ئیمڕۆ، دوای گەشەکردن و داهێنان و ئەفراندنی شێوازی هەمە ڕەنگی گوزارشت ونووسین، ئەو یاداشتنامانە، وەك ڕشتەیەکی ئەدەبی سەربەخۆ، دەمامکەکانیان داماڵێوە و بە چەندان هونەری داڕشتن و بەلاغەتی دەربڕین و میتۆدی سەردەمییانەی گوزارشتکردن، بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، نمایش دەکرێن.

کە لە خوێندنەوەی کتێبی (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)ی کەریم کاکە، وەك ژانرێکی بیرەوەریی، بوومەوە، هەستم کرد ئەم (بیرەوەری)یە جیاوازە، بۆیە بەباشم زانی بۆ خوێنەران، دوو

قسه لەسەر ئەو جیاوازییانە بکەم کە لە دیدی مندا ـ تا ڕادەیەك ـ ناوازەن.

"بەخوێندنەوەی یاداشت و مێژوو، تێدەگەیت، چلۆن خەڵکانێك، لە هەمان بارودۆخی لەیەکچووی ڕۆژگارێکی ڕابردوودا، سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە یان کەوتوون و ملیان شکاوە. لەو خوێندنەوانەدا بە تەما مەبە وەڵامی پرسیارە ئاڵۆزەکانت پێبدۆزرێتەوە، لێ، دەتوانی زۆر پرسیار بورووژێنیێ کە لێت بوون بەماخوولیاو لە خۆتانی دەکەی."(٢) کاتێك ژەنەراڵ (جێمس ماتیس) لە یاداشتی خۆیدا ئەو پەیڤە دەدرکێنێت، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە (یاداشت)، گێڕانەوەی حیکایەتی بەرئاگردان نییە، بەڵکۆ ڕاگوێزانەوەی ڕابردووە بۆ ئێستاو ئایندە.

لەسایەیی گەشەسەندنی زانستیی و ئەدەبی هاوچەرخدا، ئیمڕۆ یاداشت بۆتە زانستێکی سەربەخۆی خاوەن میتۆد و تیۆری و بنەماو جیهانبینیی تایبەت بەخۆی، پێیدەگوترێ: زانستی توێژینەوەی یاداشتیی

(Science of Biographical Research)، کە لە زانکۆ و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بایەخی باشی پێدەرێت. سادەترین پێناسەی ئەم زانستە، دەکرێ لەم دێڕانەدا چڕکەینەوە:" بریتییە لە قامتێك میتۆی پشکنین و توێژینەوە بۆ کۆکردنەوە و شیتەڵکردنی زانیارییەکانی ژیاننامە، یان بەشێك لە ژیاننامەی کەسێك. ئەوەش بە شۆڕبوونەوە بەناخ و دەروونی ئەو کەسەدا و شەنوکەوکردنی هەموو ئەو کایە و بوارانەی ئەو ڕۆژانی خۆی تێدا بەسەر بردووە، زۆرجاریش بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان پشت بەسەرچاوە و دۆکمێنتەکان دەبەستێ و هەر قسەی نووسەر، ناکرێتە سەنگی مەحەك."(٢)

بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرو باشتر هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمەی کەریم کاکە، ئاشناکردنتان بە چەند زاراوە و چەمکێکی ئەو زانستە، بە پێویست دەزانین:

**یەك: یاداشت (Biography):**

لە فەرهەنگی هەمبانە بورینەدا هاتووە:"یاداشت؛ نووسینی مەبەست بۆ لەبیرنەچوون"(٣) هەرچی فەرهەنگی (کەمبریج)ی ئینگلیزییە دەڵێ:" یاداشت؛ کتێبی ژیاننامەی کەسێکە، بە قەڵەمی کەسێکی دیکە."(٤) لێ پێناسەی ئەدەبیی ئەو زاروەیە کە هێندێ جار بە ئینگلیزی هەر بە (Bio) ئاماژەی پێدەکرێ، ئەمەیە:"تۆمارکردنی بوار و کایە و قۆناغەکانی ژیانی کەسێك، لە سەردەمی منداڵییەوە، تا ڕۆژانی دوایی تەمەنی، بە هەموو کار و چالاکی و سەفەر و ڕەنج و خەبات و ماندووبوون و خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە بە قەڵەمی نووسەرێکی دیکە."(٥) زاراوەکەش کە بە ڕەچەڵەك گریکی کۆنە، وشەیەکی لێکدراوە: (bio: ژیان + graphy: نووسین).

**دوو: خود ـ یاداشت (Autobiography):**

ئەمەشیان هەر تۆمارگەی ژیاننامەی کەسیکە بەڵام بە دەست و قەڵەمی خودی کەسەکە خۆی.(٦) زۆربەی نووسەرەکانی ئەم ڕشتەیە، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، ڕاناوی کەسی یەکەم، (من، خۆم، ـ م) بەکاردەهێنن، لێ ئاساییە، ڕاناوی کەسی دووەمیش بەکاربێ، وەك یاداشتی (الایام)ی (طه حسین).

**سێ: یاداشتەنامەی مۆڵەتدار (Authorized Biography):**

نووسەری ئەو جۆرە یاداشتە دەبێ پێشوەخت ڕەزامەندی وەرگرێ لەو کەسە، یان لە بنەماڵەکەی ئەگەر لە ژیاندا نەمابوو، کە نیازیەتی ژیاننامەی بنووسێتەوە. ئەمەش لەبەر چەند ئیعتباراتێك، لەوانە، ئەستۆپاکیی لە نووسینەکەیدا، ڕێگرتن لە بازرگانیکردن بە ژیاننامەکە یان تەوزیفکردنی بۆ مەرام و مەخسەتێکی تایبەت.(٧)

**چوار: داڕشتنەوەی یاداشت (Rewriting Biography):**

کە خاوەن یاداشت، بۆیناکرێ بە دەست و قەڵەمی خۆی ژیاننامەکەی بنووسێتەوە، ئەرکەکە بە کەسێکی کارامە و لێزان دەسپێرێ. هۆیەکان زۆرن وەك، نەبوونی ئەزموونی نووسێن، نەخۆشی و سەفەر و سەرقاڵی ژیان. پێش چاپکردنی ئەو جۆرە یاداشتە دەبێ واژووی ڕەزامەندی خاوەن یاداشتەکە لە پەڕی پێشەوەی کتێبەکەیدا نمایش بکرێ، کە بەوردی خوێندویەتیەوە و لێی ڕازییە، نەکۆ، لە ئایندەدا، لە خاڵێکدا شانەکە لەسەری نووسەرەکەدا بشکێتەوە.

پێش ئەوەی قسە لە شێوازی نووسینی یاداشت بکەین، بەباشی دەزانم کە ئەم زانیارییانەش بخەینەڕوو:

**(أ) یادنامە (Memoir):**

تۆمارکردنی یان گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی تایبەتە، کورت و پووخت و پەیامگیرە. وەك تۆمارکردنی ڕووداوی شەڕێك یان بومەلەرزەیەك یان داوەت و ئاهەنگێك.. .تاد. بە پێچەوانەی یاداشت کە کۆی ژیاننامە، یان بەشێك لە ژیاننامەی بەیادکراو دەگرێتەوە. بە کوردی و کرمانجی، کت و مت گێڕآنەوەی سەربوردەیەکە.

**(ب) ڕۆژیادنامە (Diary):**

تۆمارکردنی سەرەقەڵەمی ڕووداو و کار و چالاکی و هەست و بیروەریی ڕۆژانە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە دەفتەرێکی بچووك، یان ڕۆژژمێرێکی تایبەتدا، بەمەبەستی لە بیرنەچووەنەو، یان گەڕانەوە سەریان و بەکارهێنانەوەیان وەك ئەرشیف و سەرچاوە، بۆ نووسینەوەی یاداشتی دوورودرێژ لە ئایندەدا. تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو (تەقویمی بەرباخەڵ) باوبوو، بۆ تۆمارکردنی یادەوەری و یادگارییەکانی ڕۆژانە.

**شێوازەکانی یاداشت نووسین:**

نووسینەوە وتۆمارکردنی یاداشت، لە ڕووو داڕشتن و زمان و هونەری گێرانەوە، دوو جۆری هەیە، جا گرنگ نییە یاداشتەکە لە کام هۆبەی چوار بەندەکەی سەرەوەیە.

**یەك:حیکاتەیخوانی (Nonfiction):**

یاداشتنووس، کتومت، ڕۆلی حیکاتەیخوان دەبینی، هەروەك، سەری دیوەخانی گرتبێ و لەسەر کوردسییەك یان سەکۆ و بالیفێك دانیشتبێ و ئامادەبووانیش، بە حەزە و تاسە، بەبێدەنگی گوێی بۆ شلکەن. ئەمە، بەو واتایە نا کە یاداشتەکە سادە و جەڵەبی و بازاڕییە! پایە و ئاست و سەنگی یاداشتەکە، ئاوێنەی پایە و ئاست سەنگی نووسەرەکەیەتی، کە ئەوانیش (٣) جۆریان هەیە: (١) یاداشتنووسی ئەزموودندار: کە زمانێکی ڕەوان و پاراو و تۆکمە و دەوڵەمەندی هەیە، شارەزایی دەستوورەکانی ڕێزمانەوە، لە بۆتەی زمانی دایك دا قاڵبۆتەوە و دەسەڵاتی بەهێزی بەسەر قەڵەمەکەیدا دەشکێ و ئاوێنەئاسا گوزارشت لە ناخی خوی دەکا. (ب) یاداشتنووسی سیواددار: هەرچەندە توانای نووسینی هەیە وهەوڵدەدات پەیامەکانی بپێکێ و بگەینێ، لێ تۆمارگەکەی کاڵ وکرچ و هەژار و لاوازە و کەموکوڕییەکانی لە نووسین و داڕشتن و دەربڕیندا زۆرن. (ج) یاداشتنووسی ڕۆشنبیر: کە نە وەکو ئەزموونداراەکان لە پۆپەی زمانەوانی و داڕشتن دایەوە و خاوەن گەنجینە فەرهەنگییەکەی ئەوانە، نە وەکو سیوادداراەکانیش، بەرهەمەکانی ئاست نزم و لاوازن.

لەم شێوازەدا، کەسەکان و زەمان و مەکان و ڕووداوەکان بەو پەڕی ئەمەکداری و شەفافییەت و ڕاستگۆیی نمایش دەکرێن. زۆربەیجاران بە ڕیزبەندی زەمەنی (Chronological Order) وەك دەنکە تەسبیح ڕووداو بە دوای ڕووداو دادێ و دەستکاریی جێگە و کات و بەسەرهاتەکان لە پێشخستن و پاشخستندا ناکرێ.

یاداشتنووس، لە هەڵبژاردنی ئەم شێوازەدا، ئاوڕ بۆ ئەو ڕشتە یان ئەو ژانرە ئەدەبییە ناداتەوە، کە وابەستەیەتی و پێی

ناسراوە، لە خوێندنەوەی هەر دوو یاداشتکەیی مەسعوود مەحەمەد و شێرکۆ بێکەس ـ گەشتی ژیانم / نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش ـ دەبینین نە مەسعوود محەمەد بە زمانی فەلسەفە و نە شێرکۆ بێکەس بە زمانی شیعر، گوزارشتیان لە ڕووداوەکانی ژیانیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە داڕشتن و فەرهەنگ و ناوئاخندا، لەنێو یاداشتنەمەی کوردیدا، وەك شاکار سەیردەکرێن.

**دوو: یاداشتی ئەدەبی (Fiction):**

سەرەڕای پابەندبوون، بە پایە سەرەکییەکانی نووسینی باڵا، یاداشتانووس، پەل بۆ ڕەگەز و مژاد و پێکهاتەکانی ژانرێك یان چەند ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دەبا. وەك: هەوڵدان بە لەقالبدانی نووسینەکەی لە فۆڕمی چیرۆکی درێژ یان ڕۆمان. کارکردن لەسەر تەوزیفکردنی ڕەگەزەکانی داستان و ئەفسانە. داڕشتنەوەی بەسەرهات وبیرۆکەکانی بە پشتبەستن بە یەکەکانی شانۆنامە. ئارایشتکردنی یاداشتەکەی بە ڕەنگە جیاوازەکانی هونەریی شێوەکاریی هەمەڕەنگ ... تاد. دەکرێ ڕۆمانی (بۆچی هاتی؟) نووسەری ناسراو (جەلال تەقی ١٩٣٩ ـ ١٩٩٣)، بە یاداشتی ئەدەبی دابندرێت، چوون ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، ئاوێنەی بەسەرهاتەکانی ژیانی نووسەر خۆیەتی.

نووسەری ئەم تەرزە یاداشتە، دەبێ شارەزا و کارامە بێ لەو ڕشتە ئەدەبییەیی دەیکاتە قالبی داڕشتنەوەی بەسەرهاتەکانی، لە توخم و ڕەگەز و پێکهاتە و یەکەکان و میتۆد و تیۆریی و قوتابخانەکانی. بەگشتی ڕێژەی یاداشتی ئەدەبی، لە نێو هەموو نەتەوەکاندا نزمترە لە چاوی جۆری حیکایەتخوانییەکە.

لە یاداشتی ئەدەبی، هێندێ جار، نووسەر بە دەمامکەوە دێتەنێو نووسینەکەی خۆیەوە، وەك لە ڕۆمانێکیدا، خۆی دەبێتە یەکێك لە کارەکتەرەکانی، بگرە جار هەیە دەبێتە قارەمەنیش. ناسینەوەی نووسەرەکە، گەر لەنزیکەوە ئاشنا بە خۆی و بەرهەمەکانی نەبی، کارێکی هاسان نییە. بۆ نموونە، لە

چەندان بەرهەمیدا، ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، کەسێتی خۆی نمایشکردووە، لێ ناسینەوەی شارەزایی دەوێ.

**سەربوردەی یاداشت لە مێژوودا:**

بەڵگەی نووسراومان لەبەر دەست دانییە، دەنا ڕەنگ بێ، یاداشتی زارەکی لە نێو کۆمەڵگا دێرینەکاندا هەبووبێ، بۆ بەنەمرکردنی کەسە شکۆدار و پایەدار و قارەمانەکانیان گوتبێ.

کۆنترین یاداشتنووسی لە مێژوودا (کۆنێلیس نیپۆس Cornelius Nepos)ە کە

لە ساڵی (٤٤) پ. ز. بەرهەمێکی نووسیوە بە ناونیشانی (ژیانی ژەنەڕالە دیارەکان). ئەوجا دواتر گریك و ڕۆمانە کۆنەکان کەوتوونەتە نووسینەوەی ژیاننامەی کەسانی بەناوبانگ و دیاری خۆیان، ئەوبوو ژیاننامەی (سیسریۆو ئەسکەندەری گەورە و قەیسەر یۆلیۆس... تاد)یان تۆمارکرد.

لە سەدەکانی ناوەندا، لە ڕۆژاوادا، نووسینەوەی ژیاننامە پیتر تایبەت بوو بە پیاوانی ئایینی لە پاپا و قەشە و مالم... تاد.

دوای هاتنی ئایینی ئیسلامیش، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینیدا، بایەخدان بە ژیاننامەی پێغەمبەر و دواتر بە خەلیفەکانی ڕاشیدین و حەسەن و حوسێن، بووە کاری زۆر لە یاداشتنووسەکان.

لە رۆژاواشدا، یاداشتنامە، لە سەدەی شانزەمیندا، لەسەر دەستی هینری هەشتەم، مەلیکی ئینگلتەرا، بووژایەوە و گەشەی سەند. لە ساڵی (١٥٦٣) یەکەم فەرهەنگی بیرەوەریی بە زمانی ئینگلیزی بلآوکرایەوە.

بەڵام یەکەمین یاداشتی ئەدەبی کە نووسراوبێتەوە، ئەوەی (جێمیس بۆزوێڵ James Boswell)ە کە ژیاننامەی (سامیۆل جۆنسن Samuel Johnson)ی لەخۆگرتووە و لە ساڵی (١٧٩١) چاپکراوە.(٨)

لەراستییدا سەدەی هەژدەمین بە سەدەی بیرەوەریی لە ڕۆژاوادا ناوزەند دەکرێ. ئەوەش بە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی (٣) زانستی نوێ، کە بوونە سێ گۆڵەکەی بەهێز و تۆکمەی ئەو ڕشتە ئەدەبییە، ئەوانیش زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی وئەنترۆپۆلۆژی

(Psychology, Sociology, Anthropology) بوون. داهێنان وبلاّوکردنەوەی چەندان تیۆری نوێی ئەو سێ زانستە، ڕێڕەوەی نووسەرانی بیرەوەرییان گۆڕی، بەوەی کە پتر تیشك بخەنەسەر (سەردەمی منداڵی و سەدەمی هەرزەیی)ی یادەورکراوەکە. لە سۆنگەی ئەو ڕاستییە زانستییەوە، کە ئەو دوو سەردەمە ناسکە، گەورەترین کاریگەریان بەسەر ڕەفتا و هەڵسوکەتی ئایندەی مرۆڤەوە هەیە. ئەوان چەندە عەوداڵی بەسەرهات و سەربووردەکانی ژیانی کەسەکان بوون، ئەوەندەش، خەریکی شتیەڵکاریی کەسێتیی ئەوان بوون بە گوێرەی تیۆرییە دەروونناسی و کۆمەڵناسییە نوێیەکان.

جا کە هونەری سینەماش، لە ئاخیر و ئۆخری سەدەی نوزدەمدا داهات، ئەوا بازاڕ و ڕەواجی ژیاننامە گەرمتر بوو، چونکە ناوەرۆکی زۆر لەوان کران بە فلیمی سینەمایی لە ستۆدیۆییە ناودارەکانی وەکو(هۆلیوود) و دەستکەوتی ماددی باشیشیان هەبوو.

ئیمڕۆش لەسایەیی ئەو هەموو کایە تەکنەلۆژیایەیی سەردەم، چەندان دەرگا و دەروازەی نوێ بەڕووی نووسەرانی ژیانامە کراۆتەوە لە CD-ROM و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و فیێسبووك و ئۆن لاین(e - book & online) ... تاد.

بەچاوخشانێکی خێراش بە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی، دەبینین، کە مێژووی یاداشت، وەك زۆربەی ڕشتە ئەدەبییە نوێیەکان، کۆن نییە. ئەمەش بە خەوش دانانرێ، بۆ نەتەوەیەك خودی مێژووی ئەدەبییە تۆمارکراوەکەی هێندە دێرین نەبێ.

ئەگەر مەولوودنامەی پێغەمبەر (محەمەد د. خ.)، وەك یاداشت بنرخێنین، ئەوا دەبێ مێژووی یاداشتی كوردی بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی موزەفەرەدین كۆكبری كوڕی زەینەددینی عەلی، ناسراوە بە سوڵتان موزەفەر، كە لە (١١٥٣ تا ١٢٣٢) زاییینی لە هەولێر ژیاوە، واتا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەلاحەدینی ئەیووبی. لەو سەردەمەدا و لەسەردەستی سوڵتان مزەفەر. مەولودنامە داهاتووە. (٩)

دەستنیشانكردنی یەكەمین یاداشتی كوردی، نەختێ ئاڵۆزە، چونكە زۆربەیان تێكەڵ بە مێژوو و سەفەرنامە و بابەتی ئایینی و سەربوردە كراون، تەنانەت هەیە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، ڕێبوار حەمەڕەفیق لە نامەیەكیدا بووی نووسیوم:"ڕەشید شەوقی(١٩٠٣ـ١٩٦٧)، یەكەم یاداشتنووسی كوردە،(بەسەرهاتووی كاكە ڕەشید شەوقی، ئامادەكردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،٢٠٠٣ سلێمانی)، ئەمەش زۆر پێش یاداشتەكانی زێوەر، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد تەقی، مەلا محەممەدی چروستانی و ڕەفیق حیلمی بووە، گەرچی هێندێك پێیان وایە مستەفا سائیب لە پێشترە، لە ساڵی (١٩٢٩) یاداشتی چەند ڕۆژێكی خۆی نووسوەتەوە."(١٠) لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی، كورد پتر مەیلی دایە یاداشت نووسینەوە، لە دوای كۆتادای (١٩٥٨)تیش، لە عیراق، پتر بووژایەوە، بەڵام تەقینەوە گەورەكەی كانیاوی یاداشتی كوردی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی كوردستانی باشوور ڕوویدا. ڕەخسانی كەش و هەوایەكی ئازاد و حەزكردن بە ئەرشیفكردنی ئەو هەموو ئازار و ئەشكەنجە و مەرگەساتەی كە بەسەر تاكی كورد داهات لەو (٧٠) ساڵەی دوایی، هاندەربوون بۆ كردنەوەی دەرگای تۆماركردن و چاپكردنی یاداشتێكی زۆر. بڵاوكراوەكان گەرچی ناوەڕۆكەكانیان هەر یەك توخمن، بەڵام لەژێر تایتڵی جیاوازدا دەردەكەون، وەك: بیرەوەری، یاداشت، یاداشتنامە، ژیاننامە، یادنامە، ڕۆژژمێری...، گەشتی ژیان، یادەكان، یادویادگاری، مێژووی ژیان... تاد.

ئازاد عەبدولواحێد، لە ئامادەکردنی کتێبی (د. مارف خەزنەدار لە گۆڤاری ڕامان دا)، جیاوازی (یاداشت و بیرەوەری)، لە دوو بەشی سەربەخۆدا، بەوە دیاری کردوە کە، ئەو بابەتانەی د. مارف خەزنەدار، دەربارەی یادویادگاری کەسانی دیکە نووسیویەتی، لەژێر (یاداشت) کۆی کردوونەتەوە، لێ ئەو بابەتانەی د. مارف خەزنەدار، دەرەبارەی خۆی نووسیویەتی و خۆشی تێیاندا کاراکتەرە، لەژێر ناوی (بیرەوەری) ڕیزبەندیکردوون.

**توخمەکانی یاداشت:**

دەکرێ، پێکهاتەو توخمە سەرەکییەکانی یاداشت، بۆ نموونە، خود یاداشت، لەو خالآنە چڕکەینەوە:

• بەسەرهات و سەربوردە:

چونکی ژیاننامە چیرۆکی ژیانی کەسێك دەگێڕێتەوە، دەبێ ڕووداو و بەسەرهات و سەربورەدەکان، بە خۆشی و ناخۆشییەکانیانەوە، بخرێنەڕوو.

• کەسی یەکەم:

کە هەمیشە خودی یادکراوەکەیە، دەبێ بە ناوی ناسراو و ڕاناوی دیار ئاماژەی پێبکردێت.

• ڕیزبەندی زەمەنی:

ڕووداوەکان، یەك لەدوای یەك نمایش بکرێن، بۆ پەیامگر خۆشترە لەوەی کە ڕیزبەندێکی زەمەنی تێکەڵ وپێکەڵیان هەبێ، جگە لەو تۆمارگانەی دەچنە خانە ئەدەبییەکەوە.

• بایەخدارەکان:

هەر شتێك، لە ژیاننامەکەدا، پتر جێگەی بایەخ و سەنگ وقورسایی بێ، دەبێ پتر گرنگی پێبدرێ و تیشکی بخرێتەسەر.

• خۆ هەڵسەنگاندن:

هۆكار و سەببەكاری ڕووداوەكان، لایەنی چاك و خراپیان، خاڵی بەهێز و لاوازیان، لە دیدی نووسەركەوە دەبێ نیشانبدرێ بە شەنوكەوكردن و ڕەخنەلێگرتن و هەڵسەنگاندیشەوە ـ تەنانەت ئەگەر نووسەر خەتابار و گوناحباریش بێ.

• شێوازی گوزارشت:

ئەو نووسەرە كە شێوازێ گوزارشتكردن و دەربڕینی خۆی دەستنیشان دەكا، وەك پەیڕەوكردنی شێوازی: بەسەرهات، چیرۆك، میلۆدراما، كۆمیدیی، تراژیدایی، تەنز و پلار، ڕۆمانسی و خەمۆكی، ڕیالیزمی، ئینشائیی، وەسفی ... تاد.

## بەشی دووەم

### (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)، بیرەوەرییەكی جیاواز

"ساڵ هێشتا لە ڕەشەمێیە، قەندیل دوو هەفتە پتری ماوە لێوی بۆ خاكەلێوە بكاتەوە، پشیلەكانی ناوزەنگ بە با هاتوون و پێشمەرگەی بە كیو كەوتوو بە دیاریانەوە جغارەی ڕەبەنی دەپێچنەوە، بەری قەندیل هەرچەندە بەر ڕۆژە، لێ بەفرگرە و لە دیدی منەوە لە بەری نسێی مامەندە سپیترە، چاودێ. سپی دەچێتەوە، وا زوو ڕەشنابێتەوە، لێ وێدەچێ لە كێوەڕەش بەودیوەوە، دیوی گەرمێنێ، ئادار داهاتبێ و گەیشتبێتە وەرزی ڕاپەڕینێ..

+ لە كورد خەنی، ڕانیە ئازادە.

- یەكی نیسان هیشتا زۆری ماوە!

+ درۆ نیە.."(١١)

لە خوێندنەوەیەكی سەرپێی ئەو (٧٨) وشەی دەستپێكی بیرەوەرییەكەیی كەریم كاكە، خوێنەری بە سەلیقە، قامتێك بانێژەباسی فرە ڕەهەندی لێ هەڵدهێنجێ:

- ڕەهەندی زەمەنی: رۆژ و حەفتە و مانگ و وەرز و ساڵ،(ڕەشەمێ/ دوو حەفتە / خاکەلێو / ئادار/ نیسان)، دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیش، بە داهێنانی وەرزێکی نوێ: وەرزی ڕاپەڕینێ.
- ڕەهەندی جۆگرافی: نەخشەکێشانی تۆبۆگرافیای ناوچەکان بە ئاماژەکردن بە، (قەندیل/ ناوزەنگ/ کێو/ بەر ڕۆژ / بەفرگر/ مامەندە/ کێوە ڕەش/ بابە گوڕ گوڕ/ بەودیوەوە / گەرمێنێ / ڕانیە).
- ڕەهەندی وەسفی: هەر ڕستەیەك بە ئاوازێك وەسفی دەوروبەری خۆی دەکات، بۆ نموونە، (بەری قەندیل لە بەری مامەندە سپیتر، وا زوو ڕەشنابێتەوە.)
- ڕەهەندی ژینگەیی: (٣) ژینگەی جیاواز نمایشکراوە: ژیانی ناوزەنگ/ ڕاپەڕینی ڕانیە/ بەهارێ گەرمیانی.
- ڕەهەندی سیاسی و سەربازی: پێشمەرگە بە شاخانەوە و جەماوەری ڕاپەڕیوو لە ڕانیە و خرۆشانێکی مەزن و ئایندەێکی لێڵ.
- ڕەهەندی دروونناسی: باری پێشمەرگە لەو دێوانە و شێتانە دەچێ کە بە کێودەکەون/ چغارەی ڕەبەنی، خەفەکردن و کپکردنی ئارەزووی سێکسی لە ژینگەیەکی سەپێندراوی بەئازار/ یەکی نیسان، گۆمان و ڕاڕای و ترس/ ڕەشنەبوونەوەی مامەندە، ترس لە درێژەکێشانی وەرزی ساردی و غەریبی و دوورە مەفتەنی و پێکشادنەبوونەوە.
- ڕهەندی فەرهەنگی: زمانێکی پاراو، تۆکمە، بەدەستوور، ئاوێتەکراو بە ڕەوانبێژی و خۆشئاوازیی،(لێوی بۆ خاکە لێو بکاتەوە/ جغارەی ڕەبەنی دەپێچێتەوە / دیوی گەرمێنێ، ئادار داهاتبێ و گەیشتبێتە وەرزی ڕاپەڕینێ/ لە کورد خەنی.
- ڕەهەندی کەلتووری: ڕەشەمێ و پشیلە بەباهاتن / بە کێوکەوتن و ڕەبەنی/ ڕەشنەبوونەوەی کێو/ خەنی بوون/ یەکی نیسان / بابە گوڕ گوڕ.

- ڕەهەندی ئەزموونیی: نووسەر پاشخانێکی باشی کەشناسی و شوێنەوارناسی و فەرهەنگی و ئەنترۆپۆلۆژی... تاد. بۆخۆی دابینکردووە.
- ڕەهەندی جەفەنگی: نووسەر غائیبە، کەچی لە هەر ڕستەیکدا بە ڕوخساریَ خۆی دەنوێنیَ، دیقەتدەیە، نازانریَ دایەلۆگەکە لە نێوان کێیە و بۆ کیَ قسان دەکەن.
- ڕەهەندی گوزارشت و نووسین: وەك ستوونێك لەخشتی سوورکراوە، بەلابردن و دەستکاریکردنی هەر خشتێکی، دوور نییە، ستوونەکە هەرەس بێنیَ. ڕێنووس و خاڵبەندییەکی پاك ـ هەر چەندە لە دوای (ڕاپەڕینیَ/ نیە)، دەبووایا (٣) نوقتە(...) دابندرێت، نەك (٢) نوقتە(..). ژمارەی نوقتە لە دەستووری خاڵبەندی مانای خۆی هەیە.

ئێستا، هەوڵدەدەم، لە ناو دەریاچەیی ئەو بیرەوەرییە بناوان لێبدەم و ئەوەندەی بۆم بکریَ، دڕڕو مەرجانەکانی بۆ خوێنەر، دەربێنم و ئەگەر جاروبار بە چەنگە لمێکیشەوە هاتمەوە، ئەویشتان هەر لێناشرامەوە.

**بۆچی ئەو بیرەوەرییە، لە دیدی من، جیاوازە؟**

با لە شێوازی داڕشتنەکەیەوە دەستپێبکەین، دەبیَ نووسەر بە قەڵەمی کام لەو (٤) شێوازەی لە (بەشی یەکەم) دا ئامازەمان پێدا، بیرەوەرییئەکەی تۆمار کردبیَ؟

وەڵام: هیچ کامیان!

لە زانستی لێکۆڵینەوەی یاداشتیی، شیوازێکی، نەختیَ هاوچەرخانەی، دیکە هەیە، کە زۆرکەم یاداشتنووسان قەرەی خۆیانی لێدەدەن، ئەویش بە دەستەواژەی (خود یاداشتەئەدەبی، یان یاداشتەئەدەبی خودیSelf – Autofiction) ناودەبرێت. ئەو شیوازە (٣) ڕەگەزی تایبەتی لە خۆگرتووە.

١) کرۆکی بابەتەکە بیرەوەرییە.

٢) نوسەری بیرەوەرییەکە خاوەنەکەیەتی.

٣) شێوازی داڕشتنەکە سەر بە ڕشتەی یاداشتەڕۆمانە.(١٢)

ئەوەی ئەو ژانرە نوێیە لە یاداشتی ئەدەبیی جیادەکاتەوە ئەوەیە، بابەتەکە ڕۆمانە لێ رۆمانێکی حەقیقی و واقیعییە. جیاوازی لە گەڵ ڕۆمانی (چیم دێ؟)ی (جەلال تەقی) ئەوەیە، لێرە نووسەر بە ئاشکرا خوێ دەناسێنێ و هەموو کاراکتەرەکان بە ناوی خۆیان ناویان دێ و زەمەن و مەکان و ڕووداوەکان واقیعین و بوونیان هەیە یان هەبووە.(١٣) هەموو ئەوانە لە فۆڕمی ڕۆمانێکی والآ لێرەدا کۆکراوەنەتەوە.

**ناونیشانەکان:**

**یەك: ناوی کتێبەکە:**

(لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕگوڕ)، کە دەستەواژەیەکی (٢) کەرتییە، سەرەتا(لە ناوزەنگانەوە) وە کۆتایی (لۆ بابە گوڕگوڕ) دەستنیشان دەکات، هەرچەندە تارمایی جوگرافیای بەسەرەوەیە، لێ لەناخیدا، دەنگێ مێژوویەکی هاوچەرخ دێتەگوێ کە سەرەتای مەزنترین قۆناغە لە مێژووی کورددا لە وەتەی شەڕی چاڵدێران (١٦٣٨)ەوە. ناونیشانەکە، کلاسکییە و دووبارەی زۆرە، (لە ... بۆ ...)، بە تایبەتی لە یاداشتەکاندا. ئەوەی جێگەی تێڕامانە، ئەو (لۆ)یەیە، کە نووسەر بە ئەنقەست لە جێی (بۆ)ی داکوتاوە. ئەمەش تیرێکی دوو نیشانە شکێنە: لە لایەك نووسەر دەیەوێ بە فەخرەوە ناسنامەی خۆی نیشانی خوێنەر بدا و قەڵا و منارەی هەولێری لەبەرچاو قووتکاتەوە. لە لایەکی دیکە، ڕەمزێکە کە چەق و پنتکی ناوەڕاستی ڕووداوەکان لە نێوان (ناوزەنگ و بابە گوڕ گوڕە)، هەولێرە، ڕەمزەکەشی ئەو (لۆ)یەیە، کە لە ناوەندی دەستەواژەکە هەڵکەتووە.

**دوو: ناونیشانی بەشەکان:**

(٢٥٢)لاپەڕەی کتێبەکە، (٢١سم x ١٣سم)، بەسەر (٤٧) ناونیشان دابەشکراو، بەش هەیە هەر لاپەڕە و نیوێکە، هەشە

پتر لە (١٠) لاپەڕەیە. وا بە هەڕەمەکی (١٠) لەو ناوونیشانانە دەنووسمەوە، تا وردتر شییان بکەینەوە: **(بە پێی با بە ڕێی مەرگا/ تەقەی خۆشی، ڕستێ ماچ/ پیرمام ستێرەی سیوەیلی/ ژنێ لەناو شەگردانێ / زیل، کلیلی دەرگای شار/ تەیراوە، هاوارێ لە فنجانی دارتێلەوە/ باوەشی بابی ناو خەونێ/ تفەنگی جاش، کۆبەندی دەمانچە/ بەرە، بەرەی جاشان/ چەك چەك، کچێك لە مارگرێت دەچوو).**

ئەگەر لەسەر بەرگی کتێبەکە نەنووسرابووایا(بیرەوەری)، لە پێڕستدا، ئەو ناونیشانانە، بخوێنینەوە، پتر زەینمان بۆ ئەوە دەچێ، کۆمەڵەشێعرێك بن. ناونیشانەکان نەك سیبەری شیعریان بەسەرەوەیە، بەڵکو ناونیشانی شیعرین: لێرە (ژنێ لە ناو شەکردانێ)، لە لای قوبادی جەلیزادەش (ژنێك لە جەستەی باران). هەموو ناونیشانەکان: کورتبڕن، ڕەوانن، تێر ڕەوانبێژن، پەیامهەڵگرن، کلیل، قوفڵ یان کلیل و قوفڵن.

نووسەر بۆ دوو مەبەست ئەوانی قۆزتۆتەوە: (١) بۆ چڕکردنەوەی پاژێکی بیرەوەرییەکەی لە بەشێکدا، (٢) دەستگرتنی خوێنەر، بۆ سەر تاتی نوێژکردنی، بەوەی هەمیشە ئەو وابەستەی خۆی بکات و نەهیڵی لیی دوورکەوێتەوە.

لە یاداشت دا، هەیە بە یەك بێن، هەموو بیرەوەرییەکانی نمایش دەکا، هەشە بەسەر چەند بەند و پاژ و تەوەرەدا دابەشیدەکا، چ بە ژمارە بێ چ بە بەخشینی ناونیشان.

**کڕۆکی بیرەوەرییەکە:**

تۆمارەگەی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستانە تا کۆچرەوە مەزنەکە، لەزاری شایەتحاڵێکەوە کە لە ناوزەنگانەوە بەڕێدەکەوێ و تا کەرکووك ناوەستێ. خوێنەر سەرپشکە، بابەتەکە دەخاتە تای تەرازووی کام ڕشتەی ئەدەبی. سەنگەر زراری، دەڵێ:"دەچیتە چوارچێوەی بیرەوەرییەکانی جەنگەوە."(١٤) دەکرێ بە بیرەوەریی مێژوویی، بە بیرەوەریی ئەدەبی، بە یاداشتی ڕاستییەکان بدرێتە قەڵەم، لێ لە دیدی

بەندەوە، زاراوەی (خود یاداشتەئەدەبی، یان یاداشتەئەدەبی خودی) پڕ بەپێستییەتی.

لێرە، پرسیارێك یاخەمان دەگرێ: بۆچی نووسەری ئەم بیرەوەرییە، لەسەر بەرگی کتێبەکەی دەنووسێ (بیرەوەری)؟

ئەو بیرەوەرییە بۆ خوێنەر نووسراوە، خوێنەر، هەر ئاستێکی هەبێ، ڕەخنەگرە، ڕەخنەگریش خاوەن بۆچوون و نرخاندن و حوکمی خۆیەتی، مەرج نییە نووسەر و ڕەخنەکار لە هەموو پنتەکانا یەکبگرنەوە و هاوڕابن. ڕەخنە ئێمڕۆ زانستێکی ئەدەبی زۆر بایەخدار و ئاڵۆزە، وەك چۆن لە نووسین داهێنەر هەیە، لە ڕەخنەکاریشدا داهێنان هەیە. ڕەخنەکاری بەتوانا و بەهرەوەر، بەردی مەحەکی کەشفکردنی لایەنە فرە ڕهەندەکانی بەرهەمی ئەدەبییە.

ئەم بیرەوەرییە، کە دەچێتە فۆڕمی خود یاداشتەئەدەبیی، پتر بەلای خود یاداشتەڕۆمان دادەکەوێ، چۆن؟

خوێندری ورد و بەدیقەت، کە بەچاوی کڕیاری ئەدەب، کتێبەکە هەڵدەسەنگێنی، هەر (٦) خەسڵەت و مژادەکانی ڕۆمانی تێدا دەبینێتەوە:

١) کاراکتەر: ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و عێراقی بە هەموو توێژ و چین و پێکهاتەکانیەوە، حزووری گەرمیان هەیە، بە گوێرەی پێویست تیشکیان خراوەتەسەر.

٢) دارِشتن: کەش و هەوایی ژینگەی بابەتەکان هێندە ورد و وەستایانە خراونەتە ڕوو، پەیامگر دەتوانێ بە ئاسانی لەگەڵ ڕێڕەووی ڕووداوەکان پێهەڵگرێ و بە ژینگەکەی ئاشنابێ. (دواتر لە بابەتی زمانی کتێبەکە ئەمە باشتر خورددەکەینەوە).

٣) گرێچن: گرێچنی سەرەکی ڕاپەڕینەوە، دەیان وردەگرێچنی دیکەی لەخۆ ئالآندووە.

٤) بەریەککەوتن: دژەکان هێندە سیخناخانە، کتێبەکەیان پڕکردۆتەوە، بەدەگمەن مژادێکی یەك جەمسەری دەدۆزیتەوە، تەنانەت، پاڵەوانەش، بۆتە تۆپەڵە دژیەکێك.

٥) کردنەوەی گرێیەکان: شێوازی بابەتەکە دەچێتە خانەی ئەدەبیی (رۆمانی) والآ ـ بۆیە نووسەر لە کتێبی دیکەدا، درێژە بەو کتێبە دەدا.

٦) قەبارە: (٢٥٢) لاپەڕەی نزیك نیو (A چوار) لە قاوغەی چیرۆك و چیرۆك ی درێژ دەردەچێ و دەگاتە سنووری ڕۆمان.

**مژادە جیاوازەکانی ( لە ناوزەنگانەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ):**

**یەك: زمانی خود یاداشتە ڕۆمانەکە:**

نووسەری ئینگلیزی (ئالان موور - ١٩٥٣ Alan Moore) بلیمەتانە بایەخی زمان دەنرخێنێ کە دەڵێ:" زمان یەکەم بەردی بناغەیە. هەرگیز زمان لە دەرەوەی جیهانی بەئاگایی گەش ونشونما ناکات. کە زمانت نەبوو، فام و ئاگایشت نابێ." (١٥) کە کتێبی (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)، دەکەیتە کان و سەرچاوەی لێکۆڵێنەوەی زماننناسی هاوچەرخ و کێشەکانی نێوان (زمان و بیرکردنەوە) (Linguistic Consciousness) شیدەکەیتەوە، دەگەیتە ئەو ئاکامە کە نووسەری کتێبەکە، بەدەر لەو زمانی گوزارشت ـ وەك پابەند و ملکەچی بووە، قەڵەمێکی ئاساییە، وەك هەزارن هەزار قەڵەمە ئاسایەکەنی دیکەی زمان لاڵ. ئەوەی نووسەر دەیگێڕێتەوە، هەزارانی دیکەش شایەتحاڵی بوون، لێ ئەوان لە ئاست زمانی گوزارشتیی ئەو، بێزمانن. لێشاوێك لە فەرهەنگی ئامارکراوی بێسنوور، بە قولآیی مێژوویێکی دوور و پانتایی جۆگرافیایەکی بەرفراوانی سنوور شکێن، پێویستی بە زمانی گوزارشتی کەریم کاکەیە لێرە، کە لەم سەرەقەڵەمانە ماکەکانی چڕدەکرێنەوە:

- زمانێکی ڕەوان و پاراو و ڕەسەن و فەرهەنگیی ڕیشەداری خەست وخۆڵ.
- لە قالبدانی وشە و دەستەواژە و ڕستە، بە قالبی پەیامی پوخت وچوارچیوەدا، بەواتایەیی، دەرهێنانی هەر وشەیەك، داروخانی دیوارێکی ڕستەی بەدوادادێ، هێندە وەستایانە وشە لە جێی خۆی جێگیرکراوە.
- کورتبڕیی و عەمباز و غارغارێنێ، بەسەر وشەدا بەمەبەستی کورتکردنەوەی ڕیگەی گەیشتن بە (پەیام)، دەستڕاستانە نیشانەی خۆیان پێکاوە.
- گەمەکردن، بە پێکهاتەکانی وشە، لە حەرف و دەنگ و توون و ڕەنگ و دەنگدانەوەیان، مۆری شەخسیی نووسەریان پێوەیە، کە لاساییکردنەوەی ئەو مۆرە، تەکنەلۆژیایی زمانناسیی و زمانزانیی پێشکەتووی گەرەکە.
- زمانی شیعریی، زمانی کۆی کتێبەکەیە. وا پێدەچی، نووسەر، وەکو چیلکەدار، کەوتووەتە بەر لافاوی ئەو زمانەوە، خۆی پێناگیرێتەوە، جەڵەوی ئیرادە، لە دەستی ئەودا نەماوە. لافاوی زمانی شیعریی هەموو شتێکی ماشتۆتەوە.
- وەستایانە (لۆ) یەکەی ناونیشانی کتێبەکە، بەتەواوی ڕەنگڕێژکراوە و تونێکی ناوازە و غەریبیی جوانی بە گوزارشتەکە داوە.(دواتر ئەم خاڵە خووردتر دەکەینەوە.)
- زمانی هەزار ئاواز، لە سەرزاری کەسەکان و دەنگی بوونەوەرەکان و سرووشت و بێگیانەکان دەبیسترێ. گوێچکەی دەوێ ئاوازی زمانەکان لێکجاکاتەوە.(ئەم خاڵەش دواتر ڕوونترە دەکەینەوە).
- پشتڕاستکردنەوەی، ئاماژەکانی سەرەوە، بەم چوار نموونەی خوارەوە، متمانەدار دەکەین:

نموونەی یەکەم: تایبەت بە ڕەوانی و ڕێزمان و ڕەوانبێژی و کورتبرێ و پەیامپێکان، ئەم (١٠) (دەقە) وەردەگرین:

- **"سەر ڕێ، نێوان من و مەرگ هەندە نەبوو، بەتۆپزی ئەو قەیتانەی پێوەدەچوو کە ناو لوولەی تفەنگەکەم پێخاوێندەکردەوە."** ل. ١١

- "بەدەنگ نا، بەلام بە تەنێ، کەسی قەندیلدیتە دەیانناسنەوە." ل. ١٩
- ئەدی کیمیا.....، برژانگیان بە ئاسمانەوە گرێدابوو... ." ل. ٢٠
- "ئاویش تامی ئازادی دەدا." ل. ٢٣
- "شارۆچکە مشتە و مستێکیدی ناگرێ، ئەها، لەسەری دەڕژێ." ل. ٢٧
- "ئاسمان دەریای بەسەردا ڕژاندین." ل. ٣٣
- "شاری شێخەشەلی خۆپێشاندان، ڕەمزی ئالآ و خالیقی بیر و پەشێوی شیعر، شاری بابم، کەیێ، ڕادەبی؟" ل. ٦٧
- "بابی تیلمە خەوێکیش چاوم گەرم نەکردووە." ل. ٧١
- "باران خۆشی کرد، پێناچی خۆشی بکاتەوە." ل. ٣٩
- " گوللە، دەڵێی چەوی درشتە لە قەلابەی دەڕژێتە جادە." ل. ٩٩

نموونەی دووەم: باڵادەستیی زمانی شیعریی:

- "هاییدار بن، ئێرە تخووبی ئێوەیە، هاتنەخوارێ مەرگە. بەڵام بۆ گەیشتنە شار، پێشمەرگە چ باکی بە مەرگە!" ل. ٦٦
- "چاودەنێ، لێرە، لەو ڕێوبانە، فڕکان فڕکانە، هەر شتێ بۆنی حکومەتی لێبێ، ئەگەر هەڵنەگیرێ و بارنەکرێ، چارەنووسی شکان و سووتانە." ل. ٢٧
- "هێشتا کوڕانی سەر کەل شینی تینووی گڕی، لە زەدەپەڕ نەگرتووە، کوڕانی لە کەلی کانی دومەلآن و سێ کانیانەوە هاتوو، وا هاتین، لە کەلەوە شۆڕدەبینەوە بەرەو شۆراو، بەرەو گورگە چاڵ، هاتین بابەگوڕگوڕ هاتین، تەڕ و سەرمابردەبوین و هاتین خۆ بدەینە بەر گڕت، هاتین خەناوکەی نەورۆزت بە گەردنەوە کەین، هاتم لە ناوزەنگی بەفرەوە بە ڕێی قەلآت و منارەوە بۆ گڕ هاتم، هاتین لێرە نەورۆز بکەین." ل. ١٨٦
- "شاری ئەسیری، ئەسیر بێ، ئەو نەورۆزە جەژنانە ناکەم." ل. ١٨٦
- "ئێرە شۆڕشە، چ شۆڕشێ! باوەڕناکەم شۆڕش بەرێ بێ، شۆڕشی بەر بە چیاکەوتنم، تۆ وەرە، بە چاوی من چاودێ، چ ڕەشبەڵەکێکە جادە، ڕەشبەڵەکی ڕابوون و سەرهەڵدان، ژن بە کلکە دوودە و تیرۆگەوە، پیاو بە خاکەناس و بە بەرچیغەوە، منداڵ بە دارلاستیق و کوچکە بەردەوە." ل. ٨٧

نموونەی سێیەم: زمانی هەزار ئاواز:

- کە نووسەر لە هەیبەسوڵتان نزیك دەبێتەوە و بیریی کۆیە دەکات، دەنگ و سەدای مەقامەکانی خاڵە سێوە لە نووسینەکەیدا بە ئاشکرا دەناسرێتەوە. (سەحەر)ێ تێهەڵدەکاو دەڵێ: "دەمەو عەسرە، لە ئالی گەرمێنێ، بە نێوان کۆسرەت و هەیبەسوڵتاندا هەورێکی تیر تیری هێنا، بە زمانی ڕێژنە دەگەمێنی، چەند تیرە،

**دەڵێی عەبای ژنانی پێشانی ناو قەیسەریە، گرتیە بەری ئاسمانێ، ئەوتا بە سەر ئاقاری بەری ڕێی خدرانا نەرم نەرم دەخونی ."** ل. ٣٢

- که دەگاتە بناری سەفینی، زمانی حەیرانی قەراج و دەشتی هەولێرێ، دەستی لێدەسێنێ دەنووسێ:**"هاتین، تیچاوێکم لە سەفینە، سەفین لە بن پەلە هەوران چێ چێ سێبەرە، چێ چێ هەتاوە، تابلۆیەکە بە دەستی من نا، بەڵام بە دڵێ من نەخشاوە، چەندی بە جوانی و وەسختیی سەفینی تابلۆدا دەڕوانم، هەستدەکەم ترس پتر دەڕەوێتەوە، وا دیارە سەفین ناسەکە لە خۆڕا نەیفەرمووە: پشتم سەفین بێ، تف لە ئاسێ دەکەم."** ل. ٥٨

- لە باخی گڵکەندی، نووسەر بە زمانی سەرخۆشیك وەسفی خۆی دەکا، مەگەر هەر خەیام و ئەبوو نەواس ڕازی ئەو زمانە بزانن، ئەو بەدەم خەیاڵەوە دەڵێ:**" ئێستا خۆم پاشای گڵکەندیم، نە لە شەقاوە دەترسم، نە لە جاش و ئەمن، بەرکێکم شووشە و بەرکیك دوو سێ پیاڵە گوڵەبەڕۆژە،......، بە دزییەوە فرێ لە شووشە و گۆلمێ گوڵەبەڕۆژە بکرۆژە، تفەنگم خستە بن چۆکم و بە قەدی درەختا هەڵگەڕام، لەسەر لقێکەوە هەڵدەفڕیمە سەر لقێکیدی، لە ناو پەلکان لە چاوی دنیا بزر بووم، لەگەڵ باڵداران باڵم لێکداو فڕیم، باخەوانەکە نەبا، لە ئاسمان دەمامەوە و نەدەبوومەوە خەڵکی زەوی."** ل. ٢٢٧

نموونەی چوارەم: (لۆ) یەکەی هەولێریان:

ئەگەر دوێنی زار و بنزارەکان، هۆز و خێڵ و تیرەی یەك زمانیان، پەرتەوازە و غەوارە دەکرد، ئەوا ئیمرۆ هەمان زار و بنزار، فەرهەنگ و گەنجینەی زمانەوانی ئەو نەتەوەیە دەوڵەمەند دەکەن و پەیوەندییەکانیان بزمارڕێژ دەکەن و توندتر بەیەکەوەیان دەبەستنەوە. وەستایی لە بەکار هێنانی زار و ببنزار، نەینییەکی هەیە، ئەوەیش ئەوەیە، ئەو زارە یان بنزارە مانایەکی ناڕوون و ئاڵۆزی هەیە، لێ ڕستەی دروست و تۆکمە، مانایەکەی ئاشکرا دەکات، ئەگەر یەکەم جاریش بێ خوێنەر، ئەو زار و بنزارە ببینێ.

لێرە، دەبێ هەڵوەستەیەك بکەین، ماوەیەکی کەمە هێندێ لە نووسەران خوویان داوەتە نووسین بە زار و بنزاری ناوچەیی

خۆیان، ئەمە کردەیەکی کوشندیە. دووان پێکەوە دەکوژێ: لە لایەك نووسەرکە، بەوە خۆی دەکوژێ، کە سنوور و فەزای خوێندنەوەی بابەتەکە لە زۆنی بچووکی ناوچەکەی خۆی دەرناچێ. لە لایەکی دیکە پەیامگر بە بابەتێکەوە سەرقاڵ دەکات، کە ئەسڵەن داهێنانی زمانەوانی زۆر کەمی تێداهەیە و لە خوێندنەوەی بەرهەمی غەیرە زار و بنزاریش مەحروومی دەکا. باشترین مامەڵەکردن لەگەڵ زار و بنزارە، لاساییکردنەوەی کەریم کاکەیە، کە هەم کەسێتی وشە لۆکاڵیەکەی پاراستووەو وەك دیارییەك پێشکێشمانی دەکا، هەم کەلێنێکی نووسینەکەی خۆی پێ پڕکردۆتەوە، کە ڕەنگە دۆزینەوەی هاوتای ئەو زار و بنزارە، بۆ ئەو جێگەیە، ئەستەم بێ.

ئەمەی خوارەوە، مشتێکە لە خەرمانی زاری کەریم کاکە لەم کتێبەدا، هەربۆ ڕەنگ و روویان نیشانتان دەدەین:

**(زرم و هۆڕی تۆپان دێ، چتۆ زرم و هۆڕێ! / ئاقاری دوبێ و جولانێ و ئەو گوندانەمان بڕی، کە لە ژیاندا تەنێ ناویان مابوو/ لە گژە بحیلێنێ / چاودە / لاکەی لێوەدێ / پیاوێ نزانم نەدیتە، نەبۆی دەچێتە سەر و خۆی دین کردووە / چاودەنێ / بەرزەفت نابێ/ هەڵتك هەڵتك/ ئەوجا تۆ بەرێ خۆ دێ / سەردەمی بەرییە/ کول و کەسەر/ بەرێ خۆ دەنێ/ ماخرا/ سۆرایەتییان تێدا دەگەڕا/ ناقرەنجێ/ هۆپێکم لە خۆم زانی/ حەزمچووە جگەرە/ دەستاو...تاد.)**

دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکان بە زار و بنزار، شارەزایی و کارامەیی وردی گەرەکە. زۆر جار نووسەر ئەمە دەکاتە وەسیلەیەك بۆ خۆ جیاکردنەوە، ئەمەش لە ئەدەبی جیهانیدا باوە، ئەوەتا نووسەر ئەمەریکی (کریستۆفەر موور) دەڵێ:" نووسەر گەورەکانی هەوڵیانداوە بە زارەکانیان جیاوازی خۆیان نیشاندەن، تۆ وەرە لە (Dickens)ەوە بگرە تا (Salinger). لە (Kerouac)ەوەش تا نووسەرانی هاوچەرخ." (١٦)

**جیهانبینیی واقیعی نووسەر:**

ڕەخنەکاریی بیرەوەری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرمی ئەو بیرەوەرییە، یەکەمین و بایەخترین خاڵ بە دوایدا دەگەڕێ،

ڕاستگۆییە. ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەی نووسەری بیرەوەرییەکە، دەیەوێ خوێنەرانی هەڵدەخەڵەتێنی و بگەوجێنێ، بەلکو لەبەر ئەوەی، بەگوێرەی دەروونناسیی هاوچەرخ، شاردنەوەی نهێنی و ڕاستییەکان، هێندە ویژدانی ئەو نووسەرە ئازاردەدەن، تا ئەو ڕادەیەی سەرلەبەری بیرەوەرییەکەی دەبێتە جێگەی گومان، چونکە ئەوەندەی ئەو خەریکی داپۆشین و شاردنەوەی نهینییەکانە هێندە خەم لە بوونی نەینییەکان ناخوات. (١٧) ئەمە وای لە وتاربێژی ئینگلیزی ناسراو (چارلس سپیوجیین ١٨٣٢ – ١٨٩٢ Charles Spurgeon) دەکات کە بڵێ:"بەدەگمەن یاداشتنووسێك هەیە، بیرەوەرییەکانی خۆی بخوێنێتەوە و سوورهەڵنەگەڕێ لە شەرمان، چون هەرخۆی دەزانێ کار و فێلعاتەکانی چۆن پینەوپەرۆکردوە.."(١٨) نابێ ئەوەش فەرامۆشکەین کە بیرەوەریی، دیوێکی مێژووە، کەواتە ڕاستگۆیی نووسەرەکەی لە پێش هەمووشتێکە.

لە جیهانبینیی واقیعی کەریم کاکە ـ لەم کتێبەدا، درۆ و شاردنەوەی ڕاستیی و نهێنییەکان و ترس لە دەربرین و بەلادارێبردنی خوێنەرانی، هیچ ئاسەوارێکیان نییە. دلێنام زەڕڕەیەك (ناڕاستگۆیی) هەبووایا، ئەدیبی ناسراو حەکیم کاکەویس (١٩٤٩ ـ ٢٠١٨) نەیدەنووسی:" کەم بیرەوەریی خەباتگێڕانی کوردم خوێندۆتەوە لە ڕستە و هەوڵیان بە گومان نەبم و باوەڕی تەواو بە هەوڵەکانیان بکەم. بۆ دۆزینەوەی ڕاستی توێی هەندێ کتێبی سیاسەتکاران، دەبێ نێوان دێرەکان بخوێنینەوە. بەڵام ڕستەو هەوڵێکم لە کتێبەکەی کەریم کاکەدا نەدی جێی گومان بێ. چەند لە هەستەوە نزیکە ئەم نووسینە. ڕاستگۆیی چ نعمەتێکە خوا بە کتێب و خوێنەری داوە" (١٩)

**سێ: مەودای باراسایکۆلۆژیایی نووسەر:**

وەك چۆن ڕەخنەکاری چاوتیژ و بیرڕۆشن، لە شیکردنەوەی داهێنانی دەقی شیعردا، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی ڕووە

دیارەکانی، پەل بۆ کەشفکردنی ئەو مۆتیڤ و فاکتەرانەش دەبات، کە بوونەتە چەخماخەی داگیرساندنی یەکەم وشەیً ئەو دەقە، بەهەمان شێوە، لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی بیرەوەریش، دەبیً هەوڵبدریً پەردە لەسەر ئەو نەینییانە لاببردێت، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان، ڕۆلیان لە (داهێنان)ی بیرەوەرییەکەدا هەیە. کەواتە شۆڕبوونەوە بۆ جیهانی ناوەوەی نووسەر، بە یارمەتیی زانستەکانی وەك دەروونناسی و پاراسایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، زۆر گوشەیً تاریکمان بۆ ڕۆشەندەکەنەوە.

ئیمرۆ، پاراسایکۆلۆژی، رووبەرێکی بەرفراوانی لە بازنەی دەروونناسیدا داگیرکردوەو پێناسەکەی تادیً فرە چەمك و ڕەگەز و ڕهەەند دەبیً. بۆیە جاریً بە "ئەقڵی ئەقڵ" ناودەبرێت و جاریً بە بیرخوێندەوی شتە شاراوەکان و پێشبینینەکراوەکان و دووربینییەکان دەناسرێت. چوار پایە سەرەکییەکەی ئەو زانستە بریتییە لە:

١) بیرخوێندنەوە (Telepathy).

٢) پێشبینیی (Precognition).

٣) دووربینیی (Clairvoyancy).

٤) هێزی جوولەپێکردنی بەبی دەست لێدان (Psychokinesis). (٢٠)

کە بەووردی لە ڕووداوو بەسەرهاتەکانی (لە ناوەزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ) دەکولێتەوە ـ کە ژمارەیان لەسەرووی (٥٠٠) ڕووداو و بەسەرهاتە، درك بە بەهرەیەکی شاراوەی نووسەرەکەی دەکەی ـ کە لە دیدی مندا، دەچێتە خانەی پاراسایکۆلۆژییەوە، هەر چوار مژادەکەی سەرەوە، جگە لە مژادی ژمارە (٤)، لە کەسێتی ئەو بوونیان هەیە.

بەڵگەکان چێن؟

ڕاستە کتێبەکە دوای (٢٧) ساڵ لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی باشوور چاپکراوە، واتا بۆی هەیە خوێندنەوەی

نووسەرەکە بۆ ڕووداوەکان، تازە بن نەك هی ساتەوەختی ڕاپەڕینەکە. بەڵام ئەمە بە دوور دەزانم لەبەر (٣) هۆ:

نووسەر، وەك پتر لە جێیەك ئاماژەی پێکردووە، هەمیشە دەفتەرۆکەیەکی لەنێو کۆڵەپشتەکەیدا، هەبووە زوو زوو سەرقەڵەمی بیرەوەرییەکانی تێدا تۆمارکردووە. ئەستەمە بتوانرێت دوای (٢٧) ساڵ، بەو شێوە وورد و پڕ دیقەتە (شتەکان بێنەوە یاد)، ئەمەش بەڵگەیە کە خاڵێیە لە بابەتی (هەڵبەستراو). نابێ ئەو ڕاستگۆییەیی نووسەریشمان لەبیرچی، وەك حەکیم کاکەویس واژووی لەسەر کردووە.

وا هەر وەك نموونە، چەند بڕگەیەك هەڵدەبژێرم، کە بە ئاشکرا بۆنبەرامەی پاراسایکۆلۆژییان لێدێ.

- **" تا زووە بڕۆن کۆیە و دووکان و ئەو جێگایانە ئازادکەن، دەنا ئەو سەدامە گوێ ڕەشە بە پێخواستی بە کێوەڕەشمان دێخێ."** ل. ١٨
- **"بە پێخواسی هەڵگەڕان بە کێوەڕەش."** ل. ٢٢
- **"مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، منداڵیش نەژی لە گوویرا دیارە، ەی من بە فسێی ئەو شارە، لێتان دیارە."** ل. ٢٦
- **" باشە بۆ بە (دیارە)ی گرتووە؟ تۆ بڵێی مەبەستی ئازادی بێ! خۆ منیش هەستدەکەم ئەو دەڤەرە تا هەڵدەگرێ بێ سەروبەرە، هێزێکی ترسناك بێ ناو لە جوولەیە، دواتر بە ەیزی (پاتار) ناوی ڕۆیی. دەگوت تیراوەیە لە ناوزەنگەوە تا بابەگوڕگوڕی گرتەوە، بەڵام من بە خۆم دەڵێم. نا. ئازادی لە دەستپێکا ڕەنگە هەر بەو شێوەیە بێ، سەرەدەری لێدەرناکەم."** ل. ٢٦
- **"شکان و سووتان و تاڵآن و بڕۆ و فڕکانفڕکان، دڵگرانی کردین، بەڵام ساردی نەکردینەوە، باشە ڕژیم گوڕێن ئیوهایە؟"** ل. ٢٩
- **" هێزی گەورەی پاتاری، ........، ئەگەر بەشار وەرەبێ و پێشی پێنەگیرێ، تەبارەی ژیان گوڵەگەنمێکی بە پێوە پێوەنامینی."** ل. ٨٤
- **"شەو باش دیار نیە، بەڵام واتێبگەم ەیزی پاتار لە هەمووان پترە."** ل. ١٩٥

- **"ئەو دوو چەکدارە وا بۆ من دێن دڵنیام لەو هۆزە ترسناکەوە هاتوون، من دوژمنایەتیم بێجگە لە حوکمەت لەگەڵ هیچ کەس نیە، هەبێ نەبێ، خزمێکم کەتنێکی کردووە، ئەوەتا تۆڵەکەی لە من دەکەنەوە."** ل. ٢٢٣
- **" بەغدامان گرت. بەغدا. دوای (٧) دێڕ نووسراوە . بەغدا، وادەگاتە کەرکوکێ!"** ل. ٢٢٧
- **"کەرکووك بچێ، هەموو دەچێ."** ل. ٢٣٠
- **"عارەبی دنیای لەسەرداناێ، بۆ کوردی جێناهێڵی."** ل. ١٨٨
- **"ئەدی ئەگەر هەولێر بارگەی تێکنێ، ڕوو لە کوێ دەکات و کێ داڵدەدی دەدات!"** ل. ٢٤٢
- **"بەرە درۆی کرد، بە ترومبێلی دزراو هەڵات و بەجێیهێشت. وا دیارە شار بریاری خۆی دا: کۆچ، کۆڕە."** ل. ٢٤٩

**چوار: جیهانی خەون و خەیاڵ:**

لە نێوان جیهانی خەون و جیهانی خەیال پەردەیەك، تەنکتر لە باڵی مێش، بووەتە تەیمان. ئەو جووتە دەستەخوشکە، هێندە بە گەرم وگوڕی لە کایەکانی ئەدەبدا حزووریان هەیە، کە ئەستەمە ڕەخنەکارو لێکۆڵێەر بتوانن فەرامۆشیان بکەن. ئەم دووانەش، ـ تا ڕادەیەك ـ وایانکردووە، بەندە لەم لێکۆڵێنەوەدا، بەرگی (خود یاداشتەڕۆمان) بکاتە بەر ئەم بیرەوەرییە.

ئەگەر خودی ژیان خەونێك بێ، ئەوا بێشومار، خەونی دیکە لەنێو ئەو خەونە مەزنەدا خۆیان حەشار داوە، تا ئەو ڕادەییەی کە جار هەیە مرۆڤەکان ناتوانن، جیاوازی لە نێوان خەونە حەقیقییەکان و خەونە (خەونەکان) بکەن.(٢١)

ڕۆشنفکریی و بەئاگایی نووسەر لە فەرهەنگی مەعریفیدا، نەیانتوانیوە، ببنە تەختەسڕی، سڕینەوەی ئاسەواری کەلتووری کوردەواری لە زەن و زهینی ئەودا. ئەو، ڕاشکاوانە ددان بەوەدا دێنی کە خەون، لە چەندان قوناغی تەمەنیدا، وابەستەی هەنگاوەکانی ئەو بوون. ئەمەش لە (٣) جۆرە خەون ڕەنگانەوەی تۆخیان هەیە:

خەونەکانی حەقیقی نووسەر، خەونەکانی سەر زاری کاراکتەرەکانی دیکە، وە سێبەری کۆی ئەو خەونانەی بەسەر لاپەڕەکانی کتێبەکەدا هاتووچۆیانە.

نووسەر بە خەتی قەڵەمێکی تۆخ، (٢) لە خەوەکانی لە دوو بۆنەی جیاوازدا دەگێڕێتەوە. وا پێدەچێ هەم ترسی هەبێ بێنە دێ و هەم بە پەرۆشێشە زوو بێنە دی. ڕاڕایی و دڵەڕاوکێیەکی پڕ نیگەرانی ژینگەی خەوکانی داپۆشیوە و هەستدەکرێت کە نووسەر باوەڕی بە خەونە.

خەونی یەکەم لە لاپەڕەکانی پێشەوەی بیرەوەرییەکەیە: **"لەباوەشی خەونێکی خۆشەو بەربوومەوە سەر دۆشەکی ئاگایی، بە دەم نان خواردنەوە، خەونەکە بۆ خۆم دەگێڕمەوە، نیشانی خۆمم دەدایەوە، بۆوەی لەبیرمنەچیتەوە، جارێ لە خەونەکە گەڕێ. لە بن هەیبەسوڵتان بۆتان دەگێڕمەوە."** ل. ٢٣

خەونی دووەم: **"خەون هەیە هەرگیز بیرناچێتەوە، ئەوەتا: بابم لەسەر ئەو گردە، وا لەسەر دووگردە، لە بەستەکە بە سەر بەرد بازدەدا، بازمدا، گەشتر دەرکەوت، ڕدێنی دەڵێی بارێزەی شاخانە، جەمەدانیەکی نوێی لە سەرە، ساقۆ درێژەکەی پێشانی لەبەرتە، سلاّوی ڕاستی دایەوە، ملی ڕاستکردەوە. چەپی نەدایەوە، منی دی، سلاّوی نەدایەو و دەستەکانی لە سەر چۆکی هەڵفرت و ئامێزی کردەو .... کوڕم، تۆ ماوی؟"** ل. ٣٥.

بەدەر لە دەوڵەمەند کردنی بیرەوەرییەکە بە کەرەستەی نوێ کە (خەون)ە. بۆ ڕەخنەکار بایەخی ئەو خەونانە لە چۆنیەتی تەوزیفکردنیان دایە، لێرە، ئەم وەستاکارییانە دەبینرێن:

- نووسەر وەك قولابەی ماسی ئەو خەونانە لە ئەوکی خوێنەر گیردەکات تا بەدوای بکەوێت و هەڵپەی بێ زوو بگاتە ئاکامەکەی.
- مەودای نێوان هەڵتۆقینی خەنەکان و کرانەوەی کۆد و ڕەمزەکانیان لە کات و شوێنی هەستیار نەخشەیان بۆ کێشراوە. لەو جێگەیە دەیانکایەوە کە هەر دەبێ لەوێ بکرێنەوە.

- ئارایشتکردنی بیرەوەرییەکە بە فەنتازیایی کوردەواریی، با لە شێوەی خەونیش بێ، جۆری لە ڕوخساری ئەدەبی باڵا بە دارشتنەکە دەبەخشێ.
- هاتنە دی خەونەکان، قامتێك پرسیار لە دیدی خەباتگێڕێکی چەپی گیڤارەڕێباز قووت دەکاتەوە، کە نە نووسەر و نە خوێنەری، وەلآمیان پێنادرێتەوە.

دوای نزیکەی (**٩٠**) لاپەڕە، نووسەر کۆدی خەونەکانی دەکاتەوە، ئەمەش پشوودرێژییەکی بە توانای دەوێ و بەبێ تەکنیککاری ئەدەبی هاسان نییە:" **دیمەوە بابمی ناو خەونەکەی ڕانیەو و زیندە خەونەکەی سەر پردی بەستۆرە و خەونەکانی سالآنی چیام دیتەوە...** ."ل. ١١٦

نووسەر هەمان تەکنیکی لە گێڕانەوەی خەونی هاوڕێیەکانیشی بەرجەستە کردووە:"**نەیدیتەوە، خەونەکەی وەراستگەڕا و لە خۆڕا دڵی نەیتریواندبوو، ئای، شۆڕش، مەرگ تەنها یەك شەو داوکەتبا، دەگەیشتیتەوە ئامێزی ماڵی و بابە ...** ." ل. ٤٤

بۆ جۆری سێیەمی خەونەکانیش، بەدرێژای ڕووداوو بەسەرهاتەکان، ئەوان سیبەریان هەر دیار بوو:"**سلآو ئەو کێوەی من لەسەری قەندیلەوە. لە دوای ئەنفالەوە خەونم بەو دیوی تۆوە، دیوی شار و ئاواییەوە دەبینی.**" ل. ١٤ " **لە خونیش نەمدەوێرا لەو دەربەندە بدەم.**" ل. ١٥ " **کاتێ خەونێکی ناخۆش دەبینی، ڕەنگە تووشی دڵەڕاوکێ ببیت و ترسی دەرکەوتنی بەلآی ناوخەونەکەت لە دڵ بنیشێ.**" ل. ٣٦ "**خوداوەندی خەون لەو خەونەم مەکە.**" ل. ١٦

بۆ خەیاڵیش، بیرەوەرییەکە خەیاڵپۆشە، لە دێری سێیەمی دەستپێکی (**...جغارەی ڕەبەنی دەپێچنەوە...**" ل. ٥، تا سێیەمن دێری پێش کۆتایی:" **.... هەلآتنێ، کەس وێنەی نەگرت و بە کەس ناەیتە ڤەگێڕان.**" **ل. ٢٥٢**، وەك لەناو دارستانێ پیاسەبکەیت، لێ هەموو گەلآکانی خەیاڵ بێ. جوانیان گوتوە:"**ئەوەی لەو کوێستان و شاخە گەردن بەرزانە بژی، بەشێکی خەیاڵی هەربەردەکەوێ.**" (٢٢)

**پێنج: گەنجینەی فەرهەنگی:**

**" تا زانیاریت پتر بێ، هەر ڕۆژەی شتێ وەدەست بێنە، تا حیکمەتت پتر بێ، هەر ڕۆژەی شتێ داتەکێنە."**(٢٣) ئەو هەمووو سەرچاوی لە سەر پەڕەکانی ئەو کتێبە قەلآچن، ئامارکراون، خاڵێکی دیکەیە، جیاوازیی ئەو بیرەوەرییە تۆختر دەکاتەوە و ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە، کە نووسەر گەنجینەیەکی گرانبەهای لە ئەدەب و فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و زانیاریی گشتی لە زەین و سینگی خۆیدا هەڵگرتووە، کە وا پێدەچێ خەرمانی کۆی ساڵەکانی تەمەنی بێ.

گرنگیی تەوزیفکردنی ئەو زانیارییە فرە ڕەنگانە، لەو خاڵآنەدا خەست دەکەینەوە.

- چۆن کە باران دەبارێ، سێلآو و جۆگەڵەکان بۆخۆیان ڕێی خۆیان دەکەنەوەو دەڕۆن، زانیارییەکەنی ئەم کتێبەش، وەکو ئەو سێلآوانە ڕێی خۆیان بەناو ڕووداوەکاندا دەکەنەوە و لە گەڵیان دەڕۆن، واتا بە زۆری زۆرە ملێ و بە پەستان نەخزێنراونەتە نێو دێڕەکان.
- ئەو جیگە و زەمەن و بونوبەرامەی ڕووداوەکانە، ئەو سەرچاوە زانیارییانەی وەبیر نووسەر هێناوتەوە و ئەویش وەستایانە مامەڵەی هونەریی لە داڕشتنەوەیاندا کردووە.
- یەك وشە یان یەك سەرەقەڵەم، کە ئاماژە بێ بۆ (سەرچاوە)یەك، ئەوا چەندان پەڕی نەنووسراوی بەدوا دادێ، کە نووسەرەکەی، خوێنەرە. ئەم هونەرە زۆرکەم لە نووسەران، درکی پێدەکەن و لێیدەزانن. واتا خوێنەر خۆی ببێ بە نووسەری تەواوکەری ڕووداوەکان.

تەکنیکی نووسەر لە شێوازی سوود وەرگرتن لەو (سەرچاوانە)، زۆرن، وەك:

- ئاماژە کردن بە ناوی ئەدیب، نووسەر، شاعیر، خەباتگێر: وەك **" دڵدار، عەزیز مەحەمەد، ڕەفیق سابیر، پەشێو، عەبدولخالق، جاوید، ئەسیری، لۆرکا، مامە ڕیشە، گیڤارا،... "**

- هامازەکردن بەناوی کتێب و بەرهەم: وەك " نالەی جودایی، گوڵە ستێرەکان کوژانەوە، کۆلآن بە کۆلآن، یادەوەرییەکەی دڵدار، خەونی پساوەی قەندیل، ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواری،... "
- ئامارەکردن بە ناوونیشان، وەك" ئەی رەقیب، وا هاتن پێشمەرگێن مە، پێشمەرگەین بە هەڵمەتن، ئەو ڕۆژەی ساڵی تازەیە، بژی پێشمەرگە، سەدەی بیستەمە، هەی کوردستانێ، ئەو جارەیێیمەوە، گەلە گەلە، هەرنە پێش،... "
- ئامارەی ڕاستەوخۆ، وەك" بە شێخەکەی کانی کەوێ، ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینن، ئەمان کورتێ، کورتە باڵا، منداڵی کوردم لە پاشکژۆی زیلا بۆ پێشمەرگایەتی لە دایك دەبێ،... "
- ئامارەی ناڕاستەوخۆ: " ئەو بستێوکەی ناویانا سنوور." ل. ٦٢ " شێخەشەلی خۆپێشاندان، ڕەمزی ئالآ، خالقی بیر، ...."٦٨

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی تەکنیکەکەی نووسەر، دەبینین، لە ڕانیە ناوی (دڵدار) دینێ و لە سەری هەیبەسوڵتان (پێشمەرگەین بە هەڵمەتین) دەڵێتەوە و لە بناری کۆیەش، نووسینەکەی بە ئاوازی مەقامی سێوە تیکەڵ دەکات و دەڵێ:" ساڵ لە دوادوایی ڕەشەمەیە، دنیا دەمەوە بەهارە، بەڵام هەیبەسوڵتانی بەلآ، ئەوشۆ لە ئێمەی ماڵوێرانێ و سەرگەردانێ، بۆیەوە بەفرانبار و ڕێبەندانی، بایەکی دێ، پێدەچێ لە قەندیل نا، لە سیبریاوە هەڵیکردبێ... ." ل. ٤٠

**شەش: ڕەخنەو ڕێنمایی و پێ لە هەڵەنان:**

نووسەری لاو بەختیار حەمەسوور دەڵێ:" لە ڕێی گێڕانەوەوە، ئێمە دەتوانین ژیانی ئەوانی تر و ژیانە دوور و کۆنینەکان بژین، بەمەیش جۆرێکی تر لە بیرەوەری ئەزموون دەکەین: بیرەوەریی دەستەجەمعی یان کۆیی. بیرەوەری کۆیی، بیرەوەری ئەوانی تر و خۆیشمانە، بەشێکی زۆر لەم بیرەوەرییە ڕەگوڕیشەی لە بۆنە و یاد و مێژوودایە، چەشنی کەلتوور و کەلەپوور و نەریت و ئایین وبیرەوەری بەرهەمی چرکەیەکی جادووی و نەگیراوە؛ چرکەیەك کە توانای مانەوەی لە هەناو و زەینی ئێمەدا بۆ هەمیشە دەستەبەر دەکات." (٢٤) کەواتە کان و سەرچاوەیەکی باشی مێژوو، بیرەوەرییە، لێرەدا، ڕاستگۆیی نووسەر گەلەك بایەخدارە، هەر کاتێ ئەو بووە جێگەی متمانە، ئەوا دەتوانین:

(١) وەك سەرچاوەی مێژوویی ڕووداوەکان وەرگرین.

(۲) هەڵەکانمان درشتتر ببین و هەوڵدەین دووبارە نەبنەوە.
(۳) وێژدانمان ئازاد بکەین، بە پێی لە هەڵەنانی خۆمان و پێمان عەیب و شورەویی نەبێ باسیان بکەین.

نابێ ئەوەرش فەرامش بکەین، لەم بیرەوەرییانە کۆی کاراکتەرکان زمانی شایەتحاڵن و ئەوانیش ئاگادارییی ڕووداوەکانن بە پێی ئاستی بەشداربوون و ئەزموون و ڕۆشنبیریان.

- ڕەخنەو و گلەیی و گازەندەو پەنجەخستنە سەر هەڵەکان، چەند شێوەیەکی لەم بیرەوەریەدا وەرگرتووە:
- بێزاریی لە شەڕ و ژیانی سەخت و دەردەسەری:" **ڕوو لە دۆڵی ناوزەنگ و زەڵێ، ڕوو لەبەری مامەندە و قەندیلێ، گوتی: بمێنن بە خێر، لە جامی فرۆکەش نامەوێ بتانبینمەوە.**" ل. ٨
- ڕەخنە لە یەکنەگرتن و باڵ باڵێن و ئێمەوە ئێوە:" **ئێمە هەر لە ناوزەنگەوە، دەستەیەکی سەربەخۆین، ئێوە بە ڕێی خۆتان و . ئێمە بەڕێی خۆمان.**" ل. ٣٧
- ڕەخنە لە بێحورمەتیکردن بە پرنسیپلەکانی خەبات و ڕاپەرین:"**دەست لە سۆبەی ناو پۆل و گلۆپی دارتەل و شێرەی ئاودەستی مزگەفتێ و قەپاغی سەرجۆگەی چڵکاوی ناپارێزم.**" ل. ٢٩ " **تێناگەم ئەو خەڵکە لەکام تیرەن، مرۆ یان کلۆ، هەرچیان دێتەپێش دەیماشنەوە.**" ل. ٢٩ "**هێزی پاتاری گەیشت، سەربازگە باردەکەن.**" ل. ١٠٣ **(نموونەکان زۆرن).**
- ڕەخنە لە بەرەی کوردستانی: "**بەرەیەکیترت بەناو بکرێ، حەفتەیەك نەژی!**" ل. ١٧٧ " **وا بڕوا داخوا چ دەقەومێ؟**" ل. ١٣١ "**ئەو جاشە تەورەسە، ئێستا خۆی لە پەنای بەرپرسێکی گەمبۆری بەرە ناوە، ئەی هاوار.**" ل. " ١٦٥
- ڕەخنە لە حزب و هاوڕێیانی:"**وا چاکە لە ماڵی لەسەر پەتك و سنگی خۆم داکەوم و چیدی بە چ لادا نەچم، تا ئێرەم هێنا بەسە،....،ئەو شەوە هاتە سەرم چیدی بە لای بارەگاشدا نەچم.**" ل. ١٥٣ " **ئەوەی من لەو چەند ڕۆژە دیم، بەس بوو بۆئەوەی تف لە چەك بکەم و خۆم بدەمە پەنایێ و لە چاو بزربم.**" ل. ١٧٩ "**ئەگەر حیزبت دیت، پێیبڵێ: گوو بە خۆی و تفەنگی.**" ل. ١٣٦

- ڕەخنە لە میدیاو بانەگەوازکاران: " بەخوا لە گەڵ ڕادیۆ بەینم نیە. چونکە زۆر درۆم لێیان دیتووم." ل. ١٦٢ "هاشوەووشی ڕادیۆی سەرێ" ل. ٢٢٥ " ماڵێ و کۆڵانیش هەلاتینان بە خەیاڵدا نایە، ڕادیۆی سەرێش هەر مەپرسە."ل. ٢٣٤
- ڕەخنە لە دز و خائیین و سەرکردەی خۆپەرست: " خەڵکینە، بەرە دزە، چەتەیە.... ." ل. ٢٠٦ " بەرە ناپاکی لەگەڵی کرد.... " ل. ١٤٩ "بەرە، بە ترومبێلی دزراو هەلات و بەجێیەیشت... ."ل. ٢٤٩ " بە خۆیان ناوێرن، ئێمە دەنێرن." ل. ٢٤١ " پێشمەرگە و چەکداری پارتی کوردی هەر ەیندە شکا، لە دەشت و شار خۆ ناگرێ، یەکێ تا بن چیا ڕاناوەستێ."ل. ٢٤٣
- ڕەخنە لە خود: "ئەگەر بە قەد مریشکێ مێشکم لە سەر بێ، جارێکیدی ناچمە گۆترەکاری شەڕەوە." ل. ١٣٨

**حەوت: دەنگی مێژوو لە کتێبەکەدا:**

ڕۆماننووس و شاعیری ئەمەریکی (جێمس ئارتەر باڵدین James Arthur Baldwin) دەڵێ: "ئەو خەڵکە بە سەر تەپکەی مێژوو داکەوتوون و مێژوو بەسەر تەپکەی وان."(٢٥) کەواتە هیچکامیان بەبێ ئەویتر بوونی نییە، لە خوێندنەوەی (کەریم کاکە)ی داکەوتوو بەسەر بەشێك لەو مێژووە، دەگەیتە ئەو ئاکامە کە ئەو نە حەزیکردووە و نە ویستوویەتی مێژوو بگۆڕێ، بەڵکو هەموو ڕەنجەکەی هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ئایندە، بە بەسەرکردنەوەی ڕابردوو.

خوێندنەوەی مێژوو لە دوتوێی ئەم کتێبەدا، مەحاڵە بەبێ گرێدانی مێژوو و جوگرافیا بەیەکەوە. کاتێك سنووری جوگرافیای بیرەوەرییەکانمان دیاری کرد، هەڵدانەوەی پەڕەکانی مێژوویان هاسانتر دەبێ. مەبەست لە جوگرافیا، لێرەدا، هەموو ئەو جێگە و شوێن و ڕێ وبانانە دەگرێتەوە کە نووسەر ئامازەی بۆکردوون، جا ئەگەر لە (فنجانی دارتەل)ێکەوە تا (دونیا) ی بەرفراوان ئەژمارکەین، ئەوا لەم بیرەوەرییەدا پتر لە (٩١٠) جێگە و شوێن ئامازەیان پێکراوە و پتر لە (٣٣١) کاراکتەریش بەسەر پانتای

ئەو جوگرافیەدا بڵاوبوونەتەوە ـ مەرج نییە هەموو کارەکتەران بە (ناوی خۆیان) ناویان هاتبێ ـ(ژمارەکان بە دووبارە کردنەوەی شوێن و ناوەکان ئەژمارکراون).

گوتمان ئەمە بیرەوەریی (٢٧) ڕۆژی نووسەرە، لە ٣ ی ئادار (١٣ ڕەشەمێ) تا ٣١ ئادار (شەوی١٠/ ١١ی خاکەلێو) ـ بەبێ ئاماژەکردن بە ساڵ ـ. لە دوای ڕاپەڕینەوە، چەندان بیرەوەری چاپکراون کە ڕۆژەکانیان هەر لە دەوری مانگێك یان وەرزێك دەبن، زۆربەشیان بیرەوەریی زیندانی و پێشمەرگە و شایەتحاڵەکانن. لە ئەدەبی جیهانیشدا نموونەی ئەم کورتە بیرەوەرییانە زۆرن.

لە خوێندنەوەی مێژووی (٢٧) ڕۆژی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی باشوور، لە (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)، قوڵایی و پانتایی مێژوو، یەکجار بەرفراوان و کراوەیە، ئەمەش لەسایەیی وەستایی نووسەرکە، لە ئاماژەکردنیدا بە ناوی شوێنەکان، یان کەسەکان. چونکە هەر شوێن و کەسێك، بۆخۆیان مێژوویەکن. دوورترین مێژووی ئاماژە پێکراو بۆ نزیکەی (١٧٥٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمەی بابیلییەکان خوداوەندی (عەشتار) یان کردبووە خوداوەندی جوانی و ئەشق و ئەڤین. دواتریش مێژووی (پیاوانی ناو ئەشکەفت) دەست پێدەکات کە ئەویش بۆ (٣٠٠ ـ ٤١٢؟) دوای زایین دەگەڕێتەوە. ڕووداوەکان، دوای ئەو دوو سەرەتایە، بەرەوە (هەنوکە) لێمان نزیك دەبنەوە، کە ـ لە دیدی مندا ـ لەسایەیی کارەکتەرەکانی بۆ (مێژووی ئایندەش) دەپەڕنەوە.

بایەخی ئەم مێژووە (٤) خاڵێ بەرچاون:

- تۆمارکردنی حەقیقەتی ڕووداوەکان. دەیان نموونەی لەم جۆرە باسکراوە:" **بیرماننەچێ، تا هەولێریش ئازاد نەبوو، بەفری ڕێی هاتنەوەی سەرانی گەورەی بەرە، نەتوایەوە.**" ل. ١١٩
- تۆمارکردنی مێژووی خەباتی دەیان لە ئازیخواز و تێکۆشەران.

- بەئەرشیفکردنی سەدان ڕووداو کارەسات.
- کردنەوەی دەیان پەنجەرە بۆ ئەدب و نووسەران، بە هەموو ڕشتەکانیانەوە، چیرۆك، ڕۆمان، شیعر، پەخشان، شانۆگەری، سینەما، هونەر، شێوەکاری، مۆسیقا، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەترۆپۆلۆژی، مێژوو، کەلەپور، شوێنەواری، بیرەوەری ... تاد.

**ڕەنگە تێکەڵەکان:**

لەم تەوەرەدا، زۆر بە چڕوپڕی، چەند سەرەقەڵەمێك دەنووسمەوە، ڕەنگ بێ دەروازەی گەورە و جوان بن، بۆ توێژینەوە قەڵەمکاری پتر، لەناوئاخنی ئەم کتێبەدا:

- **فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپور: هەنگاو بە هەنگاو، زمانە پاراو و ڕوون و شیرییەکەی نووسەر، کارامانە ئاوێتەکراوە، بە دەیان و بە سەتان، بابەتی فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپور، بە شێوەی پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و شیعری میللی. زۆربەی بوارەکانی ژیان و ژینگەی کوردەوارییان گرتووەتەوە، لە جلکوبەرگ و ئاش و چێشت و گەمە وناومال و کەشناسی و داب و نەریت... تاد." ئەوە بخۆ، ئەوەش، سوار مایتەوە، لۆ خۆت، ئەوەش ئاغا!"** ل. ١٥٢ **(یاری ڕیسانی و دامە).**
- کردنەوەی دەفتەری شیعاراتی ڕۆژانی ڕاپەرین و خۆپێشاندان و کەژاوەکان، بە مەبەستی نووسینەوەیان: لەم کتێبەدا چەند ئامارژەیەك هەیە، دەکرێ پتر بە دواداچوون بۆ ئەم جۆرە شیعراتانە بکرێ و لێکۆلێنەوەی ئەدەبی لەسەر بکرێ. وەك " **سەدام حوسێن بۆ کوێ دەچێ؟ هەڵەبجەمان لەبیر ناچێ**" ل. ١٨١. **"سەدام حوسێن گەوادە، بیگرەو بە جادەی دادە"** ل. ١٣٢ " **کەرکوك کەرکوکی کوردانە، با لێ دەرچی بێگانە."** ١٣٢ " **بژی هێزی پێشمەرگە، سەدام لەسەرەمەرگە."** ٨٧ " (٢٦)
- **کەسێتی نووسەرو نۆستالیژیا: کتێبەکە بە بڕشتە بۆ ئەو لێکۆلەرانەی گەرەکیانە دەربارەی ژیان و کەسێتیی(کەریم**

کاکە) بنووسن، لە زۆر لایەنی وەك، دەروونناسی، پاراسایکۆلۆژی، نۆستالیژیا و هزری، ئایدیۆلۆژی... تاد. " وای لێهات، بە دیتینی پلکە سوڵتانەی دایکی حەیدەر کەریم و محەمەد کەریم نانەوای کوڕە گەورەی گریانم دەهات، هەموو ئەو هاوڕێیانەم بیردەکەوتەوە کە بە دەردی پەیدەور چوون و ئێستا دایکیان، کەسوکاریان، لە چاوەڕێی گەڕانەوەیانن،......، ڕاستیت دەوێ حەزناکەم چ ژنی جەرگسووتاو و کۆستکەوتوو ببینم." ل. ١٧١

- کۆمیدیا لە تراژیدیادا: کەس بە حاڵی ئەو دایکە نەبێ، کە بەبەرچاویەوە، کوڕەکەی لە ژێرچەقۆی دکتۆربێ، دکتۆریش هێدی هێدی لەبەرە خۆیەوە، گۆرانی بڵێ. ئەمە دەقی وێنەی ژیانە. چونکە ئەو پێشمەرگانەش بە درێژایی ڕۆژگاریان، هەر لە زێقەتی و دەردەسەری و نەهامەتی دابوون، زۆر ئاسایی بووە لە لایانی، ئەو کاتەی بە (با) ی ڕێژنەی گوللە دۆشکە بەر دەبنەوە سەرزەوی، بیدەنە قاقای پێکەین و گاڵتەکردن. یان کە گوللە جەمەدانی و شەرواڵ و بنی ئەدیداسیان کون دەکا، ئەوان نوکتە بگێڕنەوە. جا چونکی ئەم بیرەوەرییە، لە ڕۆژگارێکی سەخت و تەمومژاوی و ناجور بووە، ئاساییە کە لە نێو گرتە تراژیدیەکاندا، کۆمیدی ببینی و لە لای کاراکتەرەکان شتێکی ئاسایی بێ. ئەم دیاردەش، پێویستی بە لێکۆلینەوەیە لە لایەن پسپۆڕانی دەروونناسی و سۆسیۆلۆژی. مشتە نموونەیەك: " ئەو پیاوە ئەگەر شێت نەبێ، هێرە، دەنا لەو دونیایە کەس هەیە بە تۆ بچێ؟!" ل. ٢٥ "ئیسرائیل دەستی لەگەڵ ئاسمان هەیە و لە کەش و هەوا سەرەچیغ ناچێ." ل. ٣٣ " لە فسێ ڕادیۆ بەم." ل. ٣٣ " هۆدایە. ئەوە چ دەڵێی؟ ئێمە هەموومان کورد نین. عارەبەکیشمان دەگەڵە. دایك مستەکی توندی لە سینگی خۆی دا. ئۆجا، خۆ من لەگەڵ عارەبی پێشمەرگەم نییە." ل. ٧٣ " عارەبی هاوڕێ شیرێکی لێدا، لە ئاو پەڕیەوە و لە ئاسۆس، دەنگیدایەوە." ل. ٢٩

- تەکنیکی داڕشتنی بیرەوەرییەکە: ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ. هەر بۆ بەرچاوڕوونی، جگە لەو خاڵانەی پێشتر ئاماژەمان پێداوە. بیرەوەرییەکە دوو خەسڵەتی دیکەشی تێدایە: (١) بیرەوەرییەکە بازنەیەکی داخراوە، بڕوانە یەکەم وشەی دەستپێکی (ناوزەنگ)ە و کۆتا وشەی

کتێبەکەش هەر (ناوزەنگ)ە. سێیەمین وشەی دێری دەستپێکی (ڕەشەمێ) یە . پەیامی یەکەم لاپەرە ئەوەیە :" ڕانیه ئازاده"، پەیانی کۆتا لاپەرش ئەمەیە " شار له ئێمه نایه." بڕوانە (شار) بۆتە کۆلکەی هاوبەشی (سەرەتا و کۆتا). (٢) بیرەوەرییەکە، ڕۆمانێکی والآیە، بە درێژەدانی تەواوکردنی (٧) ڕۆژی کۆچ و کۆڕەو لە کتێبیکی دیکەی نووسەردا.

**کتێبێکی هاسان و قورس:**

ئەمەش جیاوازییەکی دیکەی (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ)ە، کە هاوشێوەی دەگمەنە. بۆ خوێنەرێك، چاوتیژ بێ لە دووررا شاخەکان و کەسەکان بناسێتەوە و گوێ سووك بێ لە دێڕەکاندا، ئاوازی عەلی مەردان و سێوە و تایەر تۆفیق وخالید دلێر و شوانپەروەری پێ بناسێتەوە و بە بۆنی خۆڵ و بێستان و ڕێگا و بان، ناوچەکانی بەبیر بێتەوە و دۆستی مەسعود محەمەد و دڵدار و جاهید و ئەسیری و پەشێو و ڕەفیق سابیر و کەریم کاکە بێ و ئاشنا بێ بە سروودی (زەماوەند سازبکەن) و ئەزموونی ڕاپەڕینی لە زهیندا مابێ، بیرەوەرییەکە بە زمانێکی ڕەوان و سووك و شیرین و خۆش ئاواز داڕشتراوە و بە زەحمەت ساتمەی تێدا دەکەی و دێرەکان بەرۆکت بەردنادەن، تا تەواویان نەکەی. ڕەنگ بێ بە خوێندنەوەیکیش، تینوویەتیت نەشکێ.

لێ ـ لە دیدی مندا ـ بۆ نەوەی دوای ڕاپەڕین و بۆ ئەو خوێنەرانەی ئاشنا نین بە مێژوو و جوگرافیای کوردستان و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندیان لە ئەدەب و فۆلکلۆر و کەلتووری نەتەوایەتیدا نییە و ئاستی زمانەوانیان کلۆل و هەژارە، ئەم بیرەوەرییە نەك قورس و زەحمەت، بەڵکو ناخۆش و ئالۆزیشە. دەزانین، هەر شتێك خوێنەی تێی نەگات و دەسەڵاتی بەسەریدا نەشکی ئەوا، لە ڕووی دەروونناسییەوە، دەبێتە بابەتێکی ناخۆش و ئالۆز، تەواوکردنی زەحمەت و گرانە.

**بۆ چاپی دووەم:**

ئەگەرچی (١٣) کتێبی چاپکراو، ئەزموونێکی کەڵەچنی دەوڵەمەند و بەخێر و بێری، لە هزر و هۆش و دیدی (کەریم کاکە) ئامار کردووە، لێ چونکە بەرهەمەکان، دەستنووسی مرۆڤن، مەحاڵە کەم تا زۆر، درز و کەلێنی تێنەکەوێ. ئەوەشمان لە بیر نەچێ، هەر خوێنەرێك، ڕەخنەکارێکی سەربەخۆیەوە لە دیدی خۆیەوە، بابەتەکان دەنرخێنێ و ئەم کتێبەش، بیرەوەریی (کەریم کاکە) نییە، بەڵکو بەشێکە لە مێژوو، چاوەکانی ئەو وێنەکانی چرکاندووە و خامەکەشی تۆماریکردوون.

لە دیدی مندا ـ بۆ چاپی دووەم، باشترە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:

- ناوی چاپخانە دابندرێت و ژمارەی (سپاردن و ساڵەکەی)، وەك لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکاندا تۆمارکراوە، نیشان بدرێت. ئەمە یاساییە و باشیشە بۆ پاراستنی چەند دانەیەك لەو کتێبە، بۆ کاتی پێویست.
- ناوی کەسە سەرەکییەکانی بیرەوەرییەکە هەر بە ناوی (کەسی) ی ڕووت ئاماژەیان پێکراوە و زەحمەتە خوێنەر بیانناسێتەوە. وەك وەفا و قەدرزانییەکیش بۆ (هاوڕێیانی ڕێ خەبات) و (کەسانی قارەمانی بیرەوەرییەکە)، پەسندترە، ئەو کەسانە بە نازناوێك، شوهرەت و لەقەبێك، بناسێرین، تا ئەوانیش بچنە ناو مێژووەکە و لە ئایندەدا، نەوەکانیان شانازیان پێوە بکەن و نەعلەتیش بۆ خائین و خۆفرۆشان بنێرن.
- نمایشکردنی نەخشەیەکی ورد، زۆر ئاسانکاری، بۆ خوێنەرە نەشارەزایەکان دەکات و دەستیان دەگرێ. لەسەرنەخشەکە ڕێڕەوەی گەشتەگان نیشان بدرێن، وەك (ناوزەنگ، ڕانیە، حاجیاوە، چوارقوڕنە، هەیبەسوڵتان، شەقلاوە، کۆڕێ، پیرمام، هەولێر، پردێ، سوڵتان عەولآ، زێی بادینان، کرکوك، مەشخوفە، کەسنەزان).

- پەرواێز بۆ بابەتە شاراوە و تایبەتەکان: مەرج نییە خوێنەر بە هەموو بەرهەمەکانی نووسەر ئاشنابێ، جا پێویستە پەرواێز بۆ هەر شتێ بکات کە لێڵ و نادیارە. ـ بۆ من ئاسان نەبووـ بزانم ( چیرۆك ی پێرس) چییە و (خەڵکی ناو قەفەز) کێن و (بە سێ دەنگا ) دەنگێ کێن، لە " ئاسمان هەرێکی هێنا، وێدەچێ دەریایێ بارانی پێوە بێ، بە دەردی جاری گورینمان نەبات، پێرسی بزربوون دەڵێم." ل. ٣٦. " خەلکی ناو قەفەزی شکاو ئازایەتی یەکتریان دەگێڕایەوە." ل. ١٦٠ " ڕانیە بە سێ دەنگا گازمان دەکات." ل. ١٢
- ڕێنووسێکی جوان و پوختە، لێ پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، (بابە گوڕ گوڕ) بە (٢) ڕێنووس نووسراوە. (پێوە نامینی ل. ٨٤) یەك وشەیە. (نابێ سەری مریشکێك هەڵکەنم ـ سەری چۆلەکەیەك)، (پەرچیغەوە ل. ٨٧) هەڵەی چاپە.
- خاڵبەندی کتێبەکە زانستییانەیە و ڕێکە، بەڵام سەرچیغیشی تێدایە. بۆ لە کۆتایی ڕستە (٢) نوقتە دابندرێ؟ ئەگەر مەبەست (تاکۆتایی)یە دەبێ (٣) نوقتەبێ. یان بۆ (٦) نوقتە لە کۆتایی ڕستە (ل. ٢٤٠)؟ ژمارەی نوقتە (خاڵ) لە خاڵبەندیدا واتای خۆی هەیە. لێرەش (٢) فاریزە دابندرێ جوانترە: " لە ڕۆیشتنێ گەرمێن و تۆپ ساردمان ناکاتەوە." ل. ١٢ ـ وەك نموونە. نووسەر لە دوو (و) و (ی)یش ڕەزیلی کردووە.

**سەرچاوەکان:**


١) د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن، پەیوەندی بە تەلەفۆن.

2)https://www.brainyquote.com/quotes/jim_mattis_788516?src=t_biograph

٣) هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل. ١٠٢٤

4)https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/autobiography

5)Oxford University Press. ISBN 978-0-19-953354-1.

٦) سەرچاوی پێشوو.

٧) سەرچاوی پێشوو.

8)John A. Garraty، The Nature of Biography, Vintage Books,، New York, 1964, P. 31

9)https://archive.islamonline.net/?p=8931

١٠) ڕێبوار حەمە تۆفیق، سلێمانی، نامە.

١١) لە ناوزنگانەوە لۆ بابەگوڕ گوڕ، کەریم کاکە، چاپخانەی ؟، هەولێر، ٢٠١٨، ل. ٥

12)John A. Garraty،The Nature of Biography، Vintage Books، New York، 1964، P. 121

*فازیل شەوڕۆ و د. هاوژین سڵیوە، بۆ یەکەمجار زاراوەی (یاداشتەڕۆمان)یان، لە دەبی کوردیدا داهێنا. بەدارِشتنەوەی ژیاننامەی فاروق عەلی مەولود لە ڕۆمانێکدا بە ناوی (ئاگردانێک بە قەد نیشتامان) ٢٠١٨.

13)https://plus.google.com/109776095265726466541/posts/XNxrDuQsAms

14)http://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/16022019_

15)https://www.imdb.com/name/nm0600872 (١٥)

16)https://www.goodreads.com/quotes/tag/dialect

17)https://www.goodreads.com/book/show/38098873-creating-scientists

18)https://www.spurgeon.org/resource-library/blog-entries/who-is-charles-haddon-spurgeon/

19)http://kakaways.blogspot.com/2016/04/blog-post.htm

٢٠)روجية شكيب الخوري (د.)، سلسلة العلوم البارابسيكولوجية، ج ٩، ١٩٩٦، ص. ٢١

21)Robert A. Johnson, Inner Work Using Dreams and Imaginations for Personal GrowthHarper & Row Publisher, New York, 1989, P 52.

٢٢) سەرچاوی پێشوو.

٢٣)Lao Tzu, by Thomas H. Miles, About the Way of Nature and its power, USA, 1992, p. 77

٢٤) بیرەوەری DidiMn.com

25)https://www.biography.com/people/james-baldwin-9196635

* هەموو (ل.) گەڕاونەوەیە بۆ لاپەڕەکانی کتێبی (لە ناوزەنگەوە لۆ بابە گوڕ گوڕ).

*بابەتەکە لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.

## بابەتی (٦)

## تەلیسمەکانی (مەزاری مامزان)ی نەوزاد ڕەفعەت

(مەزاری مامزان) دەقێکی شاعیری ناسراو (نەوزاد ڕەفعەت) ە، لە ژمارە (٢١٨) ی گۆڤاری ڕامان دا بڵاوکراوەتەوە. حەز دەکەم، ئەو بەهایانەی من لەم دەقەدا دەیبینم و دەیخوێنمەوە، دووبارە بە زوومی سەرەنووکی خامەکەم، بۆ ئێوەی نمایشیان بکەمەوە. ڕایەڵەی بابەتەکەشم بە دوو جەمسەر دەبەستمەوە، یەکێکیان، بێ لایەنییە، لە ڕوانگەی ئەو حەقیقەتەوە کە خودی شیعر چەخماخە و بڵێسە و ئاگر و دەنگدانەوەی شیکردنەوە و پەرەکردنەکەیە، نەك شاعیر، ئەوی تریشیان، ڕێبازە کۆنە ــ نوێیەکەی ئەفلاتونە لە هەڵسەنگاندنی شیعردا۔ کە بەندە پەیوەست و ملکەچیەتی ۔ کە دەڵێ:" کاری ڕەخنە و ڕەخنکاری مەسەلەی چێژە"، جا ئەوانەی (چێژناس) ن، دەزانن، دۆزینەوە و دارشتنەوە و سپیکردنەوە و دەمەزەردکردنەوەی مەعدەنی (چێژ)، کارێکی چەندە قورس و و فرەلایەن و درێژخایەنە.

شاعیری ئەمەریکی(- ١٩٥٧ Aberjhani) هەر دەڵێی ئەم وتەیەی بۆ بەژن وبالای ئەم دەقەی نەوزاد ڕەفعەت گوتوە:" لە ڕۆژگارێکدا کە لە بیر و هەستی تاك و نەتەوەدا، بە هەرەمەکییەکی ڕۆتینی، ئالۆگۆرکردنی خوێن بە خوێن و کوشتن بە کوشتن بووەتە دروشم، سیمای درەوشاوەی ڕاستگۆیی، بە پەیامی ڕۆحییانەوە، لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییەکانی ژێر سێبەری ئایینەدا، دادەڕووشێندرێت، و دڵە ڕەنجاو و شکاوەکان لە تاریکیدا، دوور لە هەموو سۆز و خۆشەیستییەك، چۆڕاوەی ژان و ئازاریان لەبەر دەڕوات، ئا لەم ڕۆژگارەدا، کە نووزە و هەناسەی شاعیرێکی ناوازە، کارێکی ئەدەبیی بەرچاو و ڕەچاونەکراو پێشکەش بە دنیا دەکات، حەقوانییە ئەم کارە رووی لێ وەربگێڕدرێت و بێ بایەخانە وەلاوە بنرێت." (١) کاتێ نەوزاد ڕەفعەت لە گوشەیەکی ئەم دنیا فراوانەدا، هەڵدەکوڕمێ

و چاوێکی لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە دەبڕێ و چاوەکەی تری بە ناخی تاریکستانی سەر زەویدا، کوێردەکات، لە کوردستانەکەی خۆی بێت، یان لە جیهانەکەی (٢٠١٥)دا، ئەوە جگە لە کەڵەکەچنی سەری بڕاو و لێوی لە تێنان خنکاو و هەنگاوی بێسەروشوێنی ئاوارەیی و دیکتاتۆریەتی ناداپەروەری و زوڵمی بەناو خودایی و پێشیلکردنی مرۆڤایەتی و ڕسواکردنی خۆشەویستی و سوککردنی بەها پیرۆزەکانی ژیان، شتێکی تر نابینێت. ئەو وەك ڕۆحێکی مرۆڤدۆست و جوان پەرست، لە دڵڕا حەز دەکات، ئەم دنیا وێرانەیە و ئەو دڵە سەلکەبزۆتانە، لە نوێ داڕێژێتەوە و ڕەنگە جوانەکان و دەنگە خۆشەکان و پەیامە مەزنەکانی جاری جارانیان پێ ببەخشێتەوە و ماچ بێنەوە سەر لێوان و باوەش لە ئامێزاندا گەرم ببنەوە و(خوا) لە تەپوتۆزی زوڵمی دەستکردەکانی پاك پاك بکاتەوە. جا ئەوەی ئەو بۆ ئەم شۆڕشە فریادڕەسە ئامادە و تەیاری کردووە هەر (ڕۆحە دەم بە پشکۆیەکە و جەستە نەرکژنەکەیەتی)، ئەوانیشی لە قەسیدەیێکی (١٥٥) وشەییدا، کردووەتە بە خاك و خۆڵ و ناوی لێ ناوە: (مەزاری مامزان).

شاعیری ئەمەریکی ـ لوبنانی(- ١٩٦٩ Nassim Nicholas Taleb) بۆ ڕەخنەگران دەنووسێ:" ئەگەر دەتانەوێت ڕووی قەسیدەیێك داڕووشێنن و زامداری بکەن، بڕۆن ڕاڤە و تەفسیری بکەن."[٢]، ئەمە جگە لەوەی کە ڕاڤە و لێکدانەوەی شیعر، ڕێبازێکی سوواوی بەسەرچووی هێندێك ڕەخنگری سەدەی ڕابردوو بوو و بۆ ڕەخنەی سەردەمی پۆست مودێرن شتێکی تازەی پێ نییە! بۆیە لە شیتەڵکاریی ئەم قەسیدەیەدا، دەستەواژە ماناداراەکەی شاعیری ئەمەریکی (J. Patrick Lewis) دەهێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە دەڵێت:" قەسیدە تۆپەڵە ئاگرێکە بەستوویەتی."[٣] وا ئێمەش هێواش هێواش ئەم تۆپەڵە ئاگرە دەتوێنینەوە و دەیکەینەوە بە ئاوە سازگارەکەی کانی و کارێزان.

**یەکەم: ناونیشانی قەسیدەکە:**

شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخ، ناونیشانیان لە مشتە حەرفێکی لاڵەپەتەی بێ سەروبەر، هەڵشێلاوتەوە و بەرهەمێکی ئەدەبیی نازداریان لێ دارشتۆتەوە و ناویان لێ ناوە (ناونیشانی بەهرەدارانە). ئێستا، ناونیشان هەم قوفڵ و هەم کلیلی قەسیدەیە. چۆن؟ قوفڵی قەسیدەیە، لەو ڕوانگەیەوە کە دەبێتە ئەدرەسی سەر سندووقێکی پڕاوپڕ لە حەرفی سەرمۆر، بیر و هۆشت ڕادەکێشێت بۆ کردنەوەی ئەو نهێنییانەی کە لەم سندووقەدا هەیە، کە تا ئێستا تۆ نەتخوێندۆتەوە، کتومت وەك ئەو دیارییەیە، کە لەسەری نووسراوە (ڕۆبۆتی باتمان) و دەیکەیتە دیاریی بۆ منداڵێك، کە سەدان پرسیار لە مێشك و زەینیدا دەتەقێتەوە، کە ئاخۆ ئەم یارییە دەبێ چی بێت و زۆر پەلەیەتی لە هەڵپاچینی سەری پاکەتی دیارییەکە. کلیلیشە، چونکە دەستت دەگرێ بۆ کردنەوەی زۆر ڕاز و تەلیسم و سیحر و ئەفسانەی قەسیدەکە. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئیمڕۆ، قەسیدەی ئەوتۆ دەخوێنیتەوە، کە ئەگەر ناونیشانەکەی لێ بقرتێنی، وەك قەڵەمی بێ نووکی لێ دێت، شاعیر هێندە وەستایانە، ئەوی کردووەتە توخمێکی سەرەکیی بونیاتی دەقەکە، کە بە بێ بوونی ئەو، هەست دەکەی میکانۆی قەسیدەیەکە پارچەیەکی گرنگی نوقسانە! بۆیە گەورە شاعێرێکی وەك (عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی ١٩٢٦ ــ ١٩٩٩)، لە داهێنانی ناونیشانی دەقدا ــ جار بووە بە حەفتە و بە مانگ، دەقە تازە لەدایك بووەکەی، لە چاوەڕوانی ناونیشانێکی شیاودا، لە ناو جانتاکەی خەواندووە ــ.(٤) دەبینین(شێرکۆ بێکەس)، لە چاوپێکەوتنێکیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ناونیشان چەند سەرنج ڕادەکێشە و دەڵێ: "زۆرجار ناونیشانی دەقێك، ڕایگرتووم لە نووسینی قەسیدەکە، هەرچەندە ئەمە حاڵەتێکی ئیبداعی نییە."(٥)

سێ جۆر پێوەندیی لە نێوان ناونیشان و دەقی قەسیدەدا هەیە:

- پەیوەندی سینەمایی: ئەمەیان وابەستەی جوانکاریی ڕوخساری ناونیشانەکەیە، کە ڕۆشنیریی ئیستێتیکایی گەرەکە، کتومت وەك تاجنانە سەر کچۆڵەیەکی ناسك و نازدار لە نێوان ژمارەیەکی زۆردا.
- پەیوەندیی بونیاتگەری: ئەمەیان شیکردنەوە و لێکبەستنەوەی زمانەوانی لە (داڕشتن و واتا و دەنگسازی و وشەسازی)دا، دەگرێتەوە.

ئەم دوو پەیوەندییە، وەك دوو کۆڵەکەی قایمی ناونیشان وان: ئەستونگی جوانکاری و ئەدەبین.

- پەیوەندیی کاردانەوەیی: دەرهاویشتەی دوو پەیوەندییەکەی سەرەوەیە، واتا کاردانەوە بە بێ بوونی ئەم دوو ئەستونگە ئەستەمە (Mick Jackson - ١٩٦٠) بەم شێوەیە ئەم پەیوەندییەمان بۆ ڕاڤە دەکات و دەڵێت:" ڕشتەی بابەتی زانستی ئەدەبی، ئەدەب نییە! بەڵکو ئەدەبکاری و ئەدەب بینییە!"(٦) چونکە لێکۆڵینەوە لەهەر سەرچاوەیەکی ئەدەبی، کنە و پشکنینە لە شوێنەواری ئەو ئەدەبە ـ ناونیشانیش یەکێکە لە وان ـ.(٧)

لە شیتەڵکاریی ناونیشانی ئەم قەسیدەیە، ڕەهەندی پەیوەندیی سینەمایی و ڕەهەندی پەیوەەندیی بونیاتگەری لەسەریەك خواندا پێشکەش دەکەین:

(مەزاری مامزان)، دوو وشەی عەرەبی و کوردین، (٦ + ٦) حەرف و هەر وشەیەکیش لە سێ بڕگە پێك هاتووە، کە بە بەکارهێنانی (٧) حەڕف ناونیشانەکەیان داڕشتووە: ( ٣ م / ١٣ / ٢ ز / ١ ر / ١ ن / ١ ه / ١ی)، لە نێویشیاندا دەنگی کەرخ و قورسی وەك ( ق / خ / ح / ع / ص / گ / .....) نییە و هەموویان مۆزیکێکی نەرم و نیان و خۆش نەزمیان هەیە و جۆرە هارمۆنییەکی موزیکی پەردەپۆشیان تێدایە وەك: (مە : ما / مەز :

مز /زا : زا /ار : ام : ان/ مەزا : مزا / زار : زان / مەزار: مزان / م : م : م /ا : ا : ا /ز : ز). واتا لە نێو دوو وشەکەدا چوار پیتیان ( م / ز / ا / ر ) هاوبەشە، ئەمەیش موسیقایەکی خۆش ساز دەکەن. وشەی (مەزار) لە وشەی (مزار) ی عەرەبییە وەرگیراوە، کە بە (مەزار) دەخوێندرێتەوە و چاوگەکەی ( زار) یە،(٨) لە ڕیی کەلتووری ئیسلامییەوە پەڕیووەتە نێو زمانی کوردی و وشەی (مەزارگە / مەزارگا)شی لێ داتاشراوە، کە بەو شوێنە پیرۆزە دەگوترێ کە گڵکۆی پێغەمبەر و ئەولیا و پیاوچاکانی لێیە و بۆ نزا و شەفاعەت سەردانی دەکرێت، لە زمانی کوردیدا، هاوواتاکەی وشەی (مەرزەڵ)ە کە بەمانای "گۆڕخانەی پیرۆز" دێ.(٩) لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش نەریتی سەردانی شوێنە پیرۆزەکان هەر هەبووە، (ئەشکەوتی مامی شەڤان) لە لالش کونترین مەزارگەیە کە ئێزیدییەکان تا ئێستاش بۆ دوعاکردن و پاڕانەوە سەردانی دەکەن و پێی دەڵێین: (ئەشکەوتی مرازان). وشەی "مامز: ئاسك / کەژاڵ/ مامبز" (١٠) وشەیێکی ڕەسەنی کوردییە و بێچووەکەشی پێ دەگوترێت (مز). ناوی مەزارگە لە کوردەواریدا، یا ئەوەتە بۆ خاوەن گڵکۆیەکە دەگەڕێتەوە، وەك: (مەزاری ئیمام عەلی، مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی، مەزاری باپیر فەقێ ئەحمەد)، یان نازناوی ئەو کەسانە هەڵدەگرێت، کە سەردانی دەکەن وەك: مەزاری عاشقان، مەزاری ژنان، مەزاری نەخۆشان. لێرەدا نەوزاد ڕەفعەت، مەزارێکی هەڵێناوە، کە هاموشۆکارەکانی نە شێتن و نە نەخۆش، بەڵکو (مامزن). مامز، لە کەلتوور و فۆلکلۆر و ئەدەبی کوریدا، مەقام و پایەیەکی زۆر بەرزی هەیە و جاران قۆچەکانی لەسەر دەرگا و پێستەکەی لە دیوەخانان، بە دیوارەوە هەڵدەواسرا. بە چاوخشاندنێکی خێراش بە کۆ بەرهەمی چاپکراوەکانی نەوزاد ڕەفعەت، دەبینین (مامز) بووەتە سەردەفتەری هەموو ئەو گیاندار و باڵدارانەی کە ئەو لە دەقەکانیدا ناوی هێناون، کەواتە هەڵبژاردنەکە هەڕەمەکی و کوێرانە نییە ــ دواتر وردتر ئەم خاڵە شی دەکەینەوە ــ

ئێستا، با بادەینەوە سەر ڕەهەندیی پەیوەندی کاردانەوەیی، کە دەرهاویشتەی دوو پەیوەندییەکەی سەرەوەیە. (مەزاری مامزان) گڵکۆی کێیە و بۆ مامزان دەیکەنە مەزاری خۆیان؟ ئەو دوو خەسڵەتەی کە هەر گۆڕ و گڵکۆیەك دەکەن بە مەزار، دوو ڕایەڵەن: یەك، دەبێ گڵکۆیەکە هی کەسێکی مەقام بەرز و پایەدار بێت، لە پلەی پێغەمبەران بێ، لە پاکی و پیرۆزی و خێرخوازی و خۆشەویستیی یەزدانیدا. دوو، دەبێ داگیرکەری هەست و هۆش و دەروونی باوەڕ پێکراوەکانی بێت، تا ڕادەی ئیتیقاد بوون بەو ئەم شوێنەی کە سەردانی دەکەن، بەخشندەی خێر و خۆشی و لەشساغی و هێورکردنەوەی دەروونییە. بەواتایێکی تر، ئەم مەزارە، مەقامەکەی لە نێو دنیای خەیاڵی شاعیر دایە و لەوێشدا دوو (بوون یان کائین) وجوودیان هەیە: یەکەمیان شاعیرە، کە بووەتە پیاوچاك یان ئەولیا وا خەڵك سەردانی مەزارەکەی دەکەن، ئەوی تریشیان ڕەوە کارمامزن، کە ئەم مەزارەیان کردووەتە(مەکۆی پیرۆزی هاتنەدیی مرازەکانیان). نابێ ئەمە فەرامۆش بکەین کە شاعیر، لەم هەڵبژاردنەدا، جۆرە خۆپەرستیی و خۆویستی و نەرجسییەتێکی (خودشەیدایی) یەکی لە دەروونی خۆیدا شاردۆتەوە و ڕازی نییە لە غەیری کارمامزان کەس سەردانی بکات و کێلەکەی لەئامێزابگرێت و ماچی بکات! بەڵام بۆ؟ شاعیر لە کۆی بوونەوراندا، پاکی و جوانی و خۆشەویستی تەنیا و تەنیا لە چاو و دڵ و باوەشی مامزان دا دەبینێتەوە و هەرچی بوونەوەری ترە هەیە، دەیخاتە چاڵی بێئەمەکی و بێوەفایی وخیانەتکارییەوە، ئەمەیش ئاماژەێکی شاردراوەی تێدایە بۆ حەوجەیی ئەو شاعیرە بۆ باوەشی کارمامزان. سووتان و هەڵپرووکانی ئەو لە دووریی ئەوان، لە قەسیدەکەدا، وات لێدەکات قەڵەمی قەدەرێکی دڵشکاوی شاعیر بخوێنینەوە.

لە خوردکردنەوەکەی توخم و ماکە سەرەکییەکانی دەقەکەدا ـ کە پەیوەستە بە ناونیشان ـ (لە وشە و دەستەواژە و ڕستە و کۆپلەدا)، تێدەگەین کە:

- شاعیر هەوڵی داوە ناونیشانەکە بکاتە (قوفڵ و کلیل).
- بونیاتە زمانەوانییەکەی کوردییەکی ڕەوان و تۆکمەیە.
- هاوسەنگیی نێوان تای ناونیشان و تای تێکستی شیعرەکە بەرانبەرە و لاسەنگی نابینیت لە ناوەروك و جوانکاریدا. کورتبڕی ئەدەبیی پێوە دیارە.
- ناونیشانەکە بۆن و بەرامەی داهێنەرانەی پێوەدیار نییە لە ڕوانگەی تازەگەرییەوە، چونکە گوێمان بەم نەزمە ناونیشانە ئاشنایە، تەنانەت نەوزاد ڕەفعەت، بۆ خۆی، ناونیشانی (ڕێی تاوسان) ی کردۆتە ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی چاپکراوی خۆی، کە کتومت فۆڕمەکەی دەچێتەوە سەر ڕێی (مەزاری مامزان): (مەزاری = ڕێی)، (مامزان = تاوسان). (مەزاری مامزان = ڕێی تاووسان). هەرچەندە (مەزاری مامزان) شیعریترە و زیاتر خەیاڵی شیعری تێدایە. بویە لەنێوان سێ جۆری ناونیشاندا: ناونیشانی هەڕەمەکی، ناونیشانی شیعریی، ناونیشانی داهێنەرانە. ناونیشانەکە دەچێتە خانەی ناونیشانی شیعرییەوە.
- لە نێوان سێگوشەکەی شیعر و هونەردا: گوشەی ئەدەبی و گۆشەی کۆمەڵایەتی و گۆشەی دەروونی، شاعیر پتر خەریکی هەڵدانەوەی قەتماغەی برین و کردنەوەی گرێیەکانی دەروونیەتی، ئەمەیش مانای ئەوە نییە گۆشە ئەدەبییەکەی زۆر بایەخ پێ نەدابێت ـ دێینەوە سەر ئەم پنتە ـ .
- پەیامی ناونیشانەکە یەك ڕستەیە: "جوانیی جەستە و ڕۆحی خۆم دەبەخشمە جوانە ــ (مامزە) ــ دڵشکاوەکان."

**شیتەڵکاریی دەقەکە:**

فۆڕمی قەسیدەکە دراما ئامێزە، زمانی ئاخاوتنی، تاك دەنگە و لە فۆڕمی دایەلۆگی یەك کەسییەدا داڕێژراوە(Monologue) ،

ئەمەیش پتر بەرەو شەپۆلی هۆش و لایەنەی دەرونیی شۆڕ دەبێتەوە. یەکەکانی بریتین لە:

ئەکتەر: شاعیر / کچێکی ئاخێوێندراو؟ /ڕەوە مامز.

شوێن : پێگەی ئێستای شاعیر.

کات: هەمیشە ئێستا.

گرێی ناوەرۆک (Plot): بمکەن بە دارەبزمارە.

ئەم کچە ئاخێوێندراوەی بەرانبەر شاعیر ڕاوەستاوە و شاعیر هانای بۆدەبات، شوناسی دیار نییە، نازانین ئادەمییە یان پەریزادە؟ یارە یان هاوڕێ؟ توانادارە یان کارتونییە؟ بوونی هەیە یان تارماییی و خەیاڵە؟ بەڵام دەزانین، کە شاعیر یەگجار باوەڕی پێیەتی و شێتانە خۆی دەخیل کردووە. ئەمەیش لە دنیای شیعردا کارێکی ڕەوایە و زۆریش باوە، وەك شاعیری ڕووسی (- ١٩٣٢Yevgeny Yevtushenko ) دەڵێ:" شیعر باڵندەیە و سنوور و تەیمانان ناناسێ."(١١) خۆ دەبێ شاعیر هەر شتێکی ئاوا بکات، دەنا چ جیاوازییەك دەبێ لە نێوان ئاخاوتنی سەر تەختی گازینۆ و ئاخاوتنی سەرتەختی شیعر!

(١٨٩٠ – ١٩٥٧ Christopher Morley)، شاعیری ئەمەریکی، جوانی گوتووە:" جەسووریی شاعیر لەوەدایە کە بتوانێ درزێك لەو دەرگایە بکاتەوە، کە بەرەو جیهانبینی ببات."(١٢)، جا زۆر سەیرە، جیهانبینینەکەی نەوزاد ڕەفعەت لەم دەقەدا تەمومژاوی و شێوێندرا و ئاڵوزە و خۆیشی هیچ دەستێکی لە ئەفراندنی ئەم جیهانە دژوارەدا نییە، جیهانەکەی ئەم دەقە تا بڵێیت بە ڕەنگی فرە تۆخ و پڕ کاڵی لە بەرچاوانماندا دەبریسکێتەوە. لە چ ڕادیارە؟

یەك: جیهانی خەوبینین: خەوبینین بەوی کە ئەم کچۆڵە ئادەمییە/ پەریزادە بێت و بە دەستە موتفەرکەکانی، لە جێگەیەکی دیاردا، بیچێنێت، تا ئەو مامزانە بیکەن بە مەزارگەی خۆیان کە قۆچەکانیان ئاڵتوونن. ئەمە خۆی لە خۆیدا

جیهانێکی فرەڕەنگ و فرەمەبەستە، بڕوانە، شاعیر دەڵێ:" مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان:نەك"مامزەقۆچ ئاڵتوونییەکان."،ئەمەیش ویقارۆ و جوانی و پیرۆزیی پێ دەبەخشێت. داوای ئەنجامدانی کارێکیش دەکات، کە خودی شاعیر تێیدا دەستە وەستانە و هانا بۆ ئەو (کچە؟) دەبات. بۆی مەیسەر بکات! دەکرێ مانا مەجازییەکەی (چاندن) لەسەر ئەم گردەدا وەرگرین کە بە مانای (ناشتنی شاعیر دێت)، مامزیش مەدلوولی زۆری هەیە لە ئەدەب و شیعردا، پتر بە جوانیی ژنپەیوەستە.

**بەدەستی خۆت**

**لەسەر گردەکم بچێنە**

**تا مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان لەدوورڕا**

**بەرەو پیرمەوە غاربدەن**

**لە چوار لاوە زوو پێم بگەن** (١٣)

دوو: جیهانی حەقیقی: هەر لە هەمان کۆپلە شیعردا، دوای (٦) بەندە شیعری کورت، کە هەر (٢٥) وشەیە، شاعیر لە زیندە خەونەکەیدا، ڕادەچڵەکێت و دێتەوە نێو جیهانە حەقیقییەکەی خۆی، یان وا باشترە بڵێین: (خەم و حەسرەتەکان) پەلکێشی دەکەنەوە نێو ئەم جیهانە:

**لە مەیخانەمدا شێتانە ببارَێنن**

**ببارێنن شەونمی گەرمی جودایی**

مەیخانەی، ئەو شوێنەیە کە مەینۆشان ڕووی تێدەکەن و لەوێدا، خەم و ژانەکانیان بە مەی دەگۆڕنەوە، بەڵام شاعیر لێرەدا نەیگوتوە:" لە مەیخانەدا شێتانە/ ببارێنن شەونمی گەرمی جودایی" بەڵکو ئەو (م) ی خاوەنداریەتی بە (مەیخانە) لکاندوە و دەڵێ :" لە مەیخانەمدا" واتا شاعیر:

- بەدمەستە و هەمیشە لە مەیخانانەدا هەڵکوڕماوە .

- مەیخانەی کردووە بە ماڵی خۆی وشانازیشی پێوەدەکات و دەیکاتە تاکە شوێنێك کە بە هی خۆی بزانێت و خۆشی تێدا

بدۆزێتەوە. جا ئەگەر تۆ میوانێکی ئازیزت بێ، حەز دەکەی بیبەیتە خۆشترین شوێن، دیارە خۆشترین شوێنی ئەویش (مەیخانە) یە، بە بەڵگەی ئەوەی کە مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان" بۆ ئەوێ بانگهێشت دەکات.

• کچە نووسەری ئەمەریکی(١٩٥٨ – ٢٠١٤ Vanna Bonta) دەربارەی سیحرێکی شیعر دەڵێ:" شیعری ڕاستەقینە، لە نێوان وشەکانیدا، خۆی مەلآس داوە."(١٤) بەندە تەنیا بە دوو وشە لەم کۆپڵەیەدا:( (مەیخانەم) و (جودایی)، پڕۆفایلی شاعیر، بەبێ ئارایشت و میکیاژ، دەخوێنمەوە و دەنووسمەوە، وەك واقیعحاڵ:(مرۆڤێك بێ بەشکراو لە جوانترین و پیرۆزترین و خۆشترین (تەواوکەری) ژیان. شاعیر لێرەدا هەم جەسووریی خۆی نیشان داوە و هەم ڕاستگۆیی، بێ منەتیشە لە ناحەزانی! چوون ئەمە ئاوێنەی ژیانی ئەوە.

سێ: جیهانی شیعری: شاعیری کەنەدی (- ١٩٣٤ Leonard Chen) بەم شێوەیە ژیانی ئاسایی شاعیر تێکەڵ و وابەستەی ژیانی شیعریی شاعیر دەکات و دەڵێ:" شیعر ئاوێنەی بێگەردی ژیانە، جا ئەگەر ژیانت تەندووری گڕ و بڵێسە و پشکۆ بێت، ئەوا شیعر خۆڵەمێشی ئاگری ئەم تەندوورەیە."(١٥) ئەوانەی نزیك بوون لە (شێرکۆ بێکەس) ی شاعیر، بە چاوی خۆیان دەیانبینی کە ئەو قەڵەمە بەرزە، نەیتوانی بۆ چرکە ساتێکیش لە جیهانی شیعریدا دوور بکەوێتەوە و ئەسڵەن ئەو تام و چێژی ژیانە ئاساییەکەی نەکردبووە! جا ( نەوزاد ڕەفعەت)یش یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کورد کە قاچێکی لە سەدەی بیستدایە و قاچەکەی تری لە سەدەی بیست و یەك، ئەو (٤٣) ساڵە خۆی ڕادەستی کچی شیعر کردوو و(بەندە)، هیچ پسانەوە و پچڕان و گرێدانەوە لە ویستگەکانی ئەم ماوە دووروودرێژەی ژیانی شیعریی ئەودا نابینێ، بۆیە دەتوانم بڵێم شاعیر وەك دارگوێزێك ڕەگی لە دوو سەدەیەدا داکووتاوە و مەحاڵە بتوانێ خۆی لە یەکێك لەم سەدانە دەرباز بکات، حاشاکردنی ئەو لەم

زەمەنانەن حاشاکردنی ئەوە لە خودی شیعرەکانی خۆیەتی. بڕوانن تازە بە تازە، شاعیر حەنینی بۆ شیعری کلاسیکی کوردی دەبزوێ و دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمە هەرزەکارییەی خۆی کە شیعرەکانی نالی و وەفایی و مەحویی و مەولەوی و شێخ ڕەزای... تاد، ئەزبەر دەکرد. (مەزاری مامزان)، زۆر بۆن وبەرامەی شیعری کلاسیکی کوردی پێوە دیارە لە واتا و بیرۆکە و خەیاڵدا. ڕەگی ئەم دەستەواژانە قوول و پیرن:" **لە مەیخانەمدا شێتانە.... / موناجاتیان ببیسرێتەوە لە چیا / قیڕوسیا لە نالە نالی لقوپۆپم/ پەنجە بەخەنەکان ..../ بەدەم داد و فیغانەوە/ پیری ئەویندارانم من / دەخوازم ئاوێزانی یار / با وشك و سیس هە ڵبگەڕێم / لە فێردەوسیان.../ لەگەڵ گیانی خۆت بمچێنە..**" بەڕاستی، هەر ئەوانەی هەڵگری موعاناتی شیعرین، دەزانن ژیان لە نێوان بەرداشی دوو ژیاندا _ جیهانی حەقیقی و جیهانی شیعریی، چەندە زەحمەت و بە سفتوسۆیە، ئاخر لە نێوان ئەو (ئاگر و خۆڵەمێشە) ی کە (Leonard Chen) باسی دەکات، جگە لە قرچەقرچ و نێڵە نێڵ و ناڵە ناڵ، هیچ شتێکی تر وجوودی نییە. بۆیە دوور نییە کە نەوزاد ڕەفعەت لە ودیوی جیهانە ئاساییەکەوە ئەمەی گوتبێ.

**کردنەوەی تەلیسمی ئەفسانەکانی ( مەزاری مامزان):**

ئەگەر شیعر وەك (١٨٧٦ – ١٩٦٧ Carl Sandburg) دەڵێت: بریتی بێت لە گەشت و سەفەری ئەو گیاندارە ئاوییانە، کە لەسەر زەوی دەژین و حەزدەکەن بە ئاسماندا بفڕن، (١٦) ئەوا دەبێ ڕەخنەگرانی شیعر ئەوەندە بەهرە و تواناو هێزیان هەبێ کە بتوانن لە قووڵای زەریاکانی شیعر و لە تۆقەڵەی ئاسمانەکان و لە عاسێی دارستان و جەنگەڵەکانی جیهانی شاعیردا گەڕان و سۆراغ بکەن. بۆیە هونەری ڕەخنەی شیعری هەر بەوە ناوەستێ کە باڵادەستی شاعیر لە ئەفراندنی وێنەی هونەریی جوان و دارشتنی زمانەوانیی تۆکمە و سازدانی سیمفۆنیای موزیکی پڕ جۆش و خرۆش دەستنیشان بکات، بەڵکو عەمبازان بۆ ئەو دیوی جیهانە شاراوەکەی شیعر دەهاوێ، کە سەرچاوە و سرووش و سروشتی کانیاو و کارێزەکانی دەروونی ئەومان نیشان دەدات، تا

لەوێڕا هەم باشتر چێژ لە قەسیدەکە وەرگرین و هەم شتێك لەمەڕ پلە و مەقامی مەعریفیی شاعیریش بزانین. ئەگەر (خەیاڵ) بە باڵی بلبلی شیعر دابندرێت، ئەوا دەبێ (ئەفسانە) بە شاپەڕی ئەو باڵانە بشوپهێندرێ.

(James Christensen ١٩٤٢ –) هێندە تەزیفکردنی ئەفسانەی لە نێو شیعردا پێ گرنگە کە دەڵێ:"ئاخۆ ئەم پێشکەوتنەی سەردەم، مانای لەباربردنی ئەفسانە دێرینەکانمانە؟ ئەگەر ئێمە لە ڕۆژگارێکدا ئەفسانەکانمان لەبیر خۆمان بردەوە، ئەوا دەروازەیەکی گەورەی خەیاڵ لەسەر خۆمان دادەخەین."(١٧)

جا شاعیر ئازادە و مەیلی خۆیەتی لە هەر کون و قوژبنێك، کەرەستە سەرەکییەکانی شیعر پەیدا دەکات، لە کەلتوور و فۆلکلۆر و چیرۆك و ڕومان و ئەفسانە و ئایین و مێژوو و ئەدەبی خۆماڵی و جیهانی و ...تاد. بەندە لە قەسیدەی (مەزاری مامزان) دا، سایە و سیبەری (٤) ئەفسانەی دۆزیوەتەوە، کە تێیاندا هەیە گەردوونییە و هەشە خۆماڵی. وا بڕێك تیشك دەخەمە سەر هەر یەکێکیان و هەوڵیش دەدەم، سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی شاعیر لە کاری تەوزیفکردنیاندا هەڵبسەنگێنم، دوو لەم ئەفسانانە بوونەتە کۆڵەگەی دەقەکە، دووەکەی تریان کەپرۆکەن:

**یەك: ئەفسانەی مامزی ئاڵتوونی:**

مامز لە کەلتوور و ئەدەبی دێرین و نوێی جیهانیدا پایە و مەقامێکی یەکجار بەرزی هەیە و هەمیشە وەك سونبلی: جوانی/ ئاشتی/ ئارامی / خێر و خۆشی/ خۆشەویستی و پاکی مامەڵەی لە گەڵدا کراوە، جا تۆ وەرە لە ئەدەبی کۆنی (Celtic) ی ولآتی ئایرلەنداوە بیگرە تا دەگەیتە گردۆڵکەکانی تبت و چین، بە تایبەتی لە چیرۆك و حیکایەت و ئەفسانەدا. پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیش قۆچەکانی مامز بە هەر چوار دیواری ( کەعبە) وە هەڵواسرابوون و کاتێکیش قورئان نووسرایەوە، پێستەی مامز بوو بە کاغەزی، ئێستەیش چوارەمین نووسخەی قورئانی پیرۆز ـ

که لە سەر پێستەی مامزە ـ  لە نزیك شاری مەریوان ـ لە ڕۆژهەلآتی کوردستان ـ پارێزراوە. مامز لە هە ر سێ کتێبە ئاسمانییەکە وەك گیاندارێکی پیرۆز سەیرکراوە. خۆشتان شاهیدن، کە شاعیرانی کوردیش چەندە بە ئەمەکەوە ئەم گیاندارە ڕۆحسووکەیان لە دێڕە شیعرەکانیاندا زیندوو ڕاگرتووە! مسکی مامزیش هێندە بە نرخە کە بە مسقاڵ دەفرۆشێت و لە تێکستی  شیعری کوردیشدا بە زۆر شێوە تەوزیف کراوە.

مێژووی ئەفسانەی (مامزی ئاڵتوونی یان زێڕین)، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکانی میسری دێرین، کە لە چیرۆك ی (سەندرێلا) دا (مامزی ئاڵتوونی) کارەکتەرێکی سەرەکیی چالاکە. کونترین پەیکەری مامزی ئاڵتوونیش بۆ  پێنج سەدە پێش زایین دەگەڕێتەوە. بەڵام بەناوبانگترین (مامزی ئاڵتوونی) لە ئەفسانەێکی هیندۆسی دایە بەناوی داستانی (Ramayana)  (١٨) کە دەنگی داوەتەوە و بووەتە قارەمانی داستانەکە. لە ئەفسانەی سریانیشدا قۆچ و سمی ئاژەڵ دوای ئەوەی دەخرێنە ژێر زەوی دەبن بە ئاڵتوون. (١٩)

دەقنووس، شاعیرێکی خوێنەرە و بەئاگایە، مامزی ئاڵتوونی، بوونیکی غەریب و شاز نییە لە زەین و هۆشی ئەودا، بەڵام بۆ ئەوەی  وەستایانە پەنجەمۆری خۆی لە ئەفسانەکە بدات، ئەوا قۆچەکانی مامزی لە زێڕ گرتووە و ئەم ئەفسانەیەی پێ بەخشیووە:

**لەسەر گردەکم بچێنە**

**تا مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان لەدووررا**

**بەرەو پیرمەوە غاربدەن** (٢٠)

بەڵام بۆ مامز و بۆ ئاڵتوون؟ وەك پێشتر ئاماژەم پێ دا، مامز، کچەمیری هەموو گیاندارەکانی کۆبەرهەمی ئەم شاعیرەیە و ڕۆحی یەکجار بە ڕۆحی ئەم گیاندارە ئاشنایە و، لەوانەیە  هەر لەبەر ئەوە بێ کە ئەو گیاندارە هەڵگری ئەو خەسڵەتە جوانانەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێدان. ئاڵتوونیش سێ

خەسڵەتی تێدایە، کانزێکی بەنرخ وکەمە، خۆڕاگر و نەگۆڕە. لەلای ڕەگەزی مێینە خۆشەویست و لەبەر دڵانە. ئەوە جگە لەوەی، کە شاعیر دەیەوێ هاموشۆکەر و زیارەتکەرانی سەر مەزارەکەی ئەو جیاواز بن، تەنانەت لە گەڵ مامزی ئاساییدا، تا تریسکە تریسك و بریسکە بریسکی قۆچە زێڕینەکان لە دووڕرا دیاربن. مەغزا شاراوەکەی شاعیر لێرەدا(نەمرییە) کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی و ئازادە خەونی پێوە ببینی! بۆیە بێ شەرم و شکۆ مەقامی خۆی دەهێنێتە ڕێزی پیغەمبەران و لەمەیش زیاتر، ئەگەر مەزاری پێغەمبەرەکان ئارامگەی هەموو کەس و هەموو دڵێك بێ، ئەوا مەزارەکەی (نەوزادی پیاوچاك) تەنها بۆ مامزە قۆچ ئاڵتوونەکانە. دیمەنی و سیمای جۆرە(حەسرەت)ێکیش لە ژێر تەنکە تارمایی وشەکاندا دەبینرێ، بەڵام شاعیر نەیویستووە زۆر زەقی بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کەباوەشی ئەم کارمامزە جوانانە شاد نەبووە! دەنا ئەو هەموو سووتان و ناڵە و حەژمەتە لە پێناو چی؟! ئەگەر شاعیر بەم مامزە قۆچ ئاڵتوونانە دڵی شکاوی خۆی خۆشکردبێ، دەبێ بزانێ کە دڵی زۆرانیشی ڕەنجاندووە، چونکە هاوتای مامز زۆرن و خۆویستی و خۆپەرستیی ئەو لێرەدا ــ بۆ خوێنەر ـ شاراوە نییە! ئەمە وەك یەکێك لە ئەفسانە سەرەکییەکانی ئەم دەقە دەبینم.

**دوو: ئەفسانەی دارەبزمارە:**

لە نزیك شارەدێی (کۆڕێ ـ شەقڵاوە) دارێکی قەدئەستوور لە سەر گازەرەی پشت ڕاکشاوە و خەڵکان بۆحاسڵ بوونی مرازەکانیان سەردانی دەکەن و بزمار لە قەدیدا دەچەقێنن، ئێستا جەستەی ئەو دارە سەدان مێخ و بزماری تێڕاچووە.

زیارەتکەران ئیتقادیان وایە، کە ئەم کارە، ژانەسەر و ددانئێشە چارەسەر دەکات.(٢١) دیارە نەوزاد ڕەفعەتیش بە بینینی دیمەنی ئەم دارە سەرسام بووە و دوریش نییە هەر ئەم دارە بووبێتە هەوێنی ئیلهامی ئەم قەسیدەیە.(٢٢) .

هەروەها وەك ئەفسانە مامەڵەی لە گەڵ تەوزیف كردنی ئەم (دارەبزمارە) یەدا كردووە و تۆیش حەقی خۆتە بپرسیت : بە چ حەقێك !؟

شاعیر بە گشتی، مرۆڤێكی بەهرەمەندە، ئەو هێندە خەیاڵ فراوان و زەین كراوەیە، كە توانای ئەفراندنی هەموو شتێكی هەیە بە وشە، لە جیهانی شیعردا، لێرەشدا دوو خاڵ دەهێنمەوە:

• شاعیر دەتوانێ هەموو شتێك بكاتە شیعر. شاعیری ڕیالیزمی

فەرەنسی(١٨٢١ – ١٨٨٦ Gustave Flaubert) دەڵێ:"هیچ گەردیلەیەكی ئەم گەردوون و ژیانە نییە، شیعریەتی تێدا نەبێ."(٢٣) كەواتە زۆر ئاساییە دارە زەبەلاحێكی بریندارکراو بە مێخ و بزماران ببێتە كەرەستەی دەقی شاعیرێك.

• شاعیر ئەفسانەسازە: زۆر لەمێژە درك بەوە كراوە، كە شاعیران، زۆر جار لەپێناو بەنەمریی كردنی ناوی خۆیان ئەفسانەیان هۆنیوەتەوە و ئەدەبی جیهانیش شاهیدحاڵی دەیان نموونەیە لە ئەفسانەی خولقێنراودا، جا یان هەموو ئەفسانەكە یان قارەمان و چەند ئەكتەرێكی ئەفسانەكە ئەم سیفەتەیان وەرگرتووە، بۆیە (Marty Rubin) دەڵێ:" هونەرمەندان خۆیان دەبنە ئەفسانەی خۆیان."(٢٤) بانەختێ وردتر ئەم خاڵە خوردكەینەوە. هەموو ئەفسانەیەك دوو ئەستوندەكی هەیە، یەكیان پەنجە خستنە سەر بیرۆكەی دیاردەیەك یان شتێك، دووەم پەیامی ڕاڤەكردنی ئەم دیاردە، یان ئەم شتەیە، جا بۆ هەر مەبەستێك بێ لە (خۆشەویستی، بوغز و قینە، شەڕشوشۆڕ، ئاشتی و ئارامی، خواپەرستی، بێ باوەڕی، مەرگ و ژیان دا ...تاد.)

لێرەدا، دیاردەكە وشكە دارێكی ناوقەد ئەستورە، بە سەدان بزماری فرە قەبارە و شێوە، سەرتاپای جەستەی بزمار ڕێژكراوە و پڕۆسەی بزمار ڕێژكردنەكەش بەردەوامە.

پەیامی ڕاڤەکردنەکەش ـ وەك دەقنووس لە دەقەکەیدا دایڕشتووە ـ بەم شێوەیەیە: لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، لە کۆنە شاری هەولێرێ، مرۆڤێك لە دایك دەبێ، کە دێ سەر و ڕیشی بەفر بگرێ، هانا بۆ کچۆڵەیەك دەبا کەس کەس نایناسێ، لە غەیری خۆی بەو لەوە و داوای لێ دەکات لە سەر تەپۆڵکە گردێکدا بیچێنێت و بیکاتە دارەبزمارە، تا مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان بێنە سەری و مراد و مرازیان حاسل بکات. ئەو لە هەر بزمارێك کە دەیچەقێننە جەستەی، چێژ وەردەگرێ، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەی گەیشتنی عاشقانە بە مرادەکانیان. ئێستا ئەم دارەبزمارە، نەوزاد ڕەفعەتە و لەمەش زێتر کچۆڵە نەناسراوەکە، شاعیری لە ڕۆحی خوێدا چاندووە، بۆیە هەنووکە لەبەر چاوان دیار نییە! دارەکە بۆتە مەزاری مامزان.

شاعیر چۆن ئەم بیرۆکەی تەوزیف کردووە؟ ئەمە ئەفسانەیەکی دەستکردی کوردییە بێ سێ و دوو. بۆتە ئەستوندەکی سەرەکیی دەقەکە، بۆ ناونیشانیش هەڵبژاردەیێکی جوانە! لەسەرەتای ئەم بابەتەدا، گوتمان، (مەزاری مامزان) بونیاتی دڕامای لە خۆگرتووە و باسی یەکەکانمان کرد. چینەکان یان قۆناغەکانی دڕاما بریتییە لە سێ پلە: سەرەتا، ترۆپك، کۆتایی(کراوە یان داخراو). لەم دەقەشدا هەمان سێ پلە، دووبارە بوونەتەوە:

• سەرەتا: ڕستە(بمچێنە) مێخی سەرەکیی ئەم قەسیدەیە، کە لە ناوەڕاستی بازنەکەدا چەقیوە. بڕوانە شەشەمین ڕستە شیعرییە دەستپیکەکە:

**بەدەستی خۆت**

**لەسەر گردەکم بچێنە** (٢٥)

جا وردە وردە، وەك کەڵەکەچن، وشە و دەستەواژە و ڕستە و کۆپلە، دەخاتە سەر وشەی (بمچێنە) تا دەگاتە ترۆپکی دەقەکە.

• ترۆپك: پۆپەی دەقەکە لەوەدایە:

**یەکەو بزماری مرازم لێ بکوتن**

**با وشك و سیس هەڵبگەڕێم**

**بزمار بمخوات**

**مەرگ ... قل قل گەلآم ببات** (٢٦)

شاعیریش وەك دڕامانووس، ئەم کارەی خستۆتە ناوەڕاستی دەقەکە و بۆتە دڵ یان خۆر یان چەقی بیرۆکەکە.

• کۆتایی: لە دوا هەناسەیدا، شاعیر (٥) جاران (بمچێنە) دووبارە دەکاتە و جاریش هەیە لە ئەوکیدا خنکاوە... تا ڕادەیێك دوا پەردەی دڕاماکە بە نیوە چڵی بە جێدەهێڵێت، چونکە بە ڕاستی نازانین کە ئەم کچە ئەو دەچێنێ؟. یاخۆ لە دوا ساتی پڕۆسەی چاندندایە و شاعیر هاوار دە کات و دەناورێتەوە، باشتر باشتر باشتر:

**دەبمچێنە**

**بمچێنە ... ب...**

**لەگیانی خۆتم بچێنە**

**لەجەستەی خۆتم بچێنە!**(٢٧)

لێرەدا، ڕستە(بمچێنە)، چەند هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و سەرکەوتووانە لە هەر سێ قوناغدا، ڕەهەندی خۆی دۆزیوەتەوە و مەبەستی پێکاوە. لە ڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە، دووبارە کردنەوەی وشە بە حەسرەت و هاوارەوە، مەرامی ناخی شاعیر دەخاتە ڕوو، دووبارە بوونەوەی ڕستەی (بمچێنە) دەنگدانەوەیەکی دەروونیی تێدایە!

ئێستا، هەر لە سیاقی ئەم ئەفسانەیەدا، وا باشترە، ئەم وردە خاڵآنەش باس بکرێت:

شاعیر داوادەکات لەسەر تەپۆڵکە گردێك بیچێنن. بەرزی و بڵندی و تۆقەڵە، لە شیعردا سونبلی، گەشبینی و دووربینی و بەدیار کەوتنە.

**"لەسەر گردەکم بچێنە".**

- شاعیر زۆر زۆر دڵ  بە ئازار و ژان و ئێشە، ئەمەیش ڕەنگدانەی جیهانی دەروونیی ئەوە، جا هۆکارەکان خوودی بن یان گشتگیر:

**بەحەیران بناوڕێنەوە و**

**سووتوو لەخۆ بتەکێنن**

**ستران ژان بدرکێنن**

**موناجاتیان ببیسرێتەوە لە چی**(٢٨)

- ڕۆحی فیداکاری و نەترسان لە مەرگ، باڵی بەسەر ئەفسانەکەدا کێشاوە، بەڵام شاعیر، دەزانێ کە زەرەری نییە، چونکە ئەم مەرگە (نەمریی) بەدواوەیە.

**ڤیروسیا لە نالە نالی لقوپۆپم**

**ڤیروسیا لە نرکژنی قەد و برینم**(٢٩)

- دەقەکە بۆنێکی ماسۆشی لێ دێ، من وای دەبینم لە بەر زۆر ئازاری و ناخۆشی و سەرئێشەیی بەردەوام، شاعیر ئاڵوودە (ئیدمان) بووە بە (ئازار)، بۆیە چێژی لێ وەردەگرێ:

**یەکەو بزماری مرازم لێ بکوتن**

**با وشك و سیس هەڵبگەڕێم**

**بزمار بمخوات**

**+++**

**کچێ! دەبمە دارەبزماری فریادڕەس**

**فریادڕەسی ئەو هەڵوەدا و ئەو دەلوانەی**

**دەخوازن ئاوێزانی یار**(٣٠)

**سێ: ئەفسانەی مار و سێو و ئادەم و حەوا:**

لەدەقەدا، دوو جار وشەی (مار) و یەك جار وشەی (سێو) بەکارهاتووە و ڕاستەوخۆش بەستراونەتەوە بە سەربووردەی بەهەشت و دەرکردنی ئادەم و حەوا لەوێ. لێرەدا دەبێ

هەڵوەستەیەك لەسەر  وشەی (مار) و (سێو)ە کە بکەین، چونکە شاعیر بە سیحری ئەم دوو وشەیە، پەیامێکمان دەداتێ کە (مەزارەکەی ئەو) هێندە پیرۆز وبەهێزە کە دەتوانێ بۆ هەمیشە مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان لە بە هەشتدا نیشتەجێ بکات و بیانهێڵێتەوە:.

**ناشهێلم ماری ئیرەیی**

**سێوی فریویان دەرخواردبدات**

**ناهێلم نا**

**ناهێلم مار**

**لە فیردەوسیان دەر بکات**(٣١)

لەبارەی هێز و سیحر و کاریگەریی (وشە) دا، ڕەخنەگری ئەمەریکی(١٩٠٨- ١٩٩١ Paul Engle) دەڵێ:" شیعر، زمانێکی ئاساییە، بەڵام وزەیێکی بێ سنووری لە خۆ گرتووە، جەستەکەی زمانە، ئێسقانەکان بیرۆکەن، خوێن و دەماری هەست و هۆشن. ئەمانەیش هەموویان بە پێستەیەکی نەرم و نیان و نازدار و بۆنخۆش پێچراونەتەوە کە وشەیە."(٣٢) لکاندنی ناوی (ئیرەیی) بە وشەی (مار)، دەستمان دەگرێ بۆ شیکردنەویەکی مێژووی بابەتەکە. سەربوردەی (مار و سێو)ەکە، لە هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکاندا باس کراوە، بەڵام (Enuma Elish) لە ساڵی (١٩٨٧) پەردەی لەسەر ڕازێکی بایەخداری شارستانییەتی سۆمەرییەکانی باشووری عیراق هەڵدایەوە، کە ئەوان مارپەرست بوون و شوێنی پەرستگەکەشی نیشان داوە و (خواوەندی مار) ناوی (Tiamat) بووە، (٢٠٠٠) ساڵیش پێش زایین، لە داستانی گلگامێشدا ئاماژە بە ئەفسانەی (خەلق و مار و مردن) کراوە.(٣٣) بەدرێژایی مێژووی میتۆلۆژیا، (مار)، هەردوو سیفەتی (نەگریسی و پیرۆزی) دراوەتێ، بۆیە ڕیزبەندی جۆری ناوەکانی مار دوورودرێژە. بەلای (Diel) ەوە، چەمکی (مار) نەك هەر ڕەمزی گوناح و تاوانەکانی کەسەکانە، بەڵکو سەرچاوەی هەموو فیتنە و ئاشووب و شەڕوشۆڕێکی ئەم دنیایەیە، ئەمەش

لە ئەستۆی ماری (Midgard) دایە ــ کە ئەفسانەی خۆی هەیە. دوور نییە سەرچاوە ئایینەکانیش هەر بگەڕێنەوە سەروگێلاکی ئەم جۆرە ئەفسانانە.(٣٤) لە ئەفسانەکانی بابیلی و سۆمەری و ئاشوریدا ناوی ماری (Lilitu) هاتووە،(٣٥) کە لە کەلتووری کوردیدا کراوەتە (شەوە، کە منداڵی تازە لەدایك بوو دەڕفێنێ). ئەوا جگە لە ئەفسانەی (ماری شین و ماری زەرد و ماری ڕەش و ماری جنجرجنجر...تاد). ئەوەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەوەیە، شاعیر، نەسلێکی نۆێی لە مار خەلق کردوە و ناوی لێ ناوە (ماری ئیرەیی)، لە دوو سەرەوە بۆ ئەم خاڵە دەچێن: یەکیان ئەوەیە، شیعر ئاوێنەیە و ئەم سەردەمش سەردەمی ئیرەیی و حەسوودی و چاولێدان و چاوپێ هەڵنەهاتنە بە یەکتری.(٣٦) ئەوەکەی تریشیان، شانازی کردنی شاعیرە بەو مامزە قۆچ ئاڵتوونانەی کە بێ هاوتان و حەسوودان ئیرەییان پێ دەبەن ـ دووریش نییە (ئیرەیی)، گرێیەکی دەروونی بۆ شاعیر دروست کردبێ و ئێمە پێمان نەزانی بێ.

دەقنووس، یەکەمین شاعیری کورد نییە، کلتووری ئەفسانەی (مار و سێو) ی لە شیعردا تەوزیفکردبێ، بە دەیان شاعیری کلاسیك و نوێ و هاوچەرخ، بە شێواز و فۆڕمی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز ئەمەیان کردووە ـ پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات.

**چوار: ئەفسانەی فیردەوس :**

ئەمە، سێبەری ئەفسانەی (مار و سێو)ەکەیە، لێرەدا، لەبەر چەند هۆیەك، بە جیا باسی دەکەین. وشەی (فیردوەس) یەك جار لەم دەقە دا بەکار هاتووە:

**ناهێڵم نا**

**ناهێڵم مار**

**لە فیردەوسیان دەر بکات** (٣٧)

لە تێکستی ئەفسانەکان و کتێبە ئاینییەکاندا بە هیچ شێوەیەك، سەربوردەی (مار و سێو و ئادەم و حەوا) بە(فیردەوس)ەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو تەنها بە (بەهەشت/ جەنەت). جەنەتیش ئاماژەیە بۆ سێبەری دارخورما و دواتریش پەلی هاویشتووە و بۆتە ڕەز و باغ و بێستان و چیمەن و گوڵزار. (وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ)(٣٨) بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئایینی ئیسلام، جەنەت، چەندەها مەنزڵ و مەرتەبە و دەرەجەی هەیە، هەرە باڵاو خۆش و جوان و ڕازاوەکەی ( فیردەوسی باڵا) یە، بۆیە پێغەمبەر(د.خ.) دەفەرمووێت:" **إذا سألتم الله الجنه فاسألوه الفردوس الأعلى.**" (٣٩) خوای گەورش دەفەرمووی:" أُولَئِكَ هُمُ الوارِثُونَ الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ."(٤٠) . باشە، بۆ شاعیر وشەی (فیردەوس)ی لە جیاتی وشەی (بەهەشت) بەکارهێناوە؟

یەکەم: مەدح و ستایشی مامزە قۆچ ئاڵتوونەکانی خۆی دەکات. خۆ فیردەوس ئەو شوێنە ئاساییە نییە، کە باوەڕدارانی ئاسایی بتوانن بیگەنێ. لە فیقهی ئیسلامیدا، سیفەت و خەسڵەتەکانی ئەو ئیماندارانەی دەست نیشان کردووە کە ئەهلی فیردەوسی باڵان، ئەوان لە لوتکەی پاکیی و تەقوا و یەکتاپەرستییدان و ڕەزامەندیی خودایان بۆ خۆیان مسۆگەرکردوە. کەواتە مادام مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان ئەهلی فیردەوسن، خاوەن هەمان سیفەت و کەسێیتیی باوەڕدارە پاکەکانن.

دوو: بەندە بۆیە بە زاراوەی (ئەفسانە) ئاماژە بە (فیردەوس) دەکات ،چونکە ئەم فیردەوسە دەستکردی شاعیرە، هەرچەندە هێندێك لە میتۆلۆژەناسەکان، ئەفسانە بە باوکی ئایین دادەنێنن و (C. S. Lewis) دەڵێ:" مەسیحییەت هەر هەموو، ئەفسانەی ڕووتە، بەڵام ئەفسانەیەکی واقیعی.(٤١)

سێ: بەخشینی سیفەتی (نەمری) بە مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان، بە مانەویان لە بەهەشتدا. بەڵام شاعیر لێرەدا، خوێنەری ئاسایی

چاو بەستە دەكات. چۆن؟ لەم نەمریی و خلوودە دا، شاعیر، مەبەستی نەمریی یان خلوودی خۆیەتی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. نەمریی دارە بزمارە یەكسانە بە نەمریی شاعیر. چونكە لێرەدا خۆدی دارەبزمارە جەستە و ڕۆحی شاعیرە.

**تەلیسمی خۆشئاوازی دەقەكە:**

ئەوانەی بە شیعرەكانی شاعیر ئاشنان، درك بەوە دەكەن كە ناوی ئەو، لە ڕیزبەندی ناوی ئەو شاعیرانە هاوچەرخانەدایە كە (مۆسیقا بە بەشێك لە ڕۆحی دەقەدا دەزانن و شیعری بێ مۆزیك بەلای ئەوانەوە شیعری كامڵ نییە)، چونكە وەك شاعیری ئینگلیزی (W. H. Auden ١٩٠٧ – ١٩٧٣) دەڵێ:"شاعیر، لە ئەزەلڕا، كەسێكە لە گەڵ زماندا، شێتانە لە عیشق و ئەوێنداریی دایە "(٤٢) دەنگ و مۆسیقاش جەوهەری زمانن. لەم قەسیدەیە (١٥٥) وشەییەدا، بە دەگمەن دەنگ و سەدای وشەیەكت دێتە بەر گوێ نەشاز بێت یان نامۆسیقی و كڕو كەرخ بێت ـ شیتەڵكردنی ساز و ئاوازی ئەم قەسیدەیە بابەتێكی سەرۆبەخۆی دەوێ و نامەوێ لێرەدا چیڕەی بدەمێ، بۆیە بەم سەرە قەڵەمانە، هەر ئامارژەیان پێ دەدەم:

• كێشی دەقەكە چوار بڕگەییە و كۆپلەكان سەربەخۆن و بازدانی بۆ سەر كۆپلەكانی دواتر، تێدا نییە.(No Run onlines)

• وشەكان ئاخێنراون بە ئاواز و لە خۆشیی ئاوازەكانیاندا، لە پاڵ واتاكانیاندا، هەڵبژاردراون: (ستران / مامز / مەزار / حەژمەت : ٢ بڕگە)، (بمچێنە / شێتانە / هەڵوەدا / جودایی/ موناجات: ٣ بڕگە)، (ببارێنن/ بتەكێنن / بدركێنن: ٤ بڕگە).

• دەستەواژەكان، بۆن و بەرامەی ئاوازی فۆلكلوری كوردییان پێوەیە: (بەرە و پیرمەوە / لە حەژمەتان / بناورێنەوە/ ناڵە ناڵی / نركژنی قەد و برینم / بەدەم ڕاز و نیازەوە / بەدەم داد و فیغانەوە / قل قل گەلآم......... تاد.)

• کوپلەکان هاوسەنگ و خۆشئاواز و پڕ جووڵەن بە (ترپە و ڕەزم و ئاوازەوە و هێز): (٤٣)

**لە مەیخانەمدا شێتانە ببارێن**

**ببارێن شەونمی گەرمی جودایی**

**بەحەیران بناورێنەوە و**

**سووتوو لەخۆ بتەکێن**

**بە ستران ژان بدرکێن**

**+++**

**با وشك و سیس هەڵبگەڕێم**

**بزمار بمخوات**

**مەرگ ... قل قل گەلآم ببات**

**خۆ سبەی دەگەنە مراد**

**+++**

**دەخوازن ئاوێزانی یار**

**باڵیان بەسەردا دەکێشم**

**هەناسەیان هەڵدەکێشم**

**ناشهێڵم ماری ئیرەیی**

**سێوی فریویان دەرخوارددات**

**ناهێڵم نا**

**ناهێڵم مار**

**لە فیردەوسیان دەربکات(٤٤)**

• ئاوازبەندی کۆ کۆپلەکان: دەقەکەیە یەکەیەکی تۆکمە داڕێژراوی یەکپارچەییە و هیچ درز و کەلێن و قڵیش و شکانی تێدا نییە،، بۆیە وا خۆشترە، بە یەك بێن بخوێندرێتەوە و نۆش بکرێت.

**بونیـانی زمانی دەقەکە:**

شـاعیر ئـەو سـەربازەیە، کە وشـە لـە قـەفـەز و زیندانـی پێناسـەی فـەرهـەنگیدا، ئـازاد دەکات، ئـەمـە گوتـەی (- ١٩٤٨ Eli Khamarov)، نووسـەری ڕووسییە. لـە شـیتـەڵکاریـی بونیـاتـی زمانـەوانیی ئـەم دەقـەیە، دەگـەینـە ئـەو ئـەنجامانـەی کە زۆر بـە کورتـی، پووختـەی دەکـەم:

• بونیـاتـەکـەی هـەمان ڕێچکـەی بونیـاتـی تێکستـەکانـی کۆمـەڵـەشیعری (ڕێـی تـاووسان) ی شاعیره، لـە داڕشـتن و هۆنینـەوە و هـەڵبژاردن و دەربڕیندا. کە تایبـەتمـەنیی شاعیری پێوە دیاره.

• لادان و بـازدان و تێکشکانـی تازەبـاوی زمانـەوانـی تێدا نـابینرێت، هـەرچـەنده شـاعیر دەستیشی بۆ هێندێ دەسـتـەواژەی بردووه کە لـە فـەرهـەنگـی شیعرەکاندا تازەبـاون وەك: (بنـاورێنـەوه / نرکژنـی قـەد و برینـم / چێژی نێرڤانا / ئـەو هـەڵوەدا و ئـەو دەلوانـەی... ).

• زۆری هـەوڵ داوه پابـەندی ڕێزمان و دەسـتوری زمانـی کوردی بێت.

• شـاعیر هـەناسـە و بێنـی کورت کورتـی بـە بـەندی شیعرەکان داوە، بـەڵام نـەیهێشتووه هـەناسـەسوار و خنکن بن. درێژترین بـەندی (٧) وشـەیە کە دەڵـێ:

**با .مامزە. ئاگرییە. سم و. پەنجە. بە.خەنەکان**

• وشــەی ( چاندن)، (٨) جار لـە دەقـەکـەدا دووباره بۆتـەوه کە زۆربـەیان کاری داخوازی و پاڕانـەوەن وەك: (بچێنـە ٣ ـ جار / بمچێنیت ـ ٢ جار / دەبمچێنـە / بمچێنـە / ب...). لێرەدا، پرسیارێك سـەرهـەڵدەدا. شاعیر دەیـەوێت ببێتـە دارەبزمارە و ببێتـە مـەزاری مامزه قۆچ ئاڵتوونـەکان. بـەڵام ئێمـە دەزانین، کە تـەمـەنـی داره بزماره زۆره و پیرەدارێکی وشـك بووی کلۆره. ئـەگـەر ئـەو کچۆڵـە خاتووزینـە بێ و ئـەو بچێنێت، دوای چـەند

دەیەی تر تەمەنی دەگاتە دارەبزمارە؟ بێگومان عومرێکی دەوێ، حەق بەخۆم نادەم، کە دەبێ شاعیر بڵێ چی و چ بنووسێت، بەڵام هەڵسەنگاندن و نرخاندن، لە دیدی خۆمەوە، بە ئەرکی دەزانم.

شابەندەکانی (مەزاری مامزان):

(Dylan Thomas ١٩١٤ – ١٩٥٣) گوتەیەکی هەیە کە زۆر بە دڵمە و دەڵێ: "لە جیهانی شیعردا، جار هەیە قەسیدە وات لێ دەکات زەردەخەنەت بێتێ، پێبکەنیت، بگریێت، ڕاچڵەکێیت، بێدەنگ بیت، وات لێدەکات، نینۆکەکانی پەنجەی پێت لەبەر چاوتدا ببریسکێنەوە، وات لێدەکات کە ئەمە بکەیت و ئەوە نەکەیت، واهەست بکەیت تاك و تەنیایی لەم دونیایەدا، یان هەموو دونیا لە تەنیشتت دانیشتووە، یان وات لێدە کات وابزانی، خەم و ژان و ئازارەکانت تەنیا هی خۆتن، جاریش هەیە وا دەزانی هەموو خەڵك خەمخۆر و دڵسۆزی تۆن."(٤٥) جا زۆر جار لە دەقیکیشدا چەند بەند و دێڕێك هەن، لە زەین و مێشکی خوێنەردا جێگیر دەبن و زوو ئەزبەردەکرێن و درەنگ لەبیر دەچنەوە. لە دەقی (مەزاری مامزان)دا، ئەم هێشوە وشانە لە گوێی مندا زرینگانەوەو دەنگدانەوی خۆیان هەبوو:

- **لە مەیخانەمدا شێتانە ببارێن**
  **ببارێن شەونمی گەرمی جودایی**(٤٦)

(شەونمی جودایی) پەیوندی چییە بە (مەیخانە) وە؟ ئەم بەندە جوانکارییەکی هونەریی وردی تێدایە. وەك باوە، پتر نۆشینی مەی و بادە و کۆڕ و کۆبوونەو، لە مەیخاناندا، شەوان دەگیرێ، دوای شەو سەحەرە و دواتریش گزنگ چاو هەڵدێنێ، شەونمیش ئا لەم کاتەدا لە سەر گەڵای کژ و گیاو درەختان پەیدا دەبێ. جا لێرەدا، دوای ئەم شەو بەسەر بردنە، یاران بە دڵۆپە ئەسرینی سەر کوڵمەکان لێکدادەبڕێن و جودا دەبنەوە. (ئەمەیش ئامازەیەکی بۆ ژیانی شاعیر تێدایە).

- **سووتوو لەخۆ بتەكێن**

پڕۆسـەی سووتـان ـ بۆ هـەر ماددەیـەك ـ لـە زانستـی فیزیك و كیمیادا، چەندەها قونـاغ و پلـەی سیستیماتیكی سروشتی هـەیـە . بوون بـە خۆڵـەمیش دوا قونـاغـە، بـەڵام لـە گـەرمـەی پڕوسـەی سووتاندا، سووتو، دروست دەبێ كە سووك و بچووك و ڕەشـە و بائاسماندا دەفڕێ و دواتر دەنیشێتەوە.(٤٧) شـاعیر لێرەدا دەیەوێ ئاماژە بـەو تـەندووری دۆزەخـە بكات، كـە تێیدا دەسووتێن. وێنـەیەكی هونـەر جوانـە و كورتبڕە. داتـەكاندنی سووتوو مانای پاكبوونـەوە و گـەشبینیش دەدات، چونكە سووتوو ڕەشە و ژیانی ڕەشباو نیشان دەدات. خۆ ئـەگـەر بچینـەوە سـەر ئـەفسانـەی (قـەقنـەس)، ئـەوا ئـەم باڵندەیـە لـە نێو خۆڵـەمێشدا لـە دایك دەبێتـەوە و هـەڵدەفڕێ.

- **بزمار بمخوات**

**مەرگ ... قل قل گەلآم ببات**

لـە كوردەواریدا(كرم بتخوات/ كرمت كـەوتێ/ مشك ومار بتخوات) تووكن و زیاتر لـەسـەر زاری ژنانن. لێرەدا شـاعیر وەستایـەیـەكی زۆر جوانـی كردووە، بـە دوو وشـە (بزمار بمخوات) كتومكت وەك(عیسا) ی سـەرخاچمان، دێتـە بـەر چاو، هـەر بزمارێك دەبێتـە پشكۆ ئاگرێت و بـەشێك لـە جـەستـەی ئـەو دەسوتێنـێ. پێشتر ئاماژەم بـەوە دا، كە جۆرە (ماسۆشییەك) لـەم دەقـەدا هـەست پێدەكرێ. لـە زیندانـەكانی ولآتـە دیكتاتۆرەكانیشدا، ئـەم جۆرە ئـەشكـەنجـەدانـە باوە، جا جار هـەیـە لـە جیاتـی بزمارەكە، دڵۆپـە ئاو بـەكار دەهێنن، كە تك تك دەكـەوێتـە سـەر كاسـەی سـەری زیندانیكراو.

- **پیری ئەویندارانم من**

ئـەگـەرچی، لـە شیعری كلاسیكیی كوردی و لـە شیعری كلاسیكیی دەرودراوسێیـەكانماندا، بیرۆكـەی ئـەم بـەندە هـەیـە، بـەڵام، تام و چێژی ئـەمـەیان جیاوازە و ئاویتـەكراوە بـە كۆی وێنـە هونـەرییـەكانی دەقـەكە و تیشك دەخاتـە سـەر ڕایـەڵـەكانی تر و

پتر دەچێتە بەر دڵان. جا لێرە دا، وشەی (پیر) بە واتای (پیاو چاك و شێخ و مشایەخ) هاتووە نەك (پیرەمێرد). (پیر) لە ئایینی زەردەشتی و ئێزیدیشدا، مەقامێکی بەرزی باوەڕدارانە. بە مانای (شێخی تەریقەت، مەرقەدی پیاو چاکان)یش دێت.(٤٨)

- **لەگیانی خۆتم بچێنە**

تەنیا وەك دەستەواژەیەکی شیعری، دەربڕینێکی ورد و جوانە، لێکدانەوەی میتافیزیکی و پاراسایکۆلۆژی و ئایینیش هەڵدەگرێ، کە نامەوێ لێرەدا قسەی لەسەر بکەم و لە مەتنی دەقەکەدا دوور بکەومەوە. (لە گیانی خۆتمدا) بووەتە (لە گیانی خۆتم) لەبەر هاوسەنگی شیعریی بەندەکەیە.

**خاڵبەندی:**

خاڵبەندیی، گۆپاڵی دەستی پیرەمێرد و چاوساغی کەم بینایانە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، جار هەیە فاریزەیەك مانای ڕستەکە دەگۆڕێت. تا ڕادەیەکی باش خاڵبەندی لە ڕێنووسی شیعری ئەوروپایی یەك لاکراوەتەوە و زۆربەی شاعیران پەیڕەوی دەکەن، یان ناچارن کە پەیڕەوی بکەن، چونکە دەستووری نووسینی ئەوان زۆر باش بە ستاندار کراوە.

لە نووسینەوەی دەقی شیعردا، شاعیرانی هاوچەرخی کورد ــ بە ئەنقەست یان بێ ئەنقەست ــ دوو شێواز خاڵبەندی بەکاردەهێنن: هێندەکیان دەقەکانیان خاڵییە لە هەر هێما و نیشانەیەك، کە پێی بگوترێت(خاڵبەندی)، دەقەکە ـ وەك کەوێکی ئازاد بەڕەڵآ دەکا، دەبێ خوێنەر خۆی بیگرێتەوە و لە مێشکی خۆیدا خاڵبەندی بۆ بکات. لە یەك کتێبی شیعری (کەریم دەشتی) دا، تەنیا یەك نیشانەی سەرسوڕمانم( ! ) هاتە بەرچاو.

گروپی دووەم پابەندی هەموو ڕێوڕەسمێکی دانانی خاڵبەندین و جوانیش بەکاری دەهێنن ــ هەرچەندە هێندێك لە هێماکان تا ئێستا بە تەواوی حەقی خۆیانیان نەدراوەتێ، چونکە هەر

هێمایەك مانا و بەكارهێنانی خۆی هەیە، جیاوازی هەیە لە نێوان (٣) تەقەڵ و (٤) تەقەڵ (--- / ---- ) . شاعیریش هەیە لە نێوەڕاستی ئەم دوو گرووپەدا كاردەكات.

دەقنووس یەكێك لەم شاعیرانەیە نە زۆر وا بەستەی خاڵبەندییە، نە بەیەكجاریش دەستی لێ بەرداوە. لەم قەسیدەیەدا تەنیا (٨) هێمای خاڵبەندی بەكار هێناوە كە پێنجیان نیشانەی سەرسوڕمانن (!) و دوویان (خاڵ)ن و ئەوەكەی تریش ئەستێرەیە. نیشانەی سەرسوڕمانەكەشی بە دوو شێوە بەكار هێناوە:

- وەك ئامرازی بانگكردن و دەنگدان: كە دەڵێ:

**كچێ! دەبمە دارەبزماری فریادڕەس**

- وەك هێمای سەرسوڕمانێكی یەكجار غەریب و ناوازە، كە دەڵێ:

**دەبمچێنە!!!**

**قیرِوسیا لە ناڵە ناڵی لقوپۆپم**

**قیروسیا لە نركژنی قەد و برینم**(٤٩)

لە بەكارهێنانی هێمای (ئەستێرە)دا، شاعیر سەرنەكەوتووە، چونكە بوون و نەبوونی هیچ لە بونیات و مانای دەقەكە ناگۆڕێ، دیار ویستوویەتی دەقەكە بكات بە دوو بەش، بەڵام، بۆ؟ خۆ دەقەكە یەكەیەكی یەكگرتووی تۆكمە و ڕێكە!

وەك ڕەخنەگر، دەڵێم، ئەگەر شاعیر بیرۆكەیەكی لە وێنەیەكی هونەری داڕشتبێتەوە، باشتر نییە دەستم بگرێ تا بتوانم بە چاوی ئەو، ئەو وێنەیە ببینم؟ ئەگەر خاڵبەندییەكە هەبێ، پەیامەكەی زووتر و باشتر دەگات، بە پێچەوانەوە، نەبوونی خاڵبەندی، ڕەنگ بێ ببێ بە باعیزی ئەوەی كە من هەرگیز بەلای ئەو بیرۆكەیە دانەچم، كە شاعیر گەرەكیەتی. جا شاعیران ئازادن، چۆن دەنووسن، بەڵام نابێ ئەویان لە بیربچێت كە زمانی شیعریش ڕێزمان و داب و دەستووری خۆی هەیە لە

نووسینەوە دا، شیعرەکەشی بۆ خوێنەر نووسیوە نەك بۆ خۆی، دەنا ئەگەر هەر بۆ خۆی بووایایە، ئەوا بڵاوی نەدەکردەوە.

چەند وردە تێبینییەك:

- **لەسەر گردەکم بچێنە**

وشەی (گردەکم) وشەیەکی ناوچەییە و وشەی (گردێکم) ڕێزمانیترە و پتر باوە. شاعیریش ئازادە کە بە چ زارێك دەنووسێ.

- **با مامزە ئاگرییە سم و پەنجە بەخەنەکان**

لێرەدا نا هاوسەنگییەکی زمانەوانی و فەرهەنگی لە نێوان (سم و پەنجە) دا هەست پێدەکرێ. لە پەیوەندیکردنم بە شاعیر، بەم شێوەیە ئەمەی لێکدایەوە: "سم، ئاماژەیە بۆ نێرەمامزەکان، پەنجەش، ئاماژەیە بۆ مامزە مێیەکان." بەڵام شاعیر هیچ هێما و دەلیلێکی لە دەقەکەدا نیشان نەداوە!

- **با وشك و سیس هەڵبگەڕێم**

پڕۆسەی وشك بوونی درەخت بەم شێوەیەیە: زەردبوون، ژاکاو بوون سیس بوون، دوایی وشك بوون. ئەگەر شاعیر مەبەستی ئەوەبێ، بەشێك لە جەستەی وشك بووە و بەشێکی دیکەی سیس بووە، ئاساییە، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ کە لە سەرەتادا سیس بووە و دواتر وشك بووە، ئەوا دەبێ بڵێ: ( با سیس و وشك ...). خاڵێکی تر، وشەی ( هەڵگەڕان) لێرەدا زۆر دروست نییە، چونکە پتر بۆ ڕەنگ بە کاردێت نەك دارو درەخت، (زەرد هەڵگەران، سوور هەڵگەڕان).

- **مەرگ ... قل قل گەڵاَم ببات**

(قل قل) پتر بۆ دنکە تەسبیح و دانەوێڵە بەکار دێت، (دانە دانە، یەك یەك) شیاوترە.

دوا وتەم، دەقەکەی ئەوە هەڵدەگرێ، بادەینەوە سەر تیۆرییەکانی ڕەخنەی مێژوویی و فەلسەفی و ئاییینی. هیوادارم، توانیبیتم، ڕێز لە (ڕەخنە ئەدەبی) بگرم و هەر ئەوەند دەسەڵاتم بەسەر ئەم دەقەدا داشکاوە و هەوڵمداوە بابەتەکەم کورتبڕ بێت!

١١ /٨/ ٢٠١٥ کۆیە

ئەمەیش، دەقی قەسیدەکەیە:

**(مەزاری مامزان)**

**بەدەستی خۆت**

**لەسەر گردەکم بچێنە**

**تا مامزە قۆچ ئاڵتوونەکان لەدووررا**

**بەرەو پیرمەوە غاربدەن**

**لە چوار لاوە زوو پێم بگەن**

**لەحەژمەتان... تاك وجووت لەئامێزمدا**

**لە مەیخانەمدا شێتانە ببارێنن**

**ببارێنن شەونمی گەرمی جودایی**

**بەحەیران بناورێنەوە و**

**سووتوو لەخۆ بتەکێنن**

**بە ستران ژان بدرکێنن**

**موناجاتیان ببیسرێتەوە لە چیا**

**دەبمچێنە!!!**

**ڤیروسیا لە ناڵە ناڵی لقوپۆپم**

**ڤیروسیا لە نرکژنی قەد و برینم**

**با مامزە ئاگرییە سم و پەنجە بەخەنەکان**

**بەدەم ڕاز و نیازەوە**

**بەدەم داد و فیغانەوە**

**یەکەو بزماری مرازم لێ بکوتن**

**با وشك و سيس هەڵبگەڕێم**

**بزمار بمخوات**

**مەرگ ... قل قل گەڵاّم ببات**

**خۆ سبەی دەگەنە مراد**

**دەگەنە چێژی نێرڤانا**

***پیری ئەویندارانم من**

**هەر بمچێنیت پشکۆ دەدەم**

**بمچێنیت بۆ ڕەوە دڵدار**

**دەبمە مەزار**

**کچێ! دەبمە دارەبزماری فریادڕەس**

**فریادڕەسی ئەو هەڵوەدا و ئەو دەلوانەی**

**دەخوازن ئاوێزانی یار**

**باڵیان بەسەردا دەکێشم**

**هەناسەیان هەڵدەکێشم**

**ناشهێڵم ماری ئیرەیی**

**سێوی فریویان دەرخوارددات**

**ناهێڵم نا**

**ناهێڵم مار**

**لە فیردەوسیان دەر بکات**

**دەبمچێنە**

**بمچێنە ... ب...**

**لەگیانی خۆتم بچێنە**

**لەجەستەی خۆتم بچێنە!**

٢٩ /١/ ٢٠١٥

**ملخص البحث**

هذه الورقه عبارة عن تحليل نقدى حداثى لقصيده (مزار الغزلان) للشـــاعر (نوزاد رفعت)، معتمدا على توظيف نظرية النقد الذوقى التى تستند على مقوله افلاطون " بان النقد الادبى مسئله ذوق". تسلط الورقة الضوء على النقاط التالية:

١) تحليل عنوان القصيدة من حيث البنية اللغوية و الجمالية و رسالتها، موضحا البعدى الادبى و الجمالى للعنوان .

٢) تحليل مضمون النص كوحدة مسرحية متكاملة ذات شخصية واحدة، موضحا الابعاد و العوالم ذات الصلة بالقصيدة كما يلى:

- عالم الاحلام، مستنبطا من عالم الرؤيا الشعرى.
- عالم الواقع، باعتيار الشعر مرآة الحياة.
- عالم الشعرى، التشابك بين العالمين و دور التجربية الشعرية فيه.

٣) مضامين القصيدة من حيث المصدر و النسيج، وقد اثرى الشاعر قصيدتة بالاسطورةو منها:

- اسطورة الغزال الذهبى كما وردت فى الاساطير الفرعونية و الهندوسية و السريانية.
- اسطورة شجرة المسامير ذات الملامح التراثية فى الادب الشعبى الكردى.
- اسطورة الحية و التفاح و آدم وحواء و علاقتها بملحمة كلكاميش السومرية.
- اسطورة الفردوس الاعلى كما يتخيله الشاعر.

٤) تسليط الضوء على التركيبة اللغوية للقصيدة و تفكيكها على اساس النقد البنيوى.

٥) فنون جماليه الموسيقى والاصوات والايقاعات الشعرية للقصيدة

٦) استشهاد بخمسه آبياتذزات ملامح فنية ابداعية.

٧) التنقيط الشعرى للقصيدة.

٨) بعض ملاحظات لغوية وادبية اخرى.

## Abstract

This paper deals with the critical analysis of the poem (The Deer's Tomb) by the Kurdish poet Nawzad Ra'fat. It relies on the practical form of critical theory of the taste which is based on the Plato's idea about criticism describing criticism as the matter of taste. The paper sheds light on the following spots:

One: Analyzing the title of the poem from the view points of its linguistic structure، aesthetic composition and its massage. Clarifying the literary and aesthetic dimensions of it.

Two: Analyzing the content of the text which has a compete dramatic unit of a monologue, explaining the aspects of the various worlds of the poem, such as:

- The World of the dreams which is the extension of the world of the poetic vision.
- The World of Reality as poetry is a mirror of the life.
- The Poetic World which is the output of the above two worlds colored by the poet's experiences.

- Three: Expanding The content of the poem by focusing on its sources and references as the poet has enriched his poem with many myths such as:

- The Myth of the Golden Deer which is dated back to the Pharos, Hindus and Assyrian myths.
- The Myth of the Tree of Nails which has a Kurdish Traditional root.
- The Myth of the Snake، the Apple and Adam & Eve mentioning its relation to the Gilgamesh epic.
- The Myth of The Upper Paradise as it is imagined by the poet.

Four: Shedding some lights on the linguistic form of the poem and decomposing its elements depending on the criticism of structuralism

Five: Pointing out The poetic musical aesthetical art, meter and intonation.

Six: Focusing on the five verses which are the masterpiece of the poem.

Seven: The punctuation of the poem.

Eight: Some minor linguistic & literary notes.

## سەرچاوەکان:

1)http://www.encyclopedia.com/article-1G2-2588100015/aberjhani-1957.html

2)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_ rd=ssl#q=nassim+nicholas+taleb

3)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_ rd=ssl#q=+patrick+lew is 

٤) فازیل شەورۆ، ناونیشان وەک ناونیشان، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢١٢٥ - ٢١٢٦

٥) هەفتەنامەی چاودێر، ژمارە ٤٥٥، ل. ٧، ٤ لە /٥/ ٢٠١٥

٦) سەرچاوەی پێشوو.

٧) سەرچاوەی پێشوو.

8)http://www.almaany.com/ar/dict/arar/%D9%85%D8%B2%D8%A7%D8%B1

٩) هەژار، هەنبانە بۆرینە، تاران، سروش، ١٣٩١ف.، ل. ٨٢٦

١٠) سەرچاوەی پێشوو .

11)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL-3N7Ab85oDIDA&gws_ rd=ssl#q=yevgeny+yevtushenko

12)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&-gws_rd=ssl#q=christopher+morley

١٣) مەزاری مامزان، نەوزاد ڕەفعەت، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢١٨، ل. ٤

14)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=vanna+bonta

15)https://www.google.iq/search?q=%D8%A8%DA%B5%D8%A7%D9%88%D9%83%D8B1%D8%A7%D9%88%D9%87%E2%80%8C%DB%8C+%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C&bav=on.2،or.&biw=1280&bih=675&dpr=1#q=leonard+cohen

16)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=carl+sandburg

17)http://www.lib.utah.edu/collections/utah-artists/UAP-JamesChristensen.php

18)http://www.shakwmakw.com/vb/showthread.php?t=411441

١٩ ) خوشكه نەسیمۆ، كۆمەڵە حیكایەتێكی فۆلكلۆری سریانیی، و. د. هاوژین سڵیوە، .
چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ٢٠١٢، ل. ٧٤

٢٠) سەرچاوەی ژمارە ١٣.

21)http://lawan.com/malparipesho-kurdi/modules.php?name
=News&file=print&sid=1447

٢٢) * دەهێنەر: سوهیا سخن پژو، كە هونەرمەندێكی ئێرانییە (دارە بزمارەی) كردووەتە فلیمێكی دۆكیومێنتكاری كە خۆی دەرهێنەرەكەیەوتی و هونەرمەندان: ئازاد دڵپاك و دڵسۆز ماوەتی و نەسرین غەفار و شنۆ عەلی و ئەلوەند سەباح ڕۆڵیان تێدا بینیووە. فۆتۆ و دەنگیش سەرهەنگ غەریب. وە بە هاوكاریی تیپی نواندنی دڵپاك.

23)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDID
A&gws_ rd=ssl#q=gustave+flaubert

24)http://www.goodreads.com/author/show/1936218.Marty_Rubin

٢٥ / ٢٦ / ٢٧ / ٢٨ / ٢٩ / ٣٠ / ٣١ ) سەرچاوەی ١٣.

32)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDID
A&gws_rd=ssl#q=paul+engle

33)http://www.grenc.com/show_article_main.cfm?id=5134

34)http://www.grenc.com/show_article_main.cfm?id=5134

35)http://www.dotmsr.com/details/%D8%B3%D9%86%D8%AF%D8
%
B1%D9%8A%D9%84%D8%A7%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%
B1 %D8%B9%D9%88%D9%86%D9%8A%D%A9

٣٦)* ڕۆژنامەكان پڕن لە باس و خواسی كوشتن و تەلاقدان و كێشە و بگرەوبەردە، كە تێیاندایە
سە رچاوەكەی ئێرەییە.

٣٧) سەرچاوەی ژمارە ١٣.

٣٨) سورة الاعراف.

39)http://islamqa.info/ar/135085

٤٠) سورة المومنون، الآیة (١٠ - ١١). / فیردەوس لە تەوراتیشدا ئاماژەی پێكراوە.

41)http://pursuingveritas.com/2014/05/07/c-s-lewis-myth-and-fact

42)https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL3N7Ab85oDID
. A&gws_rd=ssl#q=w.h.auden

* ) ترپە و ڕەزم و ئاوازەوە و هێز= چوار زاراوەی زانستیی مۆزیکن.

٤٤) سەرچاوەی ژمارە ١٣.

45)https://www.google.iq/search?q=%D8%A8%DA%B5%D8%A7%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%88%D9%87%E2%80%8C%DB%8C+%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C&bav=on.2،or.&biw=1280&bih=675&dpr=1#q=dylan+thomas

٤٦) سەرچاوەی ژمارە ١٣.

٤٧) سووتوو = سووتك/ خۆڵەمێشی نان و لۆکە و کاغەز. هەژار، فەرهەنگ هەنبانەبۆرینە، تهران، سرۆش، ١٣٩١ف، ل. ٤٢٣.( لە شەڕی کەنداودا ١٩٩١، سووتووی بیرەنەوتە سووتاوەکانی کوێت، گەیشتبووە ولآتی چین).

٤٨ / ٤٩) سەرچاوەی ژمارە ١٣.

## بابەتی (٧)

## (حەفتترینگە گەیشتە دوبلن)

جلبرۆکە و حەفت ترینگە و پیرخەنی و ساواری بە پۆنگان و نیسکی بە پەرێنە و قورِاو و دۆینە...، لە سایەیی کەوگیرو ئەسکووی نەنە ئامینەم، بۆ منی حەفت هەشت ساڵان چێشت و خواردنێکی نەبیستراو نەبوون. منێک، کە هەر لە منداڵییەوە، بوومە کوڕی ئەو بێوەژنە تەنیایەی کە لەشاردا بە ئامینەی عەولا جەیدی ناسرابوو. کە ئەو لەساڵی (١٩٦٧) بە یەکجاری مالاوایی لێکردین، داخەکەم هەر جەستە بنیس و ڕەقەلانەکەیان نەناشت، بەڵکو هەموو کەلتوورە جوانەکەشیان لەگەڵدا ناشت. میراتی ئەو زاتە مەزن و ئازیزە بۆ من هەر تام و بۆن و بەرامەی ئاشی خۆشیی دەستاوی ئەوبوو. بە خەونی شەوانیش نەمدەزانی، دوای (٥٣) ساڵ، جارێکی دی حەفت ترینگەم لە کۆیەوە بۆ دێتە دوبلنی پایتەختی کۆماری ئایرلەندای خواروو.

کە لێرە، لە ڕێی میدیا و تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە، گوێبیستی چاپکردنی کتێبی نووسەرێکی قەڵەم جوان دەبین، کزەی جەرگمان دێ و حەسوودی بەو کەسانە دەبەین، کە دەڵێن، کتێبەکەمان خوێندەوە. یەکێک نووسی بووی (ڕۆمانی ـ ماینە شێی ستی ـ ی کەریم کاکەم خوێندەوە)، بۆم نووسی (خۆزگەم بەخۆت!). داخەکەم، تا ئێستا کتیبخانە و چاپخانەکانی کوردستانی باشوور، بیریان لەوە نەکردووەتەوە، کە بەهەر ڕێگەیەک بێ، بەرهەمەکانیان بنێرنە دەرەوە، بە تایبەتی بۆ ولاتانی ڕۆژاوا و ئەمەریکا و ئوستورالیا، کە کوردی لێیە. خۆ دەکرێ لەڕێی پەیوەندیکردن بە کۆمپانیایەکی وەکوو (Amazon,eBay) یان بەستنەوەی کتێبەکانیان بە (ISBN) بە ئاسانی ئەوە دەستەبەربکەن و کڕیاری باشیشیان دەبێ،

چونکە کوردانی ڕەوەند هەم کات و هەم بەڕکی کتێب کڕینیان باشترە لەچاو ئەوانەی کوردستان.

کە بەڕێز(سەرمەد سەلاح)ی هاوڕێم، دەمەوعەسری (٢٠٢٠/٧/١٥) لە کۆیەوە، لێی پرسیم:"حەفت ترینگە ـ ت گەیشتۆتە دەستی؟" کە پێمگوت، "خۆزگە! ئاخر من زۆر دوورم و بەناشکوری ناڵێم پۆست و پۆستەخانەکانی هەرێمیش هێندە گورج وگوڵ نین..." یەکسەر گوتی، "هەر ئێستا بۆت دەنێرم!"

هەر ئەو عەسرە، کە کتێبەکەم لە لاپتۆپەکەم داگرت، سەرم نایە سەری وبەچەند بێنێک، لە ماوەی پەنجا سەعاتێک، هەموویم خوێندەوە.

(حەفت ترینگە)، دوایین بەرهەمی چاپکراوی نووسەری هاوڕێ و هاوشارم(ڕەهبەر سەید برایم) ە کە (٧٣٦) لاپەڕە لە خۆ دەگرێ و لە چاپخانەی تاران ئەمساڵ چاپکراوە. لە سەر بەرگی نووسراوە؛(قامتێک لەوشەدانی وراتی کۆیە ـ وشە ـ پەند ـ دەستەواژە ـ مەتەڵ ـ جنێو ـ تووک ـ مەسەلۆکە). دەستپێکی کتێبەکە کە(١٩) لاپەڕەیە و لە ژێر ناونیشانی (سەراورد و ترنجاندن)ە، هەم وەک پێشەکی خۆی نمایشدەکات و هەم وەک پەیام و مەرامی نووسەر لە نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە و درکاندنی هێندێک مەسەلەی پەیوەست بە زمان و زمانەوانی و مێژووی کورد و قەڵەمی نوخبەیەک لە شاعیر و ئەدیبانی کورد کە هەموویان لە بازنەی (زمانی کوردی و زار و بنزار) چڕکراونەتەوە. باقی لاپەڕە زۆرەکانی دیکە، مەتنی کتێبەکەن، کە وەک فەرهەنگ نووسراوە.

لەگەل خوێندنەوەی کتێبەکە، سەرنج و تێبینییەکانی خۆم تۆمارد دەکرد. حەز دەکەم بۆ ئێوەی خوێنەریشی بیان نووسمەوە، جا ئەگەر نووسەریش شتێکی لە سەرنجەکانم بە بایەخ زانی و پەسندی کرد، خۆشحاڵدەبم بەو هەنگاوە.

**یەک: ڕشتەی کتێبەکە:**

کتێبەکە دەچێتە خانەی فەرهەنگ، نووسەریش هەروای ناساندوە. بەڵام فەرهەنگێگی جیاواز. مێژووی فەرهەنگ، هێندە کۆنە، ئێستا نووسین لەسەر خشتە قوڕەکان هەر بە خەتی بزماری بوو، کە یەکەمین فەرهەنگی (سۆمەری ـ ئەکەدی) بەناوی(فەرهەنگی ئیمپراتوریەتی ئەکەدی) تۆمارکرا. جا دوای پەرەسەندنی نووسین و ئاوێتەبوونی پەیوەندییە فرە ڕەهەندەکانی نێوان نەتەوە ـ زمان جیاوازەکان، فەرهەنگ پتر بایەخی پێدرا. ئەوەی کە خاڵی سەرنجە تا دوای سەدەی حەڤدەش لە ڕۆژاوا، فەرهەنگ نووسین (Lexicography) ـ کە ئیمڕۆ بۆتە زانستێکی سەربەخۆ، کاری تاکە کەسی بوو، بەڵام دواتر مەڵبەند و دەزگا و زانکۆکانی تایبەتمەند، ئەو ئەرکە قورسەیان خستە ئەستۆی خۆیان. بەچاوخشانێکی خێراش بە مێژووی فەرهەنگنووسینی کوردی، دەبینین هەرچی فەرهەنگی کوردیی هەیە، جا کوردی ـ کوردی، یان کوردی ـ غەیرە کوردی بێ، بەرهەمی ڕەنج و شەونخوونی خودی نووسەرەکەیەتی. ڕیزبەندێکی باش، ناوی ئەو فەرهەنگ- نووسانەمان لە کتێبخانەی کوردیدا بە ئەرشیف کراون. خۆشبەختانە ئیمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاو فەرهەنگی فرە زمان و فرە ڕشتەمان هەیە. بێگومان لەم سەردەمە پێشکەوتووەی ئیمڕۆی جیهانی دیگیتەڵ و تەکنەلۆژیای سەردەم، بە سەدان جۆرە فەرهەنگ لەبەردەستی خوێنەراندا هەیە.

پێش ئەوەی بێمە سەر خاڵی (جیاوازی) ئەو فەرهەنگەی ڕەهبەری سەید برایم. دەمەوێ چەند زانیارییەک، بۆ خوێنەران، بخەمە ڕوو. فەرهەنگ، ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانێک یان چەند زمانێک لە خۆدەگرێ. ژمارەکە پەیوەستە بە بەرگ و قەبارەی فەرهەنگەکە. ئێمڕۆ گەورەترین فەرهەنگ، کە پتر لە (٧) ملیۆن و نیو (سەرەوشەEntry)ی بە (١٨٨) زمان لە خۆگرتووە، (The LOGOS Dictionary) یە. بێگومان ئەمە لە

توانای تاکە کەسێکدا نییە، بەڵکو بەرهەمی دەزگایەکی گەورەیە کە پسپۆڕە لە ڕشتەکەدا. ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە فەرهەنگنووس، دەبێ لە کارەکەیدا پشت بە دەیان سەرچاوە ببەستێ، چونکە گەنجینەی، یان بڵێین، فەرهەنگی نێو مێشکی مرۆڤەکان سنووردارە. مەحاڵە کەسێک هەبێ هەموو فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی بزانێ، نووسەرێکی مەزنی وەکوو شانۆنووس و شاعیری ئینگلیز(شەیکسپیر)، وشەدانەکەی هەر نزیکەی(٦٠) هەزار وشەیەکی تێدایە. کەواتە، دەبێ کورد، دەستخۆشی و ئافەرینی لەو فەرهەنگنووسانە بکات کە بە هەوڵ و کۆششی خۆیان بەرهەمەکانیان وەدەست هێناوەو پێشکێشیان کردووین.

ئەم پەیامەم، چەند بارەیە و لە کتێباندا بەندم لەسەر نووسیوە: ئیمڕۆ، زمانی کوردی چاوی لە مەڵبەند و دەزگا ڕۆشنبیری و زانکۆکانی کوردستانە، کە بە جددی کاربکەن بۆ ئامادەکردنی (فەرهەنگ) و (ئینسایکلۆپیدا)ی فرەبابەت. ئەوان هەم لەشکرێک نووسەر و خوێندکار و کەسانی ئەکادیمییان هەیە و هەم بەرک و گیرفانیان گەرمترە. ئەگەر هەر لە سێ چوار ساڵەی ئەو سێ دەیەیی دواییدا، کە بە دەیان زانکۆ و مەڵبەند و دەزگای تایبەتمەندمانی زمانەوانمان هەیە، فەرهەنگێک یان ئینسایکلۆپیدایەکیان ئامادە کردبایە، ئێستا خاوەنی ڕەفتەیەک لەو بەرهەمانە دەبووین. کوا ئینسایکلۆپیدای تەریروتواران، گیانداران، گیاوگۆڵان، دارودرەختان، بەرد و شاخ و داخان، ئاو و ڕووبار و گۆمەکانمان، کانزەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی...؟

کەواتە، ئێستا کە تاقە کەسێک، فەرهەنگێکمان بۆ ئامادەدەکات، دەزانین، چ ڕەنج و ماندووبوون و مەشەقەتێکی چێشتووە، بێگومان خۆشی دەزانێ کە ئێستاش بەرنامەی کارەکەی تەواو نییە، چونکە توانای زاتی کەسێک، لەم بوارەدا، سنووردارە، جا ئەو کەسە چەندە بلیمەت و بەهرەمەندیش بێ.

نووسەر لە (سەراورد و ترنجاندن)یدا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، (٣) زانیارییمان دەخاتەبەرچاو:

١) ئەو لە ساڵی (١٩٧٩) وە، بیرۆکەی ئەو فەرهەنگەی لە مێشکی خۆیدا حەشارداوە. بۆیە کە هەر لەو ساڵەوە کە دەکەوێتە شاخ و داخان، لە پاڵ ئەرکە پێشمەرگایەتییەکەی، هەمیشە عەوداڵ و سەیادیی وشە و دەستەواژەیەک بووە، کە (ڕۆژێ لە ڕۆژان) گۆشەیەکی ئەو فەرهەنگەی پێ پڕکاتەوە. مام هەژاریش بۆ فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە) هەروای کرد. هەمیشە قەڵەم و دەفتەڕۆکەیەکیان لە بەرکی بووە، هەر کاتێ، (سەرەوشە) یەکیان هاتبیتە بەرگوێ، زوو لە لای خۆیان تۆماریان کردووە. کەواتە ئەم (حەفتترینگە) بەرهەمی (٤١) ساڵ ڕەنجی نووسەرەکەیەتی، کە دەکاتە دوو لەسەر سێی تەمەنی.

٢) (٤١) ساڵ، دروێنەکردن و شەنوکەوکردنی زمانێک، کافیی نییە بۆ نووسینی فەرهەنگێک، بەبێ بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فکری باش و دەوڵەمەند. چونکە کۆی وشەکان هەر لەسەر زاری گوندنشین و ڕەوەند و کۆچەرەکاندا نین. چاوسپیکردن بە پەڕی زەرد و بۆر و سپی کتێبەکان، لەبەر لالەی کز و شەمی پەروانە سووتێنەر و بەربەڕۆچکان، پێویستە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردن و خڕکردنەوەی ئەو وشە داخۆاز لەسەرانەی نووسەر عەوداڵیانە. کەواتە نووسەر عەوجە بەو پاشخانە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فکرییەیە، کە لە هەرزەکارییەوە، بۆخۆی خەملاندوویەتی، بەبێ ئەوەی پێبزانێ کە لە ڕۆژایەکدا بۆ نووسینی فەرهەنگێک، عەوجەیان دەبێ.

٣) ئەو دوو خاڵەی لەسەرەوە ئاماژەمان پیدان، نابن بە مووژدەبەخشی داهێنانی فەرهەنگێک، بەبێ تێپەڕاندنی قۆناغە قورس و دژوارەکەی، کە قۆناغی ساغکردنەوەی وشەکان و ڕاڤە و لێکدانەوەیانە. ئەگەر لە دوو قۆاناغەکەی پێشتردا،

نووسەر، لە گەڕانیدا بەدوای وشەیەکی (نوێ) دا، بە جەستە و مێشک هیلاک و شەکەت بووبێ، ئەوا لەو قۆناغەدا هەمیشە جۆرە نیگەرانی و مەراقێکی دەروونی هەیە، کە ڕمی دەستی چەندە نیشانەکەی پێکاوە و زمانزان و زماناسەکان چۆن بەرهەمەکەی هەڵدەسەنگێنن! بۆیە نووسەر ناوی (١٤) ئەدیب و نووسەرو شاعیری تۆمارکردوە کە لە هەڵەبڕی و پێداچوونەوە و زیادکردن و لابردن و ساغکردنەوە و ڕاستکردنەوەی مەتنی فەرهەنگەکە لەگەڵیدا ماندووبوون.

خاڵە جیاوازە بایەدخارەکەی، حەفت ترینگە لەوەدایە کە تاڕادەیەکی باش، تایبەتە بە (بنزاری) وراتی کۆیە. ـ لە بڕگەکانی دی قسەی لەسەر دەکەین.

**دوو: بەرگی کتێبەکە:**

حەفت ترینگە، کە کراوەتە ناونیشانی کتێبەکە، تیرێکە، نووسەر دوو نیشانەی پێشکاندووە: لە لایەک، وشەیەکی ڕەسەنی کەلتووریی بنزاری کۆییانی وەبیر خوێنەر هێناوەتەوە، کە سەردەمانێکی زوو نەک هەر خەڵکەکەی تێردەکرد، بەلکو چێژ و تام و بونێکی خۆشیشی پێ دەبەخشین. لە لایەکی دیکەش، لە پڕاکتیزەکردنی وشەکە، ویستوویەتی (٧) بابەتە زمانەوانییەکەی، وەک (٧) کەرەستەکەی ئەو چێشتە کوردەوارییە، لەو کتێبەدا کۆکاتەوە و بیانکاتە یەک بەرهەم.

زاراوەی (وشەدان)، کە نووسەران بە پشتبەستن بە زاراوەسازیی، لە شێوەی (شەکردان، خوێدان، گوڵدان) دایانهێناوە، پڕ بە پێستییەتی بۆ هاوتای (فەرهەنگ، قامووس) لە زمانی کوردیدا. جا وشەی (قامتێک)، لە (قامتێک لەوشەدانی وارتی کۆیە)، پتر زەینمان بۆ ئەوە ڕادەکێشی کە نووسەر، (وشەدان)ەکەی بە (گوڵدان) چوواندووە، وشەکانی تەشبیهیی قامتە ڕەیحان و قامتە گوڵ و قامتە قەڵەمەگوڵ

کردووە. چونکە (قامت) لەگەڵ (خوێدان و شەکردان)یەکناگرێتەوە.

(٧) بابەتەکە، لەسەر بەرگەکەدا، بەم ڕیزبەندە تۆمارکراون: (وشە ـ پەند ـ دەستەواژە ـ مەتەڵ ـ جنێو ـ تووک ـ مەسەلۆکە). چونکە (دەستەواژە) یەکسەر پەیوەستە بە (وشە)، ڕیزبەندەکە بەم شێوەیە زانستیانەترە: (وشە ـ دەستەواژە ـ پەند ـ مەتەڵ ـ جنێو ـ تووک ـ مەسەلۆکە). هەر بۆ نموونە دەڵێین: (ماڵ: وشەیە) (ماڵی دونیا: دەستەواژەیە)، بەڵام (ماڵی دونیا چڵکی دەستە.) پەندە.

**سێ: سەروارد و ترنجاندن:**

بە (١٩) لاپەڕەی پووخت و ڕەخت، لە بڕی پێشەکی، نووسەر بە زمانێکی ڕەوان و شیریین، هزر و مێشکی خوێنەر بۆلای خۆی کەمەندکێش دەکات و گەشتێکی خۆشی بەناو دەقە شیعر و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێوا شار وشاخی. پێدەکات. لەم پێشەکییەدا، ئەو، ئەو (٣) مەرامەی هەیەتی دەیان هێنیتە دی:

١) گرنگیی زمان، وەک کۆڵەگەیەکی تۆکمەی نەتەوە، بە چەندان دەقە شیعر و بۆچوونی زمانزان و زمانناسان، پشتڕاست دەکاتەوە. بە بەڵگە و نموونەهێنانەوە دەیسەلمێنێ، کە زمان، ئامراز و چەک و هێز و ئامانجە لە یەک کاتدا. هەر داڕووشاندن و لەکەدارکردن و زامدارکردنێکی زمان، بەهەمان سەختیی، جەستە و ڕۆحی نەتەوە دادەڕووشێنێت و لەکەداردەکات و زامداری دەکات.

٢) لەو بڕگانەی کە بۆ (زار) و (بنزار) تەرخانی کردووە، سەرکەوتووانە ڕوونیکردووەتەوە کە، بایەخدان بەوان، لەژێر پەردەی ناوچەچییەتی و خێڵ و ئەشیرەتگەری و شارچییەتیدا مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو ئەوان بەردی بناغەی زمان و لە هەموو فەرهەنگێکدا، ڕەنگە جوانەکانی ئایشەوفاتمەی وشە و زاراوەکانن. ئەوان کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی زمانن، ڕایەڵەی بەیەک بەستنەوەی، ناوچە بە ناوچەو دێ بە دێ و

شار بەشاری هەر وڵاتێکن، ئەوستوونگە خۆڕاگرەکانی ڕەشماڵی زمانی زیندوون. ئەگەر دوێنێ (زار و بنزارەکان)، بۆ لێکترازاندن و هەڵوەشاندەنەوەی زمانی نەتەوە، لەلایەن نەیاراندا، کەڵکیان لێوەرگیرابێ، ئەوا ئیمڕۆ، لە چاخی گەشەی تەرجەمە و لێکۆڵێنەوە و توێژینەوەدا، بوونەتە، مایەی هەمەڕەنگی واتەکان و دەوڵەمەندکردن وشەدانەکان و پڕکردنەوەی کەلێن و درز و قلێشەکانی (نووسینی جوان). نووسەر، لێرەدا، ئەو ڕوونکردنەوەی بە ئەرکی خۆی زانیووە، چونکە وشەدانەکەی، زۆر تایبەتمەندە بە (بنزار) ی ڕووبەرێکی جوگرافی دیاری کراو، کە وراتی کۆیەیە.

٣) بە شیتەڵکارییەکی زانستییانە، بە پشتبەستن بە چەندان نموونە، نووسەر، ئەو خاڵ و پنت و دیاردانەی دەستنیشان کردووە، کە(بنزاری وراتی کۆیە) لە شێوەکانی دی جیادەکاتەوە، بەراوردکاریی وردی بۆ جیاوازییەکان کردووە لە ڕووی، فۆنەتیک، ڕێنووس، داڕشتن، واتا، زمانەوانی. هەرچەندە من پێم باشتربوو، بۆ هاسانکاری، خاڵەکانی بەژمارە تۆمارکردبایە.

**چوار: داڕشتنی مەتنی وشەدانەکە:**

وەک هەموو فەرهەنگێک، نووسەر، بە ڕێزبەندی ئەلفبێی کوردی، پێتەکانی ڕێکخستووە و لە بەندی هەر پیتێکیشدا، دیسان ئەکادیمیانە بە ڕێزبەند، (سەرەوشە)کانی، یەک لە دوای یەک تۆمارکردوە ـ هەرچەندە سەرچیغیشی تێکەوتووە. لەدیقەتدانی تۆمارەکان دەبینین:

- هاوواتاو ڕاڤە و لێکدانەوەی (وشە) و (زاراوە)کان، بە زمانێکی سادە و خۆش، خاڵی لە لێڵی و پێچوپەناو ناڕوونی ئەنجامدراون. تا ڕادەیەکی باش پابەندی ڕێنووس و ڕیزمانی کوردین. وشە و زاراوەکانی (بنبزاری کۆیە)ی جارێکی دی بە شێوەزاری خۆی نووسیوەتەوە، وەک:

**پیتی پیت کرد، سارپی خیت کرد.**
**سار: ساڵ** (ل.١٧٠)

- ئەوندەی زانیاریی چەنگ کەوتبێ، ڕەچەڵەکی وشەو زاراوەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ سەرچاوەی کۆنی، وەک دیانی، جوولەکەی، ئاڤێستایی.
- زانستییانە، ئاماژەی بەو سەرچاوانە کردووە کە وشە و نموونە و ئیقیباسی لێ وەرگرتوون.
- مەتەڵەکانی کردووەتەوە و وەڵامەکەی بۆ نووسیوە، نموونە:

**تاقە سوار، دام لەدیوار، بووە چل و هەزار. (هەنار) کە دەیشکێنی.** (ل. ١٩٣)

- لەگەڵ(سەرەوشە) کە، زۆرجار، نموونەی بەکارهێنانی بۆ هێناوەتەوە،وەک:

**خۆرەپۆتە: خۆل و گڵ، خوڵ و پۆتە، تەپۆتۆز، کەرگەوز. خۆی لە خورەپۆتە وەردایە.** (ل.٢٦١)

- ئاماژەی بە جنێو وتووکەکان کردووە، وەک: **خۆرکت لێ کەوی. (جنێو) (ل.٢٦١)**
- بەرهەمەکانی ئەو ئەدیب و نووسەر و شاعیرانەی کردووەتە سەرچاوە کە کۆیی ڕەسەنن یان بە (بنزاری) وانیان نووسیوە ـ ژمارەکەیان زۆرە بۆیە ئاماژەیان پێنادەم.
- لە هەر شوێنی، پێویستی کردبێ، سەقیلی نەکردووە لە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی (وشە)کە، ئاساییە بۆ لێکدانەوەی وشەیەک لاپەڕەیەک یان نیو لاپەڕەی لەسەر نووسرابێ. ئەمەش دەگمەنە لە فەرهەنگی کوردیدا، پتر لە ئینسایکۆلۆپیدا پەیڕەو دەکرێ. وەک:**کارەک، کاڵەک.** (ل.٢٦)
- دابەشکردنی(٧) ڕشتەکە بەسەر(سەرەوشە) کاندا، خودی (سەرەوشە) کە دیاری دەکات نەک نووسەر، واتا

(سەرەوشە) هەیە، هەر ماناکەی ڕاڤەکراوە، هەیە دەستەواژە، پەند، مەسەلۆکە، مەتەڵ، جنێو، تووکی لەگەڵە. وشەش، هەیە دەوڵەمەندە و هەیە هەژارە.

**تێبینییەک:**

بەکارهێنانی ئەم فەرهەنگە بۆ ئەوەیە مانای وشەیەک بزانیت، بۆنموونە دەتەوێ بزانی وشەی (بێرەبا) ماناکەی چییە، بەڕیزبەندی ئەلفوبێی کوردی، دەچیتە لاپەرەی وشەکە و دەیدۆزیتەوە، یان کەسێک بۆ دەولەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوانی خۆی، کتێبەکە دەخوێنیتەوە.

بەڵام، چونکە لە پاڵ (وشە و دەستەواژە)، فەرهەنگەکە (٥) بابەتی دیکەشی لەخۆ گرتووە: پەند، مەتەڵ، جنێو، تووک، مەسەلۆکە، زۆر زەحمەتە بۆ توێژەرێک یان لێکۆلەرێک، کە مەبەستییەتی یەکێک لەو بابەتانە بکاتە کەرەستەی توێژینەوە و یان لێکۆڵینەوەی خۆی، واتا بۆ نووسینەوەی (جنێو)ەکانی وراتی کۆیە، دەبێ هەر هەموو فەرهەنگەکە بخوێنێتەوە، ئەمە بۆ بابەتەکانی دیکەش هەروایە. بۆیە باشترە ئەو فەرهەنگە (پاشکۆ) یەکی تایبەت بە خۆی هەبێ، چ یزافە بکرێتە سەرەی چ لەبەرگێکی سەربەخودا چاپبکرێت و لەگەڵ فەرهەنگە دایکەکە بخرێتە (بۆکس) ێکەوە. واتا لەو پاشکۆیەدا، بە (٥) بەند، (٥) بابەتەکە، هەر یەکەی بەجیا کۆدەکرێتەوە و تۆماردەکرێ: پەند، مەتەڵ، جنێو، تووک، مەسەلۆکە. ئەمە هاسانکارییەکی باشە بۆ ئەو کەسەی بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێ، جا بۆ هەر مەرام و مەبەستێک بێ.

**پێنج: بایەخی ئەم کتێبە:**

کتێبخانەی کوردی، لەچاوە خۆی، لە فەرهەنگ هەژار نییە، هەرچەندە، زانستیی ئەم ڕشتەیە ئیمڕۆ هێندە لق و پۆیی لێبووەتەوە، کە بەردەوام داهێنانی تێدادەکرێ. لێ، (حەفت

ترینگە) قامتێک بایەخ و گرینگی خۆی هەیە، کە جیاوازیی زەقی تێدا بەدی دەکرێ:

o دەزانین، کە زمانی کوردی بەسەر چوار زاری سەرەکییدا دابەش دەکرێت: زاری کرمانجی سەروو، ناوەڕاست، خواروو و هەورامی یان گۆران. زاری کرمانجی ناوەڕاست لە بنزارەکانی سۆرانی، سلێمانی، گەرمیانی... پێکدێت. ئەم کتێبە تایبەتمەندە بە بنزاری وراتی کۆیە لە سۆرانییەکەدا. ـ ئەوەندەی من زانیاریم هەبێ، یەکەمین بەرهەمیشە لەم بوارەدا. کەواتە کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی ناوچەیەکی دیاریکراو و تەرخانکردنی فەرهەنگێک بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی، جگە لە دەوڵەمەندی زمانی ئاخێوەرەکانی ئەو دەڤەرە نیشاندەدات. بەڵگەشە، کە زیندوویی ئەو کۆمەڵە لە ڕووی خۆنوێکردنەوە و داهێنان و گەشەکردنی لایەنە سۆسیۆلۆژییەکانی، بە هەموو ڕەگەز و توخم و بنەماکانییەوە. بەواتایەکی دیکە، وشە لە ئەنجامی داهێنانی ئامراز و ئامێر و کار و بیرۆکەی نوێ لەدایک دەبێ، کەواتە ئەو زنجیرە نوێکارییە، بەردەوامی هەبووە لەو ناوچەیەدا، دەنا وشەی نوێ چۆن داهاتووە یان خواستراوەتەوە؟

o ئەم فەرهەنگە، گەنجینەیەکی پڕ زەخیرەی بەبەرەکەت، دەخاتە سەر گەنجینە زمانەوانییەکەی کوردی، بەو واتایەی، لەمڕۆکەوە، فەرهەنگنووس دەبێ لە فەرهەنگی نوێدا، ئەم سەرچاوەیە بخاتە بەردەستی خۆی و شتی نوێی لێ هەڵێنجێ.

o لەم فەرهەنگەدا نزیکەی (١٢) هەزار (سەرەوشە) ـ بە (٧) بابەتەکەیەوە، کۆکراوەتەوە، مەرج نییە، هەر هەموو (سەرەوشەیەک) و بابەتەکەی هاوشانی، هەر زادە وراتی کۆیە بن. تێیاندا هەیە، لە ناوچەی دیکەشدا بەکاردێن، بەڵام جار هەیە یەک وشە، لە دوو ناوچەدا، دوو مانای جیاواز لە خۆدەگرێ، بۆ نموونە، (لەبەریکەوە)، لە کۆیە بەواتای ئەوەدێ (جلکەکەت بپۆشەوە). بەڵام لە گەرمیان، بەواتای ئەوەدێ:

(جلکەکەت داکەنە). نوسەر لە پێشەکییەکەیدا دەنووسێ: (ئەو وشە و واتە و پەند و زاراوانە، زیاتر وراتی کۆیە دەگرێتەوە بە خۆشناوەتی و مەنتکایەتەی و ئورمزیاری و جاف و شێروانی و ئاکۆیی و لۆری و هەمەوەند و سورچی و مەنگوڕ و بڵباس و بابان و مامەش و مەنمی و پاڵانی و شیخانی و جولەکە و دیان و زەردەشت... لەوێ ژیاون). (ل.١٨). دەستەواژەی (لەوێ ژیاون)، ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە. ئەمەش فەرهەنگەکەی جوانتر و دەوڵەمەندتر کردووە.

o نووسەر بە خەتێکی تۆخ نووسیوویەتی:(دەزانم زۆری ماون، هەر ئەوەندەمان پێکرا). (ئەوەندە)، بۆ شان و بازووی یەک تاکە کەس (زۆرە). نەبێتە گلەیی، دەبوایە مەڵبەندێکی ئەکادیمی، وەکوو زانکۆی کۆیە، کە کادیری باش و زۆری هەیە، زووتر بەوکارە هەڵسابان، ئێستاش، نەچووە بچێ، زانکۆ دەتوانێ (ئەو زۆرەی ماون)، لە ئەستۆی خۆی بگرێ و فەرهەنگەکە دەوڵەمەندتر بکات. دەکرێ بە پێنج شەش ساڵ، بە کۆکردنەوەی زانیاریی لە ڕێی خوێندکارەکانی بەشی کوردی، بەتایبەتی گوندنشینەکان، وشەگەلێکی زۆر وەدەستکەون، کە پێشتر تۆمار نەکراون.

o ئەم فەرهەنگە. دەکرێ، ببێتە دەستگر و ڕابەر، بۆ نووسەران، یان مەڵبەند و دەزگا ئەکادیمییەکان، بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگی هاوشێوە. دەزانین کە زمانی کوردی، زۆر زۆری ماوە کۆبکرێتەوەو تۆمار بکرێ. ـ بەندە کتێبێکی نووسی بەناوی (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە)، خۆشبەختانە ئێستا لە چەند ناوچەی کوردستان، هاوشێوەی نووسراوە و چاپکراوە.

o ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ....، عەوجەن بەو جۆرە فەرهەنگە، بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانیان، دوور نییە، وشەیەک نوێ، کەلێنێکی گەورەیان بۆ پڕبکاتەوە.

**بۆ چاپی دووەم:**

خودی نووسەر گلەیی لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکانی خۆی هەیە، بۆیە ئەم خاڵانەی بۆ تۆماردەکەم ـ کە زۆریان شتی هونەرین:

- خاڵبەندیی کتێبەکە، پێویستیی بە پێداچوونەوە هەیە. داخی گرانم، لە چاپەمەنی کوردیدا، بە گشتی، خاڵبەندی زۆر زانستییانە پەیڕەوناکرێ. دەزانم دەستەیەکی زۆر شارەزا پێداچوونەوەیان بۆ کتێبەکە کردووە، بەڵام ڕەنگە ئەوان پتر دوای ساغکردنەوە هەڵەبڕییان لێکرابێ، نەک خاڵبەندی.
- زۆر زۆر بەکەمی، بڕگە یان زانیاریی هەیە لە چاپکردنیدا بەشێکی قرتاوە یان لە یادچووە یان هەر هیچی بەرامبەر نەنووسراوە. بۆ نموونە ئەم بڕگەی خوارەوە هیچ پەیوەندی بە (سەرەوشە) کەی بابەتەکەوە نییە، دیارە کە بەشێکی لەبیرکراوە یان قرتاوە:

**جیمس ئەدیسۆن، کۆخ و بتهۆڤن**
**جێگای شانازین، مێژووی مرۆڤن.**
(محەمەد دارياس: هەندێ لە وتەکانم، ٢٠١٩)
**جاشەکە لە کەرەکە گەورەترە. (ل. ٢٢٧ )**

- لە کاتی گۆڕینی (Word) بۆ (PDF) جار هەیە پەڵە لە چاپدا بەدیار دەکەێ، وەک ئەوانەی لاپەڕەکانی (٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٣،...). پێویستە بسڕدرێنەوە.
- ئەو وشە و ڕستانەی لە جێگەی خۆیان پەڕیوونەتە ناوەڕاستی پەڕەکە، باشتر ڕێکبخرێنەوە. بڕوانە (ل. ٢١٦، ٢١٧، ...).
- بکرێ، پاشکۆی بەندەکان ئیزافە بکرێ، کە پێشتر ئاماژەم پێداوە. (٥) بەندن: پەند، مەتەڵ، جنێو، تووک، مەسەکۆلە.

کۆتا قسە:

لەو (١٨) بەرهەمەی کە تاکو ئێستا ڕەهبەر سەید برایم چاپی کردوون، هەموویانم خوێندۆتەوە، جگەلەوانەی تایبەتن بە (ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەرییەوە) ـ لە دیدی مندا، (حەفت ترینگە)، سەرتۆپی هەمووانە.

بۆیە بە گەرمی دەستی دەکوشم و قەردزانی شەونخوونی و هیلاکی ئەوم. سوپاسی بیسنووریشم بۆ ئەو دەستە ئەدیب و نوسەرو شاعیرەی کە هاوکار و هاریکاری بوون لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا.

گەر داوام لێبکەن بە دێڕێک، پێناسەی قەڵەمی(ڕەهبەری سەید برایم) ی بکەم. دەڵێم:

ـ بە دێڕێک نا، بە یەک تاکە وشە: ڕەهبەر سەید برایم، (حەفت ترینگە) یە.

جا گەر بڵێن، دەی (حەفت ترینگە) شمان بە دێڕێک بۆ پێناسە بکە، دەڵێم:

ـ کتێبخانەیەک، خوانەکەی، (حەفت ترینگە) ی لەسەر نەبێ، تامی نەختێ بێ خوێیە.

١٩/ ٧ / ٢٠٢٠ دوبلن

- لاپەڕەکان ئاماژەن بۆ کتێبی(حەفت ترینگە، ڕەهبەر سەید برایم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠).

## بابەتی (٨)

## عەبدوڵڵای حەسەنزادە،

## قەڵەمێك بەقەد قەندیل، باڵا و شكۆدار

## چی لێ فێر بووم؟

**بەڵام چی بکەین لە ناو چاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە**

**وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن**

**ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەو دەورە**

**نەکردایە، خوا عالم، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن**

**نەحەڕفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتی**

**صیرف بەرزیی زەکا، ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت.**

**هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی**

**بەسەر پەنجەی هونەر کردت، بەدیلی کۆششی زاڵت.**

لێتان ناشارمەوە، لەوەتەی دەست و پەنجەم ئاشنایەتی دەگەڵ قەڵەمدا پەیدا کردوو، قەد هێندە، وەکو ئیمڕۆ لە نووسین نەترساوم، چونکە لە دیدی منەوە ئێمڕۆ(١٤ی بەفرانباری ٢٧١٥) کوردی، بۆ شاری کۆیە دەبێتە مێژوو و وەکو سەرچاوەیەك خوێنەر و نووسەران دەگەڕێنەوەسەری. ترسەکەشم دوو لایەنەیە، لە لایەك، کارێکم پێ سپێردراوە، کە بەهێچ کلۆجێك لە شان و شەوکەتی قەڵەمی مندا نییە، ڕەخنە و ڕەخنەکاریی تێدا بکەم. لە لایەیەکی تریشەوە، دەترسم کشانەوەم، تەفسیری تری بۆ بکرێت، کە بۆچی بۆ ئەم قەڵەمە باڵایەیی بە قەد قەندیل بەرز و شکۆدارە، شتێکم نەگوت؟ ئەو ڕۆژەی لە ساڵی (٢٠٠٨) لە دوبلن، کوردەکان داوایان لێکردم کە وتارێك بنووسم و لەبەردەم سەرۆك کۆماری ئایرلەندای باشووری بخوێنمەوە، کە خاتوو (Mary McLeece) بوو، بانگێشتی کردبووین بۆ کۆشکەکەی خۆی. بە ئاسایی کارەکەم ئەنجامدا و هەستم بە ترس و دڵەڕاوکێ

نەکرد ئەگەر چی وتارەکەم، بە زمانی ئینگلیزیش بوو. بەڵام ئێمڕۆ، ئەو زاتەی بەندە بەشداری مەراسیمی ڕێزلێنانیەتی، پایە و مەقامەکەی لە زۆر لەو کورسی وعەرشانە بڵندترە و دیارترە، کە تەمەنیان لە چەند ساڵێك زیاتر باڵا ناکات. لە دالغە و بیرکردنەوەی ئەو دابووم، دەبێ من بتوانم چ شتێك بنووسم شایستەی ئەوە بێ، لەحزوور مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە دا بیخوێنمەوە. لەناکاو چرپەیەکی ئەو زاتە گەورەیە، لە گوێمدا زرینگایەوە، کە لە سیمیناری دووەممدا، بە ناوی (خوێندنەوە، کلیلی هەزار و یەك دەرگا)، لە هۆڵی سەنتەری گەنجانی کۆیە پێشکەشم کرد، لە کاتی چوونە دەرەوە، توند دەستی کوشیم و فەرمووی:" لەوەتەی ئامادەی کۆڕ و سیمیناران دەبەم، قەد سیمیناری وا خۆشم نەبینیووە، ئافەرین، بەردەوام بە." ئەم ڕستە کورتە، تین و هێزێکی هێناوەبەرم و ئەم ناونیشانەم هەڵبژارد:

**قەڵەمێك، بەقەد قەندیل، باڵا و شکۆدار، چی لێ فێر بووم؟**

لە کتێبی(ئەزموونی خەبات) کە (٧٣٤) لاپەڕەیە، ژیاننامەی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادەیە و کاك هەیاس کاردۆ بە شێوەی گفتوگۆ ئەنجامی داوە، مامۆستا دەفەرمووێ:" من خۆم وەکو کەسێکی ئاسایی دەبینم و ئەوە نیم شتم لێ فێر بن".

بەندە، ڕاستگۆیانە ناونیشانەکەی هەڵبژاردوە و هەرچەندە بەرێزتان، واقیعیی خاکیی و سادەیی خۆتان دەنوێنن، بەڵام جەنابتان، نە لە پۆل دەرستان پێگوتووم و نە بە شوولی تەڕی دارهەناران دارکاریتان کردووم و زۆر شتیشتان لێ فێربووم. بە بێ ئەوەی تۆ پێبزانی، من لە ژیانی ڕۆژانەی خۆم و لە ناو پۆلەکاندا پیادەم کردوون. هەر بۆ نموونە:

لەکاریی پەروەردەکاریمدا، هێندە گرنگی بە خوێندکارە هەژار و بێدەرەتانەکان دەدەم، کە خوێندکارە هەبووەکان ـ تا ڕادەیەك نامحوبێنن ـ هەمیشە چیرۆك ی گەورەبوون و خۆپێگەیاندنی

تۆیان بۆ دەگێڕمەوە:( منداڵێکی لادێیی، بێ باوك، لە نێو تەپوتۆزی خەڕەك و ڕایەڵەی جۆلآیی و باڕەباڕی بزن و مەڕان و گەرمیان و کوێستان کردن، بە بێ ئەوەی تەختەڕەش بینیبێ یان مامۆستایەك بۆ دوو مانگ بێ پسانەوە دەرسی پێدابێ. بتوانێ بگاتە بەرزترین مەقامی حیزبی لە خەباتکردن و نیشتمانپەروەریدا و بگاتە بالآترین مەڵبەندی ئەکادیمی کوردی کە جێگرەوەی کۆڕی زانیاری کوردە.) دەبێ ببێتە هاندەری ئەو منداڵانەی ترسیان هەیە کە پێگەی چینایەتیی ئەوان لە خوارترە لە چاو پێگە بەرزەکەی خواپێداوەکان، تا بگەنە خەونە مەزنەکانیان. ئێوە خۆتان دەفەرموون:" ئەگەر منیش لە گوندی قاسملووی یان لە ماڵەکەی د. قاسملووی لە دایك بووبام و لە شارەکەی وی خوێندبام و پاشان چووبامە پایتەخت و ئینجا لە ئۆرووپا درێژەم بە خوێندن دابایە، دەمتوانی ئەمنیش ببمە دکتۆر قاسملوویەك".

دەرسێکی مەزنتر، کە هەمیشە لەبن گوێی شاگردەکانمدا دەیڵێمەوە ئەوەیە:"بوون بە دکتۆر قاسملوو نە مەحاڵە، نە گوناحە، بەڵکو ئەرکە و شتێکی مومکینیشە." لەم گوتارەی جەنابەتان، دەستەواژەی ( بەڵکو ئەرکە و مومکینیشە) هێندە بە جددیم وەرگرتووە، لە خوێندنگەی چرۆ، کچە خوێندکارێکی مەسیحییم هەیە، کە هێندە لێهاتوو و زرینگ و چەلەنگە، ڕۆژانە پێی دەڵێم :" گەر نەبی بە قاسملوو، خۆشم ناوێت و هەر بە سەرۆك وەزیرانیش لە پۆل بانگی دەکەم... تەنانەت دایك و باوکیشی ئەمەیان بیستۆتەوە و هەر کاتێ تووشم دێن، دەڵێن کچەکەمان سوورە لەسەر ئەوەی، خەونەکەت بێنێتەدی." مامۆستا حەسەنزادە! ئەمن، ئەو دەرسە لە تۆ فێر بووم.

دەرسێکی مەزنتری دیکە... د. عەبدولڕەحمانی حاجی مارف، کە مامۆستایەکی بەتوانا و شارەزای ناسراوە و دکتۆرای لە زمانناسیدا هەبوو. بەرهەمەکانی خۆی بۆ پیداچوونەوی زمانەوانی نیشانی جەنابتان دەدا. مامۆستا هەژار موکوریانیش

کە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی چاپکردووە، داوی لە تۆ کردووە چاوی پێدابخشینیتەوە و دەوڵەمەندتری بکەی. من لەم کارانە دوو شت فیر بووم و جێبەجێشیان دەکەم: یەك: پێویستە ئەو شتەی کە من دەینووسم کەسێکی لەمن بە تواناتر پێداچوونەوەی بۆ بکات، ئەمە نەعەیبە و نە خۆ بەکەم زانیینە، بەڵکو خزمەتکردنێکی تری زمانەکەمانە تا کەمترین هەڵەی تێدەکەوێ. (ئەم بابەتەی دەخوێنەمەو پێداچوونەوەیان بۆ کردووە).

دەرسی دووەم، ئەوەیە کە نووسینەکانی جەنابتان نابێ فەراموش بکرێن. چونکە دیارە شتی ئەوتۆیان تێدایە، کە پێویستە ئێمەمانان سوودی لێوەرگرین ئەگینا بۆ مام هەژار و د. عەبدولڕەمانی حاجی مارف تۆ دەکەنە چاو ساغی خۆیان؟

دەرسێکی دیکە... جەنابتان هەر لە کتێبی (ئەزموونی خەبات) لە شوێنێك دەڵێن:" دەمگوت شاعیری باش نیم، با شاعیری خراپیش نەبم." ئەو دەرسەی کە لەم گوتەیە فیر بووم، ئەوەیە تا پێم بکرێ، هەوڵی باشتر کردنی نووسین و کارەکانم دەدەم. پتر دەخوێنمەوە و زۆرتر خۆم هیلاك دەکەم و هەمیشە سۆراغ دەکەم، جا هەر کاتێکیش زانیم بە بابەتێك ناوێرم، شەرم ناکەم و گوتەکەی بەڕێزتان وەبیر خۆم دێنمەوەو خۆمی لێ نادەم. ((لەم دوایە، داوای دوو چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا کردم، هیچیانم قبوڵ نەکرد، چونکە ڕشتەی من نەبوون و کەسانی پسپۆڕی خۆیان دەبووایە قسەیان لەسەر بکە).

ئەو دەرسەی کە بە بۆچوونی من، بۆ خوێندەوار و نووسەرانی تریش زۆر بە سوودە ئەوەیە کە دەفەرمووی:"وەرگێڕان، بە تایبەتی وەرگێڕانی ڕۆمان ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی".

لێرەدا، ئەمن ئەوە فێربووم کە چونکە شارنشینم و کەمتر تێکەڵی خەڵکی لادێ بووم و بۆ ڕۆژێکیش نە شوانکاریم کردووە و نە گاوانی، بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانەکەم، دەبێ بەردەوام بم لەسەر خوێندنەوەی ڕۆمانە باش و جوان نووسراوەکان و هەندێ

هاوقەڵەمەکانی خۆشم هاندەدەم، هەر وابکەن. یان کە کاتێ خوێندکارێك لێم دەپرسێ: چۆن زمانەکەم پاراو بکەم؟ دەڵێم بڕۆن ڕۆمانە باشەکان بخوێننەوە! لە لایەکی تر بایەخ و گرنگی کاری وەرگێڕان لە زمانی کوریدا، ئەرك و واجیبەکانی قورسترە، هەم پێویسیمان بە کتێبی باشی بیانییە و کتێبخانەی کوردی تا ئێستا هەژارە، هەم ناساندنی ئەدەب و زمانی کوردیش بە غەیرە کورد، کارێکی پیرۆزترە و دەکەوێتە ئەستۆی موتەرجیمە باشەکان. کە دەبێ ئاسانگارییان بۆ بکرێت و پتر پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی بکرێن.

ئێستا گەیشتمە ئەو خاڵەی کە دەبێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم: بەڕێزتان دەڵێن:" ئەمن ئەدیب نیم، ئەدەب دۆستم، چونکە ئەدیب بەو کەسە دەڵێن کە هەموو مەکتەبە ئەدەبییەکانی خوێندبێ یان خوێندبێتەوە. ئەمن هیچم نەکردووە." لە شوێنێکی تریش دەڵێیت:" ئەمن شتی هێندە گەورەم نەکردووە وەکو شاکار، بەڵام بە هێندێك شتی خۆم خۆشحاڵم". بەڕاستی ئەمن تەوازوعی پاك و پیرۆزیی جەنابتان لەم دێڕانەدا دەخوێنمەوە.... زۆریش دڵخۆشم کە دەڵێ:" ئەمن شتی هێندە گەورەم نەکردووە وەکو شاکار" بۆچی؟ چونکە ئێمەی خوێنەر، ئەو شاکارانەی جەنابتان دەبینین و پێیان سەرسامین لە هەمان کاتیشیدا، ئەوە مانای ئەوەیە کە هێشتا ئەتوو ئەو چۆلەکەیەت نەگرتووە کە مەبەستتە... ئەمەیش دڵخۆشمان دەکات بە هەوڵدان و کارکردنی جەنابتان بۆ ڕاوکردنی ئەو چۆلەکەی لەسەر چڵەدارەکەی بەرانبەرتان دەجریوێنێ و بیر لە ڕاوکردنی دەکەیتەوە. غادە سەممان، کچە نووسەری لوبنانیش دەڵێ :" چۆلەکەیەکی سەر دار، دە چۆلەکەی ناو مست دەهێنێ".

با بینەوە سەر ئەو گوتارەتان:" ئەدیب نیم ئەدەب دۆستم." مامۆستای گەورە! دەکرێ خۆتان خۆتان وا ببینن، بەڵام هەر شتێك کە ئێوە دەینووسن بۆ خوێنەرە، ئەوە خوێنەرە کە حوکمی خۆیان دەدەن، نەکۆ نووسەر بۆخۆی. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی

دیكە ـ هەر بابەتێكی نووسراو، (٣) پلە (٣) مەرتەبەی مەعریفی هەیە

یەك: ئەو دەقەی كە نووسەر دەینووسێ بریتییە لە كۆمەڵە مەعریفەیەكی یەك نهۆمی یان یەك سەرچاوەیی، بۆ نموونە، كارەكانی عەزیز نەسین.

دوو: كاتێ ئەو كارە نووسراوە ڕەخنەی لێدەگیرێت یان تەرجەمەدەكرێت، دەبێتە كارێكی دوو نهۆمی یان دوو سەرچاوەیی. ئاخر تۆ هەر بیرۆكەی ڕۆمانەكە بۆمن ناگێڕیتەوەی... تۆ ناڕاستەوخۆیانە فێرە كوردیشم دەكەی، لە وشە و زاراوە و ئیدیۆم و ڕێزمان و داڕشتن و گوزارەكانی زار و بن زار... تاد.

سێ: كاتێ خوێنەر یان ڕەخنەگرێكی تر بابەتەكە دەخوێنێتەوە، ئەوە نهۆمی سێیەمی یان سەرچاوەی سێیەمی مەعریفە دێتە ئاراوە... چونكە هەموو خوێنەرێك ڕەخنەگرە.

جا هەر سێ حاڵەتەكەدا و لە هەرسێ سەرچاوە مەعریفییەكەدا... داهێنان هەیە. خۆ داهێنان هەر پەیوەست نییە بە عەزیز نەسین... نا.. مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەنزادە)ش داهێنانی خۆی لە تەرجەمەكەدا دەكا، بەڵام ئەوە ئیشی پسپۆڕە شارەزایەكانی ڕشتەكانی زمان و ئەدەبن، كە دەبێ قسە لەسەر ئەو بابەتە تەرجومەكراوانە بكەن. كەواتە بە هەموو پێوەرێك تۆ ئەدیبی، هەروەك چۆن وەلی دیوانە شاعیرە و ئەحمەدسالار شانۆكارە و دكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول فۆلكلۆرناس و نووسەرە و عەزیزی مەلای ڕەش زمانزانە و د. كەمال غەمبار ڕەخنەگرە... تاد.

هەر لەم پەراوێزەدا قسەیەكی تریشم هەیە: مامۆستایەكی زانكۆ، لە خوێندكارەكانی دەپرسێ: بەنرخیرین پارچە زەوی لە كوێیە؟ هەر خوێندكارەی ناوی شوێنێك هەڵدەدات: لە شارەكانی ئەمەریكاوە دەست پێدەكەن تا دەگەنە شاری غەزە و نەجەف و

مەکە و مەدینە...... مامۆستاکە، دەڵێ وابزانم نەتانزانی، بەنرخیرین شوێنە، ئەو گۆڕستانەیە کە گۆڕی ئەو کەسەی لێیە کە سینگی پڕ بووە لە بەیت و بالۆری فۆلکلۆر و زانیاری و وشە و زاراوەی نەبیسترا و نەنووسراو.... ئەو زانیارییانە زیندە بەچاڵ کراون.

دڵنیام کە جەنابتان، قیمەتی ئەو زمانزانییە بەهەند هەڵدەگرن و قەدرزان ئەون!.. مامۆستای خۆالێخۆش بوو، کەریم شارەزا، داوایی لێکردم کە تا پێم دەکرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم کە شتیان پێیە . ئەو ئەمەی کردە ئەمانەت لەسەر شانی نەوی نوێ... .

مرۆڤێك، سێ تا چوار هەزار شیعری (بەیتی) کوردی - بە فۆلکلور و تۆمارکراو - لەبەربێت و پتر لە پێنج هەزار وتار و بەیاننامەی حیزبی نووسی بێت و شارەزایی دوو زمانی زیندووی وەك فارسی و عەرەبی بێت و خاوەن ڕەفتەیەکی سەنگین بێت لە کتێبی تەرجومەکرا و نووسراو، دەبێ ئەوپەڕی گرنگی پێبدرێت و هەرچی دەینووسی و هەرچی دەیڵێتەوە بە هەند وەرگیرێت و تۆمار بکرێت. بۆ ئەوەی خوانەخواستە، لە قیسمان نەچێ... ئاخر ئێمە هەر یەك عەبدوڵلای حەسەنزادە و یەك عەزیزی مەلای ڕەش و یەك لەتیف هەڵمەت مان هەیە. دەبێ پتر قەدرزانیان بین. خۆ ئەگەر ئەوان خەڵکی ولآتە پێشکەوتووەکان بوونایە، ئەوە پەساپۆرتی جیهانی بێ ڤیزە و چەکی بانکی کراوەیان لە گیرفاندا دەبوو، تا بێ دڵی خۆیان نەکەن و بە ئارەزووی خۆیان لەسەر ئەم گۆی زەمینە بژێن!

سەرتان ناهێشێنم، ئەو سێ دەرسەی دیکەشتان بۆ باسدەکەم، کە لەو مامۆستایە خۆشەویستە فێر بووم، بەڵام زۆر بە کورتی:

١) بەندە هاوڕاییە لەگەڵ بووچوونەکانی ئەو، دەربارەی زمانی ستانداری کوردی. ئەمە ئەرکی ڕوشنبیرانی کوردە کە کاری لەسەر بکەن و ڕێگری بکەن لەوەی کە یەك تاکە کەس، یان یەك کۆمەڵ و حیزب و ڕێکخرا و یان سیاسەت تەدەخولی دەست

نیشان کردنی زمانی ستانداری کوردی بکات و فاکتەر و بنەمای تر هەنە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم هەڵبژاردەیە.

٢) چونکە زمانی کوری ڕەسەن و خاوێن، وەکو مامۆستا، دەڵێ، لە لادێکان و گوندەکان ماون، واجیبە زانکۆ و پەیمانگاکان خوێندکارەکانیان هان بدەن بەرنامەی کاری ساڵانەیان، پتر لە سەر زمانی لادێیەکانی ناوچەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

٣) هەرچەندە، درەنگ بە خزمەت مامۆستا حەسەنزادە ڕاگەیشتم و لە دەرەوەی وڵات بووم، بەڵام جگە لە کتێبەکانی، لە نزیکەوە دەرسێکی زۆر زۆر بایەخداری لێ فێربووم و تا دەمرم لەبیرم ناچێ، ئەویش ئەوەیە:

قەت قەت ئەو پیاوەم بۆ دوو دەقیقیەش نەبینیووە، کە خۆی لەبیر بچێتەوەو نەزانێ کە ئەوە، عەبدوڵڵای حەسەنزادەیە قسان دەکات یان ڕەفتار دەکات. با ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە. زۆر حەز لە خوێندنەوەی بیرەوەری و یاداشتنامەی پیاوە گەورەکان دەکەم... زۆرم پێ سەیر بوو کە لە چەند شوێندا لە یاداشتنامەی (لینین) دا، نووسرا بوو.. ئەو گلەییەی کە لەو زاتە گەورەیان دەکرد ئەوەبوو... زۆر جار لینین لە قسەکردن و ڕەفتار نواندن لەبیر دەچوو کە ئەو (لینین)ە و کەسێکی ئاسایی نییە و هەموو چاوەکان لەسەر ئەون.

هیوای تەمەن درێژی بۆ مامۆستای گەورەم دەخوازم بەلەش ساغی بمێنێ بۆ کورد و کوردستان.

دەربارەی وەرگێڕان و هونەری وەرگێڕان لە دیدی مامۆستاوە قسە ناکەم چونکە بە وردی لە کتێبی (خوێندنەوەیەك بۆ ٢ کتێب لە یەك کتێبدا) قسەم لەسەر کردووە و هاوڕێیانیش پێش من بە وردی ئەم بابەتەیان تاوتوێ کرد.

١/١/٢٠١٦ کۆیە

## بابەتی (٩)

## شێوازگۆڕیی لە سایییەی ئـەزموونـدا بەرهەمەکانی (د. هاوژین سڵیوە).

ئەگەر نەوتی چرادانی نووسین، ناوەرۆکی دەق و ڕۆحی هزر و دید و ڕوئیایی نووسەر بێت و فتیلەی چرادان، نووکی ئەم قەڵەمە بێت کە بڵێسەی تێکستەکە دادەگیرسێنێت و پەرش و بڵاوی دەکاتەوە، ئەوا لالەی چرادانەکە، شووشەبەندی پارێزەری ئەم بڵێسەیە و لە دڵی ئەودا جوانی ڕۆناکی ئاگر و دیمەنی دەوروپشتمان دەناسیننەوە و بەهای شتەکان هەڵدەسەنگێنین. ئەم لالەیە، ئەگەر جوان و خاوێن ڕاگیرابێت و باش لە شوێنی خۆی جێگیربکرێت، ئەوا تاڕادەیەك، لە پڵتە پڵت و چڕەدوکەڵ و چاوهەڵگوشین و فرمێسك ڕشتن ڕزگارمان دەکات. ئەم لالەیە شێوازی لە باوەشگرتووی ناوەڕۆك و شیلە و ڕاوی قەڵەمی نووسەرەکەیە. ڕەنگبێت، تەنانەت نووسەرە هەرە سەرەتاییەکانی خاچی نووسین، بە دەستخەتە بزماری و هیرۆگلۆفییەکانیان لە سەر خشتە قوڕەکانیاندا، بە شێوەیەك لە شێوەکان، هێندێ خەسڵەت و بنەمای سەرەتایی شێوازیان، لە کاروانی سێ هەزار و پێنجسەد ساڵەی نووسیندا پاراستبێت! لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن کە بە درێژایی مێژوو نووسەرە مەزنەکان هەوڵیان داوە، هەرچی هونەر و جوانکاری و وەستایی و لێزانی هەیە، لە نووسینەکانیاندا بەرجەستەیان بکەن. بۆیە دەبینین ئەوەندەی دەربارەی شێواز و شێوازگەریی نووسراوە، هیچی کەمتر نییە لەوەی کە لەبارەی ناوەڕۆکی دەقەکان گوتراون! تەنانەت خودای گەورە شێوازی داڕشتنی قورئانی کردووەتە موعجیزەیەك، کە بە سایەی ئەوەوە باوەڕنەداران دەبەستێتەوە و تۆشی حەپەسان و تێڕامانیان دەکات! خوا

دەفەرمووێت:"قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَن يَأْتُوابِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا."(١)

وەك خوێنەرێك، شیاوە، ئەگەر ئەم سەدەیە بە (سەدەی شێواز) ناوزەند بكەم، نەك هەر لەبەر ئەوەی كە بابەتی شێواز، لە ئەدەب و هونەر و فكردا ڕووبەرێكی فراوانی ئەقڵی ئێمەی داگیركردوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی هەرچی كە ئیمڕۆ دێتە بەرچاوت، لە قۆچپەی كراسەكەت و ئەلقەی پەنجە و چەخماخی نێو دەستت بگرە تا دەگاتە نەخشە و دیمەنی شەقام و باڵەخانە و شار و فرۆكەخانە و پاپۆڕ و هەوارگە و بەندەر و كەشتی ئاسمانی... تاد. لە بازنەی شێوازدا دەسوڕینەوە و لە گۆڕانكاریی بەردەوامیش دان. ڕۆژ نییە بەرهەمی تازەتر و تیۆری و چەمكی تازەباوتر لە مەڕ ئەم ڕشتەیە نەكەونە بازاڕەكانی ئەدەب و بازرگانی و ڕێكلام و خزمەتگوزارییەكان. لێرەدا، هەر نووسەرێك، ئەندازیارێكە هەمیشە لە خەمی بەرهەمی تازەتر و دیزاینی تازەتر و فۆڕمی تازەترە لە نووسینەكانیدا. جا ئەم شێواز و ستایلەی نووسین هێندە بایەخدارە كە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە قەڵەمێكی هاكەزایی بگەێنێتە لوتكەی ناوداری و بە پێچەوانەوەش، تەوێڵی زۆر شانووسەر بە عاردی دابدات، گەر نەیتوانی گۆڕانكاریی لە ڕەوتی شێوازەكەیدا بكات.

چەمكی (شێواز)، بازنەێكی كراوەیە، چەندین پێناسەی هەمە چەشن لە خۆدەگرێ و زۆر كەم دوو كەس لەسەر یەك پێناسەیدا كۆكن و هی نوێتریش بەڕێوەیە، بەڵام بەندە پێناسەكەی (بیرجیرو) ی لە بارەی شێوازەوە پێپەسندە كە دەڵێت:" شێواز بریتییە لە چەشنە جیاكارییەك لە ڕێگەی ئەدەبدا، ئەو كاریگەریەش ناناسرێت و دیاری ناكرێت ئەگەر هاتوو كرداری داهێنان، لەبارچوون، نەپارێزێت."(٢) هەر بۆیە ئەمڕۆ :" شێواز بووەتە، سەرچاوەی تەقاندنەوەی هەموو لێكۆڵینەوەكانی نوێ و

شوێنەواری و ڕەمزناسی، کە لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا دەچنە پاڵ یەکتری و درێژە بە بەرنامەکەیان دەدەن."(٣)

ئێستا لە دەروازەی ئەم کورتە پێشەکییە، دەچینە نێو بابەتەکە کە پێوەندە بە نەخشەیەکی بەراوردکاریی لە نێوان شێوازی نووسینی دوو کتێبی د. هاوژین سلێوە، کە ئەمانەن:

• (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، ماستەرنامە، لە ساڵی ٢٠٠٩چاپکراوە.

• (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، تێزی دکتۆرا، لە ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە.

مەغزای لێکۆڵینەوەکەم لە خاڵانەدا چڕدەکەمەوە:

- ناوەڕۆکی مەتنی کتێبەکان.
- هاوسەنگیی بەش و تەوەرەی کتێبەکان لە پۆلینکردندا.
- بەراوردکاریی لە شێوازی بەکارهاتوو لە نووسینی دوو کتێبەکەدا.
- بازدان و قاچ خلیسکان و کەوتن لە نێوان بەردەبازی پەڕینەوە لە شێوازەکانی دوو کتێبەکەدا.

ئێستیش زۆر بە خێرایی گوژمەتیشکێك دەخەینە سەر هەر یەك لەو خاڵانەی سەرەوە:

**• ناوەڕۆکی مەتنی کتێبەکان:**

کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، بەرهەمی (١١) مانگ خوێندنەوە و شەونخوونی نووسەرە، کە وەك ماستەرنامە لە ( ٢٨ ـ ٨ ـ ٢٠٠٨) دا خرایە بەر دەستی لێژنەی گفتوگۆ. کتێبەکە (٣٨٠) لاپەڕەی قەبارە ( ١٥ بە ٢٢ ) سەنتیمەترە و بەرهەمی (٧٧٨) سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییە. شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کراونەتە کەرەستە و ( وێنەی هونەری) لەواندا بووەتە ڕایەڵەیی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە. نووسەر هەوڵیداوە ئەکادیمییانە خەسڵەت و

ڕەگەز و بنەما و جۆر و وەزیفە و شێوازی هەر یەك لە تەوەرەکانی بابەتەکەی بەرجەستە بکات و بوێرانە شیتەڵکاری تێدابکات.

هەرچی کتێبی دووەمە:(ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، بەرچنی پتر لە یەك ساڵ سەعیکردن و گەڕان و چاوپێکەوتنی نووسەرە بۆ تێزی دکتۆرایەکەی. ئەمیش (٣٠٤) لاپەڕەیە و شیعری شاعیرێکی تری کردووەتە کەرەستەی بابەتەکەی، ئەویش لەتیف هەڵمەتە. ئەستونگی بەهێزی لێکۆڵینەوەکەش، شیکردنەوەیەکی زانستیی و ئەدەبی (ڕەهەندی دەروونییە)، کە بۆ ئاسانکاریی کارەکەی پشتی بە (١٣٢) سەرچاوەی فرە چەشن بەستووە تا ئەکادیمییانە، بیرۆکە و ناوەڕۆك و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بخاتەڕوو.

- **هاوسەنگی بەش و تەوەرەی کتێبەکان لە پۆلینکردند:**

کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان، دابەشکراوە بەسەر سێ بەش:

بەشی یەکەم، دەربارەی زاراوە و چەمکی (وێنەی هونەریە) و (٦) ناونیشانی سێبەری هەیە کە وەك دەروازەیەك دادەندرێت بۆ چوونە ناو کۆشك و سەرای (وێنە هونەرییەکانی دەقەکان)، ئەمەیش لە (٥٤) لاپەڕەدا پوختە و چڕوپڕ کراوەتەوە بەبێ ئەوەی خوێنەر بێزاری بکات.

بەشی دووەم، کە ناوەڕۆکی مەتنی کتێبەکەیە و (١١٦) لاپەڕەی داگیرکردوە ناونیشانی (جۆرەکانی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا) پێدراوە و (٣٧) ناونیشانی سێبەری هەیە. لەم بەشەدا، کە کۆڵەکەی کتێبەکەیە، نووسەر یەکە یەکە جۆرەکانی وێنەی هونەری پێناسە دەکات و بە هێنانەوەی نموونەی تێکستی شیعری گونجاو بەرجەستەی بیرۆکەکانی

دەکات. هەر بۆ نموونە، لە(شێوازی خواستن)، (٥) دەقەشیعر بە شیتەڵکارییەکی ورد پێشکەش بە خوێنەر دەکات.

بەشی سێیەم، کە تەواوکەری بەشی دووەمە، بە بەردی هاوسەنگی کتێبەکە دادەندرێت، (١٣٣) لاپەڕەیە بە ناوی :(سەرچاوەی وێنە لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، کە ناڕاستەخۆ، ئاست و ئاراستەی مەعریفی و ڕۆشنبیری و هۆشیاریی شاعیر دەنرخێنێت.

لە هەڵسەنگاندنی پۆلینکردنی بەشەکان و ڕیزبەندی و قەبارەی و دەستپێك و قوفڵدانیان، تێدەگەین، کە نووسەر پابەندی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانەی سەرکەوتوو بووە. ناکرێ هیچ بڕگەیەك یان تەوەرەیەك بقرتێنین یان بسڕینەوە. کورد گوتەنی: کالآ بە قەد بالآیە. گەورەیی قەبارەی کتێبەکە هەم نیشانەی گرنگی بابەتەکەیە و هەم ئاماژەیە بۆ بالآدەستی نووسەر لە گەمەکردنیدا لە گەڵ تێکست و پێناسەکاندا بەبێ ئەوەی پشووی سواربێت یان خنەبکات.

خۆ کتێبی دووەمیش: (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، هەر بەسەر سێ بەشدا، کۆمەڵکراوە:

بەشی یەکەم، کە هیچ ناونیشانێکی سەرەکی نییە(؟)، (١٧) چڵە ناونیشانی لێبووەتەوە، کە هەڵگری سێ پەیامن: (١) هێندێك زانیاریی لەبارەی ڕەهەندی دەروونی. (٢) شتێك دەربارەی فرۆید و شیتەڵکارییەکەی. (٣) ناساندنی چەند دەروونناسێکی دیکەی دیار و بەرچاو.

بەشی دووەم، کە (١١٧) لاپەڕەیە دوو تەوەرەی هەیە: یەکەمیان کە (١١) ناونیشانی هەیە باسی (پاڵنەرە دەروونییەکان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا) دەکات. دووەمیشیان کە (١٢) بڕگەیە، تیشك دەخاتە سەر (خەسڵەتە دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، تێیاندا

هەردوو بەرە: تیۆری و پراکتیك، هاوسەنگانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

هەرچی بەشی سێیەمی ئەم کتێبەیە، (٧) بەچکە ناونیشانی هەیە و سێ تەوەرەیە: ١) داهێنان لای لەتیف هەڵمەت. ٢) سایکۆلۆژیەتی بنیاتی شیعر. ٣) سایکۆڵۆژیەتی سروشت. دیارە هەر یەك لەمانەش هەوار و کەپرۆکەی خۆی هەیە. نووسەر هەوڵی داوە ئەم تەوەرانە بکاتە مولکی سەرفی خۆی و مۆری خۆی لە نێوچەوانیان بدات کە پێشتر زۆرکەم، لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخدا، سەری ئەم بابەتانە چاککراوەنەتەوە.

**خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی نووسەر لە هەریەك لەم دوو کتێبەدا، یان بەراوەردکاریی لە شێوازی بەکارهاتوو لە نووسینیاندا:**

ئەم تەوەرە، کاکڵی بابەتەکەمانە کە دەیکەینە کەرەستەی خاوی کارەکەمانە. خوێندنەوە، وەك چالاکییەکی هزری و ڕۆشنبیری و مەعریفی، چەند شکڵ و شێوەیەکی هەیە، وەك خوێندنەوە لە پێناو زانیاریدا، گەڕان بە دوای بیرۆکەدا، خوێندنەوە بە مەبەستی خۆدەربازکردن وە خوێندنەوە بۆ ئاوێتە بوون (Reading for Engagement) (٤)، کە ئەمەیان بەم شێوەیە وەسف دەکرێت:"مەحاڵە لە ژانرێکی ئەدەبی بگەین، ئەگەر ئاوێتە بوونێکی ئەزموونداری زیندوو، لە نێوان خوێنەر و دەقدا نەبێت، ئەمە خوێندنەوە نییە، بەڵکو زۆرانبازییە لە نێوان پەیامگر و دەق دا." بۆیە (Donald Hall) دەڵێت:" لەگەڵ ئەم خوێندنەوە دا، چاوەکانمان سەما دەکەن، لێوەکانمان بزە دەیانگرێت، دەمارەکانی ئەوکمان دەکەونە کار و دڵمان ترپەی لێوە دێ و بیرمان لە دقنی قۆڕو لیتەی دەقدا دەچەقێت." (٥) جا دەبێ ئێمەش ئەم جۆرە خوێندنەوە بکەینە دەستپەلیکی کارەکەمان. (عەبدولمەتەلیب عەبدوڵلا) هەر لەم بارەیەوە دەڵێت:" ڕەخنە، بەردەوام کارکردن بووە لە سنوورەکانی دەقدا، یان بە مانایەکی دیکە ملکەچی دەق و نووسەر بووە، بەڵام خوێندنەوە گفتوگۆکردنە لەگەڵ دەق و بەشداریکردنی خوێنەرە

لە پرۆسەی ئیبداعدا. خوێندنەوە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی خوێنەری هۆشیار و شیکارئامێز و چێژخوازی لە خۆگرتووە، لە هەمان کاتدا بە گشتی هەوڵ دەدا کە لە چوونە نێو چەکی خوێنەر، گشتگیر بە مانا میتۆدگەرییەکەی، دوور بکەوێتەوە. هە ر وەکو چۆن کار لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو چەمك و دەستەواژانە دەکات کە دەکەونە دووتوێی دەسەڵاتی دامەزرێنەرانەی دەق. لە لایەکی دیکە ڕەخنە جۆرێك لە ئەرزش و پلە بۆ نووسەری دەق دادەنێت.".(٦) ئێستا، تۆیش حەقتە بپرسیت:" ئەدی نووسین چەند شێواز هەیە؟"

توێژەران، سێ جۆر شێوازیان لێکدی جودا کردۆتەوە و بە هەر یەکێکیان پێوەری تایبەتییان بۆ مەبەسیت و فۆرم و زمانەوانی داناوە. ئەمەیش پوختەی شێوازەکانی نووسیینە:

**(١)** شێوازی ڕاڤەکار :(Expository Style)

کە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:

- ڕاڤەکردنی بابەتێکی مشتومڕ لەسەر.
- دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی دۆزی بابەتێك.
- تۆمارکردنی گفتوگۆی هاوسەنگی بیروبۆچوونە جیاوازەکان.
- ڕا دەربڕین لەمەر بابەتێك و هەڵسەنگاندنی.

نووسەر دەتوانی ئەم شێوازە بۆ هەموو تەمەنێك بگونجێنێت، بە گوێرەی بەهرە و بلیمەتی خۆی، واتا بۆ منداڵ و مێرمنداڵ و هەرزەکار و ڕوشنبیر و نوخبە و بلیمەتەکان.

فۆرمەکەشی لەم دارشتننانەدا خۆی دەنوێنێت:

- توێژینەو و لێکۆڵینەوە.
- نامە.
- شیتەڵکاریی ڕۆژنامەوانی.
- ڕاپۆرتە هەواڵ.

- یادەوەریی خۆد و یادەوەریی کەسانی تر.
- گوتار و ئاخاوتنی جەماوەری.
- نووسینی فلیمنامە و شانۆنامە و گوتاری ڕادیۆ.

دەکرێت بنیاتی زمانەوانی ئەم جۆرە شێوازە وا چڕبکەینەوە:

نووسەر پەیڕەوی زمانێك دەکات کە لە ئاست و ئاراستەدا، پلە و مەقامی خوێنەر لەبەرچاو دەگرێت و بە زمانی ئەوان قسەدەکات، جیاوازی تەمەن و قۆناغ و ڕوشنبیریی ئەوان ڕەچاو دەکات.

**(٢)** شێوازی قایلکەر:(Persuasive Style)

ئەمەیش بۆ ئەم مەبەستانەدا پەیڕەو دەکرێت:

- ئیقناعکردنی خوێنەر بە خوردکردنەوەی بڕگەیی بابەتی کێشە لەسەر.
- پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی پەیامگر.
- کارکردنە سەر بیروبۆچوونی خوێنەر بەمەبەستی پەلکێشکردنی بۆ ئەو فەزاییەی خۆی باوەڕی پێیەتی.

وەکو شێوازی ڕاڤەکار، ئەم شێوازەش بۆ هەموو توێژ و چین و تەمەنێك دەستدەدات، بەڵام لێزانی نووسەری لە داڕشتنەکاندا گەرەکە. لێرەدا گۆڕانکارییەکان پتر لە فۆڕمی شێوازەکە دایە، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

- سەروتاری ڕۆژنامەوانی.
- گوتار و داڕشتن.
- گێڕانەوە، وەك لە کورتە چیرۆك دا بەرچاودەکەوێت.
- مۆنۆلۆژ، نواندنی تاك ئەکتەری.

بونیاتی زمانی شێوازەکەش، هەمیشە هاوسەنگ و هاوتا دەبێت لەگەڵ، مەتنی بابەتەکە، کەواتە ئەمە هەواڵەکەیە یان ڕاپۆڕت و کورتە چیرۆکەکەیە کە دەستی نووسەر دەگرێت بۆ

بژارەکەدنی شێوازی شیاو و گونجاو. ئەم شێوازە پتر ڕووی دەمی لە چین و توێژێکی تایبەتمەند دەکات، بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی بەرامبەر و ڕازیکردنی بە بۆچوونی نووسەرەکە.

(٣) شێوازی خەیالآوی:(Imaginative Style)

هەرکاتی نووسەر پەل بۆ یەکێك لەم بوارانە ببات، ئەوا دەبێ خۆی دەخیلی شێوازی خەیالآوی بکات:

- کەیف و سەفا و ڕابواردن.
- سەرسامکردنی پامگر.
- هاندان و ورە بەرزکردنەوە.
- خرۆشاندنی هەست و نەست و سۆزی خوێنەر.
- وروژاندنی هۆش و هزری پەیامگر.
- کردنەوەی دەروازەکان بۆ بابەتە هەمە ڕەنگەکانی وەك جیهانی منداڵ و حیکایەتخوان و ئەدیب و هونەرمەندان.

جا ئەمەیش بە فۆڕمی دیاری کراوی خۆی زۆر شیاوە و کاریگەری بۆ ئەم بابەتانە:

- کورتە چیرۆك.
- ژێرنووسی فلیم و شانۆگەری.
- گفتوگۆ و دایەلۆگ.
- نامەگۆڕینەوە.
- شیعر.
- ئەفسانە و چیرۆك ی خەیالآوی.(٧)

پنتی درەوشاوەی بنیاتی زمانەوانی ئەم شێوازە، خەیاڵە. ئەو نووسەرەی لە تەنکە خەیاڵدا مەلەدەکات و توانای بناوی قوول و بێنی هەناسە درێژی نییە، واباشترە، قەرەی خۆی لەم

جۆرە شێوازە نەدات، چونکە کە نەیتوانی تێیدا باڵادەست بێ، ئەزموونێکی فەریك و نەزۆك دێنێتە بەرهەم. (٨)

ئێستا، دوای ئاشناکردنی خوێنەر بە جۆرەکانی شێواز، شیتەڵکارییەکی بێلایەنانە بۆ شێوازی نووسینی هەردوو کتێبەکەی د. هاوژین سڵیوە دەکەین، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە "گەوهەری ڕەخنەی بونیاتگەریی شیکردنەوەیە نەك هەڵسەنگاندن. باشی و خراپی بەرهەم ئامانجی ئەم میتۆدە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان چۆنیەتیی دەرخستنی پێکهاتەو واتایە، ئەویش لە ڕوانگەی پێکەوە گرێدانی توخمەکانەوە دەبێت." (٩) بە خوێندنەوەی ئەم بوارانە:

- فۆڕمی نووسەر.
- فەرهەنگی نووسەر.
- دەست و قەڵەم و داڕشتنی نووسەر.
- ڕێنووس و خاڵبەندی.
- پەیام و مەغزا گەیاندن.
- کۆسپ و کەندولەندی نووسینەکان.

کە قەڵەم دەبێتە نیگارکێشی هزر و هەست و خەیاڵی نووسەر، دەبێ بپرسین کە سەرچاوەی فکری و ئەدەبی و مەعریفی ئەم نووسەرە کامانەن و لە کوێوە جۆگەڵەیان هەڵبەستووە؟ د.هاوژین سلێوە، بەدەر لەوەی کە هەڵگری بڕوانامەی بەکەلۆریۆسە لە ئەدەب و زمانی کوردی، خوێنەرێکی بە سەلیقە و پرسنیش بووە و شەڕیشی بە (نووسین) فرۆشتووە، تا لە ساڵی (٢٠٠٤) دا، توانی دەنگی خۆی بگەیێنێتە بەر گوێی بیسەر بە بڵاوکردنەوەی بابەتێك لە ڕۆژنامەی (کوردستان) ـ چاپی حیزی دیموکرات، ئێران ـ بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرێکی گۆران دا). ئەم دەستپێکە، بۆ مەمانانی ڕەخنەگر بایەخی خۆی هەیە، بە واتایەکی تر، ئەو، وەك هێندێ خەڵك، هەر نووسەری ئاسایی ماستەرنامەیکی هاکەزایی نەبووە. خەونی ئەو هەر ئەوە بووبێت بڕوانامەیەك بخاتە تەنکەی

گیرفانییەوە. کاتێ نووسەر وەك ڕەخنەگر و توێژەر و شاعیر دەردەچێ، قورسایی بەهای نووسینەکەی سەنگتر و باڵاتر دەخەملێندرێت.

لە کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، نووسەر پەیڕەوی (شیوازی ڕاڤەکەر و شێوازی خەیاڵآوی) کردووە، بێگومان شێوازی ڕاڤەکەر، خورتییە و دەبێ لەم چەشنە لێکۆڵینەوە بەکاربێت، بەڵام شێوازی خەیاڵآوی، چۆن؟ لە سەرنج دان لە شێوازی نووسینەکە، خوێنەرن دەبینی کە د. هاوژین سلێوە، زۆر پابەندی داڕشتنی پەخشانی ئەدەب ئامێزە، و لەژێر کاریگەری سیماکانی ئەم تەرحە دەربڕینەدایە، ئەمەیش، بەلای منەوە لە بەر دوو هۆ:

یەك: خودی نووسەر قەڵەم بە دەستە و خاوەن سۆز و خەیاڵی شاعیرانەیە و نەیتوانیووە لە دەرەوەی ئەم قاوغەدا دەربڕین بکاتە وەسیلەی گەیاندنی پەیامەکەی بە ڕوخسار و ئاوازێکی تر.

دوو: نقووم بوونی نووسەر لە دەریاچەی فراوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بێ پسانەوە پتر لە (١١) مانگ، ئەوی خستۆتە ژێر ڕکیفی خۆی و دەستی لێسەندووە. زۆر جار نووسەر، لە گەرمەی نووسینیدا، دەرویش ئاسا، دەگاتە حاڵەتی بێئاگایی و جەڵەوی ئیرادەی قەڵەم جولاندن لە دەستت دەدات و شاعیرانە بابەتەکان دادەڕێژێت. کتێبەکە دەیان نموونەی ئاوای تێدایە وەك لە لاپەڕە ( ٩٠) دا دەنووسی:

**"لێفەی شڕ، مرۆڤێکی پیر و کەنفتە و هەناسەی بۆ نادرێت و سییەکانی تەنگ بوونەتەوە و دەکۆکێت... لە وێنەیەکی تردا دۆشەگ مرۆڤێکی برسییە و هەناوی بە تاڵە و شەو خەو دەیباتەوە و خەو دەبینێت... . لەلاوە سەبەتەی نان کە بە تاڵ بووە وەك مرۆڤێك چاوەکانی لە ئاستی ئارد دا کزبووەتەوە و سەیری دەکات ... ."** (١٠)

نووسەر بەم نەفەسە (٣٨٠) لاپەڕە بە زانیارییەکانی ڕەشدەکاتەوە.

بۆ فەرهەنگی نووسەر، دەڵێم: چونکێ ئەو تازە دێ پێ بگرێت و ئەزموونی نووسینی لە قۆناغی(بنەڕەتی) دایە، دەبینین کە فەرهەنگی زمانەوانی ئەو، زۆر سادە و ساکار و گشتگیر و ڕوونە. لێڵی و تەموومژی چڕ، بەدی ناکرێت. خوێنکارێکی قۆناغی حەوتی بنەڕەتی دەسەڵاتی بەسەر دەستەواژە و ڕستەکاندا دەشکێ و تێیان دەگات. هاوسەنگیی نێوان (وشە) و (واتا)، باش ڕاگیراوە و لەنگی و خواروخێچ و بێسەروبەری پێوە نابینرێت. بۆ نموونە، لە خوێندنەوەی (٢٩٠) وشەی لاپەڕە (٦٨) چوار پێنج وشەت ناکەوتە بەرچاو کە دوکەڵاوی و لێڵ ونامۆ بن. بە کورتی مەتنی کتێبەکە پاکە لە:

- دەستەواژە و ڕستەی بێسەروبەر.
- دەربڕینی تەمومژاوی.
- داڕشتنی دژوار و دژبەیەك و کاوێژاوی. ( واتا جوینەوە و دوو پاتکردنەوە).

لە بارەی ڕستە و پەرەگرافەوە، بە گشتی، ڕستەکان، زۆربەیان لە درێژی و هەناسەدا، مام ناوەندین، لە قالبی پەرەگرافەکانیشدا، هەر سێ قەبارە دەبینین، بە گوێرەی پێویست: کورت، مام ناوەند، درێژ. ئەوەی کە زۆر درێژ هاتە بەرچاو، پەرەگرافێکی لاپەڕە ( ٦٤ ـ ٦٥) بوو کە (٤٢) دێڕ بوو.

لە ڕێنووسەکەی قەڵەمی نووسەر، تێدەگەین کە زۆر هەوڵی داوە بە ڕێکترین و پوختەترین ڕێنووس بابەتەکانی تۆمار بکات، بەرچاوکەوتنی هێندێ هەڵەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی ڕێنووسی کوردی تا ئێستا کێشەدارە و بە ستاندەر نەکراوە. بە هەمان شێوەش خاڵبەندی کتێبەکە ڕێکو پێکە و ئەگەر برێك ناجوریش هەبێت ئەوا دەکرێت لە چاپی دووەمیدا پاکنووس بکرێت. ڕیزبەندی و پۆلین سازیی سەرچاوە و پەراویزەکان، ئەکادیمییانە ئامادەکراین و هیچ کەم و کورییەکیان تێدا نابینم.

بەدەر لە قسەکردن لەمەر زمانەوانی کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، بەندە ئەم سەرنج و تێبینییانەی هەیە:

- ناوەرۆکی هێندێك بابەت درێژدادڕی پێوە دیارە، ئەمەیش بە واتا فانتازی و گیرخواردن و خۆخۆاردنەوە نا، بەڵکو بە واتای درێژکردنەوەی ڕایەڵەی بڕگەکان زیاد لە پێویست، دەکرا پووختەتر بیرۆکەی هێندێ بڕگە دابڕێژترێت.
- ژمارەی نموونە تێکستە شیعرییەکان، بۆ هەر بابەتێك پتر لە پێویست گرنگی پێدراوە. خۆ دیارە شێرکۆ بێکەس خاوەن گەنجینەیێکی زۆر دەوڵەمەندە بۆ هەر جۆرە وێنەیەکی هونەری بێ سنوور نموونەی هەیە . (١١) بۆ نموونە، دەربارەی بەنیاتی ڕۆمان لە (گۆڕستانی چراکان) (١٨) دەق کراوەتە نموونە، ڕاستە ڕۆمانە شیعرەکە درێژە، بەلام قرتاندنی چەند نموونەیەك هیچ لە بایەخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە.
- پوختەی کتیبەکە بە زمانی ئینگلیزی(Abstract) ، دەبوایە لە لای چەپەوە، بە گوێرەی نووسینی ئەو زمانە، دەست پێبکات.
- وا باش تر بۆ هەموو ناونیشانەکان هاوتایەکانیشسیان بە ئینگلیزی هەبووایە. ژمارەیەکی کەم بۆی داندراوە.
- پوختەکەی بە زمانی سریانی نووسراوە لە بەر وردی فۆنتەکە ناخوێندرێتەوە.

نووسەر سەرکەوتوانە دەقە شیعرەکانی هەڵبژاردەوە بە جۆرێك، هیچ ناتەبای و ناجۆریم لە نێوان بیرۆکەی بڕگە و دەقی نموونەی دەست نیشانکراو نەدی، ئەمەش بەڵگەیە کە ئەو شکڵ نووس بابەتەکانی تۆمار نەکردووە و بە ئەمانەتەوە پەیامەکەی گەیاندووەتە خوێنەرانی.

ئێستا، با بادەینەوە سەر کتێبی دووەم: (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، بزانین نووسەر دوای چوار ساڵ و چوار مانگ لە چاپکردنی کتێبی یەکەم، چی چاندوە و چی چنیووەتەوە.

بەحوکمی گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی کاروانی ئەدەب و مەعریفە و فیکر، د. هاوژین سڵیوە قۆناغی ئەزموونی گەیشتۆتە پلە و پایەکی باڵاتر و قورستر و ئاڵۆزتر، چونکە کانی و کانیاو و کارێزەکانی مەعریفی و ئەدەبی ئەو، بە جۆرێك لە جۆرەکان، تەقینیوەیان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەمەیش لە ڕۆشنایی ئەم خاڵانەوە:

یەك: ئەرکی مامۆستایی لە زانکۆ دەخوازێت زۆرتر بەدوای سەرچاوەی ئەدەبی و مەعریفیدا کنە و بشکنین بکات.

دوو: بەژداربوونی ڕۆژانەی لە کۆڕ و دیدار و سیمینارە ئەدەبی فکری و ڕۆشنبیرییەکاندا، دەستگر و هاندەرن بۆ هەنگاونانی گەورەتر لە مەیدانی نووسین و خۆدۆزینەوەدا.

سێ: هەتا ئەو پتر دیقەت لە سەرچاوە زانیار بیەکان دەدا، پتر تێدەگا کە ڕێگای کاروانی دوور و درێژە و پڕە لە هەوراز و نشێو و سەعیکردنی زۆرتری گەرەکە.

لە هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبەدا دەبینین کە هەڵبژاردنی ناونیشانەکە، بازدانێکی گەورەیە لە تێڕامانی د. هاوژین سڵیوە بۆ توخم و پێکهاتە و ڕەگەزەکانی ئەدەب و ژیان و ژینگەی دەوروپشتی. ئەو هەموو سەنگ و قورساییی، لە کتێبی یەکەمدا، خستبووە سەر ڕشتەی (ئەدەب) لەویشدا، ئاسنی سوورکراوەی سەر دەزگایەکەی (وێنەی هونەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) بوو. واتا، هەم شیعرەکە و هەم وێنە هونەریەکە سەر بەیەك خێزانی ئەدەبی بوون، هەرچەندە لێرە و لەوێ پەل هاویشتنی تێدا بوو بۆ دونیای جوانکاری و ڕەوانبێژی ئەفسانە و ... . بەڵام کتێبی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، دوو سەرچاوەی جیاوازە، تێکەڵیەك کراون و کراونەتە یەك سوراحییەوە: جیهانی ئەدەب وە جیهانی دەروونناسی. کەواتە نووسەر کاری لەسەر دوو زانستی سەربەخۆ کردووە: زانستی ئەدەب و زانستی دەروونناسی. ئەوەی کە باری نووسەریشی قورستر کردووە زانستە دەروونناسییەکەیە. بۆ؟ چونکە ئەم

زانستە لە سەردەمی ئێستا دا، هێندە چڵ و لق و پۆی لێبۆتەوە و هێندە پەلی بۆ بوارە فرە ڕەنگ و ڕەهەندەکانی ژیان هاویشتووە، کە سەر بە هەر هەیوانێکیان دادەگری. دە دەرگای ترت بەروودا دەکرێتەوە، مەگەر هەر زانستی کۆمپیوتەر و زانستی زامانەوانی، لەم خاڵەدا، وەك ئەو بن. ئەگەر لە کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، تاکە گرفتی نووسەر - بە قسەی خۆی - چونیەتی کۆنترۆڵ کردنی سنووری فراوانەکەی لێکۆڵینەوەکەی بووبێت. (١٢) ئەوا لە کتێبی دووەم دا" کەمی سەرچاوەیە بە زمانی کوردییە" تەنانەت سەرچاوە عەرەبییەکانیش تینوویەتی توێژەر ناشکێنن، چوون ئەم زانستە زۆر بە خێرایی گۆڕانکاریی تازەی بەسەر دادهاتووە و کتێبخانەی عەرەبیش، تا ڕادەیەك لەوان هەژارە.

لە شیتەڵکاری کتێبی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا)، دەبینین نووسەر پابەندی پەیرەوکردنی میتۆدی وەسفی دەروونکاری و شیکارییە، بەڵام وەك فۆڕم هەم شێوازی ڕاڤەکاری و هەم شێوازی قایلکاری بەکارهێناوە، ئەوەی بەزەقی لێرەدا دیارە، ئەوەیە کە نووسەر بە ئاگایانە خۆی لە شێوازی خەیاڵاوی دوورە پەرێز گرتووە. بۆ؟

• ئەو هۆشیاریی ئەوەی هەیە کە دەروونناسی زانستە و خەیاڵ بە زەحمەت تێیدا جێگای دەبێتەوە، مەگەر لە باس و خواسی مەسەلەیەکی وەك خەون و فلاشباگ و فانتازیادا ناوی بێت.

• لە خوردکردنەوەی شیعرەکاندا، ئەوەندەی ئەو سەرقاڵی سیما و بنەما و ڕەگەز و فەلسەفەی دەروونناسییە لە دەقەکاندا، هێندە پەرۆشی نییە بۆ خۆ خەریککردن بە جیهانی خەیاڵ و جوانکاری و وێنەهونەرییەکانی تێکستەکان. هەر بۆیە کە وەك ڕەخنەگر، سەرنج لە فەرهەنگی زمانەوانی ئەم کتێبە دەدەین دەبینین جیاوازییەکان، بە بەراورد لەگەڵ کتێبی یەکەمدا، ئاسمان و ڕێسمانە. ئەمەیش لە سۆنگەی ئەم ڕاستییانەدا:

یەك: پابەند بوونی نووسەر بەو زاراوە و چەمك و واتایانەی سنوورەکەیان دیارە و بواری یارییەکردنی خەیاڵاویان تێدا نییە. نووسەر ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی فۆڕمی زانستیی دارشتننەکە هەڵوەشێنێتەوە شاعیرانە حەیرانی تێدا بچرێت!

دوو: گەنجینەی فەرهەنگ و زمانەوانی نووسەر لەم چوار ساڵ و چوار مانگەدا دەوڵەمەندتر بووە و شارەزاتر بە زاراوە و تیۆر و میتۆدی تازەباوەکان ئاشنا بووە. " زمان لەوە زیاترە کە هەر تەنیا گوزارشت و نووسین و بڵاوکردنەوە بێت. زمان بەسەر کۆمەڵێك ئاماژە و هێما و دالی ڕێکخراو دابەشکراوە کە ئەرکی تایبەتیان هەیە و خاوەن مانای تایبەتی و دیاریکراون بە پێی نەسەقێکی دیاری کراو بەڕێوەدەچێت، بۆیە ئەوە زمانی ئەدەبییە کە لە میانەی نووسینەوە مانا و مۆرکی مرۆڤانە دەبەخشێتە دەقەکان." (١٣)

سێ: کارکردنی بە ئەنقەستی نووسەر بۆ تێکشکاندنی تەیمانی شێوازی کۆن و خۆ بەدوورگرتن لە لاسایی کردنەوە و چەقبەستن و تەراتێن کردن لە یەك چوارگۆشەدا. ئەو دەزانی کە نوێخوازی سیمای نووسینی سەردەمە.

بۆیە دەبینین بنیاتی زمانەوانی ئەم کتێبە، لە دارشتنی ڕستە و برگە و پەرەگرافدا، چرتر و مەحکەمتر و تۆکمەترن، بە بەراوەرد لە گەڵ کتێبی یەکەمدا. نووسەر بە قەد بەرەکەی خۆی پێی لێراکێشاوە و زانیویەتی لێرەدا درێژدادری و زۆر خووردکردنەوە، بە لا ڕێی دادەبەن، بۆیە هەر ڕستەیەك، وەك بەردی دیواری گەچ، بە وەستایی، لە شوێنی خۆی جێگیرکراوە و داندراوە. وەك گوتمان، لێرەدا وەستاکاریی نووسەر پتر لە ڕەهەندە دەروونناسییەکە دایە و بە هەمان حەماسەتی کتێبی (بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا)، لە ئەدەبیاتی دەقەکاندا کارینەکردوو ـ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە وەك پێویست بایەخی پێنەداون. ـ بەبێ مەدح و ستایش، لە

دیدی منەوە ـ ئەکادیمییانە کاری لەسەر کردوون، بەڵام بازنەی سنووری دیاریکراوەی کارەکەی خۆی زانیوە و نەی بەزاندووە.

پەیامی نووسەر: لە ساڵی (٢٠١٣) دا ئەم کتێبە کەوتە بازاڕ، نووسەر باش دەزانێت کە بەرهەمەکەی دەبێتە سەرچاوە بۆ خوێندکار و مامۆستا و ڕۆشنبیران، بۆیە هەرچی لە توانایدا هەبووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە شێوەیەکی زانستییانە خستووتە گەڕ. ئەمەیش بە:

• دوور کەوتنەوە لە لێڵی و تەمومژی.

• پابەندبوون بە زاراوە زانستیی و ئەدەبییەکان.

• خۆدەرباز کردن لە سووڕانەوە لە دەوری تاکە بیرۆکەیەك، یان سەرچاوەیەك، هەر بۆ نموونە لە فرۆیدە و بازی داوە بۆ گوستان یۆنگ ( ١٨٧٥ ـ ١٩٦١)، ئەدلەر ( ١٨٧٠ ـ ١٩٣٧) ... تاد.

• ئەمەیش نموونەی پەرەگرافێکە لە لاپەڕەی(٦١) ی ئەم کتێبەدا نووسراوە و خوێنەر دەتوانی شێواز و زمانی نووسەر هەڵسەنگێنێ :" **(منی باڵا) باڵوێز و نوێنەری بەها و دابونەریت و ئاکاری کۆمەڵایەتییە لە ناو خودی مرۆڤدا، (منی باڵا) وەك دراوێك دوو ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمی ناو دەبرێت بە (منی نموونەیی) کە بریتییە لە لاسایکردنەوەی دەمەلاسکێی گشت بەها و ڕەوشت و ئاکارە جوانەکانی دایك و باوك و مامۆستا و کەسە گرنگ و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵ کە منداڵ بە نموونە و گەورەی خۆی دادەنێت، ڕووی دووەمی ( منی باڵا) ناو دەبردرێت بە ( ویژدان)... ."** (١٤)

• لە بەشەی سێیەمی کتێبەکەدا، دوو ئافەرین، بە نووسەر دەبەخشم:

١) بە تیشك خستنە سەر ڕۆڵی ڕەهەندی دەروونی لە داهێنانی شیعریی لە لای لەتیف هەڵمەت دا.

٢) کردنەوەی دەرگاکانی سایکۆلۆژیەتی بنیاتی شیعر و سایکۆلۆژیەتی مۆسیقای شیعر و ڕەنگەکان و (با) و وەرزی پاییز. ئەمەیش دەستی توێژەران دەگرێت و زۆر دەروازەی تازەتر بە ڕوویاندا دەکاتەوە، کە پێشتر زۆرکەم ئارایشتکراون وەك

سایكۆلۆژیەتی دایك، منداڵ، خوداپەرستی، ئایندە، مرۆڤدۆستی، بوون و مەرگ ... تاد.

ئەوەی كە لەم كتێبەدا بینرێت:

- پوختەی كتێبەكەیە بە زمانەكانی وەك عەرەبی و ئینگلیزی .... نییە.
- هاوواتای زاراوە و ناونیشانەكان بە زمانی ئینگلیزی لە پاڵ كوردییەكەی تۆمارنەكراون.
- چەند هەڵەیێكی ڕینووسی و چاپ هەیە.
- وێنە و نەخشە و هێلكاری كەمە یان نییە بۆ تەوەرەكانی.
- سەرچاوە و پەراوێزەكان ئەكادیمییانە و جوان تۆماركراون.
- دیزاینی و جۆری كاغەز و چاپكردنەكەی ئێسك سووك و باش و ڕێكوپێكە.

**ئاكام:**

- زەمان و مەكانی نووسینی كتێبەكان بۆ نووسەر شیاو و لەبار و گونجاو بووە. مەبەستمان لە زەمان، فەزا ئازادییەكەی دەربڕینە كە دوای ڕاپەڕین لە كوردساندا هاتووەتە ئاراوە و بۆ مەكانیش، هەم زانكۆ و هەم جیهانی دەروبەری نووسەر لە بواری كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەكنەلۆژیای سەردەم ئاسانكاری بۆ كردووین.
- هەر لەسەرەتاوە، نووسەر بۆ پلە و پایەی وەزیفی خۆی سەرگەردان نەكردووە. ئەو وەك عاشقێكی ئەدەب و زمان و هونەر، نووسینی كردووەتە ئامرازی دەربڕینی زانستت و مەعریفە و سۆز و خۆشەویستی خۆی.
- لە نێوان چوار ساڵ و چوار مانگی لە دایك بوونی ئەم دوو كتێبە دا، بە ئاشكرا دوو جۆر شێوازی نووسین خوی دەنوێنێ و شێوازی بنیاتی كتێبی دووەم تێپەڕاندنی كردوە و جیاوازە،

کێرڤی ئەزموونی نووسەر لە هەڵکشاندایە نەك چەقبەستن و دابەزین.

- سێ جۆرە زمان لە داڕشتن و شێوازی ئەم دوو کتێبە بەکار هاتووە: زمانی زیندوو، " کە ئەو زمانەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، جا زمانێك تا بە زیندووی بمێنێتەوە، بەس نییە تەنیا لە بۆنە ئایینی و زانستییەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵکو پێوستە لە ژیانە ڕۆژنەدا بەکار بێت." (١٥) وە زمانی تایبەت، " ئەو زمانەیە بۆ بوارێکی زانستی تایبەت بە کاردەهێنرێت، بۆ نموونە زاراوەکانی زمانەوەانی." (١٦) هەروەها زمانی پسپۆڕیی کە" پەیوەستە بە بەکارهێنانی لە کایەیی تایبەتدا وەك پیشەیی یان زانست یان فیزیا... تاد."(١٧)
- ناوەرۆکی هەر یەك لەم دوو کتێبە، دەوڵەمەند و بە بڕشت و سەرمایەیە، لە فەرهەنگ و زانستدا. کتێبخانەی کوردی عەوجە بەم چەشنە بەرهەمەیە.
- هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشانەکان زیرەکانە ئەنجامدراون. نووسەر دەسەڵاتی باشی بەسەر لایەنە زانستی و مەعریفییەکانی بژارەکانی هەبووە
- ئەگەر بەرد و تەرازوومان ئەوە بێت کە" بەها و گرنگی هەر کتێبێك وێرای ناوەرۆکەکەی، تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەو ڕێباز و ڕێکخستنەی کە تێیدا پەیڕەو کراوە و ئەو سەرچاوە و ژێدەرانەی کە خاوەنەکەی زانیاری لێ وەرگرتوون لە ڕووی چەندیەتی و چەشنەوە."(١٨) ئەوا بە بێ ڕاڕایی دەڵێین کە ئەم دوو کتێبە دەچنە ڕێزی کتێبە سەرکەوتوو و سوودبەخشەکانی چاپخانەی کوردی.
- چاپی دووەمی هەر دوو کتێب، گەر بلوێت، دوای پاکنووسکردن و زیادکردنی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێداون، کارێکی باش و بە کەلکە.
- لە سەر بەرگی هەر یەك لە کتێبەکان بە شێوەیەك ناوی نووسەر تۆمار کراوە. دەبێ نووسەر یەك فۆڕمی ناوی خۆی

هەبێت، نەکۆ خوێنەری نەشارەزا وا بزانێت (دوو) کەسی جیاوازن: بەرگی کتێبی یەکەم: هاوژین سڵیوە عیسا. بەرگی کتێبی دووەم: د. هاوژین صڵیوە.

- هەردوو کتێب خاڵین لە پڕۆفایلی (ژیاننامەی) نووسەر. بوونیان باشترە بۆ خوێنەر.

دەستخۆشیی لە د. هاوژین سڵیوە دەکەم، دڵنیام کە خەوەنەکانی زۆرن و لە ئایندە سنووری ئەم شێوازانەش دەبەزێنێ و بۆ جیهانێکی جوانتر و باڵاتر و پیرۆزتر پەلکێشمان دەکات، چونکە هەرچی لە دەوروپشتی ئێمەدا بوونی هەیە لە گۆڕانکاریی بەردەوام دایە. سەرکەوتوو بن!

١٧/ ٩ / ٢٠١٥ کۆیە

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


(١) قۆرئانی پیرۆز، سورة الاسراء. آیة ٨٨.

(٢) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا، چ. دووەم، هەولێر، ٢٠١٢، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ل. ١٢٦

(٣) س. پ. ل. ١٢٧

(٤) فازیل شەورۆ. خوێندنەوەیەك لە( ٢ کتێب لە یەك کتێبدا)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥، ل. ١٦- ١٧

(٥) س. پ. ل. ١٩

(6) http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/21886.html

(7) http://classroom.synonym.com/write-book-analysis-paper-4574.html

(٨) جگە لەم سێ جۆرە شێوازە، چەندین جۆری تریش هەیە، کە نامانەوێ لێرەدا بە درێژی باسیان بکەین. ف. ش.

(٩) د. عەلی تاهیر حەسین. ڕەخنەی بونیاتگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل. ١٠٥.

(١٠) د. هاوژین سڵیوە عیسا، بونیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل. ٨٠

(١١) د. هاوژین سڵیوە، لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە، (٣٦) دیوانە شیعری شێرکۆ بێکەسی لەبەر دەست بوو.

(١٢) سەرچاوەی ژمارە ١٠.

(١٣) گۆڤاری ئەکادیمی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر، ژمارە ١٨ ،٢٠١١، ل. ١٣١.

(١٤) د . هاوژین سڵیوە، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٦١.

(١٥) د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو. زار و وزمان، چ ٢، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤، ل. ٢٦.

(١٦) س. پ. ل. ٤٠.

(١٧) س. پ. ل. ٤٢.

(١٨) گۆڤاری ئەکادیمی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر، ژمارە ١٤، ٢٠١٠، ل. ٥٨.

## بابەتی (٩)

## ئەزموونی کەسی لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا

## دەقەشیعرێکی (قوبادی جەلیزادە)

## بەنموونە

" پێش بوونی ئەزموون، هیچ پێناسەیەك بۆ شیعر بوونی نییە".

(ئەحمەدی مەلا)

### بەشی یەکەم

**١) پێناسە و چەمکی ئەزموون:**

بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای سەختی پڕ هەوراز و نشێوی پێناسەی "ئەزموون"، ڕستەیەکی سادەی (هینری بێرگسەن Henry Bergson) دەکەمە کلیلی دەروازەی بابەتەکەم، کە ئەویش لە نامەیەکی فەیلەسۆفێکی فەرەنساییەوە بە بەرچاوی کەوتووە، دەڵێ: "بای هێندە ئازار و دەردەسەریم بەدەست ئەو هاوڕێیەمەوە دیوە، کە بتوانم باش بیناسم." لێرەدا دوو واتا: (ئازار و دەردەسەری) وە (بیناسم)، دەکرێ بە دوو کۆڵەکەی زێڕینی پیناسەی (ئەزموون) دابندرێن، ئەمەش لەسۆنگەی ئەو حەقیقەتەوە کە هیچ ئەزموونێك نییە خاڵی بێت لە ژان و ئازار و موعانات و سەرئێشە، وەك بڵێ ئەزموون کچی ڕووسووری ئازارەکانی مرۆڤ بێ، جا بەبێ (ناسینەوە) ی ئەو ئازارانەش، زوو یان درەنگ، ئەزموون مۆمێکی بێ فتیلە و چرایەکی بێ نەوتە، چونکە شاخەسڵەتی ئەزموون لە دووپات بوونەوی دایە، با لە ڕۆژگار و مەکانێکی جیاوازیش دابێت.

ئێمەی مرۆڤ وەك سووڕی شەو و ڕۆژ، بەبێ وەستان و بەبێ پسانەوە، هەمیشە لە پراگتیزەکردنی ئەزموونەکانمان داین، ئێستا کە تۆی خوێنەر ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە، بەبێ ئاگایی

خۆت، پراكتیزەی ئەو (دارا دوو داری دی) یەی دەكەی كە سەردەمانێك ئازار و شەونخونیت بۆ چێشت تا فێری بوویت و خۆشبەختانەش ئەو (دوو دارە) ئێستا لە هزر و مێشكی تۆدا بووەتە چەندین دارستان و جەنگەڵ. جا من دەبێ بابەتەكەم لەو دارستان و جەنگەڵانەی نێو مێشكی تۆ و بەرچاوی تۆوە دەستپێبكەم، چونكە بابەتەكمان( شیعر) ە. بۆ بەرچاوڕوونی تۆ، با نەختێك وردتر هەنگاوەكانم هەڵێنم، تا ئەلقەی پێوەندی نێوان (شاعیر + تۆ) وە (شیعر + هزری تۆ) دەستنیشان بكەم و بزانین چییە و چۆنە!

نووسەر و ڕەخنەگری كورد (ئەحمەد مەلا)، یەكڕێ و قەتبڕ، لەبارەی ئەزموونی شیعریدا دەڵێ: " پێش بوونی ئەزموون، هیچ پێناسەیەك بۆ شیعر بوونی نییە، بەڵكو پێناسەكردنی شیعر، بەرهەمی ئەزموونەكانی شاعیرە، پێناسەیەك بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە، وەكو جیوەیە، شكڵ و شێوەكانی لە دەقێكەوە بۆ دەقێكی دیكە دەگۆڕێن. شیعر وەكو دوو هەنگاوی مرۆڤە: یەكێكیان هێشتا لە ڕابردووە، ئەوەی دیكەی فڕێ دەدرێتە نێو فەزای نەناسراو." (١) لێرەدا زاراوەی (ئەزموون) جووت جەمسەرە: (ئەزموونی شاعیر + ئەزموونی پەیامگر ـ كە تۆی خوێنەرە). ـ دواتر درشتر قسە لە ئەزموونی شاعیر دەكەین، جارێ با هەر لەگەڵ تۆی پەیامگر، بدوێین. بۆچی؟

چونكە ئەزموونی شاعیر بەبێ بوونی ئەزموونی پەیامگر، وەك ئەوە وایە باسی ڕووبار و شاخ و داخەكانی ئەستێرەی مەریخ بكەین، كە نەماندیوون. ئەوكاتەی كە شاعیر دوا نوقتە لە كۆتایی دەقەشیعرێكی دادەنێ، ئەوە مانای ئەوەیە، ئەو ئەمانەتەكەی خۆی ڕادەستی تۆی (پەیامگر) دەكات، جا بێئەزموونیی و كەمئەزموونیی و كاڵئەزموونیی پەیامگر، ئەزموونی شاعیر (لە دەقەكەدا) زیندە بەچاڵ دەكات. دەبێ پەیامگر، ڕەخنگرێكی ئەزموونناس و دیاردەناسیی - (Phenomenologist) ژیان و هەسارە و بوون بێت .

وادانیَ، ئێستا تۆ لە باغێکی پڕ لە سەدان بنجە گوڵ و گوڵزار و نەمام و داروودرەختی، لەگەڵ باغەوەنەکەدا، بەیەکەوە لەم باغە خۆش و جوانەدا پیاسەیەك دەکەن، ناوە ناوە باغەوانەکە بە سەر گونجەگوڵێکدا دەچەمێتەوە و دەست لە گەڵاَ و غونچەکانی دەدات و دەڵێ " ئەمە گوڵە نازنازە ! قەدەرێکی دیکە غونچەکانی دەکاتەوە" . جا ئەگەر تۆ هیچ ئەزموونێکت لەگەڵ باغ و باغەوانی و گوڵە نازناز نەبێ، مەحاڵە بتوانی چێژ لەم گەشتە وەربگریت. ئاخر تۆ نازانی قوناغەکانی شین بوون و و پشکووتن و شیلە بەخشین و بۆن و ڕەنگپڕژێنی ئەم گوڵە چۆنە. هەر ئەوە دەبینی کە ئێستا باغەوانەکەی نیشانتی دەدات، ئەویش گوڵەکانی هەر غونچەن و هێشتا چاوانیان نەکردووەتەوە تا چاوبازیت لەگەڵدا بکەن. بڕوانە چیوەی بازنەی ئەزموونت چەند تەسك وبەرتەنگە، ڕێگرە لە بەخشینی ئەو جوانییەی کە باغەوانەکە هەستی پێدەکا، لە کاتێکدا هەردوکتان لە یەك شوێن و لەیەك کاتدا تەماشای هەمان بنجە نازناز دەکەن. لێرەدا: باغەوانەکە شاعیرە و تۆی ـ خوێنەری دەقە شیعرەکەش ـ پەیامگر.

چەمکی ئەزموون، ئەو بابەتەیە کە هەمیشە فەیلەسوفەکان شەڕەچەقەی لەسەر دەکەن و بەزەحمەتیش سازان لە نێوانیاندا، لەسەر ئەم چەمکە، مەیسەر دەبێت، چونکە پێیان وایە ئەزموون ناچێتە خانەی (بەئەقڵکردنەوە Reasoning)، واتا ئەزموون بەرهەمی ئەقڵی کرداریی نییە، بەڵکو ئەوە ئەقڵە لە ئەزموونەکان فێری دەبێت. بۆیە ئێمەش، پەیامگر مولزەم ناکەین بەوەی کە دەبێ ئەو، پەڕپەڕ فەلسەفە و تیۆری و چەمکە مەعریفییەکانی ئەزموون بزانێت و ئەزبەریان بکات، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونەی کە (ئەحمەد مەلا) ئاماژەی پێدا، دەبێ تۆی خوێنەری خۆت دەخیلی یەکێك لەم دوو ڕابەرە بکەیت: یان دەبێ خۆت لەگەڵ (شارستانیەتیی سەدەی بیست ویەك) بگونجێنیت و قاوغی قۆزاغەی(نەخوێندەواریی بێمەعریفی) بشکێنیت و بێیتەنێو دونیای (ڕووناك و گەش و

جوانی مەعریفەکان)، یان دەبێ هەمیشە وێڵ و سەرگەردان بیت بەدوای ڕەخنەگرێکی شارەزا، تا بە ئەزموونی شاعیر، ئاشنات بکات، کە ئەمەیش  ناکرێ و بۆ کەس مەیسەر نابێ. لێرەدا قسەمان لەسەر شیعری (ڕەسەن)ە.

وەك پێناسەی (شیعر)، پێناسەی ئەزموونیش، جیوە شێوازە. بۆیە ئەوەی کە من بەلامەوە گرنگە، بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی شیعری، دەبی(هاوسروشتیی Connaturity)، بە شێوەیەك لە شێوەکان،  لە نێوان شاعیر و پەیامگر لە ڕێی دەقی شیعرەوە دروستبکرێت یان بهێنرێتە ئاراوە، ئەگینا ئەزمکردنی (کردەی ئەزموونی شاعیر) لە هزری پەیامگردا قورستر دەبێ لەوەی کە خۆی تێیگەیشتووە. مەبەست لە (هاوسرۆشتیی)، وەك زاراوەیەکی ئەدەبی لێرەد ـ ئەوەیە بە هەر وەسیلە و ئامرازێك بێ، دەبێ کەش و هەوایەکی هێندە نزیك لە جیهانبینیی ئەزموونی شاعیر بخولقێنین، شیاو و گونجاو ولەبار بێت بۆ باشتر تێگەیشتنی پەیامگر، لە ئەزموونی هەڵچنراوی نێو دەقە شیعرەکە ــ تەنانەت ئەم بابەتەی کە ئێستا، تۆ دەیخوێنێتەوە، دەچێتە خانەی ئەم (هاوسروشتیی) یەوە، چونکە دەقی ڕەسەن هەمیشە عەوجە بە ڕەخنەی ڕەسەنە، پێچەوانەکەشی دروستە، کە ڕەخنەی ڕەسەن عەوجە بە دەقی ڕەسەنە. حەقی خۆتە بپرسی: جا ئەمە کارێکی مەحاڵە، ئەزموونی منی (پەیامگر) چۆن دەگاتە پایە و مەقامی ئەزموونی شاعیر، تا جوانتر بەناخی وشە و بیروکە و ناوئاخنی دەقەشیعرییەکانیدا شۆڕببمەوە؟

ئەمە دەوەستێتە سەر ئاستی شاکاریی ئەو دەقەشیعرە و دەوڵەمەندیی ئەزموونایەتی شاعیر و تێڕامان و سەرنجگرتنی پەیامگر لەو دەقەشیعرەی ئەو شاعیرە ئەزمووندارە. بەندە بە پشبەستن بە (واتاسازیی) لە وشەی (ئەزموون) وەك ناوی سادە، زاراوەی (ئەزموونایەتی) م، وەك ناوێکی ئەبستراکتیکی گشتییگیر داتاشیووە، بە پێوەری  بونیاتی ڕیزمانی کوردی، لە وشەسازیدا، وەك ( دوژمن = دەژمنایەتی / کوێخا = کوێخایەتی /

کورد = کوردایەتی) . پێناسەی ئەزموونایەتی، لە دیدی منەوە، تۆقەڵە و پۆپەی کۆی هەموو ئەو ئەزموونانەیە، کە کەسێکە وەك کۆبەرهەمی تێڕامان و تێگەیشتن و هیەڵشێلان و دیقەتگرتنی وردی لە دیاردە و ئاکام و ڕووداوە حەقیقی و نا حەقیقییەکانی ئەم بوون و ژیانە هەڵکڕاندوون، بە خەون و خەیاڵەکانیشەوە.

با نەختێ وردتر( هاوسروشتیی) یەکەی نێوان شاعیر و پەیامگر بە تیشکخستنە سەر ئەو ( ئەزمونایەتی) یە، ڕونتربکەینەوە:

شاعیر دەڵێ:

**ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ**

**ئەگەر دڵە وەکوو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا** (٢)

تێگەیشتنی خوێنەرێکی پیادە، بۆ ئەم دێڕەشیعرە، هەر هێندە هەڵدەگرێ، کە بڵێ " شاعیر لە بەر ژانی فیراق، کزەی لە جەرگەوە دێ ودڵیشی وەکو جەرگی دەسوتێ و هەڵدەقرچێ." بەڵام کە دەڵێن، (حاجی قادری کۆیی ١٨١٥؟ ـ ١٨٩٧) لە شاکارە (بەهاریەکەی) دا دەڵێ:

**ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ**

**ئەگەر دڵە وەکوو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا**

تێدەگەین کە ئەم (١٥) وشەیە، ئەزموونایەتی شاعیری هێندە جوان نمایشکردووە، لە ماوەی (٦) چرکەی خوێندنەوەی بەیتە شیعرەکەدا، فلیمێکی دوور و درێژ، بەبەر چاوماندا، دیمەن لە دوای دیمەن، گرتە لەدوای گرتە، تیدەپەڕێ و لە زۆربەی چرکەساتەکانیشیدا خۆمان لەبیر دەکەین و ئەسڵەن نەدەزانین لە کوێین و نەدەزانین لە چ زەمەنێك داین!

(ئەگەر)، لێرە، لە هەردوو ئاماژەی بەیتەکەدا، (ئامرازی لێکدەری مەرج) نییە، وەك: (ئەگەر چوویت بۆ بازاڕ، منیش لەگەڵتا دێم.) لێرەدا (ئەگەر) واتای (ئەوا هەر منم کە... .) دەدات.

**(منم)**، ڕوخساری کوڕیژگەیەکی گۆڕقەرەجی سوختاخانەکانی کۆیەمان دێنیتە بەرچاو، کە بەبێ دایك و باوك خۆی پێدەگەێنی و، بۆخاتری ئایندەیەکی گەشتری کوردان، بێ ژن و ماڵ و منداڵ لە غەریبیدا سەردەنێتەوە.

**(کزەم لە جەرگەوە دێ)**، هالآوی نۆستۆلۆژیی و دەردەدووری ڕاستەقینەی جەرگی شاعیری لێ هەڵدەستێ، دەبی چەند جار حاجی بەپشتی دەستە چورچەکانی ئەسرینی چاوەکانی خۆی، لە کاتی نووسینی ئەم شاکارەدا، سڕیبێتەوە؟!

**(لە فیراقیان)**، ئاماژەیە بۆ هەموو کوردستان و ئەو (٢٩) وێنە هونەرییەی نێو دەقەکە، کە (١٣٥) ئامارژەی بۆ سروشت و شاخ و داخ و ئاو و ڕووبار و ئاسمان و ئەستێرە و گیاندار و باڵندەکان تێدایە. شاعیر لە کونجی ژوورێکی بێ چرای گەڕەکێکی شاری ئەستەمبۆڵ ئەمەی داڕشتووە.

**(ئەگەر دڵە وەکو جەرگم)**، دڵ سەنتەری بوون و قاسەی ڕاز و خۆشەویستییە، پڕیشکی ئاگرینی ئەو سووتووە لە جەرگەوە گەیشتۆتە ئەوێ، بڕوانە ئەشکەنجەکان، چۆن دەمار دەمار ئەندامەکانی جەستە و ڕۆحی ئازاردەدەن و هەڵیدەکشێن.

**(دەڵێ ئەوا سووتا)**، ئەوانەی سووتانیان نەدیووە، لە ژانی سووتان ناگەن، بڕوانە تەنانەت تۆیش، وەکو خوێنەرێك، دەڵێی: ئەها سەیرکەن، چلۆن دڵی ئەو پیاوە دەسووتێ. لە کاتێکدا تۆ هەر بینەری، نەك ئازارچێژ.

ئەزموونایەتی (حاجی قادری کۆیی) لەم تاکە بەیتەدا، کافییە، بۆ سەلماندنی شاعیریەتی ئەو، ئەم (١٥) وشە سادەیەی ئەم دێرەشیعرە، کۆژان و کۆبەرهەمی خوێن و فرمێسکی پڕ زوخاوی چاوەکانی شاعیرن، یەك تاکە وشە لێرەدا (فەرهەنگی) نییە و لێوانلێوکراوە لە شیعرییەت و کەتواریەتێك کە ئاوێنەی بێگەردی ئەزموونی شیعریە. ئەو لەزەتەی پیرەمێردێکی کوردی پەناهەندە لەولآتێکی وەکو سوێد، لە خوێندنەوەی ئەم بەیتە

شیعرە وەردەگرێ، ڕەنگ بێ چەندبار زیاتر و خۆشتر بێ لەو لەزەتەی کە خوێندکارێکی زانکۆ لە هۆڵی خوێندندا لێی وەردەگرێ، ئەگەر ئەزموونی ئاوارەیی و پەناهەندەیی نەبێ.

شاعیر، مرۆڤە و مرۆڤیش نییە، بوونەوەرە و بونەوەریش نییە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، داهێنەرە، جا با ئەم داهێنانە ڕووکەش و سادە، دەقەشیعرێکی ئاسایی بێ، بەو واتاییەی خاڵی بێ لە خەسڵەتەکانی شاکارەدەق. داهێنەرە، چونکە ئەم دەقە یان ئەم قەسیدەیەی داهێناوە، کە پێش نەنووسینی ئەو بوونی نەبووە. ئەوجا پلە و ئاست و ئاراستەی داهینانەکە چەندە و چۆنە، ئەوە ڕەخنگر و پەیامگر دواتر نمرەی بۆ دادەنێن. باشە با بپرسین: ئەو دەقە داهێنراوەی شاعیر، چییە و لە چیدایە؟ وەلآمەکەی یەك ڕستەیە: لە پراکتیزەکردنی کەتواریەتیی ئەزموونی شاعیر دایە.

**٢) جۆرەکانی ئەزموون:**

پەلوپۆی درەختی (ئەزموون) زۆرە، چونکە بوون و ژیان، لە بەردەوامی خۆیاندا نەوەستاون، هەمیشەش چڵی نوێی تریشی لێدەبێتەوە و لە گەشەکردنێکی بەردەوام دایە، دەکرێ بۆ بەرچاو ڕوونی، پێناسەی قامتێك لەو ئەزموونانەتان بۆ بکەین، کە ڕەنگ بێ، بێئاگایانە، یان بە ئاگایی، شاعیر سوودیان لێوەربگرێ و لە دەقە شیعرەکانیدا تەوزیفیان بکات:(٣)

یەک؛ ئەزموونی ناسکە هەستەکان(Affectionate Experiences) :

خۆڕسکانە و کتوپڕ لە هزری ئەو کەسانە دروستدەبێ کە پەرچەکرداریان هەمیشە لەسەر پێیە وبچووکترین جوولەی هەستپێکراو، باروتی ئەم ئەزموونە ئاگردەدات. ئەمە ڕووبەرێکی فراوانی پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤـ دەگرێتەوە. ئەزموونی وروژاندنی شانەمێروولەیەك، بە چیلکەدارێك لە سەردەمی منداڵی یان گەزی مێروولەیەك،

کافییە بۆ بەخشینی جوانترین ئەزموون لە دەقەشیعرێکی شاعیردا.

دوو؛ ئەزموونی سـوزداری (Emotional Experiences):

هەرشتێك، شانە هەستیارەکانی سۆز و خۆشەویستی و هەستە پیرۆزەکانی مێشك بەخەبەر بێنی، دەچێتە ژێر چەتری ئەم ئەزموونەوە، بۆیە ڕووبەرە جوگرافیایەکەی تا بڵێی گەورە و فراوانە، بۆنی خۆڵی یەکەم بارانی وەرز پاییز، ئاساییە ئەزموونی تامی یەکەم ماچ، بە شاعیر ببەخشێ.

سێ؛ ئەزموونی هەستیاری(Sensational Experiences) :

زۆر ئۆرگان و ئەندامی جەستە و شتەکانی گەردوون، خوداکردانە، جوولە و کارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، وەك دڵ و سییەکان و بارانبارین و خۆرهەڵاتن و شەماڵ هەڵکردن ... تاد. ئاساییە داهێنەر هەستیاریی خۆی لەگەڵ هەستیاریی ئەو جووڵانە ئاوێتە بکات و ئەزموون دابهێنێ. وەك ئەزموونێك لە خەوبینینێکی کاتی خەوتندا یان زیندەخەوندا.

چوار؛ ئەزموونی گۆڕانکاری(Experience of transformation) :

تێکوپێکدانی هەموو شتەکان، بە ئەنقەست یان بێئەنقەست، بە مەبەستی لە قالبدانەوەیان، بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی مێشك بۆ جێبەجێکارەکەی ئامادەکردوو، مەرج نییە ئەزموونەکان بۆ ڕێکخستنەوە و ئارایشتکردن و جوانکاری بن. بەرهەمەکانی زۆربەی شاعیر و هونەرمەندە سورياليیستەکان، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی گۆڕانکارییە.

پێنج؛ ئەزموونی داهێنان:Experience of Creation) :

ئەمە لوتکە ئەزموونەکانە، بۆیە دەکرێ ناوی بنێین (ئەزموونی تەمەن ـ ئەزموونی بوون)، بە گەورەی هەموو تەمەن و بوونەکان. هەڵشێلانەوە و لەنوێ داڕشتنەوە، خەسڵەتی بنەڕەتی ئەم ئەزموونەیە. قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان) ی

(شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠ ــ ٢٠١٣)، دەکرێ وەك نموونەی ئەم ئەزموونە ئاماژەی پێبدرێ.

شەش؛ ئەزموونی لەدایکبوونەوە(Experience of Rebirth) :

ئەفراندنی ژیان و بوون وهەساره و گەردوونێك کە پێشتر بوونی نەبوونێت، وەك لەدایك بوونی منداڵێك کە پێشتر (بوونیی) وەك ئەو، وجودی نەبووە، دەچێتە هەواری ئەم ئەزموونە. هەمیشە ئەم ئەزموونانە وەك شاکار سەیر دەکرێن. شانۆنامەی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) کە (سۆموێل بێکت ١٩٠٦ــ ١٩٨٦)(٤) نووسیویەتی، نموونەیەکی جوانی ئەم ئەزموونەیە.

حەوت؛ ئەزموونی کەمال(Experience of Perfection) :


لە زۆربەی کەلتوورەکان، دەگوترێت کەمال تەنیا بۆ خودایە. لێ، هەرچی تۆ لەم گەردوونە بێسنووره بە پێنج هەستەوەرەکانت هەستی پێدەکەی، کەمالی خۆی لە خۆی دایە، وەره سەیری دەنگە گەنمێك یان گەڵآی دارێك، یان باڵی پەپوولەیەك بکە... تاد. هەرهەموویان خاوەن ئەندازە (هەندەسە) ی تایبەت بەخۆیانن. جا کاتێك شاعیر یان هونەرمەند هەست دەکات کە (ئەندازە ــ هەندەسە) ی نەخشێنراوی نێومێشکی ئەو، جیاواترە یان وردتر بڵێن (کەمال و کامیلترە) لە ئەندازە سروشتییەکان، ئەوا ئەزموونی کەمال لەدایك دەبێ. زۆر بیروکەی فەلسەفی و سۆفیگەریی و لاهۆتی سوودیان لەم ئەزموونە وەرگرتووە.

هەشت؛ ئەزموونی ئارەزوومەندانە(Desired Experiences) :

ئەمەیان تایبەتە بە سروشت و ئەدکاری مرۆڤەکان و دەوروبەریان لە بازنەی جیهانی بێئاگایی دا (جیهانی نەست) دا. زۆرجار خاوەن ئەزموون، دەستەوەستان لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ئەم دیاردەیە دەوەستێ. چونکە پلە و پایەکانی بەرزتر و بڵندترە لە جیهانبینیی بەئاگایی ئەو. هەمیشە هێز و ئیرادەی بێئاگای زاڵە بەسەر هێز و ئیرادەی بەئاگایی. هەر

بۆیە کەسانێك هەن خۆیان دەخیلی مەی و بادە و ماددەهۆشبەرەکان دەکەن، تا بەم مەقامە بگەن. نموونەی ئەزموونێکی ئارەزوومەندانەی سادە، ئەوەیە: کەسێکت خۆشدەوێ (کوڕێك/ کچێك)، وەلێ، نازانی بۆ!

ڕیزبەندی جۆرەکانی ئەزموون، بە گوێرەی زۆری ڕشتە و مژار و بابەتەکان، زۆر و پەرش و بڵاون، نامانەوێ، سنووری لێکۆڵینەوەکەمان پتر لقی لێبێتەوە، بۆیە لێرەدا، نوقتەیك دادەنێم.




جۆرەکانی ئەزموونی ئۆرگانی

**بەشی دووەم**

**بەرەو ئەزموونایەتی لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە) دا**

(جەلالەدینی ڕۆمی ١٢٠٧ ـ ١٢٧٣) دەبێژێت: "ئەوەی دەتبینی، چاوە. تکایە بمانبەخشن، چاو هەر ڕوخسار دەبینێ، نەك حەقیقەت." (٥) کەواتە من هەر ڕوخسار و سیما و شکڵ و شێوەی تۆ دەبینم، هەرگیز لە توانای چاودانییە، بتوانێ ناخت ببینێ، بتوانێ خانە خانە کون وقوژبنی مێشکت بپشکنێتەوە. چاو ناو دڵ نابینێ، هەروەك ناو زەریاش نابینێ، کەواتە تویش ـ پەیامگر، هەر شکڵ و شێوەی دەقەشیعرەکانی شاعیر، بە

چاوەکانت، دەبینی، (دەزانم ئێستا هەیە دەڵێ، زانیارییەکانت زۆر ساویلکەن). ئەوەی کردەی ئەزموونایەتی دەتوانی ئەنجامی بدات، ئەو کردەیەیە کە لە تونای (چاو) دا نییە. ئەمەش کلیلی دەرگا قوفلّدراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. گەیشتن بە پلەی تێگەیشتن لە ئەزموونایەتی هەر شاعیرێك پێویستی بە (چاوێکە) نەك بۆ تەماشاکردن، بەلکو بۆ خوێندنەوەی ناخ، ئەمەیش پێدەگوترێت (چاوی بەصیر). وەك چاوە کوێرەکانی ئەو نابینایانەی کە هێز و توانا و سیحری خوێندنەوەی (ناخیان) هەیە، تەنانەت خودای میهرەبانیش لە کتێبە پیروزەکانی دا مەدح و ستایشی ئەو کەسانەی کردوە کە بە (چاوی بەصیر)ەوە ئایەتەکانی ئەو دەخوێننەوە، یان تەماشادەکەن (وەك تەماشاکردنی ئایەتەکانی مانگ و ئەستێرە و دلۆپەئاو... تاد). کەواتە (چاوی بەصیر) یەکسانە بە (چاوی ئەزموونەکان).

سێ دەقی شیعری سێ شاعیرتان دەخەمە بەردەست، بۆ خوێندنەوەیان، ڕەنگ بێ هەر سێ دەقەکە بای هێندە چێژ و خۆشی و نەشئەیان تێدابێ، دووجار و سێ جار بیانخوێنیتەوە، بەلاّم ناتوانی بگەیتە لوتکەی هەربەرزی ئەزموونایەتی هەر یەك لەو شاعیرانە. بۆ؟ چونکە تۆ ئێستا تەنیا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ئەزموونەکانی ئەو شاعیرەدا دەژیت. لەپشت هەر چیرۆکێك چیرۆکێکی دیکە هەیە، لە پشت هەر ئەزموونێکیش ئەزموونێکی دیکە هەیە. جیهانی ئەزموونەکان، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاسمانەوە. تا تۆ بەرزتر و بڵندتر هەڵبکشێت بەرەو ئاسمان، بازنەی بینیت فراوانتر دەبێ و ڕووبەرێکی زۆر گەورەترت دێتە بەرچاو، هەر بۆیە ڕۆکێتە دەستکردەکانی مرۆڤ بۆ تۆقەڵەی ئاسمان هەڵدەدەن، تا پەخشی دەنگ و ڕەنگ بەسەر فراونترین زۆنی سەر زەویدا بوەشێنن. کەتەماشای ئەزموونایەتی شاعیرێکی وەکو (ئەميناغای حاجی بەکراغا ـ ئەختەر ١٨٣٨ ـ ١٨٨٨) (٦) دەکەین دەبینین، وەك خوداناسێکی بەهرەمەند و هونەرمەندی خاوەن دیوەخانی ئایین و ئەدەب و هونەر، زۆنەکەی بەقەد بەرزایی

لوتکەی چیایی (باواجی)یە، بەڵام لوتکەی ئەزموونایەتیشی لە شیعردا، لەسایەی داهێنانەکانیدا، بۆخۆی مسۆگەر کردووە. بەڵام بۆ شاعیرێکی وەکو (قانع ١٨٩٨ ـ ١٩٦٥)(٧)، کە دەبینین ئاشەوانێکی کەلتوورناسی کوردپەروەری خەباتگێری خاوەن مێژووی ئارەقە و بەندیخانە و برسییەتییە، زۆنی ئەزموونایەتیەکەی، چونکە بە بەرزایی لوتکەی شاخەکانی کوردستانە، زۆر فراوانترە و دەوڵەمەندتریشە بە ئەزموون. خۆ بەراوردکردنی ئەزموونایەتی (عەبدوڵڵا پەشێو) زۆر جیاوازترە، ئەگەر ژمارەی هەنگاو و ژمارەی شار و دێ و ژمارەی وڵآت و کەسەکانی کە ئەوە پێیان ئاشنا بووە، تۆمار بکەین، دەبینین چەندین سەدان جار زۆرترن لە ئەوانەی کە (ئەمیناغای ئەختەر و قانع) پێیان ئاشنا بوون، جا ئەگەر ئەزموونایەتیشی جیاواز بێ لەگەڵ هی ئەو دوو زاتا، زۆر ئاساییە، کە تۆ توانیت هێندە بەرز بفریت، لوتکەی هەر سێکیان ببینی، ئەوا سێ هەرەمی (کوردی) گەورەت دێنە بەرچاو، بەڵام هەریەکەی لە زەمان و مەکانێکی جیاوازدا. بەداخەوە، تێنەگەیشتن و نەگەیشتنی پەیامگر لە حاڵەتی ئەزموونایەتی شاعیری ڕەسەن، زۆرجار شاعیرەکە نەك بچووك دەکاتەوە، بەڵکو کەسێتییەکەشی (وەك شاعیر) زامدار دەکات.

دوای ئەم بەرکوڵە، با بینە سەر سفرە و خوانی مەبەست، کە دەسنیشاندکردنی ئەزموونایەتی شاعیر (قوبادی جەلیزادە) یە، تەنها یەك دەقەشیعری ئەو، دەکەینە کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەکە، ناکرێ لێرەدا، سەرلەبەری شیعرەکانی لە بێژینگ و سەردەی ڕەخنە بدەین، لێ، کورد گوتەنی: مشتێك نموونەی خەروارێکە".

بۆ ناوئاخنی بابەتەکەم، یەك تاکە وشەم لە دەقە شیعرێکی ئەودا، دەستنیشان کردووە، ئەویش (مەمك)ە، بەڵام (مەمکێکی نەخۆشکەوتوو). ـ لێرەدا هەوڵدەدەم، کەشفکردنی. ئەزموونایەتی


ئەو لەم دەقە شیعرەدا، ئامراز و مەبەستم بێ و ئاکامەکەشی بۆ ئێوەی پەیامگر دەخەمەڕوو.

ناونیشانی دەقە شیعرەکە، ئەمەیە: (ژنێك لە "خەستەخانەی هیوا") کە قوبادی جەلیزادە لە والّی(facebook) ی خۆیدا لە (٢٠١٦/١٠/٢) بڵاوی کردووەتەوە.

ئەم دەقە شیعرە، (٢٧) وشەیە، کە تێچووەکەی هەر (١٢٠) حەرفە لە کۆئاوازی (٥٧) بڕگەی شیعریدا دەنگدەدەنەوە. ناونیشانی دەقەشیعرەکە هەر دوبارەکردنەوی دواین دێڕی خۆیەتی.

سەرباسی دەقەکە (The Theme of the Poem) گێڕانەوەی "سەربوردەی ژنێکە کە بەدەست شێرپەنجە دەتلێتەوە.". دەقەکە لەسەر بنەمای (کورتکراوەیەك لە نۆڤلێتی جووت جەمسەر والآی شیعری ئازادی هاوچەرخی کوردی بونیاتنراوە). زاراوەی(نۆڤلیت Novelette)، ئاماژەیە بۆ ئەو چیرۆکەی کە پتر گوزارشت لە بابەتی ڕۆمانتیکی و سوزداری و ویژدانیدا دەکات و قەبارەکەشی لەنێوان (٧٥٠٠ بۆ ١٧٠٠٠) وشەیە.(٨) دەقەشیعرەکە کورتکراوەی چیرۆکێکی درێژترە لەوەی کە دێتەبەرچاو ـ دواتر بۆتانی دەگێڕمەوە ـ. مەبەست لە بونیاتی جووت جەمسەری والآ چییە؟ ئەگەر ئەم دەقەشیعرە (چیرۆکەکە) بەشێوەی ئەندازەیی هێڵکاری بکەین، دەبێتە(ڕاستە هێڵێك). هێڵ دوو جەمسەری هەیە: سەرەتاو کۆتایی. ڕاستەهێڵی ئەم دەقە شیعرە (٤) جەمسەری هەیە. دەکرێ سەرەتایەکەی بکەینە کۆتایی، وە دەکرێ کۆتاییەکەشی بکەینە سەرەتا. چۆن؟ ژنێکی شێرپەنجەدار لە خەستەخانە کەوتووە. سەڕەتای هێڵەکەیە، گەیشتنەکەی بە خەستەخانەکە، دەکرێ بکرێتە کۆتایی، بە کۆتایی هێنان بە بنبڕکردنی شێرپەنجەکەی لەوێدا. بەهەمان شێوە، جەمسەری کۆتایی، کە دەرچوونە لە خەستەخانەکە، دەکرێ بکەینە سەرەتا، بنبڕکردنی نەخۆشییەکە، دەبێتە دەستپێکی ژیان و هیوایێکی تازە لەدایك بووی ئەو ژنە

خەستەیە. زاراوەی (والآ Open ended)، کە ئەویش جووت جەمسەرە، ئەو واتایە دەبەخشێ، کە پێش سەرەتای (سەرتای چیرۆکەکە)، سەرەتایەکی تر هەیە لێرە باس نەکراوە. دیسان لە دوای کۆتایی (کۆتایی دەقەکە) کۆتاییەکی دیکە هەیە کە درێژەپێدەری ڕووداوەکانی چیرۆکەکەیە. بڕوانە ئەم هێڵکارییە:



هێلکاریی دەقە شیعرەکە

دەقەکە لەسەر بنەمای شیعری ئازادی هاوچەرخی کوردی داڕشتراوە، کە کەرەستە و شێواز و بونیاتی لە وشە و ئاواز و کێش و ستراکتوردا، بۆنوبەرامەی دەقنووسیان پێوەدیارە.

**خوێندنەوەیەك بۆ دەقی " ژنێك لە خەستەخانەی هیوا:"**

ئێستا، پێش چەگوش و چەکوشکاریمان لە دەقەکەدا، کە دەیکەم بە دوو تەوەرە: یەك: تەوەرەی دەقەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ، دوو: تەوەرەی کۆپلەکانی دەقەکە، وای بەباش دەزانم، سەرەتا دەقەکە بخوێننەوە:

**(ژنێك لە "خەستەخانەی هیوا)"**

**١**

**لێرە لەبری بوتڵە خوێن،**

**مەمکەکانی بەخشی،**

**ژنێك.**

**٢**

**تاڵ تاڵ پرچە قەترانییەکەی وەری...**

**لەداخی کۆچکردنی،**

**مەمکەکانی.**

## ٣

### سینگ لەمەمك خاڵی...

### چاو تژی لەهیوا

### ژنێك لە خەستەخانەی هیوا.

**تەوەرەی یەکەم: دەقەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ:**

شاعیر بابەتێك بۆ پەیامگر دەگێڕێتەوە، کە چیرۆك ی ژنێکی شێرپەنجەدارە، لە خەستاخانەی هیوا لە شاری سلێمانی، ژنەی مەمك بڕاوی قژ وپرچ هەڵوەریو، لەویَ چاوی بڕیووەتە (خەستەخانەی هیوا) بزەیەك بێنێتەوە سەر لێوەکانی. کاتێك چاوی (پیاو)، خەمەکانی (ژن) دەبینێت و بەشێوەیەك بەرجەستەیان دەکات، کە سەرنجی کۆی مرۆڤایەتییان بۆ ڕابکێشێ، زۆنی بابەتەکە، هێندە فراوان دەبێ کۆهەستی (مرۆڤایەتی، بە ژن و پیاوەوە) داگیردەکات، بەوهیوایەی کە (ئەوانەی توانای بونیاتنانی خەستەخانەکانی هیوایان) هەیە، مێرخاسانە و جوامێرانە ڕاپەڕن و هیوا و زەردەخەنەکان بە لێوی (شێرپەنجەدارەکان) ی جیهان ببەخشنەوە. سەد حەیف و مەخابن، ئێمرۆ ڕێژەی تووشبووانی ئەم نەخۆشییە لە جیهاندا گەیشتۆتە (٨%)، واتا لەو شەش ملیار و نیوەی حەشیمەتی ساڵی (٢٠١٦)، نزیکەی(٥٢٠) ملیۆن شێرپەنجەدار هەیە. زمان و بونیات و ناوئاخنی ئەم دەقە زۆر بە ئاسایی، پلەی (دەقی شیعری گەردوونی هاوچەرخ (Contemporary Cosmopolis Poem)، بە بەرۆکییەوە دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە زاراوەی (گەردوونی Cosmopolite) بەو کەسە یان بەو شتە دەگوترێت کە سیفەتی ناوچەگەریی خۆماڵی لەبەر خۆی دادەماڵی و ڕەنگ و بۆنێکی جیهانی وا وەردەگرێت، کە هەرکەس بەهی خۆی دەزانێ.(٩)

بڕوانە چۆنە ئەم دەقە شیعرەی شاعیری نەرویژی (جان ئۆسکار هەنسێن (Jan Oskar Hansen) کە بۆ ئەوانەی نووسیوە کە بەم نەخۆشییەوە گرفتارن، بۆتە شیعرێکی گەردوونی (Cosmopolis Poem) ومرۆڤایەتی بەچاوی پڕ قەردزانییەوە

سەیری دەکات، نەك هەر شێرپەنجەدارەکان، بەڵکو خزم وخوێ و دۆست و هاوڕییەکانیشیان، ژان و ئازار و ئومێدەکان، لەم دەقەدا دەخوێنەوە. ئەو دەڵێ:

**(بە ژیان بڵێ: بەڵێ)**

**بڵێ بە ژیان : بەڵێ!**

**لەخەستەخانەدا، ئەوپیاوە لەباوەشی ماسکی ئۆکسجین و (لوولە تیووبەکان) دابوو،**

**دڵی لە لێدان وەستا،**

**لێ، ئەم نەخۆشخانە خانومانە، زیندووی کردەوە.**

**دڵۆپەباران، خۆی بە شووشەی پەنجەرەکەدا شۆڕکردەوە**

**لە دیوەوە، پلەی پێوەری (گومانی) دەخوێندەوە.**

**پیاوە، چاوی داخست و هێمنانە گوتی: چەندە؟**

**کاتێ چاوەکانی کردەوە، بینی**

**وا تاڵە تیشکەکانی خۆر لەسەر ڕوی پەنجەرەکەدا دەڕەقسێن.**

**پرسی: دەکرێ بچمەوە ماڵ؟**

**ژنێك زەردەخەنەی هاتێ و**

**دکتۆرەکان گەشانەوە و**

**هەموو نەخۆشەکان لەخۆشیاندا**

**پشکۆ ئاسا گەش بوونەوە!** (١٠)

هەموو کۆلکەهاوبەشەکانی، نیوان ئەو دوو دەقە شیعرەی(قوبادی جەلیزادە و جان ئۆسکار هانسێن) کە خەسڵەتی (گەردوونی) بەم ترزە شیعرە دەدەن بە ڕوونی دیارن: لە سەرباسی ناوەروك و هەڵبژاردە ڕشتەی بابەت و پەیامی مرۆڤایەتی و ئاخاوتنی کەسانەی موحتاج بە ئومێد، ئەوە جگە لە تەکنیکی داڕشتنی تێکستەکە و خۆشزمانی وشە و ئاوازەکان و هاوچەرخییەتی هونەرە تەوزیفکراوەکان... تاد. گەردوونیەت لە شیعردا دەبێ، هەم هەڵگری شموولەیەت بێ لە پەیامی مرۆڤدۆستیدا و هەم داگیرکەری هەموو سەعاتەکانی زەمەن بێ، بۆیە دەبینین لەم دوو دەقەدا، تا یەك تاکە نەخۆش لەسەر ئەم

زەمینە مابێ، کاریگەری شیعریەتی ئەوان کوژانەوەیان بۆ نییە!

(قوبادی جەلیزادە) لەم دەقەشیعرەیدا دوو پەیام بە یەك تیر ئاڕستەی ئێمە و ژن دەکات: بە ئێمە (بە هەوادار و نا ـ هەوادارانی) دەڵێ: سەیرکەن چۆن قالبی کلاسیکیی تێڕوانینی پیاوم گۆڕیوە لە مەمك گرتن و مەمك مژین و مەمك ماچ کردن، بۆ پیرۆزکردنی مەمك وەك خەلآتێك کە خوداوەند بۆ هەمووانی کردووەتە دیاری. بە ژنیش دەڵێ: وەك چۆن پارێزەری ژنایەتیی ئێوە بووم لە بەربەرەکانی پیاوسالاریدا، ئەوا هاوخەم و هاودەردی مەمکە نەخۆشەکانی ئێوەشم. شاعیر لێرەدا زۆر ڕاستگۆیە، چونکە ئەو خۆی ماران گازی شێرپەنجە بووە و خراپیش پێوەیداوە! ڕەنگ بێ ئەو ئەزموونایەتییەی لەم دەقەدا بەدیدەکرێ، پشکێکی بەبەر (شێرپەنجە) بکەوێ، دەتوانم بڵێم نەختۆکەك شاعیر قەرزاری ئەو شێرپەنجەیە لە بەئەزموونکردنی چەندین دەقەشیعری ئەودا. بەمەزەندەی من، ئەو شاعیرە کوردەی، کە زمانحاڵی خەمە حەقیقییەکان بێ، کەسێك بێ لەم مژارەدا شانی لەشانی ( قوبادی جەلیزادە ) بدا، نەمر (حەسیب قەرەداغی) یە، کە لە هەموو (فەرهەنگی خەم)ەکانیدا، یەك تاکە وشەی فەرهەنگیی مردووی بێگیان نادۆزیتەوە، ئەوانەی ئاشنان بە شیعر و بە ڕۆحی (حەسیب قەرەداغی) شایەتی دەدەن کە ئەو، شاعیری (خەم) بوو. لێرەدا تای تەرازوەکە بەلای چییەتیدا دەشکێتەوە نەك چەندایەتی ـ حەیف هەژاریی و دەستوپێ سپیی ڕەخنەی کوردی، ئەم جۆرە شاعیرەی لەبیر کردووە!

**تەوەرەی دووەم: شیتەڵکاریی هاوچەرخانەی کۆپلەکانی دەقەشیعرەکە:**

لێرەدا، لە میانەی شیتەڵکارییەکەم، ناڕاستەوخۆیانە سەربوردەی ئەو (نۆڤلێت) ەتان بۆ بەیان دەکەم کە پێشتر بەڵێنم پێدابوون. دوای شیتەڵکاریی ڕەخنەگرانە بۆ هەر سێ کۆپلە

دەقەشیعرەکە، دەگەڕێمەوە سەر (ئەزموونایەتی لە ئەزموونی شیعری قوبادی جەلیزادە) دا ـ کە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمانە.

کۆپلەی یەکەم: شاعیر دەڵێ:

**لێرە لەبری بوتڵە خوێن،**

**مەمکەکانی بەخشی،**

**ژنێك.**

هەرچەندە دەقنووسی ئەمەی کردووەتە دەستپێکی شیعرەکەی، لێ ئەمە چەندین بەندی دیکەی لەپێشە، کە زوو خوێنەری بەسەلیقە هەستیان پێدەکات و بەندەکان دێنێتەوە بەرچاوی خۆی. ئاخر خۆ ئەو ژنە زەردەواڵە پێوەینەداوە، تا یەکسەر ڕابکاتە خەستەخانە. دەبێ چەند مانگ (یان چەند ساڵ) بێ، ئەو شێرپەنجەیە گورگ ئاسایە کەلبەکانی خۆی لەم سینگە نەرم و جوانەی ئەو گیرکردبێ؟ دەبێ چەند ئازاریی ڕۆحکێشانی خۆی بینیبێ؟ دەبێ بە چ ڕوخسار و هەیئەتێك و ڕەنگ و ڕوو و بەژن و باڵایەکەوە ئەم ژنە گەیشتبێتە بەر دەرگای ئەم خەستەخانەیە؟ زۆر پرسیاری دیکەش؟ قوبادی جەلیزادە خۆی باش ئەمانە دەزانێ. کەواتە پێش ئەم چیرۆ ە چیرۆکی دیکە هەیە. ئەوە نییە (عیففەت پابتی) دەنووسی:" شیعرەکانی قوبادی شاعیر، لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەی دا ون بوونێکی هەیە، لەهەر شیعرێکی دا ژنێك لە دایك دەبێ، نەك ژنێکی تەواویش بەڵکوو هێندێك جار تەنیا بەشێك لە ژن... بۆئەوەی پێناسە و ناوێك وەرگرێ." (١١)

خوێنەری ئازیز، لەم کۆپلە (٧) وشەیەدا، دەقنووس تیشکی خستۆتە سەر دوو وشە، کە دوو ئەستوندەکی شیعرەکەن: وشەی (مەمك ) و وشەی (ژن).

یەك: مەمکی ژن:

فەزا و قەبارەی (مەمك) لە بوون و کەلتووری مرۆڤایەتیدا، زۆر لەوە مەزنتر و پیرۆزترە کە هەر وەك کانگای شیر بۆ کۆرپەڵەی

ساوا سەیر بکرێ. مەمك بۆ مرۆڤ سەرچاوەی بوون و ئەلقەی پۆلآینی بەستنەوەی ڕۆحەکانە بەیەکتری، نەك هەر لە نێوان دایك و منداڵەکەی، بەڵکو لە نێوان هەمووماندا. ئەو ڕۆژەی مەمك نامینێ، بوون و ژیان دەوەستێ و دەگەڕێینەوە سەردەمی عەدەم. ئەو ماچەی کە پیاوێکی پەنجا ساڵەیی لە سەر تەوێلی دایکە نەخۆشەکەی دا ئەنجامی دەدا، ئەوا گواستنەوەی پەیامی ئەو لێوانەیە لەسەر مەمکەوە بۆ بۆ سەر تەویڵ، تەنیا گۆڕانکارییەکە لە زەمەن و مەکانی ماچەکە دایە.

بۆ ژن، مەمك پێناسەی بوون و جوانی و خۆشەویستی و ژنایەتییە، کە حەقیەتی شانازیان پێوە بکات. لەبەرچاونەمانی مەمك، لە دەروونەوە، ژن هەستدەکات: بوونی نوقستانە، جوانییەکەی شێوێندراوە، خۆشەویستییەکەی ڕۆح پڕ ناکاتەوە و لە شیردان دەکەوێ.

(نزار قەبانی ١٩٢٣ _ ١٩٩٨) لە قەسیدەی (جەستەت دەخوێنمەوە و ڕۆشنفکر دەبم) دا، زۆر جوان بەها و سەنگی پەیوەندیی نێوان مەمك و مرۆڤی ڕوونکردۆتەوە، دەڵێ:

**ئەو ڕۆژەی گفتوگۆی نێوان مەمکە بە ئاو شووراوەکانت و**

**ئەو خێلآنەی کە لەسەر ئاو شەڕیانبوو،**

**گەیشتە بنبەست...**

**چاخەکانی پوکانەوە دەستی پێکرد:**

**هەورەکان**

**بۆ ماوەی (٥٠٠) ساڵ**

**مانیان لەبارانبارین گرت و**

**چۆلەکەکان مانیان گرت لە فڕین و**

**گوڵەگەنمان نەیانهێشت ئیدی**

**کوڕیان ببێت و**

**شێوەی مانگ وەك شێوەی شووشەی نەوتی لێهات.** (١٢)

ئەرێ! ئێوە قەت لەخۆتان پرسیوە، بۆ لەنێو ئەو هەزارەها بوونەوەرانە، تەنیا ژنە، کە هەمیشە مەمکەکانی پڕو وقیت وبەرچاون لەسەر سینگ، وەك قەڵآ ڕاوەستاون؟ بۆ مەمکی ژن، وەك گوانی مانگا و بەراز وهەسپ لە بن سك و نێو گەڵدا نییە؟ خۆ ئەو گیاندارانە هەر لەکاتی زان و ترەکیندا، مەمکەکانیان بەدیار دەکەون، وەك هی ژن نین هەمیشە پڕ و خڕ بن؟ ئەدی ئەو جوانییە خوداکردە چییە کە تەنها و تەنها لە مەمکی ژندا دەبینرێ؟ دیقەتتان لەمەمکی شەمشەمەکوێرە و گوێدرێژ و سمۆرە و بزن داوە؟ کەی ئەو جوانییەی مەمکی ژنیان هەیە!

(فلۆرێنس ویلیم (Florence Williams)، لە کتێبی (مەمك: مێژووی سروشتی و ناسروشتی) دا، وەلآمی چەند پرسیارێمکان دەداتەوە و خاڵی بەهاداریش دەورووژێنێ و دەنووسی:" مەمك هەر بۆ کورپەڵە دروست نەکراوە، ئەو بۆ خودی ژن ونێرینەکانیش بایەخی هەیە، سەنگی ئەم دوو تۆپەڵە گۆشتە کە، بە ڕێژەیی، هەر نەختێك لە پاونێك ( ٤٥٦ گرام) زیاترە، زۆر لە قورسایی خۆی گرانترە، دەکرێ بڵێین ئەوە ئەو سەنگەیە کە پارسەنگی تەرازووی بوون و ژیانی ڕاگرتووە. (کلیلەن فۆرد Clellan Ford) ی مرۆڤناس (Anthropologist) و (فرانك بیچ)ی ئیتنیناس (Ethnologist)، لە توێژینەوەیەك لە نێو (١٩١) کەلتووری جیاواز دا، بۆیان بەدیار کەوت کە لە لای زۆربەیان مەمك دیارییەکی (پیرۆز و ڕێزلێگیراوە)، لە نیو (١٣) لەو کەلتوورانە دا، مەمکی وەك ئۆرگانی سێکسی تەماشا دەکرێ. کۆرپەڵە مەمکی دەوێ بۆ شیرەکەی، هەرزەکار و نێرینەکان هەر هەموویان، بە بینینی مەمك، بەهۆی ڕژێنێکی تایبەت لە مێشکدا، دەورووژێن. ڕەنگ بێ باوك لە خۆشەویستیی کورپەڵەکەیەوە، مەمکی زیاتر خۆش بووێ. بۆ ژنیش، هەم سەرچاوەی جوانییە و هەم ختووکەی خۆشیشی لێوەردەگرێ. چاوتێبڕینی نێرینە، بە بەردەوامی، لەسەر مەمك، وایکردوە، ژن پتر مەمکەکانی خۆی خۆش بوێت."(١٣)

ژنەکان بۆخۆیان دان بەودا دێنن، کە جوانییەکەیان بەشێکە لە جوانی مەمکەکانیان، بۆیە (جێنیفر کریووزی Jennifer Crusie)، دەبێژێت: "دەزانن، مەمك بۆ ژن چەند بایەخدارە؟ ئاخر ئەوان بەبێ مەمکی جوان، هیچ پۆشاکێکیان لێ نایێت." (١٤)

هەر ئەم جوانییەیە کە وای کردووە زۆربەی کەلتوورەکانی دنیادا، ڕێگربن لە ڕووتکردنەو و بەدیارخستنی مەمك. (ئیرن باومەن Erin Bowman ) دەڵێ:" خۆرکم لێکەوێ! هێندە مەمکەکانی خۆم شاردەوە، تا وام لێهات، نەمدەزانی کە منیش جووتە مەمکێکی خڕ و پڕ و جوانم هەیە. (١٥)

هەر لە ڕێی شیری ئەو مەمکەوەیە، کە لە چەندین کەلتووردا، بۆ نموونە کەلتوری ئاینی ئیسلام، پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو سنوردار و دیاری کراون، وەك ئەو کور و کچەی کە شیرەخۆرەی یەك مەمك بووبن، لە هاوسەرگیردا، بەیەك نەشێن و دەبنە خوشك وبرای شیری. کە ئەمەیش بەدەر نییە لە هۆکار.

**(لێرە لەبری بوتڵە خوێن / مەمکەکانی بەخشی / ژنێك)**

بە گشتی، بەخشینی ئارەزوومەندانەی خۆێن، بۆ دوو شتە: خۆبەقوربانی کرد لە پێناو خاك و شەڕەف و بیروباوەری پیرۆز، یا بەخشینی لە پیناو ڕزگارکردنی گیانی کەسێك. ڕووی پێکچوونی بەخشینی بۆتڵە خۆین و بەخشینی مەمکەکانی ئەو ژنە، لەم خاڵانەدا یەکدەگرنەوە:

- هەردووکیان وابەستەی جەستە و ڕۆحی مرۆڤن.
- هەردووکیان خواکردن.
- هەردووکیان لە دیدی کەسی بەخشەرەوە، خۆشەویست و گرانبەهان.
- هەردووکیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی کەسێکن: خوێنەکە بۆ ئەو کەسەی کە کەمخوێنە. مەمکەکەش بۆ بەخشینەوەی ژیانە بە نەخۆشەکە و پاککردنەوەی جەستەی ئەوە لە نەخۆشی.

بەڵام!؟

پلەی ئەزموونایەتیی دەقنووس لێرەدا، دەستنیشان دەکرێ. بەداخەو (نازدار) ی هاوسەری قوبادی جەلیزادە تووشی ئەو نەخۆشییە نەفرەتیە بوو، باجە گەورەکەشی، بەخشینی یەکێك لە مەمکەکانی بوو. ئەگەر (نازدار) بۆ پەیامگر ناوێکی لێکدراوی کوردی خۆشئاواز بێ و لە سەر ناسنامەی ژنە کوردێك نووسرابێ، ئەوا بۆ (قوبادی جەلیزادە)ی هەست ناسك (ژیان و شیعر و بوونە)، دڵنیابە زۆر زوو ئازارەکانی مەمکی (نازدار) ڕژاونەتە، نێو سینکی ئەو. ئەو ساتە وەختەی بەیەکەو بوون، کە دکتۆرەکە لە خەستەخانە پیگوتن: (نازدار شێرپەنجەی مەمکی هەیە)، بوو بە ڕۆژە ڕەشی قیامەت، (نازدار) بە هەردوو چەپۆکەکانی لەسەری خۆیدەدا و پرچی خۆی دەڕنیەوە، ( قوبادی جەلیزادە) ی شێت و شەیداش، هەر ئەوەندی پێدەکرا چۆڕ چۆڕ فرمیسکەکانی بڕژێنێتە سەر کوڵمی نازدار و جۆگەڵەی چوارچاوان ببنە دوو ڕووبارەکەی چاوی (نالی شاعیر) و هێواش هێواش بەسەر کوڵمە هەڵقرچاوەکانی ئەو ژنە بێنە خوارێ. (١٦)

زانستییانە، قوناغەکانی گەشەکردنی شێرپەنجە، (٤) قوناغە کە پێیان دەگوترێ:

(١) قوناغی سفر، (٢) قۆناغی یەك، (٣) قۆناغی دوو، (٤) قۆناغی سێ (کە دەکاتە قۆناغی چوارەم).

جا هەریەك لەم قۆناغانە بە گوێرەی جۆری نەخۆشییەکە و پلە و سەختیی، چەندین لق و پۆی دیکەی لێدەبێتەوە. مەرج نییە گرێ شیرپەنجەی مەمك لە قۆناغی سفر یان یەکەمدا بەدیار بکەوێ، بەڵام تا قەبارەی بازنەی مەمکە نەخۆشەکە، نەگاتە نزیکەی (٩) سانتیمەتر، بریاری بڕینەوەی نادرێ. بەندە نازانێ لەکام قوناغدا مەمکی (نازدار) یان بڕیوە، بەڵام دەزانم کە پرۆسەی چارەسەرکردنەکەی یەکجار سەخت و ناخۆش و تولانی و ڕوخێنەرە. کەواتە، کەم شاعیر هەیە وەك قوبادی جەلیزادە بە موعاناتی ژنی شیرپەنجەدار ئاشنا بێت و

هاوەردی بێ. بۆیە، لێرەدا، ئەوپەڕی ڕاستگۆیی لە کەتواریەتیی ئەودا دەخوێندرێتەوە. شاعیر تێروانینێکی مرۆڤدۆستانەی بۆ (مەمك) هەیە و سڕینەوەی مەمك، هەر هەموو قوناغەکانی بوون لەگەڵ خۆیدا دەسڕێتەوە، ئەوتا شاعیر دەڵێ:

**مەمك،**

**کانی منداڵی و**

**سێوی هەرزەیی و**

**گۆچانی پیرییە.** (١٧)

دوو: ژن:

لەکۆ بەرهەمی شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا، بەندە، **(٦)** ژنی دێتە بەرچاو:

**(١)** ژن وەك ڕەگەزەکەی تری مرۆڤ ، کە لە دیدی شاعیردا، پلە و مەقام و پێگەیەکی زۆر باڵا و بەنرخی هەیە: ئەو دەڵێ:

**کۆتر،**

**هیچی لەدەست نەهات...**

**هەر درێژەی هەیە شەڕ**

**وەرە تۆ فریادڕەسمان بە**

**ئەی ژن.** (١٨)

**(٢)** ژن وەك هاوسەر: کە مۆدیلەکەی **(**نازدار**)** ە و ڕووکەشانە ناوی دێنێ و زۆر لە ڕاز و خۆشەویستییەکەی ئاشکرا دەکات. دەڵێ:

**بەمانگم گوت:**

**تکایە**

**مەمکەکانی ژنەکەم بۆ بدۆزەرەوە!**

**"qubad"**(١٩)

**(٣)** ژن وەك هاورێ و برادەر، کە پاکیی لە پاکیزەیی پەیوەندییەکانیاندا دەبینرێت. ئەو دەڵێ:

**ئەی یار،**

**دەبا لەو لوتکە شاخەدا**

**لەناو لەپی خودادا،**

**ماڵێك لە عیشق هەڵێنین**

**دیوارەکانی لەگوڵ،**

**دەرگاکانی لە میهر و**

**پەنجەرەکانی لە ئەستێرە.** (٢٠)

**(٤)** ژن وەك دایك و نەنك، تێکەڵکردن و ئاویتەکردنی ئەزموونەکانی دوو یان سێ نەوە لە شیعرەکانیدا، ئەو دەڵێ:

**دایکم بە دەم تەسبیحاتەوە،**

**لەسەر بەرماڵە خوریەکەی،**

**خەوێ لێ دەکەوێ،**

**دایکم پێغەمبەری**

**لە هەموو کوڕەکانی خۆی**

**خۆشتر دەوێ.** (٢١)

**(٥)** ژن وەك شۆڕشگێر و گۆڕانخواز و هێز، لە چەندین قەسیدەدا خەسڵەتە بەرزەکانی ژنی کوردی بەئەرشیڤکردووە. دەڵێ:

**ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل،**

**تیشك لە ئاسۆ دەڕننەوە،**

**گوڵەسورەکانی بن بەفر چەك دەکەن،**

**هاکا، گەردی بەیانییەك،**

**بە سەبەتەی گوڵ و ڕووناکییەوە**

**ڕژانە سەر**

**شەقامە خەمگینەکانی (ئامەد).** (٢٢)

**(٦)** ژن وەك دۆست و خۆسەویست و دڵدار، لێرەدا، سیبەرێکی (جۆن دۆنی) بەسەر (شاعیر) ەوە دیارە، کە شانازی بەوەدەکات، مەعشووقەکانی زۆرن و هەمیشە بەدەوریدا دەسۆڕێنەوە. دەڵێ:

ژنێك،

پرچە سپییەکەی خۆشدەوێ

تاڵ تاڵ لە پەنجە لووسەکانی خۆی دەئاڵێنێت و

ماچی دەکات. (٢٣)

دەکرێ بڵێین، ئەو (ژن)ەی کە لەم دەقەشیعرەدا بە (ژنێك) ئاماژەی پێدراوە، هەر (٦) جۆرەکە دەگرێتەوە، بەڵام بە ئاشکرا دیارە کە ئەم (ژنە) خەرمانەی گەردوونیەتی لە دەوریدا کۆکراوەتەوە، چونکە ڕەنگ بی (٢٥٠) ملیۆن ژنی وەك ئەو، ئێستا مەمکەکانیان بەخشی بێ و لە (خەستەخانەی هیوا)یەکانی جیهان بن یان بە جۆرە شێرپەنجەیەکی دیکە بتلێنەوە. بڕوانن شاعیر پەنجە بۆ (ژنێك) درێژدەکات، لە کاتێکدا، بەقەد ئەوان، پیاویش لە خەستەخانەکانی وەك (هیوا) کەوتوون و بە ژان و ئازارەکانی شێرپەنجە دەتلێنەوە و دەنوزێنەوە. (پیتەر کریس Peter Criss) کە پیاوێکی تووشبوو بە شێرپەنجەیە، دەڵێ:" ئێمەمانانیش توشی دەبین، ئەو کات، تەنها ئێوەی ژن، چارەسەر و فریادڕەسی ئێمەن"(٢٤)، کەواتە قوبادی جەلیزادە فۆرمەلەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە و دەڵێ:" کە ئێوەی ژن تووشی دەبن، تەنیا من دەبمە چارەسەر و فریادڕەستان، (منی پیاو) ئێوەم لەبیرە".

لەم کۆپلە شیعرەدا، وێنە هونەرییەکە، (٣) مەمك نیشانی دەقنووس دەدات: مەمکە نەرم وخڕ و پڕەکەی دەستبازی لەگەڵ دەکرد / مەمکە سەربراوەکەی ناو ستڵی خاشاکی خەستەخانەکە / مەمکەکەی کە ئێستا، شوێنەکەی بووەتە ڕیزە تەقەڵێك لەسەر سینگی (نازدار) یان (ژنەکە) کە شەوانە بەدیاریانەوەیە. لە خەوننامە دا، (ئیبن سیرین) بەم شێوەیە تەفسیری (نەمان و لەناوچوونی مەمکی) کردووە:" نەمانی مەمك، لە خەودا، کۆچکردنی کچێکە، یان دوور کەوتنەوە و دابڕانە لە خزم وخوێش." (٢٥)، دەبێ (قوبادی جەلیزادە) چ ناوێکی لەو کچە کۆچکردوەی خۆی نابێت؟

کۆپلەی دووەم: شاعیر دەڵێ:

تاڵ تاڵ پرچە قەترانییەکەی وەری...

لەداخی کۆچکردنی،

مەمکەکانی.

(عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر لە ژێر کاریگەری (قژ و پرچ و کەزی) ژن دایە، دڵنیان کە ئەو کارگەرییە، لە هەواوە نەهاتوو و بۆ پڕکردنەوی بۆشایی بەکاری نەهێناون، ئەو دەڵێ:

کەزیت چەپکە ئاگرێکە

هەموو ڕۆژێ دەڕژێتە ناو ژووری دڵم. (٢٦)

گرنگی و جوانی پرچ، هەر لەلای ژن جێگەی قەدرزانی و بایەخپێدان نییە، تاڵمووەکانی، لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لە دەست وپەنجەی شاعیر و هونەرمەند و جوانناسەکاندا ئالآوە و زۆری لەسەر نووسراوە. کەلتووری هیچ نەتەوەیەك نییە، لە کۆی ڕشتە جیاوەزەکانیدا، فەرهەنگێکی خۆی بۆ (پرچ) تەرخان نەکردبێ. لە نێو کوردەواریدا، جوانی پرچ، پتر لە جوانی چاو و برۆ و لێو و کوڵمە بایەخی پێدراوە، هەموو داو و دەرمانە سرووشیتییەکانی کوردستانیان، بۆ جوانتر کردن و ئارایشتکردنی بەکارهێناوە، ئەو (قەتران) ی لەم کۆپڵەدا ئاماژەی پێکراوە و پرچەکەی پێبووەتە (قەترانیی) لە کولآندنی داری سنەبەر بەرهەمدەهێنرێت. جاران ئەگەر دڵدارێك دەستگیرانەکەی یان خۆشەویستەکەی جوانەمەرگ بوایا، ئەو کەزییەکانی خۆی دەبڕی و لە گۆڕدا لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەنێژرا. لە شێنگێراندا، پرچ لە قوڕ دەگیرێ، وەك ئاماژەیەك بۆ دەست هەڵگرتن لە جوانی دونیا و ژیان لەخۆ حەرامکردن. لە دەیەمین ڕۆژی عاشور دا، گەورە و گچکەی کوردانی شاری (بیجار) ی ڕۆژاوی (سنە) قژ و پرچیان خۆیان لە قوڕدەگرن لە خەمی شەهیدکردی (ئیمامی حوسێن). کە پەلکەزێرینە بەدیاردەکەوێ کچان بەرانبەری دوعا و نیزا دەخوێنن، پرچیان درێژکات. پرچ بڕین و قووتکردن، وەك ئەتککردن و سووکایەتی پێکردن بە ژن و پیاو، بێ جیاوازی، وەك

نەریتێکی قێزەوەن پەیڕەوکراوە، ئەمەش پیروزیی پرچ نیشاندەدات، کە نەمان و هەڵپاچینی، ڕووشاندن و زامدارکردنی شکۆی ئەو پیرۆزییەیە. لە کەلتووری ڕۆمانییە کۆننەکاندا، پرچی درێژ سومبولی سەرمایە و دەسەڵات بوو، بۆیە نەدەبوایا کویلەکان پرچ بەردەنەوە، خوداوەندەکانی (زۆیۆس و ئەپۆلۆ و پۆسیدۆن ـ خوداوەندی دەریا ) هەمووی پرچیان درێژبووە. لە لای جوولەکەکان، کەزی هونینەوە و درێژکردنی سوونەتە. (٢٧) لە کاتی حەجکردن لە لای موسڵمانەکان، دەبێ پیاو پرچی بتاشی و نابێ ژنی باوەڕداری موسڵمانیش سەرقۆت بێ ئایەتی بۆ هاتۆتەخوارەوە، خوا دەفەرمووێ: " وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنّ"(٢٨)

لەدیدی جوانناساندا، پرچ خاوەن زمانی خۆیەتی و لە فەرهەنگی زمانی جەستەشدا، بەندێکی بۆ تەرخانکراوە، ئەوتا (گەبریا با Gabriel Ba)، دەڵێ: " ئەو ژنە، جوانترین مەخلوقی دنیایە، من نا، زمانی پرچی وادەڵێ، زمانێك کە تەنیا پرچ دەزانێ بیبێژێت."(٢٩)

ژیان لەگەڵ شێرپەنجەدا، قوبادی جەلیزادە ی فێرکردووە، کە لە قوناغی وەرگرتنی چارەسەرە درێژخایەنەکان بە (دەرمان و کیمیاگەری و تیشك و لێزەر وفیزیۆتەرەپی... تاد.). چەند بە ئازار و ناسوورە، ئەوشەوانەی، بەیانییەکەی، کە ژن لەخەو هەڵدەستێ و لەسەر سەرینەکەی خویدا تۆپەڵە پرچی هەڵوەریوو خۆی دەبینێ. خەمێکی مات، دڵی هەر هەموو ئەوانە دادەگرێ کە لەوماڵەدا دەژین.

لێرەدا، دەقنووس هونەری (جوانی بایس ـ حسن التعليل) ی زۆر داهێنەرانەی بەکارهێناوە، کە هوکاری هەڵوەرینی پرچی ژنەکەی، بە لەخەمی کۆچکردنی مەمکەکانیی، ڕاڤەکردوو. جا ڕەنگی قەترانی ڕەشیشی بە پرچەکە بەخشیوە کە هەم ڕەمزە بۆ دڵتەنگی و خەم، هەم ڕەنگێکی زۆر جوانە بۆ پرچی ژن و جوانییەکەی چەند قات گەشاوەتر و جوانتر دەکات.

خوێنەری ئازیز، بەندە لە نێو فەزای ئیحای ئەم کۆپلەشیعرەدا، بێئاگایانە، وینەیەکی ترم، بە حوکمی چەند وشە و دەنگێك، دێتە بەرچاو ــ چاوی بەصیر ــ کە لەناو دەقەکەدا بوونی نییە. لەم کوپلەدا وشەکانی ( تاڵ تاڵ / وەری/ کۆچکردوو) زهنی من بۆ ئەو پۆلە مەلانەی ئاسمان ڕادەکێشن، کە لەتەنیشت یەکتری بەڕیز دەفڕن و کۆچ دەکەن. وشەی (وەرین) ئیحای (فڕین) م پێدەدا، وشەی (کوچکردوو) کۆچی بە کۆمەڵی مەلەکانم دێنێتە بەرچاو، (تاڵ تاڵ) یش، ئاماژەیە، بۆ تەیرەکان کە یەك یەك بەحەواوە دەفڕن. بڕوانن (قوبادی جەلیزادە)ش بۆخۆی، ئەم کۆچکردنەی هەر بە کۆچی وەرزییانەی مەلەکان چوواندوە، ئەو هەمیشە چاوی لەدەرگایە، کە ڕۆژێك، (مەمکە کۆچکردووەکەی نازداری) بۆ بێتەوەژوور. ئەو لە قەسیدەی (شێرپەنجەی ئێوارەیەك) دا، ئەو ئێوارەیەی چاوی بڕیوەتە ئاسمان و تەماشای تەیرە ئەبابیلەکان دەکات، مەمکەکەشی کردوتە (هاوبەش لە نیوان خۆی و هاوسەرەکەیدا)، دەڵێ:

**من و نازداری ژنم**

**لەنێو جۆلانەیەکی ئاوریشمیندا**

**خۆ ڕادەژەنین،**

**ئەوە خودایە، بەڵکو لەم ئێوارە غەمگینەدا**

**مەمکە کۆچکردووەکەمان**

**سەردانێکمان بکاتەوە،**

**کولیچەیەکی پڕ گوێزی هیندی و**

**چایەکی مەحموودمان لەگەڵدا بخواتەوە،**

**ئەوە خوایە،**

**بەڵکو...... .** (٣٠)

ئەوەی کە دەبێ، وەبیر بهێنرێتەوە، ئەوەیە، ئا لەم چرکە ساتەدا، کە ژنە قژی هەڵدەوەری لە ژێر کاریگەری دەرمانەکاندا، سەخترین قوناغی نەخۆشییەکەیە، چونکە لە پۆپەی

پەرەسەندنی ئەو دەردە دایە و نەخۆشەکەش بە سێ موعانات دەناڵێنێ: ١) ئازاری نەخۆشییەکە و چارەسەرەکەی، ٢) خەمی هەڵوەرینی جوانییەکەی کە پرچەکەیەتی،٣) خەمی ئایندەی تارێك، کە هەمیشە بە تارمای مەرگ خۆی نیشان دەدا.

شاعیر لە چەندین دەقە شیعردا مەمەکە بڕاوەکانی ژنی بە مەل و تەیر وتواری کۆچکردوو چوواندوە ـ لەم لێکۆلێنەوەیەدا زۆربەیان دەخوێنیتەوە ـ.

کۆپلەی سێیەم: شاعیر دەڵێ:

**سینگ لەمەمك خاڵی...**

**چاو تژی لەهیوا**

**ژنێك لە خەستەخانەی هیوا.**

(مەحوێ ١٨٣٢ ـ ١٩٠٤) لەوساتە وەختەی کە لەتاو سۆزی ڕازی دەروونی، گوڵ ئاگری تێبەردەبێ و بولبول لەدەوریدا وەك پەروانە دەسووتێ، ئەو دەستبەرداری (باغ) نابێت و نائومێدی نیشان نادا، چونکە باکی بەسووتان نییە، بۆیە دەڵێ:

**بلآ، گوڵ ئاتەشی تێبەر بێ، پەروانە بێ بولبـول**

**دەبێ هەر بچمە باغ و ڕازی دڵ شەممێکی بەر با دەم** (٣١)

زەقترین وشە لە کۆپڵە شیعرەکەی قوبادی جەلیزادە دا، کە بەئەنقەست دووبارە کراوەتەوە، (هیوا) یە، کە لێرەدا یەکسانە بە (باغ) ەکەی (مەحوی). دیسان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیرمان نیشاندەدا کە لەم قوناغەدا، بوونی(هیوا) ی موتوربەکراو بە باوەڕ و ئیرادەی بەهێز، چەندە گاریگەری ئەرینی و باشی لێدەکەوێتەوە، ئەمەیش لە ڕوانەگەی دوو لێکدانەوە بۆ وشەکە:

یەك: تەفسیری زانستی:

دەروونناسی گەشبینی (جارڵس ڕیچارد Charles Richard)، کە پسپۆڕە لە بواری (هیوا و لێخۆشبوون)، بایەخی گرنگیی (هیوا)،

لە وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە ژیاندا، لە بواری تەندرووستی و خوێندن و بونیاتی کەسێتی دەستنیشان دەکات. ئەمەیش لەسەر بنەمای بیرکردنەوە لە (ئامانجەکان) و (ڕێگە چارە) و (باوەڕبەخۆبوون) ی ئەو کەسە. لە بواری تەندرووستیدا، بوونی هیوا وا دەکات، دوو ڕژێنی(Endorphins and Enkephalins) ، لە جەستەدا، بە شێوەیەك کاربکەن، کە ئازارەکانی نەخۆش کەمبکەنەوە.(٣٢)

دوو: تەفسیری ڕۆحی:

کەسی نائومێد و بێ هیوا، هەمیشە زوو تێکدەشکێت و دادەڕووخێت، هیوا، چرا و هێزی وزەبەخشینە بۆ بەرزکردنەوەی ورە و ئیرادەی مرۆڤ بۆیە (ئیمیلی دیکنسەن Emily Dickinson )، دەڵێ:" هیوا شتێکی پەرەمووچدارە، لە ڕۆحدا هێلانە چێدەکات و بێ وشە و واتا، هەمیشە ئاوازێك دەچڕێ، کە هەرگیز وەستانی بۆ نییە". (٣٣) دەکرێ ئەم هیوایە لە لای هێندێك نەخۆش لەم ئایەتە بخوێندرێتەوە " وَلا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ ". (٣٤)

نە (قوبادی جەلیزادە) و نە (نازدار)، بۆ یەك چرکەسات نائومێدیان نیشان نەداوە، هەرچەندە هیوایەکەی ئەوان لە نێو بازنەی لێکدانەوەیەکی میتافیزیکی ڕۆحی دایە، بەڵام هەمیشە ترووسکە چرایەك ماوە کە دڵیانی پێخۆش بکەن. شاعیر لە قەسیدەی( مەمکێکی کۆچ کردوو) دا دەڵێ:

**هاوسەرەکەم، پەنجەرە داناخات**

**هەربەتەمای گەڕانەوەی**

**مەمکە کۆچ کردوەکەیەتی.**

***

**باخ دەڵێ:**

**من دیومە**

**لەناو نوێنی مێخەکێدا**

**پاڵ کەوتووە.**

***

**دەریا دەڵێ:**

**من ئەو مەمکەم**

**بەسەر پشتی شەپۆڵێکی**

**هار و هاجەوە بینیوە.**

***

**مانگیش دەڵێ:**

**من لەناو جەرگەی ئاسماندا**

**لەناو پۆلێ کۆتری**

**سپی**

**سپی**

**چاوم بە چاوی کەوتووە.**

***

**هەم و شەوێ من و نازداری هاوسەرم**

**لەسۆراخ مەمکە تۆراوەکەماندا**

**سەر لە باخچەکان دەدەین**

**دەچینە قەراغ دەریاکان**

**لەبەر مانگ دە پاڕێینەوە.**(٣٥)

بۆ شاعیر دەڵێ: (هەموو شەوێ من و نازداری هاوسەرم ...)؟ چونکە شاعیر لە شەودا دەست لە سینگی خۆشەویستەکەیدا دەگێڕێ و(نازدار) یش پتر هەست بە ئازاری دەروونی دەکات، کە ئەوەی هاوسەرەکەی گەرەکییەتی ئەو بۆی پەیداناکرێ کە (جووتە مەمکێکە). ئەوا جگە لەوی کە لەشەودا(مانگ هەڵدێ). لێرە، خوێنەری بە سەلیقە، هەست دەکات، کە ئەم دووانە، بە بینبنی: (باخ و دەریا و مانگ) چەند نیگەران دەبن، ئاخر ئەو سێیە، دەزانن ئەو مەمکە بڕاوەی (نازدار) لەکوێیەوە بۆشیان ناهێنەوە!

ئێستا، دوای ئەم گەشتە، گەیشتینە دیاریکردنی ئەزموونایەتی قوبادی جەلیزادە لە ئەزموونی شیعریدا:

کاتێك (ئەحمەدی مەلا)، مەرجێکی بنەڕەتی بۆ پێناسەی شیعر دەستنیشان دەکات و پێداگریش دەکات کە بەبێ ئەو مەرجە، شیعر ناچێتە هیچ خانەیەکی ڕەسەنایەتی لە دەربڕینی ناخی ڕاستگۆیی و پاکیی و پیرۆزیی مرۆڤایەتیدا، ئەرکی ڕەخنەگرە، کە چییەتی ئەو مەرجە لە شیعری ئەو شاعیرەدا لە سەرەدوبێژینگی ڕەخنە بدات و ڕەهەندە بەهێز و لاوازەکانی لە دەقەشیعرەکانیدا، بێلایەنانە، شیبکاتەوە.

لە سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو، وەکو هەموو شاعیرێکی تازە چاوپشکوتوو، شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، دەکەوتنە بەرچاو. وەك لاوێکی هەست ناسك، لەو چوار ساڵی خوێندنیدا لە زانکۆی بەغدا، زۆر لە ڕۆشنبیری و شارستانیەت و کەلتووری ئەم شارە دێرینە فیر بوو، خۆشبەختانە، لەگەرمەی شەڕەچەقەی بزووتنەوی (ڕوانگە)، ئەو لەو مەڵبەند و ناوەندانەی، وەکو یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغداو بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب، نزیك بوو، کۆڕ و دیدارەکانیان، کەم تا زۆر، ڕۆڵیان لە چاوکرانەوەی فیکری و ئەدەبی ئەو دا هەبووە. ئەوجا شاخ و شۆڕش و موعاناتی تاك و کۆی نەتەوی کورد، ڕاستەوخۆ گاریگەرییان لەسەر نشونماکردنی کەسێتیی ئەو هەبووە، کە لە قۆناغی چوارەمیدا، زانکۆی جێهێشت و چووە ڕێزی شۆڕش لە شوێنە ئازادکراوەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵی (١٩٧٤) دا. هەرچەند تا ئەو کاتە قوبادی جەلیزادە پتر لە شاعیرێکی شەرمن دەچوو، بەبەراودکرنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی لەگەڵ هاوشاعیرەکانی خۆیدا لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەم شەرم و بێدەنگیەش، جۆرە ئەزموونێکی شاراوەی لە سینگی خۆیدا ئامارکردبووە، جوانترین نموونەش، لە تەقینەوەی گڕکانی قەڵەمەکەی ڕۆماننووس(شێرزاد حەسەن) ە دا بەدی دەکرێت، کە

ئەویش لەم قۆناغەدا هەم شەرمن بوو هەم کەمنووس. (قوبادی جەلیزادە) ش وەك ئەو.

بەندە دوایین دەقە شیعری(قوبادی جەلیزادە) م لێرەدا، هەڵبژارد، وەك نموونەی کۆئەزموونی ئەم قەڵەمە لە تەمەنی نووسینیدا. دوو تەمەن لە نووسیندا، جاروبار، ئاماژەیان پێدەکرێ: (تەمەنی نووسینی شاعیر) و (تەمەنی ئەزموونی شاعیر)، ئاساییە تەمەنی (٣٠) ساڵ نووسینی شاعیرێك خاڵی بێ لە تەمەنی ئەزموونی شیعری. یان چەند ساڵێك، کافی بێ بۆ بەخشینی جوانترین تەمەنی ئەزموون لە ژیانی شاعیرێکدا. ئەمە دیاردەیەکی سروشتیی بوون و ژیانە، ڕەهەندە بایەخدارەکەی، لە ڕەنگدانەوە و ئاوێتەکردنی ئەو ئەزموونانە دایە لە واتای گوزارشتلێکراوی شاعیر. مەحاڵ بوو قوبادی جەلیزادە بتوانێ ئەم دەقەشیعرە لە ساڵەکانی حەفتاکاندا داڕێژێت، نەك لەبەر هەژاریی هونەریی شیعری ئەو، بەڵکو لەبەر هەژاریی ئەزموونی شیعری ئەو، ئاخر لەوکاتەدا، هێشتا (نازدار) ی هاوسەری مەمکەکەی خۆی لە بری بۆتڵەخۆێن بە خەستەخانەی (هیوا) نەبەخشی بوو و پرچەکەشی لە داخی مەمکی کۆچکردوو هەڵنەوەری بوو.

بڕوانە فەزای ئەزموونی شاعیر، هەر دەوری (فنجانە چایشیرێك) داگیردەکات، کە لەگەڵ هاوڕێ کچە سپیی پێستێکی زانکۆیی، پێکەوە فنجانە چایی شیرێك لە کافتریایەکی بەغدا دەخۆنەوە. چونکە توانای بینینی چاوی ئەزموونی شاعیر ئەوکاتە هەر ئەو مەودایەی بڕکردووە. ئەو دەڵێ:

**(چایشیر)**

**جۆگەی شیرە، لەشی سپیت**

**لەشی ڕەشم، جۆگەی چایە**

**با لێگەڕێین ئاوێتە بن**

**خوڕەی ئەو هەردوو جۆگەیە** (٣٦)

فەزا فراوانە گەردوونیەکەی دەقەشیعری (ژنێك لە "خەستەخانەی هیوا")، خەسڵەتی باڵا ـ ئەزموونایەتی شاعیر بەزەقی نیشاندەدا:

• بەکەمترین وشە، شاعیر نیشانەی خۆی بەجوانی دەپێکێت، تۆمارکردنی نۆڤلێتێکی کورتکراوە بە (٢٧) وشەی ( ١٢٠) حەرفی، ئەوپەڕی ماڵداریی شاعیر نیشاندەدات، لەوەستایەتی لە پیشەسازیی دارشتنی شیعریدا.

• جوانکاریی دەقەکە، بە هونەری دەنگ و ئاوازی خۆش و ڕەوانبێژیی بەدەیقەت و بونیاتی پتەو وشەی هەڵبژاردراوی گونجاو و دابەشکردنی بیرۆکەکان، کارامەیی شاعیر دەسەلمێنن.

• ڕاستگۆیی لە ئەزموندا، وەك کەسێکی ئەزموندار، لە خوێندنە و نووسینەوەی ناوەرۆکی دەقەکەدا، وای کردووە، ڕووی ئاوێنەی ناخی خۆی نیشان بدات، بەبێ ئەوەی بە حەرفێك ئامارژە بە (خۆی) بکات.

• وشەی یان زاراوەی (ژنێك)، خەسڵەتی گەردوونی، لە تەك بنەما سەرەکییەکانی دیکەدا، بەم قەسیدەیە بەخشیووە. کە ئێمرۆ، ئەدەبی کوردی زۆر عەوجە بە بابەتی (گەردوونییە) لە هەموو ڕشتەکاندا. لێرە (شیعر) سەرتۆپپیانە، چونکە خۆشەویستترە و کوتبڕترە و خیراترە لە گەیاندنی پەیامەکاندا.

شاعیر، لێرەدا، ناڕاستەوخۆیانە، زۆر پابەندی وتەیەکی (جەلالەدین ڕۆمی) یە کە دەڵێ:**"ئەی مرۆڤی خوداناس، سەرگەردانەکەی دونیا، ئەم سەرگەردانییەت لەچیدایە، بە دوای تاکە مەعشوقێکدا! ئەوەی تۆ بەدوایدا وێڵێت، وا لە ناخی خۆت دایە، ئاخر ئێوە خۆتان ئەو مەعشوقەن."** دەبێ قوبادی جەلیزادە لەگەڕانیدا بە دوای ئەو مەعشوقە، جگە لە (خۆی) دەستی بەکێ ڕابگات، کە ئەو هەموو ئەزموونە شاراوەی لە سینەی خودیدا گلدابێتەوە و ئازاریشی پێوەکێشا بێت. لێرەدا، وەك لەسەرەتایدا ئاماژەمان پێدا، ئەو هەر مەمکی(نازدار) نییە

كە بڕاوەتەوە، دكتۆرەكان، پارچەیەكیشیان لەجەرگی(قوباد) كردووەتەوە، بەبێ ئەو دەست بۆ جەستەی ئەو بەرن

**وەستاكاریی لە تەكنیكی بونیاتی دەقەشیعرەكەدا:**

هاوڕام لەگەڵ ڕەخنەگر و نووسەر (حەمە سەعید حەسەن) كە دەڵێ:" زمانی قوبادی جەلیزادە ئۆرگیناڵێكە، لەسەرووی ئەوەوەیە، كەسانی دیكە بتوانن لاسایی بكەنەوە، ئاخر وەك ڕووبارەكەی هێراكلیتۆس هەمیشە خۆڕەی دێت و لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە. گۆڕانكاری و نوێكردنەوە لە شیعردا، تەنیا لە زماندا چڕ نابێتەوە، بەڵام بە زمان دەست پێدەكات، زمانێكی یاخی لە زمانی باو... ." (٣٧) بە زمان دەستپێدەكات: بڕوانە شاعیر چ وەستاكارییەكی بە( ٢٧) وشەی كوردی ڕەسەن كردووە، هەر هەموویانی لە زاتی فەرهەنگی خویاندا داماڵیوە و جوانترین پۆشاكی شیعر بە بەرداكردوون. داڕشتن و بونیاتێكی تۆكمەداری دەستوری ڕێزمانی كوردی پەیڕەو كردووە. خاڵییە لە وشەو دەستەواژەی نەگونجاو و داتاشراو ودروستكراو. پەردەكانی شانۆگەریی بیرۆكەی سەرباسی شیعرەكە لەدوای یەك دێن و جوان ڕێكخراون، تا ڕادەیەك یەكسانن لە درێژیدا. سەنتەری مەكانی بیرۆكەكە، لە خەستەخانەی هیوایە لە سلێمانییە، بەڵام وەك خۆر كراوەتە چەقێكی گەردوونی، زەمەنەكەشی كراوەیە.

لە ڕووی هونەریی چنینەوە، دەقەكە، زۆر خۆشئاواز و هاڕمونیدارە، ئەمەیش بە گەمەكردنێكی شاراوەی دەنگەكانی شیعریی، لە فۆنیم و بڕگە و ئاواز و هێز و ئاوەزە و ڕتم و ... دا. لەم(٢٧) وشەی دەقەكەدا، وشەی (لە) ٥ جار و وشەی (ژن) ٣ جار و وشەی (مەمك) ٣ جار و وشەی (هیوا) ٣ جار و وشەی (تاڵ) ٢ جار وشەی (خەستەخانە) ٢ جار ـ بەناو ونیشانەوە ـ دوبارە بووینەوە. ئەم ئاوازانەی لە بڕگەكاندا دێنە بەرگوێ، كە مۆسیقای ناوەوەی دەقەكە سازدەكەن، بەم جۆرەن:

**لێ : لە : لە**

ێر : یر : پر : تر

بو : خو

به : خه : نه : چه : مه : مه : مه : كه : كه : كه

نی : شی

كه : كا : كا

را : خا : وا : دا : دا : كا : كا

تژی : لەهی

سی : ست

خه : خه : خا : خا

وا : وه

مك : مك : مك

كێشی دەقەشیعرە، ئەگەر بە بازدان لەسەر دێڕەكان بخوێندرێتەوە (run on lines) زۆر پڕ ئاواز ڕێكە، ئەم نەزمی بڕگەكانیەتی بە ناوونیشانەوە:

۹/ (٦ + ٦) / (١١+ ١١) / (٨ + ٨ ) / ۹

دەقەكە خاڵییە لە دەنگە كەرخەكانی وەك ( ص / ق / ع). سەرەتا و بنەتای دەقەكەش هونەرمەندانە، بە یەك دەستەواژە دیاریكراوە: (ژنێك لە"خەستەخانەی هیوا")، ئەم گەڕاندنەوە ڕوانبێژییە كاریگەری لە بونیات و ئاوازی دەقەكەدا هەیە. هەڵبژاردنی وشەی (خەستەخانە) لە جیاتی (نەخۆشخانە) بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە كە كاریگەری وشەی (خەستە) لە (نەخۆش) بەهێزتر و قورسترە، وەك بڵێی لایەنە دەروونەیەكەش دەخاتە ڕوو، ئەمە جگە لە نیشاندانی حەنینێك بۆ شیعری كلاسیكی كوردی، كە ئاشنایە بەم وشەیە، بڕوانە دەنگدانەوەی (خەستەخانە و خەستە ) لەم دێڕە شیعرەی مەحوی چەند خۆش دێنەبەر گوێ:

لەسەیری خەستەخانەی عیشق، ئەوی سەوزەی كەوا شینە

لەسـەر هەر خەستە دێ یا خوێنـدنی یاسـینە، یا شـینە (٣٨)

**ئــاكــام:**

ئەزموونايەتی پۆپەی گەشاوەی ئەزموونی شاعیرە و ڕادە و ڕێژەی دەسەڵاتی شیعریی و هونەریی شاعیر دەستانیشان دەكات. هەمیشە شیعرە ئەزموونـاوییەكان، كە بەرهەمی هزری و خەیاڵی شاعیرە ئەزمووندارەكانن، تۆكمەتر و بەهێزتر و ڕاسگۆیانەترن لەو شیعرانەی لە بیابانی كاكی بەكاكی دوور لە ئەزموون و كەتواریەت نووسراون. ئەزموونایەتی سەنگی مەحەكە كە شاكاری ڕەسەن لە دەقی داتاشراوی قلْپ جیادەكاتەوە، بۆیە هەمیشە شاكارەكان نەمروو و بلْند دیارن **(**Sublime poems**)** لەچاو شیعرە ساوێلكەكان كە كورتەبنە و عومركورتن.

كۆتایی

**پەراوێز و ســەرچاوەكان:**


١) هەفتەنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ٥٢٢، لە ٢٠١٦/١٠/٣.

٢) دیوانی حاجی قادری كۆیی، سەردار حەمید میران و كەریم مستەفا شارەزا، چاپكراوەكانی ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی كوردستان، ١٩٨٦، ل. ٣٠

3) http://www.thepoeticexperience.com

4)http://www.biography.com/people/samuel-beckett-9204239

5)http://www.sufism.ir/books/download/arabic/molavi-ar/fihe -ma-fih-ar.pdf

٦) ئازاد عەبدواواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٦.

٧) بورهان قانع، دیوانی قانع، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، ١٩٧٩

8) https://letterpile.com/writing/Difference-Between-A-Short-Story-Novelette-Novella-And-A-Novel

9)www.cosmopolisproject.org نووسەر، لە عەرەبییەوە ئەم شیعرەی، كردووەتە كوردی

10)http://www.poetrysoup.com/poems/read/cancer نووسەر، لە ئینگلیزییەوە ئەم شیعرەی بە دەستكارییەوە، كردووەتە كوردی

١١) قوبادی جەلیزادە، باخچەكانی مەلەك تاووس، دەزگای چاپ و بەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل. ٤٥٦

12)http://i.imgur.com/1oR9s.jpg)

1٣)http://www.salon.com/2012/05/10/on_the_rack_a_cultural _history_of_breasts

14)http://www.goodreads.com/qwuotes/tag/dream)

١٥ ) سەرچاوەی پێشوو.

١٦* ) چونکە نووسەر، بە توشبوونی خوشکێکی بەم نەخۆشییە، لە نزیکەوە ئاگادارە، ئەزموونی هەموو هەونگاوەکانی نەخۆشی و چارەسەرەکەی بینیوەوە لە شاری دبلن لە کۆماری ئایرلەندای خواروو.

١٧) قوبادی جەلیزادە، شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل. ٣٣٣

١٨) قوبادی جەلیزادە، با لەسەری کۆلآنەکەتانا دانیشتووە، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥، ل. ٧٧

١٩) سەرچاوەی ژمارە ١١، ل. ٢١٤

٢٠) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٥٤

٢١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٦٧

٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٠٧

٢٣) قوبادی جەلیزادە، چاکەتێك لەکۆنە دەکرم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل. ١٣٢

24)http://www.goodreads.com/qwuotes/tag/breast

25)http://vb.elmstba.com/t264956.html

٢٦) عەبدوڵلا پەشێو، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم، ل. ٦٧

27)Bartlett Robert (1994). "Symbolic Meanings of Hair in the Middle Ages".Transactions of the Royal Historical Society. Sixth series. 4: 43–60.doi:10.2307/3679214. JSTOR 3679214

٢٨) قورئانی پیرۆز، سورەتی نور، (٣٠)

29)http://www.goodreads.com/qwuotes/tag/hair

٣٠) سەرچاوەی ژمارە ١١، ل. ٣٠٧

(٣١)دیوانی مەحوی، عەبدولکەریم مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، دەزگای پەخشی چوارچرا، سلێمانی، ل. ٣٠٣

32)Wiles, R.; Cott، C.; Gibson، B.E. (2008). "Hope, expectations, and recovery from illness: A narrative synthesis of qualitative research"

33)http://www.goodreads.com/qwuotes/tag/hope

, ٣٤) قورئانی پیرۆز، سورەتی یوسف (٨٧).

٣٥) سەرچاوەی ژمارە ١١،   ل. ٤٣٦

٣٦) سەرچاوەی ژمارە  ١٧.

٣٧) سەرچاوەی ژمارە  ١٨،   ل. ١١

٣٨) دیوانی مەحویٚ، عەبدولکەریم مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، دەزگای پەخشی چوارچرا، سلێمانی،   ل. ٣٦٥

- ئەم بابەتە لە ژمارەی (٢٣٧، ٢٣٨)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراووەتەوە.

## بابەتی (١٠)

## ڕەخنەسازی لە بەراوردکاریی شیعردا -
## چەند تێکستە شیعرێکی ڕێباز مەحموود بە نموونە

ئەگەرچی مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری (Comparative Literature) هێشتا دوو سەدەی تەواونەکردوە، دەبینین لە ئەدەب و هونەری جیهانیدا پێگە و مەقامێکی باڵای بۆخۆی زامن کردوە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەکانی لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەب و هونەردا تۆختر و زۆڵاڵتر دەبی و بە زاراوە و چەمک و تیۆر و ڕێبازی نوێتر دەوڵەمەندتر دەکرێت. بەداخەوە لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخدا، ئەم ڕشتە ئەدەبییە باڵایە، کەمتر جێ پەنجەی دیارە و کاردانەوەکانی لە داهێنان و ئەفراندن و گەشەپێدانی ئەدەبەکەماندا کاڵ و لاوەکییە. هۆیەکانی بایەخنەدانمان بەو ئەدەبە زۆرن، لەوانە: دەبێ ڕەخنەکار و نووسەری ئەو ڕشتەیە شارەزایەکی باشیان لە ئەدەب و مێژووی ئەدەب و گۆڕانکارییە ئەدەبییەکان (چ تیۆری بێ و چ پراکتیکی) هەبێ، دەبێ شارەزاییان لە زمان و فەرهەنگی ئەو بەرهەمانە هەبێ کە پێیان نووسراوەتەوە، دەبێ لە هۆنەرو زانستی ڕەخنە و ڕەخنەکاری بزانن و توانای داهینانیان لە ڕەخنەسازیی ئەدەبی بەراوردکاریدا هەبێ.

دەکرێ بایەخ و بەهای ئەدەبی بەراوردکاری لەم چەند سەرە قەڵەمەدا چڕکەینەوە:

- لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو و نیشاندانی ئەو هۆکارانەی کاریگەری و کارتێکردن لەنێوان ئەدەبی ئەو نەتەوەیە و نەتەوەکانی دیکەدا هەیە.
- لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی شاعیر یان نووسەرێک، کە کاریگەر و کارلێکردنی ئەدەبی بێگانەی لەسەرە.

- تێگەیشتنێکی ڕوون لە ئاڵوگۆڕی هونەرێکی گرنگی وەک ڕەخنەی ئەدەبی.(١)
- بژاردەی ئەو دەقانە دەکات کە خۆماڵی و لۆکاڵین و دەقە گەردوونییەکان بە جیهان دەناسێنی.
- پردێکیشە بۆ لێکنزیک کردنەوەی نەتەوەکان و پاچێکە بۆ ڕوخاندنی بەربەستی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیستی و نەتەوەپەرستی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی ئەم جیهانەدا.

دەبێ ئەوەش بۆ خوێنەر ڕوونبکەینەوە کە ئەدەبی بەراوردکاریی هاوچەرخ زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و لەقاوغی قوتابخانەی ئەدەبی بەراورکاریی فەرەنسی و ئەمەریکی و روسی دەرچووە و شێواز و رێبازێکی سەردەمییانەی بەخۆیەوە بینیوە. لە کاتێکدا قوتابخانەی فەرەنسی هەوڵدەدات لە چوارچێوەی لێکدانەوەی ئەدەبی بەراوردکاریی بەرهەمێکی ئەدەبی بەزمانێکی دیاری کراو لەگەڵ بەرهەمێکی هاوشێوەی دیاریکراو لە زمانێکی تردا ئەنجام بدات، ئەوا قوتابخانەی ئەمەریکی هەموو لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی نێوان هونەر و لایەنەکانی دیکەی مەعریفی مرۆییە، هەروەها لە ئەدەب و دەروونناسی یان لە ئەدەب و ئەخلاقیش دەکۆڵێتەوە.(٢) هەرچی قوتابخانەی ڕووسییە پتر بایەخ بە لایەنە ئایدوۆلۆژییەکان دەدات، پشت بە تیۆرییەکانی شموولی هەسارە و کۆمەڵگا و ئەدەب و ڕۆشنبیریی دەبەستێ. بەڵام ئەدەبی بەراوردکاریی هاوچەرخ پانتای جوگرافیایی و کەلتووری و مێژووی زۆر فراوانتر و بەربڵاوتر بووە. بۆ نموونە ئیمڕۆ ئەدەبی بەراوردکاری پەل بۆ بەرهەمێکی دیاریکراوی ئەمەریکی و بەریتانی دەبات لە کاتێکدا هەردووکیان بەیەک زمان نووسراون (زمانی ئینگلیزی)، یان بەروارکاری لە نێوان دەقێکی فۆلکلۆری و دەقێکی ڕۆمانسی سەدەی هەژدەم دەکات، زۆر ئاساییە ئەگەر دەقە شیعرێک لەگەڵ تابلۆیەکی شێوەکاری بەراورد بکات بەو پێیەی کە

دەگوترێ " شیعر تابلۆیەکەی جوانە بە وشە نەخشێنراوە و تابلۆی هونەریش شیعرێکی ناسکە بە ڕەنگ داڕشتراوە."

لێرەدا، بەندەش وەک ڕەخنەکارێک، ڕێبازێک لە بەراوردکارییەکاندا دەگرمەبەر، کە هەم ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و هەم ڕەنگدانەوەی ئەدەبی بەراوردکاری پێوەدیار بێ. دەبێ ئەوەش ڕوونکەینەوە، کە بەراوردکاریی هەردوو دیوەکەی دەقە ئەدەبییەکە دەگرێتەوە، (وێکچوونەکان و سیما دژبەیەکەکان)، جا لە هەر ڕەهەند و گۆشەیەکی ئەو دەقانە دابن. هەرچەندە زاراوەی (دەقئاوێزان) بۆ قسەکردن لە دوو دەقی نووسراو بە یەک زمان بەکاردێ، بەڵام لە ئەدەبی بەراوردکاریی هاوچەرخدا، ئەو کۆتە شکێنراوە و دەکرێ بەرهەمەکان زادەی یەک زمان و یەک کەلتوور و یەک فەرهەنگ و یەک ژینگەش بن. بۆیە لێرەدا سنوورەکان دیاری نەکراون و لە نێوا بازنەی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەی دیکەشدا لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە.

پێش دەستپێکیش، پێمان باشە پووختەیەک لەسەر شاعیر (ڕێباز مەحموود) ـ کە تێکستەشیعرەکانی بەنموونە وەردەگرین ـ تۆمارکەین. ئەو شاعیرە لاوە، لە سلێمانی لە دایک بووە و هەر لەوێش قوناغەکانی خوێندن و ئاشنابوونی بەئەدەب و سەرتایی نووسینی دەستپێکردووە و دواتر وەک زۆر لە ڕەوەندی کوردی، پەرتەوازەی وڵاتی (هۆڵەندا) بووە و تاکو ئێستاش لەوێ دەژی. لە ساڵی(٢٠٠٨) دا کۆمەڵەشیعری (با، یاری بە بیرەوەرییەکانی باخچە دەکات) لە سلێمانی بڵاوکردۆتەوە، ئێستا پتر لە ماڵپەرە ئەدەبییەکاندا بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، بەتایبەتی ماڵپەڕی (دەنگەکان) و مالپەڕی (ئەمڕۆ). بە شیتڵەکاری چەند بەرهەمێکی ئەو لێرەدا، هەوڵدەدەین بە زمان و فەرهەنگ و ئەزموون و توانستی ئەدەبی ئەو لاوە ئاشناتان بکەین.

**یەک: تەوەرەی سەدەمی منداڵێ:**

ڕێباز مەحموود دەڵێ:

**ئەوەی ماندووی کردووم**
**نە قوڕی خەستی غەمی سەفەرییوونمە**
**کە هیچ پەیکەرێکم لێ**
**پێ دروست نا کرێ...**

**نە شروشیتاڵی قورسی بیرەوەریمە**
**کە شانوملی غەریبیمی**
**پێ داناپۆشرێ...**

**بەڵکو منداڵییەکەمە،**
**هەرگیز ناتوانێ گەورە بێ و**
**بەردەوام لە نیوەی ڕێگادا**
**جێ دەهێڵدرێ!** (٣)

شانۆنووسی ئینگلیزی بەڕەچەڵەک جیکی (تۆم ترۆپارد - Tom Stoppard١٩٣٧)، دەڵێ:"ئەگەر تۆ توانیت سەردەمی منداڵیت بەشانی خۆت دادەیت و هەمیشە هەڵیگری، هەرگیز پیرنابی."(٤) چونکە وەک دەروونناس و کۆمەڵناسانیش توێژینەوەیان لەسەرکردووە، ئەو سەردەمە ڕەگ و ڕیشەی هێندە قوول و پەرش وبڵاو و خۆڕاگرە تا پتر ساڵەکان بەسەر یەکتریدا قەڵاچن دەبن، ئەو بیرەوەرییانە خەستر دەبنەوە و خۆشەویستریش دەبن، هەرچەندە منداڵانی کورد بەدەگمەن تروسکایی خۆشی لەو سەردەمەدا دەبین و زوو ڕۆژەکانی تەمەنی پڕ ئیش و کاروکاسبی و کوێرەوەری، بەرائەتی ئەو سەردەمەیان لێزەفتدەکا، بەڵام بۆ شاعیر و ئەدیب، بای ئەوەندەی وەگیردەکەوێ کە گۆماوی خەیاڵی پێ بشڵەقێنن.

ڕێباز مەحموود، وەک زۆربەی شاعیران، لە چەندان دەقەشیعری ناسکدا، دەکەوێتە ژێر ڕنۆی ئەو سەردەمە و هەوڵدەدات، بە زمان و هونەری شیعری ڕۆحی وەبەربێنیتەوە، تا هەرنەبێ بۆ چەند ساتێ لە ژاوەژاوەی پڕۆپووچی ژیان

دووركەوێتەوە و دیسان منداڵبێتەوە. لەم دەقەی سەرەوەدا، بیرۆکەکە (The Theme) ئەوەیە: کە ئەو سەردەمە وەک منداڵێکە قەت گەورەنابێ و پێناگرێ تا ڕێگای کاروانی ژیانی لەگەڵدا تەواوکات. شاعیر نە گلەیی لە (سەفەرەکە) و نە لە (غەریبییەکەیە)، ئەوەی لەسەردڵی ئەو بۆتە بەرد، نەگەڕانەوەی سەردەمی منداڵیتی ـ نە سەردەمە کە وەک ئەو گەورە دەبێ و نە خۆێ وەک سەردەمەکە بچووک دەبێتەوە و دەچێتەوە سەردەمی جاری جاران.

لە دەقەشیعرە (٣) کۆپلەکە دا، دوو کۆپلەی ڕەنگرێژکردوە بە (سەفەر) و (غەرەیبی)، سەفەرێک کە هێندە بێهود و ڕەزاگرانە، قوڕی ئەو سەفەرەی کە بە پێڵاوەکانیەوە نووساوە، بۆ هیچ دەستنادات و ئەو (غەریبی)یەش هێندە پەڕپووت و پەرتەوازە و بێنەوایە، شروشیتاڵێک نییە کەمێک گەرمی بکاتەوە.

ئەو هاوکێشەی کە لە زەینی شاعیرکێشراوە ئەوەیە:

قوڕی خەستی غەمی سەفەریبوون + شڕوشیتاڵی قورسی بیرەوەری = یادەکانی سەردەمی منداڵی

واتا ئەو سەردمە دەتوانێ خەستیی ئەو قوڕە و قورسیی ئەو بیرەوەرییە لە یاد بەرێتەوە. ئاوازی دەقەکە زرینگانەوەی خۆشی تێدایە هەرچەندە تەواو قورسبووە بە (قوڕ و غەم و سەفەر و غەریبی منداڵیی)، کێشەکەی کراوەیەوە سەرواکانی هارمۆنیئامێزن (کرێ / شرێ / درێ). بەئاسمانی (سەفەر و غەریبی و منداڵییەکەوە) هەوری خەیاڵیکی خەست دەبینرێ کە بەرچاوی دەقنووسی گرتووە. دەبێ جیاوازیی نێوان (سەفەر) و (سەفەریبوون)یش لەبەرچاو بگیرێت بەوەی (سەفەریبوون) دەلالەتی بێ ئۆقرەیی وناسکونایی و قەلەندەری دەوررنیی تێدا بەدی دەکرێ.

باوکی شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزیی (وڵیەم ویردزسمێت William Wordsworth ١٧٧٠ – ١٨٥٠) لە دەقەشیعرێکی شاکاردا بەناونیشانی (منداڵ باوکی پیاوە)، دەڵێ:

**دڵم خورپەدەکات،**
**کاتێ پەلکەزێڕینە بەئاسمانەوە دەبیم**
**لەسەرەتاپی بوونمەوە هەر وابووم**
**ئێستاش وا بووم بە پیاو و هەروام**
**کە پیریش دەبم هەر وادەبم**
**توخوا لێمگەڕێن با بۆخۆم بمرم!**
**منداڵ باوکی پیاوە و**
**ئارەزووەمە خواناسیی سروشتێ ڕۆژانی تەمەنم**
**یەک یەک، بەیەکەوە گرێدەن!** (٥)

بە (٩) دێرەشیعری کورت، شاعیر، چەپکێک بیرۆکەی جوان جوان دەخاتە مست پەیامگر: جوانی سروشت، پەیوەندیی نێوان جیهانی سروشتی و جیهانی تاک، بایەخی سەردەمی منداڵیی و بیرەوەرییەکانی.

هونەری شیعری دەقەکە شێواز و ئامرازی بەستنەوەی ڕۆژەکانی تەمەنە، ئامرازی بەستنەوەکە لەسەردەمی منداڵی (پەلکەزێرێنە)یەو لەسەردەمی باڵغبوون و گەروبوونیشدا (خوداناسیی سروشتی)یە. لە نێوان ئەو دوانەشدا حەسرەتێکی جەرگبڕ، تا ڕەدەی تەمەنناکردنی مردن ـ دێتەبەرگوێ! لەدەقەدا ئاماژەیەک بۆ ئەو میتۆلۆژیایە کراوەکە دەڵێ؛ ڕۆحی منداڵەکان دەچێنەوە ئاسمان و جارێکی دیکە دێنەوەبەر ئەو منداڵانەی تازە لەدایک دەبنەوە. ئەو ئاماژەیە بۆ چەند سەدەیەک لە ئەدەبی ئینگلیزی دەنگدانەوەی هەبووە و زۆری لەسەر گوتراوە.

دەکرێ کۆلکەی هاوبەش لە نێوان دەقەشیعرەکەی ڕێباز مەحموود و دەقەشیعرەکەی وڵیەم ویردزسمێت، بەم شێوەیە شتیەڵکاری بۆ بکرێ؛ هەردووکیان حەنین و غوربەتریان بۆ سەردەمی منداڵی هەستاوە، یەکەمیان (نیوەی ڕیگا) ئاگری ئەو سەردەمەی لە سینەدا خۆشکردوە و دووەمیان بینینی (پەلکەزێرێنە)کە. شێوازی کاردانەوەی حەسرتەکەی ڕێباز مەحموود ئەوەیە (کە ماندووی کرددوە) لێ ئەوەی شاعیری ئینگلیزی ئەوەیە کە تەمەننای مردنی بۆدەکا. ڕێباز بە دوو

پرسیاری بێ وەڵام هەناسەی لەبەردەبڕێ و ڕادەستی قەدەر دەبێ (پرسیاری یەکەم: بۆ منداڵیی گەورە نابیێ؟ پرسیاری دووەم: بۆ دەبێ منداڵیی بەجێبهێڵدرێ؟)، هەرچی وڵیەم ویردزسمێت دەیەوی لەڕی (خوداناسیی سروشتی)دا ڕۆژەکانی پێکەوە کۆکاتەوە. دەقەشیعرەکەی ڕێباز لەسەر(٣) ئەستووندەنگ ڕاوەستاوە(سەفەریبوون / غەریبی / منداڵیی) بەڵام ئەوەی دیکە لەسەر (٢) ئەستووندەنگ ڕاوەستاوە (پەلکەزێڕینە / خوداناسیی سروشتیی). ئەگەرچی دەقەکەی وڵیەم ویردزسمێت، (٢) دێڕی لە هێ ڕێباز کەمترە. لێ پتر سیخناخە بە فەلسەفەکانی سەردەمی شاعیر. لە هەردوو دەقەکانیشدا خەیاڵ، قوول و بێسنوور و شاعیرانەیە. ئەوە جیاوازییەی کە زۆر زەقە، کەش و هەوای دەقەکەی ڕێباز مەحمووود (کوردستانییە، لە خەم، دەربەدەری و غەریبیدا)، لێ ئەوکەی دیکە چڕە بە دیمەنی ڕۆمانسی و سروشتی جوان و دڵگیر!

شاعیری فەڵەستینی ( مەحموود دەروێش ١٩٤١ ـ ٢٠٠٨) لە بەشێکی قەسیدەی (الي امي)، بە دەنگ و نەغمەیەکی دیکە حەسرەت بۆ سەردەمی منداڵی خۆی هەڵدەکێشێ و بە هەنیسکەوە دەڵێ:

**(بۆ دایکم)**

**تامەزرۆی نانەکەی دایکم و**
**قاوەکەی دایکم و**
**دەست بەسەرداهێنانی دایکمم**
**وا سەردەمی منداڵیم**
**ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەدەبێ و**
**عاشقی عومری خۆم دەبم**
**چۆنکی گەر مردم**
**لە سێڵاوی فرمێسکەگەرمەکانی دایکم شەرم دەکەم.** (٦)

خاڵی هاوبەش لە نێوان تێکستە شیعرەکەی ڕێباز مەحموودو ئەم دەقەی مەحموود درەوێش (سەردەمی منداڵی)یە، بەڵام لە

دوو گۆشەنێگای جیاوازەوە، کە یەک واتا لەخۆدەگرن. لە لای ڕێباز مەحموود، ئەو سەردەمە چەقیووە، گەورەنابێ، گەشەناکات، بەسەرناچی و قۆناغەکەی خۆی تێناپەڕێنی، چەندەها ساڵە هەر وەک خۆیەتی. هەرچی وێناکەی مەحموود دەروێشە، پێچەوانەکەی نیشان دەدا، ئەو سەردەمە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەدەبێ و لەگەڵ تەمەنی شاعیردا هەڵدەکشێ، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوو وێنە (بیرۆکەکان) لە یەک خاڵدا پێکدەگەن. چۆن؟ لە زەین و بیر و هۆشی ڕێباز مەحمووددا، ئەو سەردەمە قەد ناسڕێتەوە و ڕۆژگارەکانی هەر دەڵێی دوێنکەنە، هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. لە دیدی مەحموود دەروێشیشدا بە هامان شێوە، ئەو ڕۆژگارەی سەردەمی منداڵێ چرکە بەچرکە لە گەڵیەتی و بۆ تاوێک ئەو بەجێ ناهێڵن، هەر دەڵێی دووانەی داکێکن. بە کوردی و کرمانجی لە لای هەردوو شاعیرەکە، سەردەمی منداڵی درێژبۆتەوە بۆ ئایندە و سەرتاپای ژیانی ئەوانی داپۆشیوە. ئەگەر منداڵیی مەحموود دەروێش لە بۆنی نانی تەندووری فەلەستینی و تامی قاوەی عەرەبی بێ، ئەوا کاتێک ڕێباز مەحموود زاراوەی (سەردەمی منداڵیی) بەکاردەهێنێ، ئاماژەیە بۆ شتە شاراوەکانی ئەو سەردەمە، کە بۆ ئەو بۆنی نانی کوردییە و تامی شێلمبەترشی سلێمانییە.

(لەتیف هەڵمەت)یش لە دەقێکدا هەمان بیرۆکەی سەردەمی منداڵی خۆی داڕشتۆتەوە و دەڵێ:

**زۆرجار کە برسیم دەبێ ...**
**حەز لە کۆلێرەیەکی گەرم گەرم دەکەم**
**ئای بۆنی کۆلێرەی گەرم چەند خۆشە...؟**
**رۆژانی منالیم بیر دەخاتەوە ...**
**ئەو رۆژانەی کە دایکم نانی دەکرد و**
**حنەو مارمارۆکە و پەپکە بە کونجی و**
**کەلانەی بۆ دروست دەکردم ...**
**ئای دایکم کوانێ...؟**
**هیچ نانێك ئەوەندەی نانی دەستی ئەو**
**خۆش نیە و**

**هیچ نانێك برسێتیم تێر ناكا ...**
**نانی دەستی دایكم نەبێ ...!** (٧)

(نزار قەبانی)یش بە زمانێکی دیکە ئەو سەردەمە لە ناخی خوێدا دەبینێ و لە (خمس رسائل الي امي) دا دەڵێ:

**هۆ دایە گیان...**

**من ئەو كوڕەم كە شەپۆڵەكان تاودەدەم و**

**تاكو ئێستاش**

**تامێ شەكرۆكەكانم لە زاری دایە**

**دایە گیان، چۆن**

**دایە گیان، ئاخر چۆن**

**وا بووم بە باوك و**

**هەر گەورە نەبوو.ووم؟** (٨)

لەم تەوەردا، گەردوونییەتی (سەردەمی منداڵی) بە بەڵگە سەلمێنراو دوو خاڵی تێدا ڕاڤەکرا، سەردەمی منداڵی ڕێباز مەحموود، پتر بۆنبەرامەی ئازار و ژان و چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردی لێدێ، لێ لەلای شاعیرەکانی دیکەدا (لێرە) هەر سەردەمەکە وەک خۆی نمایشکراوەتەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە لە ئەقڵی بێئاگایدا، بۆ هەمیشە سەردەمی منداڵی دەمینێتەوە و ساڵ بە ساڵ لەگەل تەمەندا دەڕوات و لەبیرناچێتەوە، مەگەر کەسەکە خەڵفاو بێت یان تووشێ نەخۆشییەکانی لەبیرچوونەوە بێ.

**پووختەی تەوەرەکە:**

هەر (٥) شاعیرەکە، هێشتا گەورە نەبوون و هەرمنداڵن، سەردەمی منداڵی جوانترین و بەسۆترین بیرەوەری لە دەروون و

هزریاندا جێهێشتووە، هەموویان قەرزاری ئەو بیرۆکە هونەرییانەن کە لە کانی و سەرەچاوەی ئەو سەدرەمەدا هەڵێیان هینجاوە. ئەزموونەکان جیاوازن، زمانەکان لە زۆر ڕووە و هاودەنگن، پتر هەوڵدەدەن، بە زمانی منداڵ بنووسن و لە نێو بێشکە نەیەنە دەرەوە.

**دوو: تەوەرەی ستەمی ڕۆژگار:**

(پیرڵ ستراکان هیورد Pearl Strachan Hurd) سیاسەتمەداری ئینگلیز دەڵێ:"بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وشەدا بکەن، چونکە ئەوان هێزێکیان تێدایە کاریگەرترە لە بۆمبی ئەتۆم." (٩) ڕەنگ بێ شاعیر ماندووترین گەریدە بێ کە هەمیشە وێڵە بەدوای گونجاوترین و پەسندترین و ڕەسەنترین وشەی مەبەست. لەم دەقە شیعرە (٤٥) وشەیەی خوارەوە، ڕێباز مەحموود بە یەک تاکە وشەی (٧) حەرفی، کە (بێڕەحمی) یە، مێژووی سەردەمێکی تاڵی نەتەوەکەی تۆماردەکات و دیوی ناوەوەی دەروونی خۆی و دەرووبەرەکەی سایکۆلۆژیانە شیدەکاتەوە. ئەو بە هەناسەیەکی پڕ حەسرەتەوە دەڵێ:

**ئەو ڕۆژەی بەردەرگای مزگەوتی گەورە**
**جێگایەکی پێ بەخشیم بۆ سابوون فرۆشتن**
**ئەو ڕۆژە بوو کە دەستێک بە ئاشکرا خۆی درێژکرد**
**بۆ قوڵایی ڕۆحم**
**گوتی: خۆشحاڵم بە ناسینت ڕێباز**
**گوتم: ناوی جەنابت؟**
**گوتی : کەم کەس هەیە لەم بازاڕی دنیایە من نەناسێت**
**من ناوم: بێڕەحمییە!**

بۆ ئەوەی خوێنەرانی نیو سەدەی داهاتوو و داواتریش، لە مەغزای قوولی دەقەشیعرەکە تێ بگەن دەنووسم:

دوای (٨) ساڵ لە خوێناویترین شەڕی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە بە (شەڕی کەنداوی یەکەم، یان شەڕی عیراق ـ ئێران ١٩٨٠ ـ ١٩٨٨) ناسراوە و بە هەزاران عەرەب و فارس و کورد و نەتەوەی دیکەی تێدا بوونە قوربانی و دوای کیمیاباران

کردنی کوردستان و ئەنفالکردنی  هەزاران ژن و منداڵ و پیرەمێردی کورد، ڕاپەڕینی (١٩٩١) کوردستانی باشووری دەرگای مێژووی سەردەمێکی نوێی بەسەرماندا کردەوە، خەونەکانی ڕەش وڕووت و چەوساوە و ستەمدیدەکانی ئەم وڵاتە بێسنوور بوون و هیوا و مرازێکی زۆریان بەکۆڵی خۆیان دادابوو، ئەفسووس! ڕووداو و کارەساتەکان نەک هەر خەونەکانی ئەوانی بەتاڵکردەوە، بەڵکو چەندان ژان و خەمی تازەشی بۆ داهێنان. لەم (٤٥) وشەی دەقەشیعرەکەدا، دوای (٢٦) ساڵ لە ئازادی ئەوەی بۆ مێژوو تۆمارکردووە: گەنجێک هەڵگری بڕوانامە، تەواو دڵخۆشە، کە لەبەردەرگای مزگەوتی گەورە، شوێنی ڕیزکردنی چەند کارتۆنێکی وەدستکەوتووە، شوێنکە لەناوەندی جەرگەی شارە، زۆر جار ئەو چەند گەز زەوییەی بەردەرگای ئەم شوێنە پیرۆزە، دەکڕێ و دەفرۆشترێتەوە، جاربووە دەستگێڕ و فرۆشیاری گەریدەشی لەسەر کوژراوە! هەموو سەروەت و سامانی ئەو گەنجە چەند قالبە سابوونێکە، خەڵک هەر بەوە ڕادەگا نان و شتە زۆر پێویستییەکان بکڕن.  ئەو تیرە ژەهراوییەی شاعیری زامدارکردووە، هەستە پاک و ناسک ومرۆڤدۆستییەکەیەتی، کاتێک دەبینێ بێئابڕووترین و بێ ویژدانترین و بێ مروەترین مامەڵە لەو بازاڕەدا دەکرێ، کە قەڵەم شەرمەزارە لە تۆمارکردنیان! ئا لەو بازاڕەدا و لەو ڕۆژەدا، هەموو بەها و ئایین و شارستانیەتی و مرۆڤایەتی یەکسانە بە مشتێ (دینار). پێدەچی شاعیر زۆر ماندوو ببێ بۆ دۆزینەوەی وشەیەک، کۆ ئەو مێژووە لە خۆیدا تۆمار کات و بەهرەوەرانە، دەستەواژەی (بێ ڕەحمی) تەوزیفکردووە.

وشەی (ڕەحم) کە بەڕەچەڵەک عەرەبییە، لە کەلتووری کوردیدا لە چەند ڕەهەندێکەوە، خوێندنەوەی بۆ دەکرێ:

- ڕەهەندی ئایینی: لە  زانستی خوداناسیدا (Theology)، (ڕەحم) لە هەموو ئایین و ئایینزاکانی کوردەستان، مەقام و پایەیەکی بەرز و باڵای پێدراوە و ڕیزی لێگیراوە.

- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: (ڕەحم) ئەو ڕایەڵەیە کە هەموو ئەندامانی خێزان و بنەماڵ و گوند و شار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کورد ڕیزی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گرتووە.
- ڕەهەندی گەردوونی: بەوەی هەرچی بوونەوەرە، بە شێوەیەک لە شێوەکان نەستی بێئاگایی (رەحم)ی هەیە، هەم لەگەڵ یەکتریدا و هەم بۆ دەرووبەر. وەک سەگ و وشتر بۆ خاوەنەکەیان(٩)

لە حەدیسێکی پێغەمبەریش (د. خ.)، ئاماژە بە بایەخی (ڕەحم) دەکات و بارینی ڕەحمی یەزدانی بەسەر مرۆڤەکاندا بەندە بەو ڕەحم و خۆشەویستییەی ئەوان لەگەڵ یەکتریدا دەینوێنن. ئەو دەفەرمووێ:" ارْحَمُوا مَنْ فِي الأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ ". (١٠)

ڕێباز مەحموود یەک تاکە وشەی کردووەتە کلیلی دەقەشیعرەکە، لێ ئێمە دەزانین کە ئەمە دەرهاویشتەی بارودۆخی جەنگ و هەژاریی و نادادپەروەرییە و ئاکامەکانیشی گەندەڵی و تاوان و داشکاندنی بەهای هەموو بەرهەمە ئەقڵییەکانی مرۆڤ وشێواندنی ژینگەی ژیانە. دەقنووس فەزای دەلالەتخوازی زاراوەکەی بۆ خوێنەر بە والایی هێشتووەتەوە.

دەقەکە لە قالبی شانۆگەرییەکی یەک پەردەیدا داڕێژراوە، کارەکتەر و یەکەکانی شوێن و کات و گرێچنی و زمانی دایەکۆگەکەی دیار و لەبەرچاون.

لێرەدا، بۆ شیتەڵکاریی دەروونی دەقنووس و کۆمەڵگاکەی، ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەین:

یەک: (دەستێک بە ئاشکرا خۆی درێژ کرد بۆ قوڵایی ڕۆحم)، لە جیهانی بێئاگایدا، ئاسەواری ئەم دەستە کە چەندان ڕاڤە هەڵدەگرێ، گاریگەر و درێژخایەنە، بەتایبەتی کە لە ڕۆحدا، زامەکە

دەچێنی. ئەمەیش نیشانەی نائومێدی گەورەی هەردووکیانە (دەقنووس و کۆمەڵگا) کە ئەم (بێڕەحمییە) درێژەدەکێشێ.

دوو: ( کەم کەس هەیە لەم بازاڕی دنیایە من نەناسێت)، زاراوەی (دنیا)، لێرەدا خەسڵەتی گەردوونی بە ئافاتە کوشندەکەی ڕۆح، کە بێڕەحمییە، دەبەخشێ.

شاعیر ئەوەندی مەراقی گەیاندنی پەیامەکەی بووە، ئەوەندە دەروەستی هونەری شیعریی دەقەکە نەبووم بۆیە زمانەکەی سادەیە، وشەکانی پەخشانین، ژینگەکەشی خامۆش و خنکاوە. پەیامگر خەفەت بۆ هەموویان دەخوات و ڕقیشی لە سەبەبکارانی دەبێتەوە... .

شاعیری گریکی ـ میسری بە ڕەچەڵەک، (قوستەنتین پیتەر کەڤافی ١٨٣٦ ـ ١٩٣٣) لە دەقەشیعری (مۆمەکان) دا، ڕێباز مەحموود ئاسا، دۆش بەرانبەر ڕۆژگاری چەتوون ڕادەمێنیت وتێدەفکرێ، ڕۆژەکانی کردووەتە مۆم، سەریسوڕماوە چۆن ئەو هەموو مۆمانەی ڕۆژانی ڕابردووی کوژانەوەو ڕیزبەندییەکەیان وا درێژبۆتەوە، دیمەنەکانی ڕۆژگاری ڕابردووی هێندە ترسناکن، ناوێری ئاوڕیشیان لێبداتەوە. خاڵی هاوبەشی ئەم دەقە لەگەڵ تێکستەکەی ڕێباز مەحموود، ڕۆژە تاریک و ناخۆش و دژوارەکانی ڕابردوون، کە لە دیدی هەردووکیانەوە، هەرچەندە ڕابردوون لە ئەقڵی بیئاگایدا هەر زیندوون. دەکرێ سابوون فرۆشتنەکەی ڕێباز مەحموود، بکەینە مۆمە داگیرساوەکانی (کەڤافی) کە ئومێدێک بە بەردەروامی ژیان دەبەخشێ. هەردەبێ واش بێ، دەنا چ ڕاز و نهێنییەک لە پشت فرۆشتنی ئەو چەند سەلکە سابوونەدایە بۆ گەنجێکی کورد!

(کەڤافی) دەڵێ:

ڕۆژانی ئاینده، وەک ریزە مۆمی زێرین و گەرم و

لێوان لێو لە ژیان لەبەردەماندا ڕادەوەستن.

**ڕۆژانی ڕابردوو، ڕیزێک**

**له مۆمی خامۆش و کوژاوەن،**

**نزیکترینیان هێشتا باریکه دوکەڵێکی لێ هەڵدەسێ**

**سارد و تواوە، سەری بۆ زەوی لارکردۆتەوە.**

**نامەوێ سەیریان کەم، سیمایان خەمبارم دەکەن و**

**یادی یەکەمین بڵێسەیان، گڕ له ناخم بەردەدەن**

**بۆیە، دەڕوانمه مۆمه داگیرساوەکەی پێشدەمی خۆم.**

**ئەز نامەوێ ئاوەڕبدەمەوە، دەترسم**

**ئاخر چۆن ئەو ڕیزه تاریکییه وا درێژبۆوە**

**چۆن؟ چۆن ئەو مۆمه خامۆشانه ژمارەیان وا زۆر بوو؟(١١)**

تێکستەکەی (کەڤافی) تا بڵێی ناسک و دڵگیر و پڕ مۆزێک و سیخناخه به وێنەی هونەری شیعری ورد و خەیاڵاوی، شەوق و دوکەڵ و خامۆشی و تاریکی جیهانی مۆمەکان، پتر ژینگەی دەقەکەیان به شیعریی کردووە. شیوازی داڕشتنەکەشی زۆر تۆکمە و سفت و ڕێکە.

هەست دەکەیت که ئەو (بێرەحمییە) و ئەو (مۆمانە) تا زەوی لەسووڕانەوەدا بێ هەر درێژەیان دەبێ، چونکه ئەوان پەیوەستن به خەسڵەته ئەبەدییەکانی مرۆڤ. دەکرێ بەم هاوکێشەیە پارسەنگ بکرێن:

مۆمە داگیرساوەکان ⟵ ڕەحم

مۆمە خامۆشەکان ⟵ بێرەحمیی

هەرچی شاعیری سوری، (محمد الماغوط ١٩٤٣ ـ ٢٠٠٦) ە، له بەشێک له قەسیدەی (سووره گوڵەگەنمه ڕەقهەڵاتووەکان) دا، به

زمان و شێوازێکی دیکە گوزارشت لەو (بێڕەحمیی) یەیی ڕێباز مەحموود دەکات.

لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەیەوە، نە ڕێباز مەحموود و نە مامۆستاکانی، ئەوایان بەخەیاڵدا نەدەهات، کە ڕۆژێ دێ بەهای بڕوانامەکەی - ڕەنجی تافی لاویی، لە جووتە کەڵاشێکی سابوونفرۆشێکی بەردەرگای مزگەوت بێ قیمەتتر دەبێ. لە دەقەشیعرەکەدا، هەر یەک سابوونفرۆش دەبینرێ، لێ لە دەقەشیعرەکەی (محمد الماغوط) ڕیزبەندێکی درێژ لە ناوی هاوەڵەکانی ئەو سابوونفرۆشە دەخوێنینەوە. هەردەڵێ ئەو شاعیرە لە کونێکەوە ڕێباز مەحموودو هاوپیشەکانی، لەبەر دەرگای مزگەی گەورەی سلێمانی ئەوانی بینیوە و بە پەرۆشەوە ئەوەی بۆ گوتون:

**گەر گوڵ**
**دەزانی دوای قرتاندنی لەسەرچڵان،**
**چیبەسەردێ!**
**هەنگی کارەکەریش،**
**دوای داخورانی باڵەکانی و کزبوونی چاوەکانی!**
**سەگیش دەوای لەدەستدانی پێشبینیی وهەستی بۆنکردنی**
**سەبازیش کە دەستەکانی دەکەونە لەرزین و**
**دۆست ودۆژمن لێک جیاناکاتەوە،**
**سۆزانیش کە جوانی و مەعشووقەکانی لەدەستدەدا!**
**مێگەلەمەریش کە بێ شوان و پاوانی دەمینێتەوە!**
**گەر هەمووان بزانن،**
**چ چارەنووسێک**
**لەوبەرەی کەناری دەریاچەیە چاوەڕوانیانە!**
**ماسیگرقاچی نەدەنایە ناوە بەلەم و**
**قوتابی سەری بە مەکتەب دانەدەگرت**
**نە جوتیار دەچووە گێڵگەو**
**نە کرێکار ڕێی کارگەی دەگرتەبەرو**
**نە سەرباز ڕایەدەکر بۆ شەڕگە!**
**گەورترین سزا کە بۆمان براوەتەوە**
**بیرەوەرییمانە**
**خۆگەر ئاسنگەرەکەی درواسێمان بزانیبوویا**
**چەند دەقیقەیەکی دیکە چارەنووسی چییە**

**ئەو هەموو سەعاتە خەریکی**
**بەستنی ئەو بەلوعە**
**یان کردنەوەی ئەو ئاوەڕۆییە نەدەبوو**
**بەڵا، ئاسنگەر دەبێ نانبخوات و منداڵەکانیشی نانیان دەوێ**
**سەرباز و**
**بەرگدروو و**
**بۆیاغچی و**
**موسافیرو**
**شۆفێر و**
**گۆرانیبێژ و**
**گوێگر و**
**دەرگەوانی هوتێل و**
**خاوەن هوتێل و**
**میوانی هوتێل**
**هەموویان نانیان دەوێت**
**هەورەکان هەربچووک دەبنەوەو**
**بەراوەکان دەبنە دێمەکار.**
**ژمارەی ددانەکان**
**زۆر بوون زۆر**
**لەچاو گوڵەگەنمەکان!**

لە تێکستەشیعرەکەی (محمد الماغوط) کە شێوازی وەسفی بۆتە قالبی دەقەکە و بە زەڕەبین بەدوای قوربانییەکانی (ڕۆژگاری ستەمکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەند) دەگەڕێ، بەراوردکارییەکی جوانی تێدا دەخوێندرێتەوە لەگەڵ دەقەشیعرەکەی ڕێباز مەحمووددا. دەکرێ لەم هاوکێشانە بەراوردەکان ببینین:

ڕیزبەندی ناوی ڕێبازەکان / سابوونفرۆشەکان / بێرەحمیی / بەردەرگای مزگەوتەکان:

ڕێبــاز
گوڵ / هەنگی کلەکەر / سەرباز /
مێگەلەمەر/ ماسیگر/ قوتابی /
جوتیار/ کرێکار / ئاسنگەر
لەچارەنووسدا

سابوونفرۆشەکان
ئاسنگەر/ منداڵەکانی ئاسنگەر/ سەرباز /
بەرگدروو/ بۆیاغچی / گۆرانیبێژ / گوێگر/
دەرگەوانی هوتێل / خاوەن هوتێل / میوانی هوتێل
نانیان دەوێ

بێرەحمیی
هەورەکان هەربچووک دەبنەوەو
بەراوەکان دەبنە دێمەکار.
ژمارەی ددانەکان
زۆر بوون زۆر
لەچاو گوڵەگەنمەکان!
ناکامە نەرێنییەکان

بەردەرگای مزگەوتەکان ⟵⟶ ئەوبەرەی کەناری دەریاچەیە / شوێنی هەموو کارەکان

شیرکۆ بێکەس، کە ڕۆژانە (ڕێبازەکانی) لەبەر دەرگای ئەو مزگەوتەی سلێمانی دەبینی، دەیزانی ئەو دیمەنە (میناتۆرێکی هونەرییە Minotaur Art) ، هێندە چر و ورد وئازاربەخشە، چەندان شاکاری غەمگین غەمگین خۆیان لەناو تەلەسمە شاراوەکانیدا حەشارداوە. بۆیە کە قەسیدەی (ئێستا کچی نیشتمانمە) ی کردە دیاری سەرەمەرگ، بە ئەوکی پڕ لە مەراق و بە چاوی پڕ لە ئاو، گرێ گرێی حەرفەکانی ئەو (بێرەحمیی)یەی ڕێباز مەحموودی بۆ شیتەڵکردین و لە چاندان وێنەی شیعری پڕ لەوەستاکاریی هونەری و زمانەوانی و ڕەوانبێژیدا، مانفێستی بێرەحمیی سەدەی بیست و یەکی بۆ دارشتین و لە بەشێکی قەسیدەکەدا ئەوەی نووسی:

ئەو فلووت و
کەمانچە و نۆتە گەنجانەی
کە ساڵانە لێرە بە "سەرەتان" ئەمرن
کەم نین!
ئەو پێکەنینی ڕووبار و
ئەو شەماڵی زەردەخەنە و

**ئەو سەرچۆپی قەڵەمانەی**
**کە ساڵانە، لێرە، بە نەخۆشی دڵ وەستان و**
**هەوکردنی سییەکان وگەدە ئەمرن**
**کەم نین!**
**ئەو هەموو هیوا سەوز و سوورانەو**
**ئەو هەموو دارسێوی ژنەو**
**ئەو هەموو دار مازووی پیاوەی**
**کە ساڵانە لێرە بەکارەساتی هاتووچۆ**
**ئەمرن کەم نین!**
**لێرە عومری زەماوەند و**
**تەمەنی خۆشییەکان کورتن...**
**بەڵام ئەوانەی کە لێرە**
**نە تووشی شێرپەنجە ئەبن و**
**نە دڵیان هەرگیز ئەوەستێ و**
**نە ئەبن بە ژێر هیچەوە و**
**تەمەنیشیان بە قەد عومری**
**نوح درێژە**
**لەوانەیشە کە هەر نەمرن**
**پێنج شەشێکن:**
**هەژاری و بێکاری وگرانی و**
**گەندەڵی و ژنکوژی و سانسۆرن!**
**+++**
**ئەوانەی لە وڵاتی منیشدا بیانەوێ**
**ئەوانە بە ساغی لە دایک بن:**
**لاڵیان ئەکەن و ئەیانکوژن.**
**کەڕیان ئەکەن و ئەیانکوژن.**
**کوێریان ئەکەن و ئەیانکوژن.**
**لە وڵاتی مندا!**

لە ڕەخنەسازیی هاوچەرخی بەراوردیکاریدا ـ کە هەیە لێرە دەقئاوێزانی بۆ بەکاردەهێنێ ـ دەکرێ ناوئاخنی دەقەکەی ڕێباز مەحموود و شێرکۆ نێکەس لەم هێمایانەی خوارەوە، خوێندنەوەیان بۆ بکرێ:

| | | |
|---|---|---|
| ڕێباز | ئەو فلووت و کەمانچە و نۆتە گەنجانە / پێکەنینی ڕووبارو شەماڵی زەردەخەنە وسەرچۆپی ئەو قەڵەمانە / ئەو هەموو هیوا سەوز وسوورانە / ئەو هەموو دارسێوی ژنە و ئەو هەموو دارمازوو پیاوە / عومری زەماوەند وتەمەنی خۆشییەکان / ئەوانە بە ساغی لە دایک بن | لە ئەهامەتییدا |
| ڕێباز: ڕۆحکوژراو بە بێرەحمیی | مردن بە: سەرەتا بە ئەخۆشی دڵ وەستان و هەوکردنی سییەکان وگەدە بە کارەساتی هاتووچۆ ئەوانە بە ساغی لە دایک بن: لاڵیان ئەکەن و کەڕیان ئەکەن و کوێریان ئەکەن و ئەیانکوژن | قوربانییەکانی بێرەحمیی کە شێرکۆ بێکەس دەیانبینێ |

ناکامی بێرەحمییەکە ← هەژاری و بێکاری وگرانی و گەندەڵی و ژنکوژی و سانسۆر

مزگەوتەکان ← لێرە / لە وڵاتی شێرکۆ بێکەسدا

**پووختەی تەوەرەکە:**

خەسڵەتە دیارەکانی، ئەو ڕژێم و دەستوور و دەوڵەتدارییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، کە بوونەتە هۆکاری قورسکردنی باری ژیان، بە ستەم و نادادپەروەری و گەندەڵی، لە هەموو دەقەشیعریەکانی ئەو تەوەرە دەبینرێن. شاعیریەکان لە دید و روئیای هزریاندا هێندە لێکنزیکن هەر دەڵێی خەڵکی یەک شارن و قەمچی دەستی یەک جەلاد پشتیان شیندەکاتەوە. جیاوازییەکان تەنها لە زمان و شێواز و هونەری داڕشتنی دەقەکانە، کە هەر دەبێ وابێ لەبەر جیاوازی ژینگە و ئەزموون و ئاستەکان.

**سێ: تەوەرەی جەنگ:**

(جەنگ)، چ وەک وشەیەکی فەرهەنگیی سادەی سەرزمان و چ وەک چەمکێکی ڕەهەندئالۆزیی فەلسەفە و مێژوو و کۆمەڵناسیی و دەروونناسی... لە زاکیرە و هزری نووسەر و ئەدیبانی هاوچەرخی کوردا، ڕەگوڕیشەیەکی هێندە قوول و فرە وردەڕیشەی هەیە کە تەواوی پانتایی ئەقڵێ بەئاگاو بێئاگایی ئەوانی داگیرکردووە، بۆیە دەبینین بەرهەمەکانیان ڕەنگڕێژکراون بە (جەنگ) و زاراوەکانی (مێژوو وجیهانی جەنگ)، بەزەحمەت دەتوانن لە پۆپەی ڕۆمانسییەت و غەزەڵخوانی و بەهەشتی ئەڤینیشیاندا خۆیانی لێدەربازبکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە

پتر له نیو سەدەییە، ئەو نووسەر و ئەدیبانە هەم خۆیان جەنگاوەری دەست بەچەکبوون و ڕۆژی لە ڕۆژان لە شەڕگەکاندا قارەمانی بوون یان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خۆیان قوربانی ئەو جەنگانە بوون کە وەحشییانە پیسترین چەکی کوشندەیان تێدا بەکارهاتووە. بەختیار عەلی دەڵێ:"من خەڵکی ناوچەیەکم کە شەڕ و کارەساتەکان بوون بە تانوپۆی. هەرگیز نەمویستووە ڕوخساری هیچ شتێک جوان و پاک دەربخەم، هەر بۆیە بەرهەمەکانم نیشانەکانی ڕق و زەبروزەنگیان پێوە دیارە، یان تەنیا شتێک بخەمە سەر سیما ناسک و نیانەکانی ژیان و بە تەنیا ئەوان بەسەر بکەمەوە، بەڵام من هەمیشە بەرگریم لە بڕوا ڕاستییەکان کردووە." (١٢) کەواتە لە هەر وشوێنێک شاعیر یان نووسەرێکی کوردی لێبێ، ئەوا (فەرهەنگە ناشیرینەکەی) جەنگی لێیە. زۆر لە شاکارە ئەدەبییەکانی شاعیرانی وەک شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و ڕەفیق سابیر و ئەنوەر شاکەڵی و بەختیار عەلی ... تاد، کە دەنگدانەوی (جەنگن)، لە تاراوگەدا نووسراون. ڕێباز مەحموودیش، وەک هاوەڵەکانی، هەرچەند لە زێدە پڕ جەنگەکەی خۆی دوورکەوێتەوە، چرکەساتێک ناتوانی خۆی فریوبدات و لە تارمایی و خێو و چەنگە خوێنیاوەکانی ئەوێ خۆی دەرباز بکات.

قەسیدەی (قەرەجترین) کە نزیکەی (١٢٠٠) دێڕەشیعرە و درێژترین دەقە شیعری ڕێباز مەحموودە، تەواو بە ڕەنگی ژینگە و دەنگی جیهانی جەنگ، ئارایشتکراوە، لە سێبەری ئاشتی و ئاسایشەکانیدا، تارمای جەنگ دیارە، لە سایەی کەپری ئەڤین و خۆشەویستییەکانیدا، تەمتومانی ڕۆژانی جەنگ دەبینرێت، لە باوەشی گەرمی دایک و ئامێزی پڕسۆزی یاردا، ساردیی ئاوارەی و دەربەدەری هەست پێدەکرێ. خوێنەری بە سەلیقە دەتوانی شوێن پێی شاعیر لەوە دەقەدا لە نێوان سەنگەر و ئەشکەت و بیابان و گۆڕستان و کەمپی ئاوارەیی و کۆختی دوورەدەست و کۆڵانەکانی سلێمانی و دونیا بدۆزێتەوە.

لەم چەند کۆپلە شیعرانەی کە لە ژێر ناونیشانی چەند دەقێکدا کۆمان کردنەوە، دەتوانین (جەنگ) لە جیهانبینیی شاعیردا شیتەل بکەین و ئەم سەرەقەڵەمانە تۆمارکەین:

- چەندە فەرهەنگی (جەنگ) لە زەینی ئەم شاعیرەدا. دەرهاویشتەی بیرەوەرییە تاڵەکانییەتی، ئەوەندەش پانتای مرۆیی لە مێژووی جەنگدا تۆمارکردووە، وەک ناشێرینترین داهێنانی مرۆڤ.
- شاعیر ژیان بە کورتە سەفەرێکی هێندە عومرکورت دەزانێ، کە ئەوە ناهێنێ مرۆڤ بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەسبابی جەنگ و شەڕی بۆ بەکاربێنی.
- هەموو جەنگەکان یەک ڕەنگن لە ئەستەم و ناحەقی و بێئەخلاقییدا، لە ژێر دوشمی داد و حەق و ئەخلاقدا بەرپادەکرێن.
- یەکەم دۆڕاوی جەنگ خۆمانین.

جا چونکە جەنگ، دیاردەیەکی ئەبەدیی ڕەفتارەی مرۆڤە، دەکرێ زۆربەی دەقەشیعرەکانی ڕێباز مەحموود لەم کایەدا، بە دەقەشیعری گەردوونی (Cosmopolitan Poems) ناوزەند بکەین.

ڕەخنەکار (عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا)، دەربارەی بەرهەمی شاعیرانی وەک ڕێباز مەحموود دەڵێ:"ئەدەبی تاراوگە دوو باسی گرنگی لەخۆدا هەڵگرتووە، یەکەمیان؛ بەرجەستەکردنی نەتەوەیە (وەک دۆز) لە ڕێگای ئەو بەرجەستەکردنەش سۆزی گەڕانەوە بۆ نیشتمان یەکێکە لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی ئەو ئەدەبە. دووەم؛ هەستکردن بە نامۆبوون، ئەو هەستەش بە مانا وجودییەکەی توانای لەدەستدانی بەرجەستەکردنی خود دەگەیەنێت! دەشێ ئەو هەستە لە کەسی تاراوگەنشیندا کاتی بێت." (١٣)

کتومت ئەم گوتەیە دەرباز مەحموودیش دەگرێتەوە، کە بۆ ساتێک نەیتوانیەوە لە دۆزە نەتەوەیەکەدا غافڵ بێت و نامۆیشی تەواو ڕەنگ و روخساری داپۆشیەوە، نازانی کامیان کامیانن، بە زەحمەتیش دەتوانی بزانی لە کاتی داڕشتنی دەقەشیعرەکەدا، شاعیر لە کام کونجی ئەم جیهانە بووە، ڕەنگ بێ دێڕی یەکەمی لە سلێمانی بێ و هی سێیەمی لە شاربازێر و هی پێنجەمی لە ئاسمان و هی حەوتەمی لە تاراوگەیەکی دوور دوور.

فەرموون، سەرنجێک لەم (٥) کۆپلە شیعرە ئەو بدەن:

**جەنگ، تۆ بۆ ئەزیەت دەکێشی؟**
**خۆ کات خۆی**
**بە دەسڕێژی فەرامۆشیی**
**هەر سەرقاڵی کوشتنمانە!**

**پەلەی چیتە جەنگ؟**
**خۆ لافاوی بێهوودەیی هەر ڕاماندەماڵێت**

**کوا شوێنێک**
**دەست بدات بۆ پێداگریی تاهەتا مانەوە؟**

**ئەها، جەنگ: تۆ سەیرکە**
**ئەم ماڵە**
**خۆی لە زەمان شاردۆتەوە**
**گومانی لە ییرەوەریی شار هەبوو**
**حیکایەتێکی خنجیلانەی لادێیە**
**خەیاڵێکی قوڕینەیە،**
**هەرچەند لێزمەی کات دەیتلیسێنێتەوە**
**بەڵام لەناو سەری مندا،**
**منداڵییەک سەرلەنوێ، دەینەخشێنێتەوە!**

**عەیب ناکەی ... جەنگ،**
**لە پیشاندانی عەزەڵات**
**بە هاروهاجی منداڵییەک**
**کە حەز دەکات کەمێک زیاتر بمێنێتەوە!؟**

**گریمان ئێوارەیەک،**
**کینە بڕستی لێ دەبڕێ و**
**جەنگ لە کەلی شەیتانیمان ئاوا دەبێت !**
**بەڵام بۆ سبەی**
**بە چ ڕوویەکەوە**
**خۆڵی مردن لە لێوی ژیان بسڕینەوە و**
**بەدەم پێکەنینەوە**
**بچینە پێشوازی هەڵهاتنی خۆر؟**

بڕوانن لەم (٢٩) دێڕەشیعرەدا، چۆن ڕەنگی جەنگ و هاوارو قیژەی جەنگ لە مێشکماندا دەزرینگێنەوە و ژینگەی دەقەکە ژێنگەی جەنگ و شەڕگەی کوشتکمانە : ( **جەنگ، پێنج جار / بە دەسڕێژی فەرامۆشیی / سەرقاڵی کوشتنمانە / لافاوی بێهوودەیی/کواشوێنێک / شاردۆتەوە / گومان لە بیرەوەریی / خەیاڵێکی قوڕینە / لێزمەی کات / دەیتلیسێنێتەوە / عەیب / عەزەلات / بە هاروهاج / کینە / کەلی شەیتانیمان / خۆڵی مردن**).

جوانترین وێنەی هونەری دەقەکە ئەو خەیاڵە قوڕینەیە، کە هەرچەندە زەمەن دەیتلیسێمیتەوە، ئاکار و ئاسەواری لە زەینی شاعیردا هەر دەمینێتەوە. وشەی (دەینەخشێنێتەوە)، دەکرێ شێتەڵکاریی فەلسەفی و ئاییینیی لە بازنەی( لە قوڕە و بۆ قوڕ) بۆ بکرێ، کە تا یەک تاکە بوونەوەر بمێنێ سووڕانەوی ئەو بازنەیە هەر بەردەوام دەبێ. لە هەمان کاتیشدا لاوازی مرۆڤەکان، لە منداڵ و هەست ناسکەکان و ویژداندارەکان، لەبەرانبەر جەنگدا دیارە. دیقەتدەنە ئەو ئاماژانە بۆ شوێن کراون: ( **ماڵ / شار / لادێ / خەیاڵ / سەری من** )، کاتەکانیش؛( **ئێستا / زەمان / بیرەوەری / منداڵیی**)، کە دەڵێ:

**ئەها، جەنگ: تۆ سەیرکە**
**ئەم ماڵە**
**خۆی لە زەمان شاردۆتەوە**
**گومانی لە بیرەوەریی شار هەبوو**
**حیکایەتێکی خنجیلانەی لادێیە**
**خەیاڵێکی قوڕینەیە،**
**هەرچەند لێزمەی کات دەیتلیسێنێتەوە**

**بەڵام لەناو سەری مندا،**
**منداڵییەک سەرلەنوێ، دەینەخشێنێتەوە!**

با ئێستا ئەو دەقەشیعرەی ڕێباز مەحموود بخوێنە سەر دەزگای ڕەخنەکاریی بە بەراوردکردنی بە سێ دەقە شیعری شاعیری ئەمەریکی (سارا تیزادێیل)، شاعیری عەربی (عامر الدیک) و دەقەشیعرێکی نەزەند بەگیخانی:

( سارا تیزادێیل ١٨٨٤ - ١٩٣٣ Sara Teasdale) لە قەسیدەی(بەهار لە کاتی جەنگدا) دا دەڵێ:

**هەست دەکەم، دوورە زۆر دوورە بەهار**
**بۆنە خۆشەکەی چیمەن و گوڵزار**
**چۆن پێ لە دڵ نێ و بێتە جیهانێ**
**خامۆش بە خەم و گریان و هاوار؟**

**خۆر بەرەو باکوور، ڕۆژ نابڕێتەوە**
**ئێوارە ستێر دەدرەوشێتەوە**
**چۆن پرشەنگی خۆر سەر لەخم نەگرێ**
**جەنگ سەری پیاوان دەدوروێتەوە؟**

**تازە گیاوگۆڵ دێ سەریان دەربێنن**
**لێ بە بای شەماڵ خۆ دەخنکێنن**
**دڵ بە بەرنادا، بە لارو لەنجە**
**لەسەر گۆڕێ نوێ خۆ بلەنگێن**

**بن ئەو دارانە جێ ژووانی یار بوون**
**هێشووە گڵوکەی سێو و هەنار بوون**
**ئێستا یارانمان لە باوەش مەرگن**
**باوەش بێ یارو یار بێ هەوار بوون** (١٤)

ئەم شاکارە پڕ هونەرکارییەی (تیزادێیل)، ئەگەرچی پتر لە سەدەیەکە نووسراوە، لێ چونکە جەنگ تەلەسمێکی ڕەشی غەریزەی مرۆڤە، هەردەڵێ ئێستا مەرەکەبەکەی وشک نەبۆتەوە، هەموو ئەوانەی لەم ڕۆژگارەدا بە ئاگری جەنگ دەسووتێن، خۆیان لە نێو دەقەکەدا دەبینەوە. خاڵی بایەخدار، لەم

قەسیدەیە ئەەیەکە شاعیر هەموو جوانی و خۆشی سرووشت و ژیان بەو چرکەساتانەوەو گرێدەدا کە مرۆڤەکان دەستیان لە داهێنانیدا هەیە. ئەو جەنگمان وا لەبەرچاو ڕەش دەکا کە هەمیشە بە بێزەوە ناوی ببەین و نەفرەتی لێبکەین، چونکە باعیسی دابڕان و لێککردنی ئازیزانە، بڕوانە چەند بە پەرۆشەوە دەڵێ:

**ئێستا یارانمان لە باوەش مەرگن**
**باوەش بێ یارو یار بێ هەوار بوون**

لەیەک بەهاردا دوو وێنەی دژبەیەک نمایشکراوە، بەهاری پێش جەنگ و بەهاری دوای جەنگ، ڕێباز مەحموودیش هەمان بۆچوونی هەیە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، بەڵام بە زمان و شێوازێکی دیکە. دەمێکە (گۆران) گوتویەتی:

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕۆناکییە بێ بزەی ئازیز**

**بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی**
**با نەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی**(١٥)

حاجی قادری کۆیشی دەڵێ:

**گوتی: هەتاکوو خەزان وبەهار و زستانە**
**مەداری عەیشی مەوالیدی عالەمی غەبرا**

**بەهاری وا هەموو ساڵێکی دێتەوە ئەمما**
**ئەوانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا** (١٦)

شاعیر و ڕۆماننووسی سوریی (عامر الدیک ١٩٦٦ ـ ) هێندە بە وردی شیتەڵکاریی دەرهاویشتەکانی جەنگمان بۆ دەکات، بە چاوی خۆت چۆڕاوەی خوێنەکان دەبینی و قیژەی قوربانییەکانی دەبیستی، ئەو تەنها دەوڵەمەندەکان بە براوەی جەنگ دەزانێ. لە قەسیدەیەکی درێژیدا بە ناوی (جەنگ)، لایەنە دەروونی و

کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا لە سەردەمی جەنگدا ڕاڤەداکات و هەمووان بێخەتا و دۆڕاو دەزانێ جگە لە شەرپەرستان. لە دەقەکەدا هیچ تروسکایەک نابینی کە ئۆمێد بەخش بێ رۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤەکان دەستبەرداری جەنگ بن. رێباز مەحموود وێنای یەک بە یەکی ژن و منداڵ و پیر و جەنگاوەرەکانی کێشاوە، لێ زۆربەیان لە نێو دێڕەکانی دەقەکانیدا سەردەردێنن. قەسیدەکەی (عامر الدیک) تاراکانی فرێ داوە و نهێنییەکانی خستووەتە بەرچاو و هۆکارو ئاکامەکانی جەنگیشی شاعیرانە بەرجەستەکردووە. وەک ڕێباز مەحموود، دەیەوێ هەموو ڕووە ناشیرییەکانی جەنگ ناشیرینتر بکات. دیارە کە هەردوو شاعیر زادە و نەوەی ژینگە و ناوچەیەکن بە خوێن سوورکراوە و بە قیژە نووسراوەتەوە. لێرەدا گەردوونی هەستە پاکەکانی مرۆڤەکان بەدیار دەکەون، گرنگ نییە بە چ زمانێک دەنووسن و لە کان کونجی ئەم جیهانەدا دەژین.

ئەمەیش بەشێکە لە قەسیدەی (جەنگ) ی شاعیر (عامر الدیک):

**مناڵەکە گوتی:**
**لە کاتی جەنگدا**
**کە مناڵەکان لەخەو هەڵدەستن**
**باوکیان جارێکی دی نابیننەوە**
**دایکیان بە فرمێسک و ماتومەلوولیەوە**
**بەرەو مەکتەب**
**بەڕێیان دەکەن**
**ئەوانیش دەستە بەتاڵە یێ نانەکانیان بۆ بەرزدەکەنەوە و**
**خۆڵی سەررێگا دەخۆن**
**لەناکاویشدا، مووشەکەمان**
**کە لە پێناو ئەواندا داهاوێژرێن،**
**منداڵەکان دەخۆن،**
**تا بەرلە مردنیان باش باش**
**لە دەرسی مێژوو تێبگەن!**

***

پیاوەکە گوتی:
لە کاتی جەنگدا
کە باوکەکان دەگەڕێنەوە
منداڵەکانیان نابیننەوە
هاوژینەکانیان نادۆزنەوە
پێش ئەوەی  قافڵەی دایکەکان
لە گوڕستانان بێنەوە!
ئەوان بەکەسەرەوە
بەرەو شەڕگەکان دەگەڕێنەوە

***

دایکەکە گوتی:
لە کاتی جەنگدا
دایکەکان چاوەڕوانی
منداڵە وهاوسەرەکانیانن
دەفتەرو کتێبەکان دێننەوە و
منداڵەکان هەر نایەنەوە
هاوسەرەکانیشیان
هەر ئەو ناوانەیان بۆ هەڵگرتوون
کە جەنگ لە ناو تۆزوخۆڵدا
بەجێیهێشتوون!

***

هەموویان گوتیان:
لە جەنگدا
کەس بۆ کەس نالاوێتەوە
چوون خوێن فرمێسکی سەرکوڵمان
دەشواتەوە!

***

لە جەنگدا
ڕوخسارەکان  زەردباو و خەماوین
زەردەخەنەیەک بەهەڵکەوتیش نابینن
باغچەکان دەرگاکانیان کڵۆم دەدەن

**باڵندەکان هێلانەیان جێدەهێڵن و**
**کۆچ دەکەن!**

***

**لە جەنگدا**
**ئاسمان ئاور دەبارێنێ و**
**ماڵەکان گڕ دەگرن**
**لە جەنگدا**
**جیاوازێیەک نییە**
**لە نێوان ئەوەی بێدەنگە و ئەوەی هەڵەوەڕە،**
**ئەوەی دەزریکێنێ و ئەوەی گۆرانی دەچڕێ،**
**لە نێوان ژن و پیاو**
**لە نێوان پیر و منداڵ**
**لە جەنگدا**
**یەکسانن هەموو**
**هەمووی یەکسانن**
**لە جەنگدا**
**نییە شتێک بە ناوی بۆمبی زیرەک**
**ئەوەی کە هەیە، برا**
**هەر دەوڵەمەندی زیرەکە**
**کە هەمووان بۆمباران دەکا!** (١٧)

نەزەند بەگیخانی لە قەسیدەیەکی درێژدا، کە ئەویش ناونیشانەکەی (جەنگ)ەو لەکۆمەڵە شیعری (پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن) دا بڵاوکراوەتەوە، بە زمانێکی نەرم و ناسکی ژنێکی توڕە و هەڵچوو، غەدرە مێژوویەکەی جەنگ بە ئەرشیڤ دەکات کە لە (٣) قوناغەوە هێرشیان بۆ هێناوە و تەواو شپرزەیان کردووە، قوربانییەکانی زۆرن و بریندارەکانی زۆرتر و پێشبینی شاڵاوی خوێنایتریش دەکات. ئەو قوربانییە، وەک هەموو مرۆڤەکان، هەمان ئیحساس و ژانی هەیە کە منداڵێکی سۆماڵی یان پیرێژنێکی ئەفغانی یان شۆڕەژنێکی سووری لە کاتی جەنگدا هەیەتی. وەک کورد، زامی هەڵەبجە و ژانی عەعەر و هەناسەی دارگوێزە سووتاوەکانی هەوڕامان و ئاخی بابەگوڕگوڕ لە سینەیدا گڵپەیان دێ، وەک ژنیش، خۆی بەو زعییفە

دێتەبەرچاو کە چەندان هەزار ساڵە (سەکۆی پیرۆز و قەڵای بڕیار وئەگۆڕای فیکر) بەسەریاندا سەپاندووە، سێکوچکەی ئایین و سیاسەت و پیاوسالاری هەم ئەویان، وەک ژن، کردووەتە بابەتی فەلسەفەی خۆیان و هەم ئەوانیان کردووەتە نێچر و کۆیلە و یەخسیری خۆیان تا بیانکەنە (جێژووانی هەموو هەوەس و چێژە و حەزە پیسەکانی خۆیان).

بەگیخانی لە قەسیدەی جەنگدا دەڵێ:

...........
جەنگێک لە ئارادایە هاوڕێیانم
چەشنی هیچ جەنگێ نییە
نیشتیمانێک وەک ئاژەڵێکی بریندار نەڕە لێ دەدا
میللەتێک وەک بەرخێکی سەربڕاو گێنگڵ دەدا
وەک مێگەل گوزەر دەکەین و
فوارەی غەریزە شارەکانمان دەتەنێ
پیاوەکان خیانەتیمان لێ دەکەن
بزماری ئایەت
تەوری سیاسەت لە سەرمان دەکوتن
ئێمەش کوشمان پڕ درکە
سەر دادەنەوێنین و
دەبینە هاوخەبات
هاوخەباتی برا دۆڕاوەکان
هاوخەباتی مایەپووچی
ئێمەیان بیرناچێتەوە جەنگاوەرەکان
ئێمە دەبینە چەقی گوتار و چەقی چێژ و چەقی
گوناهەکان
لەسەر سەکۆی پیرۆز و
قەڵای بڕیار
لە ئەگۆڕای فیکر
وەدەر دەنرێین
وەک ئەتۆمێکی تەنیا
لەناو گەردوونێکی بەتاڵ پێچ دەدەین
بەر تیری خوداکان دەکەوین
بەر شمشێری برا جەنگاوەرەکان دەکرەوین
جەستەمەمان دەبێتە جێژووانی نووکی تیژی هەموو تیغەکان. (١٨)
...................

ئەوەی دەنگی نەزەند بەگیخانی، لەم قەسیدەیەدا لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە (٢) تەکنیکە:

یەک: ئەو بە زمانێک دەنووسی زمانی ژانی ژنە، بە هونەرێک ئازارەکان دەڕازێنێتەوە، نەقش و جێپەنجەی ژنی پێوەدیارە و بە جەسارەت و بوێرییەک ڕوو لە (جەنگاوەرەکان) دەکات، مەمانان لەخۆمانی ڕانابینین وبە خوێندنەوەشیان وەک، پیاو تەریق دەبینەوە. دەکرێ ئەو هونەرە ناوبنێن (تەکنیکی ـ بەگیخانی ـ ئاوێتەکردنی ژانەکانی ژن).

دوو: لە دەقەشیعرەکانی دیکە، کە لێرە ئاماژەیان پێکراوە، یەک (زەمەن) بوونی هەیە، زەمەنی جەنگ. کە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دیاری دەکرێ، بۆ نموونە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی. هەرچی دەقەشیعرەکانی نەزەندە، بێجگە لەو زەمەنە زەمەنێکی دیکەش بوونی هەیە، دەکرێ ناوی لێنێن (زەمەنی ژانی والآی ژنی ڕۆژهەلاتی) کە نەسەرەتای هەیە و لە ئێستاشادا هیچ کوتاییەکی دیار نییە. تەنیا ژن بوون، کافییە بۆ ئیعلانکردنی جەنگێکی نەبڕاوە لە دژی ئەودا. هەمووومان جەنگاوەری دەست بەچەکی ئەو جەنگەین و سێرەی هەموو تفەنگەکانیشمان، سینەی پاک و ساف و بێگەردی ئەوبوونەوەرەیە. ئەم زەمەنە بەئاشکرا لە نێو وشەو سێبەری وشەکاندا دەخوێندرێنەوە، بۆیە دەبێ ئەم جۆرە دەقە خوێبدنەوەی ئاسۆیی و شاقوولی بۆ بکرێ و وشەکان و ئیدیومەکان لە قەفەزی فەرهەنگدا دەرباز بکەین.

**پووختەی تەوەرەکە:**

هەر(٤) شاعیرەکە، جەنگ، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕسوا دەکەن وهاوبەشن لە پەرۆشی و پرسەداریی لەگەڵ قوربانییەکان بێ گوناحەکانی ئەو داهێنانە قێزەوەنەی مرۆڤ. ئەزموونی هەر (٤) شاعیر زادەی ژینگەی خۆجێین لێ خەسڵەتەکانی ژانی گەردوونیان تێدایە.

**چوار: تەوەرەی سووتان لە پێناو دایکدا:**

لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، ئەدیب یان هونەرمەند ئەو کۆلارەیە کە کەلافەی گوشەکەی بەدەستی دایکەوەیە و ئەو داوەی ڕایەڵەی نێوان هەردووکیانە، سۆز و وەفاو ئەمکداریی دایکە. هەرچەندە ئەو دایکە حەزدەکات کۆلارەکەی بگاتە تۆقەڵەی ئاسمان و ئازادانە بسوڕێتەوە، لێ هەمیشە دڵی هەردووکیان خۆزگەیانە کەلافەداوە زووتر هەڵکرێتەوە بەیەکدی شاد ببنەوە. جا ئەو کۆلارە لە هەر تەبەقەیەکی ئەو ئاسمانە بێ ئەوە دەست و پەنجەی دایکە لەنجەی پێدەکا و داوی لەدودەدا و دەستی بۆ شڵدەکا تا تەقڵە لێنەدا و نە هێڵێ بایە تیژڕەووەکان باڵەکانی تێکبشکێنن.

هەرچەندە کەلافەی گووشی کۆلارەکەی ڕێباز مەحموود زۆر درێژە، لە سلێمانییەوە تا ئاسمانی هۆڵەندا، لێ چاوی خۆشەویستی و سۆزی گەرمیی دایکایەتی، هێندەی لێکنزیک کردوونەوە هەر دەڵێی لە ژێر دارهەنجیرێکی حەوشەیەکی (دارەسووتاوەکە)ی سلێمانی بەیەکەوە دانیشتوون.

یاداشتنووسی فەرەنسی (بووسی ڕابوتین ١٦٢٦ - ١٦٩٦ Bussy Rabutin)، دەڵێ :" دابڕان و دوورکەوتنەوە لە خۆشەویست، وەک با و ئاگرا وایە؛ ئاگری گچکۆکە دەکوژێنێتەوە و ئاگرێ گەوەرش خۆشتر دەکا." (١٩) لە (٣) دەقەشیعر هەڵبژاردەدا، (٣) تێڕوانین و خەون و خەیاڵی شاعیرانەی دەقنووس لە جیهانبینی ئەودا بۆ دایک ڕاڤەدەکەین. هەستدەکەین کە دابڕان و دوورکەتنەوەی شاعیر لە دایکی:

- مەراقێکی خنکێنەری لەلای ئەو دروستکردووە، کە ئامادەیە (ئاینده و فڕین و ئاسمانەکانی) بکاتە قوربانی لە پێناو بینینەوەی دایکی. لۆژیکانە هاوکێشەکە وا دەکەوێتەوە کە خەون و ئایندەی شاعیر یەکسانە بەو چرکەساتانەی کە

بەیەکەوە دادەنیشن (دایک + کوڕ). شاعیر چڵی ڕێحانە ڕەشەی کردووەتە ئامرازی مرازەکەی. لە کەلتووری کوردەواریدا ڕەیحانەڕەشە، ڕەمزە بۆ بۆنی خۆشەویست و گەشانەوەی بینایی ئازیزان. جاران ژنەکان چڵە ڕەیْحانەیان دەخستەبەر ئەگریجەیان و لە سوخمەکانیشیان دەبەست. لە زۆربەی ماڵاندا ئەگەر باغچۆکۆڵەیان نەبووایا، چەند بنجە ڕەیحانێک لە ناو کونج و دەفراندا دەچاند. دەسکەڕەیْحان لەبازاریش دەفرۆشرا. ڕەنگی پەلکە ڕەیحان و کلی ڕەشی چاوان تەواوکەری ئارایشتی سادەی کوردەواری جاران بوون، بۆیە شاعیر هونەرمەندانە چڵی ڕەیحانەکە دەگوێزێتەوە بۆ ناو ڕەشێنەی چاوی دایکی.

- دابڕانەکە شاعیری تێکشکاندەوە خودە، لەو باوەڕدایە کە تەنها میهرەبانی دایک دەتوانێ ئەو پارچە شکاوانە جارێکی دیکە پێکەوەبنێتەوە. لە کۆپڵەکەدا بۆنی پەیڤێکی (پشکۆ نەجمەدین) دیتە بەر لووت کە دەڵێ:

**لەنێو تەنیایی خۆمدا، سەرگەردان،**
**وەک غەریبێکی پەڕیوەی شاران.**
**لەدوی خۆم وێڵم، یاخود عیشقی تۆ؟**
**خودا، چ سەختە ونبوون و وەیلان!** (٢٠)

- شاعیر، دایک بە بونەوەرێکێ نەمر پێناسەدەکات، چوون میهرەبانی تەلەسمێکی ئەبەدیی ڕۆحی دایکە، هەمیشە ئەو ڕۆحە بە زیندووی دەمینێتەوە.

فەرموون لەگەڵ (٣) دەقەشیعرەکەی ڕێباز مەحموود:

**(١)**
**هەموو سبەینێ و**
**گشت فڕین و**
**ئاسمانەکانم دەفرۆشم**
**تەنیا بۆ کڕینەوەی فرسەتێک**
**لەگەڵ چڵێ ڕەشەڕێحانەی دێراوێکی هاویندا**
**لە چاوەکانی دایکمدا بڕوێم!**

**(٢)**
**شوێنپێی فەنابوونی خۆمم پێ نادۆزرێتەوە**
**ئەوەی لە ڕێگای فیراقا لێم ون بوو**
**خۆم بوو، خۆم**
**ئێستا هەر لەتێکم لە شوێنێکدایە**
**تازە ناتوانم شکانەکانم کۆکەمەوە و**
**بە نیازی کردنەوەم بە منداڵەکەی جاران**
**فریا بکەوم و**
**بگەمەوە بەردەمی میهرەبانیت، دایە!**

**(٣)**
**من دیسان لای دایکمم**
**ساڵ کەمێکە**
**بۆ وەراندنی گەڵای درەختەکان**
**گەیشتووە**
**دەی ئاخر پاییز**
**نەک هەر دەست ناکاتەوە لە ڕەزی میهرەبانیی**
**بەڵکو تەنانەت**
**دڵی نایەت**
**گەڵاوگوڵی ناو کراسەکەی دایکیشم هەڵوەرێنێ!**

دەقنووس لە ودیوی هونەرکارییەکی میتافیزیکانە، شەرحی ئاکامی فیراقەکەی دەکات، فیراقێک لە دوورکەتنەوەی جەستە دەگۆڕی بۆ ڕۆح لێکترازان، ئاکامەکەشی ونکردنی خودە، کە مەترسیدارترین بزبوونە لە دەروونناسی و کۆمەلناسیدا، بەوەی کە دەیگەێنێتە لووتکەی نامۆیی بێهودەیی، کە دوور نییە بەرەو خۆکوشتینیش پەلکێشی بکات. تاکە تروسکایی ڕێگربێ لە ئەنجامدانی ئەم کارە، زیندوویی دایکە. بڕوانە شیتەڵکاریی کۆپلەی دووەم:

بزرکردنی شوێنپێی فەنابوونی خۆم ⟵ ونبوونی خود لە ڕێگای فیراقدا ⟵
پەرش وبڵاوبوونەوەی پارچە شکاوەکان ⟵ دایک وەک فریادڕەسی چاککەرەوەی ئەو شکاوە

لە کۆپلەی سێیەمیشدا، دەقنووس وێنە شیعریەکی جوانی کێشاوە، بەسایەیی ئەو گوڵە وردانەی سەر کراسەکەی دایکی، نەمریی بەدایک دەبەخشێ، بەوەی کە پاییزیش لە دەسەڵات و

قودرەتی دانییە ئەو گوڵانە هەڵوەرێنێ، وێنەکە ئاوڕدانەوەیەکی بۆ کەلتووری کوردەواریش تێدایە، کە ژنی کورد هەمیشە رۆحی وابەستەی سروشتە جوانەکەی کوردستانە، خۆ لەبەهاراندا ئەو کچۆڵەکانی پۆشاکی کوردیان پۆشیوە لەگەڵ ڕەنگی گوڵ وگوڵزاری سروشتەکە لێک جیاناکرێنەوە، بۆیە دایکەکان، ئەگەر ئەگرجەشیان بەفر بگرێ هەر حەز لە کرسی گوڵگوڵی دەکەن، بەڵام گوڵی ناسک و سادەی بچووکی ڕەنگ مات.

**دەی ئاخر پاییز**
**نەک هەر دەست ناکاتەوە لە ڕەزی میهرەبانیی**
**بەڵکو تەنانەت**
**دڵی نایەت**
**گەڵاوگوڵی ناو کراسەکەی دایکیشم هەڵوەرێنێ**

ئێستا، لە دەروازەی دایک، جیهانبینی ڕێباز مەحموودەوە سەرێک دادەگرین بەچەند نموونەیەک لە شیعری کرواتی و عەرەبی و کوردی و بەراوارکارێکیان لە نێواندا دەکەین.

شاعیری کرواتی ( ڤینکۆ کالینیک- ١٩٧٤ Vinko Kalinic) لە قەسیدەی (دایک پێی دەگوتم)، لە فەزای بەرفراوەانی خەیاڵدا، تەکنیکێک دەدۆزێتەوە بۆ وابەستەکردنی ڕۆحی خۆی بە هی دایکیەوە، لە تەکنیکەکەیدا، گەرچی سەدای جۆرە یاخی بوونێک دەبیستین، بەڵام زوو تێدەگەین کە ئەوەی دەیبیستین دەنگدانەوەی هاواری ڕۆحە. دەقەکە هەڵگری خەسڵەتی شاکارێکی گەردوونییە و یەکیتی بابەت لە نێوان کۆپلەکاندا وەستایانە بەرجەستەکراوە. خۆر لە ئاسمان دادەگیرێتە خوارەوە و بە خۆرێکی دیکە دەگۆڕدرێتەوە کە شەو ڕۆژ ئاوابوونی نییە، ئەویش خۆری چاوی دایکە. دەقەکە کە لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی زۆر خۆشئاواز و پڕ هارمۆنی و شێواز تۆکمەیە. کالینک دەڵێ:

## (دایکم پێی دەگوتم)

دایکم پێی دەگوتم:
بەرخەکەم، نەکەی بەدوای خۆر بکەوی
نمبیستووە لەو ئاسمانەوە تا ئێستا
کەسێ دەستی بە دەستی وی کەوتبی.
لێ من باوڕەم بەم پەیڤە نەبوو
ئاخر دەمبنینی
هەموو سبەینان
گزنگی خۆر ڕۆشنایی دەبەخشێتەوەو
تا زەردەپەڕ هەر ڕووناکی لێدەبارێ
دواتر دونیا تاریک دادێ،
کەچی خۆرەکەی من هەر پڕشەنگدارو گەشە
کاتێ دنیا یەکپارچە ڕەژووی ڕەشە.

دایکم پێی دەگوتم
ڕۆڵەکەم خۆت وێڵ و سەرگەردان مەکە
خۆر نابینایە کوێر !
لێ من گوێم لەم پەیڤە نەگرت:
جا خۆرنەبێ ژیان چۆن دەچێتەسەر؟
دەی! بۆ من چ خۆرێک دەبێ بە خور؟
جگە لەو چاوانەی دونیای بۆ ڕووناک کردومەتەوە و
ڕۆحی بە تۆقەڵەی ئاسمان گەیاندووم.

دایکم هیچی دی نەدەگوت:
کوڕەکەم غارمەدە،
نە دەیگوت، خۆر کوێر و بڵندە.

تەنیا جاروبار
بە سۆزێکی پیرۆزەوە، ئەو چاوانەی
میهربانی دایکایەتیان تێدا دەبریسکایەوە:
دەیانزانی
کە شەو دەبێتە میوان و هەتاو دەڕواتەوە
کام خۆر لە دڵی ئەو کوڕە سەرسەختەیدا
دەدرەوشێتەوە. (٢١)

دەقەشیعرەکانی ڕێباز مەحموود پتر بە ڕەنگی نامۆیی و غوربەت و ناڵەوە ئارایشتکراون، ئاوێنەکەی ڕۆحی شەوقی دیمەنە کارەساتبارەکانی نیشتمانەکەیەتی، لە قەسیدەکەی (ڤینکۆ کالینیک) ڕەنگی خۆر و هەتاو و شەو و ڕۆژتابلۆکەی ڕازاندۆتەوە، ئەمەیش هەر تیشکدانەوەی سروشتی ژیانی ناوچەیەکە لە ئەوروپا. خاڵی بەرچاوی لێک نزیکی بیرۆکەی ئەو دوو شاعیرە لە بەرجەستەکردنی میهرەبانی ئەزەلی دایک دایە، ئەگەر گوڵەکانی کراسەکەی دایک، لە لای ڕێباز مەحموود، ڕەمزی دەلالەت هەڵگری ئەو میهرەبانییە بێ، ئەوە لە لای شاعیری کرواتی (ڤینکۆ کالینیک)، خۆرەکەی ناو چاوی دایک، سەرچاوەی ئەو میهرەبانییەیە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە ڕێباز مەحموود دڵی دایکی نیگەرانکردوە، بە فیراق و دوورکەتنەوەی، هەروەک (ڤینکۆ کالینیک) دڵێ دایکی خۆی شکاندوە بە گوێنەگرتن لە ئامۆژگارییەکانی، لێ لەهەردوو حاڵەتەکەدا، ئەو کردانە ئاگرخۆشکەری ئەو سۆزەن کە دەقەشیعرەکانیان داهێناوە.

شاعیری بەحرێنی (قاسم حداد ١٩٤٨)، لە قەسیدەی (گوڵی خەم) بە زمان و حەنین و سۆزێکی یەکجار پڕ پەرۆشی و تاسە و عەزابەوە، یادی میهرەبانی دایکی دەکاتەوە. پەیامگر زۆر دڵی بۆ ئەو دەسووتێ کە دەبینی ئەو نە وەک ڕێباز مەحموود و نە وەک (ڤینکۆ کالینیک)، ناتوانێ هاوار و قیژەی شیعرەکانی بگەێنێتە دایکی و سێبورییەکەی بداتێ کە کوڕەکەی دەستەونەزەر لە قەدرزانیی میرەبانی ئەودا کرنۆش دەبا. دیوارە بێ پەنجەرەکانی زیندان و دەرگا شیشە ئەستورە ئاسنینەکان ڕێگرن لەوەی تارمای ئەو بونەوەرە خۆشەویستە بەبەر چاوی گوزەربکات.

(گوڵی خەم) شاکارێکی ئەدەبی عەرەبییە، ئاوێنەیەکی بێ غەشی ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیری وکەلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوندە

لەم چەرخەدا. دەروونشیکاریی پەیڤ و ناوئاخنی دەقەکە، پێمان دەڵێ کە (قاسم حداد) لە بارێکی نائارامی دەروونی زۆر سەختدایە، مرۆڤێکی برینداری بزرە لە نێوان جیهانی ئاقڵی و تەنیاییداا. هەردوو جیهانەکەشی بەسەردا فەرزکراوە، دیوارەکانی بەندیخانە شیعری هزری ئەون و دەرگا قوفڵدارەکانی زاری ئەون و بیرەوەرییەکانی باوەشی دایکی خۆراکی ڕۆحی ئەون. جارێک فەرامۆشی خۆی بە دەنگدانەوەی (دەنگی) دایکی دەداتەوە و ئاوازی گیتار و شمشاڵ و دووزەلەی لێ سازدەکات، جارێکی دیکە خۆی دەکاتە کێشکەیەکی باڵ سووتاو خۆی دەپەستێتە ناو هێلانەی سینەی ئەو. شاعیر بە چاوی پڕ ئەسرینەوە دەنووزێتەوە دەڵێ:

**(گوڵی خەم)**

**ئەو دوو چاوە هەڵاتوانەو ئەو زامەی پێدەکەنن**
**دایکمن**
**ئەو کەمەرەی لە خەمی  من و لە حەسرەت ولە سەرمان چەماوەتەوە**
**هی دایکمن**
**ئەگریجەی بەفرینت**
**لە تاریکستانی شەودا چراوگن گۆرانی دەچڕن**
**ئای دایە گیان!  دەنگێکت پێ بەخشیووم، تژە لە چێژی ملیۆنان ئاواز**
**دەنگێ بەرەو خۆر هەڵدەفڕێ و لانەی تێدا چیدەکا**
**لە سینەتا چۆلەکەیەک بووم**
**ئاگر فڕێیدایە دەرەوەو دەستێکی کەسک بۆ ئاسمانی هەڵیدا**
**وا ئێستا چۆلەکە ئاگرینەکەت لە زیندانا دەجریکێنێ.**

**تۆ، ئەی دوو چاوی هەڵاتووەو ئەی ئەو زامەی پێدەکەنی**
**گۆرانی بڵێ**
**لەنێوان من و ئەو تیشک و زەویە سەرگەردانەدا**
**لەغەیری ئاسۆیەکی ئاڵ ئاڵ  وکات و دایکمدا**
**شتێکی دیکە بوونی نییە.**
**ئا، ئەی ئەو دایکەی بە برژانگان پۆشاکت بۆ دەدوورویم**
**بۆ ئێستا دەستچنەکانت بەلای زیندانەکان تێناپەڕن و**
**بۆدەستە پۆشاکێکی دیکەمان بۆ نادروویت**
**ۆ دەسماڵمان بۆ نانێری خەمەکانی پێ بسڕینەوە**
**بۆ ئەو ترسەی منی کردە شیعری سەر دیواری زیندانەکان**

**دڕکەکانی ناو پێڵوی ماندووم ناکاتە**
**چۆلەکەیەک گۆرانیٔ بچڕیٔ!** (٢٢)

بەڕاستی دەنگدانەوەی ئەم وشەگەلە پڕ سفتوسۆیە، دڵی بەردیش دەجوولێنی **(ئەو دوو چاوە هەڵاتوانە / ئەو زامەی پێدەنیٔ لە خەمی من/ لە حەسرەت / لە سەرمان / ئەگریجەی بەفرینت / لە تاریکستانی شەودا / چراوگن گۆڕانی دەچڕن / دەنگێکت پیٔ بەخشیوو / تژە لە چێژی ملیۆنان ئاواز / دەنگیٔ بەرەو خۆر هەڵدەفڕی و لانەی تێدا چیدەکا / لە سینەتا چۆلەکەیەک بووم / ئاگر فڕێیدایە دەرەوەو / هاڵیدایە ئاسمان / چۆلەکە ئاگرینەکەت / لە زیندانا دەجریکێنیٔ / تۆ/ ئەی ئەو زامەی پێدەکەنی / لەنێوان من و ئەو تیشک و زەویە سەرگەردانەدا / ئاسۆیەکی ئاڵ ئاڵ / کات / بە برژانگان پۆشاکت بۆ دەدوورویم / دەستچنەکانت / بەلای زیندانەکان تێناپەڕن / بۆ دەسماڵمان بۆ نانێری خەمەکانی پیٔ بسڕینەوە / بۆ ئەو ترسەی / دیواری زیندانەکان / دڕکەکان/ پێڵوی ماندووم / چۆلەکەیەک گۆرانیٔ بچڕیٔ).**

ڕێباز مەحموودیش، کە لە دەرەوی زینداندایە، بە وشەگەڵێک ئاخەکانی هەڵدەڕێژیٔ، وەک بڵێی لە نیشتیمانێکدا دەژی زیندانێکی بیٔ دیوار و دەرگای ئاسنیینە. ئەویش زاری پڕە لە **(سبەینیٔ و فڕین وئاسمانەکانم دەفرۆشم / تەنیا بۆ کڕینەوەی فرسەتێک/ چڵیٔ ڕەشەڕێحانەی دێراوێکی هاوین/ چاوەکانی دایکم / شوێنپێی فەنابوونی خۆمم پیٔ نادۆزرێتەوە / ئەوەی لە ڕێگای فیراقا لێم ون بووخۆم بوو / هەر لەتێکم لە شوێنێکدایە / ناتوانم شکانەکانم کۆکەمەوە / منداڵەکەی جاران / فریا بکەوم / بگەمەوە بەردەمی میهرەبانیت، دایە / وەراندنی گەڵای درەختەکان پاییز / ڕەزی میهرەبانیی / گەڵاوگوڵی ناو کراسەکەی دایکم).**

لە نێوان ئەو دوو دەقەدا (کراس) دەبیتە ڕایەڵەی خۆشەویستییەکی لە بن نەهاتوو و میهرەبانییەکی پیرۆزی دایک. هەرچی ڕێباز مەحموودە ڕووبەرووی دایکی دانیشتووە و گیا و گوڵی کراسەکەی دەستی دەگریٔ بۆ جیهانی خەیاڵاوی شیعر. لیٔ دەستەچنەکان و پۆشاکەکەی بەری، قاسم حداد ڕادەچلەکێنیٔ و دایکی دەهێنێتەوە یاد، یادێک دەستی ناگاتە ئەو دەسماڵە دیارییەکانی دایکی تا ئەسرینی حەسرەتی نێو زیندانی پیٔ بسڕێتەوە. ناونیشانی قەسیدەکە: (گوڵی خەم) جوانییەکەی گوڵ دەشێوێنیٔ، ئەمەش خەتای شاعیر نییە، کە دەستێکی ژەهراوی

ئەو ڕۆحەی ئەوی خزاندووەتە گۆشەیەکی هێندە تاریک و ترسناک کە گوڵەکان خەماویی و غەمگین دەبینن. (گولێ خەم) (دایکی خەمبار) ی شاعیرە، قەسیدە حەزینەکانی سەر دیواری زیندانە کە پڕن لە ترس.

نابێ حاڵەتێکی دەروونی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو شاعیرە (لە دەقەکانی ئێرەیاندا) فەرامۆش بکەین: ڕێباز مەحموود کەسێکی ئاسایی نییە، دەروون پەشۆکاو و وێڵ و ون بووە، خۆی بە شکاو تێکشکاو دەبینی:

**شوێنییێ فەنابوونی خۆمم پێ نادۆزرێتەوە**
**ئەوەی لە ڕێگای فیراقا لێم ون بوو**
**خۆم بوو، خۆم**
**ئێستا هەر لەتێکم لە شوێنێکدایە**
**تازە ناتوانم شکانەکانم کۆکەمەوە**

قاسم حەدادیش، پتر لە شیتێکی بەندیخانە دەچی و تەواو دەروونی تێکچووە و شەپرزەیە، بڕوانن جارێ پێدەکەنێ و جارێ دەگریێ، ئەمەش جار هەیە لە شێتدا دەبینرێ:

**ئەو دوو چاوە هەڵاتوانەو ئەو زامەی پێدەکەنن**

**..............................................................**
**وا ئێستا چۆلەکە ئاگرینەکەت لە زیندانا دەجریکێنێ**

**..............................................................**
**بۆ دەسماڵمان بۆ نانێری خەمەکانی پێ بسڕینەوە**

**..............................................................**
**بۆ ئەو ترسەی منی کردە شیعری سەر دیواری**
**زیندانەکان**
**دڕکەکانی ناو پێڵوی ماندووم**

**ناکاتە چۆلەکەیەک گۆرانێ بچڕێ؟**

قاسم حدا د ئاماژە بۆ دەستێک دەکات کە (ئەو چۆلەکەیەی نێو سینەی بۆ ئاسمان هەڵداوە) کە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕژێمەی ئەوی زیندانی کردوە لێ ڕۆحی بەرزە فر شەقەی باڵی دێ لە ئاسماندا. لێ ڕێباز مەحموود پتر (فیراقەکە) دەکاتە هۆکاری ئەو

فەنابوون و تێکشکانە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، دوو شاعیرەکە بوونەتە قوربانی.

(لەتیف هەڵمەت) دەوڵەمەنترین شاعیری ڕۆژهەڵاتی ناوەندە لە ئامازەکردن و تەروزیفکردنی (دایک) لە دەقەشیعرەکاندا، تا ئێستا ،(٢٠١٨)، پتر لە (٥٨٠) جار وشەی (دایک، دایە، داک) ی لە کۆبەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە.(٢٣)

لەم قەسیدەیەی خوارەوە، درک بەوەدەکەین کە لەتیف هەڵمەت، چەندە پابەند و پەیوەستی میهرەبانی دایکیەتی، خەیاڵە والآیە پڕ ستێرە و خۆر و مانگەکەی ئەو، بەئاسانی کۆچی ئەو پەریزادەیە موبارەکەی لەبیربردۆتەوە، جارانی ئەگەر هەر خاتوو (سەعدیە) دایکی ئەو بووبێ ئیستا بە هەزاران دایک لە تەلەسم و نیگاو ئاوێنە وردوخۆشکراوەکەی ڕۆحی ئەو داهێناوە. قەسیدەکە یەکەیەکی بونیات قوول و سیخناخکراوە بە وێنەی شیعری هەمە ڕەنگ، سەرچاوەی هەمووشیان سرووشتە شیرینەکەی کوردستانە. شاعیر وەک هونەرمەندی میکیاژکەر، هێندە جوان ئاریشتی رۆح و شیوە و نیگای دایکی کردووە، پتر لە پەری و فریشتە دەچی، شاعیر تا بڵێی بێباکە لە دوایین ماڵاوایی دایکە سووتاوەکەی، چونکە هەست ناکات بۆ چاوترووکاندنێک ئەوی لێ ون بێ. لەتیف هەڵمەت دەڵێ:

(یە ک داک و هە زار دایک)

سە یری هە رگوڵێک دە کە م
دوو چاوی شین سیخناخم دە کە ن
لە هێشووی سە رنج
ڕەنگە چاوی دایکم بن

هە ر هە ورێک دە کە وێتە تۆڕی نیگامەوە
بە دوو دەست باوەشم پیادا دە کات
دە ڵێم دە ستە کانی دایکمن

هە ر ئە ستێرەیە ک دەخزێتە ئاوێنەی
نیگامەوە
بە دوو لێو دەمگرێ لەئاورێشمی پێکەنین
دەڵێم لێوەکانی دایکمن

بەلای هەر ڕووبارێکدا تێدەپەڕم
ماچبارانم دەکات
ماچەکانی بۆن وبەرامەی هەناسەی دایکمیان
لێ هەڵدەقوڵێ

بەلای هەر درەختێکدا گوزەر دەکەم
بانگم دەکات
ڕەنگی دەنگی لە دەنگی دایکم دەچێ

بە منداڵی من یەک دایکم هەبوو
ئێستا هەزاران
نازانم شە وان
لە باوەشی کامیاندا
بنووم. (٢٤)

خاڵی هاوبەش لە نێوان دەقەشیعرەکەی لەتیف هەڵمەت و ئەوەکانی ڕێباز مەحموود لەوەدا یەکدەگرنەوە کە، دایک حزووری هەمیشەیی لە هزر و خەیاڵی ئەواندا هەیە، نە مەرگی دایکی لەتیف هەڵمەت و نە دابڕان و فیراقی ڕێباز مەحموود توانیتیان (ئیمیجی حەقیقی) دایکیان لێ بشارنەوە. ئەگەر ڕێباز مەحموود بەوە دڵخۆش بێ کە پاییز ناتوانی گەڵاوگوڵەکانی کراسی دایکی هەڵوەرێنێ، ئەوا لەتیف هەڵمەت بەوە دڵخۆش کە بۆ یەک تاقە شەویش لە باوەشی دایکی دانەبڕاوە، ئێستا کێشە گەورەکەی ئەو ئەوەیە باوەشەکانی دایکی هێندە زۆرن کە نازانی شەوان خۆی بخزێنێتە ناو هی کامیان.

وەک لە زانستی لۆژیک و ئەندازەدا هاتووە، کە دەکرێ گشت (فورمی کامل) لە پارچەکاندا (ئەندامەکاندا) ببنین، بە هونەری شیعریی لەتیف هەڵمەت ئاوێنەیەکی سازکردوە، کە ڕووبەڕووی پارچەیەکی دیارە، بەڵام لە خەیاڵی ناو ئاوێنەکەدا گشتی تابلۆکە دیارە. لێرە (٥) ئاوێنە و (٥) تابلۆ نمایشکراون. بڕوانە چۆن گوڵێک دەبیتە ڕەنگی شین و ڕەنگە شینەکەش دەبێتە چاو، چاوەکەش دەبێتە چاوی دایک:

سە یری هە رگوڵێک دە کە م
دوو چاوی شین سیخناخم دە کە ن

**پووختەی تەوەرەکە:**

لەو دەقەشیعرانەی لێرەدا، نمایشکراون، دەردەکەوێ کە دایک چ بوونەوەرێکی گەردوونییە، کە هیچ شتێک نییە بتوانی جێگەی بگرێتەوە. شاعیرەکان بە هونەر و شێواز و زمانی جیاواز میهرەبانی دایکیان بەرجەستەکردوە و حەنین و تاسە و سۆزی خۆیان بۆ باوەشی گەرمی ئەو بە پەرۆشەوە نیشانداوە. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە هەر قوناغێکی تەمەن و لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بن، عەوجە بە میهرەبانی دایکن و ئەو بە فەریادڕەسی دڵسۆزی خۆیان دادانێن.

**پێنێج: تەوەرەی تێڕامانی شیعریی:**

لەوەتەی ئەو مرۆڤە پێی ناوەتە سەر ئەم زەمینە، بۆ ساتێک سەری ڕحەت نەبووە و هەمیشە گیرۆدە و وێڵ بووە بەدوای وەڵامی پرسیارە قورسەکانی بوون و مەرگ و گەردوون و خودا و دواڕۆژ و غەیب و تاد.... هەر ئەو پرسیارەنەش بوون بوونە بنەما و بناغەی داهێنانی ئەفسانە و فەلسەفە و دیدە جیاوازە لەبن نەهاتووەکانی ئەقڵی مرۆڤ. ئەدەبیش وەک ئاوێنەی واقیعحاڵی دەرووبەر، بووەتە خەزنەیەکی بەهادار بەو بەرهەمانەی لە مێژووی ئەدەبدا دەربارەی بابەتە فەلسەفی و هزری و سۆفیگەرابیەکان تۆمارکراون. چەندان ئەدیب و شاعیری مەزن لەو بوارانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە.

لە ڕێی ڕۆشنبیریی ئەدەبی و خوێندنەوە و بیرکردنەوی قوول، هێندێک لە شاعیرەکانی سەدرەمیش، کەتوونەتە ناو تۆڕی ئەو جۆرە تێڕامان و ڕامانانەی کە ئەوەندی پرسیار لەخۆ دەگرن ئەوەندە وەڵامی یەقینیان پێنییە.

وەک دەزانین باوکی فەلسەفەی (ڕامان)، (دیکارت١٥٩٦ - ١٦٥٠ Descartes)ە، کە لە کتێبێ (رامان) دا، پێناسەو جۆرەکانی

تێڕامانی(Meditationes) بە وردی باسکردوە. وەک تێڕامان لەو شتانەی جێگەی گومانن و سروشتی ئەقڵی مرۆڤ و بوونی خودا.(٢٥)

"ئەفسانەی ئەدەب لە سەدەی بیستەمدا ئەفسانەی دەرکەوتنی ئەمجۆرە شیعرانە بوون کە بە شیعری تەئەمولات ناسراوە، کە لەو بازنەیەدا خەیاڵ بە پانتایی ئازادبوونی زمان فراوان دەبێت، زەمەن کۆتی تەقلید بوون و پابەند بە کۆنەکانی خۆی لەسەر خۆی ڕامالّی، خەیاڵ چووە نێو ئاسۆیەکی زێدەفراوانتر. ئەمڕۆ هیچ پرسیارێك لەبەردەم شیعری نوێدا ئەستەم و سەخت و مەحاڵ نییە، گرنگ ئەوانەن کە پرسیاریان ئاراستە کراوە هێز بدەنە بەرخۆیان چۆن بتوانن وەڵام بۆ پرسیارەکانی نوێخوازی بدۆزنەوە."(٢٦)

شیعری تێڕامان، تەواو سێبەری بەسەر بەرهەمەکانی ڕێباز مەحمووددا کردوە، خەیاڵی قووڵ و زمانی شیعریی و هونەری جوانکاریی فرە لایەن لەم جۆرە دەقەشیعریانەی ئەو بەدی دەکرێن. ئەگەر ئەمە ناو بینێین ڕشتەیەکەی شیعریی، ئەوا پایامگر لە زۆربەی تیکستەکاندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی فورم، چەندان تێکست لەو ڕشتەیەدا سەرنجی ڕادەکێشن.

لێرەدا (٣) نموونە لە شیعرەکانی ڕێباز مەحموود وەردەگرین:

یەکەم نموونە:

تێڕامانی دەقنووسە لە توانستی مرۆڤ بەرانبەر ئەو گەردوونە زەبەلاحە و ئەو ئەزموونە قورسانەی ژیان، کە ئاکامەکەی هەمیشە بێئاکامییە، ئەوش لەبەر بچووکی ئەقڵی ئێمە بەرانبەر گەورەیی گەردوون و شتەنادیارەکان. لە دەقەکەدا (من)ی قسەکەر، کۆی مرۆڤ دەکرێتەوە بە درێژایی مێژوو. (باڵ و فڕین و کەوتن و ژانی کەتن)، چوار ڕایەڵی بیرۆکەی دەقەکەیە، کە خۆشئاواز وسفتوسوڵ و ناسکە. ئەو دەڵێ:

ئەوەی باڵەکانی خۆی نەبینێ
هەرگیز لە مەترسیی فڕین تێناگا و
هەست بەوە ناکات
چەند درۆیەکی زلە زەمین،
چەند خەتەر بە ئاسمانەوەیە
هەرگیز وەکوو من
ژانی بەربوونەوە ناچێژێ!

خاتوو(مونیا خان- Munia Khan١٩٨١)، کە بە ڕەچەڵەک (هیندی)یە، بە زمانی ئینگلیزی شیعر دەنووسێ، لە کۆپلە شیعرێکیدا دەڵێ:

باڵەکان دەها جۆرن:
باڵەکانی پەپوولە
باڵەکانی هەڵۆ
باڵەکانی باز
باڵە کراوەکانی قازی سپی
باڵەکانی پووشبەقنەی ئاسوودە
باڵەکانی قەترەس
باڵە جوانەکانی گیزەکەر
باڵە نەرموو نیانەکانی مێشووله
یان باڵە نازدارەکانی هەنگ
ئەوان کە دەفڕن،
هەموو هونەرەکانی فڕین لە باڵەکانیاندا دەنوێنن
چۆن دەبێ وابین
بەهای بەرزی ئەو باڵە بەهەشتییانە
بەکەم بزانین؟ (٢٧)

لە هەردوو دەقەکەی سەرەوە، (باڵ)، وەک ئامرازی فڕێن، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو تەزیفکراوە. فڕین، یانی بەجێهێشتنی سەر زەوی و چوون بەرەوە ئاقاراکانی سەرەوە، هەر یەک لە ئێمە و ئەو بوونەوەرانە بە باڵی خۆی دەیەوێ بگاتە شوێنی مەقسەد. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە هەردوو شاعیرە لە خەمی نەزانینی بەها و گرنگی ئەو باڵانەن: ڕێباز مەحموود دەڵێ: (ئەوەی باڵەکانی خۆی نەبینێ / هەرگیز لە مەترسیی فڕین تێناگا)، مونیا خانیش دەڵێ: (چۆن دەبێ وابین/ بەهای بەرزی ئەو باڵە بەهەشتییانە / بەکەم بزانین؟). نەبینینی باڵەکان و بەکەم زانین ی ئەوان، کەوتنەخواەرەو

ملشکانی لێدەکەوێتەوە. کەواتە کە مرۆڤ خاوەن باڵێ (ئەقڵ)ەو ئەو بوونەوەرانەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە، خاوەن باڵی سرووشتین، دەبێ بزان ئەو باڵانە چ بەهاو ڕۆڵێکیان لەبەردەوام بوونی ژیاندا هەیە.

دووەم نموونە:

ڕێباز مەحموود هاوکێشەیەکی پڕ ڕامانی دارشتوەو و (من / خۆم/ ژیان/ بردنەوە) ی، لە فورمێکی نەختێ ئاڵۆز و ڕەشبین ئارایشت کردووە. لە نێو دێرەکاندا ئاماژەی کەرتبوونی ڕۆحی تێدایە، دەروونناسانە، جەنگێکی نەبڕاوەی نێوان (من، خۆم) شێتەڵکاری بۆکراوە، کە وای کردووە، خاوەنی (من و خۆم)ەکە دۆڕاو بێ، لەو مەڕاسۆنە بەردەوامەی ژیان، کە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی، تەنانەت مەرگیش ناتوانێ بەری پێبگرێ، ئەگەر دوای مەرگ بە درێژەپێدەری ژیان دابینێن.

دەقنووس دەڵێ:

**من لەبردنەوەو خۆمەوە دوورم، دوور...**
**لەکاتێکا،**
**ژیان ماراسۆنیکی بێ کۆتایە ... !**

کچە شاعیری ئەمەریکی خاتوو (جێسیکا کریستی Jessica Kristie)، لەوم تێکستەی خوارەوە، شوورەیەک لە نێوان (من) و (خۆی) دروست دەکاو پێیوایە کە (من) کەسێکی غەریبە لەودا بۆیە بە (تۆ) ئاماژەی پێدەکا، ئەو لەو باوڕەدایە کەدوای باڵکشکان و داروخانەکەی تاکە چارەی بەخوداچوونەوەیەتی لەگەڵ (خۆی) دا نەک لەکەڵ (من) ەکەیدا. ئەمەش زۆر نزیکە لە دابڕانەکەی ڕێباز مەحموود (من، لە خۆمەوە دوورم... دوور)، لەو(دوورییەش)دا ئەو دەوخوێندرێتەوەکە ڕێباز مەحموود، بە پێچەوانەی جێسیکا کریستی، نیازی بەخوداچوونەوەی نییە.

جێسیکا کریستی دەڵێ:

**تێکشکاوم!**
**چوون، لە هامان ئەو چاوانەدا**

بەدوای هیوایەکدا دەگەڕێم
کە لەواندا، لەدەستمچووە.

ئەز دەبێ خەمێ لەخۆم بخۆم
لە (خۆم)ەکەم،
بەبێ تۆ. (٢٨)

سێیەم نموونە:

پانتایی مەرگ و مردن لە داگیکردنی ڕووپێی ئەدەبدا، بە تایبەتی شیعر، بە قەد ڕووبەری ئاو و وشکانییەکەی گۆی زەوییە، بۆیە بە دەگمەن شاعیر هەیە، لە چەندان دەقدا تێڕامانی خۆی لەو دیاردە پڕ لوغز و نیهێنییە گوزارشت نەکردبێ. لە دیدی ڕێباز مەحموددا، ژیان قەرزێکە لە مردنمان خواستۆتەوە دەبێ و درەنگ و زوو ئەو قەرزەی بدەینەوە. جا شاعیر بە زمانی جەستە، دەورووناسانە، گوزارشت لە بەسەر بردنی ڕۆژەکانی تەمەنیدا دەکات، کاتێک بەڵای ئەو مەرگەدا تێدەپەڕی (تێپەڕینی قەرزارێک، بەبەر دوکانی قەسابێک). تاکە ئامرازی خۆ گێلکردن لەو ساحێبقەرزە، خۆدزینەوەیە (بە گۆڕانی). لە نێود دێرەکانی دەقەکەدا، تارمای ئەو پرسیارە دیارە کە بە دوای (حەقیقەتی بوون و نە بووندا دەگەڕێ). دەقنووس دەڵێ:

من وامدەزانی تەنیا تەمەنی من ڕەزیلە
لەوەتەی هاتووم قەرزێکی دێرین و کۆنی مردنم لایە
کە ژیانی خۆمە و
هەموو جارێک کە دەیبینم خۆم لە گێلی دەدەم..
سەر دادەخەم و
خۆم بە کۆکردنەوەی گۆرانیەکی ڕژاوەوە
خەریک دەکەم

هەرچی شاعیری فەلەستینی (محمود درویش)ە، لە دەقەشیعریکی پرسیارئامێزی سیخناخ بە تێڕامان، بە شێوە و تەکنیکێکی دیکە پرسیار لەو (حەقیقەتە)دەکات. دەیەوێ لە کەسێک کە ئەزموونی مردنی هەیە وەڵامەکە وەرگرێتەوە،

هەرچەندە دڵنیایە کە مردوو ناتوانی بێتەگۆ. خاڵی هاوبەشی دەقەشیعرەکەی ڕێباز مەحموود لە گەڵ ئەوەی مەحموود دەروێش ئەویە کە هەردووکیان تێرامانی خۆیان بۆ مردنێک هەیە کە حەقیقەتەو حەقیقەتێکی گەورەتر لەخۆی دەباتە ژێرگڵ. لێرەشدا (هاتن و چوونەکەمان) هەر وەک لوغز دەمینێتەوە.

مەحموود دروێش لە بەشێک لە قەسیدەی **(ئەو کەسە غەریبە ناناسم)** دا دەڵێ:

**بەدوای کەژاوەی جەنازەی غەریبێک کەوتم**
**غەریبێک، نە دەیناسم و نە ناوبانگیم بیستووە**
**وەک هەمووان هەنگاوم هەڵێنا و**
**سەری خۆم لەعاست ڕیزی ئەو هێنایەخوارەوە**
**نەمدەویست بپرسم:**
**ئەری! ئەو کێیە مردووە؟ کێندەرییەو**
**چۆن چۆنی کۆچی کردووە؟**
**دەزانم زۆر جۆرە هۆکاری مردنمان:**
**وەک ژان و ئازاری ژیانی بێوجان**
**جا هەر خۆم لەخۆم دەپرسی:**
**تۆ بڵێی ئێستا ئەو مەمانان ببینێ؟**
**یان ئەوەی دەیبینێ هەر هیچ و عەدەمە؟**
**ئەو لالۆ داماوە،**
**داخۆ بەم کۆیاییە دڵی چەند بەخەمە؟**
**دەمزانی ئەو پیاوە غەریبە،**
**لە نێو تابووتی پڕ گوڵی وەنەوشە، هەڵناسێتەوە**
**تا ماڵیاوایمان لێ بکاو سوپاسێکمان بکاو**
**حەقیقەتەکەمان لەن گوێدا بچرپێنێ**
**(لێ! کام حەقیقەت؟)**(٢٩)

**پووختەی تەوەرەکە:**

چونکە پرسیارە فەلسەفیەکان هەمیشە گەردوونین، دەبینین کۆلکەی هاوبەشیان لە تێرامانەکاندا لە زۆر لێک نزیکن، جا گرنگ نییە تێراماو کێیەوە خەڵکی کوێیە. جیاوازیەکان پتر لە زمان و فورم و شێوازی دارشتنی پرسیار و وەڵامەکانە. ئەگەر وەلامێک هەبێ.

**ئـاكـام:**

بە بەراوردکردنی (٧) دەقەشیعری ڕێباز مەحموود لە گەڵ (١٨) دەقەشیعری دیکە کە بە زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی و کوڕواتی و کوردی) گوتراون وشناسنامەی (ئینگلیزی و ئەمەریکی و عەرەبی و کرواتی و گریکی ـ میسری و هیندی و کوردی)ان هەیە و دوای شیتەڵکاری وڕەخنەکاری لە نێوان دەقەشیعرەکانی ڕێبازمەحموود لە گەڵ لەو تێکستانە، ئاکامەکان لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

- ڕێباز مەحموود وەک شاعیرێکی هاوچەرخ، خاوەن بەهرە و ئەزموونێکی بەرچاوە و کارامانە گوزارشت لە هزر و دید وتێڕوانینەکانی خۆی دەکات، بە داڕشتنی تێکستەشیعرەکانی بە زمانێکی ڕەوان و شیرین لە چوارچێوەی ڕێزمانی کوردیدا، بە تەوزیفردنی هونەرەکانی شیعر و شێوازەکانی لە ناوەڕۆک و فورم و سەرچاوەدا. شارەزایی ئەو لە ئەدەب و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مێژوو و کەلتوور و فەرهەنگدا، بە هەردوو ئاڕستە ئاسۆیی و شاقولییەکانیەوە، وەک لەبەرهەمەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، مایەی دەستخۆشییە.
- بەرواردکارییەکان، دەیسەلمێنن، کە ئاستی شیعری هاوچەرخی کوردی شان لە شانی هاوشێوەکانی دەدات، هەر نەبێ لەگەڵ ئەو شوناسە ئەدەبییانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆکراوە.
- پێکچوون و یەکتربڕین و کۆنتراستەکان، وەک لە بەراوردکارییەکاندا دەبینرێن، نیشانەی ئەوەیە، کە دیدگای ئەدەبی ئەو نەتەوانە لێک نزیکن و لە بابەتە گەردوونییەکاندا زۆر ئاشناو و تەبا و ڕێکن.
- لێکۆڵینەوەکە پەنجەرەیەکی بچووکە بۆ ڕەخنەکار و ئەدیبانی دیکە، بەو هیوایەی دەلاقە و پەنجەرە و دەرگای والاتر و فراوانتر و باشتری لێ دابهێنن و هەوڵی جددی بدرێ بۆ گوستنەوەی ڕەخنەی کوردی لە قۆناخی ناوچەیی و لە

چوارچیوەی سنوری جوگرافیای و زمانەوانی و فەرهەنگی خۆماندا، بۆ ئەودیوی سنورەکان و هەرچوار ئیقلیمی جیهان. تا باشتر لە پێگە و مەقامی ئەدەبی کوردی بزانین و هەوڵی پتر گەشە پێدان و پشخستنی بۆ بدرێت لە ڕێی داهێنان و سوود وەرگرتن لە گەنجینەی ئەدەبی جیهانی.

- ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە ئاسۆی ڕۆشنبیری ئەو شاعیرە گەشتر دەکاتەوە بەرچاوڕوونی لە بورەکانی ئەفراندن و داهێناندا بۆ خۆشتردەکات و جوانتریش پێگەی ئەدەبی خۆی دەزانێ و لایەنە بەهێز و لاوەزەکانی خۆی لە نووسیندا دەستنیشان دەکات. بێگومان لێکۆڵێنەوەکان وادەکەن شاعیر و نووسەران هەست بو بوونی دەنگ و ڕەنگی ئەدەبی خۆیان بکەن و دڵخۆش دەبن.

تێبینی: نووسەری ئەم بابەتە هەموو دەقەشیعرییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەی کردووەتە کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١) محمد عبدالسلام کفافی (د.)، و. هەژار ڕەحیمی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١١، ل. ٢٧

٢) س. پ. ل. ٢٠

3)https://www.facebook.com/rebaz.mahmud

(هەموو دەقەشیعریەکانی ڕێباز مەحموود لیرە وەرگیراون)

4)https://www.brainyquote.com/topics/childhood

5)https://www.poets.org/poetsorg/poem/my-heart-leaps


My heart leaps up when I behold
A rainbow in the sky:
So was it when my life began;
So is it now I am a man;
So be it when I shall grow old,
Or let me die!
The Child is father of the Man;
And I could wish my days to be.


6)http://www.adab.com/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=64767

أحنُّ إلى خبز أمي
وقهوة أُمي
ولمسة أُمي..
وتكبر فيَّ الطفولةُ
يوماً على صدر يومِ
وأعشَقُ عمرِي لأني
إذا مُتُّ ,
أخجل من دمع أُمي !

٧)ديوانی لەتیف هەڵمەت، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، چاپی تاران، ٢٠١٥، ل ٣٠٨-٣٠٩

8)http://www.adab.com/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=16

أيا أمي..
أنا الولدُ الذي أبحر
ولا زالت بخاطرِهِ
تعيشُ عروسةُ السكّر
فكيفَ.. فكيفَ يا أمي
غدوتُ أباً..
ولم أكبر؟

9)https://www.goodreads.com/author/quotes/3398779.Pearl_Strachan_Hurd

١١ ) * له ليبيا بووم، وشترێک لە خەمی خاوەنەکەی کە کوچی دواییکرد بوو، غەزربی و هیچی نەخواد و نەخوادەوە تا مرداربۆوە.(ف. ش.)

10)http://www.a7bash.com/text.php?action=show&id=771

1)http://www.cavafy.com/

شموع
الأيام الآتية ترتسم أمامنا
مثلما يرتسم صف متوهج من الشموع
من الشموع الصغيرة البراقة، المضيئة والحية.

الأيام التي راحت تبقى في الخلف
صفاً كئيباً من شموع صغيرة مطفأة
ينبعث الدخان ما يزال من أقربها
شموع باردة، خامدة ومحنية تماماً.

لا أريد تأملها، منظرها يحزنني

ويشجيني أن أفكر في بريقها الأول
فانظر إلى الشموع الصغيرة التي تضيء أمامي.
لا أريد أن ألتفت إلى الوراء
فأكتشف مذعورا
السرعة التى يستطيل بها الصف المعتم
السرعة التي تتراكم بها الشموع المطفأة

١٢ ) گۆڤارى ڕامان. ژماره ٢٥٠. ساڵى ٢٠١٨. ل، ١٤٣

13)https://www.facebook.com/mutalib.abdulla/posts/1767554749967472

14)https://www.poetryfoundation.org/poems/57303/spring-in-war-time

I feel the spring far off, far off,
The faint, far scent of bud and leaf—
Oh, how can spring take heart to come
To a world in grief,
Deep grief?

The sun turns north, the days grow long,
Later the evening star grows bright—
How can the daylight linger on
For men to fight,
Still fight?

The grass is waking in the ground,
Soon it will rise and blow in waves—
How can it have the heart to sway
Over the graves,
New graves?

Under the boughs where lovers walked
The apple-blooms will shed their breath—

But what of all the lovers now

Parted by Death,

Grey Death?

١٥) ديوانی گۆران، کتێبخانەی ملی تاران، ١٣٨٥، ل. ٤٣

١٦ ) ديوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٠ . ل. ٤٥

١٧) عامر الدبك، أريد أن أتثاءب، دار عبد المنعم ناشرون، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٥٥

قال الطفل
في الحرب
يستيقظ الأطفال
فلا يجدون آباءهم
يذهبون إلى المدارس
تودعهم أمهاتهم
بدموع وصمت
فيلوحون بأكف فارغة
من الخبز
يأكلون رمال الطريق
فتأكلهم قذائف أرسلت
من أجلهم
كي يحفظوا
دروس التاريخ جيدا
قبل أن يموتوا
***
قال الرجل
في الحرب
يعود الآباء
فلا يجدون أطفالهم
ولا يجدون زوجاتهم
يعودون إلى الحرب
قبل أن تعود الأمهات من المقابر
***
قالت الأم
في الحرب
تنتظر الأمهات
الأولاد
والأزواج
تعود الدفاتر
والكتب
ولا يعود الأطفال
ويعود الأزواج

أسماء تركتها الحرب
فوق الرمال
***
قال الجميع
في الحرب
لا يبكي أحد على أحد
لأن الدماء تغسل الدموع
***
في الحرب
وجوه شاحبة واجمة
لا تستقبل أي ابتسامة
ولو كانت عابرة
في الحرب
تغلق الحدائق أبوابها
وتخرج الطيور
من أوكارها مهاجرة
***
في الحرب
سماء تمطر نارا
وبيوت
تحترق
في الحرب
لا فرق بين صامت
ومتكلم
بين من يصرخ
و بين من يغني
بين رجل وامرأة
بين طفل وعجوز
في الحرب الكل سواسية
في الحرب
لا وجود لقنابل ذكية
بل ثمة رجال أغبياء
يقصفون الجميع


١٨) نەزەند بەگیخانی، پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن، بڵاوکراوەی غەزەلنووس، چاپی تاران، ٢٠١٧، ل. ٣٦

19)Selected Letters, Roger de Rabutin, Comte de Bussy, Penguin Books Ltd, London, United Kingdom, 1982

20)https://www.facebook.com/profile.php?id=100005470936527

21)https://vinkokalinic.blogspot.ie/2010/03/my-mother-was-telling-me.html?m=0

My Mother was telling me

My son, the Sun is up in heaven,
Don’t run after it, as nobody’s ever
Reached it so far
And me, I haven’t believed her
Because the Sun is something that every morning
Emerges in the corner of the sky, to light up our day,
Shines only till the night falls,
And my Sun shines even when everything else is
Black like a coal.

My mother was telling me:
Don’t get carried away, my son,
The Sun is blind!
And I didn’t listen to her.
- How is to live without the Sun?
And what else could the Sun be
But the eyes that lift up
This world, and my soul
Right up to heaven.

My mother is not telling anymore:
Don’t run, my son,
Not even, that the Sun is
Blind and high.

Only sometimes compassionately[1]
Her motherly eye sparkles:
When night replaces the day,
Mother knows, which Sun
Her stubborn son
Has buried, deep
Into his heart.

22)https://www.aldiwan.net/poem8901.html

هذه الهاربة العينين والجرح الذي يضحك
أمي
هذه الخاصرة التعبى من الحزن وبرد
الجهة الأخرى ومني
هي أمي
هذه الثلجية الفودين
من حوّل هذا الليل قنديلاً يغني
آه يا أمي
لقد أعطيتني صوتاً له طعم الملايين

التي تمشي إلى الشمس وتبني
كنت في صدرك عصفوراً
رمته النار، سمته يداً تخضر
ها عصفورك الناري في السجن يغني
أنت يا هاربة العينين والجرح الذي يضحك
غنى
ليس بين الضوء والأرض التي تمشى وتحتار وبيني
غير هذا الأفق المحمر والوقت وأمي
آه يا أمي التي خاطت لي الثوب بعينيها
لماذا لا يمر الثوب بالسجن
لماذا لا تخيطين لنا أثوابنا الأخرى
تمدين المناديل التي تمسح حزني
ولم الرعب الذي حولني شعراً
على جدران سجني
لا يحيل الشجر الشوكي في أحداقك التعبى
عصافير تغني.

٢٣ ) دایک له جیهانبینیی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، د. هاوژین سڵیوه و فازیل شەورۆ، ڕەشنووس، ٢٠١٧

24)https://www.facebook.com/profile.php?id=100023684389459&fref=ufi

٢٥) دیکارت، پۆڵ ستراترن، ،. ڕەووف بێگەرد، دەزگای پەخش و چاپی سەدەم، سلیمانی، ٢٠٠١، ل. ٣٦

26)http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=1839&z=11&l=1
جەلال بۆتان

27)https://www.goodreads.com/author/quotes/6552863.Munia_Khan

Wings are of many kinds

Butterfly's wings

Vulture's wings

Eagle-wings

Spread wings of white swans

Dragonfly's serene wings

Wings of albatross

Lovely wings of humming birds

Tiny wings of a fly

Or a bumble-bee-wing

And when they fly:

They fly their best according to their ability of flying.

We should not underestimate the size of those heavenly wings.

٢٨)http://jessicakristie.com/

Broken.
As I search for hope,
In the same eyes
I lost it.

I need to work on me.
The me
Without you.

29)http://www.adab.com/modules.php?name=Sh3er&doWhat=shqas&qid=69473

لا أَعرف الشخصَ الغريبَ و لا مآثَرَهُ...
رأيتُ جِنازةً فمشيت خلف النعش،
مثل الآخرين مطأطئ الرأس احتراماً. لم
أَجد سَبَباً لأسأل: مَنْ هُو الشخصُ الغريبُ؟
وأين عاش, وكيف مات [فإن أسباب
الوفاة كثيرةٌ من بينها وجع الحياة]
سألتُ نفسي: هل يرانا أَم يرى
عَدَماً ويأسفُ للنهاية؟ كنت أَعلم أنه
لن يفتح النَّعْشَ المُغَطَّى بالبنفسج كي
يُودِّعَنا ويشكرنا ويهمسَ بالحقيقة
[ما الحقيقة؟].

لەژمارە (١٠)ی گۆڤاری (باران)، ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاوکراوەتەوە.

## بابەتی (١١)

## ناونیشـان وەك ناونیشـان

## (چـاكـەتێك لـە كۆنـە دەكڕم)

(چاكەتێك لە كۆنە دەكڕم)، ناونیشانی دیوانە شیعرێكی نوێی قوبادی جەلیزادە یە، كە لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ـ (٢٠١٥) ە و لە سەر ئەركی دكتۆر تەها ڕەسووڵ چاپكراوە. بەرهەمەكە (٤٠٨) لاپەڕەی قەبارە (٢١ X١٤سم)ە و تیراژەكەشی (١٠٠٠) دانەیە.

لە سۆنگەی نرخاندن و شرۆڤەكردنی شیعری هاوچەرخی كوردی، لەتای تەرازووی ڕەخنەی سەردەمییانەدا، بە ئومێدی شەقاندنی گۆماوی "ڕەخنەی شیعری كوردی" ی مەندو مەستوور، هەوڵ دەدەین گوژمە تیشكێك بخەینە سەر (ناونیشان) ی ئەم بەرهەمە نوێیەی قوبادی جەلیزادە.

هەموو لە دایك بوونێك، چ مرۆڤــ بێت و چ كەرەستە و شتومەك، لە دایك بوونی ناوێك بە دوای خۆیدا دێنێت. بەڵام ـ هەرچەند بوونەكان، ماددەكان، فانیین ـ مەرج نییە مەرگی هەموو خاوەن ناوێك، مردنی ناوەكەی بەدوادابێت. هەڵبژاردنی ئەم ناو و نازناو و ناونیشانە، دەمێكە هزر و هۆش و ئەندیشەی مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووە. توێژەرانی مێژووی زمان، وای بۆ دەچن كە (نــاو)، ـ وەك ناوی مرۆڤــ و بوونەوەر و شتەكانی دەوروبەر، نۆبەرەی زمان و بەردی بناغەی فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەك بووە. تەنانەت یەكەمین گوژمە ئاخاوتن كە لە گەرووی منداڵێكی ساوادا دەبیسترێت ،(ناوە) ــ مەمە، ماما، دادە، بەبە، بابە. (١)

لەوەتەی زمانی ئەدەبی، ماڵی خۆی كردووە و بارو بارگە و جیازی خۆی لە زمانی ئاسایی جیاكردووەتەوە، ناو و ناونیشانی

بابەتی ئەدەبیی ـ بە هەموو ڕشتەکانەوە ـ بوونەتە جێگەی تێڕامان و سەرنج ڕاکیشانی خوێنەر و توێژەر و ڕەخنەگران. لە فەرهەنگی (Merriam) وا پێناسەی ناونیشان کراوە: (ناوێکە بۆ ناسینەوەی شتێك وەك، کتێب، گۆرانی، فلم/ کتێبێکی چاپکراوە/ ناوێك کە کار و پیشەی کەسێك، کۆمپانیایەك، دیاری دەکات).(٢) کاتێ (ئەفلاتون ٤٢٤ ؟ ــ ٣٤٧؟ پ. ز.) شاکارەکەی خۆی ناونا (کۆمار ــ De Republca )، دەمێك بوو ناونیشانی کتێبی ئەدەبی و فەلسەفی و ئایینی، لە حوجرە و مەجلیس و دیوەخانی ئەدیب و بیرمەند و فەیلەسوفەکاندا، بابەتی مشتومڕ و گفتوگۆی گەرم بوو. تەنانەت کتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکانیش هەڵگری ناوی تایبەت بە خۆیانن.

کەواتە، بە کوردی و کرمانجی، لەوەتەی نووسین داهاتووە، بە هەزاران ناونیشانی کتێب و بەرهەمی ئەدەبی و مەعریفی بەسەریەکدا کەڵەکەچنی کردووە. بەڵام بەزەحمەت توێژینەوەیەکی زانستیی تینووشکێنمان دەربارەی (ناونیشان) بەرچاو دەکەوێ، تا دەگەینە سەدەی نۆزدەم لە ئەورووپادا، هێندێ قەڵەم دەکەونە خۆ و قەرەی خۆیان لە قەرەی(ناونیشانی کتێب) دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، تا هەردوو ڕەخنەگری فەرەنسی:

(François Fourier & Andrei Fontana)، لە ساڵی (١٩٦٨) دا، کتێبێکیان بە ناو (ناونیشانی کتێب لە سەدەی هەژدەمدا) چاپنەکرد، بابەتی (ناونیشان) نەهاتە ڕیزی پێشەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان. هێندەی پێنەچوو (زانستیی ناونیشان ـ La Titrologies) لە دایك بوو و لە ماوەیەکی پێوانەییدا بوو بە بابەتێکی بایەخداری ڕەخنەگر و توێژەرانی زانکۆکان، وەك زانستێکی خاوەن بنەما و چەمك و بەرنامەی و چەندین تۆریی هەمەڕەنگ و کایەی پراکیزەکردنی تایبەت بە خۆ.(٣)

کاتێ لە ساڵی (١٩٧٣)دا،(Claude Douched) بابەتێکی لە ژێر مانشێتی (کچۆڵە بەجێهێشتراوەکە و دڕندە ـ مرۆڤەکان) کردە،

ناونیشانی ڕۆمانەکەی، ئەوا بە تەواوی سیما و خەسڵەتەکانی (ناونیشان) لە چوارچێوەگیران. لە لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەڵدا،(Charles Grivela) یش زۆر نهێنیی و ڕازی نێوان (ناونیشان و دەقی) ئاشکراکرد، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی، لە میانەی هاوسەنگیی لە دەقی ئەدەبیدا، وەك بابەتێکی گشتگیر سەیر دەکرێت. ئەو هێندە وەستایانە تاوتوێی بنەما و توخم و ئەرکەکانی ڕەگەزی ناونیشان کردبوو، کە (- ١٩٣٠ Gérard Genette) ی، هاندا بڵێت:" گرنگترین توخم لە ئەدەبی هاوسەنگییدا یەکسانە بە ناونیشان."(٤) پرۆفیسۆر دکتۆر(زاهیر لەتیف کەریم) یش لەمبارەیەوە قسەی خۆی هەیە و دەڵێ:" باسکردنی ناونیشان لە دەقی هاوسەنگییدا، کە ناونیشان بەشێکە لەم پرۆسەیە، دەروازەیەکی نوێی زانستی فۆنۆلۆژیای (Phonology) دەقی ئەدەبییە." (٥)

ناونیشانی هەر کتێبێك کە دەکەوێتە بەر چاوی تۆ، دەچێتە ژێر چەتری یەکێك لەم سێ هۆبەیە:

- ناونیشانی ئەدەبی: وەك کتێبی (ئەی دڵ بەرد بە کوێت گریاندم، ئیسماعیل خورماڵی / زمانی گڕ ،عەبدوڵڵا پەشێو / دەریا تۆرا، یەشار کەمال).
- ناونیشانی میتافیزیکی: کە دانەرەکەی هەوڵ دەدات بە بەهرەی خۆی خوێنەر بێنێتە نێو دەق. وەك کتێبی (شوناس و ئاڵۆزی، مەریوان وریا قانع / غەمی دایك، و. کارزان خدر / یوستاین گاردەر، لە ئاوێنەیەکدا لە نهێنییەکدا، و. بەهرۆز حەسەن).
- ناونیشانی بازرگانی: وەك کتێبی (یاداشتەکانی نیلسۆن ماندیلا، و. حەیدەر عەبدوڵڵا / ڕۆمیۆ و جولیەت، و. د. سەلام بابان / زانستی بیرکاری، حەمید میرخان).

خوێنەری ڕۆشنبیر و بەسەلیقە و ڕەخنەگر، لە هەڵسەنگاندنی ناونیشانی کتێبدا ـ هەر کتێبێك ـ ئەم چوار پرسیارە دەورووژێنێ:

(١) ئایا ناونیشانەکە جێگەی تێڕامانە؟ بۆچی؟

() ئایا ناونیشانەکە بەشێکی زیندوو یان مردووی کتێبەکەیە؟ واتا بوون و نە بوونی چ لە نرخی کتێبەکە دەگۆڕێت.

(٣) هاوسەنگی نێوان دەقی ناونیشان و مەتنی کتێبەکە چۆنە؟

(٤) ئایا ناونیشانەکە داهێنەرانەیە؟ (٦)

تۆ، ئەو کاتە دەتوانیت وەڵامێکی پەسند و بەجێ ئەم پرسیارانە ـ کە بە ڕواڵەت هاسانن ـ بدەیتەوە کە ژێرخانی زانیارییەکی باشت هەبێ لە هەڵسەنگاندنی سێ جۆر پێوەندیی نێوان ناونیشان و کتێب:

• پەیوەندی سینەمایی: ئەمەیان وابەستەی جوانکاریی ڕوخساری ناونیشانەکەیە، کە ڕۆشنیریی ئیستێتیکایی گەرەکە، کتومت وەك تاج نانە سەری گچۆڵەیەکی ناسك و نازدار لە نێوان ژمارەیەکی زۆردا.

• پەیوەندی بونیاتگەریی: ئەمەیان شیکردنەوە و لێکبەستنەوەی زمانەوانی لە (دارشتن و واتا و دەنگسازی و وشەسازی)دا، دەگرێتەوە.

ئەم دوو پەیوەندییە، وەك دوو کۆڵەکەی قایمی ناونیشان وان: ئەستونگی جوانکاریی و ئەستونگی ئەدەبی.

• پەیوەندی کاردانەوەیی: دەرهاویشتەی دوو پەیوەندییەکەی سەرەوەیە، واتا کاردانەوە بەبێ بوونی ئەم دوو ئەستونگە ئەستەمە (Mick Jackson١٩٦٠-). بەم شێوەیە ئەم پەیوەندییەمان بۆ ڕاڤە دەکات و دەڵێت:"ڕشتەی بابەتی زانستی ئەدەبی، ئەدەب نییە! بەڵکو ئەدەبکاریی و ئەدەب بینییە!" (٧) چونکە لێکۆڵینەوە لە هەر سەرچاوەیەکی ئەدەبی

ـ ناونیشانیش یەکێکە لە وان ـ دەبی لە (چوار) گۆشە نیگاوە شیتەڵکاری بۆ بکرێت:

(١) گوشـەی مێژووی.

(٢) گۆشـەی کۆمەڵایەتی.

(٣) گۆشـەی دەروونی.

(٤) گۆشـەی ئەدەبی. (٨)

( لە بڕگەکانی تردا بادەدەینەوە سەر ئەم خاڵە). ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە دەڵێین (ناونیشانی کتێب)، زاراوەی (کتێب) ئاماژەیە بۆ ئەو بەرهەمە چاپکراوەی کە خەسڵەت و پێکهاتە و سیمای چاپکراوی سەردەمییانەی وەرگرتووە، نەك کتێبی جەڵەبی.

ناونیشان بە چەند ئەلقەڕێزێك، بە مەتنی کتێب بەستراوەتەوە، کە دیارترینیان بریتینە لە:

• ناونیشانی باڵا: لەسەر ڕووی بەرگی پێشەوەی کتێب دەنووسرێت.

• ناونیشانی کۆپیکراو: لە یەکەم پەڕی کتێبەکەدا دووبارە دەبێتەوە ـ جار هەیە ئاماژەی پتری تێدایە ـ.

• ناونیشانی سێبەر: لە مەتنی کتێبەکەدایە و بۆن وبەرامەی ناونیشانی باڵای لێدێ.

• ناونیشانی سەربەخۆ: لق و چڵی ناونیشانەکانن وەك لە پێڕستدا نمایش دەکرێن.

• ناونیشانی بازرگانی: تەنیا لەو کتێبانەدا هەیە کە ڕێکلام بلاَودەکەنەوە.

**(چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم) وەك ناونیشـان:**

ئێستا، هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوە و لێکبەستنەوەی توخمەکانی ناونیشانی بەرهەمە نوێیەکەی (قوبادی جەلیزادە)، بە گوتەیەکی(Italo Celiviro) دەست پێدەکەین کە دەڵێ:"چرکەساتی پێش خوێندنەوە لە لای من زۆر گرنگە، قەستم ئەو چرکەساتەیە کە ناونیشانی کتێبەکە، حەزم ئاگر دەدات بۆ خوێندنەوەیەك، کە پێشتر نەمبووە!" (٩)

لە دیدی ڕەخنەگرەوە، "ناونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاری بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق." (١٠) ئەمەیش ئەو دەلالەتەمان دەخاتە بەر دەست کە ناونیشان هەم ڕەگەزێکی سەربەخۆیی ڕەخنەیە و هەم زەمینەیەکی ( کۆن ــ نوێ) ی سەربەخۆیە بۆ زمانناسی دەقەکان. (١١) کاتێك بونیاتگەریی زمانناس ناونیشانی کتێبێك (دەقێك) لە سەرەد و بێژینگ دەدات، ئەوا گشت کەرەستە و ئامرازەکانی زانستییانە شیدەکاتەوە، لە فۆنیمەوە بیگرە تا دەنگ و بڕگە و دەستەواژە و ڕستە، تا دەگاتە ئەو پەیوەندییانەی کە بەیەکەوە بزمار ڕێژیان دەکات. (١٢)

لە توێژینەوەی ناونیشانسازیی هەر بابەتێکی ئەدەبیدا، ڕەخنەگر، چەکوشکاریی خۆی لەم (سێ) ڕەهەندەدا ئەنجام دەدات:

(1) ڕەهەندی زمانەوانی ناونیشـان.

(2) ڕەهەندی دەقی ناونیشـان.

(3) ڕەهەندی پەیامی ناونیشـان.

**یـەکـەم: ڕەهەندی زمانەوانی ناونیشـانی ( چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم):**

(چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم)، وەك ناونیشان، ڕستەیەکی سادەی (٤) وشەیی (٨) بڕگەییە، لە (١٨) پیت پێکهاتووە، هەر یەك لە

پیتی ( ك ) و پیتی ( ە)، (٤) جار دووبارە بوونەتەوە. دەكرێ لە خوێندنەوەدا بە (٣) گوژمە دەنگ لە گەروو دەرچێت: (چاكەتێك / لە كۆنە / دەكرم). لە ڕووی ڕێزمانەوە دارشتنێكی دروست و دەستووری هەیە. دەكرێت بەم شێوەیە شیتەڵكاریی ڕێزمانیی بۆ بكەین:

چاكەت: ناوە، تاكە، گشتییە، نەناسراوە، بەركارە.

ێك: نیشانەی نەناسیارییە.

لە: ئامرازی پەیوەندییە.

كۆنە: ناوە، تاكە، گشتییە، نەناسراوە، واتاییە، دارژاوە، تەواوكەری بەیاریدەدەرییە.

دەكرم: (دە: نیشانەی ڕانەبردووە / كر: ڕەگی چاوگی كرین/ م : جێناوی لكاوە بۆ كەسی یەكەمی تاك كە بكەرە) (١٣)

وشەی (چاكێت)، سەرچاوەكەی زمانی فەرەنسییە(jaquette) ، كوردیش وەك زۆر نەتەوەی تر ئەم ناوەی خوازتۆتەوە، بۆ ناساندنی ئەم جۆرە پۆشاكە، كە لە ستایلدا بە كەلتووری كوردەواری نامۆیە. ئەمەیش لە فەرهەنگسازیی زماندا، كارێیكی دەستووری و ڕێپێدراوە

**ئیستێتیكای ئاوازی ناونیشانەكە:**

ئەگەر وەك مۆزیكژەنێك، گوێچكەی خۆمان بۆ ئاوازی خوێندنەوەی (چاكەتێك لە كۆنە دەكرم) ڕابگرین، گوێبیستی هاوئاوازییەكی پڕ هارمونی نەرم و نیان دەبین كە دەرهاویشتەی ئاوازی ناوەوەی مشتێك دەنگی بزوێن و نەبزوێنە. كۆی دەنگەكان، جگە لە دەنگی /ڕ/ ئاوازی هیچ دەنگێكی كەرخ و گڕ نابیستین، كە ئەویش لە نێو كۆی ئاوازەكاندا خنكاوە و هیچ تاسە و ساتمەمان بۆ دروست ناكات. تێكسمڕان و تێكئالآنی ئەم مشتە ئاوازە، لە سایەی (كێشە شیعرییەكەیدا)، (ڕەزم و ترپە و

ئاوازەی) یەکی کوردی سازکردووە. ئەمەیش شیتەڵکاری (کێشی) ناونیشانەکەیە: ( ٣ + ٣ + ٢ ). (١٤)

فۆڕمی کێشی ( ٣ + ٣ + ٢ ) لە شیعری کوردیا بوونی هەیە و خۆش و نەرم و نیان و ناسك دێتە بەرگوێ. ئەوەتا حەزرەتی (نالی) کێشی ( ٣ + ٣ + ٣ + ٢ ) بەکار هێناوە:

**قەسەم بە و / شەربەتەی / دیداری / پاکت**

**شەڕابم / عەینی ژە / هری مارە / بێ تۆ** (١٥)

لە چەند تێکستێکدا، (شێرکۆ بێکەس) فۆڕمی کێشی ( ٣ + ٣ + ٢ ) ی بەکارهێناوە: (١٦)

- **بەڵام من / نابم بە / بەعسی**
- **کام بەهار / زۆر شەنگ و / خۆشە**
- **پەنام بۆ / خوای جوانی / برد**

(لەتیف هەڵمەت) یش، لە چەند تێکستێکدا، ئەم فۆڕمەی داڕشتۆتەوە: (١٧)

- **بێدەنگی / ئاسمانی / شکاند**
- **دەترسم / دەترسم / شەوێك**
- **با یاری / بە پرچت / دەکا**
- **تیرۆرم / بکەی بە / ماچێك**

(قوبادی جەلیزادە)، خۆیشی ئەم کێشەی بەکارهێناوە: (١٨)

- **سەرم لە / تاشە بەرد / دەدەم**
- **تۆ گێڵگەی / پیاوێکی / دیکەی**
- **ئێستا لە / ماڵەکەی / مندا**
- **کەچی کە / دەچیتە / ناو باغ**
- **دایکم بۆ / خەڵوەتگەی / پیری**
- **ناتوانم / سەرپێچی / بکەم**

لە ڕووی فەرهەنگییەوە، وشە و واتاکانی ناونیشانەکە، هیچ تەپ و تۆزێکیان لەسەر نییە و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە. لەبارەی لێڵی و تەمومژیی مانای ناونیشانەکە، ڕون و ڕەوان و بێ گرێیە. کە لە چەند قوتابییەکی پۆلی (سێ)ی بنەڕەتیمان، پرسی: " ئەو ڕستەیە مانای چییە: چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم؟) وەڵامەکانیان نیشانەشکێن و ئەرێنی بوون.

**دووەم: ڕەهەندی دەقی ناونیشانی (چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم):**

سێ جۆرە ناونیشان، لە داهێنان و داڕشتن و بەرجەستەکردندا، لە هزر و مێشکی شاعیردا، خۆی دەنوێنێت:

١) ناونیشانی هەرەمەکی: هەر دوای تەواو بوونی دەقە شیعرییەکە، شاعیر، خۆت و بەخت، ناونیشانێك دەکاتە شوناسی قەسیدەکە و بە نێوچەوانی شیعرەکەیەوە دەنێت. بەبێ ئەوەی لە سەرە و بێژینگی بدات.

(٢) ناونیشانی شیعریی: پێش تومارکردنی، شاعیر چەند دالغەێکی بۆ لێدەدات و چەند قوومە دوکەڵێکی جگەرە، قوول قوول هەڵدەمژێت و هەوڵ دەدات کالآ بە قەد باڵا بێت. زۆربەی جار شاعیر، بژاردەی دەبێت . لێرەدا ناونیشانی جوان جوان لە دایك دەبن. بەڵام مەرج نییە هەموویان لە تاقیگەی ڕەخنەگری پسپۆڕ، پۆزەتیڤ دەرچن! زۆربەی شاعیرانی کورد لە سەردەزگای ئەم جۆرە ناونیشانە کاردەکەن.

(٣) ناونیشانی داهێنەرانە: کە بەرهەمهێنەری ناونیشانێکە: ڕێچکەشکێن، تازەباو، هاوسەنگ، سیخناخ بە (توخمی سینەمایی و توخمی بونیاتگەری زمانەوانی و توخمی کاردانەوەیی)، هەمیشە هەڵگری بۆن و بەرامەی خاوەنەکەیەتی.

جار هەیە لە کۆ بەرهەمی شاعیرێکدا، هەر سێ جۆرە ناونیشان دێنەبەرچاو، مەرج نییە هەموو شاعیرێکی باڵادەست و بەهرەدار، لە ناونیشان داهێنان و داڕشتندا وەستا و مەعلان بێت ـ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، شاعیر باشمان هەیە وەلێ لە

ناونیشاندا، نمرەکەی نزمە! خۆش بەختانە ژمارەکەیان کەمە ــ. لە ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخدا، (عەبدولوەهاب ئەل ـ بەیاتی ١٩٢٦ - ١٩٩٩)، سەردەفتەری شاعیرە عەرەبەکانە، لە داهێنانی ناونیشانی قەسیدەدا ـ جار بووە بە حەفتە و بە مانگ، قەسیدە تازە لەدایك بووەکەی، لە چاوەڕوانی ناونیشانێکی شیاودا، لە ناو جانتاکەی خەواندووە ــ. لە ئەدەبی ئینگیزیشدا هەر دوو شاعیر:

(T. S. Eliot ١٩٦٥ – ١٨٨٨) وە (Wordsworth ١٨٥٠ – ١٧٧٠) بە شاعیری ناونیشان ــ جوان ناسرابوون. (١٩)، لە ڕیزبەندی ناوی شاعیرانی کوردی هاوچەرخیش ( شێرکۆ بێکەس و دڵشاد عەبدوڵلا و دلاوەر قەرەداغی و کەریم دەشتی) چێ پەنجەیان دیار و بەرچاوە. (٢٠)" شێرکۆ بێکەس زۆر گرنگی بە ناونیشان دەدات، لە چاوپێکەوتنێکیدا دان بەمەدا دێنێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناونیشان سەرنجی ڕادەکێشێت و دەڵێ: زۆرجار ناونیشانی قەسیدەیەك، ڕایگرتووم لە نووسینی قەسیدەکە، هەرچەندە ئەمە حاڵەتێکی ئیبداعی نییە." (٢١) لەتیف هەڵمەتیش، جاروبار حەز لە ناونیشانی دوورودرێژ دەکات.

جار هەیە شاعیر یەك ناونیشان لە کۆچکی چەندین قەسیدەدا دەبەستێت، هەر بۆ نموونە: (کۆچ) ەکان و (هەڵبجە)کانی (شێرکۆ بێکەس) و (بەفر)ەکانی ( قوبادی جەلیزادە).

(٨) ناونیشانی کۆمەڵە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)، لە (٩) بەرهەمە چاپکراوەکانیدا، ناونیشانی قەسیدەیەکی نێو هەمان کومەڵە شیعرە بڵاوکراوەکەیە، واتا ناونیشانێکی (دووبارە): جارێك لەسەر بەرگی کتێبەکە و جارێك بە تەوێڵی قەسیدەکەوە: (قەڵەمێکی ڕدێن سپی/ تەمتوومان/ شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات / ڤان ئیرۆتیك / خۆر لە ناو پەرداغێکی شکاودا/ سێدارەکانی بەهەشت / ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە / باخچەکانی مەلەك تاوس). جگە لە ناونیشانی (شەهید بە تەنیا

پیاسە دەکات ـ و ـ ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە) کە دوو ڕستەی سادەن و ناونیشانی (تەمتوومان)، کە وشەیەکی لێکدراوە، (٥) ناونیشانەکەی تر هەموویان دەستەواژەی ڕێزمانی ئاساین. بەڵام لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم بەرهەمە نوێیەیدا قوبادی جەلیزادە ڕێچکەکەی خۆی شکاندووە و ناونیشانی هیچ قەسیدەیەکی بە شیاو نەزانیووە، بۆیە لە ناو دڵی قەسیدەیەکدا، بەیتێکی (٤) وشەیی لە کتێبە (٤٠٨) لاپەڕەکەیدا کردووەتە بژاردەی ناونیشانەکە: (چاکەتێك لە کۆنە دەکرم).

بۆ هاسانکاریی گەیاندنی مەقسەد، دەربارەی دەقی ناونیشانەکە، ئەم سەرە قەڵەمانە دەخەمە ڕوو:

- ئەو پنتانەی تیشکی بلاجگتۆری چاوی خوێنەریان دەکەوێتە سەر وشەی : ( چاکەت) وە وشەی :(کۆنـە)یە.
- تریسکە تریسك و شەوقدانەوەی وشەی (کۆنـە) لە هزر و بیلبیلەی چاوی پەیامگردا، لە هەموویان بەهێز تر و دیارترە.
- جێناوی لکاوی (ــ م) ی کرداری (دەکرم)، بروسکەی تاسە و خورپەیەك لە دڵی پەیامگر دەدات، وەك بڵێت: " جا، قوباد و لەنگە؟")

( قوبادی جەلیزادە)، لەسەر بەرگی ئەم بەرهەمەدا، لە پێگەی زەمان و مەکانێك وەستاوە، دەکەوێتە (ناوەڕاستی) نێوان دوو کیشوەری تەواو دژبەیەك: (جیهانە نیاندەرتاڵییەکەی ڕێبوار سیوەیلی) و (جیهانە ڕەشە داعشگیرەکەی ٢٠١٥ ی ڕۆژهەلآتی ناوەند). با نەختێ وردتر ئەم خاڵە خووردکەینەوە:

دوای گەشەکردنی ئەقلی مرۆڤـ و کەڵەکە بوونی ئەزموونەکانی، ئەو، کەوڵە پێستی لە خۆی داماڵی و بە دەستەکانی خۆی، بۆ داپۆشینی لەشی، کالآیەکی تازەی دروستکرد و چنی. کۆنترین پۆشاکی ( چاکەتی) مرۆڤـ کە لە لباد دروستکراوە بۆ بەر لە (٥٦٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە. گەورەترین گۆڕانکاریی لە پۆشاکسازیدا، لە سایەی شۆڕشی پێشەسازیدا، لە

ڕۆژئاوادا، بەر لە سێ سەت ساڵ لەمەوە بەر دەستی پێکردووە تا ئەم ساتەوعدەش ڕانەوەستاوە و (مۆدڵ و فاشنی) تازە و تازەتر ڕۆژانە نمایش دەکرێن.

جاران، جگە لە خانەوادەکان، ژن و پیاو و منداڵی کورد، بە پینە و پەڕۆ تەمەنی پۆشاکەکانیان درێژدەکردەوە و هی گەوران دیاری بوون بۆ بچووکەکان و دواتریش دەکران بە خێرات. تەنانەت لە شارەکانی کوردستاندا خمچی و ڕەنگرێژ هەبوون بۆ لە خمگرتنە و ڕەنگرێژکردنەوەی پۆشاکە ڕەنگچووەکان! لە دوای شەری دووەمی جیهانی و زاڵ بوونی هەژاری و برسیەتی و بێدەرامەتی بەسەر حاڵ و حەواڵی خەڵکی بێ چارەی ڕۆژهەلآتی ناوەند، بازرگانی کاڵا و پۆشاکی دەستی دوو (Secondhand Cloths) گەشەی سەند و ڕێکخراوە خێرەومەندەکانی ڕۆژئاواش تەقسیریان نەکرد لە کۆمەك کردنی هەژارانی جیهان بە بەخشینی پۆشاك و کالآی کۆکراوەی خۆیان. ئا لەو کاتەدا، کۆمپانیایەکی (دانیمارك)ی بە ناوی (لەنگە) بالە گەورە گەورەکانی خۆی لە جل و بەرگ و پۆشاك هەناردەی بەندەرەکانی خوارووی عیراق دەکرد، لەو ڕۆژوە ئەم کۆنە جل وبەرگانە ناونران (لەنگە). ئیمرۆ لە زۆربەی ولآتاندا، دوکان و بازاڕی دەستی دوو هەیە، هەموویان یەك جۆرە کالآ دەفرۆشن، هەرچەندە ناوەکانیان جیاوازە: لە عیراق لەنگە و لە ئێران تاناکۆڕا و لە ئینگلستان... (Shoddy) تاد.

لە گەرمەی شەڕەکانی کەنداو دواتریش، بازاڕی لەنگە لە کوردستاندا گەرم بوو، ئیمڕۆش ٢٠١٤ ـ ٢٠١٥) قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، ئاهێکی بەم بازاڕە بەخشیووەتەوە.

لە لاپەڕە ( ٢٠٥ ـ ٢٠٧) ی کتێبی(چاکەتێك لە کۆنە دەکرم)، قوبادی جەلیزادە قەسیدەیەکی (٤) کۆپلەیی (٢٦) دێڕی لە ژێر ناونیشانی (تاناکۆڕا) تۆمار کردووە. شاعیر هەوڵی داوە بە (٣) تێکست، بیرۆکەی (The Theme) ناخی خۆی دەرببڕێت. بەندە،

هەر بۆ شیتەڵکاریی بیرۆکەکە، ئەم دێڕانە دەخەمە بەر چاوی خوێنەر:

**تاناکۆڕا**

**یان هی گەنجێکی بریتانییە**

**یان لاوێکی ئیتالی**

**یان هی تۆلازێکی هۆڵەندی**

..........

***

**چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم**

**بۆنی هەناسەی تیاترۆیەکی ژاپۆنی لێ بێت**

..........

***

**چاکەتێك لە لەنگە دەکڕم**

**سپی**

**سپی**

**سپی وەك**

**پێکێك عەرەقی مەستەکی.** (٢٢)

کە لە ساڵی (٢٠١١)، خەلآتی نۆبل بەخشرا بە شاعیر و دەروونناسی (سوێدی) (Tomas Gosta Tranströmer٢٠١٥ – ١٩٣١): لە سەر سکرینی شانۆیەکە، نووسرا بوو:

لەبەر ئەوەی:

- بیرۆکەکانی خەست و خۆڵن.
- وێنە هونەرییەکانی ڕوون و ڕۆشنن.
- بۆ چوونە نێو حەقیقەتەکان، دەروازەی تازەمان بە ڕوودا دەکاتەوە. (٢٣)

کەواتە من لە دواین خاڵدا دەست پێدەکەم و دەستەواژەی (دەروازەی تازە) دەکەمە داردەستی ئەم ڕاڤەکردنەم و تۆش حەقت هەیە بپرسی: "جا، دەروازە تازەکەی قوبادی جەلیزادە، لەم ناونیشانە کامیانە؟ "

بەڵێ ! زۆربەی ناونیشانی دیوانی شیعری کوردی هاوچەرخ، دەچێتە ژێر سێبەری یەکێك لەم دارگوێزانەی کە لق و پۆپەکانی بریتینە لەو ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و دەستەواژانەی:

- پەیوەستن بە سرووشت و هەسارە و گەردوون.
- پەیوەندارن بە خودی کەسێتی شاعیر، ( ئەز، من، خۆم، ــ م).
- وابەستەی کەسی بەرانبەرن ( تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان، خۆت، خۆتان، خۆیان، ــ ت، ــ تان، ــ یان)
- ڕستە و دەستەواژەی کورتی شیعریی و ئەدەبیی.

ئێستا، ئەگەر وشەی (شیعر) و ناوی قوبادی جەلیزادە لە سەر بەرگی کتێبەکە بسڕینەوە و لە شووشەبەندی کتێبخانەیەکدا، ناونیشانەکە بخوێنینەوە، پتر مەزندەی ئەوە دەکەین ڕشتەی ئەم کتێبە بابەتێکی تر بێت، بۆ نموونە، ڕۆمانێکی (شێرزاد حەسەن) یان کۆمەڵە چیرۆکێکی (کاکەمەم بۆتانی) یان شانۆنامەیێکی (ئەحمەد سالار). بۆچی؟ چونکە مەغزای ناونیشانەکە پتر بەلای ڕۆمان و چیرۆك و شانۆدا دەشکێتەوە و کەمتر بۆن وبەرامەی دیوانی شیعری لێدێت. تەنانەت لە نێو (٩) بەرهەمە شیعرییەکەی قوبادی جەلیزادەشدا، ناونیشانەکە تاقانە و ناوازەیە.

- کەواتە شاعیر بە ئەنقەست ناونیشانێکی هەڵبژاردووە کە ڕێچکە شکێنە، ئەو وەکو کەسێکی ڕۆشنبیریی باخەبەری بازاڕی شیعری هاوچەرخ ـ هەر نەبێ کوردی و عەرەبییەکەی ـ دەزانێت لە دیوەخانان چ باسە ! ئەو لە دیدارێکدا لە گەڵ بەندە گوتی :"چوون دەزانم هەنە ورد دەمخوێننەوە، هەر وشەیێکم سێ جار دەخوێنمەوە.". هەرچەندە مەرج نییە، ئەوەی توێژەر و ڕەخنەگر

ئاشکرای دەکات، خودی شاعیر لێی بەئاگابێت، ئاخر، ئەمە ئەرکە پیرۆزەکەی ڕەخنەیە : جوانترکردنی جوانییەکان و ناشیرنترکردنی ناشیرینەکان، تا چێژی هونەر و داهێنان و ئەدەب لە بن زمانی خوێنەر و پەیامگر خۆشتر و شیرینتر بکات!

• شاعیر، هەوڵی داوە دوو ڕشتەی ئەدەبی، (شیعر و چیرۆک) لە سەر سفرەی یەك ڕشتەی ئەدەبیدا کۆبکاتەوە. بێگومان، ئەمە داهێنانێکی تازەباوی دەقی ئەدەبی نییە، وەلێ ناونیشانێکی تازەباوە.

دەبێ بپرسین:" قوبادی جەلیزادە چی گەرەکە لەم ناونیشانە؟"

زۆرشت! یەکێکیان پەلگرتنی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکەی، کە مافێکی ڕەوای هەموو نووسەر و شاعیرێکە. پرۆفیسۆر دکتۆر(زاهیر لەتیف کەریم) دەڵێت:"ناونیشان بریتییە لە چەقی دەق. لەمەش زیاتر دەڵێن، ناونیشان پێویستییەکی گرنگی دەقە، لێرەدا ناونیشان پێدەنێتە کاری کۆکردنەوەی ماناکان یان دیاریکردنی ستراتیژییەتی دەق کە کاریگەرە لەسەر ڕاکێشانی وەرگر بۆ نێو دەقەکە، چونکە ئێمە بە چاکی و ڕەوان و باشی لە ناونیشان تێناگەین تا دەقەکە بە شێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵی نەخوێنینەوە." (٢٤)

لێرەدا دەبی کاری دەقی ناونیشان لەسەر (٣) ئاستدا ڕاڤە بگەین:

• کاری ناونیشان لە خودی دەقدا.
• کاری ناونیشان لە دەرەوەی دەقدا.
• کاری ناونیشان لە ناوە و دەرەوەی دەقدا. (٢٥)

کەواتە، دەبێ، لەم ئیستگەیەدا، بادەینەوە سەر خاڵێك، کە پێشتر قەولمان پێدابوون، بێینەوە سەری، ئەویش (٤) گۆشە نیگایەکە (Mick Jackson) ە، کە بریتینە لە:

(١) گوشەی مێژووی: شاعیر لە چرکەساتێکی تەمەنی مێژوودا، دوو دیاردە بە ئەرشیڤدەکات: (ا) لە ساڵی (٢٠١٥) دا، کوردێك کە لەسەر دەریاچەی نەوت دەژی، بەدوای چاکەتێکی لەنگەدا دەگەڕێت. (ب) کوردستانیەك وێڵە بە دوای ئازادیدا، بۆیە چاکەتێك دەکڕێت کە لە ولآتی (ئازادیستان) ی ڕۆژئاواوە هاتبێ، بەڵکو بە بۆن و بەرامەکەی خۆ مەست بکات.

(٢) گۆشەی کۆمەڵایەتی: شاعیر بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە بەر دەرگای حوجرەکانی (مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) و دیوەخانی مەلای دوانزدە عیلمی کۆیە (مەلای گەورە)، کە هەمیشە دیوەخانەکانیان مۆنجەی هاتووە لە خەڵکی شار، بەبێ جیاوازی چینایەتی و ئایدیۆلۆژیی و ئاییني. ئێستا قوبادی جەلیزادە گوندی ئەڵمانی و ئۆتۆمبیلی بەرز بەجێ دەهێلێت و دەێتەوە نێو چینی لەنگە ـ پۆشەکان.

(٣) گۆشەی دەروونی: شاعیر، ناڕاستەوخو، پەیامێك بۆ (ڕێبوار سیوەیلی) یەکان دەنێرێ، کە ئەو هەمیشە هاوکوفی چینی خوارەوەیە و نایەوێت لە تەنیشت تاجبەسەر و کورسیدار و دیوەخانداڕەکان دانیشێت. ئاخر، ئەم ڕستەیەی (ڕێبوار سیوەیلی) کە لە پێشەکی دیوانەکەی نووسیویەتی(ئەم پێشەکییە، وتارێکی نووسەرە کە پێش ئەم بەرهەمەی قوبادی جەلیزادە بلاوکراوەتەوە)، پەیامێکی تایبەت بوو بۆ قوباد، کە دەڵێ:" هەر بۆیەش کاتی شیعرێکی شۆڕشگێرانەی قوبادم خوێندبێتەوە، ڕقم لێ هەستاوە، وامزانیووە ئەو بۆ ڕازی کردنی ڕۆژگار و کەلتووری باو، نوسیوویەتی." (٢٦)

(٤) گۆشەی ئەدەبی: گەورە نووسەری ئەرژەنتینی- ١٩٤٨ Alberto Manguel) جوانی گوتوە:" کتێبەکانی جاری جاران، دەستیان دەگرتین، بانگیان دەکردین، تا بیانخوێنینەوە. ناونیشانی کتێبەکانی ئیمڕۆش، ئیغرامان دەکەن بە ناونیشانە فریودەرەکانیان! ". (٢٧) شاعیر، هەموو شاعیرێك، مرۆڤێکی خەو بینە، خەونیش بەوەوە دەبینێ کە بەرهەمەکانی عومرکورت

نەبن. جا خۆ  قوبادی جەلیزادە نە قەڵای بونیاتناوە و نە قەڵای دمدمی ئازاد کردووە، ئاخر ئەو هەر وشە شك دەبات، بۆیە هەر فەن و فنونێك ئەو دەستی پێڕابگات، لە پێناو نەمریی (بەرهەمەکانی) وەگەڕی دەخات. لێرەشدا ئەو هەر ئەوەندە دەسەڵاتەی بەسەر ئەو ناونیشانەدا شکاوە کە لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا، بە فۆنتێکی سپی قەبارە (22)، بۆی تۆمار کردوون!

**سێیەم: ڕەهەندی  پەیامی ناونیشانی ( چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم):**

ژنە نووسەری ئەمەیکایی(- ١٩٥٨ Patti Digh) پێمان دەڵێ:"بە خۆت مەڵێ ـ نووسەر ـ کە نانووسیت. کە دەشنووسیت، مەڵێ ـ نووسەرم ـ بڵێ: دەنووسم. کردار شەرتە، نەك ناو!" (٢٨) کرداری ئاخاوتنیش، بە هەر دوو شێوەکەیەوە: زارەکی و نووسراو، پەیامە. پەیامیش دەبێ لە نێوان پەیامنێر و پەمامگر بێت. تەنانەت کە لەگەڵ خۆتدا قسە دەکەی، ئەوە گۆڕینەوەی پەیامە لە نێوان ( تۆ) و ( خۆت) دا. پێشتر ئاماژەمان بە کاری ناونیشان دا: (لە نێو دەق و لە دەرەوەی دەق و لە ناوە و دەرەوەی دەقدا). ئێستاش بەهەمان نەفەس، پەیامی ناونیشان هەڵدەسەنگێنین و تیشگ دەخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی ـ وەك هەنە نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێ  هەبێت ـ. پرۆفیسۆر دکتۆر (زاهیر لەتیف کەریم) پەردە لەسەر لایەنێکی شاراوەی شیعر هەڵدەداتەوە و دەڵێت:"ئەو کاتە ڕاستگۆیی ئەزموونی شیعر بەدەردەکەوێت، کە وێنە پەنگخواردوەکانی لە چرکەساتێکدا بەرەو کردنەو تەقینەوە و دەچن و لە هەمانکاتدا گاریگەری لەسەر تاکەکان دروستدەکەن، ڕاناوەکان (من، تۆ، ئەو، ئەوان، ئێمە)، هەموویان یەکدەگرنەوە، چونکە گەر کارەکە پێچەوانە بێت ئەوا گەیاندن، لە نێوان خودی بکەر (نێنەر) و ئەوی بەرامبەر (وەرگر) و نامە، ڕوونادەت." (٢٩) لێرەدا (نێنەر)ەکە، بەرامبەرمان وەستاوە و زەقەی چاوانی دێ ـ مەبەستمان قوبادی جەلیزادەیە ـ بەڵام ( وەرگرە)ەکان کێن؟

بەندە، لە سێبەری دەقی ناونیشانی (چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم)، (٣) وەرگر بەدیدەکات ـ دوور نییە بەڕێزتان، بینایی چاوەکانتان لە منی کەنەفت بە تینتر بێت و زۆر تریش ببینن ـ.

(١) پەیامگرە هاندەرەکان: زمانی دەقی ناونیشانەکە، زمانی کەسێکی تۆڕە و یاخییە! کە تێکستی قەسیدەی (تاناکۆڕا) دەخوێنیتەوە، باش تێدەگەی کە شاعیر ڕووی دەمی لەم دوو تاقمەیە:

• بەرپرسە نەفامەکان: کە لە دیدی شاعیر دا نەك هەر سەرکەوتوو نەبوون لە هێنانەدیٚ خەونی لەمێژیینەی تاکی کوردی مەزلوم، بەڵکو داهێنەری چەندین کارەسات و مەرگەسات بوون بۆ ئەو تاکە سەرلێشێواوە و ئەزموونێکی تاڵیان بە گەرووی نەوەکاندا کرد: شاعیر هاوار دەکات:

**چاکەتەکانم دەفرۆشم**

**کە سیخناخن لە نیگەرانی**

**لە ترس**

**لە تارمایی براکوژی.**

سێکوچکەی (نیگەرانی و ترس و تارمای براکوژی)، کافییە بۆ تۆقاندن و تیرۆرکردن و شێتکردنی هەر مرۆڤێك، جا لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایە بێت!

• نەریتکۆنەپەرستەکان: ئەوانەی بە کۆت و زنجیری نەریتی داڕزاو خۆیان لە قەفەزی کۆنەپەرستیدا بەندکردووە و ئامادەنین بۆ چرکەساتیٚ ئەم حوجرە تاریکە بەجێبهێڵن و سەرێك لە باغی (تازەگەری جیهانی ٢٠١٥) بدەن و هەناسەیەکی تێدا هەڵمژن! پێم ناڵێن، شاعیر چ کاری بە کۆنە چاکەتێکە کە "کچێکی چاوڕەشی ئۆکرانی، لەسەر شان و قۆڵیدا، نوستبێت"؟ ئەو، بۆ دەست بۆ چاکەتێك دەبات کە لە:" قەراغ دەریاکاندا، پیاسەی کردبێت و مەمکی ئەو قەیرە ژنانەی بینیبێت، کە دراونەتە بەر، پرشنگی خۆرە هەتاو."؟ چما، چاکەت نەماوە، غەیری ئەو

چاکەتۆکە نەبێت کە:"کۆڕێکی قۆز، لە ژوانێکی سەرماوەزدا، شان و قۆڵی، مەیگێڕێکی نەرویجی پێ داپۆشی بێت"؟. ئەوا، ئەو نەریتکۆنەپەرستانەن، شاعیریان هەترەی وڵاتی (کافروستانان) کردووە!

(۲) پەیامگرە هاوڕێیەکان: لە ڕاڤەکردنێکی جواندا، پرۆفیسۆر دکتۆر(زاهیر لەتیف کەریم)، لە گەیاندنی پەیامی قەسیدەی (هەر کورد دەبین)ەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا، دەڵێت:" ئیبراهیم ئەحمەد، دایەلۆگێك لە گەڵ داگیرکەر دەکات و پێیان دەڵێت: ئێوەی داگیرکەرێکی دڕندە و دڵڕەق و بێویژدانن، گەر بتانەوێت لە نەخشەی سەر زەوی بمانسڕنەوە، ئەوا خەیاڵتان خاوە و ناتوانن." لە بەشێکی تری ڕاڤەکەیدا دەڵێت:" ئەم ناونیشانە، ئامازەیەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆ ئێمەی کورد، کە وەك پێویست کارمان لەسەر بانگەوازی سەربەستی نەکردووە." (۳۰)

بەهەمان شێوە، قوبادی جەلیزادە ناڕاستەوخۆ، بە هاوڕێیەکانی دەڵێت: لە خۆتانم دا مەبڕێنن، کۆڕگەلینە! کچ گەلینە! وەك شاعیرە یاخەسپییەکان تەماشام مەکەن، ئەوە نییە منیش وەکو ئێوەی کەم دەرامەت و گیرفان بەتاڵ، چاکەتێکی لەنگەم خستۆتە سەر شانم! کەواتە ئەمە پەیامی ئاشتبوونەوی ڕۆحەکانە، نۆژەنکردنەوەی خۆشەویستییە شاراوەکانە و نوێکردنەوەی وەعد و پەیمانی ئەڤینداریی ڕاستەقینەیە لە نێوان شیعر و مرۆڤەکاندا.

(۳) پەیامگرە شاعیرەکە: بەم واتایەی کە شاعیر، لە ژوورێکدا، بەرانبەر ئاوێنەیەکی مەڕمەڕی ڕاوەستاوە و بە خۆی دەڵێت:" لە کۆتاییدا، قوباد، بریارم دا، چاکەتێك لە کۆنە بکرم و ناوی خوای لێ بێنم! جا، تۆیش، هاوسەنگی باری سایکۆلۆژیی و سیسیۆلۆژیی و ئەدەبیی خۆت جوانتر ڕاگرە، ئەی پیاوە شاعیرەکە!" ( کرداری : دەکڕم، ڕانەبردووە ـ کەواتە تا ئێستا چاکەتەکەی نەکڕیووە، تەنیا بریاری داوە).

ئێستا (٤) وشەمان هەیە وەك ناونیشان، بەرانبەر (٣٩٠) لاپەڕە لە شیعر. پرسیارێکی زۆر قۆرس ڕێمان پێدەگرێت و دەڵێت:

ئایا قوبادی جەلیزادەی توانیویەتی (هاوسەنگی) دەقی ناونیشانەکە لە گەڵ مەتنی کتێبەکە ڕاگرێت؟

پێش وەلآم دانەوەم، فەرموون! کلیلێکی بایەخدارتان دەخەمە ناو مستی بۆ کردنەوەی زۆر دەرگا، لە دەرگاکانی ئەم جۆرە پرسیارانە: ئەمیش ئەوەیە: "نووسەر و ڕەخنەگر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا دەڵێت: شیعر لە خودی شتەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە فەزای پەیوەندی شتەکان و پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش هیچ شتێ شیعری نییە، هیچ شتێ خاوەن شیعرییەت نییە . ئەوەی شیعرییە: ئەو فەزاییە کە ساتەوەختی نووسینی شیعر درووستی دەکات، شیعرییەت لە ئاستە بەرزەکانی خوێندنەوەوە دێتە بەرهەم." (٣١)

لە ڕوانگە ئەم بۆچوونەوەی سەرەو من حەق بەخۆم دەدەم بۆ وەلآمی ئەو پرسیارە بڵێم:

- بەڵێ.
- نەخێر.
- نەڵێ (نەخێر + بەڵێ)

پرسیارەکە، زۆر لەوە قورسترە بە وشەیەك وەلآم بدرێتەوە ـ بەڕاستی تەوەرێکی سەر بەخۆیە ــ (بەڵێ)، چونکە بەرهەمێکی نوێ، شیعری نوێ، داهێنانی نوێی تێدا دەبینم. دەڵێم: (نەخێر)، چونکە کە قەسیدەی (دوبەی) و (نەنکم)، بۆ نموونە، دەخوێنمەوە، هەست دەکەم کە ئەو چاکەتە تازەییە، زۆر قورس دیارە لە سەر شانی قوبادی جەلیزادە، ئەو هەر منداڵەکەی کۆلآنە تەسکەکانی شاری کۆیێی جارانە. دەشڵێم :(نەڵێ)، چونکە دیوانە شیعرەکە، ئیغدانێکە پڕە لە چاکەتی تازەباوی

جوان جوان و چاکەتی کۆنە و مۆنەی لەنگەفرۆشان ـ مەبەستم لەنگەکەی قوبادە ـ.

(کتێبەکە، پێڕستی بۆ نەکراوە، کە بۆ ئێمەی نووسەر زۆر گرنگە و نەبوونی ماندوومان دەکات. چاپی دووەم، پێڕستی گەرەکە.)

**سەرچاوەکان:**


1) http://mentalfloss.com/article/48631/6-early-theories-about-origin-language

2)http://www.merriam-webster.com/dictionary/title

3) http://fll.univ- biskra.dz/images/pdf_revue/pdf_revue _02-03/abdelkader%20rehim.pdf

4) http://en.wikipedia.org/wiki/G%C3%A9rard_Genette

٥) پ. د. ظاهیر لطیف کریم، برایم ئەحمەد و گوتار، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥، ل. ٩.

6) Title Evaluation

7) https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL-3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=jackson+writer

8) v https://www.google.iq/?gfe_rd=cr&ei=Rf3YVO2NL-3N7Ab85oDIDA&gws_rd=ssl#q=jackson+writer

9)http://www.goodreads.com/book/show/374233.If_on_a_winter_s_night_a_traveler

١٠) فازیل شەورۆ، دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٣، . ل. ١٠٩

١١) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١١٦

١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل. ١١٠

١٣)* د. دەریا جەمال حەوێزی، فاکلەتی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی کۆیە.

١٤)* ڕەزم و ترپە و ئاوازە: سێ زاراوەی ئاواز و موزیک و دەنگن، کە پێناسەی خۆیان هەیە.

١٥) ديوانى نالى، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل. ٣٨٢(هەرچەندە شيعرى كلاسيكى كوردى عرۆزييە، بەڵام دەكرێ برگەسازيى تێدا بكرێت، ف. ش.)

١٦) شێركۆ بێكەس، ديوان، پرۆژەى كتێبى دانسقە، سلێمانى، ٢٠٠٢.

١٧) لەتيف هەڵمەت، شيعرى دژە شيعر، چاپخانەى ڕەهەند، ٢٠١٤.

١٨) قوبادى جەليزادە، چاكەتێك لە كۆنە دەكرم، دەزگاى جەمال عيرفان، سلێمانى، ٢٠١٥.

١٩) د. عبدالواحد لولوة، كلية الاداب ـ جامعة بغداد، ١٩٧٣. محاضرة.

٢٠)* ئەمە خوێندنەوەى نووسەر، دەكرێ بازنەكە فراوانتر بكرێت.

٢١) هەفتەنامەى ڕەخنەى چاودێر، ژمارە ٤٥٥، ٤/ ٥/ ٢٠١٥، ل. ٧.

٢٢) سەرچاوەى ژمارە (١٨) ل. ١٣.

23)http://en.wikipedia.org/wiki/List_of_Nobel_laureates_in_Literature

٢٤) سەرچاوەى پێشوو، ل. ١٣

25http://fll.univ-biskra.dz/images/pdf_revue/pdf_revue_02-03/abdelkader%20rehim.pdf

٢٦) سەرچاوەى ژمارە (١٨) ل. ١٣.

27)http://www.startimes.com/f.aspx?t=8389209

28)http://www.startimes.com/f.aspx?t=8389209

٢٩) سەرچاوەى پێشوو، ل. ١٦

٣١) ڕۆژنامەى هەولێر. ژمارە (٢١١٩)، ٢٠١٥/٤/٢١.


تێبينى:

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەى هەولێر بڵاوكراوەتەوە، ژمارەكانى (٢١٢٥، ٢١٢٦، ٢١٢٧).

## بابەتی (١٢)

## ئەفسانە لە دەقی شیعری گەردوونیدا

## (سیزیف)ی کەریم دەشتی و (سیزیف)ی فێیی جۆرج بە نموونە

یەکێک لە خەسڵەتە سیحراوییەکانی ئەفسانە، ڕۆچوونە بەناو قوڵایی زەمەن، لەوەتەی لە چاخی برونزییەوە، پێش (٣٠٠٠) ساڵ، ئەم ڕشتە ئەدەبییە سەری هەڵداوە، بەردەوام، لەگەڵ ڕشتە ئەدەبییەکانی دیکەدا نەک هەر هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە، بەڵکو بووەتە ڕۆح و مەتنی زۆر شاکاری ئەدەبی زیندووش. بە ئاوەڕدانەوەیەک لە ئەفسانەی گریکی کۆن، بە نموونە، بە سەدان کتێبمان دێتە بەردەست کە خوداوەند و پاڵەوان و بوونەوەر و سەرکێشییەکان بوونەتە کرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان. چەمکێک لە پرسیاری منداڵانە، لە چوارچێوەی حیکایەتی فۆلکلۆریدا، توانیویانە بە جوانترین شێوە، ڕووی حەقیقی ژیان و بوونمان بۆ بنەخشێنن. بەڵگەشمان ئەوەیە کە مێژووی زانستەکانی گریک و ڕۆمانە کۆنەکان شەنوکەو دەکەین، کە دەمێکە بووەتە سەرچاوە و کانگای، هەموو ڕشتەی ئەدەبی و فەلسەفیەکانی کۆن و نوێ. دەبینین ئەوان جگە لە ئەفسانە، هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نەکردووین بە میرات. بایەخی، ئەفسانە لەوەدایە، بە سادەترین پرسیار، پرسیارە قورسەکانی گەردوون و بوون و نەبوون دەورووژێنی و دەست بۆ ئەو نهێنییە ئەزەلییانە دەبات، کە مرۆڤ بە ترسەوە سەریان بەسەردادەگرێ. ڕۆح کە بۆخۆی ماهییەتی بوونە، بەدەر لە هێزی ئەفسووناوی ئەفسانە، ڕۆحێکی وشک و برینگە. ئەفسانە، حیکایەتۆکەی خەیاڵی نییە، بەڵکو ڕاستگۆترین گوزارشتە لە نهێنییەکانی ژیان، بۆ ئەوانەی تێیدەگەن.

ئەفسانەناسی، درۆودەڵەسە نییە، زانستێکە تێکەڵەیە لە میتافزیک و میتافۆر و خەونی حەقیقی مرۆڤ. جا چونکە

حەقیقەت بە وشە گوزارشت ناکرێ، لەبەرئەوەی شتگەلێکە لەودیوی وشەکانەوە خۆی مەلاس داوە، ناچار، هونەری ئەفەسانە، حەقیقەتەکانمان بۆ وێنابکات و پێمان بناسێنێ. واتا ئەفسانە ئامرازێکی کاریگەر بووە و کاریگەرە، بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەت. گوتراوە، ئەفسانە، مێژووی پیرۆزیی بوونی مرۆڤە. لە مێژیشە، ئەرستۆ گوتویەتی:"ئەوانەی ئاشق و سەرگەرمی ئەفسانەن، ئەوانەن، کە هەڵگرەی خەسڵەتی حەکیمەکانن.(١) مەزنایەتی و نەمریی ئەدەبی زیندوو و ئەدەبی گەردوونی هەر لەو شاکاراندا دەبینرێن، کە ئەفسانەپۆشن و نغرۆی نێو جیهانی ئەفسانەن.

دەتوانم بڵێم، تەنها لە جیهانی ئەفسانەدا، (زەمەن) ڕادەوەستێ. بۆیە بۆهەموو سەردەمێک، ئەفسانە، کتێبێکی تازە چاپکراوە و هی ئەوەیە بخوێندرێتەوە. مەحاڵە، مەزنەکان، نەمرەکان، لە شاعیر و ئەدیب و نووسەران بتوانن بگەنە مەقامی مەزنایەتی و نەمریی، بەبێ نغرۆ بوون لە جیهانی ئەفسانەوە. تووانەوە لە نێو ئەو جیهانەدا، وادەکات کلیلی داهێنانیان بەسەردا دەبارێ.

هاسان نەبوو شەیکسپیر و دانتی و پابلۆ نیرۆدا و عەبدولوەهاب بەیاتی ـ وەک نموونە، بگەنە ئەو مەقامە گەردوونییە لە ئەدەبدا، بەبێ پاڵپشتی ئەفسانە. نەک هەر ئەوەندە، زۆر داهێنانی زانستیش، لە فڕین و گواستنەوە و تەییکردنی دەریا و داهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژیا سەدرەمییەکان، بەبێ خەیاڵی ئەفسانەیی، مرۆڤ بۆی نەدەکرا بیانکات بەو ئامێرانەی کە ئیمرۆ پێیان ئاشناین.(٢)

ئینسایکلۆپیدیایی (Britannica)، بەم چەند ڕستەیە پێناسەی ئەفسانەی کردووە:" گێڕانەوەیەکی چەفەنگ ئامێزی سەرچاوە نادیارە، وەک پاژێک لە ڕابردووی دوور خۆی دەنوێنی کە بەڕواڵەت ڕووداوی ڕاستەقینە لەخۆدەگرێ، تەواو پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئایینی. گێڕانەوەیەک خۆی بەدوور دەگرێ لە

ڕەفتاری ڕەمزهەڵگری وەک (خوداپەرستی، نەریت) و جێگەو پێگەی ڕەمزئامێزی وەک (پەرستگاو، بت و سەنەم). ئەفسانە سەربوردەی تایبەتمەندی ئەو خوداوەند و سوپەرمانانەیە کە تۆمارگەی ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆژگارێکی دێرینی نادیارن، تژن لە ئەزموونی ئاسایی مرۆڤەکان. زاراوەی ئەفسانەناسیش (Mythology) هەم سەرقاڵی لێکۆلێنەوەیە لە ئەفسانە و هەم لە مەتنی ئەو بیروبۆچوونە ئەفسانەیانەی لە ئایینێکی کۆنی دیاریکراودا دینەبەرچاو."(٣) هەر ئەم سەرچاوەیە نووسیویەتی:" داستان، چیرۆکێک یان کۆمەڵە چیڕۆکێکی دێرینە تایبەت بە کەسان و جێگەی دیار. بۆخۆی جاران تایبەت بوو بە پیاوانی ئایینی. لە ناوەڕوکدا زۆر لە چیرۆکی فولکلۆری دەچێت: بوونەوەری بەدەر لە خەیاڵ و ئەدگاری ئەفسانە و ڕاڤەکردنی دیاردە سرووشتییەکان ناوئاخنی ئەو چیرۆکانەنە کە وەک مێژوو باس لە کەسانێک و جێگەی دیار دەکەن."(٤)

عەیامێکی کۆنە ئەدیب و شاعیران، ئەفسانە و داستانیان کردووەتە سەرچاوە و مەتنی زۆر لە بابەتە ئەدەبییەکانیان، ئەوەتا لە داستانی ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمرۆس دا ( The Iliad and The Odyssey) هەشت نۆ سەدە پێش زایین، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. جا چونکێ زیندوویی وە خەفەکردنی زەمەن، خەسڵەتی ئەفسانەن، بەدرێژای میژوو، ئەوان خۆیان لەگەڵ چاخ و قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکاندا نوێ کردووەتەوە و لە بەرهەمی نوێ و تازەدا دووبارە بەرهەمهێنراونەتەوە.

لەم سەردەمەدا، ئەدیبانانی هزرمەند و بلیمەت و بەهرەمەند، کووشتەی داهێنانی بەرهەمی نوێن و هەمیشە فکرو خەیاڵیان ئەوەیە چۆن کلیلی دەرگای داهێنانە دانەهێنراوەکان وەدستبێنن. ئەم پێشکەوتنە لەخەیاڵبەدەرەی تەکنەلۆژیای سەردەمیش، تەواو ڕێخۆشکەرە و یاریدەدەرە بۆ دۆزینەوە و دەستهێنانی ئەو کلیلانە. جیهان گوندێکی بچووکە و مرۆڤەکان هەمووی دراوسێی یەک کوچە وکۆڵانن، شتێک نەماوە نهێنی و

پەنهان بێ لە نێوانمان. بۆیە ئیمڕۆ بەرهەمی ئەدەبی گەردوونی، لە هەموو چەشە ئەدەبییەکاندا ـ بەتایبەتی لە جیهانیی شیعردا، جوان و بەرچاو خۆی دەنوێنێ.

(Timothy Brennan)، پڕۆفیسۆری ئەدەبیی بەراورد لە زانکۆی (Minnesota)، بە وردی زاراوەی ئەدەبی گەردوونی (Cosmopolitanism) پێناسەدەکات و لە ئەدەبی جیهانی (World Literature) جیایی دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی زۆر لە نووسەر و ڕەخنەکارانی کورد، زاراوەی ئەدەبی جیهانی بە شێواوی پڕاکتیزە دەکرێ. وەک ئاماژەکردن بە بەرهەمی شاعێرێک و پێناسەکردنی وەک دەقێکی جیهانی. لە کاتێکدا ئەدەبی جیهانی "گوزارشت لەو ئەدەبە لۆکاڵە خۆجێیە دەکات، کە بەبێ ڕەچاوکردنی بوونی بەهامەزنەکان و ئەزموون و جوانناسی و مرۆڤدۆستی لە بەرهەمێکدا، بۆ دەرەوەی سنووری جوگرافیی خۆی هەنارده دەکرێت و بڵاودەبێتەوە. بە واتایەکی وردتر، وەک مارکەیەکی بازرگانی، ئەو بەرهەمە دەخرێتە کتێبخانەکانی جیهان، ئەمەیش لەگەڵ کۆلۆنیزمی ئەورووپی سەریهەڵدا کە لە دەوری سەدەی حەڤدەمەوە ئینگلیز و ئیسپان و پورتگال و فەرەنسا، دواتریش ئیتالیا و ئەڵمانیا، پەلکێشیان کردە سەر وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا و بەشێکی ئاسیا. جا کە ئەم وڵاتانە زمانی خۆیان کردە زمانی فەرمی زۆر لە کۆلۆنێلەکانی خۆیان، لە سەدەی هەژدەمدا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی خۆیان وەک بەرهەمێکی ئەدەبی جیهانی. هەرچی ئەدەبی گەردوونییە، گوزارشت لەو بەرهەمە ئەدەبییە دەکات کە هەڵگری قامتێک خەسڵەتی تایبەتە، بە بێ ئەوەی بپرسی خاوەنەکەکەی کێیە و سەر بە چ نەتەوەیەکە و لە کوێ نووسراوە. بەواتایە، ئەدیب و شاعیر، هەڵگری ناسنامەی گەردوونین، ئەوان تۆمارکەی ژان و خەم و نەهامەتی و کۆست و برسییەتی و خۆشی و جوانی و خۆشەویستیی هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینەن، بەبێ فەرق و جودایی لە زمان و ئایین و ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە...تاد. کە

دەقە ئەدەبییەکە تەرجەمەیەکی جوان دەکرێ، خوێنەر، ئەگەر بەڕازیلی، ژاپۆنی، فەرەنسی، فارس، یان قۆقازی بێ، وا هەست دەکات، ئەو دەقە ڕێک بۆ ئەو نووسراوە." (٤)

ئیمڕۆ، ئەدەبی کوردی ـ تۆمارگەی پەخشان و شیعرەکانی، بەرهەمی ئەدەبی گەردوونی تێدایە، لێ لەبەر خاوی و لاوازی و بەهەندوەرنەگرتنی وەرگێرانیان بۆ سەر زمانەکانی غەیرە، تا ڕادەیەک وەلاوە نراون و شاردراونەتەوە. نەبوونی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەکادیمیانەی تۆکمە و هاوچەرخ و داهێنەرانە، کۆسپێکی دیکەیە لەبەرم ناساندن و سنوورشکاندنی ئەو بەرهەمە کوردییە گەردوونییانە.

لەم لێکۆلینەوەدا، بابەتێکی ئەفسانەئامێز، لە دوو دەقەشیعری کوردی و ئینگلیزیدا، لە ڕۆشنایی بازنەی ئەدەبی گەردوونیدا، شەنوکەو دەکەین. بابەتە ئەفسانییەکە (سیزیف Sisyphus) ە و شاعیرەکانیش ئەمانەن: کەریم دەشتی (١٩٥٥ ـ ) کە لە هەولێر لە دایک بووە، (٢١) کۆمەڵە شیعری چاپکردوە و جگە لە (١٩) بەرهەمی ئەدەبی لە ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان. وە خاتوو (فێی جۆرج Faye George ١٩٣٣ ـ ٢٠٢٠)، کە ئەویش (٨) کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە. چەندان خەلاتی نێودەوڵەتی چنیووەتەوە، وەک خەلاتی ( Perugia Press) کە لە پاریس بۆ کۆبەرهەمی (زامێک لەسەر گەڤر)، لە ساڵی (٢٠٠١) پێی بەخشرا. ئەم ژنە ژینگەدۆست و سرووشتپارێزە کە بە ڕەچەڵەک (گرییک) ە لە شاری (Weymouth) لە ئەمریکا لە دایک بوو وهەر لەوێشدا گەورەبوو.(٥)

(دەقی هەردوو قەسیدەکەی کەریم دەشتی و خاتوو فێی جۆرج لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوە بخوێنەوە.)

**ئەفسانەی (سیزیف) چییە؟ یام (سیزیف) کێیە؟**

سیزیف (یان سیزیفیۆس)، لە میتیۆلۆژیای گریکیدا، بە یەکێک لەمەکربازترین و فێلبازترین کەسەکانی دادەنرێت، کە بە فرتوفێڵی خۆی توانی دووجاران (تاناتۆس) ی خوداوەندی مردن،

هەڵخەڵەتێنێ. ئەم ڕەفتارانەی وایکرد (زیۆس) ی گەورەی خوداوەندەکان لێی پەست و تووڕە بێ و بڕیاری بەسزادانی بدات، بەوەی کە خڕە بەردێکی گەورە لە پێدەشتی دۆڵێکەوە بە پاڵدان بەرزبکاتەوە بۆ سەرەوەی چیایەک، جا هەر کاتێک بەردەکە دەگەیشتە لووتکە، لێی غلۆر دەبۆوە دۆڵەکە و دەبوویا جارێکی دیکە سەر لەنوێ دەست بکاتەوە بە بەرزکردنەوەی بەردەکە و دووبارەبوونەوەی هەمان شانۆگەری. ئەمەش بووە ڕەمزی ئەشکەنجەدان و عەزابی ئەبەدی.

سیزیف کوڕی مەلیک ئەیۆلۆس بوو، دامەزرێنەری یەکەمین مەملەکەتی ئیفیرا. ئەو برای سالمۆنیۆس و باوکی گلاوکۆس بوو. پیشەی ئەو بازرگانی و دەریاوانی بوو، لێ زۆر چاوچنۆک و فڵێبازبوو، هەمیشە یاساشکێن بوو، دەستی لە کوشتنی میوان و موسافیرەکانی نەدەپاراست. هۆمیرۆس، لە ئلیادەدا بە شەیتانترین کەس پەسنیکردووە. ئەو کچە خوارزای خۆی هەڵخەڵەتاندوە و تەختوتاراجی برای خۆی داگیرکردوە و نهێنییەکانی زیۆسی خوداوەندی ئاشکراکردوە، کە گۆیا، لاقەی لاجینای کچی خوداوەندی ڕووباری کردوە. جا لە تۆڵەی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی، زیۆس فرمانی بە هادسی خودای جیهانی ژێرزەوی دا کە سیزیف کۆت و زنجیر بکات و فڕێیداتە نێو ئاگری دۆزەخ. بەڵام سیزیفی زۆرزان، خوداوەندی تانتۆسی ڕازیکرد کە کۆت و زنجیرەکەی بکاتەوە، جا هەرکە ئەو پیاوەتییەی لەگەڵ کرد، سیزیف ئەوەی لە جێی خۆی دا بەهامان کۆت و زنجیر بەندکرد. ئەمەش سەرپێچی کردن بوو لە مردن، بۆیە ئاریسی خوداوەند، تانتوسی ڕزگارکردو جارێکی دی سیزیفی ڕەوانەی دۆزەخ کردەوە. بەڵام ئەمجارەش خۆی لە دۆزەخ ڕزگارکرد، بەو فێڵەی کە گۆیا دەبێ بچێ بە ژنەکەی بڵێ قوربانی سەرمەرگی بۆ بکات، چونکە ئەو گومانی هەبوو کە ژنەکەی دوای مردنیشی هیچ ڕیزێکی لێ بگرێ.

**شیتەڵکاریی دوو دەقەشیعرەکە لەڕۆشنایی ئەفسانەکە و شیعری گەردوونیدا:**

هەردوو دەقە شیعرەکە نەک هەر سیزیف پۆشن، بەڵکو لە ناونیشان و سەرەتاو و ناوئاخن وکۆتایدا بەشێکن لە سیزیف، بە جەستە و بە ڕۆح: جەستەی هیلاکی شپرزە، ڕۆحی نغرۆبووی گۆناح و بەرائەتی. (٣) ڕۆح، لە سێ زەمەن و سێ جێگەی جیاوازدا، بەردێک هەڵدەگرن و دادەگرن، کە سەنگی هەموو ژیان و بوون و مەرگی لە هەناوی خویدا هەڵگرتووە و بەقەد کێشی ئەو چیایە قورس و سەنگینە کە دەبێ بکرێتە تاجی سەر سەری لوتکەکەی. کەریم دەشتی، شاعیرێکی کوردی زمان، بەردێکی ئەفسانەیی دەکاتە ڕەمزی عەزابی مرۆڤایەتی. فێی جۆرجی، زمان ئینگلیزی، قەدەری خۆی ڕادەستی بەردێک دەکات وەک ڕەمزی چارەنووسی مرۆڤایەتی، سیزیفیش، دەیەوێ بە بەردێک گۆناحی ئەزەلی و ئەبەدی خۆی بشوواتەوە و بۆ سێیەمین جار چاوی بە دۆزەخ نەکەوێتەوە. لەو دیوی هەر سێ پاڵەوانەکە و بەردەکە، خودایەکیش نەخشەکێش و تەراوزوو بەدەست، تەماشایان دەکات و چاوەڕوانی ئاکامیانە!

**ناونیشانی دەقەکان:**

ناونیشان، لە سەنگ و بایەخدا، ئیمڕۆ پێگە و دەلالەتی هەمە چەشن لەخۆدەگرێ وشاعیرە بەئاگاکان زۆر بە هەستیارییەوە وێنەی دەکێشن. جار هەیە بە حەفتە و بە مانگ، لە چاوەڕوانی ناونیشانێکی شیاو و داهێنەرانەدا، شەو سپی دەکەنەوە. ناونیشان قوفڵ و کلیلی دەقەشیعری هاوچەرخە ـ وەک پێشتریش گوتمان ـ قوفڵە، خوێنەران هاندەدا بەدوای کلیل و نهێنییەکانیدا بگەڕێن، کلیلیشە، دەرگای ژوور و کۆشک و تەلاری سیحراوی هونەر و جوانناسی و چێژت بۆ دەکاتەوە.

(سیزیف براکەم سیزیف). کەریم دەشتی، بە ئەنقەست لە کۆی بەرهەمەکانیدا خۆی لە خاڵبەندیدا لادەدا. ئەمەش وەک

هۆنەرێک، بۆ والآکردنی دەرگای بۆچوونەکانی خوێنەر، چونکە هەر هێمایەکی خاڵبەندی دەلالەتی خۆی هەیە، ئەو خوێنەر سەرپشک دەکات، لە هەڵبژاردنی ئەو دەلالەتانە. دەنا دەبێ ناونیشانەکە بەم شێوەیە تۆماربکرێ:(سیزیف! براکەم سیزیف!)، هەر دەڵێی دەقنووس لەدیو شیشەی دەرگای زیندانێک دانیشتووە و سیزیفی برای بەندکراوی دەدوێنێ. یان دەڵێی، نغرۆی بووی گۆمێکە و هاواری فریادڕەسێک دەکات. دووبارە بوونەوەی ناوی سیزیف، لە گوێی پەیامگر زایەڵەیەک دروست دەکات، کە هەم وا هەست بکات سیزیف ڕۆحێکی پاک و جوان و پیرۆزە، هەم هاندەرە، تا زوو بەناخی دەقەشیعرەکەدا شۆڕبیتەوە و لە نهێنیی ئەم هاوارە تێبگەی. وشەی (براکەم)، ئەو ئیحایەمان پێدەدات کە شاعیر دەڵێ(سیزیفی برای خڕ مرۆڤەکان)، ئەم (برا)یەیی کە مرۆڤە و پەیامی مرۆڤایەتی پێیە و ڕۆحێک دەدوێنێ. (دەشتی ــ برا ــ سیزیف).

هەرچی خاتوو فێی جۆڕجە، هەر بە ناوی (سیزیف)ی ئەفسانە، دەقەشیعرەکەی دەناسێنێ. ئەم فۆڕمە کۆنە، ناوی کەسێک، قارەمانێک، ناودارێک، دەکرێتە ناونیشان، وەک:(هەملێت، زۆربا، بریوتس، خەیام، فەرهاد، ئۆفیلیا، خاتوو زین...تاد). جا بۆ ئەوەی پێشوەخت پێناسەیەکی دەقەکەمان بۆ چڕکاتەوە، دەقنووس گوتەیەکی(ئەلبێرت کامۆ)ی لە نووسینێکیدا بە ناوی (ئەفسانەی سیزیف)، خواستووەتەوە کە دەڵێ:

**"داهێنان هەر لەوەدەچێ، قەدەری کەسێک لە چوارچێوەی سیمایەک بگریت."**

ئەم وەرگیراوە، ئیحایە، کە دەقنووس، خەونی داهێنانی ئەدەبی لەو دەقەشیعرەدا هەیە، داهێنانیش، وەک ئەو مرواریییەیە کە نوقمی دەریایە و مەلەوانی شارەزای خۆی دەوێ. واتا ناڕاستەوخۆ، بە خوێنەر دەڵێ، تکایە سەرپێیانە چاوم پێدا مەخشێنە، نەختێ بە ڕازی وشە و هونەر و دەنگەکانمدا شۆڕبەوە. ڕەنگ بێ لە دیدی دەقنووسدا، تەنها ناوهێنانی ئەو

(قارەمانە)، خۆی لە خۆیدا پەیامێک بێ، جا ئەوانەی تێیدەگەن، بۆ ناو شیعرەکە دەچن و ئەوانەی تێشیناگەن، دەبێ بچن پەڕەکانی فەرهەنگی ئەفسانە هەڵدەنەوە. کەواتە لێرەدا، دەقنووس، خوێنەر دەکاتە توێژەر.

**بیرۆکەی دەقەکان (The Theme of the poems):**

کەریم دەشتی بە زمانی شیعر، هەردوو هاوکێشەی (بوون و چارەنووسی مرۆڤ)، بە پشتبەستن بە لۆژیکی ئەزموون و هزر، بەم شێوەیە لە چوارچێوە دەگرێ:"بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆمان دێینە سەرسەکۆی شانۆی ژیان، پەردە دوای پەردە، هەڵدەدەینەوە و بەدوای ئاکامێکیدا وێل دەبین، لێ هەر هەموو پەردەکان بە ژان و حەسرەت و هیلاکی و مەشەقەتی نەبڕاوە، عەزابمان دەدەن و دەمانکەن بە ئەزموون و عیبرەت بۆ ئەوانی دیکە، کە ئەوانیش لەمە باشتر نابن. ئێمە نە دەستمان لە ئەفراندنی ئەم بوونە هەیە و نە دەستنیشانکردنی چارەنووس لە توانا و دەسەڵاتی ئێمە دایە. بە کوردی و کرمانجی: بوون و چارەنووس، دوو خەیاڵی جیهانی سەڕابی هیچن!"
خاتوو فێی جۆرج، لەودیوی جیهانێکی میتافیزیکییەوە، بەخۆخستنە نێو باوەشی فەلسەفەیەکی کلاسیک، دەیەوێ خۆی لەهێز و جەور و زوڵم و نادادپەروەری ژیان دەرباز بکات و گۆشەیەک بۆخۆی بدۆزێتەوە، بە ئارامی تێیدا سەربنێتەوە. ئەوەی لە توانای داهەیە دەیکات، نازانێ چەندە لە سەرکەوتن و لووتکە نزیکە، لێ ڕازیشە بەوەی ئەنجامی داوە، بگرە شانازیشی پێ دەکات. (Cody Gilmore)، پرۆفیسۆر لە ڕشتەی فەلسەفە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، ئەو فەلسەفە کلاسیکە لەوەدا چڕدەکاتەوە کە:"ژیان بە مردنی دەوەستێ و کۆتایی دێ، لێ دەکرێ لە ژیانیشدا، بە بەبێ وەستانی ژیان، مرۆڤ بمرێت."(٦)

**بونیات و هونەرەکانی دوو دەقە شیعرەکە (جیاوازی و وێکچوون):**

هەردوو شاعیرەکە، دەقەکانیان، لە بازنەی شیعری ئازاددا دارشتوە و هەردووکیشیان خۆیان بەسەرواوە سەرقاڵ نەکردووە، رتم و ئاواز و ئاوازە و لەرەی شاراوەی نێو پیت و برگەکان، موزیکی شیعریی لە گوێی پەیامگردا دەزرێنگێننەوە. هەردووکیشیان لە سنعەتی دارشتن و شیعرسازیدا خاوەن ئەزموون و پاشخانی تۆکمە و دەوڵەمەندن.

(سیزیف براکەم سیزیف)، (٥٨) دێرە شیعرە وەک یەکەیەکی شیعریی یەکگرتووی بەیەکەوە گرێدراو دارشتراوە، لێ لە (٣) قۆناغدا، بەبێ ئەوەی لێکترازابن، خوێنەری هەست بە پشوودانێکی کورتی شاعیر دەکات. لە (١٩) مین دێردا:(سیزیف براکەم سیزیف)، لە (٣١) مین دێردا :(سیزیف) وە لە (٤٥) مین دێردا:(سیزیف سیزیف هاورێی هەمیشەی بەردەکە). شاعیر لە تەکنیکێکی شیعریدا، وەستایانە، (سیزیف براکەم سیزیف) ی هەم کردووەتە ناونیشانی دەقەکە، هەم وەک یەکەم دێری دەقەکە دەخوێندرێتەوە. واتە بە سرینەوەی ناونیشانەکە، یەکەم دێری دەقەکە ناقس دێتە بەرچاو.

شاعیر، لە مۆنۆلۆگۆیەکی بێ وەڵامدا، راستەوخۆ سیزیف دەدوێنێ و دەردە دڵی خۆی بۆدەکات. هەرچەند شیکایەتەکانی لە (خودا) یە، بەڵام دەستەوەستانی خۆشی وەک مرۆڤ نیشان دەدا.

بەڵام دەقەشیعرەکەی خاتوو فێی جۆرج، کە (٣٩) دێرە، بەسەر (٧) کۆپڵەدا دابەش بووە، لە نێوان (٣ بۆ ٧ ) دێریدا. لە هونەرێکی شیعریدا، کۆپڵەکانی بە (گیرەی هونەری Enjambment)(٧)، بە یەکەوە گرێداوە، ئەم تەکنیکە شیعرییە، دواین دێری کۆپڵە بە یەکەم دێری کۆپڵەی دوای خۆی دەبەستێتەوە، بە کەلک وەرگرتن لە بیرۆکە و ئاواز و هونەرەکانی دیکەی شیعریی. ئەم خاتوونەش هۆنەری بازدانی مۆزیکی، لە دێریکەوە بۆ دێرێکی دیکە پەیرەو کردوە ( Run on the

Lines). ـ بێگومان ئەمە پتر لە تێکستە ئینگلیزییەکەدا هەستی پێدەکرێ.

هەردوو شاعیرەکە (وەک خودی سیزیف)، بەردەکەی ئەفسانەکەیان، کردووەتە کەرەستەی سەرەکی بیرۆکەکەیان. وەک لەم خشتەی خوارەوە دەبینین، دەشتی (٥) جاران و (فێی) (٤) جاران ڕاستەوخۆ ئاماژە بەبەردەکە دەکەن و (١٦ و ١٧) جارانیش، یەک لە دوای یەک، ئاماژە بە مەتنی ئەفسانەکە دەکەن.

| | سیزیف | سیزیف (راناو) | بەرد | ئەفسانەکە | ئێمە | من | خودا(ناو و ڕاناو) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەریم دەشتی | ٧ | ١٢ | ٥ | ١٦ | ٢٢ | سفر | ١٣ |
| فیی جۆرج | ١ | ١ | ٤ | ١٧ | سفر | ١٤ | سفر |

(١) خشتەی ئاماژەکان لە دەقەکاندا

دەشتی، بە دڵێکی پڕ پشکۆ و حەسرەتەوە، سکاڵای ئەو هەموو عەزابە دەکات کە (خودا) بەسەریدا باراندوون. فێی جۆرجیش، ئاخ بۆ ئەو هەموو جوانەی سرووشت هەڵدەکێشی، کە عەزابی ئەو بەردە لەبەرچاوی ناشیرین کردوون.

دەقەکان سیخناخن، بەو وێنە هونەریانەی کزەمان لە جەرگەوە دێنن و خەفەکراون لە ڕەشبینی و تاریکی و زەبوونیدا.

دەشتی مەراقەکانی زۆرە و وەک ڕۆنی قرچاو تێیاندا تواوەتەوە:

**(خودا ئێمەی خۆشناوێ / ڕقی لێمان ئەبێتەوە / لە هەموو یارییەکان لێمان ئەباتەوە لە خاچی ئەبەدیمان ئەدا / ئاوی دەریامان پێ ئەگوازێتەوە / تیشکە ڕژاوەکانی خۆیمان پێ کۆ ئەکاتەوە / قەڵامان پێ دروست ئەکاو / خۆڵمان پێ ئەکێشێتەوە / شیعرەکانمان ڕەشئەکاتەوە / مەحاڵمان پێ ئەنووسێتەوە / گۆڕمان پێ هەڵئەکەنێ و ئێمەی تیائەشارێتەوە / میخکۆبی ئازاری کردووین / دیلی دەستی هەرماسی کردووین / ئاردی ناو درك و داڵمان پێ کۆ ئەکاتەوە / تۆپی زەویمان پێ هەڵئەگرێ / ئاسمانمان پێ ئەشواتەوە / چیرۆك ی ئازارمان پێ ئەگێڕێتەوە / بەردەکەمان پێ ئەباتە سەر لوتکە / ئێمەیش لە دوای تۆ هەمان بەردمان پێ ئەبرێ / بەردەکە، کەی لە لوتکەدا قەرار ئەگری...)**

هەرچی فێی جۆڕجي، چونکێ سرووشتدۆست و ژینگەپارێزە، جوانییە سیحراوییەکانی وانی لەبەرچاوە، دەڵێ:

**(سۆلاڤی سازگار، بەرد بە بەرد دەرشێنێ / چەشنی هزر، قوول قوولن گۆمەکان / لەودیوی زەریا گەورەکانەوە تەختێک لە لمی گەرم / ئەشقی خۆرەتای سوور بووم / ئەشقی تەمی شینی سەر زەوی بووم / دارستانی سەوزی پەرش و بڵاو/ گیانداری سرک و ڕەوەک / خێڵ و ئێلات لە ژێر دەوارەکانیاندا / شێت و شەیدای ڕووناکی و ژین و زەوی بووم...)**

لە جەنگی ئەبەدیشیدا لەگەڵ ئەم بەردە، زۆر داخ لەدڵانە دەڵێ:**(ڕوخساری نغرۆ لە دڵەڕاوکێ / ئەویش پێیدام جەستەیەکی ڕەقهەڵاتوو / هێمای پیاوێکن هیلاک هیلاک / بەتەنیا شانی خۆم داوەتەبەر / نەفرەتیی خۆم دادەتاشم / تا قاڵم بکاتەوە و وابکات لەو مردنەمدا بژیم / وامدەزانی زەمەن هی خۆمە / ئەم ڕۆژەم هەرگیز بەخەیاڵیش بەبیردانەدەهات / بەردێک، ئا بەردێک، لێ من کردمە هی خۆم / مەشەقەتێک، بێ سەرەتاو بێ کۆتا...)**

لە دوو هێڵی تەریبدا، ئەو دوو شاعیرە، هێندە لێک نزیکن، هەر دەڵێی یەک زمان و هزر و روئیایان لە یەک چەمکی فەلسەفیدا هەیە:

چەمکی یەکەم: عەزاب و مەشەقەت، بەشێک نیین لە ژیان، بەڵکو خودی ژیانن:

کەریم دەشتی:

**شانمان ئەدەینە بەر هەمان ئەو بەردە**

**بە هەمان عەزابی ئەبەدی**

**بەرەو هەمان لوتکەی ئەبەینەوە**

فێی جۆڕج:

**ڕۆژ دوای ڕۆژ، تۆزوخۆڵی سەر ڕێگا زارت دەگرن،**

**تا تفی نێو دەمت لە ئەوکتدا دەبێتە تۆپەڵە قوڕ**

چەمکی دووەم: لە ژیاندا مردن هەیە، هەروەک مردن لە ژیاندا هەیە:

کەریم دەشتی:

**تۆیش بێ ئەوەی زمانت هەبێ**
**گۆرانی مەرگمان بۆ ئەڵێی**
**بێ ئەوەی کە دەستت هەبێ**
**وەك ژەهر ئەمانپاچی**

فێیی جۆرج:

**تا قاڵم بکاتەوە و وابکات لەو مردنەمدا بژیم**

**هەردوو دەقەشیعرەکە لە لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی گەردوونیدا:**

لەدەوروبەری ساڵی (٥٣٠) پێش زایینییەوە، لە نێو هونەرمەندانی ئەسینا، نیگارکێشانی سیزیف لەسەر ڕووی گۆزە و کوپەڵە بووە نەریتێکی باوی هونەری گریکی کۆن. لەوە دەمەوە تا ئەم ساتەوەختە، هونەرمەندانی جیهان، بە درێژایی مێژوو، خەریکی دووبارەکردنەوەی وێنە و نیگاری قارەمانی ئەم ئەفسانەیەن. بەدەگمەن، مۆزەخانەی ناوداریی جیهانی هەیە، کە دیوارەکانی بە تابلۆی ئەو ئەفسانەیە ئارایشت نەکرابێ. هەرچی قۆتابخانە و ڕێباز و تیۆریی هونەری هەیە، بە ڕەنگ و ستایل و مۆدێل و شێواز و داهێنانی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ بیرۆکەی ئەفسانەکە کردووە. هەموویان هەر خەریکی بەرزکردنەوەی ئەو (بەردەن). لەو سەدان تابلۆی گەورە هونەرمەندانەدا، دەبین سیزیف بەردەکە پاڵدەدا، بە کۆڵی خۆی دادەدا، لەسەر شانی ڕاستەی داناوە، لەسەر شانی چەپەی هەڵیگرتووە، لە سەر دوو دەستەکانی ڕایگرتووە، بە گوریس بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ، تەکان تەکان بەرزی دەکاتەوە... .

لەم هەموو نیگارانە، هەر هونەرمەندەی مەبەست و پەیام و گوزارشتی خۆی پێیە. ئەوەتا ئێستا سیزیف لە هونەری تەنز و کاریکاتێر زۆر باوە، بووەتە ڕەمزی سەرنەگرتن و داروخانی بەرنامەوە نەخشە و کاری سیاسیی سیاسەتمەداران.

هەر بۆ نموونە:

لەساڵی(١٥٤٨) خاتوو مارییەی هەنگاری، خوشکی ئیمپراتوری ڕۆمانی موقەدەس ـ جاڵسی پێنجەم، داوای لە هۆنەرمەندی ئیتاڵی (تیزیانۆ ڤێسیلی)، ناسراوە بە (تیتیان)، کرد، کە تابلۆی چوار لە گۆناهکارەکانی یۆنانی لە کۆشکەکەیدا لە شاری (بنج)، بۆ بکێشێ، هەر تابلۆیەی دوو مەتر چوارگۆشەبوو، جا سیزیف یەکێک لەو چوار گوناهبارانە بوو و سێ یەکەی دیکەش هەر یەک لە (تیتیۆس، تانتالۆس، ئیکسیۆن) بوون. ــ ئەم چوارە لە ئیلیادەی هۆمۆرس ناویان هاتووە.

ئەو هونەرمەندە شارەزاییەکی باشی لەسەر ئەفسانەکان هەبوو، لە تابلۆکانیدا هێندێ هونەری نوێی داهێنا بوو، سیزیفی شەکەت و هیلاک بارەکەی لەسەر شانی خۆی داناوە، لە جیاتی ئەوەی پاڵی بداو بەرەو سەرەوەی ببات، لە پشتیڕا، ڕووبەرێکی ئاگرینی پڕ بڵێسە و دوکەڵی جەهەنەمی تەواو ناوچەکەی داگرتووە، دوو سەگی دڕ، کەلبەکانیان گڕکردۆتەوە، لە پەلاماردانن، لە نزیک قاچەکانی سیزیفیش، شینە مارێکی گەورە دێتە خوارێ.

دوو لەو تابلۆیانەیان لە نێوان دوو پەنجەری گەورەی ڕێڕەوێکی ئەم کۆشکەدا کێشرابوون و بەرانباریشیان چەند فەرشێکی نەخشێنراوە بە دیمەنی (حەوت گۆناهە گەورەکە) ڕاخرابوون. هەر میوانێک پێی خستبایە ئەو کۆشکە، هەر لەسەرتاوە، دیمەن و وێنەی ئەو تابلۆ ترسناکانە پێشوازی لێدەکردن. خاتوو ماریا، لەو نمایشەدا، مەبەستی بوو، پەیامێک بە هەموو یاوەر و ئەو کەسانەی لە دەوری ئەون بدات، کە هەر کەسێ بیر لە خیانەت و فێل و دەسیسە بکاتەوە، ئەوە ئاکامەکەی دەبێ. هەموو پاڵەوانی

ئەو ئەفسانانە سەرپێچی فرمانی خوداوەندیان کردوە، سزا و عەزابی ئەبەدیان بۆ بڕاوەتەوە، (منیش سیبەری خودام لەسەر زەوی، فرمان و سزای منیش لە هی ئەوان سووکتر نابێ!)

بڕوانە تابلۆکەی سیزیف. (٨)

وەک چۆن لە هونەردا، لە دێرینەوە، ئەفسانەی سیزیف، بەردەوام حزووری گەرمی هەبووە، بەهەمان شێوە، لە ئەدەبیشدا، بە تایبەتی لە ڕشتەی شیعردا، لە نێو دیوان وتۆمارگەی ئەدیب و شاعیراندا، بە شێوازی هەمە چەشن، بۆ مەبەستی جیاواز جیاواز بەرجەستە کراوە.

کەریم دەشتی و فێیی جۆڕج، بەو پەڕی شارەزایی و کارامەیی، ئەوانیش جێ پەنجەی خۆیان، لەم ئەزموونە گەردوونییەدا، بەزیندووی بەجێهێشتووە. دەکرێ، لەم سەرە قەڵەمانە، گەردوونیەتی دوو دەقە شیعرە چڕکەینەوە:

یەک: هەردوو شاعیر پاشخانییەکی باشیان لە میتۆلۆژیادا هەیە. کەریم دەشتی، یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، کە زۆرتین ئەفسانە و بیرۆکەی ئەفسانەیی لە دەقەشێعرەکانیدا تەوزیف کردووە، لە زۆربەی ناوئاخنەکانیشیدا، ئەفسانە، کە سامانێکی گەردوونییە، هەر بە گەردوونی لە دەقەکانێشدا پاراستوونی. (سیزیف) سێ قەسیدەی جوانی بەو شاعیرە بەخشیوە. خاتوو فێیی جۆڕجیش، کە وڵاتی گریک و یۆنان، بە زێدی خۆی دەزانێ، بەو پەڕی شانازییەوە، ئەفسانەی کردووەتە دیوێکی ناسنامەی شاعیریەتی خۆی، تەنانەت خەڵاتەکەی (پاریس)یشی هەر لە سایەی (بەردێکی زامدار) چنییەوە.

دوو: لە تەواوی دەقەکاندا، هەردوو شاعیر، قاوغەی نەتەوایەتی و لۆکاڵیەتی خۆیان شکاندەوە، ناسنامەی گەردوونییان بە خۆیان داوە. بە یەک تاکە وشە ئاماژە بە زمان و خاک و نەتەوە و ئایین و ڕەنگ و ڕەگەز خۆیان ناکەن.

سێ: هەردووکیان یەک ئەفسانەیان کردووەتە کەرەستەی دەقەشیعرەکەیان، بۆ یەک مەبەستی زۆر دیاریکرای هاوتەریب و گونجاو تەوزیفیان کردووە.

چوار: تەواوی دەقەکان، بە پەیام و فەلسەفە و چەمکەوە، ئاراستەی کۆی مرۆڤایەتی کراون. واتا دەقەکان بۆ حەشیمەتە حەوت ملیارو نیوەکەی سەر ئەم زەمینە نووسراون.

پێنج: کە خاڵیکی بایەخدارە ـ کۆی عەزاب و ئەشکەنجە و جەور و نادادپەوەری و سەختی و دژواری ژیان، زۆر بە ئێش و ئازار و حەسرەتەوە، بەرجەستەکراوە، وەک ئەوەی بڵێن، با کەس سکی بە خۆی نەسووتێ و خۆی بە بەخترەش نەزانێ.

شەش: لەودیوی، ئەو هەموو عەزابە ئەبەدییە، ترووسکەی ڕۆناکی و ئومێد وگەشبینی هەر دەبینرێ. ئەوەتا کەریم دەشتی دەڵێ:(ئومێدی خەلاس بوونت هەبوو / ئومیدی پاك بوونەوەت هەبوو)، فێی جۆرجیش هاواردەکات:(سا تێگەیشتم  من تا ئەو دیو سنوور، تخوبی خۆم بەزاندووە: ئەمەش بەس بوو.).

**کۆتا ڕستە:**

 تیۆری و تەئیویل و ڕاڤەکانی ئەفسانەی سیزیف، زۆر و فرە بیرۆکەنە: وەک تۆپەڵەی خۆری ئاگرین  سەیرکراوە کە ڕۆژانە لە ڕۆژهەلاتەوە هەڵدێ و بە ئاسماندا سەفەر دەکات، تا لە ڕۆژاوادا غلۆردەبێتەوە. کراوەتە شەپۆڵی بەرز و نزمی تەوژمهێنەری دەریای بێئامانی غەدار. ڕەمزێکە بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەشقی کورسیی دەسەلاتن و هەمیشە غلۆر دەبنەوە و ناگەنە ئامانج.  خەبات و زۆرانبازی و بەرەنگاربوونەوەی ژیانێکی هیچە. ڕەمزی عەزابی ئەبەدی کەسانی گوناهبارە. (ئەلبەرت کامۆ)ش وای دەبینێ کە ئەفسانەی سیزیف بەرجەستەی هیچ و پووچی و بێ مانایی ژیان دەکات، ژیانێک خاڵییە لە هەموو لۆژیک و ئەقلانییەتێک، بەلام دەبێ وێنای سیزیف هەر وەک

مرۆڤێکی بەختەوەر بکێشرێت، ئەو دەڵێ:" **قەت هیچ سزایەک نییە لەوە پیستر بێ، کارێک بکەی، هیچ بەرهەمێکی لێ نەچنیتەوە."**.(٩)

کەریم دەشتی وای دەبێنێ کە ئێستا لەگەڵ ئەودا حەوت ملیار و نیو سیزیف لەسەر ئەم زەویەدا دەژین. فێی جۆرجیش، ئەو بیرۆکەی هەیە، کە چارەنووسمان هەرچییەک بێ، نابی کۆڵ بدەین، ئەوەی بۆمان بکرێ دەیکەین.

***

**پاشکۆ:**

یەک:

**(سیزیف براکەم سیزیف)**

**کەریم دەشتی**

**خوا ئێمەی خۆشناوێ و ڕقی لێمان ئەبێتەوە**
**ئەوەی ناکرێ پێمان ئەکا**
**لە هەموو یارییەکان لێمان ئەباتەوە**
**لە خاچی ئەبەدیمان ئەدا**
**ئاوی دەریامان پێ ئەگوازێتەوە**
**تیشکە ڕژاوەکانی خۆیمان پێ کۆ ئەکاتەوە**
**قەڵامان پێ دروست ئەکاو**
**خۆڵمان پێ ئەکێشێتەوە**
**شیعرەکانمان ڕەشئەکاتەوە و**
**مەحاڵمان پێ ئەنووسێتەوە**
**ئەوە نییە هەمیشە تۆ**
**بەردەکە بۆ سەرەوە ئەبەیتەوە**
**بەڵام هەمیشە بۆ خوارەوەی گلۆر ئەکاتەوە**

**سارد نەبیتەوە، تیر لە کەمان ترازاوە ناگەڕێتەوە**

**ئێمەیش دوای تۆ**

**شانمان ئەدەینە بەر هەمان ئەو بەردە**

**بە هەمان عەزابی ئەبەدی**

**بەرەو هەمان لوتکەی ئەبەینەوە**

**بەڵام هەمدیس گلۆری بنار ئەبێتەوە**

**سیزیف براکەم سیزیف**

**خوا ئێمەی خۆشناوێ ڕقی لێمان ئەبێتەوە**

**گۆڕمان پێ هەڵئەکەنێ و ئێمەی تیائەشارێتەوە**

**میخکۆبی ئازاری کردووین**

**دیلی دەستی هەرماسی کردووین**

**ئاردی ناو درك و داڵمان پێ کۆ ئەکاتەوە**

**تۆپی زەویمان پێ هەڵئەگرێ**

**ئاسمانمان پێ ئەشواتەوە**

**چیرۆك ی ئازارمان پێ ئەگێڕێتەوە**

**بەردەکەمان پێ ئەباتە سەر لوتکە و**

**هەمدیس گلۆر ئەبێتەوە**

**سیزیف**

**چا نەبوو تۆ مۆنادی خۆت هەبوو بۆنت ئەکرد**

**بەو مۆنادە چەند بەختەوەر بوویت**

**هاوڕێی ئەبەدیت بوو**

**ئەنیست بوو، جەلیست بوو**

**کتێب و قەڵەم و لیست بوو**

**هەموو ڕۆژێ وەك کۆرپەی خۆت**

**ئەتخستە سەر شان و ملت**

**بەرەو ترۆپك هەڵئەکشایت**

**ئومێدی خەلاس بوونت هەبوو**

**ئومیدی پاك بوونەوەت هەبوو**
**بەڵام بەردەکە لاسار بوو**
**گوێی بە ئازاری باوکی نەئەداو رایئەکرئەوە ژێر بنار**
**لە قووڵایی بەیەك ئەگەیشتنەوە**
**سیزیف سیزیف هاورێی هەمیشەی بەردەکە**
**واز مەهێنە**
**بەڵکو تۆزێ شل بێتەوە دڵی بەردەکە نەرم بێ**
**ئاخر ئێمەیش لە دوای تۆ هەمان بەردمان پێ ئەبڕێ**
**ئەوە قەدەری مرۆڤە تەواو نابێ**
**چەند بۆ سەر لوتکەکەی ببەی**
**دیسان گلۆر ئەبێتەوە و بۆ بنار ئەگەڕێتەوە**
**بەردەکە بەردەکە، کەی لە لوتکەدا قەرار ئەگری**
**تۆیش بێ ئەوەی زمانت هەبێ**
**گۆرانی مەرگمان بۆ ئەڵێی**
**بێ ئەوەی کە دەستت هەبێ**
**وەك ژەهر ئەمانپاچی**
**بێ ئەوەی کە دڵت هەبێ ڕقت لێمان ئەبێتەوە؟**
**وەك دەمی تیغ ئەمانبڕی**

* مۆناد : گەوهەری تاقانە

دوو:

**(سیزیف)**

**(فێیی جۆرج)**

**"داهێنان هەر لەوەدەچێ، قەدەری کەسێک لە چوارچێوەی سیمایەک بگریت."(ئەلبێرت کامو. ئەفسانەی سیزیف)**

**سۆلاڤی سازگار، بەرد بە  بەرد دەرشێنێ،**

**چەشنی هزر، قوول قوولن گۆمەکان،**

**لەودیوی زەریا گەورەکانەوە،**

**تەختێک لە لمی گەرم...**

**گشت ئەمانە ڕوخساری  دونیایەکی گەشن،**

**ڕوخسارێ نغرۆ لە دڵەڕاوکێ.**

**ئەو کەڤرە ژنەکەمە،**

**دەستەکانی من، پێیان بەخشی کەمەرێک،**

**ئەویش پێیدام جەستەیەکی ڕەقهەڵاتوو،**

**ئەم قۆچە گەچاویانەی لە ناو لەپی منن،**

**هێمای پیاوێکن هیلاک هیلاک.**

**بەتەنیا شانی خۆم داوەتە بەر،**

**نەفرەتیی خۆم دادەتاشم،**

**توند دەیگرم، دەیکەمە ئامرازی بەرزکردنەوەی گابەردێ،**

**تا قاڵم بکاتەوە و وابکات لەو مردنەمدا بژیم،**

**وامدەزانی زەمەن هی خۆمە،**

**ئەم ڕۆژەم  هەرگیز بەخەیاڵیش بەبیردانەدەهات.**

**ئەشقی خۆرەتای سوور بووم،  ئەشقی تەمی شینی سەرزەوی بووم،**

**دارستانی سەوزیی پەرش و بڵاو،**

**گیانداری سرک و ڕەوەک،**

**خێڵ و ئێڵات لە ژێر دەوارەکانیاندا،**

**شێت و شەیدای ڕووناکی و ژین و زەوی بووم،**

**ئەم هەست و سۆزە، پێبەخشێم:**

**دیارییەک، گابەردێک.**

**بەردێک، ئا بەردێک، لێ من کردمە هی خۆم،**

**ئەوان وایان دەزانی. دەمهاڕێ، ئەو بەردە،**

**ماوەیەک، وام هەست دەکرد، بەردێکە بە هۆش و جەستە،**

**ئاوێتەبوون بۆ غلۆربوونەوە، بۆ بەرزکردنەوەی ئەو سەنگە تا لووتکە و پۆپە،**

**ڕۆژ دوای ڕۆژ، تۆزوخۆڵی سەر ڕێگا زارت دەگرن،**

**تا تفی نێو دەمت لە ئەوکتدا دەبێتە تۆپەڵە قوڕ.**

**مەشەقەتێک، بێ سەرەتاو بێ کۆتا. ئەرکێک، شێتانە.**

**لەگەڵ هەر گلدانەوەیەکی سەختدا، گابەرد گەورەتر بوو.**

**بە تێشووی حەز و پەشیمانی، زەبەلاحتر دەبوو.**

**لە ئاسمانی ئەو شەوەی، تریفەی تێیدا نغرۆ ببوو**

**من مانگی ساردوسوڕم لە نێو دەستەکانمدا گرتبوو،**

**ویستیی خۆم هێنادی، گشت ئەوانەم لە ئامێز گرت.**

**ویستیی خۆم هێنادی و گوتم، ئێستا خراپتر چیت لەدەست دێ بیکە!**

**سا تێگەیشتم من تا ئەو دیو سنوور، تخوبی خۆم بەزاندووە:**

**ئەمەش بەس بوو**

(وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: ف. شەورۆ).

## سێ: دەقکە وەک خۆی بە ئینگلیزی:

“Sisyphus" by Faye George

*"To create is likewise to give a shape to one's fate* – Albert Camus, *The Myth of Sisyphus"*

Cool freshets spilling from stone to stone,

Pools deep as thought,

The immense beyond of ocean,

A warm couch of sand . . .

All that the bright world holds,

Holds back.

This stone is my wife.
My hands have given it a waist.
It has given me this calloused flesh,
This chalky horn upon my palm,
Mark of a working man.

I work alone,
Shaping my curse,
Honing it: a tool for raising stone.
Fitting it for what lets me live this death
With purpose; there was a time
I would not have thought it could be so.

I loved the red suns, the blue mists of Earth,
The long green reach of trees,
Her creatures feral and quick,
The tribes in their camps.
I wanted light and life and Earth.
That passion earned me this,
This gift, a stone.

A stone, yes, but I have made it mine.
They thought that it would crush me.
For a time I thought it had: mind and body

Wed to rock, pushing that weight to the summit
Day after day, eating the dust of the path
Till the spit of your mouth is clay in your throat.
And never an end to it - the mindless task.

With every lumbering turn, the stone grew.
Fed on desire and regret, the stone grew.
In that night's sky with no light above
The cold moon of my grasp,
I set my will, embracing all of this -
I set my will and said, Now do your worst!

And knew I'd gone beyond myself:
It was enough.(11)

**سـەرچاوەكان:**


1)http://www.mythologymatters.com/quotes-about-myth.html(1234567890)

2)https://www.bartleby.com/essay/The-Importance-of-Greek-Mythology- P3MPQ293RYZA

3)(https://www.britannica.com/topic/myth

4)Cosmopolitanism and World Literature, Ben Etherington and Ben Etherington, Cambridge University Press, 2018(book)

5)https://core.ac.uk/download/pdf/48838117.pdf

6)https://www.oxfordhandbooks.com/view/10.1093/oxfordhb/9780195388923.001.0001/oxfordhb-9780195388923-e-1

7) https://www.litcharts.com/literary-devices-and-terms/enjambment

8) https://blogs.getty.edu/iris/thinking-about-sisyphus-or-the-afterlife-with-some-rock-n-roll/

9)The Myth of Sisyphus: And Other Essays (Vintage International), Albert Camus May 1991(book)

10)https://www.facebook.com/karim.dashti.376

11)https://endicottstudio.typepad.com/poetrylist/sisyphus-by-faye- george.html



سیزیف، مۆزەخانەی پرادۆ ، مەدرید

# (٣) بـانێـژەبـاس

## بابەتی (١)

## (پەروەردەی پێشەنگ، ئایندەی پێشەنگ)

"پەروەردە ئایندەیە و ئاینده پەروەردەیە." ف. ش.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە(The Title of the Study):**

"پەروەردەی پێشەنگ، ئایندەی پێشەنگ" کراوەتە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، بۆ خەستکردنەوە و لێکبەسیتنی کۆی پڕۆسەی پەروەردە و گۆڕنکارییەکانی داهاتووی شارستانیەت و تەکنەلۆژیا و داهێنانەکانی ئاینده بەمەبەستی زامنکردنی ژیانێکی خۆش و شکۆدارانە بۆ هەمووان.

**مەغزای لێکۆڵینەوەکە(The Objective of the study) :**

- شیکردنەوەی مێژووی (١٠٠) ساڵی پڕۆسەی پەروەردەیی لە عیراق و کوردستاندا.
- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پەروەردە لە گۆڕانکارییەکانی ئێستا و ئایندەماندا.
- کۆسپ و تەگەرە و کێشەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی باشووردا.
- گوزەرێك بەناو کوچە و کۆڵانەکانی پەروەردەی هاوچەرخدا.
- پێشنیار و پڕۆژی و داواکاریی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی جددی و بنەڕتی.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە (The Method of the Study) :**

لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە (3) کوچکەیە:(خودی پڕۆسەی پەروەردە / مامۆستا / دام ودەزگا بەرپرسەکان) لە یەك ئان و ساتدا عەوجە بە یارمەتی چەند ڕێبازێکن، بۆیە ئاساییە سێبەری ئەم ڕێبازانە لەم بابەتەدا ببێنرێن:

- ڕێبازی شیکاریی شێوازیی(Stylistic Analysis Method) .

- رێبازی ڕەخنەی مۆدێرن(Modern Critical Method) .
- رێبازی ڕەخنەی ڕۆشنبیری Cultural Criticism Method) .

کۆسپ و گرفتی لێکۆڵینەوەکە(**The Study Obstacles**):

لەبەر ئەوەی ژینگە و کەلتوور و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی باشوور زۆر جیاواز و ناوازەیە، کۆسپەکانی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە دوو سەرەنە: لەلایەك لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەراورد ناکرێ، لەلایەکی دیکەش خودی تایبەتمەندییەکانی خۆی، زانستییانە و هاوچەرخانە کەم کاری جددیان لەسەرکراوە. داتا و ئامار و ئاکامەکان زۆربەیجار تەمومژاوی و گوماناوی دەخرێنەبەرچاو، بەمەستی ڕووسپیکردنەوەی کەس و لایەنی سوودمەند. تەمومژاوی فەلسەفەی پەروەردە لەو هەرێمەدا کۆسپێکی گەورەیە، ڕێگرە لە بژاردەکانی بەردەم لێکۆلەر لە لێکۆڵینەوەکانیدا.

پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە(**The Study Structure**):

لێکۆڵینەوەکە جگە لە ناساندن و پێشەکی، لە (٤) بەش و ئاکام و پەراوێز و سەرچاوە پێکهاتووە. لە پێشەکییەکەدا ئایتمە ئەکادیمییەکانی نووسینی لێکۆڵینەوە، خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم، تەرخان کراوە بۆ میکانزمی داینەمۆی پەروەردەو فێرکردن. بەشی دووەم، باس لە پێگەیاندنی مامۆستا دەکات. لە بەشی سێیەمدا، (٣) گرفتی دژواری پڕۆسەی پەروەردە لە عیراق و کوردستاندا قسەیان لەسەر کراوە، هەرچی بەشی چوارەمە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەنگاوانە تەرخانکراوە کە بەردی بناغەی پەروەردەی پێشەنگن. لێکۆڵینەوەکە چەند خاڵێک دەکاتە ئاکام.

**دوو قسە بۆ پەرەوەردە:**

قەڵەمڕەویی و دەوڵەتداری یان دەسەڵات و ڕژێم، کە بەرپرسیاریەتیی پیرۆز و مەزنی خزمەتکردنی کۆمەڵ دەگرنە

ئەستۆی خۆیان، ئەرکی سەرشانیانە کە هەموو ئەو بوارانەی خەڵک لە سایەیاندا دەحەسێنەوە و بەختەوەرانە ژیان دەگوزەرێنن، فەراهەمبکەن. بە واتایەکی دیکە، دەسەڵات بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵک دەبێ ببیتە چەترێکی زۆر گەورە و پتەوە و خۆڕاگر بەرانبەر ڕەشەبا و زریان و گەرداو و لافاو. جا هەر سێگۆشەیەکی ئەو چەترە بوارێک دەگرێتەوە، وەک بواری تەندروستی و ئابووری و دارایی و پلان و ئاسایش و بازرگانی و شارەروانی وگواستنەوە ...تاد. ستوونگی ئەو چەترە گەورەیەیی کە ئەو هەموو بوارەی بەسەر سەر خۆیەوە ڕاگرتووە و دەیپارێزی، پەردەوردەیە. هەر کاتێک ئەو ستونگە شکا یان چەماوە یان زەبرێکی بەرکەوت وخواربۆوە، ئەو تێکڕای هەموو بوارەکان، لە جێی خۆیان دادەکەون و دادەڕمین و دادەتەپن. کەواتە مەزنیی پەروەردە لەوەدایە کە کۆڵەگەی هەرە سەرەکیی ئەوخانووەیە کە ژیانی تێدا بەسەردەبەین.

لێرەدا بایەخ و مەزنیی پەروەردە بەدیار دەکەوێ و بە ئاسانی دەتوانین، بە بەڵگە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین کە بەراورد لە نێوان دوو وڵات دەکەین، یەکیان کە زۆر بایەخی بە پەروەردە داوە، بۆ نموونە وڵاتانی وەک سوید و فنلەند، وە وڵاتێک کە بە چاوی سووکەوە تەماشای پەروەردە دەکا، بۆ نموونە کۆماری عیراق.

**واقیعێکی پەروەردەیی نەگۆڕ لە عیراق و کوردستاندا:**

هەرچەندە پێش ئەوەی عیراق بکەوێتە ژێر فەرمانراوایی ئینگلیزەکان لە ساڵی (١٩٢١)، عوسمانلییەکان لە شار و شاروچکەکاندا نیزامی خوێندنیان لە حوجرەی مزگەوتان گوڕی بۆ قوتابخانەی سەردەمییانە. بەڵام ئینگلیزەکان پێشکەوتوانەتر و سەردەمیانەتر سیستەمەکەیان بەرەو پێشەو برد. پشکی کوردستانیش لە ژمارەی قوتابخانەوە و مامۆستاو قوتابی، هەرچەندە وەك پێویست نەبوو، بەڵام خراپیش نەبوو. کاتێك لەگەڵ ڕۆژگاردا، ژمارەی مامۆستاکانی کورد بەرەوهەڵکشان

چوو، قوناغیکی نوێ لە مێژووی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان دەستی پێکرد. بەڵام حەیف و مەخابن، لەبەر بیری نەتەوەپەرستیی و ڕەگەزپەرستیی و ڕۆحی چەوساندنەوەی نەتەوە بچووکەکان و باڵادەستی داگیرکەران و نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی حکومڕانی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی بەغداو بەردەوام بوونیان لە پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد، بوونە هۆکاری چەوساندنەوە و یەخسیرکردن و بەکۆیلەکردنی مامۆستای کورد. بۆچی وە چۆن؟(ژیار، ژمارە ٢٦، ٢٠١٨)

ئەگەر بەوردی سەرنج لە قۆناغ و هەنگاوەکانی پەروەوردە بدەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە کە لە سەردەمی ئینگلیزەکانەوە تا ئەم ساتە وەختە، فەلسەفەی دەسەڵاتە جیاوازەکان لە پەروەردەدا هەر دوو شت بووە:

یەک: پێگەیاندن و دەرچوواندی ئەو فەرمانبەرانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەولەتداریی خۆیان پێویستیان پێێ بووە. ئەوان ئەوەندەی لە بیر و خەمی فەراهامکردنی کاری خۆیان بوون، نیوئەوەندە لە خەمی ئایندە وڵات و و ژیانی هاووڵاتیانیان نەبوون.

دوو: هەر دوای کوتادەیەکەی قاسم لە ساڵی (١٩٥٨)، تا ئیمڕۆ، پەروەردە بە هەموو جومکەکانیەوە، یەخسیکرا بۆ خزمەتکردنی حزب و دەسەوڵات و دەنگ کۆکردنەوەو پاراستن و بەرگریکردنی لە کورسی و دەسەڵات و هێزەکانی خۆیان. ئەمەش بەتەواوی ڕێچکەی پەروەردە و فێرکردنی گۆڕی و ئاکامەکەی، ئەو ئاستە نزمەیە کە ئێمڕۆ لە هەرێم و عیراقدا بە چاوی خۆمان دەیبینین.

لەم سەت ساڵەی ڕابردوو، نزیکەی (٧٩) وەزیری پەوردە، بەرپرسیارییەتی پەروەردە و فێرکردنیان لە عیراق و هەرێمدا گرتۆتە ئەستۆ، (وزارة_المعارف_(العراق ٧/ ٨/ ٢٠١٩)، هەیە پتر لە جارێک چووەتەوە سەر کوردسییەکەی، لە نێو هەموو ئەو وەزیرانە، ناوی یەک تاکە وەزیر، لە مێژووی پەروەوردەی ئەم وڵاتەدا، نایەتە بەرچاو کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ومەزنی لە

کۆی پرۆسەکەدا کردبێ و توانییەتی لە قۆناغێکە و بیگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر و بەرزتر. بە پێچەوانەوە، وەک میزی وشتر، ئەوەی هاتووە، دەستکورتر و بێوەجتر بووە لەوەی پێشە خۆی، تا بەو رۆژگارە گەیشتوون. دەنا سەت ساڵ بۆ پێشخستن و گەشەکردنی پەورەردە، لە وڵاتێکی ساماندار و دەوڵەمەندی وەکوو عیراق، مێژوویێکی کورت نییە.

## بەشی یەکەم

### میکانزمی داینەمۆی پەروەردەو فێرکردن:

کە بارۆن کارڵی ئەڵمانی لە ساڵی (١٨١٧) یەکەمین پایسکلی داهێنا، ئەو هەر دەیەویست چەند هەنگاوێک بەبێ ماندوو بوون ڕێبکات و ئامرازێکی نوێی گواستنەوە دابهێنێت، قەت لەو باوەڕەدا نەبوو داوی سەت ساڵ لە داهێنانەکەی، دەیان و سەدان گۆڕانکاریی جەوهەری بەسەر داهێنانەکەی ئەو دادێت و دەبیتە ئەو پایسکلەی کە ئێمرۆ دەیبینین و بە وزەی خۆر بە خێراییەکی باش و بەو پەڕی سەلامەتییەوە، سوارەکانی دەگەێنێتە شوێنی مەبەست و بوجەیەکی باشیش بۆ دەوڵەت و هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات، پایسکلی هاوچەرخ ئێمرۆ نرخەکەی لەسەرووی (٧) هەزار دۆلارە. دەکرێ کۆی پرۆسەی پەروەردەش هەر بەو پایسکلە بشوبهێندرێت، لەوەی کە دەیان و سەدان گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و بەردەوامیش لە گۆڕانکاریی دایە. لە پرۆسەی پەروەردەدا فێرخواز، تایەی پێشەوەی پایسکلەکەیە، پەیدان و چەرخ و زنجیر و گێر و تایەیی پشتەوەی،ئامرازەکانی فێرکردنن، مامۆستاش، پایسکلسوارەکەیە، کە گەورەترین ئەرکی دەکەوێتە سەرشان، هێز و توانا و زانیاری و شارەزایی و و ڕەوشت جوانی وتێڕوانینی ئەو پایسکلسوارە، تا بڵێی بایەخدارە بۆ گەیاندنی پایسکلەکە بە سەلامەتی بۆ شوێنی مەبەست، بە باشترین و جوانترین و خۆشترین ڕیگاوبان.

لێرەدا، دەبینین، هەر گۆڕانکارییەک لە پێکاتە و کاری ئەو پایسکلەدا بکرێ، دەبێ پایسکلسوارەکە (مامۆستا) شارەزایی و ئەزموونی پێویستی هەبێ بۆ جوان بەکارهێنانیان.

پرسیارە بایەخدارەکە لێرەدا ئەوەیە، فێرخواز چی دەوێ:

لێکۆڵینەوەکان، لەسەر هەموو ئاستەکانی خوێندندا، گەیشتتونەتە ئەو ئەنجامە کە خوێندکار تەنها (٣) داواکاری هەیە:

یەک: دادپەروەری، لە هەر کردار و ڕەفتارێک کە مامۆستا و دەزگاکانی فێرکردنی، بە هەموو ستاف و ئەندامەکانیانەوە، دەینوێنن.

دوو: ڕیزگرین، بەو واتایەیی کە شکۆی کەسێتیی ئەو فێرخوازە بپارێزرێت و کەرامەتی وەک مرۆڤ بنرخێندریت، لە باغچەی منداڵانەوە، تا خوێندکارانی بڕوانامە بەرزەکان.

سێ: تێرکردنی بە زانست و مەعریفەی بەسوود و پێشکەوتوو و هاوچەرخ و واقیعبینانە کە بتوانێ ببێتە بونیاتنەری ژیانێکی نوێی پڕ لە خۆشی و ئاسوودەیی بۆ هەمووان (Farr, Clarissa, 2019, P. 124).

هەموو ئەم کارانە لە نێو دیواری ساختومانێک بەڕێوەدەچن و جێبەجێ دەکرێن کە پێیدەڵێن (قوتابخانە / خوێندنگە)، دەمێکە گوتراوە کە "کەس ناتوانی جیهان بگۆڕێت، تا قوتابخانە نەگۆڕێت"، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بونیات و پێکهاتە و بنەمە سەرەکییەکانی قوتابخانە دادێن، هەرچییەک بن و بەهەر شێوەێک بن، دەبێ لە چوارچێوەی ئەم (٤) خاڵەدا، ئەنجامبدرێن:

١) دەبێ قوتابخانە شوێنی ئاسوودەیی فێرخوازبێ و هەرگیز نەبێتە مایەی ترس، ترس بەهەموو تەرزەکانیەوە.

٢) دەبێ قوتابخانە، خانەی گوێگرتن بی لە فێرخواز، هەر تەمەنێک بن و هەرچییەک ئەوان بیڵێن بەبێ ئەوەی لەدەمیان بدرێتەوە.

٣) دەبێ ئەو مەڵبەندە کارگەی گۆڕانکاری بێ، ئەو قوتابخانەی توانی گۆڕینی نییە، لە بەرد و دار بەوەلاو هیچی دیکە نییە.

٤) دەبێ قوتابخانە، فێرخواز نەکاتە مشک و کەروێشک بۆ تاقیکردنەوە، بەڵکو دەبێ بیکاتە ماددەی جەوهەری گۆڕانکارییەکان.

. (Vaneeta D'Andrea, David Gosling, 2005, P. 65)

لێرەدا دەکرێ بڵێین کە قوتابخانە دارستانە و پێکهاتەکانی بەم شێوەیە:

زانست ... خاک و خۆڵ

مامۆستا ... ئاو

خەون و هیوا ... تیشکی خۆر

کەواتە ئەگەر قوتابخانەی مەڵبەندی گۆڕانکاری بێ و مامۆستاش داینەمۆی ئەو گۆڕانکاریانە بێ دەبێ مامۆستا لەو (٣) بنەمای سەرەکییەی فێرکردن، شارەزایی باشی هەبێ:

فێرکردن چییە؟

چییان فێربکەن؟

چۆن فێریان بکەن؟

فەرهەنگی (Merriam-Webster) بەم شێوەیە واتای زاراوەی (فێرکردن) لێکدەداتەوە:

- ئەو کارە یان ئەزموونەیە کە یەکێک فێری دەبێ.
- زانیارییەک یان ئەزموونێک لە ڕێی دەرسپێدان یان سەعیکردن وەدەستدێ.

○ گۆڕانکاریکردن لە شێوازی هەڵسوکەوتێک لەڕێی ئەزموونەوە
https://www.merriam-webster.com/dictionary/learning))

هەرچی خاتوو(سۆزان ئەمبرۆز Susan Ambrose) ە- پرۆفیسۆر لە ڕشتەی پەروەرەردە و مێژوو لە زانکۆی(Northeastern) ، بەم وشانە پێناسەی (فێرکردن) دەکات و دەڵێ:" فێرکردن کاروچالاکییەکە کە هۆکارە بۆ گۆڕین، ئەویش دەرهاویشتە ئەزموونێکە دەبێتە وەسیلەی زیادکردنی توانستی پێشکەوتووی ئەنجامدان و داهاتووی فێرکردن(Susan_A._Ambrose, 2008) ".

جا ئێمرۆ لە کتێبخانە ناودارەکاندا، پەیوەست بەم بابەتە، بە هەزاران ناونیشان لەبەردەستدان، ڕۆژیش نییە لەسەر ئاستی بەرز و بڵندی مەڵبەندە تایبەتمەندەکاندا، کۆڕ و سیمینار و (Workshop) و کۆبەند بۆ پێشخستن و سەرخستنی ئەم بابەتە ئەنجام نەدرێن. ئەوە جگە لەو هەموو پرۆگرام و کتێب و نامیلکانەی پشتی ڕەفتەی کتێبخانەکان و قوتابخانە و پەیمانگە و کولێژەکانیان کۆم کردووەتەوە. هەر هەمووشیان هەڵگری یەک خەون و پەیامن:

چۆن ئەدای مامۆستا باشتر بکەین؟

جا لەم بوارەدا، لەگەڵ هەموو سەرچاوە و زانیاری و تیۆرییەکانی فێرکردن، نابێ ڕۆڵی سەرەکیی ئەزموونی کەسی مامۆستا فەرامۆش بکەین.

## بەشی دووەم

### هەنگاوێک بەرەو مامۆستایەتی:

لەوەتەی نووسین داهێنراوە، ڕێنمای و ڕێباز و بنەماو تیورییەکانی فێرکردن لە گۆڕانکاری دان و لەو پەنجا ساڵەی دوایی هێندە کتێب و نامیلکە دەربارەی فێرکردن و قوتابی و قوتابخانە چاپکراون کە ڕەنگ بێ تای تەرازووەکەی بەقەد هەموو بەرهەمەکانی مێژوو بێ. جا پێشکەوتن و داهێنانە

تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمە، هێندەی دی زانیاریی وردی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی پەخش کرد.

کەواتە فەرز و سوونەتە، کە ئێمەی کوردیش ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانکارییان و زانیارییانە بین و لە خزمەت پەروەردە و فێرخوازەکانی خۆماندا تەوزیفیان بکەین. ئەمەش دوای ئاوێتەکردنیان بە کەلتوور و مێژوو و باری کۆمەڵایەتی و فکری و ڕۆشنبیری خۆمان. بەندە هەمیشە جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردووەتەوە، کە ئەو سیستەمە پەروەردەییەی دەبێ ئێمە پەیڕەوی بکەین، سیستمی سوێدی یان فنلەندی یان کۆری یان ئینگلیزی ...تاد نییە، بەڵکو سیستەمی (کوردیانەیە) – نەک کۆردانە. کە لەم پێناسەیەدا چڕی دەکەمەوە:

"سیستمی پەروەردەیی کوردیانە، تێکەڵەیەکە لە تیۆری و پراکتیزەکردنی زانیارییەکانی پەورەردەیی هەموو جیهان، ئاوێتەکراو بە کەلتوور و مێژوو و ڕۆشنبیریی تایبەت بە فێرخوازی کورد و ژینگەکەی".

بنەماکانی ئەم سیستمە، زۆرن، هەرە بایەخدارەکانیان، لێرەدا خسست دەکەمەوە:

یەک: مەعریفە هێزە **(Knowledge is Power)** :

بەدێژایی مێژوو سەرچاوەکانی هێز فرە کانگا بوون، وەک هێزی چەکداری، دەسەڵاتی سیاسی، پارەو پوول، پایە و مەقام، ئایین و باوەڕداری... تاد، بەڵام دوای چەندان لێکۆڵێنەوە، دەرکەوتووە کە بەنرخترین و بەردەوامترین و کاریگەرتیرن هێز، هێزی زانست و زانیاری و مەعریفەیە. کەواتە دەبێ هەوڵی جددی بدرێت بۆ پڕچەککردنی مامۆستا بە زانیاری و مەعریفەی بەکەلک و پێویست.

" مێشکی مرۆڤ بەکاوەخۆ فێر دەبێت، وەرگرتن و فێربوونی مەعریفەی نوێ پێویستی بەکات هەیە و ئیشی ڕۆژ و حەفتە و مانگ نییە... پێویستی بەئامانجی دیاریکراو و بەدواداچوونی

جدیی بۆ هەنگاوی بەردەوام و پراکتیزەکردنی هۆشیارانە هەیە. دەبێ پابەندی بەند و یاساوڕێساکانی بەرنامە و پرۆگرامەکانیشی بێ(Richard Bandler, 1985, P.33) .

بەگوێرەی توێژینەوەکانی ئەو دوو لێکۆلەر، مامۆستای ئەزموونداری و کارامە، پێویستی بە(٨ تا ١٠) ساڵ وانە گوتنەوە هەیە – و مامۆستای بلیمەتیش دە هەزار سەعاتی گەرەکە تا بگاتە ئەو مەقامە باڵایە.

دوو: هەمیشە فێرخواز(**Lifelong Learner**):

بەچاوخشانێکی سەرپێی بە پەیرە و پرۆگرامەکانی خوێندنی عیراق و کوردستان، بۆت بەدیاردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکی و بنەڕتیی زۆربەی قوتابخانەکان تەنها ئەوەبووە، کە فێرخواز فێربکەن و بڕوانامەیەکی لە مستێ بنێن و دەریبچوێنن، ئەوجا ئەویش بتوانی بۆخۆی وەزیفەیەک وەدەست بێنێ و گوزەرانی ژیانی پێبکات. فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ، لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا، لەسەر بیرۆکەی ئامادەکردنی فێرخوازی بەردەوام و هەمیشەیی بونیاتنراوە، ئەوان هەر مامۆستا پێناگەینن، بەڵکو مامۆستا بۆ هەموو کایە و بوارەکانی ژیان پێدەگەێنن، بەواتایەکی دیکە، ئەوان دکتۆر و ئەندازیار و دەرمانساز و پەرستیار و فیتەر و شۆفێر و کەناس ... دەرناچوێنن بەڵکو، دکتۆری مامۆستا و ئەندازیاری مامۆستا و دەرمانسازی مامۆستا و فیتەری مامۆستا... پێدەگەێین. وردتر بڵێین، ئەگەر لە لای ئێمڕۆ پەرستیار هەر لە نەخۆشخانە خزمەتی نەخۆش بکات، ئەوا پەرستیارەکانی وان، هێندە زانیاری و دەرس بە نەخۆش دەدەن، وەک مامۆستا، تا بتوانێ بۆ خۆی لە ماڵەوە خزمەتی خۆی بکات و ئاگاداری تەندروستیی خۆی بێت. ئەمە بۆ پیشەکانی دیکەش هەر وایە.

سێ: مێشکی مرۆڤ دوو هۆبەیە: بانک و سکەلێدەر
**(Human brain is a Storage and Mintage)**:

بۆ ئەوەی قوتابییەکی بە توانا و کاراماو هۆشیار پێبگەێنیت، دەبێ مامۆستایەکی بە توانا و کارامە و هۆشیارت هەبێ، ئەو مامۆستایەی سالأنێکە دەرچووە و هەر کتێبەکەی پرۆگرامی پۆل دەخوێنێتەوە، دەمێکە لە مامۆستایەتی چووەتەوە یان مردووە. دواین لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە مێشکی مرۆڤ، بە تاڵە، گەر وەک دەخیلە، رۆژانە شتێکی تێنەکەی نابیتە خاوەن هیچ، ئەمەش بەوە دەکرێ کە مامۆستا بەردەوام بێ لە وەدەست هێنانی نوێترین و هاوچەرخترین زانیاریی. مامۆستای مێشک بە تاڵ، وەک کەسێکی باخەڵ بە تاڵە، ناتوانێ شتێک بخاتە نێو دەخیلەکەی قوتابی. جا مێشکی مرۆڤ ناتوانێ باش بیربکاتەوە، گەر باش پڕ زانیاریی نەکرابێت، نەبوونی یان کەمی زانیاری، مێشک خاو دەکاتەوە یان لە بیرکردنەوەی دەخات. (.Leinhardt, 1987, P.225)

چوار: فێرکردن زنجیرە (**Learning is a Chain**):

کارکردنی مێشکی مرۆڤ کتومت لە کارکردنی میمۆری دەچێت. هەمیشە زانیارییەرکان ئەلقە ئەلقە وەک زنجیر بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەر زانیارییەک وەک ئەلقەیەکی پساوی بێ سەرەتا و بنەتا پێشکێش بکرێ ئەوا ناتوانی ئامانجی خۆی بپێکێ، گەر بچێتە مێشکیشەوە ئەوا تەمەن کورتە و زوو لەبیردەچیتەوە، بۆیە باشترە مامۆستا هەموو زانیارییەکی نوێی بە ئەلقەیەکی پێشتر ببەستێتەوە و وەستایانە بەیەکەوە گرێیان بدا، ئەمە مێشک هۆشیاردەکاتەوە و وزەیەکی زۆری پێدەدا و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاریی نوێ. پێشکیشکردنی زانیارییەکانیش زۆر شێوەی هەیە: سیستمی کاری خێراو سیستمی کاری هێواش( Fast Operating System Short term memory / and Slow Operating system(Long term memory (David Ausubel,2002, P. 22 )

پێنج: پێنج هەستەوەرە بەخەبەرەکە(**The Five Awake Senses**) :

یەکێک لە ڕێگا سەرکەوتووەکانی فێرکردن، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەودەکرێ، بەگەڕخستنی هەر پێنج هەستەوەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە: هەستەوەری بیستن و بینین و بۆنکردن و تامکردن و دەستلێدان، لە کاتی گوتنەوەی وانە و لە تاقیگە و مەڵبەندەوکانی فێرکردندا. پسپۆڕانی بابەتەکە ئەم فۆرمەلەیان بۆ وانەگوتنەوە، سازکردوە، بەتایبەتی لە فێرکردنی زماندا(تەماشای بکە ـ بیڵێرەوە ـ دەستی لەسەردانێ ـ بینووسەوە ـ سەرنج بدە بزانە چیت کردووە).

(Look - say - cover - write - check)

Wendy Berliner & Deborah Eyre, 2018 , P. 76))

شەش: ڕاهێنان لەسەر ڕێساکانی مرۆڤ بوون

**:(Training on Humandeing's Principles)**

لەپاڵ هەموو چەمکەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە سیستمی پەروەردەی پێشەنگدا، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە، هەوڵی جددی دەدەرێ کە فێرخواز فێربکرێ و ڕابهێنریت لەسەر قامتێک لە ڕیسا و چەمکی بەهاداری وەک:

- کەسێکی سۆزدار و مرۆڤدۆست بێت.
- بەرگەی سەرکێشی و زۆرانبازی و تەگەرەکانی ژیان بگرێ.
- بتوانی بۆخۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات.
- بتوانی بۆخۆی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.
- خۆش مەشرەف بێت و بتوانی لەگەڵ کەسانی دیکە خۆژی بیت و کار بکات.
- ڕیزی خۆی و هەموو کەسانی دەوروبەری بگرێ.
- بوێر و چاونەترس بێ.
- بتوانی چێژ لە تەمەن و ژیانی خۆی وەرگرێ.
- هەمیشە کراوەو گەشبین و دڵڕوون بی.
- بەردوام خەریکی خۆفێرکردن و خۆ پێگەیاندن بێ.

- کەسێکی داهێنەر بێ(Ramsey, Patricia G, 2004, P.54) .

حەوت: مامۆستای قدوە (Be Model):

فێرخواز هەمیشە سەیری مامۆستای خۆی دەکات وەک: ڕابەر، پێشەنگ، سەرکردە، ڕاوێژکا، باوک، دایک، دەستگر، پشتیوان، جەرگسۆز، شارەزا، زاناو دانا، دیار و پایەدار. پێگەێنەر. بۆ ئەوەی مامۆستا ببێتە کەسێک هەموو ئەو خەسڵەتانە لە خۆی کۆکاتەوە، دەبێ هەوڵی جددی بدات ببێتە مامۆستایەکی قدوە و نموونەیی. ئەمەش ئەزموون و کار و شەونخۆنی و خۆشەویستی و سەبر و ئارام و خۆڕاگری و باوەڕ و متمانەی دەوێ و بە شەووڕۆژێک ناگاتە ئەو مەقامە. لێ ئەگەر بەرنامە و پرۆگرامی ورد و جوانی بۆ داڕێژێ و پیشەکەی خۆی خۆش بووێ ئەوا دەتوانی بگاتە ئەو خەونە پیرۆزە.

## بەشی سێیەم

**(٣) گرفتە دژوارەکەی پرۆسەی پەروەردە لە عیراق و کوردستاندا:**

دەمێکە عیراق و کوردستان، لە ئاکامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورەییەکانی بەسەریان داهاتووە، بە دەست (٣) گرفتی درێژخانەی کوشندەوە دەناڵێنن:

یەک: گرفتی سیستمی پەروەردە:

لەبەر نەبوونی ئاسۆی تێگەیشتنێکی ڕوون و فەلسەفەیەکی پێشکوتووی هاوچەرخ و بەکەلەک، پەروەردە بۆ خۆی بووەتە گرفتێک بە مل پەروەردە داهاتووە. زۆربەی هەرەزۆری فەرمانبەرانی ئەم دەزگایە، لە بەردەست و پاسەوانەوە تا بەڕێوەبەری گشتی و وەزیر، وەک فەرامبەرێکی ئاسایی کاری ڕۆژانەیان بەڕێوەدەبەن، بەبێ ئەوە پەیڕە و پرۆگرام و ڕێبازێکی دیاریکراویان هەبێ لەسەری بڕۆن. جوانترین نموونە، ئەوەیە دەبینین، وەزیر نەخشە و پلانێک دادەنێ، کە دوای چوار

ساڵ وەزیرێکی دیکە دێتە جێی، خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر کۆی نەخشە و پلانەکەی پێشتر دادەنێ و دەیانسرێتەوە. جا، پەیڕە و پرۆگرامەکانی ئەوەیش هەر ئەوە چارەنووسی دەبێ.

پەروەوردە، لە عیراق و کوردستان نەک هەر لاواز و بێهێز بووە، بەڵکو لەسەرە مەرگیەتی لەبەر ئەو هەموو کێشە کەڵەکەبووەی سەروگوێلاکی، لەزۆری فێرخواز و ئاست نزمی زۆربەی زۆری مامۆستا و دەستوپێ سپی زۆربەی ئەوانەی لەم دەزگایە کاردەکەن و کەمکوڕی ساختومانی قوتابخانەکان و بێسەوبەری پەیڕە و پرۆگرامەکان و زۆری مەکۆی بریاردان و فەرمان دەکردن ... تاد.

دوو: یەخسیرکردنی پەرورده بە دەست دەسەڵاتی حوکمڕان و حزبە سیاسییە باڵادەستەکان:

نزیکەی سەت ساڵە دەزگاکانی پەروەردە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، کراونەتە دەستکەلای دەسەڵاتی حکومڕان و حزبە سیاسییە باڵادەستەکانی وڵات، ئەوەندەی ئەوان ئەو دەزگایەیان بۆ خزمەتکردنی دەستە و تاقم و دروشم و بیروباوەڕی خۆیان بەکارهێنەوە و لە خەمی دابوون، نیو ئەوەندە لە خەمی فێرخواز و ئایندەی وڵات دانەبوون. پەروەردەیان کردووەتە مینبەری پڕۆپاگەندەی حزبیی خۆیان، بەکاریان دەهێنن بۆ دەنگ وەدەستهێنان و بەڕێوەبردنی کاروباری حزبی خۆیان... ئەمە لە کاری ڕۆژانە مامۆستاکان و فێرخوازەکان ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کۆلێژ و زانکۆی تایبەت کرانەوە بۆ خزمەتکردنی حزب و ئامادەکردنی کادیری خۆیان. نمرە بەشینەوە و کورسیی خوێندن پێشکێشکردن و مەسرەفکردن و هات و باتی تایبەت بە خزمەتکردنی ئەندامانی حزبی خۆیان، بەشیک بوون لە پرۆگرام و بوجە و ئەرکی پەروەردە. ئەم دۆسییەیە هێندە پڕ گەندەڵی و پۆخرەواتە کە باسی دوورودرێژ هەڵدەگرێ. ئەو بارە قورسە کاریگەری نەرێنی قورسی لەسەر پرۆسەی پەروەردە و ئاکامەکانی هەبووە،

وەک دەیبینین. دواتریش کەوتنە بازرگانی کردن بە پەروەدە بە کردنەوەی ئەو هەموو مەڵبەندە ئەهلییانەی فێرکردن لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆ، دوای پشتگوێخستنی قوتابخانە حکومییەکان.

سێ: کۆمەڵی متمانە داڕووخاو:

لە پاڵ خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم، تێروانین و قەدر و قیمەتی پەروەردە لە چاوی تاک و کۆمەڵانی خەڵکی عیراق و هەرێمی کوردستان، کاردانەوەی زۆر خراپی لە سەر پرۆسەی پەروەردە بەجێهێشت. باری قورسی ژیان و سیاسەتی حزبایەتی و جەنگە خوێناوییە یەک لە دوایەکەکانی ئەم وڵاتە وایانکرد، مامۆستا نەک هەر ببێتە ئەندامێکی ناچالاکی کۆمەڵ بەڵکو، بە کەسێکی لاواز و کەسایەتی داڕووشاو و رێزلێنەگیراو. مامۆستایان کردە شۆفێر و کرێکار و فیتەر و وەستاو لەبغچی و پرێمزچی و تەنەکەچی و کورتاندروو و شێڵمفرۆش و دەستگێر - لەگەڵ هەموو ڕیزێکم بۆ خاوەن ئەو پیشە پیرۆزانە. لە کاتێکدا ئیشی مامۆستا هەر مامۆستایەتییە و ئەو هەر ئەو پێشەیەش دەزانێ و لێی خوێندوە. دەسەڵاتەکان بەجددی کاریان کرد، سەریشکەوتن، لەوەی کە مامۆستا لە مامۆستاییەتی بخەن و بچوێنەوە. بەوش وایان کرد کە کۆمەڵی خەڵکانی عیراق و هەرێمی کوردستان، ئەو قەدروقیمەتی جارن نەدەنە مامۆستا و وەک کەسی پێشەنگ و ڕابەر و فریادڕەس سەیریان نەکەن. ئەمانە هەموو وایان کرد خودی مامۆستا متمانەی بە خۆی و پیشە پیرۆزەکەیەوە نەمینێ. زۆر ئاکامی نەرێنی لێکەوتەوە کە ڕوومان نییە لێرە بیانخەینە ڕوو.

## بەشی چوارەم

### هەنگاوێ بەرەو پەوروەردەی داهێنەرانە:

ئێستا چارەڕێگا چییە بۆ دەربازکردنی پەروەردە لەو دۆخە نەشیاو و خراپ و بارکەوتووە؟

وەک مامۆستایەکی خاوەن ئەزموونی (٣٥) ساڵ مامۆستایەتیم لە هەر سێ کیشوەرەوکەی جیهانی کۆن (ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا)، ناتوانریت، گۆڕانکاریی بنەڕەتی و جددی لەو پرۆسەی پەروەردە و دەزگاکانی پەروەردە بکەین، تا هەوڵی جددی نەدریت بۆ جێبەجیکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە. بەدەر لەمانە ئەوەی دەکرێ پینەو پەڕۆیە و کات کوشتنەوە پارەوپوول بەفیرۆدانەوە، خەستکردنەوەی پتری قوڕەگیراوەکەی سەرسەری پەروەردەیە:

یەک: گەراندنەوەی شکۆی پیرۆز و مەزنی بۆ مامۆستا:

نالێم مامۆستاکانمان شکۆیان شکاوە، بەڵام دڵنیام کە داڕوشاوە و زامدارکراوە و خراپیش زامدار کراوە. گەڕانەوەی شکۆ بۆ مامۆستا زۆر ئاسانە و یەک هەنگاوە، ئەوەیش ئەوەیە مامۆستاکان بگەڕێنینەوە قوتابخانەکانیان. شوێنی پیشەی مامۆستا قوتابخانەیە، هەرگیز نێو تەکسی و فیتەرخانە و نانەواخانەوە و سەر دوکان و وەستاو کرێکاری ماڵان و بازاڕ نییە. مامۆستا ناچارکراوە هەوڵ بدات بە ڕێگەیەکی شەریفانە دوو پوول بۆ ماڵ و منداڵی پەیدا بکات. هەر کاتی ژیان و گوزەرانی مامۆستا زامن کرا. دڵنیا بن ئەو ئامادەیە واز لەو ئیش و پیشانە بێنێ. ئەوەیش حەز دەکات پۆشتەو پەرداغ بێت و وەکوو مامۆستاکانی (٥٠) ساڵ پێش ئێستا لە خۆشی و ئاسوودەییدا بژی. ئەمەش پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانە دێ:

یەک: چاککردنی گوزەرانی مامۆستا فەرزو سوونەتە . ئەوەیش بە:

- چاوخشانەوە بە مووچەکەی.
- زامنکردنی بیمەی تەندروستی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی.
- ئاسانکاری لە خانوودوستکردن و ئۆتۆمبیل کرێن و ماڵ و خێزان پێکەوەیان.
- ئاسانکاری لە کڕینی شتومەک و کاڵای پیویستی ژیانی ڕۆژانە.

- ئاسانكاری لە هۆیەكانی گواستنەوە و داشكانی پلیتی سەفەری خۆی و مال و منداڵی.
- ڕەچاوكردنی ئەو مافانەی كە نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ ماموستایان داناوە. كە پتر لە (٢٢٥) مافە.
- سەربەستكردنی ماموستا لە كاری حزبیدا، بەو مەرجەی لە دەرەوەی مەڵبەندی خوێندن بێ.
- زامنكردنی سەندیكای سەربەخۆی بێلایەن بۆ پاراستن و دەستگرتنی ماموستا لە كاتی پێویستدا.

دوو: بەرزكردنەوەی ئاستی ماموستایەتی ماموستا:

بەشداری كردنیان لە خوولی فێركردن و مەشقكردنی جددی و بەكەلك و هاوچەرخ بە سەرپەرشتیی پسپۆڕانی كارامە و شارەزا و بەتوانا. لە(٩٩٪) خوولەكانی مەشق وڕاهێنانی عیراق و كوردستان نەزۆك و زڕ و بێكەلك و مەنفەعەت بوون. ئەوەند بۆ پارە پەیداكردن و كات كوشتن بووە، چارێگێكی بۆ دەستگرتنی ماموستا نەبوو. كوان ئەو ماموستایانەی لەو خوولانە بوون بە ماموستای داهێنەر؟

سێ: بەرنامە و پرۆگرامی سەردەمییانەی خوێندن:

هەموو پرۆگرامەكانی خوێندنی عیراق و كوردستان پێویستیان بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە. پیویستە سەردەمییانە و هاوچەرخانە بن و ئامانجەكانی پەروەردەو فێركردن بپێكن.

چوار: دانانی نەخشەو پلانی تۆكمە و بەهێز و بەپێز و بە قیمەت بۆ ماوەی (٥) ساڵ، (١٠) ساڵ، (١٥) ساڵ. لە پانزدەمین ساڵدا دەبێ هەموو بەندو خاڵ و چەمكەكانی ئەو نەخشە و پلانە جێبەجیكرابیت و پەروەردە بچێتە قۆناغێكی زۆر پێشكەوتوو. (بو نموونە وەک وڵاتی فنلەندەمان لێ بێ).

پێنج: كۆی دەزگاكانی میدیا پشتیوانی نەخشەی تازەی پەروەردەبن:

هاوکاری و هەماهەنگیی تێکڕای دەزگاکانی میدیا بۆ هەنگاوی جوان و جددی دەزگاکانی پەروەردە، فەرزو سوونەتە. مەحاڵە پەروەردە بتوانێت گۆڕانکاریی ئەرێنی ئەنجام بدات، لە وڵاتێکدا میدیا بەربەرەکانی بکات و دەستی نەگرێت و نەبیتە پشت و پەنای.

شەش: ڕوخاندنی دیواری نێوان قوتابخانەی حکومی و قوتابخانەی ئەهلی:

هەمیشە دەوڵەت لە تاکی هاووڵاتی دەوڵەمەندترە و دووربینترە و بە تواناترە، ناکرێ مەوداوی نێوان قوتابخانەی حکومی و قوتابخانەی ئەهلی هێندە لێک دوور بن وەک بڵێیت قوتابخانەی ئەهلی لە لوتکە دابێت و ئەوەکەی دی لە دۆڵ. ئەگەر قوتابخانەی حکومی باڵاتر و پێشەنگتر و باشتر نەبێ، دەبێ بەلامی کەمی، هاوتەریبی قوتابخانەی ئەهلی بێت. جا گەر ئاستی قوتابخانەکانی حکومەت باش بن، کێ ڕوو لە قوتابخانەی ئەهلی دەکات؟

حەوت: هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا:

کۆی دەزگاکانی پەروەردە، کار دەکەن بۆ ئامادەکردنی فێرخواز بۆ زانکۆیەکان، نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری و نەخشەوپلانی هاوبەش لە نیوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا، بە زەرەری سەرلەبەری پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەکەوێتەوە. چەندان ساڵە، وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرکۆنەی وەزارەتی پەروەردە دەکات بەوەی کە فێرخوازی ئاست نزمان بۆ دەنێرن. لە بەرانبەردا، وەزارەتی پەروەردە بەوە وەڵامی خوێندنی باڵا دەداتەوە کە مامۆستا دەرچووەکانی ئەوان بێ قابیلیەت و بێئەزموون وکەم عیلم و مەعریفەتن!

**ئاکام:**

ئاستی پەروەردە لە عیراق و کوردستان زۆر داوکەوتووە. دەسەڵاتدارن پەروەردەیان پشتگوێ خستووە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن. گۆڕانکاری لە سیستم و دەزگای پەروەدە پێویستی بە:

- چاککرانی باری بژێوی و گوزەرانیی ماموستا و فەرمانبەرانی هەیە.
- بەشداری کردنی مامۆستایان لە خوولی جددی و هاوچەرخی بە کەلک.
- بەرنامە و پرۆگرامی سەردەمییانەی خوێندن.
- کۆی دەزگاکانی میدیا پشتیوانی نەخشەی نوێ پەروەردەبن.
- ڕوخاندنی دیواری نێوان قوتابخانەی حکومی و قوتابخانەی ئەهلی.
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پلان و نەخشەدادان.

**سەرچاوەکان:**


١) (وزارة_المعارف_(العراق ٧/ ٨/ ٢٠١٩) ماڵپەڕ.

٢) گۆڤاری ژیار، ژمارە. ٢٦، هەولێر، ٢٠١٨.

3)Clarissa Farr, 2019, Clarissa Farr The Making of Her : Why School Matters , Published by William Collins, New York.

4)David Ausubel ,2002, Theory and problems of Adolescent Development, USA.

5)https://www.academia.edu/6743627/How_Learning_Works_Seven_ResearchBased_Principles_for_Smart_Teaching._Susan_A._Ambrose_Michael_W._Bridges_Michele_DiPietro_Marsha_C._Lovett_Marie_K._Norman_with_a_Foreword_by_Richard_E._Mayer

6)https://www.merriam-webster.com/dictionary/learning

7)Ramsey, Patricia G., 2004, Teaching and Learning in a Diverse World, 4th edition, London.

8)Richard Bandler,1985, Using Your Brain For a Change, Real People Press, Utah, USA.

9)Vaneeta D'Andrea, David Gosling, 2005, Improving teaching and learning in higher education : a whole institution approach , London.

10)Wendy Berliner and Deborah Eyre, 2018, Great minds and how to grow them: high performance learning Published by Routledge. London.

## بابەتی (٢)

## "ئەزموون" وەك ئەزموون و وانە

ئەم بابەتە، پووختەیەکە دەربارەی(ئەزموون و مرۆڤـ) و لێکۆڵینەوەیەکی سەردەمیانەیە، بۆ کاری ڕۆژانە و ئاسانکردنی کردنەوەی گرێ ئاڵۆزەکانی هێندێ هەڵۆیستی هاوبەش، بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن و ئاشنابوون بە ژیان و بوون.

**ئەزموون چییە؟**

لە منداڵییەوە لە بن گوێماندا دەخوێنن کە ژیان جگە لە کەڵەکەچنێك لە ئەزموونی ڕۆژانە و پەند و عیبرەتی مانابەخشی هەڵێنچراو لە کارێزی هزر و هۆش، شتێکی تری بەرجەستەکراو نییە.

هاوڕێیەتی و ئاشنابوونی مرۆڤـ بە ئەزموونەکان بەبێ قاڵبوونەوە لە کایەکانی کار و بە بێ ئازارچێشتن و نسکۆ بینین و تێپەڕبوون بە توولەڕێی سەختی پڕ نشووستی و سەرنەکەوتندا واقیعحاڵێکی مەحاڵە، چونکە ئەزموون وەك مەشکەی کوردەواری بە ملی سێ بەرجیغی چەسپاوی قیت و قنج شۆڕبۆتەوە:

- ئەنجامدانی کار.
- هەڵەکرن لە کاردا.
- تێڕامان و سەرنج گرتن لە هەڵە( یان هەڵەکان).

زاراوەی "ئەزموون" وەك جیوە وایە، بە گوێرەی زەمەن و مەکان و ڕووداو، شکڵ و شێوەی خۆی دەگۆڕێ، بۆیە پێناسەشی پتر لە کەوانەیەك هەڵدەگرێت. مرۆڤـ نازانێت لە چاوی کام پەنجەرەوە تێیبڕوانێت. پێناسەی ئەم زاراوەیە لەڕشتەی فەلسەفەدا جیاوازە لە گەڵ پێناسەکەی لە ژانرەکانی ئەدەبدا و لەوێشڕا جیاوازی هەیە لە گەڵ پێناسەکانی لە بواری پەروەردە و مۆڕاڵ و ئایین.

با ئێمە لە دەروازە زانستییەکەیەوە بچینە نێو بابەتەکەوە کە دەڵێ:" ئەزموون ئەو ڕێبین و ڕێبەرەیە کە دەستمان دەگرێ بۆ تێگەیشتن لەو یاسایانەی کە سروشت بەڕێوەدەبەن." (١) دەشگوترێ کە :" کۆمەڵە پڕۆسە و کارێکە، دیاردەیەك دەهێنێتە کایەوە، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە وهەڵکڕاندنی مەعریفەی تازە لەم دیاردەیە." (٢)

بۆ ئاسانتر تێگەیشتن لەم زاراوەیە، ڕەنگبێ کێشانی هێڵکارییەکی بەراوردکاریی لە نێوان (ئەزموون Experience) و (تیۆری Theory)دا سودێکی هەبێ، هەرچەندە ئەو دوو وشە، وەك چەمك و زاراوە دژبەیەك و یەکتربڕن، وەلێ پەیوەندییەکی شاراوەشیان لە نێواندا هەیە. هەرچی (ئەزموون) ە پەیوەستە بە ( واقیع و پراکتیزەکردن و ئەنجامدانی کار)، لە کاتێکدا (تیۆری) بەستراوەتەوە بە (ئەقڵ و هزر و تێڕامان). جا کە دەبینین پراکتیزەکردنی چالاکییەکی زانستی ـ بۆ تویژینەوە لە دیاردەیەکی سرووشتی - پێویستی بە هەموو ئەو توخمانەی سەرەوە هەیە، تێدەگەین کە ڕایەڵەی نێوان (ئەزموون و تیۆری) هەم تەواوکەری یەکتری و هەم هاوبەندبوونە لە گەڵ یەکتریدا.

لێرە حەقمانە بپرسین:

- توخمەکانی ئەزموون لە کردەیەکی زانستیدا چین؟
- ڕەهەند و قوناغەکانی کامانەن؟
- ئەزموون پێوەری هەیە؟
- هیچ پەیوەندییەك لە نێوان (ئەزموون) و ( ئەقڵانییەت) بوونی هەیە؟
- ئەقڵ هەر ئاوێنەی واقیعحاڵی هەستەوەرەکانی مرۆڤە یان ئەزموونداریشە؟
- ئەدی خودی ئەزموون خۆرسکە یان دەسکەوتی مەعریفەیە؟

(Claude Bernard ١٨٧٨ -١٨١٣) دەڵێ:"وەدەستهێنانی مەعریفەی زانستی بەبێ تێپەڕبوون بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی ـ کە چەند

بنەمایەکی هەیە ـ کارێکی مەحاڵە. بنەماکانیش لە دیدی ئەوەوە ئەمانەن:

- بە دیقەت سەرنجدان لە واقیع.
- پێشبینی کردنی گریمانەکان.
- هەڵسەنگاندنی متمانەی گریمانەکان، کە چەندە هاوسەنگن لەگەڵ واقیعەکەدا.
- گەیشتن بەو ئەنجامەی تێڕامانمان بۆ کردووە.(٣)

لە کاتێکدا بۆچوونی (ڕۆنی تۆم) ئەوەیە کە هیچ گریمانێکی زانستی نییە کە لە خۆیەوە پەیدابووبێ و ڕگی نەچێتەوە سەر گریمانەکانی خەیاڵ. واتا توخمی خەیاڵی ئەقڵی زۆر کاریگەرە لە گەیشتن بە ئەزموونی زانستی.

ڕەنگبێ(Alexander Query ١٧٧٤ – ١٨٣٦) جوانتر بۆی چووبێ کە دەڵێ:" ئەزموون قامتێ زانیاریی و شارەزایی دەرهاویشتەی ژیانە کە ئەم سیمایانەی هەیە: گشتگیریی و سوودبەخشیی و خۆخودی و ڕاستەوخۆیی. بەڵام ئەزموونی زانستی: دارشتنەوەی دیاردەیەکی دەستنیشان کراوە بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا بەندە بە کات و شوێنێکی دیاریکراو ـ وەك تاقیگە ـ کاری پێدەکرێت." (٤)

ئیمرۆ، پەیوەندارانی ئەم مەسەلەیە، بە پێچەوانەی تێروانینەکەی (ئەرستۆ - ٣٨٤ – ٣٢٢ پ. ز.) کار دەکەن، کە دەیگوت:" یەکەم جار سەرنج بدە و دووەم جار تێبفکرە." چوون زانستەکان ئیمڕۆ دەڵێن: " لە واقیعەکان بتۆژنەوە و لە بنج و بنەوانیان تێبگەن، نەك هەر بەرانبەریان چاوزەقکەنەوە وتێیان بڕوانن". (٥) ئێستا دەبینین چۆن ئەقڵانیەتی زانستی جێی بە تەفکیری لاهوتی سەدەکانی ناوەند لێژکردووە. ئەوان لە ڕستەیەکی زۆر کورتدا بیرۆکەی خۆیان دارشتووە کە دەڵێن:

" هیچ شتێك بە حەق نازانین، تا بە تەواوی لێی یەقین نەبین."
(٦)

له كاتێكدا به واتای قوتابخانەی ئەزموونگەرایی ـ سەدەی هەژدەمی ئەوروپا ـ كه له سەر دەستی (١٦٣٢ـ ١٧٠٤John Locke ) و (١٧١١ ـ ١٧٧٦ David Hume) بونیاتنرا: "ئەزموونەكان تاكە سەرچاوەی حەقیقەتەكانن." دواتریش (١٧٢٧ ـ ١٨٠٤ Immanuel Kant) هات و خەتێكی له نێوان ئەقڵانییەتی (١٩٥٠ ـ ١٥٩٦ Rene Descarte) ئەزموونگەرایی (Locke) كێشا و گوتی:" هەموو مەعریفەیەك له ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێ." (٧) ئەو دوو پرسیاری وروژاند:

- دەبێ چ بزانم؟
- دەبێ چۆن ئەو شتە بزانم؟

پووختەی بۆچوونەكەی (I. Kant) یش ئەوە بوو كە:"چەمكە تەقلیدییەكان بەبێ دەربڕینە هەستەوەرییەكان گوێزی پووچن و دەربڕینە هەستەوەریەكانیش بەبێ چەمكە ئەقڵییەكان پشیلەی كت و كوێرن." (٨) بە لای (٨٧٦ ـ ١٩٥٥ Albert Einstein) یشەوە : "ڕایەڵەی تیۆریی زانستیی داهێنانە ئازادەكانی ئەقڵی مرۆڤە. واتا ئەقڵ بنچینەی تیۆریی زانستییە، بەمەرجێ ئەزموونی وەدەست هاتوو دەبێ له گەڵ ئەنجامەكانی تیۆرییەكان یەك بگرنەوە. (٩)

بە كوردی و كرمانجی وەك (١٨٨٤ ـ ١٩٦٢ Gaston Bachelard) دەڵێت:" مشتەومڕی دیالێكتیكی نێوان ئەقڵ و ئەزموون ڕۆڵێكی مەزنی هەیە لە بونیاتنانی مەعریفەی مرۆڤەكاندا." (١٠) جا پێوەری ئەم ئەزموونە لەسەر ئەرزی واقیعدا توانا و قابیلیەتی دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونەیە بە شێوەیەكی ئەنجامدار.

پووختەی ئەم شەڕەچەقەی پێشەوە ئەوەیە كە : هیچ تیۆرێكی زانستیی ئەقڵی خاڵص بوونی نییە و هیچ ئەزموونێكی زانستیش لە دەرەوەی ئەقڵدا بوونی نییە. چەمكی (ئەزموون) بە گشتی ئاماژەیە بۆ:

- كە بزانیت چۆن.

○ دەست ڕەنگینیت لە کارێك.
○ سەردەرچوونت لە شتێك.

کەسی خاوەن ئەزموون لە کارێکدا پێیدەگوترێت (شارەزا Expert) وەك شارەزایی ڕاوچییەك لە ڕاوکردنی ماسیدا.

**بنەماکانی ئەزموون:**

هێندێ ئەزموون هەیە زۆر قوول ڕەگ دادەکوتێ و لە بیر ناچێتەوە، هێندێکیشیان تەمەن کورت و ناتەواون، لێرەدا ئاماژە بەو بنەمایانە دەکەین کە فاکتەری کاریگەرن لە داهێنانی ئەزموونی بایەخدار و زیندوو. ئەوانەی لە بواری پەروەردە و ڕابەرایەتی و بەڕێوەبەریی کاردەکەن زور عەوجە بە زانین و پراکتیزەکردنی ئەم بنەمایانەن تا بتوانن سەرکەوتووانە ژینگەی لەبار بۆ وەدەست هێنانی ئەزموونی باڵا دەستەبەرکەن:

یەکەم: ورژندنی هەستەوەرەکان:

ئەو ئەزموونەی زۆرترین هەستەوەر لە بوونیدا بەشدار بووە ئەوا خۆڕاگرترە و زۆرتر لە مێشك و دەرووندا دەمینێتەوە. وەك بینینی ڕووداوێکی هاتووچۆ کە هەستەوەری بینین و بیستن و بۆنکردن و دەستلێدان تێیدا بەشدار بووە. دەکرێ مامۆستایەك پتر لە یەك هەستەوەر بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامێکی ئەزموون ـ ئامێز:

هەستەوەری بینین + هەستەوەری بیستن

هەستەوەری بیستن + هەستەوەری تامکردن

هەستەوەری بینین + هەستەوەری بیستن + هەستەوەری دەستلێدان

مێشکی مرۆڤـ وا لێڕا هاتووە زانیارییەکان باشتر وەربگرێت کاتێ چەند هەستەوەرێك بەیەکەوە لە نمایشکردنی یان بونیاتنانی بەشداربن. (١١)

دووەم: خۆشیی و پاداشت:

خولقاندنی کەش و هەوای بارگەکراو بە کەیف و سەفا و خۆشیی لە ئەنجامدانی چالاکییەکی ئەزمووندار بەبێ بوونی پاداشت پۆزەتیڤانە کاردانەوەی لێناکەوێتەوە. پاداشت لە پاڵ خۆشیی و ئارامیدا، ئەگەر زەردەخەنەیەکیش بێت، ئەزموونەکە بە تەوژم و تینێکی بەهێزتر دەخاتەڕوو. (١٢)

سێیەم: ڕامان:

مێشکی مرۆڤـ هەمیشە چاوەڕوانی کار و شتە ناوازە و نارێك و ناماقوول و سەرسورهێنەرەکانە. لە نمایشکردنی ڕۆڵی ئەزموون ڕێمەدە کەسی بەرانبەرت پێشبینیی کارەکەت بکا. با توخمی موفاجەئە لە ئامادەباشی دابێت. (١٣)

چوارەم: هەماهەنگی:

مرۆڤـ خۆڕسکانە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەز بە تێکەڵی دەکا. هەمیشە حەز دەکات بزانی کەسانی تر چی دەکەن و چی دەڵێن. جوانترین نموونەش ئیمرۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، کە توانیویانە هەماهەنگی لە ئەزموونەکاندا دروست بکەن. بە واتایەکی تر، تا بازنەی دەوری ئەزموون گەورەتر بێت، ئەوا ئەگەری تەمەن درێژیی ئەزموونەکە زامنترە.

پێنجەم: بیرلێکردنەوە:

ئەزموونی مەزن تێرامانی قوول و سنوورشکێنی لەگەڵدایە، وەلێ تێڕامان بەبێ توخمی بیرکردنەوەن ئامانجدار ناتوانێ عومری ئەزموونەکە درێژکاتەوە، بۆیە بیرکرنەوەی ورد و بە سەلیقە وادەکا ئەو قوولتر بە ناخی گیانی مرۆڤدا بچێتە خوارەوە. (١٤)

**جۆرەکانی ئەزموون:**

لە میانەی ئەنجامدانی کاری بچووك و مەزن، ڕۆژانە مرۆڤـ بیەوێت یان نەیەوێت هەڵە دەکات و زۆر جاریش ئەو هەڵانە

دەبنە مایەی چنینەوەی چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی ئەزموون. ئەو ئەزموونانە لە کات و شوێن و دەرفەتی خۆیدا ئەگەری دووبارە بوونەوەیان لە ئارادایە. ئەزموونناسەکان بەم شێوەیەی خوارەوە جۆرەکانی ئەزموونیان پۆلینکردوە: (١٥)

یەکەم: ئەزموونی هزری (Mental Experience):

هزری ئاواڵا و وردبین و هۆشی بەئاگا و باخەبەر سیمای دیاری ئەم ئەزموونەن. بیرێکردنەوە، پێشبینیکردن، یادکردنەوە، سۆزداری، ئیرادەی بیهێز و خەیاڵی فراوان، کە هەموویان جەمسەرەکانیان بە مێشك بەستراوەتەوە داینەمۆی کاراکردنی ئەم ئەزموونەن. ئەوەندەی ماتماتیکزانێك دۆز و پرسیارێکی ماتماتیکی لەڕێی ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی نێو مێشکیدا چارەدەکا هێندە خۆی بە ماندووکردنی مێشکەوە سەرقاڵ ناکات. ئەمە کتومت بۆ فەلەکناسێکیش هەروایە.

دووەم: ئەزموونی سۆزداری (Experience Emotional):

عاشق بوون و دڵداری کردن یان لێك دابڕان و دوورکەوتنەوەی دوو خۆشەویست لە نێو چوارچێوەی ئەم ئەزموونەیە. سەلمێندراوە کە ئەو کۆمەڵگایەیی ئەزموونی سۆزداری تێدا کەم و کرچ وکاڵ و سنووردارە و دەرگاکانی بە رووی خۆشەیستیدا داخراون، زۆرتر کێشەی هاوسەرگیری و خێزانییان هەیە. ئەمە سۆزداریی کەسەکان بۆ ژینگە و دەوروبەریش دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەزموونی رۆحی (Experienc (Spiritual):

ئەم ئەزموونە دەرهاویشتەی گوڕینی باری دەروون و هۆش و دید و تێڕامان و لێکدانەوەی مرۆڤەکانە بۆ مەسەلە رۆحی و غەیبییەکان. سۆفیگەریی نموونەیەکی ئەم ئەزموونەیە. خۆکردار و تقووسەکانی وەك نوێژ و ڕۆژووگرتن و یۆگا و خەونی یۆگا و خەواندنی موگناتیسی (Hypnosis) و تەئەمولاتی رۆحی بەشێکن لەدیاردەی ئەزموونی رۆحی. خواپەرستی و باوڕە ئاینییەکانیش

هەر لێرەدا دەگیرسێنەوە. ڕشتەی ( Psychology & Neuropsychology) هەڵوێستەیان لەسەر ئەم جۆرە ئەزموونە زۆرە.

چوارەم: ئەزموونی پێکەوە ژیان (Social Experience):

مرۆڤـ لە نێو کۆمەڵگەدا دەژی و هەر کۆمەڵگەیەکیش گەورە بێ یان بچووك، خەرمانێك داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە. لە نێو تەیمانی ئەو هەموو یاسا و ڕێسا و کۆت و بەندە مرۆڤەکان ناچارن کە هێندی کردە و چالاکی وەك بەشێك لە ئەزموونی ڕۆژانەی خۆیان پەیڕەوبکەن. هەشن ئەم ئەزموونانە بە شتێکی پیرۆز و شکۆدار دەزانن.

پێنجەم: ئەزموونی کردەیی (Virtual Experience):

زۆر دەست تێوەردان و دووبارە کردنەوەی هێندی کار و کردە، ڕاستەوەخۆیانە وەك ئەزموون شوێن پێی خۆیان بەسەر هەڵس و کەوتی ڕۆژانەماندا بەجێدێڵن . هەر بۆ نموونە ئیمرۆ ئامێری کومپیوتەر گوڕانکاریی گەورەی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەماناندا هێناوە، چاك و خراپ ئەزموونی خۆی بەسەرماندا سەپاندووە، لە قومارکردن و یاریکردن و ڕێکلام و یەکترناسین و کڕین و فرۆشتن و گەڕان بە دوای وێنە و ڤیدیۆ و ... هتد.

شەشەم: خودئەزموونی (Experience Subjective):

هەمووومان لە هێندێ بارودۆخی زۆر تایبەتمەندا، کێشەیەك یان قەیرانێك ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە تا بڵێیت ناوازە و چاوەڕوان نەکراو و غەریبە، تۆ واهەست دەکەی تاکە کەسیت لەم دنیایە ئەمەت بەسەرهاتووە. لەم کەش و هەوایەدا جۆرە ئەزموونێك لە دڵ و دەروونماندا بەجێدەمینێ کە تایبەت بە خودی خۆمانە. وەك هەر چەند دەقیقەیەك دوای کڕینی ئۆتۆمبیلێکی تازە هەموو کلیلەکانیت لێ بزربێت و نەشی دۆزیتەوە.

پۆلینێکی تریش هەیە بۆ جۆرەکانی ئەزموون لە سەر بنەمای ڕەسەنایەتی: (١٦)

**١)** ئەزموونی ڕەسەن (**Experience First**)**:** ئەو ژنەی خۆی ژنی بەسەر هاتووە خاوەن ئەزموونی ڕەسەنی هەوێبارییە. وەك نموونە.

**٢)** ئەزموونی دەستی دوو (**Experience Second**)**:** ئەو ژنەی هاورێیەکەی ژنی بەسەر هاتووە و ڕۆژانە هەست بە موعاناتی دەستە خوشکەکەی دەکا ئەوا دەبێتە خاوەنی ئەزموونی دەستی دوو.

**٣)** ئەزموونی دەستی سێ (**Third Experience**)**:** کە بابەتی ئەزموونەکە وەك حیکایەت و چیرۆك لە زاری خەڵکی دیکە دەبیستین، ئەوە پێیدەگوترێت " ئەزموونی دەستی سێ". وەك دەڵێن : گیای باڕێزە بۆ چارەسەری بەردی گورچیلە باشە**!** ڕێکلام و بانگەشەکان لەم جۆرە ئەزموونەن.

جگە لەم خاڵانەی لە سەرەوە ئامازەمان پێدان، دەیان ئەزموون لە مێشکماندا ڕەگی داکوتاوە و بە بێ ئاگایی ئێمە یان نەویستانە زۆر بە جوانی ورێك و پێکی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، وەك چالێنانی بەیانیان و ڕیش تاشین و ئارایشتکردن و ئۆتۆمبل لێخورێن و بۆنکردن و تامکردن و تایپکردنی ئەم بابەتەی بەردەستت...هتد. (١٧)

**چۆن فێرە ئەزموون دەبین؟**

زۆر جار ئەم پرسیارە دەکرێت و ئەزموونناسانیش بە زەردەخەنەیەکی مناڵانەوە وەریدەگرن و خاوەن پرسیارەکە بە کەسێکی فەقیرحاڵ لە قەڵەم دەدەن، چونکە ئەزموون فێرناکرێت. ئەوان لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیان لە چەمکی ئەزموون و نهێنییەکانی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە دەکری باس لە ئەزموون و بنەماو ئەلەمێنت و توخمەکانی بکرێت بەڵام هەرگیز ناکرێت باسی چۆنیەتی فێربوونی ئەزموون بکرێت. بۆ؟

چونکە ئەزموون بەری داری ئیشکردن و کارکردنە جا تا بۆ خۆت نەبیتە قارەمانی چالاکییەکان و نەکەویت و هەڵەنەکەیت ناتوانیت نە بزانی شکل و ڕوخساری ئەزموون چۆنە و نە ببیتە خاوەن ئەزموونەکە،(١٨) کت و مت وەکو یاری فوتبۆڵ وایە: گەر تا مردن دەست لە چەنەگە بەرانبەر سکرینی تەلەڤیزیۆن دانیشیت، ناتوانیت ببیت بە یاریزان، بەڵام گەر بۆ خۆت چوویتە نێو گۆڕپانی یاری و کەوتیتە مەشق و یار کردن ئەوا وردە وردە فێرە ئەزموونەکانی یاری فوتبۆڵێن دەبیت. جا گەر کەسێکی تر ویستی هەمان ئەزموونی تۆ فێر بێت و دووبارەی بکاتەوە ئەوا دەبێ ئەویش شوێن پێی تۆ هەڵگرێت و لاسایی تۆ بکاتەوە وەلێ بە ئەقل و هزر و جەستەی خۆی.

دەبینین خاڵی درەوشاوەی بابەتەکە لێرەدا ( هەڵەکردنە). وەك (Oscar Wilde) دەڵێ:" ئەزموون شتێکە کەس ناتوانێت بە خۆڕایی بە دەستی بهێنێت." (١٩) واتا قوربانیدان و ڕەنجکێشانی دەوێ. ئەوانەی دەست و پێ سپین و دەست لە ئەژنۆن و کارناکەن هەمیشە کەم ئەزموونترن لە وانەی لە کایەکانی کارکردندا قاڵبوونەتەوە. بۆیە (Patrick Suskind) دەڵێت:" بەهرە بە تەنیا هیچە. ئەزموون دەرکەوتەی کاری جددییە و هەموو شتێکە !"(٢٠) کەواتا ئەزموون بۆ خۆی (مامۆستایە) نەك بابەتی دەرسی مامۆستا. جوانترین و سەرسورهێنەترین ئەزموونیش ئەوەیانە کە تا ئێستا تەشریفی نەهێناوە و پێی ئاشنا نەبووین.

خاڵی سێیەمین کە ئەزموونناسان لەم تەوەرەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەن ئەوەیە: کە نابێ ئەزموون بە کات (Time) ببەسترێتەوە یان زەمەن یەکسان بکرێت بە ئەزموون. لای خۆمان ئەم هەڵەیە زۆر دەکرێت کاتێ مامۆستایەك ـ بۆ نموونە ـ دەڵێ "من ئەزموونی (٢٥) ساڵم لە دەرس وتنەوەدا هەیە. " کە ڕاستییەکەی وانییە: ئەو هەر سێ چوار ئەزموونی لەم (٢٥) ساڵەدا پەیدا کردووە:(یەکەمین دەرس کە چووتە پۆل / دەمەتەقەیەکی چاوەڕوان نەکراوی لە گەڵ خوێندکارێکی لاسار/

زیزبوونێك لەگەڵ بەڕێوەبەرەكەی كە جاریَ غیابی داوە... ) ئەوا بەدرێژای ئەم (٢٥) ساڵە هەر یەك بابەتی وەكو تووتی دووبارەكردۆتەوە و ڕۆڵی ڕیكۆردەرێكی ئاسایی بینیووە. ( Lynsay Sandy) دەڵێت:" ئەو منداڵەی ئازار دەچێژیَ و دەكەوێت و هەڵدەستێتەوە ئەزموونی گەورەتر و مەزنتری هەیە لەو پیرەمێردەی دەرگای ماڵەوەی لەسەر خۆی كلۆمداوە و ژیان بەسەرناكاتەوە." (٢١) بۆیە كوردیش گوتویەتی:" ڕێویەكی گەڕۆك لە شێرێكی ناو بێشە مەعلانترە."

**مرۆڤـــ جەوهەری ئەزموونە:**

(Jules Verne) وای بۆ دەچێت كە:" زانست بەرهەمی هەڵەكانە، هەڵە سوودبەخشەكان، ئەوانەی ورد ورد بەرەو حەقیقەتەكانمان دەبەن." (٢٢) لێرەدا كەسی هەڵەكەر مرۆڤەكەیە كە هەم جەوهەری هەڵەكەیە و هەم هەڵكری هەڵەكەیە بە شێوەی ئەزموون. وەك جەوهەر ئەو ناتوانیَ لە ئازار و ژانی هاوڕێیەكەی خۆیَ تێبگات تا بەهەمان تاقیكردوەودا تێنەپەڕێت. (تا لە نێو خۆڵەمێشی خۆی هەڵسێتەوە، هۆما دەبیَ سەرەتا بسووتیَ)- (٢٣) (Octavia E. Butler) هەر ئەزموونێك دەرس و عیبرەتێك لە خودەگرێت، وەلیَ هەموو دەرس و عیبرەتێك هەڵگری ئەزموون نییە ! هزر و ڕۆح و جەستە كە سیَ توخمی پێكهاتەی مرۆڤن، پارێزەری ئەزموونوكانن، جا هەر ئەزموونە و ڕەفتەی تایبەتی خوی هەیە: بۆ كچە تایپتیستێك دەست و پەنجە و چاوەكانی، بۆ شاعیرێك هزر و خەیاڵی، بۆ ئەفسەرێك ئەقڵ و جەستە، بۆ سۆفییەكی خەڵوەتنشینیش ڕۆح و هزر و ناخ!

لە جێی خۆیەتی لێرەدا پەیوندیی نێوان (ئەزموون) و (ئێستا The Present) شیبكەینەوە. ئەزموون دوو زەمەنی هەیە: یەكەم: ساتەوەختی لە دایك بوونی ـ دوێنیَ بێت یان نیو سەدە بەر لە ئێستا، دووەم: ساتەوەختی دووبارە بوونەوەی، كە ئێستایە. ئێمە پێشتر گوتمان هەر ئەزموونێك قابیلی دووبارەبوونەوەی نەبێت ـ وەك ڕووداو ـ ئەوا هێلكەیەكی پیسە. بۆیە گوتراوە گەر دوێنیَ

لە دیدی تۆدا مەزنترین ڕۆژ بوو بێت، ئەوا مانای وایا کە ئیمڕۆ تۆ هیچت نەکردووە. ئەمە کرۆکی فەلسەفەی ئەزموونە! (٢٤)

**کامە ئەزموون مەزن و کاریگەرە؟**

دەبێ ئەو حەقیقەتەمان قبوڵ بێت کە مرۆڤ داهێنەری ئەزموون نییە. ئەوە ڕووداو وکارەکانی مرۆڤە کە ئەزموون دێنێتە کایەوە و وەك میرات بۆ ئێمەی بەجێدێلی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە نابێ مرۆڤ ببێتە کۆیلەی قەدەری ئەزموون. بۆ؟ چونکە دوو جۆرە ئەزموون هەیە: ئەزموونی ڕەسەن و ئەزموونی ساختە. نەناسینەوە و کارکردن بە ئەزموونی ساختە هەڵەکانمان کوشندەتر و ئاڵۆزتردەکات. هەر ئەزموونێك ئەم خەسڵەتانەی خوارەوی نەبێ ئەوا بۆنی ئەزموونی ساختەی لێدێ و هەوڵبدە لە بیرخۆتی بەریتەوە و کاری پێنەکەی: (٢٥)

یەکەم: سودبەخش بێت **(Useful):**

هەر وەختێ هانات بو ئەو ئەزموونە برد لە کاتی پێویستیدا، دەبێ کاردانەوەکەی باش و و بەکەلك و جێگیر بێت.

دووەم: بەکار بێت **(Usable) :**

گەر ئەزموونی دەستکەوتوو لە هیچ کەش و هەوایەك لەگەڵ ژینگە و باری ژیانی ڕۆژانەت دا نەگونچێ ئەوا ئەزموونی ساختەیە و لە لای خوتدا بیسڕوە.

سێیەم : پەسند بێت **(Desirable):**

با وا دابنێین ئەزموونەکە هەم سوودبەخشە و هەم بۆ بەکارهێنان شیاوە، بەڵام هەستدەکەی لەگەڵ کەلتوور و ڕۆشنبیری و ژینگە و کومەڵگای تۆدا ناگونجێ کەواتە هی ئەوە نییە دووبارە بەکاربیهێنیتەوە.

چوارەم: بەردەست بێت **(Findable):**

کە نتوانیٚ ئەزموونە کە لە نێو پێتەرازووی ئەزموونەکان لە کاتی پێویستدا بدۆزیتەوە بە ئاسانی و بۆخۆت هەڵیبژێرێت، ئەوا وەك بوونی نەبیٚ وایە، پێویست ناکات خۆتی پێوە خەرێك بکەی.

پێنجەم: جێگای متمانە بێت (Creditable):

بە لای زۆرانەوە ئەمە بایەخدارترین خەسڵەتی ئەزموونی سەرکەوتووە، چوون پێش ئێستا تاقیتکردۆتەوە و هیچ نیگەرانی و ڕاڕیٚ لەپرکتیزەکردنیدا جێگای مەترسی نییە.

پووختەی بابەتەکەمان ئەوەیە کە هەرگیز لە هەڵەکردندا نەترسێت، هەمیشە کەشکۆڵێکیشت لە شان بیٚ بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی ئەو ئەزموونانە لە ئان و ساتی خۆیدا سەرهەڵدەدەن.

(Nikos Kazant Zakis) جوانی گوتووە: **"هەموو کەسێك هەڵەی هەیە، گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە هەڵەت نەبیٚ!"** (٢٦)

٢٤/٤/ ٢٠١٤ کۆیە


**سەرچاوەکان:**

1) http://aguelmous.over-blog.com/article-46378295.html
2) http://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=egb165624-5177146&search=books
3) http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%82%D9%84%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9
4) https://openlibrary.org/subjects/person:alexander_query_(1747-1836
5) http://www.iep.utm.edu/aristotl/
6) http://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=egb165624-5177146&search=books
7) http://www.iep.utm.edu/kantmeta/
8) http://www.iep.utm.edu/kantmeta/

9) http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%82%D9%84%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9
10) https://openlibrary.org/subjects/pgaston_bachelarderson:alexander_query_(1747-1836
11) http://www.goodreads.com/quotes/tag/experience

١٢) سەرچاوەی پێشوو.

١٣) سەرچاوەی پێشوو.

١٤) سەرچاوەی پێشوو.

15) http://en.wikipedia.org/wiki/Experience#Types_of_experience
16) http://en.wikipedia.org/wiki/Experience
17) http://en.wikipedia.org/wiki/Experience#Types_of_experience
18) http://www.goodreads.com/quotes/tag/experience
19) http://www.biography.com/people/oscar-wilde-9531078
20) http://en.wikipedia.org/wiki/Patrick_S%C3%BCskind
21) http://en.wikipedia.org/wiki/Lynsay_Sands
22) http://www.britannica.com/EBchecked/topic/626297/Jules-Verne
23) http://www.goodreads.com/author/show/29535.Octavia_E_Butler
24) https://www.goodreads.com/quotes/tag/life-experience
25) http://en.wikipedia.org/wiki/User_experience_evaluation
26) http://en.wikiquote.org/wiki/Nikos_Kazantzakis

* ئەم بابەتە بە زنجیرە، لە گۆڤاری (بریار) بڵاوکراوەتەوە.

## بابەتی (٣)

## دەرسی خسوسی

## لە نێوان (ڕۆبۆت) سازی و (زانست) سازیدا لە کوردستان

بەرکوڵ:

پێت سەیرنەبێ گەر بڵێم مێژووی سەرهەڵدانی دەرسی خسوسی (وانەی تایبەتی)، پێش داهێنانی خودی نووسینە. ئەو لە رۆژگارێکا سەری هەڵدا، کە تەنها پەرستگەکان و دیوەخانی بیرمەند و حەکیمەکان، مەڵبەندی زانست و بنکەی ڕۆشنبیریی مرۆڤ بوون لە چاخەکانی پێش زایینداا. میر و سوڵتان و بەگزادە و پیاوانی ئایینی، بەدوای فێرکەرو مامۆستاوی شیاودا دەگەڕان بۆ تەعلیمدانی کوڕەکانیان، بەمەبەستی زامنکردنی گەنجینەیێکی پڕ زانست و مەعریفەت بۆ دوارۆژیان. لە سەردەمی گەشە سەندنی عەقلی مەعریفەی و فەلسەفەی ڕۆمان (١٤٥ – ٤٤ پ. ز.) و گریکە کۆنەکان (٨٠٠-٦٠٠ پ. ز.)، شێوازی دەرسی خسوسی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەرداهات. بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی کوڕە میر و پاشاکان بۆ گرتنەدەستی حوکمرانی و زامنکردنی تاجی پاشایەتی، جگە لە مەشقی سەربازی - کە هەموو هونەرەکانی شەڕ و بەکارهێنانی چەک و تفاقی سەردەمی تێدا پراکتیزەدەکرا – کوڕەکانیان دەبووایە، لە سەرجەم زانست و هۆنەرکاندا دەرس و دەوری قورس و بەهاداریان - لە زانستی لاهوت و فەلەک و کیمیا و زیندەزانی و ئەدەب و زمان و فەلسەفە و هونەر ـ بیان خوێندبایە. شار بە شار و وڵات بە وڵات بە دوای مامۆستای کارزان و ناودار و هەڵکەوتوودا دەگەڕان و بە مزە و حەقدەست و خەڵاتی پاشایانە خەنییان دەکردن و لە قەسر و تەلارەکانیان پێشوازیان لێدەکردن. ئەو نەریتی ئەوانە، تاکۆ ئێمرۆش، سەرۆک و مەلیک و سوڵتان ومیرەکانی دونیا پەیرەوی دەکەن. هەر بۆ نموونە، کوڕ و کچی مەلیکێ یان سەرۆکێ یان پاشایەک شک نابەی لەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەدا، دەرس و دەوری خسوسی، لە ناودارترین زانکۆکانی لەندەن و پاریس و ڤێنا و رۆما... پێنەدرابێ.

لەگەڵ گەشەکردنی نووسینی سادە و سەرەتایی لە مەڕ سومەرییەکانەوە ئەوا مامۆستای تایبەتی بۆ کوڕە پاشا و بەگزادەکان تەرخاندەکرا، تا فێری نووسینی سەر تابلۆ قوڕەکانیان بکەن. لە یاسایەکانی (حامورابیشدا ١٧٥٠پ. ز.) ئاماژە بەمەکراوە. خولاسە، دەسەڵاتدار و پارەدار و ئاغاکان، هەر چاویان لە سەروەت و سامان و هێز و لەشکر و قەسر و قەڵای باش و گەورە نەبووە، بەلکو بەدوای باشترین زانست و هونەریشدا دەگەڕان بۆ نەوەکانیان، ئەمەیش بەبێ بوونی مامۆستا و فێرکەری کارمەند و خاوەن ئەزموون ڕاهی نەدەبوو. هەر بۆ نموونە، هەرچەندە میرەکانی دەوڵەتی عەباسی لە کاتی خویدا، مەزنترین زانکۆ و مەڵبەندی زانستی و هونەری و ئایینیان لە شارە گەورەکاندا بیناکرد، بەڵام هەمیشە مامۆستای چاک و بەتوانا لە هاتووچووی قەسر و باڵەخانەکانی ئەوان دابوون، بۆ پەروەردە کردنی کوڕەکانیان.

لە سەدەکانی ناوەندا، لە رۆژئاوا، دەرسی خسوسی رەهەندێکی تریش وەرگرت، کاتێ سەیریان کرد، هەر بەتەنها فێربوونی زانستی ڕووت، دوور لە مۆراڵ و ڕەوشت کەسێتیی کامڵ و بەهێز دروست ناکات، بۆیە پێشکەش کردنی دەرسی ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و مۆڕاڵیش خرانە پاڵ دەرسە زانست و هونەرییەکانەوە. تەنانەت ماموستای خسوسی، لە کونی ماڵی خۆیاندا بەبەر چاوی دایک و باوکییانەوە، مافی فەلاقەکردن و سزادانی خوێندکارانشی پێدرابوو. بەم شێوەیە دەرسی خسوسی پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی زانست و هونەر و پیشەسازی و پێشکەوتندا هەنگاوی ناوە و بەرەو پێشەوە چووە. بەڵام ئەم خاڵەی کە دەبێ زەق بکرێتەوە ئەوەیە، ئەم جۆرە دەرسە، هەمیشە بۆ کوڕە دەوڵەمەند و خواپێداوەکان بووە و، بەدەگمەن مامۆستایەکی خسوسی ماڵێ کوڕە هەژارێکی پێزانیوە- ئەم حەقیقەتە تا ئەم ڕۆژگارەیش ڕاست و دروستە -

لەم سەدەیەدا، کە زانست سەر پاڵەی هەموو جومگەکانی بوون و ژیانە، فێرکردن و فێربوون، گەورەترین ڕووبەری لە سەر ئەم زەمینە داگیرکردووە. تۆ هەر بە سەر پێی سەرنجێک لە ژمارەی خوێندکارو

مەڵبەندەکانی خوێندن و کتێب و دەفتەری دونیا بدە، ئەوسا دەزانی کە پەروەرەدە و فێرکردن چ گەورەیی و شکۆیەکی هەیە. (لە بیریشت نەچێ گەر منداڵ لە لای ئێمە بە چوار پێنج ساڵی بخرێنە بەر خوێندن، ئەوا لە هێندێ وڵاتاندا، منداڵی تەمەن شەش مانگی یان یەک ساڵی دەچێتە خوێندنگەی خۆی) . ئەوا دوو سێ جۆرە خوێندنگە تایبەت، پیش چوونە مەکتەب هەیە(Preschool) ئەوسا چەندها فێرگە، بە ناوی جیاجیا رۆڵی خۆیان لە پێشکەش کردنی عیلم و ئەدەب و هونەردا دەبینن. وەک خوێندنگەی گشتی(Public School )، خوێندنگەی تایبەتی(Private School) ، خوێندنگەی ماڵەو (Home School)، خوێندنگەی تایبەتمەند( Specialist School)، خوێندنگەی سەربەخۆ(Independent School)، خوێندنگەی بەهرەداران(Magnet School) ، خوێندنگەی نموونەی (Ideal School) هتد... تا دەگەیتە کۆلێژ و زانکۆکان. لەم سەین و بەینەی خوێندن و فێرکردندا، (دەرسی خسوسی)یش پشکێکی باشی بەرکەوتووە.

**مەبەست لە (دەرسی خسوسی- یان وانەی تایبەتی) چییە؟**

دەرسی خسوسی (( Personal Tutoring, Private Lesson, Private Tutoring ) بەو دەرسە دەگوترێ کە مامۆستا یان کەسێکی شارەزا لە بوارێکی تایبەتیدا پێشکەشی دەکا بە خوێندکارێک یان چەند خوێندکارێک لە بڕی هێندێ پارە لە شوێنێک دا (کە زۆربەی جار ماڵە) . کەواتە، پێداچوونەوی دایک و باوکان بە ئەرکی منداڵەکانیان، یان دەرسی مەلاکان بۆ فێرکردنی قورئان و ئایین، یان فێرکردنی بەندەێک لە زینداندا لە لایەن بەندەێکی ترەوە ناچنە خانەی دەرسی خسوسییەوە.
ئەم پشکەی پەروەردە و فێرکردن، لێکۆلینەوە و قسە و باس و خواسی لەسەر کراوە، چونکە بابەتەکە، ئێمڕو بەتەواوی بەستراوەتەوە بە بوجە و ئابووری و ماڵداریە و نەک تەنها لەسەر ئاستی تاکی کۆمەڵ بەڵکو لە سەر ئاستی دەوڵەت و حکومەتیشدا(دوای دێنیەوە سەر ئەم خاڵە).

**ڕووە باشەکانی دەرسی خسوسی:**

پسپۆڕان بە چەند خاڵێک سوود و خێروبێری دەرسی خسوسی بەم شێوەیە ڕاڤە دەکەن :

- یارمەتییەکی باشە بۆ ئەو خوێندکارانەی لە دەرسەکانیاندا بەجێماون لە بەر نەخۆشی یان سەفەر یان هەر هۆیەکی دیکە.
- دەستی ئەو خوێندکارە دەگرێ، کە لە بەر هێندێ هۆی بایەلۆژی، دەروونی، کەسێتیی خۆیەوە، ناتوانێ لە ناو پۆلدا هۆشی بداتە مامۆستا و پێ بە پێ لەگەڵی بڕوا.
- هەستکردنی خوێندکار بە بوونی کەلێنێک، یان بۆشاییەک لە تێگەیشتنی بابەتێکدا ـ وەک بڵێی لە بەر ئەوەی لە هەنگاوی سێیەم و چوارەمی خاڵێک تێنەگیشتووە ناتوانێ هەنگاوی پێنجەم و شەشەم تێبگات ـ  ئەوا دەرسی خسوسی دەتوانێ ئەم درز و کەلێنە پڕکاتەوە.
- مامۆستای خسوسی دەتوانێ خۆی لە دڵی خوێندکارێک بکاتەوە و بە خۆشی دەرسەکەی تێبگەێنێ،  ئەگەر ئەو خوێندکارە ـ لە بەر هەر هۆێک بێ ـ لە مامۆستای بابەتێکی خوێندنگەکەی خۆی تۆرابێ، کەم خولق بێ یان ڕەوییبێتەوە و هەست بە ناڕحەتی بکات.
- خوێندکاری شەرمن و  گۆشەگێر و پەشێو لە ماڵە و زۆرتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، دوور لە چاوی هاوپۆل و هاورێکانیان،  بۆیە باشتر لە مامۆستای خسوسی تێدەگەن.
- ئەم جۆرە دەرسە سوودی هەیە بۆ خوێندکارە خاوەن داپێویستە تایبەتییەکان، چونکە لە ماڵەوە ئازادن لە جوولە و هەڵسوکەوت و گفتووگۆدا.
- کات کراوەیە، بە زەنگی خوێندنگە دەرسەکە دەست پێناکاو تەواو نابێ، ئەو خاڵەی تێینەگەیشتووە، دەکرێ  مامۆستاکەی چەندەها جار بۆی دووبارە بکاتەوە. لە کاتێکا لە خوێندنگە دا مامۆستا پابەندە بە کات و خشتە و پڕۆگرامی  هەفتانە و مانگانەی دیاری کراو.
- دەرگای پرسیارکردن ئاوالایە،   دەبێ مامۆستای خسوسی هەموو داواکارییەکانی خوێندکارەکە جێبەجێ بکات و پرسەکان وەلامداتەوە، بە پێچەوانەی ناو پۆل.

- ئەوە خوێندکارە کە مامۆستاکە هەڵدەبژێری و دەتوانی هەرکاتێ ویستی بیگۆڕێ.
- خوێندکار باری سووکە لە سزا و دەرەجە و ئەرک و واجیب لەم جۆرە دەرسەدا، زۆر بە دەگمەن تاقیکردنەوەی هەیە.
- خوێندکار ئازادە لە پۆشینی جلوبەرگ و خوارن و خواردنەوە و هەڵسان و دانیشتندا. لە کاتێکا خوێندنگە بریتییە لە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسا و پابەندبوون.

دەتوانین چەند برگەێکی تریش بخەینە سەر ئەم خاڵانە، بەڵام پنتە گرێنگەکان ڕوونکرانەوە.

**ڕووە خراپەکانی دەرسی خسوسی:**

ئەم کارە پەروەردەئامێز و زانستبەخشە، وەکو چەمکێک، بەدەرنییە لە خەرواریک لە کەموکوری و دەرئەنجامی نێگەتیڤ، هەم لەسەر خوێندکار و هەم لەسەر زانست و هەم لەسەر هەر دوو مامۆستا: (مامۆستای دەرسی خسوسی و مامۆستای پۆل).

روخسارە نێگەتیڤەکانی دەرسی خسوسی لە سەر خوێندکار، وەک لە دەرئەنجامی توێژینەوەکاندا دەست نیشانکراوەن، بریتین لە:

- شپرزەکردنی مێشکی خوێندکار بە پەستاندنی زێدە دەرس وبابەت و ئەرک. ئەوە خوێندکار تەواو ماندوو و شەکەتە، لە بەسەربردنی پێنج شەش دەرسی خوێندنگە کاتێ دەگەرێتەوە ماڵەو. .
- زۆر جار دەرسی خسوسی دەبێتە بەربەست لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرک و واجیبەی کە دەبێ بۆ بابەتەکانی تردا، بۆ رۆژی داهاتوو ئامادەی بکات. بەتایبەتی ئەگەر خوێندکارەکە زێتر لە یەک مامۆستای خسوسی هەبێ. ئەویش هێندی بابەت دەکاتە قوربانی دەرسە خسوسییەکە.
- لەبەر کەمی کات و بێبەشکردنی جەستە و مێشک لە ئیسراحەت و پشودان و ڕابواردن، بەرە بەرە خوێندکارەکە ڕۆلی ڕۆبۆت وەردەگرێ و بەبێ بیرکردنەوە، کوێرانە، دەرسەکەی مامۆستا ئەزبەردەکات و

لەسەری دەڕوا، بەبێ ئەوی توخمی بیرکردنەوەی مێشک ڕۆلێکی هەبێ.

- ئەم دەرسە هێندێ جار خوێندکاری هەرزە و کامڵ نەبوو تووشی غرووری و بێباکی دەکات و واهەست دەکا پشتی هەیە بە بوونی مامۆستای خسوسی و پێویستی بە خۆماندوو کردنی زۆر نییە.
- گیانی چینایەتی و خۆجیاکردنەوە و خۆ بە زل زانین و فیزکردن بەسەر خوێندکارە هەژارو بێ مامۆستایەکاندا لە ناخی خوێندکار دروست دەکات. هێندێ جاریش خوێندکارەکانی پۆل بە چاوێک سەیری دەکەن، وەک لە پلەوپاییەی ئەوان دانەبێ.
- بوجەی خێزان دەکەوێتە ژێرکاریکەری خراپی ئەم جۆرە دەرسە، بەتایبەتی ئەگەر خێزانەکە دەراماتێکی باشی نەبێ و چەند مامۆستایێکیشی بۆ منداڵەکەی یان منداڵەکانی گرتبێ.

**کاریگەری دەرسی خسوسی بەسەر خوێندنگە و خوێندکارانی پۆل:**

بەبێ ئەوەی خوێندکار و مامۆستای خسوسی هەستی پێبکەن، هەرچەندە چالاکیی فێربوونەکەیان لە ماڵەوە ئەنجام دەدەن، بەڵام بارێک کێشە و ناهەمواری و کەشی ناتەندروست، بۆ پۆل و مامۆستای پۆل دروست دەکەن.

زۆربەی خوێندکارەکان هەرزەکارو منداڵن، لە ڕووی گەشەکردنی عەقل و بیرکردنەوە تەواو کامڵ نەبوون و ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە هەر کەسێ – پیاو بێت یان ژن ـ کاتێ لە سەر (ڕەحلەی) خوێندنگە دانیشێت، کۆمەڵێ هەڵسو کەوتوو و جموجۆڵ دەکات کە هێندێ جار مەرغوب نییە. ئەمە لە زانستی پەروەردە پێیدەگووترێ (سروشتی ڕەحلە). واتە گەر ئەنیشتاین بێنی و لەسەر ڕەحلەی دانیشێنی، هێندێ هەلسوکەوت دەکا، کە لە ماڵەوە لە سەر کورسییەکەی خۆی نایکات. لێرەدا ئەم دوو خاڵەی سەرەوە هاندەرن کە خوێندکاری خاوەن مامۆستای خسوسی وا لێبکات گیانێکی یاخی و تێگدەر و بێ باکی لە ناخیدا دروست بکات لە پۆلدا، پرسیاری بازاڕی دەکا هەر بۆ ئەوەی مامۆستاکەی خەجاڵەت بکا. هێمنی پۆل دەشیوێنێ، بەلایەوە گرینگ نییە دەرسەکە تێنەگا یان نا، هەر هیچ نەبێ قاچ دەخاتە سەرقاچ و ڕێنمایەکانی پۆل پەیرەو ناکات، دەرس نانووسێتەوە، تاقیکردنەوەکانی بەلاوە بێ بایەخە. گۆێ لە مامۆستا ڕاناگرێ، هێندێ جاران لاساری و کاری

منداڵانە دەکا. درەنگ دێتە ژووروەی پۆل و  هەوڵ دەدا بچێتە دەرەوە یان هەر لەدەرسەکە ئامادە نەبێ.  زۆر داوای مۆڵەتدەکا.  بەساختە عوزدێنێتەوە تا نەێتەوە خوێندنگە. ئەمانە ـ هەرچەندە ڕەفتاری هەموو خوێندکارێک نییە ـ بەڵام چۆنکە یەک تاکە کەس دەتوانێ پۆلێکی سێ کەسی تێک بدا، کۆمەڵێ کێشە بۆ مامۆستا و پۆل و ستافی خوێندنگەیەکە پەیدا دەکا.  کە کاردانەوەێکی نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی خوێندنی ئەم دەزگایە دەبێ.

**کاریگەری لەسەر خودی مامۆستای دەرسی خسوسی:**

با ئێستا بادەینیەوە. لای خودی مامۆستای دەرسی خسوسی. بزانین ئە چ جۆرە مووعاناتێکی هەیە. خۆ ئەویش هەر وەک ئێمە ئادەمیزادە و ژینگە و دەووروبەر، کاریگەیان خۆیان بەسەریەوە هەیە.

من لێرەدا، ئامارژە بە مووعاناتی مامۆستای کوردستان دەکەم (لە شوێنێکی تر دێمەوە سەر وڵاتانی تریش). لە بەرامبەر ئەو مزە و حەقدەستەی کە چەنگی دەکەوی، ئەو کۆمەڵێک قوربانی و خەسارەتیش دەدا:

ماندووبوونی مێشک و جەستە، لە ئاکامی دەرسگووتنەوەێکی زۆر و بەردەوام و بێ پشوو وحەسانەوە،  ئازاری دەروونی و جەستەی لێدەکەوێتەوە. لە پێش هەموویان، خوێندکارەکانی ئەو خوێندنگەییەی کە خۆی تێدا مامۆستایە، زەرەرمەندی گەورەن،  چونکە کاتێ مامۆستا دوای چەندان دەرس گووتنەوەی یەک لە داو یەک و بە بێ پسانەوەی ڕۆژ و شەو، دەچێتە پۆلەوە شەکەت و هیلاکە، ناتوانێ بە گەرم و گوڕی و حەماسەتەوە دەرسەکە بڵێتەوە. هەمیشە خوێندکارەکان هەست بە جیاوازی نێوان مامۆستای بێ دەرسی خسوسی و مامۆستای ماندووی دەرسی خسوسی دەکەن.  خودی مامۆستای خسوسی دەرک بەوە دەکات، هەرچەندە بەسەر خۆشی نەهێنێ،  دەروونی ئازاری دەدات.

دەرس گووتنەوە. چالاکێکی هەمە لایەنەی (مێشک و جەستە) ی پڕ زەحمەتی و ژان و برکە.  ئەوانەی قەت دەرسیان نەگووتۆتەوە دەرک بەمە ناکەن. ئەوە مامۆستایەیی کە بە درێژایی دەرسەکەی (مێشک و زهنی) بەبی ڕاوەستان کار دەکات [ لە کاتێکا فیتەرێک دەتوانی کارەکەی خۆی ئەنجام بدا بەبێ ئەوی بیری لێبکاتەوە، دەتوانی لە کاتی توند کردنی بوورغێکدا، گۆرانی بڵێت و بنێشتیش بجوێت وجگەرە بکێشیت و گوێ لە گۆرانی ڕاگرێ و خۆشی بۆ

بجولێنێ و قسانیش بکات و... . ]. لە هەر دەقیقەیێکدا بیلبیلەی چاوی مامۆستا بە ڕێژەی سەدو بیست چار گەورە و بچووک دەبێتەوە. لە هەر رستەیێکی ئاخاوتنی دا، پتر لە سێ سەت ماسوولکە و دەمار کار دەکەن. ژێیەکانی گەرووی شەش هێندی کەسانی ئاسایی ماندوون. بە درێژایی کاتی دەرس گووتنەوی رێژەی ترپەی دڵی زۆرترە لە هی ئاسایی. جوولەی زمانی لە جولەی زمانی هەموو پیشەوەرەکانی تر زێترە. ژانی قاچ و پشتی بەقەد سەرتاش و شۆفێرەکانە. ڕێژەی ئەو تەپ وتۆزەی رۆژانە دەچێتە سییەکانییەوە، بە قەد هی گەسکدەرێکی شەقامەکانە... .

لێکۆلینەوە زانستییەکانی تاقیگەکان، ئەوەیان سەلماندوە، کە مامۆستا ڕۆژانە هەر دەتوانی سی یان چوار دەرسی پووخت و بەسوود و کاریگەر بڵێتەوە، ئەویش لە کات و شوێنێکدا، کە هەموو داپێویستییەکانی پۆل و خوێندکار و مامۆستا و ژینگە ئامادە و تەیار کرابن ـ کە ئەمەیش لای مەمانان زۆر کەم بەردەست دەبێ ـ، کەواتە دەرئەنجامی ئەم کارە، خراپی ڕەوشی تەندروستیی مامۆستایە، ئەوسا ئەم خراپییە هەنووکەیی بێ یان دوای چەند ساڵێکی تر سەری لێهەڵبداتەوە. لە سەر شێوەی نەخوشی پشتئێشەو شەکرە و گورجیلە و تەوژمیخوێن و هەوکردنی سییەکان و ئاوسانی قاچ و... .

ئەو مامۆستایانەی دەرسی زۆریان هەیە و تا درەنگانی شەو هەر خەریکن، تۆشی گۆشەگیریی خێزانی و برادەران دەبن. بێ ئاگا لە منداڵەکانیان و ژن و دۆست و برادەران، کاردانەوی نێگەتیڤی دوو لایەنەی هەیە لەسەر هەردوو تەرەفدا.

لە زۆربەی ماڵی خوێندکاردا، هەر دوو سێ رۆژی یەکەم، بەپیرەوەهاتن و بە خێرهاتن و چاو و قاوە حزووریان هەیە، تا دەرسەکان دوورودرێژ تر بنەوە، ئەو گەرموگوورِی پێشوازییەکە، ساردتر دەبنەوە، مامۆستاکان خۆیان هەست بەمە دەکەن بەڵام هەوڵدەدەن بە شتێکی ئاسایی وەرگرن.

هێندێ لە خوێندکارەکان، زۆر بە نازوفیزەوە، ئەمر و فەرمان بەسەر مامۆستاکەیاندا دەکەن، زۆر ئاساییە کە یەک سعات بەر لە کاتی ژووانی دەرسەکە، پەیوەندی بکات و کاتەکە بگۆڕێ. واتە زۆرجار

ماموستا هەست دەكا كە ئەو لەبەر دەستی خوێندكارەكەیە و زۆر ئازاد نییە لە هەڵسوكەوتی دا. ئەویش ئازاری دەروونی هەیە.

هەستكردن بە جۆرە ئیحراجییەک، لە كاتی دەرنەچوونی خوێندكارەكە. باری دەروونی ماموستا دەشلەژێنێ و وا هەست دەكا باوانی خوێندكارەكە سەرزەنشتی دەكەن و ڕەنجەكەی بە خەسار چووە، كە ئەم هەست كردنەیش شتێكی خۆش نییە.

ئەگەر لە لای مەماناندا، تەنها بابەتە زانستییە قورسەكانی وەكو فیزیک وكیمیا و زیندەزانی و ماتماتیک وهێندێ بابەتی وێژەیی وەک، ڕێزمان و ئەدەب و زمانەكان، ماموستای خسوسی بۆ بگیرێ، ئەوا لە ڕۆژاوا و وڵاتە پێشكەوتوەكاندا، بەدەگمەن بوارێک لە زانست و هۆنەر و وەررزش و ژینگەدا دەدۆزیتەوە، ماموستای دەرسی خسوسی خۆی نەبێ. لە دەرسە زانستی و ئەدەبیەكانەوە بیگرە تا دەگاتە چێشت لێنان و منداڵ خاوینكردنەوە و، شیری مەمكی دایک و باخ خزمەتكردن و دیكۆردی ناو ماڵ و ئارایشت و پەروەردەكردنی سەگ و پشیلە و پاكڕاگرتینی ژینگە و چاككردنەوەی كۆمپیەتەرو دیزاینی پرۆگرام و جلك دروون و دەرسی شەوی پەردەی بووک و زاوا و دەرسی هاوسەرگیری و مانگی هەنگوین ومەلەوانی و ئەسپسواری و هەرچی جۆرە وەرزش هەیە، ماموستای خسوسی خۆی هەیە - بۆ نموونە ماموستای خسوسی غارغارانێ و ماموستای خسوسی ڕمبازی، تەقڵەلێدان و... - هەرچی ئامێری مۆزیک هەیە، ماموستای خسوسی تایبەتی هەیە - وەک ماموستای گیتارژەن، فلووتلێدەر، یان جازو دەفەودەهوڵ...، هەرچی سەمای ئەودونیایە هەیە، ماموستای خسوسی خۆی هەیە - تەنانەت كچە ئینگلیزەكان ماموستای سەمای ڕۆژهەڵاتین، وەک سەمای عەرەبی یان توركی یان فارسی، یان سەماكانی ولاتانی بەرازیل و پیرۆ و ئەرجەنتین هەیە. بۆ هەموو پیشەكان، ماموستای خسوسیان هەیە، لە پەیكەر تاشییەوە بیگرە تا دارتاشی و ئاسنگەری و فیتەری، تەنانەت دەرسی خسوسی بۆ خاوەن پرسە و تازیەدارەكانیش هەیە، كە فێریان دەكەن چۆن دوای لە دەستدانی ئازیزێک بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەر بەرن. وەک گوتم زەحمەتە شتێک هەبێ تۆ بتەوێ لە ڕێگای ماموستای خسوسی

فێری بی مامۆستای نەبێ. ئەوەشتان لە بیرنەچی لە وڵاتانەدا گەسگلێدەری شەقامەکانیش بڕوانامە و مەشق و ڕاهێنایان هەیە. بۆیە ناچارن کە دەرس لەو بوارە و بخوێنن کە دەیانەوێ بیکەن بە پیشەی خۆیان.

لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکەم، دەرسی خسوسی خوێندکارەکانە و پەیوەستە بە پەروەردە و فێرکردنەوە، لە مەڕ ئەم مەسەلەیە هەڵوەستەیێک دەکەم، کە پووختەی جیاوازیی ئەوان و ئێمەی تێدا دەست نیشان دەکەم:

لە رۆژ اوا و وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکی ژاپۆن و کۆریا و مالیزیادا، دەرسی خسوسی لە چەند ڕەهەندێکی بچوک و تایبەتمەند و دیاریکراوە دا ڕۆڵی هەیە، ئەویش بەستراوەتەوە بە ئامانج و مەرامی ئەو شتەی کە مەبەستیانە بەدەستی بێنن. واتا ئەوان دەرسی خسوسی وەردەگرن تا شتێک بە فیعلی فێربن و لە ژیانی زانستی یان پیشەیی خۆیاندا پرکتیزەی بکەن. بەدەگمەن خوێندکارێک هەیە، لە سەرەتای ساڵەوە تا کۆتایی ساڵ دەرسی خسوسی لە بابەتێکدا وەرگرێ. دایک و باوکی خوێندکار، چەند دەرسێک بۆ منداڵەکەی دەستەبەر دەکات، هەر بۆ ئەوەی یارمەتی وەربگرێ لە تێگەیشتنی بەندێک یان دوو بەند لە کتێبێکدا، یان تەعویز کردنەوەی ئەو دەرسانەی لە بەر هۆیەک لە قیسیی چووە، یان تەنها بۆ خۆ ئامادەکردنی یەک ئەزموون. بەڵام دابین کردنی چەند مامۆستایەك و بۆ سەرجەم بابەتەکان و بەدرێژایی ساڵ، زۆر زۆر دەگمەنە، (لە خوێندنگەیەکی ئامادەیی چوار صەت قوتابی، لە شاری دبلن ـ پایتەختی ئێرلەندا ـ دا لە ساڵی ٢٠٠٩ تەنها دوانزدە خوێندکار مامۆستای خسوسیان، لە بواری ماتماتیک و فیزیک و کیمیا، گرتبوو بۆ چەند هەفتەیێک. بەڵام زیتر لە دووصەت وپەنجا خوێندکار مامۆستای خسوسیان بۆ فیر بوونی ئامێرەکانی مۆزیک و گەمەکانی وەرزش و سەماو بالی و ئەسپسواری و وێنەکیشان و فۆتۆگرتن... . گرتبوو.). بە کورتی، دەرسی خسوسی لە لای ئەوان، چالاکییەکی کورت خایەنی ئامانج دیاریکراوە و دەبێ کاردانەوی باش و ڕەچاولێکراویشی هەبێ.

لەبەر ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی رۆژاوا، زۆر تێکهەڵکێش و توندو تۆڵ نییە، وەک لای خۆمان، باوانی خوێندکار ماموستای خسوسی ناناسێ وەک لای خۆمان، تا پەیوەندی پێوە بکات و بیهێنێتە ماڵەوە، بۆیە لە شارەکاندا چەندەها نووسینگەی ماموستایانی دەرسی خسوسی هەیە(ناونیشان و پەیوەندیان لە رۆژنامەو رێکلام و ئینتەرنێتدا هەیە). ئەم نووسینگەیە کە پێیدەڵێن (Tuition Centre – or Agency)، وەک کۆمپانیایەکی بچووکە ماموستای فرەبابەتی هەیە، کاتێ تۆ پەیوەندیان پێوەدەکەی، ئەوان ماموستاکەت بۆ هەڵدەبژێرن و فۆرم پڕدەکەیتەوە و شەرت و مەرجەکانی واژوو دەکەی. پارەی دەرسەکان پێش وەخت وەردەگێرێ و ئەگەر پێش (٢٤) سعات ئاگاداریان نەکەیتەوە لە گۆیینی کات و مەوعیدی دیاری کراو، پارەی ئەو سعاتەت دەسووتێ. نرخی دەرسەکان بە شێوەیەکی فەرمی داندراوە، هەرچەندە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێک جیاوازی هەیە، بەگشتی لە وڵاتانی رۆژ اوا یەک سعات لە دەووری (٢٠ ـ ٣٠ ) دولارە، لە ئینگڵتەرا (٢٠ ـ ٢٥ ) پاوەندە، لە ئەمەریکا(٢٠ ـ ٢٥ ) دولارە، لە ئێرلەندا (٣٠ ـ ٤٠ ) یۆرۆیە. لە ژاپۆن (٣٠٠٠ یینە) دەکاتە(٣٠) دۆلارە. ماموستای ناودار و باشیش نرخی گرانترە. گرانترین نرخی دەرسی خسوسی هی (Dr. JimSuttie )، کە ماموستای یاری گۆلفە لە ئەمەریکا، هەر سێ سعاتەی بە (٦١٥) دۆلارە (٢٠٠٩).

حەز دەکەم خوێنەر ئەم زانیاریانەش بزانێ؛ ماموستای دەرسی خسوسی سەرپەرشتاری خۆی، لە ڕێگەی نووسینگەکەوە، بۆ دابینکراوە، یەکەمین دەرس وەک نموونەیە، گەر خوێندکار بەدڵی نەبوو دەتوانێ ماموستاکەی بگۆڕێ، ژمارەی دەرسەکانی ماموستا دیاری کراوە کە نابێ هەمووی لە حەفتەێکدا، پتر بێ لە (١٠ ـ ١٢) دەرس. لە دەرسی یەکەمیشدا کە دەچێتە ماڵی خوێندکارەکە دەبێ، مۆلەت و بڕوانامەی خۆی نیشانی خێزانەکە بدا. لەم بڕە پارەی کە وەری دەگرێ بەشێکی دەچی بۆ نووسینگەکە، بەشێکی دیاری کروایش وەک باج دەدرێ بە دەوڵەت( هەر کەسێ لە رۆژاوا کار بکات دەبێ

باج بدا.) هێندێ جار بڕوانامەی ئەو چەند دەرسە، پێشکەش بە خوێندکارەکەی دەکا و ئاست و پلەکانی تێدا دیاری دەکا.

ئێستا پرسیارێکی زەق ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆ دەرسی خسوسی (خوێندکارەکان) لە ڕۆژاوادا زۆر باو نییە و ڕەواجی باشی نییە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: گووتاری خوێندنی ئەوانە لەسەر بنەمای(پێویستیی و دابینکردنی پێویستییەکان) داڕێژراوە، (کە ئەمەیش چەمکێکی فەلسەفەیە نامەوێ لێرەدا قەرەی لە قەری بدەم). تۆ کە تینووت بۆ ئاو دەخۆیتەوە، چۆنکە تینوویەتیەکەت ناچارت دەکا ئاوی بۆ دابین بکەی. بەڵام دوای تینووشکانەکە، مەیلی ئاوخوارنەوەت نامینێ. کەواتە کە ئەوان توانیان تینوویەتی خوێندکارەکانیان لە زانست و ئەدەب و هونەردا بشکێنن و ئاوی پاک و ساف و زۆریان بۆ دابین بکەن، ( خوێندکاران) چ پیویستیان بە زیادە ئاو هەیە.

دیسان پرسیارێکی تر یەخەمان دەگرێ: چون ئەوان توانیویانە، خوێندکارەکانیان بگەێنە ئەم پلە بەرزە و تینوویەتیان بشکێنن؟

هەر چەندە ئەمە خۆی باسێکی پەروەردەیی قوول و فراون هەڵدەگرێ، بەڵام ئاماژە بەچەند سەرە قەڵەمێک دەکەم، کە ڕەنگ بێ پەروەرەکارانی خۆمان(لە باوان و مامۆستایان) سوودی لێ ببینن:

مەڵبەندی خوێندن، لە لای ئەوان، لە ماڵەوە دەست پێدەکا، تەنانەت، کە منداڵەکە هاتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، زۆر باش توانای نووسین و خوێندنەوەی هەیە و لە زانیارە فرە بابەتەکاندا دەوڵەمەندە. سا سەرەڕای پۆلی بچوک بچوک و مامۆستای شارەزاو دڵسۆز و کارکەر، خوێندکار لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا پۆلی دوانزدەمی بنەڕەتی (سێ) یارمەتیدەر و پاڵپشتی هەیە کە هەمیشە خەمخۆر و مشوورگێری ئەوانن: یەکەم: ڕۆژانە دوایین دەرس، مامۆستا و خوێندکارەکان لە هۆڵێکی گەورە بەیەکەوە دادەنیشن و هەر خوێندکارێک ئەو ڕۆژە بابەتێک تێنەگەیشتبێ یان پرسیارێکی هەبێ، ئەوا یارمەتی دەدرێ و ئەرکی لەگەڵدا حەل دەکرێ. دووەم: ئەگەر خوێندکارێک، بۆ نموونە لە دەرسی مامۆستای ئینگلیزی هەر بە خراپی مایەوە، ئەوا مامۆستای

دووەم، کە ئەویش هەر بابەتی ئینگلیزی دەڵێتەوە، یارمەتی ئەو خوێندکارە دەدا، تا دێ لە سەر پێی خۆی بوەستێ، ئەوسا تەسلیمی مامۆستاکەی خۆی دەکاتەوە، ـ بێگۆمان مامۆستای یەکەم ئەم کارەیان لەبەر دڵ گران نییە و ئەمە هیچ لە کەسێتیی مامۆستای یەکەم کەم ناکاتەوە، ئەوە چالاکییێکی پەوەردەیی سەرکەوتووە. سێیەم: لە هەر خوێندنگەیێکدا، مامۆستایێکی شارەزا و لێزان و بلیمەت هەیە، کە بە تەنها لە ژووری خۆی دادەنیشی و هیچ دەرس ناڵێتەوە، هەمیشە دەرگاکەی کراوەیە بۆ خوێندکار و باوانەکانیان بۆ تەختکردنی هەر کۆسپ و تەگەرەیێک بێتە سەر رێگایان- جا کێشەکە دەرس و دەوور بێ یان گرفت و تەنگ و چەڵەمی تاکەکەسی یان خێزانی بێ- ئەو مامۆستایە پێیدەگووترێت(ڕابەر و ڕێنیشاندەر )، دڵسوزانە کێشەکان وەردەگرێ و چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە. بە کوردی و کرمانجی، کە خوێندکار دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پشتی لێدەکاتەوە، باری دەروون و جەستەی تەندروست و ساغە. دەرسەکان تێگەیشتووە، پەیوەندییەکان خۆش مەشرەفن، ئەرک و واجیبی ئەوتۆی نییە لێی بترسێ و پێینەوێرێ نارحەتی بکا. کەواتە مامۆستای خسوسی بۆچییە. ئەو وەک گوتم تەنها ئەو وەختە پەنا بۆ مامۆستای خسوسی دەبا کە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزی لی عاسێ بێ.

**دەرسی خسوسی لە کوردستانی خۆماندا:**

لەبەر کەمی یان نەبوونی، سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی لەمەڕ دەرسی خسوسی لە کوردستاندا، ناچارم هانا بۆ ئەزموونی سی و پێنج ساڵەی خۆم بەرم ـ وەکو مامۆستایەک کە دەرسی هەموو قۆناغەکانی گووتبێتەوە، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی تا چواری کۆلێژی زمان، لە کوردستان و وڵاتی لیبیا و ئێرلەندا- ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا).

چاوخشانێکی خێرا بەسەر ئەتلەسی خوێندن لە کوردستان، ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێ، کە تاکی کورد، زۆر حەزی لە خوێندن و خوێندەواریە، سەرەڕای ئەو هەموو نەگبەتی و ماڵویرانی و بارە سەختەی بەسەری داهاتووە لە میژووی پڕ کارەساتی گەورەیدا، هەرگیز خوێندنی فەرامۆش نەکردووە. هەر بۆ نموونە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو شار و گوند و لادی نەبووە بای خۆی خوێندەواری تێدا

نە بووبێ، ئەوە سەرەڕای بڕوانامە بەرزەکانی هێندی لە کوردانی ناوە و دەرەوەدا وەدەستیان هێنا بوو، ئەوا لەکاتێکدا، لە هەمان سەردەمدا، لە وڵاتێکی وەک لیبیای ژێر حوکمی ئیتالیا، ڕێژەی خوێندەواری لە (١٪) بووە، واتا لە (٩٩٪) خەڵکی لیبیا نەخوێندەوار بووە. ئەستێرەی گەشی ئەو کاروانە، لە کوردستان، مامۆستای ئایینی و مامۆستای خوێندنگەکان و ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیبەکان بوون. بە دەیان نموونە هەن کە خۆبەخشی و گیانفیدای ئەوان لەم مەیدانەدا زیندوو ڕادەگرن. هەر وەک میسالێک، شاعیرێکی وەکو (ڕۆستەم حەویزی) بە دەستی خۆی پۆستەری دەنووسی و بە سواری ولاغ لە کۆیە دەیبردە پشدەر و قەڵادزێ، لەوی بڵاویدەکردەوە، چونکە ئاستی خوێندەواری لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەو ناوچەدا زۆر گەش و بەرچاو نەبووە. مامۆسایان بە درێژایی مێژوویان، لەسەر ئەو ڕێچکە ڕۆیشتوون، هەوڵدانی بی ماندووبوون بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی خوێندەواری خۆبەخشانە و بێ بەرامبەر، هەموومان هەڵوێستی مامۆستایانی ساڵانی (١٩٩٠) مان لەبیرە کە دروشمی(سەری بەرز بۆ مووچە دانانەوێنین) بوو. کەواتە دەرسی خسوسی لە کولتووری کوردەواریدا چی پەنجەی دیار نییە. هەموو مێژووی دەرسی خسوسی لە کوردستاندا، لە پەنجا ساڵ تێپەڕناکات، ئەوا لە کاتێکدا لە شارێکی وەکو بەغدا بەحوکمی پێگەی خوێندن و بازرگانی و ئەدەب، پێش ئەم فەترەیە دەرسی خسوسی تێدا گووتراوەتەوە. لە شارێکی وەکۆ هەولێر، کە قەڵەباڵغترین شاری کورد بووە، لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە هەر بابەتێکی زانستی پتر لە یەک یان دوو مامۆستای خسوسی نەبوو. بە هەمان شێوە شارەکانی سلێمانی و دهوک، ئاشنای ئەم جۆرە دەرسە نەبوون. ئەوا لە کاتێکدا لە شارێکی وەکۆ کۆیە، یان ڕانیە و زاخۆ و ئامێدی، هەر عەیب و شورەیی بووە، مامۆستا بە پارە دەرس بڵێتەوە. ئەوان بە دوو شێوە دەستی خوێندکارەکانیان دەگرت، زۆربەی جار، دوای دەوام، یان لە ڕۆژانی هەینی و پشووەکاندا، خوێندکارەکانیان دەهێنایەوە مەکتەب و دەرسی ئیزافیان بۆدەگووتنەوە، یان تاک تاک خوێندکارەکە دەهاتە ماڵی مامۆستا و دەرسی دەخوێند بێ بەرامبەر. لەم چالاکییە، ئامانجی مامۆستاکان، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و پلەوپایەی خوێندکارەکان بوو.

بەرەبەرە، دوای بووژانەوی باری ئابووری خێزانەکان و پەیرەوکردنی نمرەی بەرز بۆ کۆلێژە بەرزەکان لە ڕێگای قبولی مەرکەزییە و دابەزینی ئاستی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی، دەرسی خسوسی هات بازاڕێکی سەرەتای بۆ خۆی پەیدابکات. دەتوانم هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک سەرەتایەک دەست نیشان بکەم. کوڕە دەوڵەمەند و خواپیداوەکان ڕوویان لە گرتنی مامۆستای خسوسی کرد. لە بەر ئەوەی دەرسی خسوسی لەو رۆژگارەوە تا ئیمڕۆ یەک ئامانجی هەبووە، رۆژ لە دوای رۆژ زێتر ڕووە بازرگانییەکەی وەرگرت، نەک ڕوخسارە زانستییەکە. ئامانجی ئەم چالاکییە تەنها بەدەست هێنانی (نمرەی بەرز) بووە. کە ئەمەیش گەورەترین کارەساتە لە پەروەردە و خوێندنی کوردیدا. بەدەست هێنانی (پلەی بەرز)، ڕێرەوی خوێندن و ئاستی خوێندنی بەرەو خەرەندێکی زۆر دژوارە ترسناک بردووە. ئێستا، کە دەرسی خسوسی بووەتە چالاکییەکی بازرگانی و قازانج و زەرەر بۆتە مەحەکی بازاڕەکە، دوو دیاردەی خەتەر سەری هەڵداوە: یەکەم، خوێندکار چاوی لە دەرەجەیە، نەک زانست و عیلم ـ چونکە پێویستییەکەی ئەو دەرەجەیە ـ ، دووەم، مامۆستا هەموو هەوڵێ ئەوەیە دەرەجەکە بۆ خوێندکار وەدەست بێنێ ـ چونکە خوێندکار هەر ئەوەی لێ داوکراوە ـ لەو نێوانەدا بەرە بەرە ڕوخسارە و ناوەرۆکە زانستییەکەی خوێندن دابەزێ و بەرە و لێژی دەڕوا. تا ژمارەی داخوازی لەسەر دەرەجە زێتر بوو مامۆستا زێتر لە پایە زانستییەکە هاتە خۆارێ، بووە سەپانی دەرەجە وەدەست هێنان.

باوانی خوێندکاران و سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژەکان لەسەر بنەمای دەرەجە، زێتر ئاگری ئەو بازاڕەیان خۆشکرد. دایک و باوک دەرەجەی دەوێ، سیستمی ناوەندی وەرگرتن دەرەجەی دەوێ، کەواتە مامۆستای باش ئەو مامۆستایەیە کە دەرەجەی باش وەدەست بێنێ نەک زانستی باش. زانست پێوەر نییە لە دەست نیشان کردنی دواڕۆژی خوێندکاردا.

چەند نموونەێکی ڕاستەقینە دەهێنمەوە، تا خوێنەر بزانێ، کە دەرسی خسوسی چۆن بۆتە ئافاتێکی زانستی و ئابووری و ئەخلاقی و

کۆمەڵایەتی لە ناو کوردەواریدا. لە بواری زانستیدا: مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی گوتی: بانگهێشت کرام بۆ ماڵی کوڕە دەوڵەمەندێک و داوایان لێکردم کە دەرس بە کوڕە خوێندکارەکەیان بدەم، کە چەند ساڵە دابڕابوو و تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێند بوو و دەیەوست لە ئەزموونی پۆلی دوانزدەمی وێژەی بنەڕەتی بەشدار بکات. لە ماوەی دوو سێ مانگ دەرس، توانیم پلەی (٧٦) ی بۆ بەدەست بێنم، بەڵام تا ئێستایش ئەو خوێندکارە نا توانێ بە ئینگلیزی رستەێک بنووسێ و بڵێ: ( ماسی لە ئاودا دەژی.). لە داڕوخاندنی ئابووری خێزاندا: ژنێک گوتی، (هیچم نەما، دوا شت کە هەمبوو جووتە گوارەکەی گوێم بوو، ئەویشم فرۆشت بۆ مامۆستاکانی دەرست خسوسی کچەکەم.) لە بارەی تێکشکاندنی کەسایەتیی خوێندکار و هەڵوەشاندنەوەی توخمەکانی ئارەزوو و هیوا، خۆم بەدرێژایی چەند حەفەتێک رەنجم کێشا تا توانیم(ئەو خوێندکارە لەوە پەشێمان بکەمەوە کە گەر دەرەجە نەهێنێ، خۆی نەکوژێ.) لە بارەی شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تێکدانی رۆحی هاونیشتمانی و خۆشەویستیی نیوان تاک وخوێندنگە و خێزانەکان نموونە زۆرە، کوڕە هەژارەکان بە چاوی بێزەوە سەیری ئەو مامۆستایانە دەکەن کە تەنها دەرسی خسوسی بە کوڕە هەرە دەوڵەمەندەکان دەدەن. ئەوان واهەست دەکەن دەرەجە بەرزەکان پێش وەخت ئیحتکار کراون و دەستیان بەسەرداگیراوە. خوێندکارە هەژارەکان دوستایەتیی کوڕە دەوڵەمەندکان ناکەن و هەمیشە زگیان بەخۆیان دەسووتێ، پەیرەوکردنی مۆڕاڵی خوێندن و ڕیزی عیلم و زانست لە بەر چاوی مرۆڤی کورد کەوتووە. چونکە نە ئیشی پێیەتی نە وجودیشی هەیە.

ئێمرو، ئامانجی دەرسی خسوسی، لە کوردستاندا بەتەواوی پێچەوانەی ئامانجەکانی خوێندکاری ڕۆژاوا و وڵاتە پشکەوتووەکانە. ڕۆژ بە ڕۆژ زێتر پەرەدەسێنێ و غلۆرەبە ئاستی زانستی دەکا. پەروەردەکارەکانمان درک بەوە دەکەن کە ئاستی خوێندنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هی ئێستا بەرزتر بووە و وڵاتانی پێشکەتوش زۆر لە پێش ئێمەدان، سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکانیات و کەرەستە و ئاسانکاریی تەکنۆلۆژیا کە هاتوونەتە ناو پەرورده و

خوێندنی ئێمە. کەواتە دروستە کەر بڵێم دەرسی خسوسی و خوێندن لە کوردستان بۆتە (ڕۆبۆت) سازی نەک ( زانست) سازی. ئەوەی کە گەواهی ئەم بۆچوونەم دەدا ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی هانا بۆ دەرسی خسوسی دەبەن خوێندکارانی پۆلی دوانزدە بە پلەی یەک و خوێندکارانی پۆلی نۆ نە بە پلەی دووەم، ڕیشم لەم کارەدا سپی کرد نەمدی یان نەم بیست کە خوێندکارێکی زانکۆیی ڕۆژی دەرسی خسوسی وەرگرتبێ، گومانیش نییە هەر دەرس و بابەتی زانکۆ لە هی قۆناغی ئامادەیی زەحمەتترە. زۆر کەم هەیە بۆ منداڵانی قۆناغی چوارەم، یان شەشەمی یان حەوتەمی بنەڕەتی مامۆستا بگیرێت. لێرەشدا، دەبێ، بۆ خودا ئەو حەقە بڵێم، مامۆستا هەیە دڵسوزانە دەرسەکە دەڵێتەوە و پارسەنگی لایەنی زانستی و نمرەشی ڕاگرتووە، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمترە لە لەشکرە مامۆستا بازرگانەکان.

مامۆستا بازرگانەکان، بە پێوەری بازار مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکانیان دەکەن. نرخی فەردەی شەکر بەوەندەیە، نیوفەردە بەوەندەیە، کێلۆی بەوەندەیە. هیندێ لە مامۆستاکانی دەرسی خسوسی دەڵێن: دەرەجی بەرز بە چوار یان پێنج ملیون دینارە، پێداچونەوەی بەرگ بۆ بەرگ ملیۆنێک و نیوە، هەردەرچوون بێ دەرەجە ٧٠٠ هەزارە، بۆ پیداچونەوەێکی پیش ئەزموونیش نیو ملیۆن دینارە. ئەمە نرخی ئاسایی بازاڕی شاری هەولێرە لە ساڵی (٢٠١١) بە شێوەیەکی گشتی، پارەکەش بە دوو یان سێ قست بەسەر ماوەی دەرسەکان دابەشدەکرێت. مامۆستای باش لە ساڵی (٢٠١٠) لە هەولێر چل تا چل و پێنج ملیۆن دیناری لە دەرسی خسوسی دەسکەوتووە، کە ئەم بڕە پارەش سێ هێندی دەسکەوتی مامۆستایەکە لە ئەوروپا، بێ گومان لە لای ئێمە، باج نادری، با ئاماژە بەو دیاردەیەش بکەم کە دەستم کەوتووە، هێندی لە مامۆستاکان تەنها دەرس بەو خوێندکارانە دەدەن کە ئاستی زیرەکیان بەرزە و نرخەکەشی پینچ ملیون دینارە بۆ ساڵێک.

**کێ بەرپرسە و چارە چییە؟**

دەرسی خسوسی کارێکی ڕەوایە و قازانجی لە زەرەری زێترە و هەر بەردەوامیش دەمێنێ و ڕۆڵی خۆی لە پڕۆسەی خوێندندا دەگێڕێ، بەو مەرجەی ئامانجی وەدەست هێنانی عیلم و زانست و مەعریفەت و مۆڕاڵ بێ. نابێ خەتای دابەزینی ئاستی زانستی بخەینە ئەستۆی دەرسی خسوسی، بەڵکۆ دەبێ هۆی گەشەسەندنی دەرسی خسوسی لە کوردستاندا بخەینە ئەستۆی دابەزینی ئاستی خوێندن. هۆکاری دابەزینی ئاستی خوێندن، زۆر قسەی لەسەر کراوەو من تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەو توخمانەی دەستیان هەیە لە داڕوخانی ژێرخانی زانستی ئێمە، بە گوێرەی بایەخیان ئەمانەن:

١) دامەدەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن، بە تایبەتی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا،
٢) خوێندنگە،
٣) خوێندکار،
٤) خێزان،
٥) شەقامی کوردی و خەڵکی شەقام،
٦) میدیای کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

**چارمان چییە؟**

دەرمانی ئەو دەردە (بەرزکردنەوی ئاستی زانست و مۆڕاڵ) ە، نە بە تاکە کەسێک و نە بە شەو و ڕۆژێ دەکرێ، کار و پروگرام و نەخشەی شارەزایانی پەروەردە و زانایانی خاوەن ئەزموون و تەجروبەی ئەو وڵاتانەی وەک خۆمان بوون، ڕۆڵی گاریگەریان دەبێ، گەر بە جددی و دڵسوزانە ڕەنجی بۆ بدەن. ئەگەر حەفەتی داهاتوو دەست بکەن بە جێبەجی کردنی ئەو هەنگاوانەی چارەسەری ئەم کێشەن، ئەوا دوای پێنج ساڵی تر ـ بە لانی کەمەوە ـ ئاکامی باشی ئەم پڕۆسەیە بەدیاردەکەوێ. بۆیە دەڵێم چاوپۆشین و خەمنەخواردن لەم دیارەد ترسناکە، گەندەڵییە!

دوا وتە:

جێگای داخە کە دەرسی خسوسی زۆر کەم لە پرۆگرامی خوێندنی کوردستان ئاماژە و گرینگی پێدروا و هیچ ئامار و داتایێکی فەرمی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام من بە باشی دەزانم کە هێندێ خاڵ ئاورێکی لێبدرێتەوە، وەک:

- دەبێ مامۆستای دەرسی خسوسی مۆڵەتی فەرمی هەبێت، نەک هەر کەس بەبێ شارەزایی خۆی بکاتە گەورە و کوێخا.
- نرخی دەرسی خسوسی دیاری بکرێت.
- یاسای و رێسایەک داندرێ کە هەم پارێزگاری لە مافی خوێندکار بکات و هەم لە مافی مامۆستا.
- ژمارەی سعاتەکانی دەرسی خسوسی دیاری بکرێت، کە نابێ تەجاوزی تێدا بکرێ.
- مامۆستای دەرسی خسوسی باج بدات بە دەوڵەت.
- وەزارەتی پەروەردە مافی لێپێچینەوە و پشکنین و سەرپەرشتکردنی ئەم چالاکییەی هەبێ لە پێناو پاراستینی ئاستی زانست و هونەر.
- بەستنی کۆر و سیمینار و لێکۆلینەوی زانستی و سەردەمانە بۆ مامۆستایانی دەرسی خسوسی دەربارەی کێشە و چارەسەر و میتۆدە تازەکانی ئەم چالاکییە.

دوبلن – ئێرلەندا، ٢٠١١

# پرۆفایلی شـاعیر



* (فازیل حەمەد عەبدوڵڵا جەیدی) ناسراو بە (شـەورۆ)، لە شـاری کۆیە لە ساڵی (١٩٥١) لە دایکبووە.

* (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب - زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

* (١٩٧٢) یەکەم شـیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردووەتەوە.

*(١٩٨٢ - ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و کەلەپووری کوردی لە شارەکانی کوردستاندا کردووەتەوە.

* (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی (شـەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبیا) پێبەخشـرا.

* (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلندای باشـوور) پێدرا.

* (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایم)ی پێبەخشـرا.

*(٢٠١١) خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێدرا.

* (٢٠١٣) خەڵاتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی) لە هەولێر پێدرا.

* (٢٠١٥ ) خەڵاتی باشـترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (١٩) ەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلیمانی بردەوە.

*(٢٠١٦ ) خەڵاتی باشـترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (٢٠) ەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی بۆ جاری دووەم لە سلیمانی بردەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

o (کۆترێك لە ئاگر) ، شیعر. (٢٠١١)، چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

o (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٢)، دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (هەورازەکانی کاروانی تەمەنم ـ حەسەن کاکە)، بیرەوەری دارشتنەوە، (٢٠١٣) . چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

o (دوو کتێب لە یەک کتێبدا)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٤)، چاپخانەی حاجی هاشم، لە هەولێر.

o (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٣)، دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٤)، دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (سەدای شیعر) بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر، (٢٠١٤)، خانەی چاپی ئەربیل ـ هەولێر.

o (ماچەکانی ئێوارە کازیووە)، شیعر، (٢٠١٤)، چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

o (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ ـ ٢٠١٥)، کەلتوور،(٢٠١٥)، چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر.

o (پۆشاکی کۆییان) کەلتوور، (٢٠١٧)، چاپخانەی تاران.

o (کەو لە کوردەواریدا) کەلتوورو باڵندەناسی، (٢٠١٧)، چاپخانەی تاران.

o (جگەرە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆبێکەسدا)، لێکۆڵینەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە ، (٢٠١٧)، ئاکادیمای کوردی.

o (دایک لە جیهانبینیی شیعری لەتیف هەڵمەتدا)، لێکۆڵینەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە ، (٢٠١٩)، چاپخانەی تاران.

o (ئاگردانێک بە قەد نیشتمان)، بیرەوەری، دارشتنەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە (٢٠١٩)، چاپخانەی سلێمانی.

o (ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل)، پەروەردەیی، (٢٠٢٠)، دەزگای ژیاری پەروەردەیی، چاپخانەی تاران.

o ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

o سەرنووسەری گۆڤاری (کلتووری کورد)ە.

o سەرنووسەری گۆڤاری (شارەوان)ە.

o ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ژیار)ە.

لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و پەروەردەکاری و کۆمەڵناسی و ژینگەپارێزیی و کۆڕ گێڕان و سیمینارداکارا و چالاکە.